# واتە

9
کۆوارێکی رۆشنبیریی گشتییە
نیسان ٢٠١١

هەوالنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

***واتە بۆ ئەوانەیە کە***
***دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان***

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# کورتەیەکی مێژووی
# زانستە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا

محەمەد عەلی قەرەداغی

### پێشەکی

مێژووی زانستی ئیسلامی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئاینی ئیسلام و بەرەبەیانی هەڵهاتنی خۆری پڕ تیشک و پیرۆزی، جوغز و مەودای ئەو مێژووەش سەرتاسەری کوردستانی پان و بەرین دەگرێتەوە.

مێژوویەک تەمەنەکەی نێزیکی ١٤٠٠ ساڵ بێت و ئەو پانتایی و ڕووبەرەیش بگرێتەوە، کە یەکێک بیەوێت شتێکی بۆ بکا، یان شتێکی لەبارەوە بنووسێت دەبێ چی بکا؟ ئاخۆ دەتوانێ بەهەموو لایەکی ئەو مێژووەدا بگات؟ بێگومان نەء. جا ئەگەر بەتایبەتی بیەوێت لە وتار و باسێکدا شتێک بۆ ئەو مێژووە بکا دەتوانێ چی بکا؟ من وای بۆ دەچم لە حاڵی وا دا نووسەر تەنیا بەوەدا دەگات کە چەند ناونیشان و سەرباس و بابەتێک دیاری بکا و نموونەیان بۆ بهێنێتەوە؛ چونکە لەوە زیاتر لە تواناادا نییە.

منیش کە لێرەدا دەست بۆ ئەم بابەتە دەبەم دەبێ چیم پێ بکرێت؟

من وای بۆ دەچم ئەمە بابەتێکە ئەگەر وەک پێویست و بە تێروتەسەلی لەسەری بنووسرێ دەبێ کتێبێکی گەورەی چەند بەرگی لە تەوەرگەلی جیا - جیادا بۆ دابنرێت، دیارە بۆ ئەمەیش دەبێ پیاوانی پسپۆڕ و کارامە و بە پشوو خەریک بن تا ئەو مێژووە زێڕینە پڕ شکۆ بنووسنەوە.

من کە ڕکێشی ئەوەم کرد کە لە دەرگەی ئەم بابەتە بدەم، کارەکەم سەرەتایی و لە دەرگەدانە و، بەڵکو ببێ بە سەرەتایەکی وەها مامۆستایانی شارەزا و بە توانا کارەکە ڕاپەڕێنن و ئەو کەلێنە گەورە لە مێژووی ئیسلامدا پڕ بکەنەوە، دەوری ونبووی مامۆستایانی مەزنی کورد بخەنە ناو مێژووی گەورەی ئیسلام.

بۆ ئەم پێشەکییە کورتە کە لێرەدا دەینووسم چەند خاڵێک ڕوون دەکەمەوە:

یەکەم: باسەکەم وا نەنووسیوە لەسەر بنەڕەتیی ناوچە، یان ساڵ، یان ناوی کتێب، یا ناوی دانەر بابەتبەندیی بکەم. بۆ نموونە بڵێم: مێژووی زانستی ئیسلامی کورد لە ناوچەی شارەزووردا، یان لە سەدەی یەک و دووی کۆچیدا... بگرە هەوڵم داوە ڕەنگدانەوەی ئەو مێژووە لە ڕووی بەرهەم و شوێنەواری زانایانی کوردەوە بە نموونە بۆ هێنانەوەی بە درێژایی مێژووی ئیسلام بخەمە ڕوو.

دووەم: بۆ ئەم کارە سەرچاوە سەرەکییەکانی مێژووی زانستم – وەک (الأعلام) و (معجم المؤلفين) و (كشف الظنون) و (ايضاح المكنون) و (هدية العارفين) – کردووە بە بنەما و سەرچاوەی کارەکەم. دوای ئەوە کە شوێنەواری زانایەکی کوردم لەو سەرچاوانە دیوە نەهاتووم دەست دابگرم و قووڵ ڕۆبچم و، هەرچی سەرچاوەیەک باسی ئەو دانراوە یان دانەرەکەی کردووە ناوەکەی لە پەراوێزەوە بنووسم باسەکەی پێ قەبە و ئەستوور بکەم؛ چونکە ئەو سەرچاوانە وەک کلیل وان و، ئەو زانایانە – خوا پاداشتی خێریان بداتەوە – ئەو ئەرکەیان لە کۆڵی ئێمە خستووە و بە بیبلیۆگرافیا و فیهرەستی دەستخەتەکانی کتێبخانەکانی جیهاندا و، گەلێ جاریش کتێبخانە تایبەتییەکاندا، گەڕاون، شوێنی ئەو زانیارییانەیان بەوردی تۆمار کردووە. ئیتر بوونی ناوی هەر کتێبێک یان زانایەک لەو سەرچاوانەدا بەسە بۆ ئەوەی خاوەن مەبەست و لێکۆڵەرەوە لەوێوە شوێن کارەکەی ئەوان بکەوێت و هەر سەرچاوەیەکی دەوێ بیدۆزێتەوە.

سێیەم: چونکە زانایانی کورد خۆیان بەوردی و بە درێژیی مێژووی ناودارانی کوردیان نەنووسیوە، ناودارانی کورد لە گۆڕەپانی مێژوودا بێ خاوەن بوون و هەر کەسێک هاتووە بە ئارەزووی خۆی ناویانی دەستکاری کردووە: لێی زیاد کردووە، لێی کەم کردووە، نازناوی بۆ داناوە، نازناوی لێ لابردووە. لکاندوویەتی بە گەل و وڵاتێکەوە کە لە ڕاستیدا ئەم هیچ پێوەندییەکی پێوەی نەبووە و نییە! جا لە تەک ئەوەدا – نازانین بۆچی! – گەلێ لەو زانایانەیان بە گەلی کورد ڕەوا نەبینیوە و لکاندوونیان بە گەل و وڵاتانی دییەوە، کە لێکۆڵەرەوە و خاوەن مەبەست ڕاستییەکەی دەدۆزێتەوە – ئەگەر لە توانادا بێت بدۆزرێتەوە – سەرسام دەبێت و دەڵێت: ئەمە چۆن و بۆ کراوە؟

تەنیا یەک دوو نموونە لە دەیان سەدان نموونەی شێواندنی مێژووی ناودارانی کورد دەکەم بە بەڵگەی ئەم قسەی سەرەوەم.

مامۆستایەکمان هەیە ناوی: (محمد بن محمد بن الشهاب حافظ الدين الكردي البزازي)یە، من خۆم سێ نوسخەی دەستخەتی دانراوی (الفتاوي البزازية)ی ئەم مامۆستایەم دیوە لە (م. م)دا بە ژمارەکانی (٤٢٢٠، ٤٢٢١) و (١٩٤٦) پارێزراون و، نوسخەیەکیش لە کتێبخانەی ئەوقافی بەغدادا بە ژمارە (٣٩٣٨) و، نوسخەیشی لە کتێبخانەی ئەوقافی موسڵدا هەیە. ئەم دەسخەتە (٩٠٠) لاپەڕە زیاترە. مامۆستای دانەری خۆی لە سەرەتای کتێبەکەیەوە نووسیویە: (محمد بن محمد الكردي الموصلي).

بەڵام لە سەرچاوەکاندا چی بەسەر هێنراوە؟ بۆ نموونە دەقی (معجم المؤلفين ٣/١٧٧) وەک

خۆی دەگوێزمەوە ئێرە:

«حافظ الدین البزازي. ٧٢٩ – ٨١٦ هـ ١٣٢٩ – ١٤١٣م» حافظ الدین بن محمد بن محمد الكردي، المشهور بابن البزازي. عالم مشارك في أنوا ع من العلوم. ولد بكازرين و توفي بزبيد من بلاد اليمن».

هەر لەبارەی ئەم ماموستایە لە (مكتبة الحرم المكي الشريف)دا بەرگی دووەم ل: ٨٥٩ نووسراوە:

«٣٢٦٤ – الجامع الوجيز المشهور بالفتاوى البزازية، المؤلف: البزازي، محمد بن شهاب بن يوسف الكردي المتوفى سنة ٨٢٧ هـ كتبت بخط النسخ، كتبها مصطفى بن يعقوب بن زكريا بن عبدالله في سنة ٩١٧. ٥٨٦ ق ...»

کە ئەمەمان بە چاوی خۆمان دی بۆمان هەیە بۆ زۆر زانای تریشمان چاوەڕوان بین لەمەو خراپتریشیان بەسەر هێنرابێت.

مامۆستایەکی ترمان هەیە لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوە ناوی دەنووسن: جارێک دەنووسن (برکلي) جارێک دەنووسن (برکوی) جارێکی تر دەینووسین (برقلعی) دوایی لەقەبێکی (ڕۆمیی) دەخەنە دوای ناوەکەی و چەند شتی تریشی بۆ دەنووسن. دوور نییە ئەم مامۆستا خەڵکی کوردستانی تورکیا بێت، بەڵام بەوەندە نابێ بە ڕۆمی و، (برکوێ)یەکەیشی (برکوی) نییە و (بەرکێویی)یە و، ئەوی تریشیان بە خێری خۆیان لە (بەرقەڵایی)یەوە بۆ کردووە بە (برقلعی)، (برکلي)یەکەیشی دیارە (بەرکەلیی)یە و (پیر محەمەد)ی ناوی باوکیشی نیشانەیەکی تری کوردایەتییەتی.[١]

مامۆستایەکی ترمان هەیە ناوی (عبدالغفور الكردي)یە خاوەنی کتێبی (المنخول)ە و، چەندان دانراوی تری هەیە. لە سەرچاوەکاندا کردوویانە بە (الكردری) و ئەوەندەیان لە کوردستان دوورخستۆوەتەوە کەس بیری بۆ لای ئەوە نەچێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستانیشی دیوە. بەڵام کە سەرچاوەکان گەڕام چەندان دەستخەتی دانراوی ئەم مامۆستام بینی لە هەموویاندا نووسراوە (الكردي).[٢]

چوارەم: دەتوانم بڵێم: چەرخ و سەردەمی زێڕینی مامۆستایانی کورد لە سەردەمی فەرمانڕەواییی سەڵاحەدینی ئەیووبی و دەستەڵاتدارانی ئەیووبییاندا بووە و، هەر زانایەکی بە توانایان ڕێگەی کەوتبێتە لای یەکێک لەو فەرمانڕەوایانە ڕێزی باشی لێ گرتووە و، لە پلە و شوێنی شیاوی خۆیدا دای ناوە، ئەگەر بە مێژووی ئەو سەردەمەدا بگەڕێین ناوی چەندان زانای کورد دەبینین کە قازی و موفتی و (قاضي القضاة) و (قاضي عسكر) و ... بوون لە شارە گەورەکانی وەک حەلەب و قودس و قاهیرە و چەندان شوێنی دیدا و، وەک پێویست ڕێز لە خۆیان و توانا و زانستەکەیان گیراوە.

پێنجەم: لە تێڕوانینێکی بە پەلەی ناوی زانایانی کۆنی کورد و شوێن و جێگە و پلەیانەوە ئەوە

دەردەکــەوێت بەخــتــەوەرترین زانـای کـورد – لـە ڕووی ئەوەوە کــە ناوی مــابێــتــەوە و خــۆی و بەرهەمــەکانی نـاسـرابن – ئەوانـەیان بووە لە شـوێن و زێدی خـۆیان هـەڵکەنراون و گـەیشـتـوونەتە شوێنـە گەورەکانی زانست لـە وڵاتە جیا جیاکانی ئیسـلامدا. ئەمـەیش لە چاوپیاگێڕانێکی خێرای مێژووی ناودارانی کوردەوە ڕوون و ئاشکرا دیارە کە کەم زانای کورد هەیە لە زێد و شوێنی خۆیدا – بەتایبـەتی ئـەوانەیان لە شـوێنی چەپەک و دوورەدەسـتدا بوون – مـابێتـەوە و ناسـرا بێت و ناوی کەوتبێتە سەر لاپەڕەکانی مێژووی ناودارانی جیهان.

شەشـەم: پێشتر لـە نووسینەکانمدا بۆ ئاماژە بۆ کتێبخانەیەک کە سـەردەمێک ناوی (دار صدام للمخطوطات) بوو دواتر بوو بە (دار المخطوطات العراقية) دەمنووسـی: (د. ص) یان (د. ع) ئێستـە ئەو کتێبخـانەیە ناو نراوە (المركز الوطني للمخطوطات) منیش نیشـانەکەم گۆڕی بۆ (م. م) واتە لە هـەر جێگەیـەکدا ئەم نیشـانە بینرا ئەوە ئاماژە بۆ ئەو مـەکتـەبە کە سێ جار ناوی گۆڕاوە و پێشـتر ناوی (مكتبة المتحف) بوو ... دەکەم.

دوا وتەم:

ئەگــەر کـورد لە گــەلێ ڕووەوە هــەژار و کــەمـدەسـت و بەشـخـوراو بوو بێت، لە ڕووی زانســتــە جـۆراوجـۆرەکـانەوە بێبـەش نەبووە و خـاوەنی زانای گـەورە و پیـاوی بلیمـەت و هەڵکەوتوو بووە، لاپەڕەکانی کۆن و نوێـی مێژوو شایەتـی ئەم قسـەن، بەڵام – وەک وتم – بەهـۆی ئەوەوە کـە مێـژووی زانایانی کـورد لەلایەنی خـودی زانایـانی کوردەوە نەنووسـراوەتەوە، ناو و مـێژووی ئەو زانـایانە بە پەراگەندەیی و پەرتەوازەیی – ئەوەی لە شـێواندن ڕزگاری بووبێت – مـاوەتەوە و، ئەگـەر بەوردی و زانستییانە کاری بۆ بکرێت مێژوویەکی دەوڵەمەند و جێگەی بایەخ و مایەی شانازیی گەلی کورد و موسڵمانانی لێ پێک دێت، کە لەڕیزی پێشەوەی مێژووی گەلانی موسوڵماندا بێت.

بەســەر ئـەوەیشـدا نـاڕۆم من بـاسـی مـێـژووی زانسـتـی ئیسـلامـیم کـردووە و، کـورد پـێش ئەو مێژووەیش مـێژووی خۆی هەبووە و، ئـەو شوێنەوارانـەی لە قـەلا و ئەشکەوت و شـوێنە دێرینەکاندا دۆزراونەتەوە شـایەتـی ئەو مـێـژووەن، بەڵام دووبارە ئـەو مـێـژووەیش کـە خـۆی لە نووسـراوی سـەر پێسـت و، سـواڵەت و، کـێل و بەرد و مــەرمـەڕ و شـتـی وادا دەنوێنـێ لە بەتاڵانبـردن و شـێـواندن ڕزگـاری نەبووە و، زۆریـان لە مـۆزەخـانەکـانی هەندەرانـدا حـەشـار دراون و نـاوی ئەم شــوێن و جـێگەیانەیش کـە تێیـانـدا دۆزراونەتەوە لێیـانەوە بڕاون بە زۆری باسـی لـێ نەکراوە و، بەوەیش ئەو مـێژووە دێرینە لە گـەل و زێدی خـۆی دابڕاوە ئاوارە و بێناز و بێ پێناسـە مـاوەتەوە و، ناسـاندن و دۆزینەوەی ئەمانـەیش لە مێژووە ئیسلامییەکە زۆر زۆرتری دەوێت.

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی چوارەم. ل: ٢١٦.

(٢)بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم. ل: ٧١.

## تەفسیری قورئانی پیرۆز

هەر لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە گەلی کوردیش وەک گەلانی تری موسڵمان – ئەگەر لە پێش زۆریانەوە نەبووبن – شەیدای قورئانی پیرۆز بوون و خزمەتی جۆراوجۆری شایستەیان کردووە. لە بواری (تەفسیری قورئانی پیرۆز)دا گەلێ خزمەتی گەورە و دیار و شیاویان بە عەرەبی و کوردی کردووە. لێرەدا ناوی هەندێ لەو مامۆستا بەڕێزانە و تەفسیرەکانیان دێنم کە هەواڵیان زانراوە.

١ – مشكلات القرآن: دانراوی (أبو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة الدينوري) م: ٢٦٦ ك = ٨٧٩ز.[١]

٢ – تفسير الدينوري: دانراوی (أبو حنيفة أحمد بن داود النحوى اللغوي) م٢٩٠ – یان – م ٢٨٢ ك ٨٩٥».[٢] تەفسیرەکەی (١٣) بەرگە.

٣ – أرشاد القاصد الى اسنى المقاصد و تبصرة المتذكر في كشف الحقائق. دانراوی: (محمد بن ابراهيم بن ساعد الأنصاري، السنجاري، أبن الأكفاني. م ٧٤٩ ك = ١٣٤٨م.[٣]

٤ – تفسير القرآن الكريم دانراوی: أبن الشهرزوري[٤]

٥ – المصباح الزاهر في القرآت العشر البواهر: دانراوي (أبو الكرم) موبارەکی کوڕی حەسەنی شارەزووریی. م – ٥٥٠ک لە نێزیکەی ٥٠٠ کەس و ڕووەوە ڕیوایەتی کردووە.[٥]

٦ – الانصاف في المجمع بين الكشف والكشاف: دانراوی (أبو السعادات، محمدالدين، المبارك بن محمد بن محمد بن محمد عبدالكريم الشيباني الجزري) م: ٦٠٦ ك =١٢١٠ز.[٦]

٧ – بغية البيان في تفسير القرآن: دانراوی شەهابەدین عومەری کوڕی محەمەدی سوورەوەردیی. م:٦٣٢ ك = ١٢٣٤م.[٧]

٨ – كشف المشكلات في تفسير القرآن: دانراوی (أبو الفتح كمال الدين موسى بن يونس بن محمد بن منعة ابن مالك العقيلي م: ٦٣٩ ك = ١٢٤٢ز.[٨]

٩ – تفسير الحافظ الهكاري: دانراوی (شهاب الدين أبو سعيد أحمد) کوڕی ئەحمەدی کوڕی حسەینی کوڕی مووسای کوردیی م: ٧٦٣ ك = ١٣٦٢ز.[٩]

١٠– تفسير الكواشي، التبصرة في التفسير، التلخيص في التفسير، كشاف الحقائق في التفسير: دانراوی (موفق الدين، ابو العباس، أحمد بن يوسف الكواشي) م: ٦٨٠ ك = ١٢٨١ز.[١٠]

١١– قواعد التفسير: دانراوی: ئیبنوتەیمیە، ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمی کوڕی عەبدوسەلامی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی خضری حەڕڕانیی.[١١]

١٢– غاية الأماني في تفسير الكلام الرباني، كشف الأسرار عن قراءة الائمة الأخيار. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ڕەشیدی کوڕی

ئیبراهیمی شارەزووری گۆرانیی. م: ٨٩٣ ك = ١٤٨٨ز.[١٢]

١٣- أرشاد العقل السليم الى مزايا الكتاب الكريم. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی مستەفا. ناسراو بە ئەبوسعوودی عیمادیی. م: ٩٨٢ ك = ١٥٧٤ز.[١٣]

١٤- منقول التفاسير: دانراوی: یووسفی کوڕی خضری کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئیبراهیمی ناسراو بە (يوسف الاصم). م: ١١٠٢ك = ١٩٥٤ز.[١٤]

ئەم تەفسیرە چەندان نوسخەی دەستخەتی هەیە و، ئێستە چەند قوتابی خەریکی لێکۆڵینەوەن و بەشێکیان بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆڕایان لەسەر وەرگرتووە.

١٥- أنهار السلسبيل في شرح انوار التنزيل للبيضاوي: دانراوی محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسوولی شارەزووریی بەرزنجیی مەدەنیی م: ١١٠٣ك = ١٦٩١ز.[١٥]

١٦- تفسير الواضح - يان - تفسير الشاهوي: دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەننیف. م: ١٠٥٠ك =١٦٤٠ز.[١٦]

١٧- تفسير القرآن الكريم: دانراوی: مەلا مەحموودی بادینانی م: ١٢٠٢ك = ١٧٨٨ز.[١٧]

١٨- صفوة التفاسير: دانراوی: ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەدی گەڵاڵیی (یان گەڵاڵەیی) م: ١٢٨٠ - ١٨٦٣ز.[١٨] ئەم مامۆستا ئەم تەفسیرەی تەواو نەکردووە.

١٩- فصيح البيان في تفسير القرآن. دانراوی: ئیبراهیم فەصیحی کوڕی صیبغە توڵڵای حەیدەریی. م: ١٣٠٠ك = ١٨٨٢ز. نوسخەی ئەم تەفسیرە لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزیی بەغدادا پارێزرابوو.[١٩]

٢٠- برهان الهدى في تفسير القرآن الكريم. دانراوی: مەلا حسەینی پشدەری.[٢٠]

٢١- التفسير المكي: دانراوی: محمد طاهر الكردي الخطاط. م: ١٤٠٠ك =١٩٨٠ز. ئەم مامۆستا جگە لە تەفسیرەکەی چەندان خزمەتی گەورەی قورئانی پیرۆزی کردووە، لەوانە یەکەم کەسە کە قورئانی پیرۆزی بەخەتێکی خۆش و جوان نووسیوەتەوە و لە مەکەی پیرۆزدا چاپ کراوە. واتە یەکەم کە لە مەکەدا چاپ کراوە بەخەتی مامۆستا محەمەد تاهیری کوردیی بووە.[٢١]

جگە لەوەیش دەیان تابلۆی نایاب و کەموێنە و بێ وێنەی بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نەخشاندووە،

٢٢- مواهب الرحمن في تفسير القرآن: دانراوی: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس م: ١٣٢٢ك = ١٩٠٥ز. حەوت بەرگ. هەروەها ئەم مامۆستا حەوت بەرگ تەفسیری قورئانی بە کوردی نووسیوە بە ناوی (تەفسیری نامی) جگە لەمەیش تەفسیرێکی تری هەیە بە ناوی (خولاصەی تەفسیری نامی) ئەمەیشیان سێ بەرگە.[٢٢]

## تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی

مامۆستایانی کورد ماوەیەکە بە گەرمی خەریکی تەفسیری قورئانی پیرۆزن بە کوردی و، لەم بوارەدا گەلێ کاری گەورەیان کردووە و چەندان تەفسیری قورئانی پیرۆزیان نووسیوە، بەشێکیان چاپ کراون و بەشانی تریشیان هەیە چاپ نەکراون و، هەیشیانە کاری لە چاپدانی بەردەوامە.

ناوی چەند دانەیەکیان لێرەدا دەخەمە دامێنی ئەم باسەوە:

٢٣- تیذکاری ئیمان بۆ قەومی کوردان: دانراوی: مامۆستا مەلا محەمەدی قازی پێنجوین ناسراوە بە خواهەرزادا م: ١٣٥٣ك=١٩٣٥ز. ئەم تەفسیرە نۆ بەرگی گەورەیە و هێشتا دەستخەت و چاپ نەکراوە. ئەمە بە یەکەم تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی دادەنرێت.

٢٤- تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خواوەندی: دانراوی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای جەلی ناسراوە بە مەلای کۆیە: ١٣٦٢ك = ١٩٤٣ز. ئەم تەفسیرە (٣٠) جزمە.[٢٤]

٢٥- تەفسیری خاڵ، دانراوی شێخ محەمەدی خاڵ. م:١٤١٠ك = ١٩٨٩ز.[٢٥]

٢٦- قورئانی پیرۆز. وەرگێڕانی هەژار عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی موکریانی م: ١٤١١ك = ١٩٩٠ز.[٢٦]

٢٧- زانینا ڕێگە تێگەهشتنا قورئانێیە، دانراوی: مەلا حسەین یووسف عەبدولقادر مارونسی.[٢٧]

٢٨- تەفسیری گوڵشەن، دانراوی: مامۆستا نظام الدین عبدالحمید. (لە ژیاندایە).[٢٨]

٢٩- تەفسیری قورئانی پیرۆز، دانراوی: دوکتۆر محەمەد سالح ئیبراهیمی شەپۆل، (لە ژیاندایە).[٢٩]

٣٠- جگە لە مانەیش چەندان هەوڵی تر دراوە و، گەلێکیان هێشتا دەستخەتن و هەیانە تەواو نەبووە.

(خوا پاداشتی هەمووومان بداتەوە).

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: كشف الظنون ١٦٩٥/٢ و ١٢٠٤.

(٢) بڕوانە: كشف الظنون ٤٤٧/١ و الاعلام ١٢٣/١.

(٣) بڕوانە: الاعلام ٢٩٩/٥.

(٤) بڕوانە: هدية العارفين ٦٩٦/١ و ٢٢/٥.

(٥) بڕوانە: كشف الظنون ١٧٠٦/٢.

(٦) بڕوانە: الاعلام ٢٧٢/٥. معجم المؤلفين ٩٨/١٣.

(٧) بڕوانە: الاعلام ٦٢/٥، كشف الظنون ١٩٦٥/٢.

(٨) بڕوانە: الاعلام ٣٣٢/٧.

هەولێرنامەی کتێب

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين ١/١٤٥.

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين ٢/٢٠٩، وكشف الظنون ١/٣٣٩، ٤٥٧، ٤٨٠. چەند نامەی ماجستێریش لەسەر ئەم تەفسیرە وەرگیراوە، بڕوانە: بووژاندنەوە ٣٠٧/٤.

(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين ١/٢٦٢، دائره المعارف بزرگ اسلامی جلد سوم، ١٧١.

(١٢) بڕوانە: معجم المؤلفين ١/١٦٦.

(١٣) بڕوانە: الاعلام ١١/٣٠١.

(١٤) بڕوانە: الاعلام ١٣/٣٢٩، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ١/٢١٥، ٢٢٢، ٢/٢٠، ٣/٩٩. مجلة المجمع العلمي الكردي ٢/٢/١٩٧٤.

(١٥) بڕوانە: الاعلام ٦/٢٠٣. معجم المؤلفين ٩/٣٠٨، ١٠/١٦٥.

(١٦) بڕوانە: بووژاندەوەی مێژووی زانایانی کورد، ٣/٢٠٧. ماوەیەک لەمەوبەر دانراوێکی ئەم مامۆستام لە پەند و ئامۆژگاریدا بە زمانی عەرەبی دۆزییەوە، ناوی (انذار الاخوان)ە ئێستە لەلایەنی (نشر احسان)ەوە لەژێر چاپدایە.

(١٧) بڕوانە: فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه في السليمانيه. الجزء الثاني، ص: ١٧٣. نوسخەی ئەم تەفسیرە لەلای مامۆستایەک بوو فرۆشتی بە (د. ص)ی ئەوسا (المركز الوطني للمخطوطات) بە داخەوە ژمارەکەی نازانم.

مامۆستای دانەری ئەم تەفسیرە ئەوەی لە کارەکەیدا دای هێناوە کە پیتی بە نوختەی بەکار نەهێناوە، واتە هەموو تەفسیرەکەی بەو پیتانە نووسیوە کە نوختەیان نییە، وەک (س، ح، م، د، و، ر، ...).

(١٨) بڕوانە الاعلام ٢/٦٢.

(١٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی شەشەم ل: ٢٧٩.

(٢٠) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی یەکەم، ل: ٣٣٦ هەروەها: أسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الاسلامية، ١٨٣.

(٢١) بڕوانە: في رحاب أقلام وشخصيات كرديه. ٧٥.

(٢٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی هەشتەم، ل: ١١٢. علماؤنا في خدمة العلم والدين ل: ٣٢٤. زانیاریی تایبەتیی خۆم لەسەر دانراوەکانی مامۆستای مودەڕیس.

(٢٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی کورد، بەرگی هەشتەم، ل: ٣٥٣.

(٢٤) بڕوانە: أعلام الكرد: ١٣٣، علماؤنا في خدمة العلم والدين: ٥٣٤. محمد بن عبدالله الجلي و جهوده العلمية: ٨١، ٩٣، ١٤٣...

(٢٥) بڕوانە: الشێخ محمد الخال مفسرا.

(٢٦) بڕوانە: تأريخ مشاهير كرد، ٢/٦٧٨.

(٢٧) بڕوانە: زانین ڕێگا تێگەهشتنا قورئانێ یە، ٣٣٦، ٥٧٠.

(٢٨) بڕوانە: تەفسیری گوڵشەن. چاپی دووەم، تاران، نشر أحسان.

(٢٩) بڕوانە: گۆواری گەلاوێژی نوێ، ١٤٨، (المحق العربي) العدد الأول ٢٠٠١.

## زانستی حەدیث (فەرمایشتەكانی پێغەمبەر - د. خ)

زانایانی كورد دوای قورئانی پیرۆز بایەخی گەورە و تایبەتییان بە فەرمایشتەكانی پێغەمبەر - د. خ - داوە و هەر لە بەرەبەیانی ئاینی ئیسلامەوە بە چەندان جۆر لەم بوارەدا خزمەتیان كردووە و، چەند زانایەكیشیان داهێنان و دەسپێشخەریی دیار و بەرچاویان تێدا ئەنجام داوە.

ئەو خزمەتانەی مامۆستایانی كورد لەو بوارەشدا ئەوەندە بەرین و شیاو و باڵان ئەگەر هەموویان كۆ بكرێنەوە لەسەریان بنووسرێت زۆری دەوێت و لەوانەیە چەند بەرگ كتێبیان بوێت تا وەك پێویست لەسەر خۆیان و خاوەنەكانیان بنووسرێت. من لێرەدا - وەك بۆ بوارەكانی تریش كردوومە - تەنیا نموونە لە ناوی مامۆستایان و دانراوەكانیان دێنمەوە و، لێرەدا دەرەتانی لەسەر نووسین و باسكردنی ئەم ڕەنج و ئەرك و بەرهەمە زۆر و بە پێزانە نییە.

١- غريب الحديث: دانراوی حسەینی كوڕی عەیاشی كوڕی حازمی جەزەریی باجداییی. م: ٢٠٤ك = ٨١٩ز.(١)

٢- الطبقات. دانراوی: حسەینی كوڕی محەمەدی كوڕی مەودوودی حەڕڕانی. م: ٣١٨ ك =٩٣٠ز.(٢)

٣- المجالسة و جواهر العلم، مناقب مالك. دانراوی: ئەحمەدی كوڕی مەڕوانی دینەوەریی. م: ٣٣٣ ك = ٩١٥ز.(٣)

٤- علوم الحديث المعروف بمقدمة ابن الصلاح. معرفة المؤتلف والمختلف في أسماء الرجال. دانراوی: عوسمانی كوڕی عەبدوڕەحمانی كوڕی مووسا (صلاح الدين)ی كوردی شارەزووریی. شرخانی - ڕەنگە شیلەخانیی بێت. م: ٦٤٣ ك = ١٢٤٥ز.(٤)

٥- مقصد المسند، تعليق على صحيح مسلم، دانراوی: محەمەدی كوڕی عوببادی كوڕی مەلیك دادی كوڕی حەسەنی خەلاطیی. م: ٦٥٢ ك = ١٢٥٤ز.(٥)

٦- السباعيات والثمانيات في الحديث. المعجم في أسماء الشيوخ الذين أجازوا له، في سبعة أجزاء. دانراوی: عەبدوللەطیفی كوڕی عەبدولمونعیمی كوڕی عەلی حەڕڕانیی. م: ٦٧٢ك - ١٢٧٣ز.(٦)

٧- ثبت. دانراوی: محەمەدی كوڕی عەبدولقاهیری كوڕی عەبدوڕەحمانی كوڕی حەسەنی كوڕی عەبدولقادری كوڕی حەسەنی موصلی شارەزووریی (أبو عبدالله) م:؟(٧)

٨- المعجم. دانراوی: ئیسحاقی كوڕی یەحیای كوڕی ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیمی ئامودیی. م:٧٢٠ ك = ١٣٢٥ز.(٨)

٩- المغني عن حمل الأسفار في الأسفار. الألفية في مصطلح الحديث، فتح المغيث. منظومة في السيرة النبوية، تقريب الأنسانية وترتيب المسانيد التقيد والايضاح في مصطلح الحديث. شرح الترمذي... دانراوی: عەبدوڕەحیمی كوڕی حسەینی كوڕی عەبدوڕەحمان - زەینەدین - ی ناسراو بە حافیظی عێراقی. م: ٨٠٦ ك = ١٠٤٤ز.(٩)

١٠- شرح مختصر عبدالعظيم المنذري لصحيح مسلم. دانراوی: عوسمانی کوڕی عەبدولەلیکی کوردیی، میصریی شافیعی. م: ٨٣٧ ك = ١٣٣٧ز.[١٠]

١١- سلاح المؤمن. الهداية في علم الرواية، المصعد الاحمد في ختم مسندالامام، م: ٨٢٩ ك = ١٤٢٦ز.[١١]

١٢- البيان والتوضيح لمن أخرج له في الصحيح، رواه المراسيل، أخبار المدلسين، تذكرة، مبهمات الاسانيد... دانراوی: (ابن العراقي) ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی کوڕی حسەینی کوردەی رازیانیی میصری. م: ٨٢٦ ك = ١٤٢٣ز.[١٢]

١٣- رجال السنن الاربعة، رجال البخاري ومسلم. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حسەینی کوڕی مووسەکی هەکاریی. م: ٧٦٣ ك = ١٣٦٢ز.[١٣]

١٤- شرح صحيح البخاري. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی رەشیدی کوڕی ئیبراهیمی شارەزووریی هەمەدانیی تەبریزیی گۆرانیی شافیعیی (شرف الدين شهاب الدين). م: ٨٩٣ ك = ١٤٨٨ز.[١٤]

١٥- حاشية على الجامع الصحيح البخاري. دانراوی: محەمەدی کوڕی عوسمانی کوڕی عەلی ماردینی، شافیعیی (شمس الدين) م: ٨٧١ ك = ١٤٦٧ز.[١٥]

١٦- شرح المقدمة في الحديث. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی جەزرەیی شافیعی. ٨٣٣ ك = ١٤٢٩ز. لە ژیاندا بووە.[١٦]

١٧- تعليقة على جامع الصحيح للبخاري. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڕەحمان (علاءالدين) حصن کێفی، م: ١٠٨٨ ك = ١٦٧٧ز.[١٧]

١٨- مسلك الارشاد الى الاحاديث الواردة في الجهاد. لوامع الآل في الاربعين الحوال. دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی شەهابەدینی شارانیی شارەزووریی گۆرانیی (برهان الدين، أبو الوقت). م: ١١٠١ ك = ١٦٩٠ز.[١٨]

١٩- منتخب كنز العمال في سنن الاقوال للمتقي الهندي. دانراوی: محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی شەهابەدینی شارەزووریی مەدەنیی شافیعیی گۆرانی (أبو طاهر). م: ١١٤٥ك = ١١٧٣ز.[١٩]

٢٠- أسماء رجال الحديث. دانراوی: عەبدوسەلامی کوڕی عومەری کوڕی محەمەدی ماردینی. م: ١٢٥٩ك = ١٨٤٣ز.[٢٠]

٢١- لفوائد الجليلة في مسلسلات محمد بن أحمد ابن عقيلة. ثبوت واجازات في الحديث والعلوم الأخرى. دانراوی: عیسا صەفائەدینی بەندەنیجیی م: ١٢٨٣ ك = ١٨٦٦ز.[٢١]

٢٢- أقتران النيرين في مجمع البحرين (تەرجەمەی موسلیم و بوخاری بە کوردی) دانراوی ماموستا مەلا رەشید بەگی بابان م: ١٣٦١ ك = ١٩٤٢ز.[٢٢]

٢٣- ڕێگەی ڕەهبەر لە عیلمی ئوصوولی حەدیثدا، دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. ١٤٢٤ک - ٢٠٠٥ز.[٢٣]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الاعلام ٢٥١/٢. معجم المؤلفین ٤٠/٤.

(٢) بڕوانە: معجم لمؤلفین ٦٠/٤. الاعلام ٢٥٣/٢.

(٣) بڕوانە: کشف الظنون ١٥٩١/٢. الاعلام ٢٥٦/١.

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفین ٢٥٧/٦. الاعلام ٢٠٧/٤.

(٥) بڕوانە: الاعلام ١٨٢/٦، معجم المؤلفین ١١٨/١٠.

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفین ١٢/٦.

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفین ١٨٤/١٠. باسی کۆچی دوایی ناکات، دەڵێت: ٦٩٨ ک = ١٢٩٩ لەدایک بووە.

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفین ٢٣٩/٧.

(٩) بڕوانە: الاعلام ٤٤٤/٣. معجم المؤلفین ٢٠٤/٥.

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفین ٢٦١/٦.

(١١) بڕوانە: الاعلام ٤٥/٧. معجم المؤلفین ٢٠٩/١١.

(١٢) بڕوانە: الاعلام ١٤٨/١، معجم المؤلفین ٢٧٠/١.

(١٣) بڕوانە: الاعلام ٩١/١. معجم المؤلفین ١٤٥/١.

(١٤) بڕوانە: معجم المؤلفین ١٦٦/١، الاعلام ٩٧/١.

(١٥) بڕوانە: معجم لمؤلفین ٢٨٤/١٠.

(١٦) بڕوانە: الاعلام ٢٢٧/١، معجم المؤلفین ١٤٨/٢. کشف الظنون ١١١٥، ١٧٩٩، ١٨٠٣.

(١٧) بڕوانە: معجم المؤلفین ٥٦/١١. الاعلام ٢٩٤/٦.

(١٨) بڕوانە: الاعلام ٣٥/١. معجم المؤلفین ٢١/١. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٢١٥/٢.

(١٩) بڕوانە: معجم المؤلفین ١٩٦/٨. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٢٦٠/٤. شایانی باسە نوسخەیەکی خەزائینی - گەنجینەیی - ئەم کتێبە لە (م، م) دا بە ژمارە (٩٠٨٣) و بەشێکیشی لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی سلیمانیدا دوو بەرگی پارێزراوە.

(٢٠) بڕوانە: معجم المؤلفین ٢٩٩/٥. الاعلام ٦/٤.

(٢١) بڕوانە: ورود الکرد فی حدیقە الورود (الطبقە الثانیە) ص: ١٣١. معجم المؤلفین ٣٤/٨. الاعلام ١١٠/٥. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ١٢٦/٢.

(٢٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی حەوتەم ل: ٢٦٩ پێشەکیی (أقتران النیرین) بەرگی یەکەم، چاپی دووەم. ل: ٢١.

پەراوێز:

ئەم کتێبە کە بەلێکۆڵینەوەوە چاپم کردووە نۆ بەرگی گەورەیە. تا ئێستە گەورەترین کتێبە لە بواری

فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا – د. خ – چاپ کرابێت. ڕەنگە گەورەترین کتێبیش بێت بە زمانی کوردی ئیستە کار بۆ چاپی دووەمی دەکرێت و بە یارمەتیی خوا بەشێوەیەکی جوانتر چاپ دەکرێتەوە.

(٢٣) بڕوانە: علماؤنا فی خدمە العلم والدین. ص: ٣٢٤. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ١١٢/٨.

## شەرع

بواری شەریعەتی ئیسلامی یەکێکە لەو بوارانەی گەورە زانایانی کورد دەیان دانراوی – ئەوەی کە تا ئیستا زانراوە – باش و گەورەیان لەسەر مەزهەب و ڕێبازە جیاجیاکانی – بەتایبەتی مەزهەبی شافیعی – تێدا داناوە ئەم کارەیش لە بەرەبەیانی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ بە گوڕوتینێکی دیارەوە بەردەوام بووە و، شوێندەستی ئەو زانایانەیش لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامدا ئاشکرایە ئەگەر بمانەوێ لە بوارێکی وادا تەنیا ناوی زاناکان یان تەنیا ناوی دانراوەکانیان بنووسین ئەوە زۆر زۆری دەوێت؛ چ جای ئەوەی هەردووکیان بنووسرێن؛ بۆیە لەم هەڵەدا ناوی چەند مامۆستایەک لەو مامۆستایانە و دانراوەکانیان وەک نموونە دەخەمە بەرچاو:

١– المعتمد: دانراوی ئەبونەصر محەمەدی کوڕی هیبەتوڵڵای کوڕی ثابیتی بەندەنیجیی ناسراو بە (فقیە الحرم – شەرعزانی حەرەم) چونکە ٤٠ ساڵ لە مەکەدا ماوەتەوە، کوێر بووە لە بەندەنیج مەندەلی لەدایک بووە، لە یەمەن کۆچی دوایی کردووە. لە زانایانی شافیعی بووە م: ٤٩٥ ک = ١١٠٢ز. هەروەها کتێبی (الجامع)یشی هەیە. هەردووکیان لە فیقهی شافیعیدان.[١]

٢– (الجامع) و (الذخیرة) دوو دانراوی مامۆستا حەسەنی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەحیای بەندەنیجین لە فیقهی شافیعیدا. م: ٤٢٥ ک = ١٠٣٤ز.[٢]

٣– الإبانة: دانراوی: محەمەدی کوڕی ئامێدی. شافیعی م: ٤٥٥ ک = ١٠٦٣ز.[٣]

٤– عمدة الحاضر وکفایة المسافر: دانراوی: عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی ئامێدی. م: ٤٦٧ ک = ١٠٧٥ز.[٤]

٥– التحقیق في مسائل التعلیق: دانراوی: ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی حەنبەلیی دینەوەری. م: ٥٣٢ ک = ١١٣٨ز.[٥]

٦– مختصر في الفرائض: دانراوی: عەبدولقاهیری کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی شارەزووری. م: ٥٥١ ک = ١١٥٦ز.[٦]

٧– مختصر حسام الدین الأخسیکتي، و، الحق المبین في دفع شبهات المبطلین. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدولسەتاری کوڕی محەمەدی عیمادیی. م: ٦٤٢ ک = ١٢٤٤ز.[٧]

٨– المذهب المنضد في مذهب أحمد، و، منسك: دانراوی: عەبدولقادری کوڕی عەبدولقاهیری کوڕی عەبدولمونعیمی حەڕانیی م: ٦٣٤ ک = ١٢٣٦ز.[٨]

٩– غنیة الفقیة. و، مختصر الاحیاء. دانراوی: شەرەفەدین ئەحمەدی کوڕی مووسای کوڕی یونسی ئەربیلی م: ٦٢٢ ک = ١٢٢٥ز.[٩]

١٠- قواعد الشرع وضوابط الاصل والفرع، وشرح التنبيه للشيرازي. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی عەلی کوڕی حسەینی خەلاطیی (نەجیبەدین، ئەبولفەضل) م: ٦٧٥ ك = ١٢٧٦ز.[١٠]

١١- شرح الوجيز للغزالي في فروع الفقه الشافعي. دانراوی: مەحموودی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حامیدی ئورمەویی م: ٥٩٤ ك = ١٢٨٣ز.[١١]

١٢- الأستقصاء لمذاهب العلماء الفقهاء (شرح المهذب) بيست بەرگ دانراوی: عوسمانی کوڕی عیسای کوڕی دەرباسی کوڕی خەیری مارانیی کوردیی (ضياءالدين، أبو عمر). م: ٦٠٢ ك = ١٢٠٦ز.[١٢]

١٣- خطبة الوداع. دانراوی: نەصری کوڕی خضری کوڕی نەصری ئەربیلیی شافیعی (أبوالعباس). م: ٦١٩ ك = ١٢٢٢ز.[١٣]

١٤- الرعاية الصغرى، الرعاية الكبرى، صفة المفتي والمستفتي، الجامع المتصل في مذهب أحمد، الايجاز في الفقه الحنفي. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی حەمدانی کوڕی شەبیبی کوڕی حەمدانی... حەڕرانیی. (نجم الدين أبو عبدالله). م: ٦٩٥ ك = ١٢١٦ز.[١٤]

١٥- تلخيص الجامع الكبير، مقصد المسند. دانراوی: محەمەدی کوڕی عوبادی، کوڕی مەلیک داد، کوڕی حەسەن (صدرالدين، أبوعبدالله)ی خەلاطیی. م: ٦٥٢ ك = ١٢٥٤ز.[١٥]

١٦- المختصر في الرد على أهل البدع. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا جەزەریی، شافیعی (شمس الدين). م: ٦٦٠ ك = ١٢٦٢ز.[١٦]

١٧- الاسامي والعلل. دانراوی: عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عیکریمەی بەرزی جزيری. م: ٥٦٠ ك = ١١٦٥ز.[١٧]

١٨- الكنز المطلوب في الدوائر والضروب. دانراوی: عومەری کوڕی خضری کوڕی جەعفەریی کوردی (جمال الدين، أبو سعيد). م: ٦٦١ ك = ١٢٦٣ز.[١٨]

١٩- مختصر البحر للروياني. دانراوی: سەلاری کوڕی حەسەنی کوڕی عومەری کوڕی سەعیدی ئەربیلی، شافیعی، (كمال الدين). م: ٦٧٠ ك = ١٢٧٢ز.[١٩]

٢٠- عمدة الطالب لمعرفة المذاهب. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی، کوڕی محەمەدی، کوڕی مەحموودی سەمەرقەندیی سنجاری، مردووی: ٧٢١ ك = ١٣٢١ز.[٢٠]

٢١- الوضوح في شرح المحرر. دانراوی: حەسەنی کوڕی هیدایەتوڵڵای ناسراو بە مەلا ئەبوبەکری موصەننیف. م: ١٠١٤ ك = ١٦٠٥ز.[٢١]

٢٢- المقرر في شرح المحرر. دانراوی: عەلی کوڕی یەحیای زیادی (نورالدين) م: ١٠٢٤ ك = ١٦١٥ز.[٢٢]

٢٣- الفتاوی یان فتاوای مەحموودی، بە زمانی فارسی. دانراوی: جەمالەدین مەحموودی کوڕی

حەسەنی کوڕی خالیدی کوڕی حامیدی کوڕی عەلی بەردەریی.[٢٣] م: ؟

٢٤- الجامع الوجيز، فتاوى في فقه الحنفية، المناقب الكردرية، مختصر في بيان تعريفات الاحكام، آداب القضاء. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی شەهابی کوڕی یووسفی کوردیی بە زازی. م: ٨٢٧ ك = ١٥٢٤ز.[٢٤]

٢٥- شەریعەتی ئیسلام، بە زمانی کوردی، دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. م: ٢٠٠٤

٢٦- فیقهی ئاسان، بە زمانی کوردی، وەرگێڕانی: نووری فارس حەمەخان (لە ژیاندایە).

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الاعلام، ١٣٠/٧. معجم المؤلفين ٨٩/١٢.

(٢) بڕوانە: الاعلام، ١٩٦/٢، معجم المؤلفين ٢٣٨/٣.

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢٠/٩. كشف الظنون ١/

(٤) بڕوانە: الاعلام، ٣٢٨/٤، معجم المؤلفين، ٢٠٨/٧.

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦٨/٢.

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفين ٣٠٩/٥.

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٦٧/١٠.

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٩٠/٥.

(٩) بڕوانە: الاعلام، ٢٦١/١.

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٧٥/١٠.

(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٥٥/١٢.

(١٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٦٦/٦٠، الاعلام ٢١٢/٤.

(١٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٨٩/١٣.

(١٤) بڕوانە: معجم المولفين، ٢١١/١، الاعلام ١١٩/١.

(١٥) بڕوانە: الاعلام، ١٨٢/٦. معجم المؤلفين، ١١٨/١٠.

(١٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٠٧/١٠، الاعلام، ٢٣٣/٦.

(١٧) بڕوانە: الاعلام، ٦٠/٥.

(١٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٨٣/٧.

(١٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٣٥/٤.

(٢٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٥٥/١٠. الاعلام، ١٩٢/٦.

(٢١) شایانی باسە ئێستە ئەم کتێبە بووە بە جێگەی بایەخی مامۆستایان و قوتابییانی ماجستێر و ودکتۆرا و، هەر قوتابییەک بەشێکی بۆ بابەتی خۆی - ماجستێر یا دوکتۆرا - بڕداوە و، تا ماوەیەکی تر بە یارمەتی خوا سەرجەمی کتێبەکە بەلێکۆڵینەوەی زانستییەوە دەکەوێتە کتێبخانەی ئیسلامییەوە. (بڕوانە: كتاب الوضوح شرح المحرر، للامام ابي القاسم عبدالكريم بن محمد الرافعي. م: ٦٢٣ه =

هەوڵنامەی کتێب

١٢٢٦م. تأليف: سيد حسن به هداية؟ المشهور بملا أبي بكر المصنف، دراسة و تحقيق كتاب الطهارة، من قبل الطالب عبدالله محمود إسماعيل. كلية الامام الأعظم. ١٤٢٨ه = ٢٠٠٧م).

(٢٢) بڕوانە: الاعلام، ٣٢/٥. معجم المؤلفين ١٦٩/٧، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... ١٠٠/٣.

(٢٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی ١٨٠/٥.

(٢٤) بڕوانە: الاعلام، ٤٥/٧، معجم المؤلفين، ٢٢٣/١١.

(٢٥) بڕوانە: علماؤنا فی خدمە العلم والدين، ل: ٣٢٤، و بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد بەرگی هەشتەم، ل: ١١٢.

## ئوصوولی فیقە

لە بواری ئوصوولی فیقهیشدا زانایانی کورد ڕۆڵی دیاریان هەبووە و، شوێندەستیان لە دەیان کاری گەورە و بچووکی زانستییانە و بە پێزدا دەردەکەوێ. بۆ ئەم لایەنەیش – وەک لایەنەکانی تر – چەند نموونەیەک دێنمەوە:

١– التحصيل في مختصر المحصول لفخرالدين الرازي. دانراوی: مەحموودی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حامیدی کوڕی ئەحمەدی ئورمەویی شافیعیی (سراج الدين) م: ٦٨٢ ك = ١٢٨٣ز.[١]

٢– شرح اللمع. دانراوی: عوسمانی کوڕی عیسای کوڕی دەرباسی مارانیی (ضياءالدين، أبو عمر) م: ٦٠٢ ك = ١٢٠٦ز.[٢]

٣– شرح الوجيز للغزالي. دانراوی: محەمەدی کوڕی یونسی کوڕی محەمەدی کوڕی مەنەعە (أبوحامد)ی ئەربیلی. م: ٦٠٨ك – ١٢١١ز.[٣]

٤– حاصل المحصول. دانراوی: محەمەدی کوڕی حسەینی کوڕی عەبدوڵڵای ئورمەویی (تاج الدين ابو الفضايل)ی ئورمەویی. م: ٦٥٦ ك = ١٢٥٨ز.[٤]

٥– الحدود المتداولة في السنة الفقهاء في أصول الفقه. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی خەلاطی. م: ٧٠٨ ك = ١٣٠٨ز.[٥]

٦– نكت منهاج البيضاوي، التحرير. دانراوی: عەبدوڕەحیمی کوڕی حەسەینی کوڕی عەبدوڕەحمان (ابو الفضل، زين الدين)ی حافظی عیراقی. م: ٨٠٦ ك = ١٤٠٤ز.[٦]

٧– شرح منتهى السول والامل في علمي الاصول والجدل. دانراوی: عوثمانی کوڕی عەبدولکەریمی کوردیی میصریی شافیعی. م: ٧٣٨ ك = ١٣٣٧ز.[٧]

٨– شرح منهاج البيضاوي في أصول الفقه. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی حسەنی یوسفی چارەپەردیی فەخرەدین (أبو المكارم). م: ٧٤٦ ك = ١٣٤٥ز.[٨]

٩– مختصر المعالم. دانراوی: عیسای کوڕی ئیبراهیمی کوڕی محەمەدی کوڕی ثەوبانی ماردینی. م: ٧٤٦ ك = ١٣٤٥ز.[٩]

١٠– جامع الاسرار شرح المنار، بيان الوصول في شرح الاصول. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی سنجاریی، کاکی (قوام الدین) م: ٧٤٩ ك = ١٣٤٨ز.[١٠]

١١– مختصر في أصول الفقه. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبولعیززی حەنەفی ماردینی (بدرالدین) م: ٢٤٣ ك = ١٣٧٨ز.[١١]

١٢– شرح جمع الجوامع للسبکي. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی کوڕی حسەینی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەبوبەکری کوردیی مەهرانیی قاهیریی (ولي الدین، أبو زرعة)ی ناسراو بە (ابن العراقي) م: ٨٢٦ ك = ١٤٢٣ز.[١٢]

١٣– الدرر اللوامع في شرح جمع الجوامع للسبکي. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی عوسمانی گۆرانیی شارەزووریی شافیعی (شهاب الدین). م: ٨٩٣ ك = ١٤٨٨ز.[١٣]

١٤– شرح الورقات في أصول الفقه. دانراوی: محەمەدی کوڕی عوسمانی کوڕی عەلی ماردینیی شافیعی (شمس الدین) م: ٨٧١ ك = ١٤٦٧ز.[١٤]

١٥– إفاضة الأنوار على شرح المنار. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڕەحمانی حەصکەفیی (حصن کێفی) م: ١٠٨٨ ك = ١٦٧٧ز.[١٥]

١٦– ثلاثة شروح على کتاب الورقات لإمام الحرمین. دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یووسفی (حصن کێفی) ناسراوە بە (ابن المنلا). م: ١٠٣٠ ك = ١٦٢١ز.[١٦]

١٧– هدایة الراشد الی کفایة العابد. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڕەسووڵی کوڕی عەبدوسەییدی بەرزنجی. م: ١١٠٣ ك = ١٦٩١ز.[١٧]

١٨– حاشیة على شرح جمع الجوامع. دانراوی: ئیلیاسی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی داودی خضری کوردیی شافیعیی م: ١١٣٨ ك = ١٧٢٦ز.[١٨]

١٩– رسالة في أصول الفقه. دانراوی: عەبدولغەفووری ئامودەیی شافیعی ناسراوە بە (لبیب). م: ١١٨٥ك = ١٧٧١ز.[١٩]

٢٠– الشرح الوجیز في الأصول. دانراوی: عومەری کوڕی حسەینی ئامودیی. م: ١٢٠٠ك = ١٧٨٦ز.[٢٠]

٢١– منهج الوصول شرح مناهج الاصول للبیضاوي. شرح مختصر المنتهی. دانراوی: شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی مەحموودی ناسراو بە (ابن الخیاط)ی قەرەداغی. م: ١٣٣٥ك = ١٩١٧ز.[٢١]

پەراوێز ئوصوولی فیقە:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفین، ١٥٥/١٢.

(٢) بڕوانە: الاعلام، ٢١٢/٤. معجم المؤلفین ٢٦٦/٦.

(٣) بڕوانە: الاعلام، ٧/١٦٠.

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٩/٢٤٤.

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١١/٧.

(٦) بڕوانە: الاعلام، ٣/٣٤٤. معجم المؤلفين، ٥/٢٠٤.

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦/٢٦١.

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/١٩٨، الاعلام، ١/١١١.

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٨/١٨.

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١١/١٨٢. الاعلام، ٧/٣٦.

(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين ١١/٢٤٣.

(١٢) بڕوانە: الاعلام، ١/١٤٨. معجم المؤلفين ١/٢٧٠.

(١٣) بڕوانە: الاعلام ١/٩٧. معجم المؤلفين، ١/١٦٦.

(١٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٠/٢٨٤.

(١٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١١/٥٦. الاعلام ٦/٢٩٤.

(١٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/٦. الاعلام ١/٣٠.

(١٧) بڕوانە: الاعلام، ٦/٢٠٤. معجم المؤلفين ١٠/١٦٥. ايضاخ المكنون ٤/٧٢٠. بووژاندنەوەی مێژووی زانایای کورد، ٧/١٦٥.

(١٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢/٣١٠.

(١٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٥/٢٦٩.

(٢٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٧/٢٨٢.

(٢١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی پێنجەم. ل: ٢٦٩.

هەولێنامەی کتێب

## نەحو

قوتابی لە کوردستاندا دوای ئەوەی قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە و بەگوێرەی باوی ئەو سەردەمە چەند کتێبە وردەیەکی فارسی خوێندووە، یەکسەر گواستوویەتییەوە بۆ (نەحو) و (صەرف) و (عوامل جرجانی)یەوە دەستی پێ کردووە، بۆیە ئەگەر زانایانی کوردیش زۆرترین دانراویان لەم بوارانەدا بێت جێگەی سەرسوڕمان نییە. لێرەیشدا ناوی چەند دانراوێک لە دانراوەکانی نەحو لەلایەنی مامۆستایانی کوردەوە دەکەم بە نموونەی ئەم لایەنە:

١- المهذب في النحو. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی جەعفەری دینەوەری (أبو علي) م: ٢٨٩ز = ٩٠٢ ك.[١]

٢- مختصر العمدة. دانراوی: محەمەدی کوڕی یووسفی کوڕی محەمەدی کوڕی قائیدی ئەربیلی م: ٥٨٥ک - ١١٨٩ز.[٢]

٣– الاصل في النحو. (٢٠بەرگ) دانراوی: عیسای کوڕی عیسای کوڕی دەرباسی مارانی (ضیاءالدین) م: ٦٠٢ ك = ١٢٠٦ز.[٣]

٤– شرح الفية ابن مالك، شرح التحصيل. دانراوی: محەمەدی کوڕی یووسفی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەحموودی جەزەریی م: ٧١١ك – ١٣١٢ز.[٤]

٥– شرح الكافية. شرح التسهيل الفوائد وتكميل المقاصد لابن مالك دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی ئەحمەدی ئەربیلی م: ٧٥٥ ك = ١٣٥٤ز.[٥]

٦– شرح الكافية الشافية. حاشية على تسهيل لابن مالك. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد (ابو المعالي) ئەربیلی. ٧٢٩ ك = ١٣٢٩ز.[٦]

٧– حاشية على شرح المفصل في النحو. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی یووسفی چارەپەرەیی (فخرالدين). م: ٧٤٦ ك = ١٣٤٥ز.[٧]

٨– شرح المغنى – ناسراو بە مغني الاكراد – دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی کوڕی حسەینی عومەری میلانی. م: ٨٠١ ك = ١٣٩٩ز (لە ژیاندا بووە).[٨]

٩– شجرة في علم النحو. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مەنصووری حەصکەفی (شمس الدين، ابو اللطف) م: ٨٥٩ ك = ١٤٥٥ز.[٩]

١٠– شرح قطر الندى. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی محەمەدی حەصکەفی. م: ١٠٨٨ك = ١٦٧٧ز.[١٠]

١١– شرح العوامل الجرجانية. دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی کوڕی شەهابەدینی شەهرانیی شارەزووریی گۆرانی. (برهان الدين) م: ١١٠١ك = ١٦٩٠ز.[١١]

١٢– أختصار شرح شواهد الرضي. دانراوی: محەمەد طاهیری کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی مەدەنیی گۆرانی. م: ١١٤٥ ك = ١٧٣٢ز.[١٢]

١٣– حاشية على حاشية عبدالحكيم على شرح الكافية للجامي. دانراوی: عیسای کوڕی صیغەتوڵڵای کوڕی ئیبراهیمی حەیدەری. م: ١١٩٠ك = ١٧٧٦ز.[١٣]

١٤– حاشية على شرح الجامي كافية ابن الحاجب. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای جەلی م: ١٢١٧ك = ١٨٠٣ز.[١٤]

١٥– حاشية على شرح الألفية للسيوطي، منظومة في مثلثات قطرب. دانراوی: عەبدولصەمەدی کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی بەرزنجی (قاضي). م: ١٢٢٠ك = ١٨٠٥ز.[١٥]

١٦– تحف الخلان في شرح الألغاز العربية، كفاية المعاني، كفاية بتوضيح الحفاية، صرف العناية بكشف الكفاية. حاشية مدونة على شرح الفاكهي، حاشية مدونة على كتاب البهجة المرضية في شرح الألفية. منظومة في بيان الافعال التي أستوى فيه اللزوم والتعدي. شرح هذه النمظومة. منظومة في الافعال التي أتت واوية ويائية. شرح هذه المنظومة. منظومة في بيان المؤنثات

السـمـاعـيـة... دانراوی: مـەلا عـەبدوڵڵای کـوڕی مـحـەمـەدی بێـتـووشـی ئالانی م: ١٢٢١ك = ١٨٠٦ز.[١٦]

١٧- تعليقات على ديباجة شرح الانموذج للبردعي. مشكاة المنقول، مصابح الخافية في شرح نظم الكافية. هدية الاحباب شرح تبصرة الطلاب. الايضاح في شرح المشكاة. تعليقات على حواشي الفوائد الضيائية لعبدالغفور اللاري. تعليقات على حواشي الفوائد الضيائية للأسفراييني. تعليقات على شرح السيوطي للألفية. دانراوی: محـەمـەدی کوڕی ئادەمی کـوڕی عـەبدوڵڵای ناسراو بە (ابن آدم) م: ١٢٣٧ك = ١٨٢١ز.[١٧]

١٨- الشامل للعوامل. كفاية الطالب نظم كافية ابن الحاجب. فتح الرؤوف في معاني الحروف. الإغراب نظم قواعد الإعراب. دانراوی: شێخ محەمەدی کوڕی سەید مستەفای کوڕی سەید ئەحمەدی کوڕی سەید محەمەدی ناسراو بە (الكبريت الاحمر)ی نۆدێیی بەرزنجی. م: ١٢٥٤ك = ١٨٣٨.[١٨]

١٩- شـروح الاعـراب. دانراوی: شـێخ عـومـەری ناسـراو بە (ابن القـرەداغی) م: ١٢٨١ك = ١٨٦٤ز.[١٩]

٢٠- شرح الفريدة للسيوطي. شرح المنظومة المسماة الشامل للعوامل. دانراوی: محەمەدی شەریفی ڕەنگەڕەژانی. م: ١٢٨٧ك = ١٨٧٠ز.[٢٠]

هەولێر ئامەی کتێب

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/١٨٢.

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢/١٣٧.

(٣) بڕوانە: الاعلام، ٤/٢١٢. معجم المؤلفين، ٦/٢٦٦.

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢/١٢٨.

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٠/٣٠٢.

(٦) بڕوانە: الاعلام، ٦/٢٨٤.

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/١٩٨.

(٨) بڕوانە: معجم المولفين، ١٠/١٥٨.

(٩) بڕوانە: الاعلام، ٦/٢٨٨. معجم المؤلفين، ١١/٢٤٦.

(١٠) بڕوانە: الاعلام، ٦/٢٩٤. معجم المؤلفين ١١/٥٦.

(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/٢١. الاعلام، ١/٣٥.

(١٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٨/١٩٦. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٤/٢٦٠.

(١٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٨/٢٦.

(١٤) بڕوانە: أسهام علماء كوردستان العراق في الثقافة الاسلامية. ص: ٨٢.

(١٥) بڕوانە: أسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الاسلامية. ٨٣. ورود الكرد في حديقة الورود/١٩٩.

(١٦) بڕوانە: البيتوشي/١١٠. أسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الاسلامية. /٨٤. معجم المؤلفين، ١٣٨/٦.

(١٧) بڕوانە: ابن آدم وجهود النحوية/٤٢. بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... ٢/١٢١. ٣/٢١٨.

(١٨) بڕوانە: النودهي/٨٦.

(١٩) بڕوانە: أسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الاسلامية/٩٣.

(٢٠) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٧.

## صەرف

زانیستی صەرفیش یەکێکە لەو زانستانەی لە خوێندنی مەنهەجیی کوردستاندا بە یەکێک لەو زانستانە دانراوە – لە پاڵ زانستی نەحودا – لە پێش هەموو زانستەکانەوە خوێندراوە و، قوتابی تا سەر و دەروویەکی لەم زانستانە نەکردبێت و شتێکی لێ فێر نەبووبێت دەستی نەداوەتە زانستەکانی تر و، بەم پێیەیش مامۆستایانی کورد دانراوی گەورە و بچووکیان لەم زانستەدا نووسیوە و، دەیان نامیلکە و کتێب شەرح و حاشیە و تەعلیقاتیان بۆ پێویستیی قوتابییانی کورد داناوە. ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی دانراوی مامۆستایانی کورد لەم بوارەیشدا لە ژماردن نەیەت و یەکێک بیەوێت ئەو کارە ئەنجام بدات زۆر زۆری کات بوێت. لێرەیشدا نموونە هێنانەوە دەبێتە بەڵگەی زۆریی ئەو دانراوانە:

١- الشافعية في الصرف. دانراوی: عوسمانی کوڕی عومەری کوڕی ئەبوبەکری کوڕی یونسی دوینی (دیوینی) کوردی. م: ٦٤٦ ك = ١٢٤٩ز.[١]

٢- شرح الشافية لابن الحاجب. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی حەسەنی چارەپەردیی. م: ٧٤٦ ك = ١٣٤٥ز.[٢]

٣- شرح الشافية. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی ئەربیلی (بدرالدين) م: ٧٥٥ ك = ١٣٥٤ز.[٣]

٤- شجرة في الصرف. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی مەنصووری حەصکەفی. م: ٨٥٩ ك = ١٤٥٥ز.[٤]

٥- السطور. دانراوی: عەبدولحەکیمی کوڕی رەشیدی دێرشەویی جزیری. م: (١٠٨٣ ك = ١٦٧٢ز لە ژیاندا بووە)[٥]

٦- الاعلال. دانراوی: عەبدوڵڵای کوڕی شێخ ئیلیاسی (کلکوری) عیمادییە. م: (١٠٩٩ك = ١٦٨٧ز لە ژیاندا بووە)[٦]

٧- الوافية، نەظمی شافیەی ئیبنولحاجیب. دانراوی: (قوام الدين حەسەنی). م: (ساڵی ١١٣٤ك = ١٧٢١ز لە ژیاندا بووە)[٧]

٨- الفوائد الجليلة في شرح الشافية لأبن الحاجب. دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی حیسامی گەرمیانی.

م: ١٠١٦ك = ١٦٠٨ز.[٨]

٩- اعلال التصريف التكميل دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی حەسەنی گۆرانیی شارەزووریی کوردی مەدەنی. م: ١١٠١ك = ١٦٩٠ز.[٩]

١٠- مختصر التكميل، أعلال التصريف. دانراوی: یووسف جانی کوڕی مامۆستا مەلا ئەبوبەکری موصەننیف. م: (لە سەدەی ١١ی ك لە ژیاندا بووە).[١٠]

١١- تفضيل الجرجاني (تەصریفی مەلا عەلی) دانراوی: مامۆستا مەلا عەلی کوڕی شێخ حامیدی ئوشنەویی. م: ١١٥٢ك = ١٧٣٩ز.[١١]

١٢- التعريف بابواب التصريف. ترصيف المباني نظم تصريف الزنجاني. دانراوی: شێخ مەعرووفی نۆدێی. م: ١٢٥٤ك = ١٨٣٦ز.[١٢]

١٣- شەرحی تەصریفی مەلا پیرۆت. دانراوی: مەلا پیرۆتی کوڕی قادری باجووری (لە سەدەی ١٢ی کۆچیدا ژیاوە).[١٣]

١٤- صيغ المصادر، حاشية تصريف الملا علي. دانراوی: مەلا عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیم. م: ١٢٩٦ ك = ١٨٧٨ز.[١٤]

١٥- قەواعیدی نەحو و صەرفی کوردی. دانراوی: مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان. م: ١٣٦١ك = ١٩٤٢ز.[١٥]

١٦- الرسالة الروسية. دانراوی: عوبەیدوڵڵای کوڕی مەلا حسەینی کوڕی مەلا محەمەدی ڕووسی. م: ؟[١٦]

١٧- الصرف الواضح للمبتدئين. دانراوی: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوڕی محەمەدی ناسراو بە (مەلا عەبدولکەریمی مدرس) م: ٢٠٠٥ك - ١٤٢٦ز.[١٧]

هەولێرنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٦٥/٦. الاعلام، ٢١١/٤.

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٩٨/١. الاعلام، ١١١/١.

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣٠٢/١٠.

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٤٦/١١. الاعلام، ٢٨٨/٦.

(٥) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... ٨٧/٣. چەند دانە دەستخەتی ئەم دانراوە لە (م، م)دا پارێزراون، لەوانە: ١٨٥٤٩، ١٥٥٨٠، ١٧١٨٥.

(٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ٣٣٤/٣. چەند دانەی دەستخەتی ئەم دانراوە لە (م، م)دا هەیە لەوانە: ٣٧٣٦٥، ١٩٠٣٣، ١٩١٠٥، ١٦٩٨٤.

(٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ٢٨١/٥. چەند دانەی دەستخەتی ئەم کتێبەش لە (م، م)دا بەم ژمارانە پارێزراوە: ٥١٤٢، ٧٧٩٨، ٣٣٠٩٤، هەروەها دوو دانەیشی لە کتێبخانەی تایبەتیی مامۆستا مەلا

عەبدوڵڵای قەڵاتیدا لە هەولێر هەیە.

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٩/١.

(٩) بڕوانە: مـعـجـم المؤلفين، ٢٠/١. الاعـلام، ٣٥/١. بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایانی کـورد. چەند دانەی دەستخەتی لە (م، م)دا هەیە بەم ژمارانە:١٢١٣، ٢١٢/٢.

(١٠) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ٣٤١/١، ٢١٢/٢.

(١١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ١٦٩/٢. تفصيل الجرجاني (نامەی ماجستێر)٥٢.

(١٢) بڕوانە: النودهي، ٩٨.

(١٣) شرح تصريف الملا على الاشنوي. (رسالة ماجستير). بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ٢٧٤/٤.

(١٤) بڕوانە: سـەرچاوەی پێـشـوو. ٢٦٧/٣. نوسـخـەی دەسـتـخـەتی ئەم دانراوانە بەم ژمـارانە لە (م، م)دا هەیە: ١٦٥١٢، ١٨٠٢٧، ١٩٠٠٠، ١٩١٤٨، ١٩٣١٠.

(١٥) بڕوانە: أقتران النيرين في مجمع البحرين. ٢٥/١ (چاپی دووەم) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ٢٦٩/٧.

(١٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ٩٩/٦.

(١٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو. ١٧٢/٨. علماؤنا فی خدمه العلم والدين. ٣٣١.

## مەنطیق

ئەگەر بۆ تایبەتمەندییەکی زۆر تایبەتی زانایانی کورد لە بواری زانستدا بگەڕێین ئەم تایبەتمەندییە لەوەدا دەبینینەوە کە زانایانی کورد بایەخێکی زۆریان بە مەنطیق و زانسـتـە عەقڵییەکان داوە و، ئەو لایەنە لە لایان لە پێش گەلێ لایەنی ترەوە بووە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر بگوترێ زۆرتر دانراوی مەلایانی کورد و شەرح و حاشیە و تەعلیقاتیان لەم بوارەدا هەبووە.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ دانراوی زانایانی کورد لەم بوارەدا بزانین و سـەرژمـێریـان بکەین ئەوە هەر زۆر زۆرمـان دەوێت، لەبەرئەوە بەم ڕوونکردنەوە کـورتە و چەند نموونەیەکی کۆن و نوێی دانراوی زانایانی کورد لەم ڕوەیشەوە بابەتەکە دەخەمە پاڵ بابەتەکانی تر:

١- اصــلاح المنطـق. دانراوی: ئەحــمــەدی کـوڕی جـەعـفـەری دینەوەریی (أبو علی) م: ٢٨٩ ك = ٩٠٢ز.(١)

٢- لوامع الاسـرار في شـرح مطالع الأنوار. شـرح الاشـارات لأبن سـينا في المنطق والحكمـة. بيان الحق في المنطق والحكمـة. دانراوی: مـحـمـوودی کـوڕی ئەبوبەکـری کـوڕی حـامـیـدی کـوڕی ئەحمەدی ئورمەویی (سراج الدين) م: ٦٨٢ك = ١٢٨٣ز.(٢)

٣- حاشية الدواني على تهذيب المنطق. دانراوی: جەلالەدیـن محـەمـەدی کوڕی ئەسـعەدی دەووانیی. م: ٩٢٨ ك = ١٥٥٢ز.(٣)

٤- حاشیەی ئیسماعیلی کوڕی حەیدەر بەسـەر فەنناریەوە. دانراوی: ئیسماعیلی کوڕی حەیدەری

حەیدەریی م: ١١٠٧ك = ١٦٩٥ز.(٤)

٥- حاشیەی عەبدوڵڵای کوڕی حەیدەر بەسەر فەنارییەوە. دانراوی: عەبدوڵڵای کوڕی حەیدەری حەیدەریی. (١١١٤ك = ١٧٠٢ز. لە ژیاندا بووە)(٥)

٦- حاشیە بەسەر نامیلکەی (جهه الوحده)وە. دانراوی: زەینەدینی برادۆستیی. (پێش١١٣٠ك = ١٧١٧ز. لە ژیاندا بووە)(٦)

٧- أجزاء القضية. دانراوی: مەلا محەمەدی تەوەکەڵی. پێش (١١٤٥ك = ١٧٣٢ز. بووە)(٧)

٨- خلاصة المنطق. دانراوی عەبدوسەلامی کوڕی عومەری کوڕی محەمەدی ماردینی. م: ١٢٥٩ ك = ١٨٤٣ز.(٨)

٩- النسب بين القضايا. دانراوی: مامۆستا مەلا عەلی کوڕی عەبدولوەهابی سیامەنصووریی. (١٣٣٤ك = ١٨١٨ز. لە ژیاندا بووە)(٩)

١٠- حاشية على حاشية عبدالله يزدي. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدی ناسراو بە (مەلازادە)ی جەلی. م: ١٢١٧ك = ١٨٠٢ز.(١٠)

١١- شەرحێک بەسەر کتێبی (الصغرى)ی سەییدەوە. دانراوی: ئەبوبەکری کوڕی عوسمانی ناسراو بە (کوچک مەلا) م: ١٢٧٢ك = ١٨٨٥ز.(١١)

١٢- حاشية على شرح حكمة العين. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحمانی ڕۆژبەیانی. م: ١٢٧٠ك = ١٨٥٩ز.(١٢)

١٣- حاشية على عصام الدين الاسفراييني. دانراوی: مەلا محەمەدی قەرەداغی. م: ١٢٨١ك = ١٨٦٤ز.(١٣)

١٤- أجزاء القضية. دانراوی: مەلا عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئیبراهیمی قزڵجی. م: ١٢٩٦ک - ١٨٧٨ز.(١٤)

١٥- شرح قسم المنطق من التهذيب. دانراوی: شێخ تەهای کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی قەسیمی سنەیی. م: ١٣٠٠ک - ١٨٨٢ز.(١٥)

١٦- كتاب المنطق. دانراوی: مەلا عەبدوڵڵای گراویی. م: ١٣٠٠ك = ١٨٨٢ز.(١٦)

١٧- تتميم المرام. دانراوی: شێخ عەبدولقادری کوڕی سەعیدی تەختەیی کوردی موهاجیر. م: ١٣٠٤ک - ١٨٨٦ز.(١٧)

١٨- حاشة على حسام كاتي، حاشية على الفناري، حاشية على حاشية عبدالله اليزدي، حاشية على تهذيب المنطق، حاشية على گلنبوي شرح أيساغوجي، حاشية على گلنبوي البرهان، حاشية على شرح الشمسية، حاشية على شرح المطالع، حاشية على كتاب البرهان في المنطق. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی پێنجوینی. م: ١٣١٩ك = ١٩٠١ز.(١٨)

١٩- تحفة اللبيب في المنطق. دانراوی: شێخ عەبدورەحمانی کوڕی شێخ محەمەدی ناسراو بە (أبن الخیاط)ی قەرەداغی. م: ١٣٣٥ك = .[١٩]

٢٠- المحاكمات. دانراوی: مەلا محەمەدی قازیی پێنجوین. م: ١٣٥٣ك = ١٩٣٥ز.[٢٠]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفین، ١/١٨٢.

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفین، ١٢/١٥٥. کشف الظنون، ١/٢٦١.

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفین، ٩/٤٧. چەندان نوسخەی دەستخەتی ئەم کتێبە لە (م، م)دا هەیە لەوانە: ٤٣٠٥٣، ١٢٩١٦، ٤٣٨٠٧.

(٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... ٦/٢٦١.

(٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٦/٢٢٣.

(٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٤/١٣١.

(٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣/٣٨٧.

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفین، ٥/٢٢٩، الاعلام، ٤/٦.

(٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ٦/١١٤.

(١٠) بڕوانە: اسهام علماء کردستان العراق في الثقافة الاسلامیة. ١٤٨.

(١١) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ١٤٥.

(١٢) سەرچاوەی پێشوو: ١٦٠ .

(١٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ١٦٤

(١٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ٣/٢٦٨ .

چەندان نوسخەی دەستخەتی ئەم دانراوە لە (م، م)دا پارێزراوە.

لەوانە: ١٧٣٠١، ١٧٩٣٤، ١٩٦٧٩، ٣٠٠٩٤، ١٣٨٧٣... .

(١٥) بڕوانە: الموجز في تواریخ حیاة الاسلاف الکرام: ٤٨ ورود الکراد: ١٩

(١٦) بڕوانە: اسهام علماء کوردستان العراق في الثقافة الاسلامیة ١٦٥ .

(١٧) بڕوانە: معجم المؤلفین، ٥/٢٩٩ . بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ٢/٩٧، ٦/٣٣٣ .

(١٨) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ٣/٤٤ . اسهام علماء کوردستان العراق في الثقافة الاسلامیة. ١٨٦ .

(١٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ٢/٣٧٩ .

(٢٠) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٨/٣٥٦ .

## بەلاغە

بواری بەلاغە و ڕەوانبێژی بوارێکی ترە لەو بوارانەی زانایانی کورد شان بە شانی زانایانی جیهان کاریان تێدا کردووە و، لەم بوارەیشدا لە زانایانی جیهان دوانەکەوتوون و، لەگەڵێ

ڕوویشـیـەوە گۆی هـونـەریان بردووەتەوە و، داهێنانی وەهایان هـەبووە پێش ئەمـان کەم کـەس بیـری بۆی چووە.

چەند دانراوی زانایانـی کـورد وەک نموونەی ئـەم بوارەیش نـاونووس دەکـەم، کـە بۆ شـایەتیی بیرتیژی و زمانپاراویی زانایانی کورد، لەم ڕووەشەوە بەس بن:

١- المثل السائر في ادب الكاتب و الشاعر. المعاني المخترعة في صناعة الانشاء. كنز البلاغة. ديوان رسـائل. الوشي المرقـوم في حل المنظوم. دانراوی: نـەسـرولڵای کـوڕی مـحـەمـەدی کـوڕی عەبدولکەریمی ناسراو بە (ابن الاثير)ی جەزەریی. م: ٦٣٧ ك = ١٢٣٩ ز.[١]

٢- حاشية على الايضاح في المعاني والبيان. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی عومەریی جەزەریی (شمس الدين). م: ٨٣٣ ك = ١٤٢٩ ز.[٢]

٣- حـاشیـەی شـارانشی بەسـەر شـەرحی ریسـالـەی ئیستیعـارەی عیصامـەدینەوە. دانراوی: مـەلا محەمەدی شەرانشیی م: (١٠١٦ ك = ١٦٠٧ لە ژیاندا بووە).[٣]

٤- حلبـة المفـاضلـة في المطارحـة والمراسلـة. أبكار المعـاني المخـدرة. حـاشـيـة على تلخـيص المفتـاح. دانراوی: ئیبراهیمی حەصکەفی. م: دوای ١٠٣٠ ك = ١٦٢١ ز.[٤]

٥- حاشیەی مەلا زەینی جۆلەمێرگی بەسەر عیصامەدینەوە. دانراوی: مـەلا زەینی جۆلەمێرگی. م: پێش ١٠٩٠ ك = ١٦٧٠ ز.[٥]

٦- حـاشیـەیەک بەسـەر ئیستیعـارەوە. حـاشـیـەیـەک بـەسـەر شـەرحی (جمع الجوامع)ەوە. دانراوی: ئیلیاسی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی داودی کوڕی خضری کوردیی. م: ١١٣٨ ك = ١٧٢٦ ز.[٦]

٧- حـاشـیەی ئەحمەدی کوڕی عوسمـان بەسەر (العضدية)ی عیصامەدینەوە. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی عوسمان. م (پێش ١٢٠٦ ك = ١٧٩١ ز کۆچی دوایی کردووە).[٧]

٨- عمل الصياغة في علم البلاغة. غيث الربيع في علم البديع. دانراوی شێخ مـەعرووفی نۆدێیی. م: ١٢٥٤ ك =[٨]

٩- شـەرحی (بيـان البيـان)ی مـامۆسـتـا مـەلا ئەبوبەکری میـر ڕۆسـتـەمی، دانراوی: مـامۆسـتا مـەلا عەبدوڵڵای کوڕی خضری شێخ مەموودیی. م: (لە ١٢٥٥ ك = ١٨٣٩ ز لە ژیاندا بووە)(٩)

١٠- كنز اللسن المكنوز فيه ستة ألسن واثناعشر فنا. دانراوی: ئەحمەد فائیزی بەرزنجی. م: ١٣٣٨ ك = ١٩١٨ ز.[١٠]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٩٨/١٣ . الاعلام، ٣٠/٨ .

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٩١/١١ . الاعلام: ٤٥/٧ .

(٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایـانی کـورد: ٧٩/٤ . (شـارانشـیـی، شـەرانشـیـی، شـیـرانشـیـی دەنووسن)

(٤) بڕوانە: الاعلام: ٣٠/١، معجم المؤلفين: ٦/١ .

(٥) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ٧٦/٦ .

(٦) بڕوانە: معجم‌المؤلفين، ٣١٠/٢ .

(٧) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٦٣/٦ . دوو دانەی دەستخەتی ئەم کتێبە لە (م. م)دا بە ژمارەکانی: ٥١٠٧ و ٤٣٤٤ پارێزراون.

(٨) بڕوانە: النودهي /١٠٣ .

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين: ١٤٨/٦ . بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ١٣٦/٢ . چەندان دانەی دەستخەتی ئەم کتێبە لە (م. م)دا هەیە، لەوانە: ١١٩٦٦، ١١٥٦٥، ١١٩٦٤، ١١٩٦٥، ٣٢٤٨١، ٣٣٥٢٠، ٣٥٢٨١، ٣٦٤٠٢، ٣٦٤٣٨، ٣٦٦٨٧، ٣٦٤٨١ .

(١٠) بڕوانە: كنز اللسن: ٩ .

## کەلام – عەقائید

زانستی کەلامیش یەکێکە لەو زانستە ورد و عەقڵییانەی مامۆستایانی کورد بە پەرۆشی زانینیەوە بوون و، هەوڵی زۆریان تێدا داوە و دانراو و شوێنەواری باشیان تێیدا بە یادگار دوای خۆیان بەجێ هێشتووە.

لێرەیشدا چەند نموونەیەک دەخەمە ڕوو:

١– التحصیل. دانراوی: محەمەدی کوڕی یونسی کوڕی محەمەدی کوڕی مەنەعەی ئەربیلی (عمادالدین، ابوحامد) م: ٦٠٨ ك = ١٢١١ ز.[١]

٢– ابكار الأفكار في اصول الدين. غاية الامل في علم الجدل. دانراوی: عەلی کوڕی ئەبوعەلی کوڕی محەمەدی کوڕی سالمی تبغلیبی ئامودیی. م: ٦٣١ ك = ١٢٣٣ ز.[٢]

٣– المختصر في الرد على اهل البدع. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای جەزەریی. (شمس الدين) م: ٦٦٠ ك = ١٢٦٢ ز.[٣]

٤– اللباب في اصول الدين. دانراوی: مەحموودی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حامیدی ئورمەویی (سراج الدين) م: ٦٨٢ ك = ١٢٨٣ ز.[٤]

٥– القصيدة السنية في العقيدة السنية. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدی سنجاری. م: ٧٤٢ ك = ١٣٤١ ز.[٥]

٦– شرح طوالع الانوار للبيضاوي. تحفة الفوائد لشرح العقائد النسفي: دانراوی: ئەحمەدی کوڕی یووسفی حەصکەفي. (شهاب الدين) م: ٨٩٥ ك = ١٤٩٠ ز.[٦]

٧– اثبات الواجب، شرح العقائد العضدية. دانراوی: جەلالەدین محەمەدی کوڕی ئەسعەدی سدیقیی دەووانی. م: ٩٢٨ ك = ١٥٥٢ ز.[٧]

٨- حاشية على حاشية الخيالي على شرح العقائد. دانراوی: یووسفی کوڕی مەحموودی کوڕی کەمالەدینی گۆرانیی سیدیقیی. م: ١٠٠٠ ك = ١٥٩٢ ز.[٨]

٩- شرح على شرح العاقيدة النسفية. دانراوی: ئیلیاسی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی داودی کوڕی خضری کوردیی شافیعی. م: ١١٣٨ ك = ١٧٢٦ ز.[٩]

١٠- انموذج في سبع مسائل من سبعة فنون. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی ئامودیی (مەلا جەلەبیی کوردی) م: ١٠٦٦ ك = ١٦٥٦ ز.[١٠]

١١- شەرحی (الزوراء) دانراوی: مەلا شێخی کوردیی. (بەپێی هەندێ بەڵگە دەبێ لە سەدەی دەی کۆچیدا ژیابێت)[١١]

١٢- المحاكمات. دانراوی: ئەحمدی کوڕی حەیدەری - حەیدەریی . م: ١٠٢٦ ك = ١٦١٧ ز.[١٢]

١٣- حاشیەی حەیدەری کوڕی ئەحمەد بەسەر حاشیەی خەیاڵی بەسەر شەرحی عەقائیدەوە. دانراوی: حەیدەری کوڕی ئەحمەدی حەیدەریی. (١٠٩٧ ك = ١٦٨٥ ز لە ژیاندا بووە).[١٣]

١٤- حاشية على شرح العقائد النسفي للتفتازاني. دانراوی: عەلی کوڕی محەمەدی گۆرانی. م: ١٠٩٤ ك =١٦٨٣ ز.[١٤]

١٥- شەرحی (الزوراء) دانراوی: ئیبراهیمی کوڕی حەیدەر. م (١١٠٧ ك = ١٥٩٨ ز لە ژیاندا بووە).[١٥]

١٦- رسالة حول الدراسنية. دانراوی: مەلا عەبدورەحمانی جەلی. م: ١٢١٧ ك = ١٨٠٢ ز.[١٦]

٧١- رسالة في علم الله. دانراوی: مەلا محەمەدی خەتێ. م (١٢٢٤ ك = ١٨٠٩ ز لە ژیاندا بووە)[١٧]

١٨- شرح قسم الكلام من التهذيب. دانراوی: شێخ تەهای کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ قەسیمی گۆرانیی مەردۆخی. م: ١٣٠٠ ك = ١٨٨٢ ز.[١٨]

١٩- الفضيلة. عەقیدەی مەرضییە، زوبدەی عەقیدە، عەقیدەی مەولەوی. الفوائح. دانراوی: عەبدورەحیمی مەولەوی مەعدوومیی. م:١٣٠٠ ك = ١٨٨٢ ز.[١٩]

٢٠- تقريب المرام شرح تهذيب الكلام. رفع الحاجب في شرح اثبات الواجب. الشرح العجيب على الدواني. شرح مسألة العلم لعبدالحكيم في علم الكلام. شرح العقائد. شرح الزوراء والحوراء. تتميم المرام شرح تهذيب الكلام... دانراوی: شێخ عەبدولقادری موهاجیر. م: ١٣٠٤ ك = ١٨٨٦ ز.[٢٠]

٢١- خلاصة العقيدة في شرح الدرة الفريدة. انفس الفوائد في شرح الفرائد. أبهى القلائد في تلخيص أنفس الفوائد. ارشاد العبادالى الاعتقاد دانراوی: سەید ئەحمدی کوڕی مەحوودی کوڕی عەبدوصەمەدی قازی. ناسراو بە (أحمد فائيز). م: ١٣٣٨ ك = ١٩١٨ ز.[٢١]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٤٣/١٢ . الاعلام ١٦٠/٧ .

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٥٥/٧ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٠٧/١٠ . الاعلام ٢٣٣/٦ .

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٥٥/١٢ .

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٣٣/١ .

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢١٠/٢ الاعلام ٢٧٥/١ .

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٤٧/٩ . شایانی باسە دەیان نوسخەی ئەم دانراوانەی لە (م. م)دا هەن. لەوانە: ٤٢٤٥ .

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣٣٤/١٣ ، ١٧١٠١، ١٧١٠٧، ٤٢٤٥٠، ٧٩٢٣...

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣١٠/٢ .

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣٠٩/١٠ .

(١١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٢٨٦/٣، دەستخەتی (٧٧٢ م، ٤) بەخەتی شێخی کوڕی مەلا ئیبراهیمی دۆستەکیی ساڵی ١٠٠٥ ك نووسراوەتەوە. نازانم مەلا شێخ و ئەم شێخە یەک کەسن یان نا؟

(١٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ٢٠٣/٦ . شایانی باسە هەر لە بنەماڵەی حەیدەرییەکاندا دوو زانای تریان دانراویان بە ناوی (المحاكمات)ەوە هەیە.

(١٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٦/٦ .

(١٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٧٢/٧ .

(١٥) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ٢٧٠/٦

(١٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣٩١/٢ . مشاهير كرد - بابا روحاني - ٢٧٥/١ .

(١٧) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ١٨٠/٢ .

(١٨) بڕوانە: ورود الكرام في حديقة الورود /١٩ . شایانی باسە دوو نوسخەی ئەم کتێبەم لەلایە، یەکێکیان بە خەتی باوکی دانەر و ئەوی دییان بەخەتی شێخ عەبدولەجیدی کوڕی دانەرە.

(١٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ١٥٥/٨ .

(٢٠) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣٣٣/٦، ٢٢٨/٨ . معجم المؤلفين، ٢٩٩/٥ .

(٢١) بڕوانە: كنز اللسن المكنوز فيه ستة ألسن واثناعشر فنا.

## تەصەووف

زانایانی کورد لە بواری تەصەووف و سافکردن و پاککردنەوە و پاکڕاگرتنی ناخ و دەروونیدا کاری گەورەیان ئەنجام داوە و، پانتاییەکی بەرینیان بوارەیشدا بۆ خۆیان بڕداوە و، شوێندەستیان دیارە و، شوێنەوارەکانیان بەڵگەی ڕوونی ئەوەن کە ئەم بوارەیش بە کۆششی ئەو مامۆستا

مەزنانە دەوڵەمەند کراوە و، ئەمەیش نموونەی شوێنەوارەکان:

١- صوم القلوب. دانراوی: عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی عەمماری بەدلیسیی ضیاء الدین. م: ٥٩٠ ك = ١١٩٤ ز.(١)

٢- عوارف المعارف، جذب القلوب الى مواصلة المحبوب. مشیخة بهجة الابرار في مناقب الغوث الگیلاني. دانراوی: شێخ عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عمویة. (ابو حفص – شهاب الدین). م: ٦٣٢ ك = ١٢٣٤ ز.(٢)

٣- الجلوة لارباب الخلوة، محك الإیمان، هدایة الاصحاب. دانراوی: حەسەنی کوڕی عەدیی کوڕی صەخری کوڕی موسافیری کوردیی (تاج العارفین، شمس الدین، ابومحمد). م: ٦٤٤ ك = ١٢٤٦ ز.(٣)

٤- القصیدة الفاخرة. دانراوی: عەلی کوڕی عوسمانی کوڕی عەلی کوڕی سولەیمانی – سولەیمانیی ئەربیلیی (امین الدین) م: ٦٧٠ ك = ١٢٧٢ ز.(٤)

٥- ریحانة القلوب في التوصل الى المحبوب، بیان أسرار الطالبین. دانراوی: یووسفی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خضری کوردیی گۆرانیی. (جمال الدین، ابوالمحاسن). م: ٧٦٨ ك = ١٣٦٧ ز.(٥)

٦- مطهر القلوب من أصناف الذنوب. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی خەلاطیی (محي الدین) م: ٨٣١ ك = ١٤٢٨ ز.(٦)

٧- آداب الارشاد. سلسلة الارواح. دانراوی: یووسفی کوڕی عەلی شەماخیی شیروانیی (ضیاء الدین) م: ٧٤٠ ك = ١٣٣٩ ز.(٧)

٨- انیس العارفین. دانراوی: وەلیی کوڕی عوسمانی زێباریی ئامودیی. م: (ساڵی ٩٦٧ ك =١٥٦٠ ز لە ژیاندا بووە)(٨)

٩- دافعة المبتدعین وکاشفة بطلان الملحدین. دانراوی: محەمەدی کوڕی پیرعەلی بەرکێویی بەرقەڵایی (تقی الدین) م: ٩٨١ ك = ١٥٧٣ ز.(٩)

١٠- منهل الصفا في مناقب الشیخ ابي بكر ابي الوفا. سلاسل القرار في تقیید الغرار. دانراوی: سەڵاحەدینی کوڕی محەمەدی گۆرانیی حەڵەبیی. م: ١٠٤٩ ك = ١٦٣٩ ز.(١٠)

١١- تهذیب الاطوار في عجائب الامصار. شرح السلوك في رضاء الحق الغني. عقود الجمان في عدم صحبة ابناء الزمان. دانراوی: مورتەضای کوڕی مستەفای کوڕی حەسەنی کوردیی. ناسراو بە (الامیر الکردي). م: ١١٥٥ ك = ١٧٤٢ ز.(١١)

١٢- اسرار القلوب وکشف الحجاب عن المحجوب، وإزالة الوهم والالتباس وإزاحة الوسواس عن بعض الناس. دانراوی: حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی باباڕەسووڵی حسەینی بەرزنجیی سەعدانیی گڵەزەردەیی. م: ١١٧٢ ك = ١٧٥٩ ز.(١٢)

١٣- الانوار اللائحه والاسرار الناجحة. السلوك لابناء الملوك. نصية الاحباب. دانراوی: مەحموودی کوڕی محەمەدی کوڕی یەزیدی گۆرانیی کوردیی خەڵوەتیی. م: ١١٩٥ ك = ١٧٨١ ز.[١٣]

١٤- شرح لطائف المعارف للعيدروسي دانراوی: عەبدوڕەحمانی کوڕی حەسەنی کوردیی قادری. م: ١١٩٥ ك = ١٧٨١ ز.[١٤]

١٥- تنبيه الغافلين على من رد أقوال المتقدمين وخطأ من خطأ أئمة الدين. دانراوی: ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەدی گەلاَڵی. م: ١٢٨ ك = ١٨٦٣ ز.[١٥]

١٦- نامیلکەیەک لە ئادابی زیکردا لە تەریقەتی نەقشبەندیدا، نامیلکەیەک لەبارەی ئادابی موریدەوە لەگەڵ شێخی مورشیدیدا. نامیلکەیەک لە باسی ئیثباتی (رابطه)دا... دانراوی: مەولانا خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەینی شارەزووری. م: ١٢٤٢ ك = ١٨٢٧ ز.[١٦]

١٧- دیوانی مەولەویی. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزیی مەعدوومیی مەولەویی. م:١٣٠٠ ك = ١٨٨٢ ز.[١٧]

١٨- رياض المشتاقين. دانراوی: مەلا حامیدی بیارە (ناسراو بە مەلا حامیدی کاتب) م: ١٣١٠ ك = ١٨٩٢ ز[١٨]

١٩- آداب المريدين ونجاة المسترشدين. تفريح الخاطر في مناقب الشيخ عبدالقادر، النفس الرحمانية في معرفة حقيقة الانسانية. الدر المكنون في معرفة السر المصون،حديقة الازهار في الحكمة والاسرار دانراوی: عەبدولقادری کوڕی محیّدینی صدیقی ئەربیلیی قادری م: ١٣١٥ ك = ١٨٩٧ ز.[١٩]

٢٠- تنوير القلوب في معاملة علام الغيوب. دانراوی: محەمەد ئەمینی کوڕی فەتحوڵلا زادەی کوردیی ئەربیلی. م: ١٣٣٢ ك = ١٩١٣ ز.[٢٠]

٢١- دیوانی بێخود. دانراوی: مەلا مەحموودی ناسراو بە بێخود. م: ١٣٧٦ ك = ١٩٥٥ ز[٢١]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣١٥/٧ .

(٢) بڕوانە: الاعلام، ٦٢/٥ . معجم المؤلفين، ٣١٣/٧ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٤٥/٣ .

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٤٧/٧ .

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣١٣/١٣ .

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢١٣/١١ .

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣١٨/١٣ .

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٦٦/١٣ .

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢٣/٩ .

هەولێرنامەی کتێب

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٥/٢٣ .
(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢/٢١٦ .
(١٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣/٢٨٦ . شێخ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجەیی. زانا و داهێنەر.
(١٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢/٢٠١ . الاعلام ٧/١٨٤ .
(١٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٥/١٣٥ .
(١٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣/٥٧ .
(١٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٤/٩٥ . یادی مەردان ١/٧٢ .
(١٧) بڕوانە: دیوانی مەولەوی. یادی مەردان ٢/٣٦٢ .
(١٨) بڕوانە: یادی مەردان ٢/٣٤٤ . وێنەی دەستخەتی ئەم کتێبەم لەلایە بە زمانی فارسییە تا ئێستە چاپ نەکراوە. (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٥/١٨٧ .)
(١٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٥/٣٠٤ .
(٢٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٩/٧٧ .
(٢١) بڕوانە: یادی مەردان ٢/٦٣٣ .

## مێژوو

زانایانی کورد ئەگەر گلەیی لە هەندێکیان بکرێت کە بایەخی تایبەتییان بە مێژووی کورد و کوردستان نەداوە و، مێژووی سەربەخۆیان لە کۆنەوە تا چەرخی خۆیان بۆ گەلی کورد لە ڕووەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و... نەنووسیوە، ئەوە لە ڕووی مێژووی جیهانیی و مرۆڤایەتییەوە سەرقافڵەیی و بەر لە زۆر کەسیی بە مێژوونووسانی کورد بڕاوە و، ڕیزکردنی ناوی هەندێکیان – بەپێی دەرەتان – شایەتی گەورەی ئەم قسەمانە و، لەم هەڵەدا – وەک بۆ لایەنەکانی ترم کرد – تەنیا نموونەیان لێ دەهێنمەوە و، لێرەدا ماوەی ئەوە نییە ناوی – نەک هەموو – بەشی زۆری مێژوونووسانی کورد بخەمە ناو ئەم بابەتە.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: لەم ماوەی دواییدا – لە یەک دوو سەدە لەمەوپێشەوە – بارودۆخی جیهان و بە گوڕوتین بوونی هەستی نەتەوایەتیی لای زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد، وای کردووە بایەخێکی تایبەتی بە مێژووی گەلی کورد لە گەڵێ ڕوویەوە بدرێت و، بەنووسین و، وەرگێڕان لە زمانانی ترەوە چەندین کتێبی مێژوویی تێروتەسەل و زانستییانە و ئەکادیمییانە کەوتوونەتە کتێبخانەی کوردییەوە و، ئەم ڕەوتە هەر لە بەرەوپێشچوونیشدایە. – دووبارە – ناکرێت لێرەدا لیستەی ئەو هەموو کتێبەیش بخەینە ناو ئەم باسە. بۆیە – وەک وتم – بەپێی زنجیرەی مێژوویی ناوی هەندێک لەو مێژوونووسانەو بەرهەمەکانیان دەخەمە ڕوو:

١- الاخبار الطوال، مختصر في التأريخ. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی وەنەندی دینەوەریی (ابوحنیفة) م: ٢٨٢ ك =٨٩٥ ز.[١]

٢- تأريخ الجزيرتين، المنتقى من كتاب الطبقات. دانراوی: حەسەینی کوڕی محەمەدی کوڕی مەودوودی سەلەمیی جەزەریی حەڕڕانیی م: ٣١٨ ك =٩٢٠ ز.[٢]

٣- تأريخ الجزيرة. دانراوی: عەلی کوڕی حسەینی کوڕی عەلی کوڕی عەلانی کوڕی عەبدوڕەحمانی حەڕڕانیی (ابوالحسن) م: ٣٥٥ ك = ٩٦٦ ز.[٣]

٤- تأريخ ميافارقين وآمد - تأريخ الفارقي - دانراوی: ئەحمەدی کوڕی یووسفی کوڕی عەلی کوڕی ئەزرەقی فارقی. م: ٥٧٧ ك = ١١٨١ ز.[٤]

٥- الاعلاق الخطيرة في تأريخ الشام والجزيرة، والنواد السطانية، والمحاسن اليوسفية. دانراوی: یووسفی کوڕی رافیعی کوڕی تەمیمی کوڕی عوتبەی کوڕی محەمەدی ئەسەدیی حەلەبیی موسڵیی شافیعیی ناسراو بە (ابن شداد). م: ٦٣٢ ك = ١٢٣٤ ز.[٥]

٦- تأريخ اربل. دانراوی: ئەبولبەرەکاتی کوڕی موبارەکی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەبولبەرەکاتی لەخمیی ئەربیلیی (شرف الدين). م: ٦٣٧ ك = ١٢٣٩ ز.[٦]

٧- وسيلة المتعبدين في سيرة سيد المرسلين. دانراوی: عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی خضری ئەربیلیی موصڵی. م: ٥٧ ك = ١١٧٤ ز.[٧]

٨- التأريخ. دانراوی: ئەبولفەضلی کوڕی ئیلیاسی کوڕی جامیعی ئەربیلیی. م:٦١٠ ك = ١٢٠٥ ز.[٨]

٩- تواريخ الخلفاء، بغيه المستعجل في نسب النبي. دانراوی: عەلی کوڕی عەبدولڵەلیکی کوڕی ئەبولغەناثیمی بەندەفیجیی. م: ٦٥٦ ك = ١٢٥٨ ز.[٩]

١٠- تأريخ آمد. دانراوی: ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەلی شەیبانیی. ئاموودیی (شرف الدين). م: ٦٧٧ ك = ١٢٧٨ ز.[١٠]

١١- وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی خەلەکانی بەرمەکیی ئەربیلی. م: ٦٨١ ك = ١٢٨٢ ز.[١١]

١٢- كشف الغمة بمعرفة الأئمة. حياة الامامين زين العابدين و محمد الباقر. دانراوی: عەلی کوڕی عیسای ئەربیلی م: ٦٩٢ ك - ١٢٩٣ ز.[١٢]

١٣- نزهة الارواح وروضة الافراح في تواريخ المتقدمين والمتأخرين. دانراوی: محەمەدی کوڕی مەحموودی شەهرەزووریی ئیشراقیی (شمس الدين) ٦٨٧ ك = ١٢٨٨ ز لە ژیاندا بووە.[١٢]

١٤- السيرة النبوية، تأريخ الأربلي، مدارس دمشق وربطها وجوامعها وحماماتها. دانراوی: حەسەنی کوڕی ئەحمەدی کوڕی زوفەری ئەربیلیی دیمەشیقی (عزالدين) م: ٧٢٦ ك = ١٣٢٦ ز.[١٣]

١٥- ذات الشفاء في سيرة النبي و الخلفاء. ملخص تأريخ الاسلام. اسنى المطالب في مناقب علي بن ابي طالب. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی یووسف

(ابو الخیر)ی جەزەریی، عومەریی. م: ٨٣٣ ز = ١٤٢٩ ك.

١٦- هشت بهشت. دانراوی: ئیدریسی كوڕی حیسامالدین عەلی بەدلیسیی. م: ٩٣٠ ك = ١٥٢٤ ز.[١٦]

١٧- جمع نسائم السنا فی مدینه بوسنا. دانراوی: قازی محەمەدی كوڕی قاسمی كوردیی مودەڕیس. م: ١٠٥٠ ك = ١٦٤٠ ز.[١٧]

١٨- الفصول في مناقب عبدالرسول. دانراوی: محەمەدی كوڕی عەبدوڕەسوولی كوڕی عەبدوسەیدی كوڕی عەبدوڕەسوولی كوڕی قەلەندەری بەرزنجیی شارەزووریی مەدەنیی شافعیی م: ١١٤٣ ك = ١٦٩١ ز.[١٨]

١٩- تأريخ الاكراد. دانراوی: محەمەد ئەفەندیی شارەزووری. ساڵی ١٠٧٣ ك = ١٦٦٢ ز لە ژیاندا بووە.[١٨]

٢٠- اعلام التحقيق وإعلام الجاهل والزنديق بمراتب ابن الصديق ولحوقهم بمقامه الانيق. دانراوی: محەمەدی كوڕی عیسای كوڕی ئیبراهیمی كوڕی حەسەنی حەسیەنیی گۆرانیی كوردیی مەدەنیی شافیعیی م: ١١٦٧ ك = ١٧٤٥ ز.[٢٠]

٢١- رحلة طه الكردي. دانراوی: تەهای كوڕی یەحیای كوڕی ئەمیر سولەیمانی كوڕی ئەمیر محەمەدی كوڕی عەلی بەگی كوڕی ئەمیر محەمەدی كوڕی شێخەی مامۆیی كوردیی بالیسانی (١٢٠٤) لە ژیاندا بووە.[٢١]

٢٢- تأريخ ماردين. اسماء رجال الحديث. دانراوی: عەبدوسەلامی كوڕی عومەری كوڕی محەمەدی ماردینی. م: ١٢٥٩ ك = ١٨٤٢ ز.[٢٢]

٢٣- جامع الانوار في مناقب الاخيار - تراجم الوجوه والاعيان المدفونين في بغداد وما جاورها من البلاد - دانراوی: عیسای كوڕی مووسای بەندەنیجیی قادری (صفاءالدین) م: ١٢٨٣ ك = ١٨٦٦ ز.[٢٣]

٢٤- مشاهير الكرد وكردستان، كورد و كوردستان، دانراوی: محەمەد ئەمین زەكی كوڕی حاجی عەبدوڕەحمان م: ١٣٦٧ ك = ١٩٤٨ ز.[٢٤]

٢٥- تأريخ مردوخ. دانراوی: ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردووخی كوردستانی. م: ١٣٩٥ ك = ١٩٧٥ ز.[٢٥]

٢٦- تأريخ مشاهير كرد. دانراوی: بابامردوخ رۆحانیی - شیوار م. (سەرچاوە)م نەبوو بۆ مردنی)[٢٦]

٢٧- یادی مەردان، بنەماڵەی زانیاران، علماؤنا في خدمة العلم والدين. دانراوی: مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس م: ١٤٢٥ ك = ٢٠٠٥ ز.[٢٧]

٢٨- الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التأريخ - ١- ٤ - مجمع اعلام الكرد. دانراوی: د.

محەمەد عەلی صویرکی. (لە ژیاندایە)[٢٨]

٢٩- الاكليل في محاسن علماء اربيل. دانراوی: مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی. (لە ژیاندایە).

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الاعلام ١/١٣٣، معجم المؤلفين، ٢١٨/١ .

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦٠/٤، الاعلام ٢٥٣/٢ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٧٦/٧ .

(٤) بڕوانە: الاعلام ٢٧٣/١ .

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٩٩/١٣ .

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٤٢/٣ .

(٧) بڕوانە: الاعلام ٦٠/٥ .

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦٥/٨ .

(٩) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٤٧/٧ .

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٦٠/٢.

(١١) بڕوانە: الاعلام ٢٢٠/١ معجم المؤلفين، ٥٩/٢ .

(١٢) بڕوانە: الاعلام ٣١٨/٤ . معجم المؤلفين، ١٦٣/٧ .

(١٣) معجم المؤلفين،، ٣٢٠/١١ . الاعلام ٨٧/٧ .

(١٤) بڕوانە: الاعلام، ١٨١/٢، معجم المؤلفين،، ١٩٩/٣ .

(١٥) بڕوانە: الاعلام، ٤٥/٧ .

(١٦) براونە: كشف الظنون، ٢٠٤٣/٢ . معجم المؤلفين،، ٢١٧/٢.

شایانی باسە ئەم کتێبە بە زمانی فارسییە و، دوای خۆیشی محەمەدی دەفتەریی کوڕی ناویەتیە سەری و لێی زیاد کردووە.

(١٧) بڕوانە: هدية العارفين، ٨٣٣/١ . معجم المؤلفين، ١٢٢/٨ .

(١٨) بڕوانە:معجم المؤلفين، ١٦٥/١٠ . الاعلام ٢٠٤/٦ . بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ١٦٥/٧ .

شایانی نووسینە دوو نوسخەی کتێبی ناوبراوم لەلایە و، هیچ کام لەو دوو سەرچاوەیە پێشوو (معجم المؤلفين و الاعلام) باسیان نەکردوە!

(١٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ٧/٢٠ ، مشاهير كرد . ١٢٨/٢

(٢٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٠٢/١١ .

(٢١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٠٧/١٠ . رحلة طه الكردي الباليساني.

(٢٢) بڕوانە: الاعلام: ٦/٤ .

(٢٣) بڕوانە: ورود الكرد فى حديقه الورود: ١٣١ . جامع الانوار فى مناقب الأخيار. الاعلام ١١٠/٥ .

(٢٤) بڕوانە: الاعلام ٤٥/٦، مشاهير الكرد وكردستان: ٢،١ .

(٢٥) بڕوانە: مشاهير كرد (بابامردوخ): ٤٠٣/٢ .

(٢٦)

(٢٧) بڕوانە: علماؤنا في خدمة العلم والدين، سەدەیەک تەمەنی نوورین ل: ١٣٤

## ئەدەب

زانایانی کورد لە بواری ئەدەبیشدا – هەرچەند بەشی زۆری ئەدەبی کۆنیان بە زمانی خۆیان نەبووە – هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلام – یان دەستکردنیان بە نووسین – ەوە دەوری کاریگەرییان لە ئەدەبیشدا گێڕاوە و، وەک لایەنەکانی تری ڕۆشنبیری دەوری ئاشکرا و بەرچاویان هەبووە، لێرەیشدا تەنیا هەر بەنموونە هێنانەوە لەسەری دەڕۆین و ئەدیبانی کورد لەوە زیاترن لە باسێکی وەهادا ناونووس بکرێن:

١– الشعر والشعراء. عيون الشعر. دانراوی: عەبدوڵلای کوڕی موسلیمی کوڕی قوتەیبەب دینەوەریی (ابومحمد) م: ٢٧٦ ك = ٨٨٩ ز.(١)

٢– الشعر والشعراء. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی وەنەندی دینەوەریی. م: ٢٨٢ ك – ٨٩٥ ز.(٢)

٣– محاسن الآداب. دانراوی: عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڕەحمانی دینەوەریی. م: ٣٩٠ ك = ١٠٠٠ ز.(٣)

٤– مصباح الزمان. دانراوی: حسەینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵلای جەزەریی. م: ٤٤٤ ك = ١٠٥٢ ز.(٤)

٥– عيون الشعر. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عوبەیدوڵلای جاوانیی عیراقی. م: ٥١٠ ك = ١١١٦ ز.(٥)

٦– ديوان شعر. مختصر المفضليات، مختصر العمده لابن رشيق. دانراوی: محەمەدی کوڕی یوسفی کوڕی محەمەدی کوڕی قائیدی ئەربیلیی (ابوعبدالله. موفق الدين) م: ٥٨٥ ك = ١١٨٩ ز.(٦)

٧– ديوان شعر، دانراوی: ئەسعەدی کوڕی یەحیای کوڕی مووسای سنجاریی. م: ٦٢٢ ك = ١٢٢٥ ز.(٧)

٨– المثل السائر في ادب الكاتب والشاعر. المعاني المخترعة في صناعة الانشاء. دانراوی: نەصروڵلای کوڕی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولکەریمی جەزەریی (ابن الاثير) م: ٦٣٧ ك = ١٢٣٩ ز.(٨)

٩– جامع الفنون وسلوة المخزون. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی حەمدانی کوڕ شەبیبی کوڕی حەمدانی حەڕڕانیی (ابوعبدالله) م: ٦٩٥ ك = ١٢٩٥ ز.(٩)

(١٠) المنظومة الألفية في الالغاز الخفية. دانراوی: ئەبوبەکری کوڕی محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی

ئەربیلی. م: ٦٧٩ ك = ١٢٨٠ ز.[١٠]

(١١) اسماط اللآلي. دانراوی: عیسای کوڕی عەبدوڵڵای ئەربیلیی (بهاء الدين). م: ٦٨٣ ك = ١٢٨٤ ز.[١١]

(١٢) نديم الخاطر وانيس المسافر. دانراوی: (بكتمر)ی کوڕی عەبدوڵڵای (العلمی) ئامودیی. (٧٧٧ ك = ١٣٧٥ ز لە ژیاندا بووە).[١٢]

١٣- دیوانا مەلایێ جزیری. دانراوی: مەلا ئەحمەدی جزیریی. م: ١٠٥٠ ك = ١٦٤٠ ز[١٣]

١٤- مەم و زینی خانی. دانراوی: ئەحمەدی خانی. م: ١١١٩ ك = ١٧٠٧ ز.[١٤]

١٥- عقود الجمان في عدم صحبة أبناء الزمان. دانراوی: مورتەضای کوڕی مستەفای کوڕی حەسەینی کوردی. م: ١١٥٥ ك = ١٧٤٢ ز.[١٥]

١٦- نظم مولدالنبی. دانراوی: جەعفەری کوڕی حەسەنی کوڕی عەبدولکەریمی بەرزنجی م: ١١٨٧ ك = ١٧٦٤ ز.[١٦]

١٧- شیرین و خوسرەو. دانراوی: خانای قوبادیی. (١١٥٣ ك = ١٧٤٠ ز لە ژیاندا بووە)[١٧]

١٨- الرسالة القرافية. دانراوی: عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی کوردیی بێتووشی. م: ١٢١١ ك = ١٧٩٦ ز.[١٨]

١٩- تخمیس بانت سعاد، تخمیس لامیة العجم... دانراوی: شێخ محەمەدی ناسراو بە شێخ مەعرووفی نۆدێی. م: ١٢٥٤ ك = ١٨٣٨ ز.[١٩]

٢٠- دیوانی مەولەوی. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزیی مەعدوومی مەولەوی. م: ١٣٠٠ ك = ١٨٨٢ ز.[٢٠]

هەولێر کتێب

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الاعلام، ١٣٧/٤ . ايضاح المكنون، ١٣٤/٤ .

(٢) بڕوانە:معجم المؤلفين، ٢١٨/١ . الاعلام، ١٢٣/١ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦٩/٦ . الاعلام، ٩٦/٤ .

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣١٢/٣ .

(٥) بڕوانە: ايضاح المكنون ١٣٤/٢ .

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٣٧/١٢ . الاعلام، ١٤٩/٧ .

(٧) بڕوانە: الاعلام، ٣٠٢/١ . معجم المؤلفين، ٢٥٠/٢ .

(٨) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٩٨/١٣ .

(٩) بڕوانە: الاعلام، ١١٩/١ . معجم المؤلفين، ٢١١/١ .

(١٠) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٧٠/٣ .

(١١) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٢٨/٨ .

(١٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٣/٥٥ .
(١٣) بڕوانە: دیوانا مەلایێ جزیری. تحسین ابراهیم دۆسکی ل: ١٩ .
(١٤) بڕوانە: ئەحمەدی خانی.
(١٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١٢/٢١٦ .
(١٦) بڕوانە: معجم المؤلفين،، ٣/١٣٧ .
(١٧) بڕوانە: شیرین و خوسرەو.
(١٨) بڕوانە: البيتوشی /٢٢٦ .
(١٩) بڕوانە: النودهي، /١٢٠ .
(٢٠) بڕوانە: دیوانی مەولەوی.

## پزیشکی

زانایانی کورد لەم بوارەیشدا شان بەشانی زانایانی جیهان لە تەک قۆناخی مێژووی زانستدا ڕۆیشتوون و، لە کاروانی ڕۆشنبیری دوانەکەوتوون و، شوێنپەنجەیان بەئاشکرا لەم بوارەیشدا دیارە.

بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ لایەنێکی شاراوە بکەم کە کەم وابووە بگاتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو. ئەو لایەنەیش ئەوەیە: گەلی کورد – وەک زۆربەی گەلانی جیهان – لە کۆندا بە بۆنەی پێویستیی ڕۆژانەیانەوە و بە بۆنەی پێویستیی خەڵکەوە بەهۆی ڕووداوی جۆراوجۆر و کارەساتی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو وە، گەلێ شتی وا ڕووی داوە کەسانێک بە ناچاری هەوڵی چارەسەرکردنی ئەنجامی ئەو کارەسات و ڕووداوانەیان داوە و، لەوەوە پیاو و ئافرەتی پیتۆڵ و شارەزا دەرکەوتوون و هەڵکەوتوون و، بوون بە پزیشکی میللی و چارەسەری چەندان جۆر شکان و دڕان و دەرد و ئازاریان کردووە و، دەرمانخانەکانیشیان گژوگیای کەژ و کێو و چیاکانی کوردستان بووە و، گەلێکیشیان لە کاری خۆیاندا زۆر کارامە و سەرکەوتوو بوون، ڕەنگە ئەگەر لەو سەردەمانەدا نەبوایەن و دەنگوباسیان بگەیشتایەتە زانستگا و دەزگاکانی ئەم سەردەمە چەندان (براءة الاختراع)یان وەربگرتایە.

بەڵام زۆریان بێ ئەوەی دوای خۆیان هەواڵێکیان لێ بەجێ بمێنێ سەریان ناوەتەوە و ناویان کوێربووەتەوە. کەشکۆڵی (خاکی – بەنا)[1] ناوی چەندان کەسی ئەو نموونەی سەردەمێکی ناوچەیەکی تەسکی کوردستانی بۆ تۆمار کردووین کە ئەگەر چەند دانەی وامان هەبووایە ئەم لایەنەی پزیشکی لە کوردستاندا هەندێک ڕوون دەبووەوە.

هەرچۆن هەبێت لێرەدا ناوی چەند کەسێک لەو مامۆستا کوردانە کە بە حەکیم و پزیشک ناسراون دەخەمە سەر ئەم باسە:

## شرح

١- القصيدة العينية لابن سينا. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوسەلامی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوساتیر (فخرالدین)ی ماردینیی. م: ٥٩٤ ک = ١١٩٨ ز.[٢]

٢- شرح الاشارات لابن سینا. دانراوی: مەحموودی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەحمەد (سراج الدین)ی ئورمەویی. م: ٦٨٢ ک = ١٢٨٣ ز.[٣]

٣- روضة العطر في الطب. دانراوی: محەمەدی کوڕی مەحموودی شێروانیی. م: ٩١٢ ک = ١٥٠٦ ز.[٤]

٤- جامع الفنون. دانراوی: عەلی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕ شەبیبی کوڕی حەمدانی حەنبەلیی حەڕڕانی. (٧٤٧ ک = ١٣٤٦ ز لە ژیاندا بووە).[٥]

٥- الآصفية في الكليات الطبية. مختصر الانموذج لامير چلبي في الطب. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئاموودیی ناسراو بە (رضا، طبیب، ادیب).[٦]

٦- مرآة الصحة. دانراوی: محەمەد سەعیدی کوڕی سولەیمان نەظیفی ئاموودیی دیاربەکریی. م: ١٢٤٨ ک = ١٣٠٣ ز.[٧]

٧- تەرجەمەی (طب الرحمة)ی ئیمامی غەزالی. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی مەلا سولەیمانی کوڕی صوفی چراغی کوڕی حاجی سولەیمانی فاوجیی پشتکۆیی. م؟[٨]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ١٥٦/١ . ئەلبوومی کەشکۆڵ: ١٢٧/١ .

(٢) بڕوانە: لاعلام: ٢٠٥/٦ . معجم المؤلفین: ١٧٠/١٠ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفین:١٥٥/١٢، الاعلام: ١٦٦/٧ .

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفین: ٣١٦/١١ . الاعلام، ٨٨/٧ .

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفین: ١٢٠/٧ .

(٦) بڕوانە: معجم المؤلفین: ٢٠١/١٠ .

(٧) بڕوانە: معجم المؤلفین: ٣٠/١٠ .

(٨) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ١٣٧/٦ .

## ئەستێرەناسی

زانایانی کورد لە بواری ئەستێرەناسیشدا وەک بوارەکانی تر - ئەگەر زیاتر نەبووبێت - کاری گەورەیان کردووە و شوێنەواری داهێنەرانە و پڕ بایەخیان لە دوای خۆیان بە یادگار بەجێ هێشتووە.

وەک تایبەتمەندیی زانایانی کورد لەم بوارەدا دەتوانین چەند خاڵێک بخەینە ڕوو:

هەولێر ئەمەی کتێب

یەکەم: ئەوانەی کە ئێمە زانیومانە تاقە کەس و تاقە زانایان هەبووە بە تەنیا خۆی (مرصد) و ڕوانگە و چاودێرگەی تایبەتیی خۆی هەبووە و لەو چاودێرگەیدا کاری گەورەی ئەنجام داوە.

دووەم: لێکۆڵینەوەکانیان بەزۆریی تایبەتی خۆیان بووە و بۆ ئاووهەوا و کەش و وەرزی کوردستان و زانینی کاتەکانی وەرزەکان و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی کوردستان - جگە لە زانینی کاتی نوێژەکان و سەری مانگەکان و ساڵەکان - سوودیان بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە.

سێیەم: وایش بووە ئەم زانستە لەناو زانایانی بنەماڵەیەکدا وەک میراتی لێ هاتووە؛ کوڕ لە باوکەوە فێری بووە و گەشەی پێ داوە و لێکۆڵینەوە و کتێبی باشی تێدا نووسیوە. بەڵکو زانای وا هەبووە وەک (تخصص) خۆی بەسەر ئەم زانستەدا ساغ کردووەتەوە و کەمتر لە بوارەکانی تردا خۆی خەریک کردووە.

دیارە شوێنەواری زانایانی کورد لەم بوارەیشدا ئەوەندە زۆرە دەبێ تەنیا نموونەیان لێ بهێنمەوە و، نموونەکان بەڵگەی بایەخدانی گەورەی زانایانی کوردە بەم بوارەیش.

١- الأنواء. البحث في حساب الهند. دانراوی: ئەبوحەنیفە ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی وەنەندی دینەوەریی. م: ٢٨٢ ك = ٨٩٥ ز.[١]

٢- معرفة مطالع البروج. رسالة في تحقيق اقدار الاتصالات، الزيج. شرح المقالات الاربع لبطليموس. اصلاح المجسطي. دانراوی: محەمەدی کوڕی جابیری کوڕی سینانی حەڕڕانیی. م: ٣١٧ ك = ٩٢٩ ز.[٢]

٣- الدرر في معرفة منازل الشمس والقمر. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی یەحیای ماردینی. (شرف الدين). م: ٧٢٨ ك = ١٣٢٨ ز.[٣]

٤- كتاب في النجوم الزاهرات في العمل بربع المقنطرات. دانراوی: عەبدوڵڵای ماردینی (جمال الدين). م: ٨٤٣ ك = ١٤٣٩ ز لە ژیاندا بووە).[٤]

٥- تحفة الاحباب في الحساب المفتوح. كفاية القنوع في العمل بالربع المقطوع. دانراوی: محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی ماردینیی. م: ٩٠٧ ك = ١٥٠١ ز.[٥]

٦- هۆنراوەی (عروة الاسطرلاب) دانراوی: قیوامەدینی حەسەنی. (١١٣٤ ك = ١٧٢١ ز لە ژیاندا بووە).[٦]

٧- الكريمية. دانراوی: حاجی عەبدولکەریمی وانیی. (١١٣٥ ك = ١٧٢٢ ز لە ژیاندا بووە).[٧]

٨- شەرحی ئوسطورلاب. دانراوی: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەیدەری حەیدەریی. (١١٥٤ ك = ١٧٤١ ز لە ژیاندا بووە).[٨]

٩- زایجەی شەمدینی. دانراوی: یونسی کوڕی ڕەسووڵی شەمدینی. (١١٥٦ ك = ١٧٤٣ ز لە ژیاندا بووە).[٩]

١٠- شێخ حەسەنی بەرزنجی یەکێک بووە لە گەورە ئەستێرەناسانی کورد و ڕاگری حسابی

وەرزەکان و زانینی کەشوهەوا لە کوردستاندا. لەم بوارەدا چەندان دانراوی هەبووە، بەداخەوە دانراوەکانی سووتێنران و لەناو بران. تەنانەت مزگەوتەکەی کە خۆی دروستی کردبوو لە ڕێگەی ٣٦٠ کون و دەلاقەوە کە تێیدا کردبوونی کاتی نوێژەکان دەزانران، وێران کرا.(١٠)

١١- میزان الاوقات. دانراوی: ئیسماعیلی تەلەویی. (ساڵی ١١٨٥ ك = ١٧٧١ ز لە ژیاندا بووە).(١١)

١٢- تحفة السليمانية. دانراوی: ئەبولحەسنی ئەردەڵانی. م: ١١٩٠ ك = ١٧٧٦ ز.(١٢)

١٣- معراج الادراك في شرح تشريح الافلاك. دانراوی: محەمەد باقری کوڕی مەحموودی بانەیی. (پێش ١٢١١ ك – ١٧٩٦ ز ژیاوە)(١٣)

١٤- زایچەی ساڵحی. دانراوی: ئیبنوئادەم مەلا محەمەدی کوڕی ئادەمی باڵەکیی. م: ١٢٣٧ ك ـ١٨٢١ ز.(١٤)

١٥- ڕۆژنامەی ڕەنجووریی. دانراوی: مەلا عومەری ڕەنجووریی زەنگنەیی. (١٢٤٠ ك = ١٨٢٤ ز لە ژیاندا بووە).(١٥)

١٦- قورئانێکی دەستخەت. سولەیمانی کوڕی سولەیمانی کوردیی کاتراگری حەرەمی مەدینە (مزگەوتی پێغەمبەر – د ـ)، (١٢٦٧ ك = ١٨٥٠ ز ژیاوە).(١٦)

١٧- فك الاشتباك عن معاني تشريح الافلاك. إمعان الطلاب في الاسطرلاب. دانراوی: ئیبراهیم فەصحیی کوڕی صیبغەتوڵڵای حەیدەریی. م: ١٣٠٠ ك = ١٨٨٢ ز.(١٧)

١٨- تحفة السطان. دانراوی: محەمەد تاهیری کوڕی مەعرووفی بەرزنجی. م: (١٣٢٩ ك = ١٩١١ ز لە ژیاندا بووە).(١٨)

١٩- شەرحی ئوسطورلابی مەلا طەیبی دوو شیوانی. م: ١٣٩٨ ك = ١٩٧٨ ز.(١٩)

٢٠- شەرحی تشريح الافلاك. دانراوی: محەمەد ئەمینی قەرەداغی. لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانیدا لە ژیاندا بووە.(٢٠)

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: لاعلام، ١/١٢٣، معجم المؤلفين، ١/٢١٨ .

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٩/١٤٤ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١/١٥٩ .

(٤) بڕوانە: معجم المؤلفين، ٦/١٠٥ .

(٥) بڕوانە: معجم المؤلفين، ١١/١٨٨ . الاعلام، ٧/٥٤ . بەڵام لە (الاعلام)دا کۆچی دواییی بە ٩١٢ ك = ١٥٠٦ دانراوە. چەندان دانە لە دەستخەتی دانراوەکانی لە (م. م)دا هەیە. بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژوو: ١/٣٨٠ .

(٦) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانانایانی کورد: ٥/٢٨٦ .

(٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٦٩/٣ .

(٨) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٢٦٠/٦ .

(٩) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٢١٦/٣ .

(١٠) بڕوانە: شێخ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجی.

(١١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد: ٣٧٣/١ .

(١٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٣٧٦/١ و ٣٤٧/٥ .

(١٣) سەرچاوەی پێشوو: ٦٧/٦ .

(١٤) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ١٢١/٢ .

(١٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٣٧١/١ .

(١٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٤٦/٨ .

(١٧) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٢٧٩/٦ .

(١٨) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٣٣٨/١ .

(١٩) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٨٩/٦ .

(٢٠) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ١٧٤/٤ .

شایانی باسە ئەم دانراوانەی کە لە بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا ناویان هاتووە یان لەلای خۆم هەن، یان نوسخەیان لە کتێبخانەی (مرکز المخطوطات العراقیة)ی بەغدادا هەیە.

## ریاضیات، هەندەسە، جەبر و موقابەلە، جەفر

مامۆستایانی کورد بەگوێرەی دەرەتان و بۆ لوان هەر کامیان لە چەرخی خۆیدا هەوڵی ئەوەی داوە لە کاروانی ڕۆشنبیریی سەردەمدا جێگەی دیاری هەبێت و، لە قۆناخی شیاودا بنەوبارگەی دابنێت و، ئەگەر لە زانایانی چەرخی خۆی پێش نەکەوتبێت لێیان دوانەکەوتبێ پەنجەی لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی زانستی باوی ئەو چەرخەی خۆی بەجێ هێشتبێت و، شوێنەواری شیاوی بە کتێبخانەکانی جیهان سپاردبێت، تا یادی زیندوو و، شوێنەواری مایەی سوود و جێگەی باسی مێژوونووسانی زانست بێت. بۆ ئەم چەند زانستەی سەرەوەیش یەکی چەند نموونەیەک دەهێنمەوە، تا وێنەی بەری بیر و کۆششی ئەو مامۆستایانە بنوێنن:

١- النبات، الجبر والمقابلة، دانراوی: ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی وەنەندی دینەوەریی. م: ٢٨٢ ك = ٨٩٥ ز.[١]

٢- المعین علی فهم ارجوزة ابن الیاسمین في الجبر والمقابلة. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی عەبدوڕەحیمی کوڕی حسەینی عیراقیی کوردیی (ابوزرعة ولي الدین) م: ٨٢٦ ك = ١٤٢٣ ز.[٢]

٣- تحفة الاحباب في الحساب المفتوح، القول المبیدع في شرح المقنع في الجبر والمقابلة، كفایة القنوع في العمل بالربع المقطوع. دانراوی: محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی

دیمەشقیی ماردینی. م: ٩٠٧ ك = ١٥٠١ ز.[٣]

٤- حل الخلاصة لاهل الریاسة. دانراوی: رەمەزانی کوڕی ئەبوهورەیرەی جەزەریی. (١٠٩ ك = ١٦٨١ ز لەژیاندا بووە).[٤]

٥- رسالة الحساب. دانراوی: ئەحمەدی کوڕی سەید ئەحمەدی عیمادی. م: ١١١٥ ك = ١٧٤٢ ز.[٥]

٦- حاشیة علی الرسالة البهائیة في الحساب. شرح الرسالة البهائیة في الحساب. دانراوی: مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای جەلی. م: ١٢١٧ ك = ١٨٠٢ ز.[٦]

٧- هۆنراوەیەکی عەبدوللەطیفی بەرزنجی لە جەبر و موقابەلەدا. دانراوی: عەبدوللەطیفی کوڕی عەبدوڕەحیمی بەرزنجیی. (١٢٢٠ ك = ١٨٠٥ ز لە ژیاندا بووە)[٧]

٨- دانراوێک لە هەندەسەدا. دانراوی: مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای زیارەتی. (لە زانایانی سەدەی ١٣ی کۆچی)[٨]

٩- کتێبێک لە (الجفر الجامع)دا دانراوی مەلا حەسەینی ئەخلاطیی. لە سەدەی ژیاوە.

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: الاعلام، ١٢٣/١، معجم المؤلفین، ٢١٨/١ .

(٢) بڕوانە: معجم المؤلفین، ٢٧٠/١ . الاعلام: ١٤٨/١ .

(٣) بڕوانە: معجم المؤلفین: ١٨٨/١١ .

(٤) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ١٧٣/٤، معجم المؤلفین، ١٧٣/٤ .

(٥) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ١٥٢/١، بووژاندنەوەی... ،١٢٢/٤ .

(٦) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ١٠٢/٢، اسهام علماء کوردستان.

(٧) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، ٣٠٧/٦ . نوسخەیەکی دەستخەتی ئەم کتێبە بە ژمارە: (٣٠٧٩١) لە (م. م)دا پارێزراوە.

(٨) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣٦٤/٢ . دانەر ئەم کتێبەی بۆ داود پاشا داناوە و نوسخەیەکی بە ژمارە (٩١٨٤) لە (م. م)دا پارێزراوە.

(٩) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ١٠٨/٢ . نوسخەی لە (م. م)دا بە ژمارە (٣٧٣٧٧) پارێزراوە.

## وردە بابەت

جگە لەو زانستانەی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا باو بوون و خوێندراون، وەک (دوانزە عیلم) و زانیاریگەلی لەوانیش بەدەر، چەند زانستیی تر هەبوون تایبەتمەندیی زۆریان هەبووە و، هەموو کەس خۆی لێ نەداون و لە سنوورێکی تەسکی کەسانێک دەرنەچوون کە خۆیان، ئارەزووی فێربوون و زانینی ئەو زانستانەیان بووە و، توانا و ئامادەییی فێربوونیان هەبووە... ئەم ئەو زانستانەیش لە کوردستاندا کەسانی خۆیان هەبووە و فێریان بوون و تێیاندا هەڵکەوتوون و

شوێنەواری نایاب و شایستەیان تێیاندا وەک یادگاری دوای خۆیان بەجێ هێشتووە.

لێرەدا ناوی چەند کەسێکیش لەو مامۆستایانە و شوێنەوارەکانیان دەخەمە کۆتاییی ئەم باسەوە:

تەعبیر: خەوپەڕژاندن، خەو لێکدانەوە.

١- القادري في التعبير. دانراوی: ئەبوسەعید، یەعقووبی دینەوەریی. م (٣٩٧ ك ١٠٠٧ ز لە ژیاندا بووە).(١)

٢- التبصير في التعبير. دانراوی: عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یووسفی کوڕی خضری ئامودی. م: ٧١٠ ك = ١٣١٠ ز.(٢)

٣- جواهر التبصرة في علم الرؤيا. دانراوی: عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی ئورمەویی م: ٨٣٥ ك = ١٤٣٢ ز.(٣)

مۆسیقا.

٤- جواهر النظام في معرفة الانغام. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی (بدرالدين. ابن الخطيب)ی ئەربیلی. م: ٧٢٩ ك = ١٣٢٩ ز.(٤)

٥- القصيدة في الانغام. دانراوی: محەمەدی کوڕی عەلی خەطیبی ئەربیلی. م (٩٢٩ ك = ١٥٢٣ ز لەژیاندا بووە).(٥)

لە دامێنی باسی مۆسیقادا هەڵوێستەیەکی زۆر کورت لە عاستی دوو خاڵدا دەکەم:

یەکەم: چەندان توانا و وزەی خۆرسکی کەموێنە لە کوردستاندا بووە ئەگەر بۆیان بلوایە لایان لێ بکرایەتەوە ئەوە سامانێکی مێژووی فراوانمان لەم بوارەیشیدا دەبوو، بۆ نموونە ماوەیەک لەمەوپێش - زیاتر لە ٣٠ سی ساڵ - لە کۆڕێکی مامۆستایانی پێشوودا باسی مامۆستایەکی کۆنتری خەڵکی سلێمانییان کرد، - بە داخەوە ناوی مامۆستاکەم لە بیر نەماوە - کە لە شەڕی جیهانیدا کوڕێکی دەگیرێ بە سەرباز، مامۆستایش زۆری مەبەست دەبێت کوڕەکەی ڕزگار بکات و نەچێتە ئەو شەڕە؛ بۆیە دەچێتە سەربازگەکە، کە لە نێزیکی خورماڵ دەبێت و، داوای بەردانی کوڕەکەی لە فەرماندەی سەربازگەکە دەکات. فەرماندەکە داواکەی جێبەجێ ناکات. مامۆستا دەڵێت: ئەی ئەگەر ئێوە چەند شێوەی مارشی سەربازیتان هەیە کە شەیپوور لێ دەدەن بۆ کۆکردنەوەی سەرباز و، کاتی نانخواردن و، کاتی نوستن و، کاتی هەستان لە خەو و، کاتی چوون بۆ مەشق و جۆرەکانی مەشق و... هتد من هەمووی بە دەم و لێوی خۆم بۆ لێ بدەم کوڕەکەم بەردەدەیت؟

فەرماندە پێی سەیر دەبێت مەلایەکی مێزەر سپی توانای شتی وای هەبێت، بۆیە دەڵێ: بەڵێ.

مامۆستا دەڵێ: دە تیپی مۆسیقاکانت بانگ بکە با دەستبەکار بن. تیپی مۆسیقا دێن و دەست پێ دەکەن و، ئەوان چ ئاوازێک لێ دەدەن مامۆستایش بە دوو لێوی خۆی هەمان ئاواز وەک ئەوان

لێ دەداتەوە. دواییش مامۆستا چەند ئاوازی زیاد لە ئاوازەکانی ئەوان لێ دەدا کە ئەوان نایانزانن و ئەگەیان لێیان نابێت.

فەرماندەیش لە پاداشی بلیمەتیی مامۆستادا کوڕەکەی لە سەربازیی بۆ دەبەخشێت و مامۆستا و کوڕەکەی پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

دووەم: ئەم خاڵەیش نێزیکە لە خاڵی پێشووەوە و باسی جۆرێکی تری توانا و بلیمەتیی خۆرسکی ناو چینە جیاجیاکانی نەخوێندەواری ناو کوردستان دەکات. ئەوەیش ئەوەیە ئەگەر شمشاڵ و بلوێر و لوولک بچنە قاڵب و بواری مۆسیقاوە ئەوە بە درێژاییی مێژوو لە کوردستاندا سەدان و هەزاران شمشاڵژەن و مۆسیقاری وامان هەبووە خاوەنی توانای نایاب و ڕەسەن و خۆماڵی بوون. بەڵام بارودۆخ وا نەبوە کەس هونەرەکەیان تۆمار بکات و داهێنانەکانیان بپارێزێت و یادیان زیندە ڕابگیرێت.

بێگومان چەندان (دەروێش عەبدوڵڵا)مان هەبووە، بەڵام ئاوازی یەکێکیان بەرگوێی قەدرزانێک کەوتووە و بە پارچەیەک شیعری یادی زیندە ڕاگرتووە و،[٦] بەڵام بۆ هونەرەکەی و سۆزی شمشاڵەکەی و زەمزەمەی مەقامەکانی هیچی لە دەست نەهاتووە و، ئەو هونەرە ڕەسەنە لە گەرووی شمشاڵەکەیدا قەتیس ماوە و ئەوەیشی لە گەرووی دەروێش عەبدوڵڵادا بووە چووەتەوە گەرووی زەوی!

مام سەعیدی سیرێ دەروێش عەبدوڵڵایەکی تری بوە، ئەمیان بەختی یار بووە و بەخت یاری بووە و، لە تەمەنی پیریدا دەستی قەدر بە (مسجل)ەوە چووەتە خزمەتی و، چەند مەقامێک (یان وەک خۆی دەڵێت چەند نقام)ێکی لەو هونەرە ڕەسەنەی لە گەرووی ئەو و شمشاڵەوە گواستووەتەوە بۆ گەرووی کاسێت و پارێزراوە.

دەبێ لێرەدا زۆر بە کورتی بۆ هونەری مام سەعید ئەوەندە تۆمار بکەم:

مام سەعید لە تەمەنی پیریدا بوە کە مەقامەکانی تۆمار کراون و لێو و ددانی توانای ئەوەیان نەماوە فوو بکەن بە شمشاڵدا و وەک جاران بین بخواتەوە، بەڵام هونەرەکە ئەوەندە لە ناخیدا چەسپاو و زیندوو بووە گەنجێکی دەم و ددان بەکاری بانگ کردووە و وتوویەتی: تۆ فوو بکە بە شمشاڵەکەدا و پەنجا بزاوتنەکەی بۆ من، واتە توانیویەتی چۆنی بوێ وەها پەنجەکانی بەسەر کونەکانی شمشاڵەکەدا بگێڕێت بایەکی تریش فووی پێدا بکات ئەم - بە پەنجا بزاوتنەکەی مەقامەکان هەڵسێنێ.

### فەرهەنگ

١- نوباری بچووکان. دانراوی: ئەحمەدی خانی. م: ١١١٩ ک = ١٧٠٧ ز.[٨]

٢- زواهراللغة. (بە زمانی فارسی) دانراوی: (ابوالنجیب) محەمەدی جوانڕۆیی. م (پێش ١١٨٨ ک = ١٧٧٤ ز لە ژیاندا بووە).[٩]

٣- ئەحمەدی (الاحمدية) دانراوی: شێخ مەعرووفی نۆدێیی م: ١٢٥٤ ك = ١٨٣٨ ز.[١٠]

٤- حسەینیە. دانراوی: شێخ عومەری قەرەداغی. م: (لە سەردەمی بابانەکاندا لە ژیاندا بووە).[١١]

**گەوهەر و کان:**

٥- نخب الذخائر في احوال الجواهر. دانراوی: محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ساعیدی ئەنصاریی. سنجاریی. م: ٧٤٩ ك = ١٣٤٨ ز.[١٣]

**چەکسازی:**

٦- عمدة السالك في سياسة المالك. دانراوی: یەعقووبی کوڕی سابیری کوڕی بەرەکاتی کوڕی عەمماری حەڕڕانیی (مەنجەنیقی) م: ٦٢٦ ك = ١٢٢٩ ز.[١٣]

پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: معجم المؤلفين: ٢٤٨/١٣ . هەر ئەم کتێبە لە (معجم المؤلفين)دا دراوەتە پاڵ (ئەبوسەعد)ی نەسری کوڕی یەعقووبی دینەوەریی. بڕوانە سەرچاوەی ناوبراو: ٩٣/١٣ .

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٣٢/٧ .

(٣) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ٣٠/٧ .

(٤) بڕوانە: الاعلام: ٢٨٤/٦ .

(٥) بڕوانە: مجمع المؤلفين: ٧/١١ .

(٦) بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی گۆران.

(٧) کاسێتی ئەم چەند مەقامەی مام سەعید ساڵی ١٩٧٢ لەلایەنی خوالێخۆشبوو رەئووفی ئەحمەد ئالانییەوە تۆمار کراوە و، ئێستە لە چەند جێگە پارێزراوە، کە لە ڕێگەی منەوە دەستیان کەوتووە و، منیش کاتی خۆی لە بەغدا نوسخەم لەبەر کاسێتە ئەسڵییەکە گرتوەتەوە و، کاسێتە ئەسڵیەکە تێدا چووە.

(٨) بڕوانە: ئەحمەدی خانی: /٣٥ .

(٩) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد. ٢٥٧/٣ .

(١٠) بڕوانە: النودهي: ٩٨ .

(١١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ٨٥/٨ .

(١٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ١٥٥/٤ . دانەیەکی دەستخەتی ئەم کتێبە بە ژمارە (١٢٤٥) لە (م. ع)دا پارێزراوە.

(١٣) بڕوانە: معجم المؤلفين: ٢٥٠/١٣ .

سەرچاوەکانی ئەم باسە:

بە زمانی عەرەبی:


- الآثار الكاملة للمؤرخ الكردي محمد أمين زكي، مشاهير الكرد و كردستان، بنکەی ژین، سلێمانی. ٢٠٠٥

- احمدى خانى شاعرا ومفكرا – فيلسوفا ومتصوفا. الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ١٩٧٩، بغداد، مطبعة الحوادث، الطبعة الاولى.
- إسهام علماء كوردستان العراق في الثقافة الاسلامية. محمد زكي حسين أحمد. دار آراس. أربيل ١٩٩٩ .
- أعلام كرد العراق، جمال بابان، وزارة الثقافة سليمانية ٢٠٠٦، مطبعة شڤان.
- الأعلام، خيرالدين الزركلي، دار العلم للميلاين. بيروت لبنان. الطبعة الخامسة. ١٩٨٠ .
- ايضاخ المكنون في الذيل على كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون. اسماعيل پاشا بن محمد امين بن ميرسليمان الباباني أصلا والبغدادي مولدا ومسكنا. دار الفكر ١٤٠٢ هـ = ١٩٨٢ م.
- البيتوشي، تأليف محمد الخال. مطبعة المعارف – بغداد ١٣٧٧ هـ = ١٩٥٧ م.
- تأريخ مشاهير كرد، تأليف بابا مردوخ روحاني – شيوا – سروش – تهران، ١٣٦٤ هـ ش. تفصيل الجرجاني. رسالة ماجستير قدمها محمد صالح حسن مصطفى الى معهد التأريخ العربي والتراث الاسلامي. ١٤١٨ هـ = ١٩٩٧ م
- جامع الانوار في مناقب الأخيار. تراجم الوجوه والأعيان، المدفونين في بغداد وما جاورها من البلاد. تأليف عيسى صفاءالدين البندنيجي القادري. تحقيق اسامة ناصر النقشبندي، مهدي عبدالحسين النجم. الدار العربية للموسوعات. الطبعة الاولى، ١٤٢٢ هـ = ٢٠٠٢ م. بيروت لبنان.
- رحلة طه الكردي الباليساني في العراق وبلاد الشام والاناضول ومصر والحجاز.
مقتبسات حققها وعلق عليها الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، دار الثقافة و النشر الكردية بغداد، ٢٠٠٢، الطبعة الاولى.
- شرح تصريف الملا على الاشنوي. تأليف: ملا پيروت، رسالة تقدمت بها احلام اسماعيل عبدالكريم شهاب التكريتي. كلية التربية للبنات، جامعة تكريت. ١٤٢٥ هـ = ٢٠٠٤ م.
- الشيخ محمد الخال مفسرا. رسالة تقدم بها الطالب عمر علي محمد بهاءالدين. الى مجلس كلية الشريعة والدراسات الاسلامية بجامعة صلاح الدين لنيل درجة الماجستير. ١٤٢٤ هـ = ٢٠٠٣ م
- علماؤنا في خدمة العلم والدين، تأليف: عبدالكريم محمد المدرس، دار الحرية بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٨٣ .
- فهرس مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السلمانية (١– ٥) اعداد محمود احمد محمد مطبعة بغداد. ١٤٠٣ هـ = ١٩٨٢ م.
- في رحاب أقلام وشخصيات كردية. قدم له وراجعه محمد علي القرەدغي. بنكەى ژين، السليمانية. مطبعة شڤان ٢٠٠٧ .
- كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون. تأليف: مصطفى بن عبدالله القسطنطني الرومي الحنفي الشهير بالملا كاتب الچلبي والمعروف بحاجي خليفة. دار الفكر ١٤٠٢ هـ = ١٩٨٢ م.
- كنزاللسن المكنوز فيه ستة ألسن واثناعشر فنا. تأليف العلامة السيد احمد فائز البرزنجي. قام بتصحيحه وضبطه والتعليقات عليه الشيخ محمد الخال. مطبعة المجمع العلمي العراقي.
- معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية. وضع عمر رضا كحاله، دار إحياء التراث العربي، بيروت – النودهي. تأليف: محمد الخال. دار مطبعة المتمدن، بغداد.

- ورود الكرد في حديقة الورود تأليف محمد علي القرهداغي. دار آراس ٢٠٠٧ الطبعة الثانية.
- الضوح شرح المحرر، تأليف: السيد حسن بن هداية الله المشهور بـ(الملا أبي بكر المصنف) دراسة وتحقيق كتاب الطهارة. الطالب عبدالله محمود اسماعيل ١٤٢٨ هـ = ٢٠٠٧ م.
- هدية العارفين. اسماء المؤلفين وآثار المصنفين من كشف الظنون. تأليف: اسماعيل پاشا البغدادي. دار الفكر. ١٤٠٢ هـ = ١٩٨٢ م.

الدوريات (گۆڤار)

- مجلة المجمع العلمي الكردي العدد٢ السنة الثانية، مطبعة المجمع العلمي الكردي. بغداد ١٩٧٤ .

**بە زمانی کوردی:**

- اقتران النيرين فی مجمع البحرين، دانراوی: مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان.
لێکۆڵینەوەی محمد علی قەرەداغی، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم. ١٤١٥ ك = ١٩٩٥ ز.
چاپخانەی دار الحرية بغداد
- بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی (١– ٨، ١٩٩٨ – ٢٠٠٨) چاپی یەکەم، چاپخانەی: وميض، السالمي، الخنساء، دار آراس.
- تەفسیری گوڵشەن، نووسینی نظام الدين عبدالحميد، نەشری ئیحسان. تاران. ٢٠٠٧ ز. چاپی دووەم.
دیوانا مەلایێ جزیری بەرهەڤکرن و ڤەوژارتنا تحسین أبراهیم دۆسکی. پێداچوون و لێ زڤڕینا اسماعیل طه شین. چاپخانا هاوار. دهوک. ٢٠٠٠ .
- دیوانی مەولەوی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس. چاپی یەکەم، چاپخانەی (النجاح) بەغدا ١٣٨٠ هـ = ١٩٦١ م.
- زانین ڕێگا تێگەهێشتنا قورئانێ یە.
- سەدەیەک تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە. ئامادەکردنی عەبدولدائیم مەعرووف هەورامانی. ١٤٢٨ ك = ٢٠٠٧ ز. (لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک. زنجیرە ١٢).
- سەرجەمی بەرهەمی گۆران. بەرگی یەکەم دیوانی گۆران. محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا. ١٩٨٠ .
- شێخ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجەیی نۆدێ. زانا و داهێنەر، نووسینی شێخ ستار بەرزنجەیی. کەرکووک. ١٤٢٨ ك = ٢٠٠٧ ز هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- یادی مەردان دانراوی مەلا عەبدولکەریمی مدرس چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەرگی یەکەم ١٩٧٩، بەرگی دووەم ١٩٨٣ چاپی یەکەم.

بە زمانی فارسی
دائره المعارف بزرگ اسلامی
مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی چاپ دووەم ١٣٧٤ شمسی

هەواڵنامەی کتێب

## سەرەتایەک بۆ ناسینەوەی

# عەلی حەریری

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەم گوتارە لە ژمارەی (٥)ی کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان (ئەکادیمی)دا بڵاو بووەوە لە ساڵی ٢٠٠٦. لەبەرئەوەی کۆواری ناوبراو تیرێژی چاپەکەی کەم و سنووری بڵاوبوونەوەی زۆر نەبوو، نەگەیشتووەتە دەستی زۆر لە خوێنەران. گەلێک جار ڕۆشنبیران و قوتابیان و هاوەڵانی خۆشم داوای ئەم وتارەم لێ دەکەن و منیش ئەو ژمارەیەی کۆواری کۆڕم لەلا نییە بیاندەمێ، حەزم کرد لێرە جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە. "نووسەر"

یەکێک لە کێشەکانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، کێشەی کەمی یان نەبوونی زانیاریی ڕاست و بەڵگەدارە. کەسێک بیەوێ لەبارەی شاعیر یان ڕووناکبیرێکی بۆ نموونە سەدەی نۆزدەیەمەوە بنووسێ، کە سەدەیەکی نێزیکە لێمان، کەمترین زانیاریی لەبارەی ژیان و ژیگەی ئەو شاعیر یان ئەو ڕووناکبیرەوە دەست ناکەوێ[١]. ئەمەش زۆر هۆی هەیە، لەوانە: دەستنووسی زانا و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ماوەیەکی زۆر نەپارێزراون، دەستنووسی کوردی زۆربەیان دوای ماوەیەک لە مردنی دانەریان، سەبارەت بە دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی کۆمەڵگەوە نرخیان نەزانراوە و فەوتاون. هەروەها کەمیی بنکەی زانیاری لە کوردستان لەلایەک و بەردەوامبوونی ناجێگیریی سیاسی لەلایەکی ترەوە، هۆی تر بوونە لەوەی زۆربەی بەڵگە و دەستنووسە کوردییەکان بفەوتێن، یان بەملا و بەولادا بڵاو ببنەوە و جارێکی تر نەکەونەوە دەست.

---

(١) لەمبارەیەوە سەیری سێ بەرگی کتێبی حاجی قادری کۆیی بکە لە دانانی مەسعوود محەمەد، لەوێدا ببینە نووسەر لە ئەنجامی نەبوونی زانیارییەوە بە چ چنگەڕنێیەک هەوڵ دەدا لە هەورازی ناسینەوەی ژیانی حاجی و کێشەکانی ئەو دەمی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە سەر بکەوێ، زۆربەی جاریش بەدەستی خاڵی لێی دەچێتە دەر.

جگە لەمانە، تا ئێستا لەلای لێکۆڵەوانی خۆماڵیدا تاک و تەرا جارێک نەبێ، نەبووە بە باو کەوا خوێندنەوەی ورد و توێژینەوەی زانستییانەی دەق، بکرێ بەبنەوێ بۆ ناسینەوەی ئەو چاخەی نووسەرێک یان ئەدیبێکی تێدا ژیاوە، ئەمەش بەر لە هەر شتی تر لە ئەنجامی کەمیی پسپۆڕییەوە دێت. گومانی تێدا نییە کەوا دەقی نووسین باشترین بەڵگەیە بۆ ناسینی کەسایەتیی نووسەر یان ناسینەوەی ئەو چاخەی تێیدا ژیاوە. بۆ نموونە تا ئەم ساڵانەی دوایی وا باو بوو، بابایەکی وەک نالی لە ساڵی ١٨٥٦دا کۆچی دوایی کردووە، مێژووی لەدایکبوونیشی بەساڵی ١٨٠٠ دەستنیشان کرابوو، ئەگەر وابێ دەبێ ئەم پیاوە تەنیا ٥٦ ساڵ ژیابێ لە کاتێکدا چەندین شیعر لە دیوانی ئەودا هەن ئاماژە بە تەمەنێکی زیاتر لە حەفتا ساڵی دەکەن. تا خۆشبەختانە لەم ماوانەی دواییدا، بەپێی کتێبێکی چاپکراوی سەردەمی عوسمانییەوە دەرکەوت نالی تا ساڵی ١٨٧٣ لە ژیاندا بووە(٢).

باشە ئەگەر حاڵی نالی و حاجی وا بێ، کە هەردووکیان لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاون، دەبێ حاڵی رووناکبیرانی سەدەکانی پێشتر، بۆ نموونە عەلی حەریری چۆن بێ، کە چەندان سەدە بەر لەوان ژیاوە؟ ئەوەتا یەکێک دەڵێ عەلی حەریری لە سەدەی یازدەیەمدا ژیاوە، ئەوی تر دەڵێ نەخێر سەدەی پازدەیەم، سێیەم دەڵێ نەخێر سەدەی شازدەیەم، یەکێک دەڵێ خەڵکی هەکارییە، دووەم دەڵێ نەخێر هەرپرییە. یەکێک دەڵێ گۆڕەکەی لە شارۆکەی هەریری باکوری ڕۆهەڵاتی هەولێرە، دووەم دەڵێ نەخێر دەبێ لە شام مردبێ. هەشە گوتوویەتی عەلی حەریری هەر نەبووە.

هەڵبەت من پسپۆڕ و لێکۆڵەوەی ئەدەبی کوردی نیم تا لافی شارەزایی لێ بدەم، بەڵام وەک خوێنەرێکی ئەدەبی کۆن و ئارەزوومەندێکی ناسینی رابردووی میللەتەکەم، وەک زۆر کەسی تر بەردەوام بەرئەنجامی رامان و تاوتوێکردنم لەلا دروست دەبێ و ناشیانووسمەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەوڵم دا بۆچوون و بیرکردنەوەی خۆم لەبارەی عەلی حەریرییەوە بەفیڕۆ نەدەم و پێشکێشی خوێنەرانی بکەم، لەوانەیە سوودێکی ببێ. واش دەزانم کەوا ئەم شاعیرە لە هەموو شاعیرانی کۆنی کوردی زیاتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و بیندرێژ هەیە.

راستت دەوێ، کێشەی عەلی حەریری کێشەیەکی گەورەیە، جگە لە کەمیی زانیاری لەبارەی ژیانی خۆیەوە، تا ئێستە ژمارەیەکی کەمیش لە بەرهەمەکانی گەیشتوونەتە دەستمان و بەشی

---

(٢) ناوی ئەم کتێبە: ئۆسمانی مووەلیفەری-یە، دانانی بورسالی محەمەد تاهیر ئەفەندی. دانەر ساڵی ١٨٦١ لە شاری بووسە لەدایک بووە و ساڵی ١٩٢٤ لە ئەستەنبۆڵ مردووە. کتێبەکە ساڵی ١٩٠٥ بۆ جاری یەکەم چاپ کراوە و ساڵی ١٩٧٢ بۆ جاری دووەم لە ئەستەنبۆڵ بەپیتی لاتینی چاپ کراوەتەوە. دانەر باسی گەلێک لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی کوردی کردووە، بۆ نموونە لە لاپەڕە ٢٨٤ی بەرگی دووەمدا، لەبارەی نالییەوە دەڵێ: ساڵی ١٨٧٣ لە ئەستەنبۆڵ مردووە و لە گۆڕستانی قەرەجە ئەحمەد نێژراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆواری وان، ژمارە: ٢ ساڵی ١٩٩٢ وتارێک لەلایەن مەحموود لەوەندییەوە لەبارەی نالی لەو کتێبەدا.

لێکۆڵینەوەی تێروتەژی ناکەن. دەبێ لەم هەلەدا دەسخۆشی لە بەڕێزان عەبدوڕەقیب یوسف و محەمەد عەلی قەرەداغی بکرێ، کە هەریەکە و چەند شیعرێکی ئەم پیاوەیان دۆزیوەتەوە، بەمەش سەرەداوێکیان داوەتە دەستی لێکۆڵەوان بۆ گەیشتن بە هەندێک راستی لەبارەی هزر و ژیان و سەردەمی ژیانیەوە.

لەبارەی کەمیی بەرهەمی عەلی حەریرییەوە، زەینی مرۆڤی ئاسایی بۆ تاکە هۆیەک دەڕوات ئەویش دووریی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە، سەدەی پازدەیەم و شازدەیەم، یان وەک هەندێ کەس دەیڵێن بەولاوەتریش واتە سەدەی یازدەیەم. راستە، لەبەرئەوەی چەندی دوورتر بەرەودوا بگەڕێینەوە، بەڵگە و شوێنەوار و دەستهاوێژ کەمتر دەبنەوە، مێژوو تاریک و لێڵتر خۆی دەنوێنێ و رێچکۆڵەکان زیاتر ون دەبن. بەڵام من هۆیەکی تریشم لە زەیندایە، کە یاریدەر بووە بۆ زوو فەوتانی شیعری عەلی حەریری، ئەویش ئەوەیە ئەم پیاوە لە ناوچەیەکدا شیعری بەزاراوەی کرمانجیی سەروو نووسیوە، کە زۆربەی خەڵکەکەی بە کرمانجیی خواروو دەدوێن. ئەمەش دەرفەتی نووسینەوە و پاراستنی بەرهەمی ئەوی لەلای خوێندەوارانی سەردەمەکەیدا، هەروەها دوای ئەو سەردەمە کەمتر کردووەتەوە. بەرهەمێک، کە زۆربەی خەڵک باش لێی حاڵی نەبن و چێژی لێ نەبینن، ناشینووسنەوە. ئەمە بۆ زۆربە، هەڵبەت تاک و تەرای بەدەریش لەم بڕیارە هەبووە، کە شارەزای دیالەکتە کوردییە جیاوازەکان بووە و چێژی لە ئەدەبیاتی هەموو کوردی وەرگرتووە. ئێستە لە سەردەمی پەرەسەندنی تێکەڵاویشدا ئەم راستییە هەر وەک خۆی بەردەوامە. بە پوختی، هەڵکەوتنی شارۆکەی هەریر لەسەر سنووری لەیەک جیاکەرەوەی هەردوو دیالەکتی کرمانجیی سەروو و خوارووداء عەلی حەریریی کردووە بە "عەلی قوربانی".

جگە لەمە تا ئێستە دەقی شیعرەکانی حەریریمان بەشێوەی راست و دروستی خۆیان بەدەست نەگەیشتووە. ئەگەر مرۆڤ لەو چەند دەقە کەمەی بەردەست ورد ببێتەوە بۆی دەردەکەوێ، زۆربەیان جێ پەنجەی نووسەرەوەی دەقەکانیان بەسەرەوە دیارە، کە سەر بەزاراوەی کرمانجیی خواروو (سۆرانی) بوونە. هەر ئەم جێ پەنجەیەشە وای کردووە هەندێک کەس باوەڕی ئەوەیان لەلا پەیدا ببێ، کە عەلی حەریری لە بنەڕەتەوە شوێنەواری دیالەکتیی کرمانجیی خواروو بەسەر زمانی شیعرەکانیەوە هەبووە، بەڵام پێچەوانەی ئەم دۆخەش هەیە، دەقی وا بڵاو کراونەتەوە شوێنەواری شێوەزاری بادینانی بەسەریانەوە دەبینرێ. وەک گوتم ئەمەش هەر کاری نووسەرەوەیە. بەسەرنجدانی خۆم بۆم دەرکەوتووە، عەلی حەریری بەزاراوەیەک شیعری نووسیوە، کە بڕبڕەی پشتی کرمانجیی سەروو بووە و لە شیعرەکانیشیدا ئەمە تەواو روونە، هەروەها هەندێک شوێنەواری ئاخاوتنی کرمانجیی خوارووش بەسەر شیعرەکانەوە دەبینرێ، کە وابزانم ئەمانە لە بنەڕەتەوە هەبوونە و رەنگە دەسکاریی شاعیر خۆی بن. پاشتر بەڵگەی ئەمانە دەخەینە روو.

بارێکی سەرنجڕاکێشی تر هەیە کە رۆڵی هەبووە لە نەپارێزرانی بەرهەمی عەلی حەریریدا، ئەویش ئەوەیە تا ئێستە هیچ بەرهەمێکی ئەم پیاوە لە رێگەی کوردستانی باکورەوە نەگەیشتووەتە

دەستمان، تەنانەت ئەو ڕۆهەڵاتناسانەی بەرهەمی مەلای جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانییان لەناو کوردەکانی باکوردا بەرهەڤ کردووە، هیچی ڕاستەقینەیان لە بەرهەمی عەلی حەریری دەست نەکەوتووە، مەگەر بەهەڵە بڕێک شیعریان دابێتە پاڵی، یان هەندێک زانیاریی چەوتیان لەبارەی شوێنی ژیانیەوە تۆمار کردبێ. ئەم حاڵەتە وای کردووە هەندێک کەس بگەنە ئەو بەرئەنجامەی کەوا دەبێ عەلی حەریری لە ناوچەکانی کوردستانی باکوردا کەم ناسرابێ، بۆیەش لە ئەنجامدا دەرفەتی ئەوە بۆ شیعرەکانی نەبووە لەناو خوێندەوارانی باکوردا ئەم دەست ئەو دەست بکەن و هەڵبگیرێن. بەپێی ئەو باوەڕە، ئەو قووڵاییە جوگرافیاییە لە سەردەمانی پێشوودا پێویست بووە بۆ جەماوەریەتیی عەلی حەریری و پاراستنی بەرهەمەکانی.

بەڵام پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش هەیە، ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەیەمدا (١٦٥٠ـ ١٧٠٦) و لە شاری بایەزیدی دەڤەری هەکارییەوە، عەلی حەریریی بە کەڵەشاعیری پێش خۆی ناساندووە و لە نێوان مەلای جزیری و فەقێ تەیراندا ریزی کردووە:

بیناڤە رحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران
حەتا بئەبەد بمایە حەیران

هەر کامی ڕاست بێ، چ ئەوەی عەلی حەریری لەناو کوردی باکوردا بەناوبانگ بووبێ یان نا، تێپەڕینی سەردەمانی درێژ و ناجێگیریی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، ڕۆڵی مەزنیان لە کوێربوونەوەی شوێنەوار و نەمانی زانیاری لەبارەی بەرهەم و ژین و ژیگەی ئەو شاعیرەدا گێڕاوە. تەنانەت ئەحمەدی خانی خۆیشی، مەم و زین و نووبارەکەی لێ دەرکەی، ژمارەیەکی کەم لە شیعرەکانی گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. لەم ڕووەوە حاڵی خانی لە حاڵی حەریری زۆر خۆشتر نییە. بەگشتی دەتوانین بڵێین پارێزرانی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوت و هەلی دەگمەن، نەک لێهاتوویی کۆمەڵی کوردەواری.

لەناو کورددا، حاجی قادری کۆیی دووەمین کەسە دوای ئەحمەدی خانی، ناوی عەلی حەریریی هێنابێ. حاجی بەکورتی و بەپوختی گوتوویەتی کەوا عەلی حەریری خەڵکی کوێیە. دەبووایە ئەم بەڵگەیەش لە زووەوە بەس بێ بۆ بڕینەوەی مشتومڕ لەبارەی نشینگە و زێدی عەلی حەریرییەوە:

دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسان
بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

ئەو بۆچوونەی بەدوای شوێنێکی تر بەناوی حەریر لە باکوری کوردستاندا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شیعرەکانی عەلی حەریری بەزاراوەیەک نووسراون، زۆر

دووره له زمـانی ئاخـاوتنی ئەمـڕۆی ناوچەی حـەریرەوە. له خـوێندنەوەی ئەو چەند دەقـه کـەمـەی هەمـانە، وەک گـوتمـان ئەوە زۆر ئاشکرا و خـوویایه کـه عـەلی حـەریری بەزاراوەی کـرمـانجـیی سـەرووی ناوچەکانی باکوری کـوردسـتـان شـیـعـری نووسـیـوە نەک شـێـوەی ئاخـاوتـنی ناوچەی بادینانی کوردسـتـانی باشـوور. ئەم راسـتـیـیەش پرسـیـارێکی لەلای زۆر کـەس ورووژاندووە دەڵێ: ئاخۆ عەلی حـەریری خۆی یان بنەماڵەکەی به بنەڕەت خـەڵکی سـەروو بوونه و کۆچیان کردووە بۆ ئەم شوێنه یاخۆ خۆی سەر به زاراوەی کرمـانجیی خوارووە (سۆرانی) و ئەو کاته و لەو شوێنەدا، زمـانی ئەدەب زاراوەی کرمـانجـیی سـەرووی شـێـوەی بۆتـانی بووە و عـەلـیش شـیـعـری خـۆی بەم شـێـوەزاره نـووسـیـوە، بۆ ئەمـەش مـەولەویی تاوەگـۆزی بـەبەڵگه دەهـێـنـنەوە، کـه نـاوچـەکـەی وەک ئاخاوتن سـەر بەزاراوەی کرمانجیی خواروو بووە بەڵام خۆی بەزاراوەی گۆرانی شیعری نووسـیوە لەبەرئەوەی زاراوەی گۆرانی له سـەردەمی مـەولەویدا زمـانی ئـەدەب بووە. هەندێک کـەس بۆ ئەوەش رۆیشـتـوون ئاخـۆ دەبێ خـەڵکی حـەریر لەو سـەردەمـانەدا بەشـێـوەی کرمـانجـیی سـەروو نەدوابن؟ ئەگـەر هـەمووشـیـان نەبێ هـەندێکـیان؟ ئەم بۆچوونانه هـەمـوویان رێیان تێ دەچـێ و شایەنی لەسـەر وەستانن بەڵام دەبێ کامیان نێزیکتر بێ له راستییەوە، ئەمەیان دوایی دێینەوە سەری.

با بگەڕێینەوە لای حـاجی قـادر، هەر لەو قـەسـیـدەیەدا کـه بە (شـاسـواری بەلاغـەتی کـوردان) دەست پێ دەکا، بەر لەوەی بگاته باسی عەلی حـەریری و عـەلی بەردەشـانی، له شـوێنێکی تریشـدا سووکه ئاماژەیەک بەعەلی حەریری دەکات، ئەویش له بواری ناوهێنانی مەلای جزیریدا:

له جـزیره یەکـێکـه شـێخ ئـەحـمـەد
سـاحێبی ناو و مورشـیدی ئەرشـەد
ئەوی جـامـی گـوتوویـەتی ئـەمـەیه
"پیـــر مــــردی دیده ام ز جــــزیر
نیک مــــردی دیده ام ز حــــریر"

واتەی بەیته فارسییەکه ئەمەیه: "پیردەمێردێکم بینی له جزیر، پیاوباشێکم بینی له حەریر".

هەڵبەته حاجی قادر لەم شیعرەدا بۆ نیشـاندانی گەورەیی شێخ ئەحمەدی جزیری، کە ناسراوە بە مـەلای جـزیری، ئاماژه بە بـەیتـه شـیـعـرێکی جـامی دەکات. نوورەدین عـەبدوڕەحـمـانی جـامی، یەکێکه له شـاعیر و ڕۆشنبیـرانی گەورەی فارس له سەدەی پازدەیەمـدا (١٤١٣ـ١٤٩٢). زانراوه کە جـامی سـاڵی ١٤٧٣ چووه بۆ سـەفـەری حـەج. گەشـتـەکـەی لـه خـوراسـانەوه دەست پێ کـردووە، بە رێگەی هـەمـەدان و کوردستـانەوە چووه بۆ بـەغدا و کەربەلا و نەجەف و لەوێشـەوه گەیشتووەته وڵاتی حـــیـــجــاز. لەولاشـــەوه لـه گـــەڕانەوەدا بـه دیمەشق و حـــەلـەبدا هـاتووەتەوه و پاشــان له رێگەی کـوردسـتـانەوه چووەته تـەورێز. وەک دەڵێن جـامـی مـاوەی ٤٥ ڕۆژ لـه دیمەشــقـدا مـاوەتـەوە، لە شـوێنەکـانی تری وەک بەغـدا و حـەلەبیـشـدا زۆر مـاوەتەوە. زانا و ڕۆشـنبـیـرانی ئەو سـەردەمـە

سەردانیان کردووە و دیارییان بۆ بردووە و کۆڕ و دانیشتنیان لەگەڵیدا ساز داوە. گەورەپیاوانی دەسەڵات لە هەموو شوێنێکدا ڕێزیان لێی ناوە و مێوانداریيان کردووە. جامی لەم گەشتەدا ۳۰۰ سواری لەگەڵدا بووە بۆ پاسەوانی و خزمەت.

بەپێی بۆچوونی حاجی قادر ئەو کەسەی لە جزیردا بینراوە مەلای جزیریی لەمەڕ خۆمان بووە. جزیرە و حەلەب لە یەکەوە نێزیکن و هیچ دوور نییە مەلا یەکێک بووبێ لەو زانا و ڕۆشنبیرانەی سەردانی جامییان کردووە لە حەلەب، یان جامی خۆی لەو گەشت و گەڕانەیدا بەجزیردا تێ پەڕیبێ.

بۆچوونی عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، زیاتر بەلای ئەوەدایە جامی چووبێتە جزیر. هەر بەپێی بۆچوونی سەجادی، پیاوەکەی لە حەریردا بینراوە دەبێ عەلی حەریری بێ. ئەم بۆچوونە بە لای منەوە بۆچوونێکە تەواو پەسند و جێ سەرنجە. حاجیش ڕەنگە بۆیە ڕوونی نەکردبێتەوە ئەو مێرخاسەی حەریر کێیە، چونکە هەر خۆی دوای چەند بابەتێک دێتە سەر باسی عەلی حەریری و ئەم پرسەی بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی خوێنەر بەجێ هێشتووە. بەپێی قسەی سەجادی، جامی بە هەولێردا تێ پەڕیوە. دیارە هەریریش ناوەندێکی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بووە و میرانی سۆران فەرمانیان تێدا گێڕاوە. دوور نییە جامی لای دابێتە هەریر و میرانی سۆران ڕێزیان لێ گرتبێ، کە ئەو سەردەمە شا عەلی بەگ میری هەریر بووە، ئەم شا عەلی بەگە دەکاتە باوکی میری بەناوبانگ میر سەیدی، کە لەمەودوا لێی دەدوێین.

حاجی کەسێک نەبووە لە خۆیەوە و بێ بەڵگە بدوێ. دەبێ ئەم تێگەیشتنە لە شیعرەکەی جامی دەماودەم هاتبێ و حاجی لە خەڵکی ترەوەی بیستبێ. ئاشکرایە حاجی قادر چ لە شارەکەی خۆیدا (کۆیە) و چ لە ناوچەی باڵەکایەتی یان موکریاندا، کە دەرسی تێدا خوێندوون و بە ساڵان تێیاندا ماوەتەوە، هاودەمی زانا و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی بووە، پاشانیش لە ئەستەنبووڵ کە ئەم شیعرەی تێدا نووسیوە (واتە: شاسواری بەلاغەتی کوردان) لەگەڵ ڕۆشنبیرانی هەموو دەڤەرێکی کوردستاندا سەری پێوەندیی هەبووە و زانیاریی گۆڕیوەتەوە، بۆیە ناشێ ئەم قسەیەی حاجی بەقسەیەکی بێ سەرچاوە و بێ بەڵگە دابنرێت و پشتی پێ نەبەسترێ.

ئەو کاتەی جامی ئەم قسەیەی کردووە تەمەنی خۆی نێزیکەی شێست ساڵ بووە. بەم پێیە تەمەنی مەلای جزیریش ( کە پیرەمێردێک بووە) دەبێ لە دەوری حەفتا ساڵ یان زیاتر بووبێ، ئەو پیاوخاسەی حەریریش دەبێ دەوری ۳۰ ساڵێک بووبێ و بەشی ئەوەی کردبێ لە تێگەیشتن و فامیندا بەڕادەیەک چووبێتە سەرەوە، شاعیرێکی وەک جامی پێی سەرسام بێ و دوایە لە شیعردا ئاماژەی پێ بدات. گومان لەوەدا نییە مەلای جزیری، عارف و مەتەسەوف و شاعیرێکی باڵادەستی سەردەمی خۆی بووە، بەهەمان شێوەش ئەو چەند ژمارە کەمەی بەرهەمی عەلی حەریری کە بەدەست گەیشتوون بەسن بۆ شایەدیی لێهاتوویی عەلی حەریری لە شیعر و هزردا.

بەپێی ئەم بەراورد و بەرئەنجامانە، دەبێ عەلی حەریری لە دەوری ساڵی ۱٤٤۰ پێشتر پاشتر

بەچەند ساڵێک، لەدایک بووبێ و هاوچەرخی فەرمانڕەواییی شا عەلی بەگ و کوڕەکانی بووبێ، کە سەردەمی گەشانەوەی یەکەمجاری میرایەتیی سۆران لەوێوە دەست پێ دەکات. بەپێی مێژووی میرانی سۆرانی حوسێن حوزنی موکریانی، شا عەلی بەگ لە ژیانی خۆیدا بەڕێوەبردنی میرنشینەکەی بەسەر هەرسێ کوڕەکانیدا دابەش کردووە. پاش مردنیشی، ئەم کوڕانە یەک لە دوای یەکتر دەسەڵاتیان لە شوێنی باوکیاندا بەڕێوە بردووە. میر سەید عەلی یان وەک لەناو خەڵکدا باو بووە میر سەیدی، سێیەم و دوا برا بووە دەسەڵاتی سۆرانی بەدەستەوە گرتووە. ئەو میر سەیدییە بە مێرخاسی و دەستکراوەیی ناسراوە و لەناو خەڵکدا خۆشەویست و جێ متمانە و بڕوا بووە. یەکێک لە مێرخاسییە بەناوبانگەکانی ئەوە بووە، کاتێ میر عیسای برای بەدەستی میر بوداقی بابان کوژراوە، لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بووە تۆڵەی خوێنی برای خۆی بکاتەوە، بەڵام لە بەردەم هێرش و پەلاماری میر بوداقدا بەرگریی پێ نەکراوە و هەڵاتووە. تا دوا جار دەسەڵاتی لە کیس چووە و بەرەو کێوان تێی تەقاندووە. بەڵام "سەیدی" بەردەوام هەر لە بیر و پلانی ئەوەدا بووە میر بوداق بکوژێ و بگەڕێتەوە سەر جێگە و پایەی خۆی، تا ڕۆژێکیان میر بوداقی لەخۆڕازی چووەتە دەشتودەر بەنیازی ڕاو و نێچیروانی، ئیتر بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، بەسەر پارێزی میر سەیدیدا کەوتووە، میر بوداق و تێکڕای پاسەوان و نۆکەرەکانی کوژراون و میر سەیدی هاتووەتەوە سەر دەسەڵات. ئەم مێرخاسییە متمانەی خەڵکی بە میر سەیدی زیاتر کردووە. جگە لەم ڕووداوە، لە سەردەمی میر سەیدیدا ناوچەی سۆران ئارامی و پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە و ژیان لە هەموو ڕوویەکەوە بووژاوەتەوە. ئەم میرە بایەخی بەخوێندەواری و بنکەی ئاینی داوە و زانا و ڕۆشنبیرانی لە خۆی کۆ کردووەتەوە.

دەسەڵاتی میر سەیدی درێژەی هەبووە تا سەر دەمی شەڕی چالدێران و دواتریش. ئەوە بوو لەو شەڕەدا (ساڵی ١٥١٤) عوسمانی بردیانەوە و سەفەوی شکان، ئەمە هەلی بۆ ناوچە کوردنشینەکان ڕەخساند لەم پەڕ تا ئەوپەڕی کوردستان دژی سەفەوی ڕاپەڕن و لە وڵات وەدەریان نێن. میرە کوردەکان هەریەکە و لە ناوچەی خۆیەوە هێرشیان بردە سەر بنکەکانی دەسەڵاتی سەفەوی و ئاڵای دەوڵەتی عوسمانییان بەرز کردەوە. میر سەیدیی لەمەڕ خۆمان، هەولێر و کەرکووک و مووسڵ دەگرێ، کە هەموویان ناوچەی ژێردەستی سەفەوی بوون. ئاشکرایە کورد بەهۆی جیاوازیی مەزهەبەوە کەیفیان بەدەسەڵاتی سەفەوی نەدەهات، ئەمە جگە لە زوڵم و زۆری قزڵباش، کە لە مێژوودا زۆر باس کراوە.

دەگوترێ کەوا میر سەیدی کاتێ گەمارۆی هەولێری داوە، میرەکانی قزڵباش (قزڵباش واتە: کڵاوسوور) نەیانویستووە قەڵا بەدەستەوە بدەن، بەتوندی بەرگری و شەڕیان کردووە. میر سەیدی بۆ ماوەی شەش مانگ قەڵای هەولێری لە گەمارۆ کێشاوە و لەو ماوەیەدا مزگەوتێکی لە بنەپاڵی قەڵادا ڕۆناوە و خێڵانی ئەو ناوەی هان داوە بۆ ئەوەی لە دەوری قەڵادا خانوو دروست بکەن و نیشتەجێ ببن. هەروەها کەرکووک و مووسڵی گرتووە و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا باش بووە. بەمەش

بووە بەمایەی ڕێز و متمانەیان. میر سەیدی لە ساڵی ١٥١٦دا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە و دەوڵەتی سەفەویش دانی پێدا ناوە بەمەرجێ دژی ئەوان پەیمان لەگەڵ کەسدا نەبەستێ و یارمەتیی ناحەزانیان نەدا. ئەم میرە تا ساڵی ١٥٢٥ دەسەڵاتی گێڕاوە و لەو مێژووەدا مردووە.

لە دوای شەڕی چالدێراندا، میرانی کوردستانی ناوەڕاست و باشوور بەئازادی و سەربەخۆیی ژیاون. میرنشینە کوردییەکان هەر بەشێوەیەکی ڕواڵەتی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوونە ئەگەرنا بەسەرفرازیی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردووە و پێوەندییان بەستووە. دوای ئەوەی سوڵتان سلێمانی قانوونی لە ساڵی ١٥٣٤دا بەغدای گرتووە، بە هەولێردا گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و بەدەم ڕێوە ناوچەی سۆرانیشی گرتووە. لە هەولێردا میر عیزەدین شێری میری سۆرانی کوشتووە کە کوڕی میر سەیدی بووە، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی ئەم میرە پێوەندیی لەگەڵ سەفەوییەکاندا گرێ داوە و نامەی لە شا تاهماسبی سەفەوییەوە بۆ هاتووە. سوڵتان سلێمان هەر بەوەندە نەوەستاوە کە میری سۆرانی کوشتووە بگرە فەرمانڕەوایی هەولێریشی لەم بنەماڵەیە ساندووەتەوە و داویەتی بە حوسێن بەگی ئێزیدی و هەریریشی خستووەتە سەر هەولێر، واتە خستوویەتییە ژێر دەستی میری ئێزیدییان. لەبەرئەوەی سەفەوییەکان پێشتر کوشتاریان لە ئێزیدییەکاندا کردووە و سوڵتانی عوسمانی دڵنیا بووە میری ئێزیدی بەم هۆیەوە پێوەندی لەگەڵ شای ئێراندا نابەستێ.

ئەو قسەیە زۆر بەجێیە کە دەڵێ میرانی کورد لە نێوان دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانیدا بەشێوەی هەلپەرستانە ژیاون، ئەمەش هەڵبەت بۆ ئەو ئامانجە بووە تا لەم نێوانەدا ئازادیی خۆیان دەستەبەر بکەن. ڕاستت دەوێ ئەگەر سەیری مێژووی سەردەمانی دوای شەڕی چالدێران بکەی دەبینی، سەپانی دەسەڵاتی عوسمانی لەو ناوچانەی تازە لە ستەمی سەفەوی ڕزگار بووبوون، پرسێکە هەر ڕووی نەداوە. میرنشینە کوردییەکان هەر بەڕواڵەت و زارەکی چووبوونە پاڵ داگیرکەری تازەوە کە عوسمانی بوو، ئەگینا بەکەیفی خۆیان کاروباریان بەڕێوە بردووە و فەرمانیان لە کەس وەرنەگرتووە. بەتایبەتی میرانی سۆران گوێیان بەکەس نەداوە جا چ سەفەوی بێ یان عوسمانی. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە حاجی قادری کۆیی لە شیعردا باسی دەکا و دەڵێ:
"کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون".

وەک گوتمان عەلی حەریری لە سەردەمی یەکەمی گەشانەوەی دەسەڵاتی میرایەتیی سۆراندا، واتە لە سەردەمی شا عەلی بەگ و کوڕانیدا ژیاوە، کە دەبێ لەگەڵ ئەم گەشانەوە سیاسییەدا، شیعر و ئەدەب و ئاوەدانکاریش گەشابنەوە و پەرەیان سەندبێ و خەڵک لە گشت لاوە ڕوویان لەو هەوارە ئاوەدانە کردبێ. وا دیارە شێخ عەلیی لەمەڕ خۆشمان بە جوامێری و نانبدەیی و ئاینپەروەریی میر سەیدی سەرسام و خۆشحاڵ بووە و شیعری بۆ گوتووە و پەسنی داوە:

دلێ مەحزوون کیفارەت بیت
کە ئیمشەب تازە میهمان تێت

بمزگـــــینی بشــــــارەت بیت
کە میهمان جانێ جانان تێت

کـە مـیـهــمـان جانــێ جـانانە
لســەر چەشـمێ مە مـیـهمـانە
بمالا جــــــوملـەیێ خـــــانە
کە شاهێ جوملەیێ خان تێت

وەرە ئەی شــاهـیـدێ شــیـرین
ژ عـیـشـقـا تە دل ئێـخسـیـرین
بجــان مــەنزلگەهێ مــیـــرین
تەڵەبکارن کــە ســولْتــان تێت

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ:

بـفـــــریاد و بـهــــــــاوارە
ژ دەست ئاهـان من ئەو کـارە
مـــــــــە لازم بەنـدەیـێ ژارە
ژ ســـەیدیێ چ فـەرمـان تێت

ســـەیدی حـەق نـەزەر ڤـێـــرا
تە ئیـقلیـمـان عـەلەم گـێـرا
قــەتارا گـــەوهـەران ڤــێـــرا
ژ نیڤ کـانا بەدەخشـان تێت

هێنانی ناوی میر سەیدی دووجار لەم شیعرەدا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی عەلی حەریری هاوچەرخی ئەو بووە. سەرتاپێی ئەم شیعرە رووی دەمی ئاخاوتن لەم میرەیە و باس باسی ژیان و حاڵی ئەو سەردەمەیە. وەک لە سەرەتاوە گوتم ئەگەر وردبوونەوە لە دەقی نووسین و بەراوردکردن لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتیدا بکرایە بە رێبازگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەوا لەمێژ بوو ئەو تەمومژەی گەمارۆی ژیان و ژینگەی عەلی حەریرییان داوە، رەویبوونەوە و شێخ عەلی بایەخ و شوێنی شیاوی خۆی وەرگرتبوو. بۆ نموونە کە دەڵێ "خەراجا ئیسفەهان دیسا، ژ خواجان خالی مان کیسە" ئاشکرایە باس لە زوڵم و خەڵک رووتاندنەوە و باج کۆکردنەوەی قزڵباش دەکات، کە وا دیارە گەیشتووەتە رادەی ئەوەی کیسەی خواجە عەلیشیان خاڵی کردووە.

پرسێکی تریش هەیە سەرنجی ئەوانەی ڕانەکێشاوە، کە لە عەلی حەریری دواون، ئەویش دێرە شیعرە بەناوبانگەکەی حاجییە کە ناوی عەلی حەریری و عەلی بەردەشانیی بەیەکەوە هێناوە و چواندوونی بە شاعیری چاخی جاهیلی و دەستپێکی سەرهەڵدانی ئیسلام: حەسانی کوڕی سابیت.

زانراوە کە حەسان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لەدایک بووە و تا ساڵی ٥٤ی کۆچی ژیاوە. لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، بەشاعیری شانازی و پەسن و پێدا هەڵگوتن بە گەورەپیاو و میرانی سەردەمی خۆی ناسراوە، حەسان بە پاشایانی غەسان و حیرەیدا هەڵگوتووە. مێژوونووسێکی ئەدەبی عەرەبی دەڵێ: کاتێ مرۆڤ بەخۆوە نازینی حەسان دەخوێنێتەوە هەست دەکات ئەم بەخۆوە نازینە لە سینەیەوە دێتە دەر. شاعیر بەچاوی خۆ بەزل زانی و گاڵتە پێکردنەوە سەیری دوژمن و ناحەزانی خۆی کردووە و بەنەڕەی دەنگ گوێی کاس کردوون:

لسانی وسیفی صارمان کلاهما – ویبلغ ما لایبلغ السیف مذودی

واتە: زمان و شمشێرم هەردووکیان تیژن، زمانم بۆ بەرگری دەگاتە ئەو شوێنەی شمشێرم نایگاتێ.

حەسانی کوڕی سابیت لە سەردەمی ئیسلامدا شاعیرێکی ڕێز لێ گیراو بووە و بەشاعیری پێغەمبەرایەتی ناسراوە. پەسنی پێغەمبەری ئیسلامی داوە و بەرگریی لە ئاینەکەی کردووە و پەلاماری قوڕەیشییە ناحەزەکانی داوە. هەروەها حەسان بەخەلیفە و سەحابەکانی پێغەمبەریدا هەڵگوتووە، بەهەمان گەرموگوڕیش لە کۆڕ و جڤاتی بادە و مەینۆشی دواوە.

ئەم پێناسەیە کتومت عەلی حەریریی خۆشمان دەگرێتەوە، ئەگەر مرۆڤ ئەو چەند دەقە کەمەی حەریری بخوێنێتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەراوردەکەی حاجی و چواندنی ئەم شاعیرە بەحەسانی کوڕی سابیت شتێکی زۆر بەجێ بووە. لەبارەی عەلی بەردەشانیشەوە هەمان شت، بەیتی ئاوڕەحمان پاشای بابان زۆر ناسراوە. عەلی بەردەشانی بەم بەیتە ناوداره بۆ پەسنی ئازایەتی و لێهاتوویی ئاوڕەحمان پاشا، یادی خۆی لە یادمانی میللەتەکەیدا تاهەتا نەمر کردووە. دواتر دێینە سەر باسی عەلی بەردەشانی و لەو بەیتە مێژووییەش دەدوێین. بەڵام لێرەدا جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر باس و خواسی عەلی حەریری و خستنەڕووی بەرئەنجامی تاوتوێکردنەکانمان.

وەک گوتمان، دەبێ عەلی حەریری لە دەوری ساڵی ١٤٤٠دا چاوی بەژیان هەڵهێنابێ. بەم پێیە بێ، لە ١٤٧٣دا کە مەولانای جامی بەهەولێر و هەریردا تێ پەڕیوە، عەلی حەریری خوێندەوار و شارەزا بووە و لە جڤاتی ئەم کەڵەڕۆشنبیرەدا، واتە جامی ڕۆنیشتووە. لە سەردەمی گەشە و پێشوەچوونی میرایەتیی سۆراندا، پیاوماقووڵ و ڕۆشنبیرێک بووە پەنجەی بۆ ڕابکێشرێ، لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە سەروبەندی شەڕی چالدێران و تافی فەرمانڕەواییی میر سەیدیدا هێشتا لە ژیاندا بووە، کە دەبێ ئەو کاتە پیر بووبێ و تەمەنی حەفتا زیاتر بووبێ. ئەمەش زۆر

نێزیکە لە راستی، لەبەرئەوەی عەلی حەریری لە دەفتەر و دەستنووسەکاندا بەشێخ عەلی ناوی هاتووە و خۆشی لە هەندێک شیعردا هەر بە شێخ عەلی خۆی پێشکێش کردووە.

ئەمەی خوارەوە چەند دەقێکی شیعری عەلی حەریرییە:

دلێ مەحزوون کیفارەت بیت (٣)
کە ئیمشەب تازە میهمان تێت
بمزگینی بشارەت بیت
کە میهمان جانێ جانان تێت

کە میهمان جانێ جانانە
لسەر چەشمێ مە میهمانە
بمالا جوملەیی خانە
کە شاهێ جوملەیێ خان تێت

وەرە ئەی شاهیدێ شیرین
ژ عیشقا تە دل ئێخسیرین
بجان مەنزلگەهێ میرین
تەڵەبکارن کە سوڵتان تێت

تەڵەبکارین دڵئارائیم
مە دێم یاریم بوی شائیم
لبەژنا عەرعەرین دائیم
سیەه مار لێ بجەولان تێت

سیەه ماران کرە سەیران
کو خاس و عام ببوون حەیران
لجۆتێ شوبهەتێ جەیران
لجەیران عەنبەر ئەفشان تێت

(٣) ئەم شیعرە بۆ جاری یەکەم عەبدورەقیب یووسف بڵاوی کردووەتەوە. بڕوانە: دیوانا کرمانجی، ساڵی ١٩٧٠ و محەمەد عەلی قەرەداغیش لە ساڵی ١٩٩٤دا لە کۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٣٤دا هەمان شیعری بڵاو کردووەتەوە و چەند کۆپلەیەکی زیادەی خستووەتە سەر.

دوو زلفێت عەنبەر ئەفشانن
دوو لەعلێت شەکەرستانن
عەقیق و دورٍ و مەرجانن
لحەوزان ئابێ حەیوان تێت

عەجێب برکە مراری تێ
لسەدێ قەوسێ تاری تێ
سیەه پەنجین خوماری تێ
ژ مەخمووران دوو ئەسڵان تێت

ژ مەخمووران تو مەخمۆری
بجێ هشت عەقرەبا ژۆری
تەوافا بەیتێ مەعۆری
لبورجان خوین بسەیران تێت

عەقارب هات و بێحەد هات
لوێ برجێ زەبەرجەد هات
ڤەبالا قەوسێ ئەسوەد هات
لتەلەب ماهێ تابان تێت

لهەیڤا کەوچەرین کامیل
ڤە ئەهلانرٍا نەهێشتن دل
وە جوملەدا سەفێن سونبول
لهنداڤێ گولستان تێت

گولستانا خودا رٍستە
لچار ئەتراف دلان خوەستە
بنەفش و نێرگزا مەستە
جنەسرێ لەعل و رەیحان تێت

رەیاحین سەوسەن و وەردن
وەرستێ ئەحمەر و زەردن

لشێخ عەلیێ غەریب فەردن
هەرۆ سەد جار دئەفغان تێت

ژ ئەفغانان نەمایم تێر
ببینە شەڕ دوو ئەسلەح دێر
دوعاگۆیێ تو ئەز بێ ڤێر
حەتتا ڤی قاسدێ جان تێت

ببینە روو شەمالینێ
وەرە هنداڤێ بالینێ
ژ دەست ئاهان و نالینێ
چ ڕەنگ فەریاد ژ عەسمان تێت

بفەریاد و بهاوارە
ژ دەست ئاهان من ئەو کارە
مەلازم بەندەیێ ژارە
ژ سەیدیێ چ فەرمان تێت

سەیدی حەق نەزەر ڤێرا
تە ئیقلیمان عەلەم گێڕا
قەتارا گەوهەران ڤێڕا
ژ نیڤ کانا بەدەخشان تێت

بەدەخشانان کو گەوهەردا
بقەنتار نەختیان زەر دا
دەلالەت دینێ ئەکبەردا
ژ ئیقلیمێ هیندستان تێت

خەراج کر کیشوەرێ هیندی
لکەشمیر چاڤرەشێ جندی
لەحبووسا سەمەرقەندی
هزار رەنگ توحفەیێ ئیحسان تێت

هزار رەنگ توحفەیێ نادر
هەر سال ژ نوو بکن حازر
...........................
ژ تەبریز و خوراسان تێت

خەراجا ئیسفەهان دیسا
ژ خواجان خالی مان کیسە
ژ بۆ شوخاک و بلقیسە
قوماشێ کەز بتوومان تێت

قوماشێ کەز بسەد زێری
لبەر بەژنا پەری چێهری
خەبەر چوو حاکمێ ژێری
لرێ و بار بسەیران تێت

دوورە دێهان حەریر قەومە
ژ زیڤ و زێر کرە کۆمە
خەبەر چوو حاکمێ رۆمە
یەک...ی خەرجیان تێت

ئەمرێ وی هات ژ خوندکاری
لرۆمی حوکمێ کر جاری
خودا جازەنگیان باری
لمصریێد متاوان تێت

لحەلەب شووشەیێ دەند تێت
تگەل ئابا فەرەحمەند تێت
.........................
لبۆ شاهی دشاهان تێت

حەریری گەر چە حەیرانە
لەدحێ تە شەش ئەزمانە

دوعاگۆ و سەناخوانە
حەتتا ڤی قاسدێ جان تێت

تو شاهی جوملەیێ شاهی
بحەقێ ئیسمێ ئەڵڵاهی
نەکی مەنعەم لدەرگاهی
کو ئەو مەجنوونێ ئاسان تێت

***

(٤) هەچی شێخ و مریدان گۆ
دبێژم قەت وەناکم ئەز
ئەگەر روحم(٥) دکن غارەت
ژ بادێ تۆبە ناکم ئەز

بلا ساقی مەیێ بینی
بنۆشم ئەز وەیارانڕا
دکەربێ جوملێ سالۆسان
دەرێ کووپان رەوان کم ئەز

هەچی شەملەک لسەرپێچا
لاچک و لفکە لێ بەردا
ئەگەر سنگێ دخۆ راکە
دبێ ساحیب سیواکم ئەز

مەکن باوەڕ بسەر کەسکان
ئەگەر شاشی لنوورێ بی

---

(٤) ئەم پارچەیە تەنیا محەمەد قەرەداغی بڵاوی کردووەتەوە. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو. تێبینی: م. قەرەداغی دەقی دەستنووسەکانی وەک خۆیان ڕوونووس کردووە و من بەگوێرەی توانا هێناومەتە سەر رێنووسی نوێی کوردی. هەڵبەت زۆر جێگە هەن لێکۆڵینەوەی زیاتریان دەوێت تا دەقەکە رێنووسێکی رێکوپێک وەربگرێت.

(٥) ئەم جۆرە دەربڕینانە: ئەگەر روحم دکن غارەت، یان لە شیعرەکانی دواتردا: سەد روح و جانم بن فیدا، یان: مەمسۆژە دل، هەروەها زۆری تریش لە شیعری عەلی حەریریدا، دەربڕینی زاراوەی کرمانجیی خواروون. نازانرێ ئەمە کاری خۆی بووە یان دەسکاریی نووسەرەوەی شیعرەکان بووە.

دگەل کزبێ دبت کافر
دبێژی ئەسڵێ پاکم ئەز

بسەر کەسکان مەکن باوەڕ
د جەهلێدا دبن کافر
دبێ ئەز شێخێ سەنعانم
بجارەک قوتبێ چاکم ئەز

هەچی سەر کەسکێ دبێن
هوون بسوادی سەرێ ژاکە
ئەگەر وارس دکن دەعوا
جەوابێ دێ ئەدا کم ئەز

ئەوێ شیرێ سەقا کردی
لدەست دگرم لمەیدانێ
بسەر کەسکان دجەڕبینم
عەلی ژێک دی غەزاکەم ئەز

***

(٦) دیسان ژ نوو عیشقا بەرێ
پر ئەندەروونم ئاتەشە
زلفا مزەیین عەنبەری
دەعوا تگەل خالا رەشە

خالا لدێمێ دلرەڤە
سەد روح و جانم بن فیدا
سۆتم گەلۆ چوم تێ نەما
تەرکم کرن عەقل و هەشە

عەقل و هەشم بوون ئەسیر
دنیا کو گەهگەه تێتە بیر

(٦) ئەم شیعرە عەبدوڕەقیب یووسف و محەمەد عەلی قەرەداغی هەردووکیان بڵاویان کردووەتەوە. بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو.

دێم شبهەتێ بەدرا مونیر
زلفا ژ وەردێ بین خوەشە

وەردان ژنیڤ زلفان دەرین
شوعلا بنەفشێ تێ وەرین
بالاّ وو قەددا عەرعەرین
هەژیان لسەر مارێ رەشە

دیسان کو حەی تێت و تچیت
ئەحیایێ ئەمواتان تبیت
وەجهان مودام نوور ژێ تچیت
دێم شبهەتێ شەمعا گەشە

شەمعا شەبستانان ئەوە
وەردا گولستانان ئەوە
سەرتەیێ بستانان ئەوە
شۆخا حەریرێ دلگەشە

عەجێب لەتیف وجندییە
ئەزمان نزان و رۆمییە
ئاگەه ژ عشقبازان نییە
مەست و خومار و سەرخوەشە

سەرخوەشا جامێ شەربەتێ
دێم شبهێ شەمعا زلّمەتێ
حۆرییا تباغێ جەننەتێ
سەردارێ چەندێن مەهوەشە

مەهوەش کو وەستان سەف بسەف
ئەو هاتەدەر مصری تکەف
وان گۆت عەلییۆ لا تخەف
مە پەمرنێ قەوی خوەشە

***

(٧) گەر ون ببینن ناریٚ عیشق
تێن و لبۆم زاری دکن
هەر کەس بزانە حالیٚ عیشق
بەخیل و دشواری دکن

بحالیٚ عیشق بەخیل دبن
هەر دەم بدەم زەلیل دبن
بیٚ راھ و بیٚ دەلیل دبن
هەر کەسیٚ غەمخواری دکن

هون بار بکن غەمیٚ دزۆر
لحەسرەتا وەردیٚ دسۆر
چاویٚ درەش بسکیٚ لژۆر
هەنی ژ بەر تاری دکن

هەنی شەریف زلف تێن لسەر
رەنگین دبن شەمس و قەمەر
رەشمار لجسمیٚ تێنە دەر
ژ عەرعەران یاری دکن

خوەش عەرعەر و شمشادە قەد
مەمسۆژە دل دەست بکەبەد
داد و مەدەد داد و مەدەد
چاوان چە خوماری دکن

جۆتی خومار ئەز بووم هەدەف
تەفسیر دکن سونعیٚ سەدەف
رۆژا عەمەل هەر چار تەرەف
بمیسکیٚ تاتاری دکن

(٧) ئەم شیعرە تەنیا محەمەد عەلی قەرەداغی بڵاوی کردووەتەوە. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

بسکێ لرۆژێ کرنە کۆم
جامێ مەیی هینا لبۆم
ئەوی دکر لازم ڤەخۆم
مەستی ژ من جاری دکن

مەستێ شەرابێ قەند لەبیم
ئەسیرێ بادێ وێ شەبیم
گەر وەسفێ هەندێ ئەز ببیم
هون تەرکێ هۆشیاری دکن

هۆشم چووین مایم بێ هۆش
هەردەم بدەم لەو تێمە جۆش
میران قەوی زەوق و خرۆش
پیشەیێ خوندکاری دکن

پیشەیێ وان دان و کەرەم
مەزیدێ عیشقێ دەم بدەم
خدمەت دکن کورد و عەجەم
بنەقشێ جەبباری دکن

نەقش و نیگارێ ناقشان
سەفێ دیوانێ چاوشان
هەی هەی لجۆتێ پادشان
عەجەب چ سەرداری دکن

سەردارێ شاهێ رەونەقان
موعجیزێ رەمزێ ئەبلەقان
عەلیۆ مەبێژ ئەحمەقان
بازارێ ئینکاری دکن

***

هەواڵنامەی کتێب

[8] مەحبووبێ دەستێ عاشق، سوڵتان محەمەد مستەفا
مەعشووقێ عیشقێ عاشق، سوڵتان محەمەد مستەفا
عاشق لدینێ ئەکبەر،.........
نازک سوارێ مەحشەری، سوڵتان محەمەد مستەفا
رۆژا حسێب و وەحشەتێ، قەد کەسی چاڤێ هلنەتێ
بەستە دحینێ روخسەتێ، سوڵتان محەمەد مستەفا
بەستە دحەق داخواز دکا، ئەز عیشقێ ئەو پەرواز دکا
گەھ گەھ نیازگەھ ناز دکا، سوڵتان محەمەد مستەفا
نازدارێ حەیی قادرە، تەحقیق نەبیی ئاخرە
کەوی کەمالاتی برە، سوڵتان محەمەد مستەفا
حەدێ کەمالی قەنج بدید، زدێ بەتاڵی قەنج بدید
حوببێ ویسالی قەنج بدید، سوڵتان محەمەد مستەفا
زانت خۆ نووحێ چ لێ هات، لەو بوو لتۆفانێ نەجات
دایم لدل قەد دەر نەتات، سوڵتان محەمەد مستەفا
نارێ خەلیلێ کردگار، لەوبوو ئەم مێرگ و مێرغوزار
دایم ددل گرتبوو قەرار، سوڵتان محەمەد مستەفا
یووسف بران ئاڤێتە بیر، لەو برە میسرێ کردە میر
هەر بوود لیسان و زەمیر، سوڵتان محەمەد مستەفا
یووسف کو ماسی خوار و چوو، لەو هاتەدەر سالم گەلۆ
دایم ددل ئەو چپە دگۆ، سوڵتان محەمەد مستەفا
خەلقۆ یەقینە ئەو خەبەر، بەحرا مووسای لەوبوو بەکەر
دایم لدل قەت ناتە دەر، سوڵتان محەمەد مستەفا
دل پاشی حەقێ ئەو کافی، دەرمانێ دەردێ شافی
جوملە بنوورێ سافی، سوڵتان محەمەد مستەفا
نوورێ ئەرزێ ئەفلاکتن، درەفێ ئەو لەولاکتن
نەبی ژ ئەسڵێ پاکتن، سوڵتان محەمەد مستەفا
ببێ وەفا کردییە نەسەق، وێرە ژ هەم دەرسان سەبەق
هەر چ کەسێ ناسییە بحەق، سوڵتان محەمەد مستەفا

(٨) ئەم شیعرە محەمەد عەلی قەرەداغی بڵاوی کردووەتەوە. بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە. بەرگی سێیەم. بەغدا ٢٠٠٠ لاپەڕە ٣٦٠–٣٦١.

هەر چ کەسێ یارێ وییە، وداد ل رارییێ وییە
باوک تکادارێ وییە، سولتان محەمەد مستەفا
باوک یەقین فیراشێ تو، خوەش یار و خوەش ئەلداشێ تو
رووحێ عەلی شاباشێ تو، سولتان محەمەد مستەفا

پرسیارێکی تر کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، ئەوەیە دەبێ ئاخۆ عەلی حەریری، کە بەزاراوەی کرمانجیی سەروو شیعری نووسیوە چۆن گەیشتووەتە حەریر، کە دانیشتوانەکەی بەکرماجیی خواروو دەدوێن؟ هەرچەندە خەڵکی هەریر شوێنەواری کرمانجیی سەروو بەسەر ئاخاوتنیانەوە دیارە جا بەهۆی نێزیکی و تێکەڵی بێ یان بە هەر هۆیەکی ترەوە، بەڵام ئاخاوتنیان لە کرمانجیی خواروو نێزیکترە وەک لە سەروو. وێڕای ئەمە ئەو دیالەکتەی حەریری شیعری پێ نووسیوە جیایە لە ئاخاوتنی کرمانجیی سەرووی خەڵکی دەڤەری بادینان. ئەو دەڤەرە هەرچەندە تا بنەی هەریر درێژ بووەتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین عەلی حەریری بادینی بووە لەبەرئەوەی شێوەی نووسینی جیاوازە.

بەلای منەوە وەڵامی ئەم پرسیارە هێندە سەخت نییە، جاران لەناو کوردستاندا کۆچ و گەڕانی خەڵک و گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر زۆر ئاسایی بووە. گەلێک هۆی وەک گرانی و نەهاتی و قاتوقڕی، یان کێشە و بەرەی ناوخێلان، یان لێقەومانی بنەماڵەیەک بووە بەهاندەر بۆ ئەوەی ناوچەکەیان بەر بدەن و بچن لە شوێنێکی تردا بگیرسێنەوە. میر و سەرۆک خێلانی کوردیش هەردەم باوەشیان کراوە بووە بۆ ئەم جۆرە بارودۆخە و داڵدەی لێقەوماوانیان داوە. بەتایبەتیش ئەم ناوچەیەی رەواندز و هەریر و شەقلاوە باوەشێک بووە بۆ ئەوانەی لە باکوری کوردستانەوە بەهەر هۆیەک بێت رەویان کردووە بەرەو خواروو. تەنانەت دیار نییە ئاخۆ بنەماڵەی میرانی سۆران خۆیانیش لە کوێوە هاتوون، لە باکورەوە یان لە ڕۆهەلاتی کوردستانەوە. هەرچەندە قسەی بێ سەروبەر لەبارەی بنەچەکەیانەوە زۆرە، وەک ئەوەی کەلۆسی باپیرە گەورەیان عەرەب بووە، بەلای منەوە بەهیچ بارێک رێی تێ ناچێ عەرەبێکی پێ پەتی لە بەغداوە بێت و لە کوردستاندا دەسەلاتێکی وا پەیدا بکات بتوانێ میرایەتی دابمەزرێنێ.

لەبارەی هاتنی کوردی باکورەوە بۆ نیشتەجێ بوون لە دەڤەری سۆراندا، چەند نموونەیەکی بەرچاو لە مێژوودا هەیە، دیارترینیان: دوای شکانی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری لە ساڵی ١٨٨١دا، بەشێک لە پاشماوەی شۆڕشگێڕانی ئەو شۆڕشە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە و تا ئێستەش ماون، ئەمانە پێیان دەگوترێ مهاجیر. هەروەها بەشێک لە دانیشتوانی بەردەڕەش و گوندەکانی دەوری کە ٦٥ کیلۆمەتر لە باکوری رۆئاوای هەولێرە، خۆیان بە بۆتانی پێشان دەدەن.

بۆ پرسی عەلی حەریری، رەنگە چیرۆکی هاتنی بنەماڵەی ئەوانیش بۆ هەریر جۆرێک بووبێ لەو بەسەرهاتانەی بەدرێژاییی مێژوو لە کوردستاندا روویان داوە. دووریش نییە باوکی ئەو مەلایەک

بووبێ و هاتبێ لەم شارەدا مەلایەتیی کردبێ، یان یەکێک لە میرانی سۆران با بڵێین شا عەلی بەگ، باوکی عەلی حەریریی هێنابێ بۆ هەریر، وەک لەو سەردەمانەدا باو بووە میر و براگەورە، مەلا و زانا و ڕۆشنبیرانیان لە دەوری خۆیاندا کۆ دەکردەوە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئەگەر عەلی حەریری یان باوکی ئەو لە شوێنێکی ترەوە هاتبێ بۆ ئەم شوێنە، بۆچی ناوی شوێنە کۆنەکەی نەکردووە بەنازناو و شۆرەتی خۆی وەک لەناو کورددا باوە؟ وەک دەبینین خەڵکی کوردەواری زیاتر شانازی بەزێدی رابردوویانەوە دەکەن نەک زێدی تازەیان. بەڵام بەلای منەوە عەلی حەریری چ لە هەریر لەدایک بووبێ یان بەبچووکی هاتبێتە ئەوێ، ئەوە ئاساییە نازناوی حەریر بۆ خۆی هەڵبژێرێ، لەبەرئەوەی ئەو کاتە هەریر ناوەندێکی گرینگ بووە لە چاو رۆژگاری خۆیدا و پایەتەختی میرنشینێکی بەهێز بووە. عەلیش وەک ڕۆشنبیرێک هەستی بەگرینگیی ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییە کردووە و شانازیی پێوە کردووە و بەرگریی لێ کردووە وەک لە شیعرکانیدا دەبینرێ. وەک دیارە میرانی سۆرانیش ڕێزیان لێی گرتووە و خۆشیان ویستووە. بێگومان عەلی هەر کوێی تری بکردایە بەنازناو و شۆرەتی خۆی، ئەوەندەی حەریر بایەخی نەدەبوو لەو سەردەمەدا . نەک هەر ئەو، کەسی تریش هەن لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە یان دوای ئەو سەردەمە، حەریریان کردووە بەناونیشانی خۆیان لە کاتێکدا رەنگە لە گوندەکانی دەوروپشت یان دووریشەوە هاتبن و خۆیان بەڕەچەڵەک هەریری نەبن. دواتر باسی ئەوانیش لەو نووسینەدا دێت. بەم بۆنەیەوە، هەر ئەو مەولانا عەبدوڕەحمانی جامییەی لەمەوپێش باسمان کرد، بنەماڵەکەی لە ناوچەی دەشتی ئەسفەهانەوە چوونەتە ناوچەی جام لە ڕۆهەڵاتی ئێران و مەولانا لەوێ هاتووەتە دنیاوە. خۆی گوتوویەتی لە جام لە دایک بووم بۆیە ئەو ناوەم کردووە بەپاشناوی خۆم.

وەک گوتمان هەریر لە شوێنێکدا هەڵکەوتووە، سنووری دابڕی سۆرانە لە بادینان. خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەک دەدوێن کرمانجیی خوارووە، بەڵام کاریگەریی دیالەکتی سەروو بەسەر ئاخاوتنیانەوە دیار و بەرچاوە. دوور نییە ئەو سەردەمە میرانی سۆران بایەخی زیاتریان دابێ بەئەدەبیاتی کرمانجیی سەروو نەک ئەدەبیاتی خواروو. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە ئەو سەردەمە ئەدەبیات بەزاراوەی کرمانجیی خواروو نووسرابێ. بێجگە لەمە تا ئەم چەند دەیەی دواییش لاوک و ستران و لاوژەی ناوچەی هەولێر بەچیا و دەشتەوە، هەر بەکرمانجیی سەروو بووە. کاوێس ئاغای بەناوبانگ بەشێوەی کرمانجیی سەروو لاوکە مێژوویی و ئەوینییەکانی خۆی چڕیوە لە کاتێکدا خۆی سەر بە زاراوەی کرمانجیی خوارووە، زۆری تریش وەک کاوێس ئاغا هەیە لەم ناوچەیەدا .

تا دەگاتە سەرەتای حەفتاکانیش لە گوندەکانی دەوروپشتی هەولێر، لە کۆڕ و جڤاتی پیاوانی ناوسەرە و ماقووڵدا ستران و لاوک بەکرمانجیی سەروو بوو، شتێک بە کرمانجیی خواروو واتە سۆرانی لە ئارادا نەبوو. دواتر گۆرانی و بەستەی کرمانجیی خواروو بەهۆی رادیۆوە لەناو گەنجاندا باویان پەیدا کرد. دەمی منداڵیم لە بیرە، کە شایی و هەڵپەڕینی لاوانی گوندەکەمان

لەسەر ئاوازی: "هەی پێدا پێدا تەمۆ لاوۆ پێدا"، بوو. بەکورتی ئەم ناوچەی هەولێرە لە ڕەواندزەوە تا دەگات بەدەشتی قەراج، زیاتر لەژێر تین و تاوی کولتووری کرمانجیی سەروودا بووە هەرچەندە زمانی ئاخاوتن کرمانجیی خواروو بووە. ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵاویی بەردەوام و مێژوویی لە نێوان خەڵکی کوردستاندا.

هەڵکەوتی شارۆکەی هەریر لە ڕووی زمانی ئاخاوتنەوە، بەجۆرێکە لە هەردوو دیالەکتەکەوە نێزیکە. لە بەرێکیەوە خەڵکەکە بە سۆرانی دەدوێن و لە بەرەکەی تردا بە بادینانی. ئەمەش وەک گوتمان زیانی بۆ ناوبانگ و مانەوەی بەرهەمی عەلی حەریری هەبووە، یان وەک زاراوەی کوردی دەڵێ لە هەردوو جەژنانی کردووە. بەخوێندنەوەی دەستنووسەکاندا دەردەکەوێ، هەندێک جار کاریگەریی دیالەکتی خواروو بەسەر شیعرەکانیەوە دیارە و هەندێک جاریش دیالەکتی سەروو (بادینان)، ئەمەش بەڵگەیە کە نووسەرەوەی ئەم دەقانە لە خەڵکی هەردوو بەرەکەدا بوونە.

ئەم بارە سەر لێ شێوانێکی تریشی دروست کردووە، ئەویش ئەوەیە لە دەستنووسە کۆنەکاندا عەلی عاشق ناوێکیش ناوی هاتووە و زۆرجار لەگەڵ عەلی حەریریدا بەرهەمیان تێکەڵ بووە. بەرهەمی شاعیرانی کورد زۆرجار لەلایەن نووسەرەوەکانیان تێکەڵ بەیەکتر کراون، بەڵام بۆ عەلی حەریری و عەلی عاشق ئاڵۆزییەکی ناوەتەوە بەجۆرێک هەردوو کەسەکەش کراون بەیەک. لێرەدا حەز دەکەم هەندێک جیاوازی بەبۆچوونی خۆم لەبارەی عەلی حەریری و عەلی عاشقەوە دیاری بکەم:

یەکەم: وەک لە پێشەوە بۆمان دەرکەوت، عەلی حەریری بە دیالەکتی کرمانجیی سەروو (شێوازی کوردستانی باکور، یان بۆتانی) شیعری نووسیوە، بەڵام عەلی عاشق بەگوێرەی ئەو شیعرانەی بەزارگوت ماونەتەوە یان لە دەفتەرە کۆنەکاندا تۆمار کراون، بەشێوەزاری موکریانی شیعری گوتووە، کە ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە لە یەکتر جیان. جگە لەمە، نە لە سەردەمی کۆن و نە لە سەردەمی تازەدا کەسێکمان نەبینی لە ڕۆشنبیرانی کورد ئاوا سەردەست بێ بەسەر ئەم دوو دیالەکتەدا و بەڕەوانی شیعریان پێ بنووسێ، وەک چۆن ئەم دوو عەلییە وا بەسەر دیالەکتەکانی خۆیاندا زاڵن، تاوەکو بڵێین هەردووکیان یەک عەلی بوونە.

دووەم: وەک دەرکەوت عەلی حەریری پیاوێکی ماقووڵ و خوێندەوارێکی سەردەمی خۆی بووە، کە بەشێخ عەلی ناوی هاتووە. لە کاتێکدا نازناوی عاشق زیاتر بۆ شاعیرێکی کەم خوێندەواری گەلێری دەگونجێ، کە شیعرەکانی بەسەر زاری خەڵکەوە بن. باوەڕ ناکەم شیعری عەلی حەریری لە هیچ سەردەمێکدا لە ناوچەی حەریر و ڕۆهەڵات و ڕۆئاوایدا بووبن بە ویردی سەر زار، لەبەرئەوەی پڕن لە وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی. شاعیرانی لە جۆری عەلی عاشق لەناو کورددا شایەریان پێ گوتراوە نەک شاعیر، هەرچەندە ئەگەر بڕێک خوێندەواریشیان هەبووبێ. عەلی بەردەشانیش هەر شایەرە و بەرهەمەکانی بەسەر زارانەوە بووە نەک نووسراوە.

سێیەم: عەلی حەریری لە عەلی عاشق کۆنترە و لە سەدەی پازدەیەم و شازدەیەمدا ژیاوە، لە

کاتێکدا بەگوێرەی هەندێک بەڵگە دەبێ عەلی عاشق زۆر لە دوای ئەو مێژووەدا بووبێ. بەپێی هەندێک کۆڵینەوە دەردەکەوێ کە عەلی عاشق لە سەردەمی میر سلێمان بەگ و لە دوا چواریەکی سەدەی شازدەیەمدا ژیابێ، واتە سەدەیەکیان بەینە. پاشان زیاتر بەدوای ئەم بابەتەدا دەڕۆین و لێی دەدوێین.

وەک دیارە لەناو کورددا عەلی ناو زۆر بوونە، ئێستەش عەلی زۆرن. جا هەر عەلییەک ناوی هاتبێ گوتوویانە ئەمەش عەلی حەریرییە. نەک تەنیا لە سەردەمە کۆنەکاندا ئەمە ساغ نەکراوەتەوە، بگرە ئێستەش وایە. محەمەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا، باسی عەلی حەریرییەکی تر دەکات کە لە دەستنووسە کوردییە کۆنەکاندا ناوی بە (علی بن محمد السورچی الحریری مولدا، العلوی نسبا) هاتووە، واتە لە ناوچەی حەریر لەدایک بووە، ئەم عەلییە لە ساڵی ١٠٧٤ک (١٦٦٣ ـ ١٦٦٤ز)دا لە ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی رۆهەڵات مامۆستا بووە و قوتابخانەی خۆی هەبووە. جگە لەمە، دەڵێ بەگوێرەی ئەوەی لە دەستنووسەکاندا هاتووە، دەردەکەوێ ئەم مەلا عەلییەی دوایی جگە لە نووسینی پەڕاوێز بەسەر هەندێک کتێبەوە بەئیمزای: سوورچی، دانراویشی هەبووە بەڵام نازانین دانراوەکانی چەند بوون و چییان بەسەر هاتووە.

مامۆستا قەرەداغی ئەوەش دەڵێ کە ئەم مەلا عەلییە کوڕێکی هەبووە بەناوی مەلا هەمزە و لە دەستنووسەکاندا بە مەولانا هەمزەی کوڕی مەولانا عەلی ناوی هاتووە، کە وا دیارە خۆی و باوکی دوو زانای گەورەی سەردەمی خۆیان بوون و تا ساڵی ١١١٠ک ( ١٦٩٨ ـ ١٦٩٩) لە ژیاندا بوونە. م. قەرەداغی پرسیارێکیش دەکات و دەڵێ: ئاخۆ دەبێ ئەم عەلییە کە بەرهەمیی فارسیی لە کەشکۆڵێکدا هەیە، عەلی حەریری نەبێت؟ قەرەداغی لە زۆر جێگەی تریشدا نووسیویەتی: من پێم وایە عەلی حەریری و عەلی عاشق هەر یەک کەسن. ناهەقیشی نەبووە لەبەرئەوەی لە تۆمارەکاندا ئەم دوو ناوە و بەرهەمەکانیان بەجۆرێکی خراپ تێکەڵ بەیەکتر کراون.

مامۆستا عەبدوڕەقیب یووسفیش لە کتێبی دیوانی کرمانجیدا باسی کەسێک دەکات بەناوی شێخ ئەحمەدی کوڕی عەلی حەریری، کە باوکی خەڵکی باژێڕی هەریر بووە و چووە لە شام لە گوندێکی نێزیکی دیمەشق بەناوی گوندی "عەسال" نیشتەجێ بووە. ئەحمەد لەم گوندەدا لەدایک بووە و پاشان خوێندوویەتی و بووە ڕۆشنبیر و ناوبانگی دەرکردووە. ئەم شێخ ئەحمەدی حەریرییە لە ساڵی ١٦٣٨دا مردووە. م. عەبدوڕەقیب دەڵێ: لەلای من زۆر نێزیکە ئەم عەلی حەریرییەی باوکی شێخ ئەحمەد، عەلی حەریریی شاعیر بێت. کەواتە بەم پێیە بێت، دەبێ هەر عەلییەکی ناوچەی حەریر، ڕۆشنبیرییەکی هەبووبێ و لە هەر سەردەمێکیشدا ژیابێ، عەلی حەریریی شاعیر بێت؟ ئەمە کارەساتی بیر و بۆچوونی بێ بەڵگە و قسە دەرپەڕاندن بە هەوای نەفس.

وەک گوتم مەلا عەلی و شێخ عەلی لەناو کورددا زۆرن، بەڵام بێگومان ناشێ ئەوانەی زاگەیان لە هەریر بووە یان نازناوی حەریرییان هەبووە هەموویان هەر عەلی حەریریی شاعیری بەناوبانگ بن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: باشە بۆچی ئەم عەلییانە شاری هەریریان بەجێ هێشتووە لە کاتێکدا ئەو شارە وەک گوتمان ناوەندی دەسەڵاتی کوردی بووە، یان وەک لە پێشەوە باسمان کرد، لە رووی سەربەخۆیی دەسەڵات و هەبوونی بنکەی ئاینی و زانیاری و رۆشنبیرییەوە ناوچەیەکی گەشاوە بووە؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەڵێم کۆچکردنی ئەم عەلییانە و دەرچوونیان لە هەریر و مردنیان لە وڵاتانی تردا، جا لەناو کوردستان بێ یان دەرەوەیدا، ئەو راستییەمان تەواو بۆ بەهێزتر دەکات کەوا ئەو گۆڕەی ئێستا لە هەریرە، دەبێ گۆڕی عەلی حەریریی شاعیر بێ، دەماودەمیش وا هاتووە کە گۆڕی ئەوە، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە عەلی حەریری لە سەردەمی جێگیری و تەناهیدا لەم شارەدا ژیاوە نەک لە سەردەمی ئاڵۆزی و پەشێویدا.

هۆی کۆچکردنی رۆشنبیر و زانایان لە حەریر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەشێوییەی لەساڵی ١٥٣٥ بەدواوە روویان لەو ناوچەیە کرد. وەک گوتمان لەو ساڵەدا عیزەدین شێری کوڕی میر سەید عەلی لەلایەن سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە کوژرا و ناوچەکەی درا بە حوسێن بەگی داسنی، کە پیاوێکی ستەمکار بووە. حوسێن بەگ جگە لە ستەمکارییەکەی، خەڵکی ناوچەکە پێیان خۆش نەبووە ئێزیدییەک باڵادەستی سەریان بێت، لەبەرئەوە سکاڵایەکیان نووسیوە و داویانەتە دەست شاندێکی گەورەپیاوان تا بیبەن بۆ ئەستەنبوڵ، شاندەکە ژمارەیەک لە کەڵەزانایانی ئەو دەمەی عێراقی گرتووەتە خۆ، لەوانە مەولانا شێخ شەرەفەدینی نەقشبەندی و مەولانا سەیفەدینی سەهرەوەردی و چوار کەسی تر کە هەموویان کەڵەزانا و ماقووڵی ئەو سەردەمە بوونە، بەڵام سوڵتانی عوسمانی هەموو ئەندامانی شاندەکەی کوشتووە. وا پێ دەچێ سوڵتان لە فرەوانبوونی دەسەڵاتی میرانی سۆران ترساوە و ویستوویەتی بەهەر شێوەیەک بێت لەناویان ببات یان هەلی هەڵسانەوەیان پێ نەدات.

ئەو میر عیزەدین شێرەی باسمان کرد کە سوڵتانی عوسمانی کوشتی، پیاوێکی لێهاتوو بووە لە بەڕێوەبردنی کاروباردا. بڕیاری کارەکانی خۆی دوای وەرگرتنی پەسندایەتیی ئەنجوومەنێکی راوێژکار جێبەجێ کردووە. لە میرنشینەکەیدا کاری ئاوەدانکردنەوەی کردووە، لەوانە: دەزگای خێرخوازیی داناوە، گومەزی نەبی یونسی لە مووسڵ نوێ کردووەتەوە، لە رۆژهەڵاتی هەولێردا دوو مزگەوتی بنیات ناوە و قوتابخانەیەکی خوێندنی قورئانی کردووەتەوە و لە مووسڵەوە مامۆستای بۆ هێناوە. بایەخی بە فرەوانکردنی شاری کەرکووک داوە و سێ مزگەوت و قوتابخانەیەکی زانستیی تێدا رۆناوە. هەموو ئەو کاروبارانە و گەلێکی تریش نیشانەی ئەوەن، کە لە سەردەمی میر عیزەدین شێردا، وەک درێژەی سەردەمی میر سەیدیی باوکی، ناوچەی دەسەڵاتی سۆرانییەکان ناوچەیەکی بووژاوە بووە و مەکۆی زانا و رۆشنبیر و شاعیران بووە، بەڵام دوای بەسەرچوونی ئەو چاخە زێڕینە، بارودۆخی زانست و رۆشنبیری شێلوو بووە و زانا و رۆشنبیران لەم دەڤەرە دوور کەوتوونەتەوە.

دوای میر عیزەدین، سەیفەدینی برازای لە سماقوولییەوە لە دژی حوسێن بەگی ئێزیدی ڕاپەڕیوە و ناوچەی هەریری لێ ستاندووەتەوە. میری ئێزیدی لە مووسڵەوە یارمەتیی بۆ هاتووە و لەشکری سەیفەدینی شکاندووە و جارێکی تر دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووەتەوە. ئێزیدییەکان کوشتار و وێرانکارییەکی بێ رادەیان لە ئاست دانیشتوانی سۆراندا کردووە. میر سەیفەدین ناچار رای کردووە و پەنای بردووەتە بەر میر بێگە بەگی ئەردەڵان و داوای یارمەتیی لێ کردووە. بێگە بەگ لە ترسی تووڕەبوونی سوڵتان نەیوێراوە یارمەتیی بدات بۆیە میر سەیفەدین بەدڵی شکاو لە سنەوە گەڕاوەتەوە ڕەواندز. بەڵام جارێکی تر پیاوانی ئازای لێ کۆ بوونەتەوە، لەشکری ساز داوەتەوە و هێرشی کردووەتە سەر هەولێر و میری ئێزیدییانی دەرکردووە. حوسێن بەگ زۆری هەوڵ داوە ئەمجارەش سەر کەوێتەوە بەڵام بێ سوود بووە، میر سەیفەدین جاڕی سەربەخۆیی خۆی داوەتەوە.

سوڵتانی عوسمانی لەم کارانەی میری سۆران تووڕە بووە و هانی میرانی ئامێدیی داوە لەشکری بخەنە سەر. بەڵام ئەم هەوڵانە بێ سوود بوونە و میر سەیفەدین ئازاد و سەربەخۆ ژیاوە، تا دواجار بەقسەی خۆشی یووسف بەگی برادۆستی کە ناسراو بووە بەغازی قڕان فریوی خواردووە، رووی کردووەتە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی داوای لێبووردن لە سوڵتانی عوسمانی بکات و پەیمانی لەگەڵدا ببەستێ تا بەو پێیە عوسمانی یارمەتیی بدەن بۆ شەڕ دژی ئێران و گوایە عوسمانی دان بەسەربەخۆیی میرنشینی سۆراندا دەنێن و باڵیۆزی لەگەڵدا دەگۆڕنەوە. میر سەیفەدین نەیزانیوە ئەمە پیلانە، هەر بەگەیشتنی بەئەستەنبوڵ لە ملی دراوە. ئەمە ساڵی ١٥٥٨ بووە، ئیتر دوای ئەمە وێرانەماڵی و پەشێوی زیاتر روویان کردووەتەوە ئەم دەڤەرە.

جگە لەمە، لەوە بەدواوە ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتووەتە نێوان میرانی سۆران خۆیان، برا و برا شەڕی یەکتریان کردووە. لە باتاسدا میر بوداق و میر سلێمان بەگی برای، بەرەوڕوو بوونەتەوە و شەڕ هەڵگیرساوە. میر بوداق شکاوە و پەنای بۆ میرانی ئامێدی بردووە و لەوێوە لەشکری ئەوانی کێشاوەتە سەر ناوچەی سۆران، بەڵام خۆشبەختانە و بەر لە گەیشتن بەئامانج، ساڵی ١٥٧٧ لە رێگەدا مردووە. میر سلێمان بەگ دوای ئەوە ویستوویەتی تۆڵەی کوژرانی میر سەیفەدینی مامی بکاتەوە. هێرشی کردووەتە سەر خێڵی زەرزا لە ناوچەی شنۆ لە بەری رۆهەڵاتی کوردستان لەبەرئەوەی کاتی خۆی ئەم خێڵە یارمەتیی غازی قڕانیان داوە. راستت دەوێ، سوڵتانی عوسمانی بەردەوام ویستوویەتی ئەم خێڵە واتە زەرزا کە لە شەڕوانیدا لێهاتوو بوون، بۆ لێدانی میرایەتیی سۆران بەکار بێنێ ئەویش لەبەرئەوەی ئەم میرنشینە دانی بەهیچ دەسەڵاتێکی بیانیدا نەهێناوە. سلێمان بەگ هێرشی کردووەتە سەر خێڵی زەرزا و زۆر بەخراپی شکاندوونی و ژن و منداڵیشی بەدیل هێناون. پاشان سلێمان بەگ هێرشی کردووەتە سەر تەرگەوەڕ، کە قوباد بەگی ئامۆزای خۆی لەوێ فەرمانڕەوا بووە. سلێمان بەگ ترساوە لەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەم ئامۆزایەی راست بکاتەوە و میرایەتییەکەی لێ بستێنن. هەروەها سلێمان بەگ شەڕی قزلباش (سەفەوی)یشی

کـردووە و ژمـارەیـەکی لێ بـەدیل گـرتوون و تاڵان و برۆی کـردوون. دیلەکـانی لەگـەڵ دیـاریی گرانبەهادا بۆ ئاستانە ناردووە، بەمەش سوڵتان لێی خۆش بووە و ئاشت بوونەتەوە.

سلێـمـان بەگ بەهۆی ئەم شـەڕانەوە ناوبـانگێکی فـرەی دەرکـردووە، لە ناوچەکـەیدا دەسـەڵاتی چەسپاندووە بێ ئەوەی کەس بتوانێ رکابەریی بکات. هەرچەندە نەخوێندەواریش بووە بەڵام کەیفی بە زانست و خوێندەواری هاتووە و ڕۆشنبیر و مەلای گەورە و زانایانی لە دوورەوە هێناوە و کۆی کردوونەتەوە. سلێمان بەگ تا ساڵی ١٥٨٩ ژیاوە. خانزادە خاتوونی بەناوبانگ خوشکی ئەو بووە و لە سایەی لێهاتووییەوە، زۆربەی کاروباری کارگێڕی بەدەستی ئەم خاتوونەوە بووە و پاشی میر سلێمانیش ماوەیەک میرایەتیی کردووە.

بەکورتی دەشێ بڵێین، بارودۆخی ناجێگیر لە ناوچەی سۆراندا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەردەوام بووە. ناشێ لەم نائارامییەدا شتێک لە بووژانەوەی زانست و خوێندەواری هەبووبێ. بۆیە وەک بینرا زانیار و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە ناوچەکە رەویان کردووە و دوور کەوتوونەتەوە. ئەوانەی ژیانی عەلی حەریری دەخەنە ئەو ماوەیەوە، بێگومان دەبێ ئاگایان لەو مێژووە تاڵە نەبێ، کە بەهیچ بارێک رێگەی چووزەرەکردنی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی نەداوە، بە کورتی: وڵاتێکی وێران و میللەتێکی پەرێشان.

لە سەردەمی میر سلێمان بەگ و بەدواوە، دووەمین چاخی زێڕینی میرایەتیی سۆران دەستی پێ کردووە. لەم سەردەمەدا وەک گوتمان ئاوەدانی و ڕۆشنبیری گەشاونەتەوە و ژیانی خەڵک جارێکی تر ئارام بووەتەوە. عەلی بەگی کوڕی میر سلێمان بەگ هەڵمەتێکی گەورەی ئاوەدانیی لە ناوچەکەدا کردووە. چەندان قەڵا و پردی رۆناوە و پڕۆژەی خۆشکردنی رێگەوبانی جێبەجێ کردووە، یەکێک لەوانە چاکرنەوەی رێگەی گەلییە کە تا ئێستەش ئەو گەلییە هەر بەناوی ئەوەوە دەناسرێ (گەلی عەلی بەگ). هەروەها عەلی بەگ پیاوێکی بێ کێشە بووە و حەزی بەشەڕ نەکردووە، لەگەڵ ئێران و عوسمانیدا نێوانی خۆش بووە. عەلی بەگ زۆر پایەتەختیشی هەبووە: هەریر، دوین، خەلیفان. کەیفی بەزانا و ڕۆشنبیران هاتووە و شێخ حەیدەری ماوەرانی، شێخی زانایانی ئەو سەردەمە بووە. عەلی بەگ لە ساڵی ١٦٣٤دا مردووە.

لە ساڵانی ئاخیریی فەرمانڕەواییی عەلی بەگدا جارێکی تر، ناوچەی فەرمانڕەواییی میرانی سۆران دووچاری شڵەژان بووەتەوە ئەویش بەهۆی هێرش و پەلاماری بابانییەکان. عەلی بەگ لەو ساڵانەدا بەناچاری پایەتەختەکەی لە هەریرەوە گواستووەتەوە خەلیفان و پشتی خۆی بەگەلی قایم کردووە. لەلایەکی ترەوە ساڵی ١٦٢٥ خان ئەحمەد خانی والیی ئەردەڵان، رەواندز و کۆیە و هەریر و ئامێدیی گرتووە، بەمەش دەسەڵاتی سۆرانییەکان زۆر لە کورتیی داوە و ناوچەکەیان بەرتەسک بووەتەوە. ساڵی ١٦٤٥ ئۆغز بەگی کوڕی عەلی بەگ رەواندزی وەرگرتووەتەوە و پایەتەختەکەی بردووەتە ئەوێ، بەڵام لەوە بەدواوە ناوچەی هەریر و کۆیە کە لەمێژەوە لەبن دەسەڵاتی میرانی سۆراندا بوون، بەیەکجاری لە دەستیان دەرچوونە و کەوتوونەتە دەستی بابانییەکان.

دەتوانین بڵێین لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی حەڤدەوە، واتە لە دەمی عەلی بەگەوە ناوچەی میرنشینی سۆران بە سەردەمێکی نالەباردا ڕۆیشتووە تا دەگات بە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، واتە تا سەردەمی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی میر محەمەدی بەناوبانگ، کە لەوە بەدواوە چاخی زێڕینی سێیەم و دوایی، لە گەشانەوەی میرایەتیی سۆران روو دەدات. لەو ماوەیەی باسمان کرد، میرانی سۆران دەسەڵاتیان تەنیا لە ڕەواندزدا بووە و ناوچەی هەریریان بەدەستەوە نەماوە. بۆیە بە شتێکی ئاسایی دەزانرێ ڕۆشنبیر و زانایان لەم ناوچە کرژ و نائارامەدا کۆچ بکەن و بەجێی بهێڵن. وەک بینیمان عەلی سوورچی هەریرییەک لە شەستەکانی سەدەی حەڤدەدا لە سەردەشت ژیاوە و لە کۆتاییی سەدەشدا عەلییەکی تر چووە بۆ شام و لەوێ مردووە. ئیتر ئەمە بووە حاڵی عەلییەکانی دوای عەلی حەریری.

ئەو شایەرەی بەعەلی عاشق ناوی ڕۆیشتووە و لە هەندێک سەرچاوەدا لەگەڵ عەلی حەریریدا تێکەڵ کراوە، بەبیری من لە چارەکی ئاخیریی سەدەی حەڤدەیەمدا واتە لە سەردەمی خانزادە خاتوون و عەلی بەگدا ژیاوە. بەپێی سەرچاوەی زارگوتی خەڵکی ناوچەکە، عەلی عاشق فەقێ بووە و لە قوتابخانەی سەر بەمزگەوتی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی و عاشق بەکچێک بووە بەناوی پەریزاد.

بەپێی حوسێن حوزنی موکریانی لە کۆواری زاری کرمانجیدا، دەبێ عەلی عاشق لە سەردەمی میر محەمەدی بەناوبانگدا ژیابێ، بەڵام بەپێی وتارێک کە لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراقدا بڵاو کراوەتەوە، دەبێ لە سەردەمی خانزادە خاتووندا ژیابێ و خۆیشی بەبنەڕەت خەڵکی ناوچەی موکریان بووبێ و بۆ خوێندن رووی کردبێتە ئەم ناوچەیە، کە وا دیارە لەو سەردەمەدا قوتابخانەی باشی لێ هەبووە و لە رووی ئابوورییەوە بووژاوە بووە. هەڵبەت هەردوو سەرچاوەکە پشتیان بەزانیاریی دەماودەمی خەڵک بەستووە و شتێکی بنەبڕ لە گۆڕێدا نییە بەڵام تەرازوو زیاتر بەلای بۆچوونەکانی کزەڵدا لەنگە. سەردەمی خانزادە خاتوون و سەردەمی میر محەمەد زیاتر لە سەد ساڵیان بەینە.

ئەوەی مەحموود قادر ئەحمەد (کزەڵ) لە پاشکۆدا نووسیویەتی، پوختەکەی ئەمەیە: پەریزاد خوشکی خانزادە خاتوون بووە و کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ بووە. فەقێ عەلی بەرێکەوت چاوی پێ کەوتووە و تیری ئەوین ئەنگاوتویەتی. شیعری لەسەر داناوە و بۆی سووتاوە، لەمەوە لەناو خەڵکدا ناوی بە عەلی عاشق ڕۆییوە. دەنگوباسی ئەوینی فەقێ عەلی بۆ پەریزاد کەوتووەتە سەر زاری هەموو خەڵک. خانزادە خاتوون ئەم قسە و باسانەی زانیوەتەوە و سەرەتا نارەحەت بووە و هەڕەشەی کردووە کە فەقێ رووتەیەک ئابڕووی بنەماڵەکەیان دەبات. فەقێش لە ترسانە و لە عەشقانە وردە وردە لە خەڵک تەریک بووە و پاشان داویەتییە کێوان، ئەمەش دڵی خەڵکی بۆ فەقێ هێناوەتە جۆش و بەزەییان پێدا هاتووە، لەوانەیە پەریزادیش لەلایەنی خۆیەوە بێ هەڵوێست نەبووبێ و کەوتبێتە داوی ئەوینی فەقێوە. ئەمانەش وایان کردووە دواجار دڵی خانزاد نەرم ببێ و

پەریزادی خوشکی لە فەقێ مارە بکات. بەڵام سەرچاوەی دەماودەمی خەڵک باس دەکات فەقێ عەلی لە یەکەمین چاوپێکەوتنی پەریزادی بووکدا، شیعری (پەریزادێ بەخێر هاتی)ی بۆ گوتووە و پێش ئەوەی لەیەک نێزیک ببنەوە، عاشقی بێ چارە کتوپڕ گیانی سپاردووە.

ئەوەی لە زاری کرمانجیدا هاتووە باسی خانزاد ناکات، بەڵام لەوێشدا باوکی پەریزاد کە پیاوێکی ماقووڵ و ناوبەدەرەوەی دەڤەرەکە بووە، دڵی نەرم بووە و کچەکەی داوە بەعەلی عاشق، واتە کۆتاییی چیرۆکەکە هەمان شتە، کە بەبێ گەیشتنی عاشق و مەعشووق بەیەکتر، بڕاوەتەوە.
ئەمەی خوارەوە دەقی شیعرەکەی عەلی عاشقە بەزاراوەی موکریانی:

پەریزادێ بەخێر هاتی
بەسەر چاوێ دەمن شالان
بەچم زانی کە تۆی هاتی
بەدەنگی تۆق و خرخالان

بەدەنگی بازن و زەندان
هەرچەند من گۆت هەزار چەندان
نەتهێشت عەقڵی عەقڵمەندان
ئەتۆم چاتری لە ئاوالان

ئەتۆم چاتری لە لەیلایێ
یووسف لەگەڵ زولەیخایێ
مەم و زین هەرتک هەمتایێ
بەزوڵفانت کردم تالان

لە سپای زوڵفان بۆچ ناترسی؟
شیرین ئەحوالان دەپرسی
مووبارەک بێ لە تۆ کورسی
روونێ گوێ بدێرە عەبدالان

روونێ گوێ بدێرە وێ بەیتێ
دوو وەجهەت وەک چرای زەیتێ
دەسووتێ مەجلیسی مەی تێ
هەروەک پووشێ لە کەندالان

نە قەقنەس بووم نە پەروا بووم
دەخۆم سەد سوێند جودا نابم
گەر خزێم بم قەت تێر نابم
لە دیداری خەت و خاڵان

لە دیدارت دەی حەزین کەم
مردم هەندی رووحی تین کەم
کەسەر بووم جارێکیت بین کەم
خودانە چیت و دەسماڵان

خودانە چیت و جەبهەت بوو
دیداری تۆم بەقیسمەت بوو
خەراجی ئەرزی قیمەت بوو
بەخەت و خاڵ و ئەشکاڵان

بەخەت و خاڵ و سایەی تۆ
جیهان جوملە عەتایی تۆ
دەکێشم خاکی پایی تۆ
هەروەک زێڕی بەمسقاڵان

من نە زێڕم من زێوم
کە بوو چێشتم نەبوو شێوم
بەسەد هەویا کردت کێوم
خودانە دۆشەک و پاڵان

خەدانی تۆم سەراسەر کرد
بەزوڵفت هێوی سەتەر کرد
دڵ من و تۆی وێکرا بەند کرد
بەعید و جێژنی سەر ساڵان

بەعید و جێژن و سایەی من
ئەوەڵ عید و ئەمانی من

عەزیز و نەوجەوانی من
کەس و کارم پێت بوون تالان

ئەوەڵ کەس و کارم ئەتۆی
تەبیب و دەرمانم ئەتۆی
گەر تۆم هەبێ بەسم ئەتۆی
لە گەنج و ماڵ و پاتالان

لە گەنج و ماڵ و قازانجم
کەساسم ساحێبی ڕەنجم
لە بازاڕان گەوهەر سەنگم
خەبەردارم بەهەموو حالان

خەبەردارم بەمەعبوودی
دڵم ڕاستە لەسەر جوودی
بەسەرم هات ئەو ڕۆژگارە
پەشیمان نیم لە مەقسوودی

بەسەرم هات لە بەرواری
وای گوت بە عەلی هەژاری
تۆبە بکە بەیەکجاری
بەڵکو ڕزگار ببێ شالان

هاتنی ناوی پەریزادی خوشکی خانزاد لەم چیرۆکە ئەوینییەدا و هەڵسوکەوتی ژیرانەی خانزاد لە بەرامبەر گڕی دڵداریی فەقێ عەلیدا وەک چۆن بەسەرهاتی زارگۆت دەڵێ، چیرۆکی ئەوینداریی لاس و خەزاڵمان دەخاتەوە بیر. لە بەیتی لاس و خەزاڵدا ناوی خانزادە خاتوون کەوتووە ناو چیرۆکی ئەوینداریی ئەوانەوە و بووە بەلایەنێک لە ئەویندارییەکەدا. دووکەڵ بێ ئاگر نابێ وەک لە کوردیدا دەڵێن. لەوانەیە خانزاد و پەریزادی خوشکی، وەک دوو ئافرەتی ئازاد، ئەویندارییان کردبێ و چیرۆک و بەسەرهاتیان کەوتبێتە سەر زمانی خەڵک، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی سلێمان بەگی برایان پیاوێکی نەرمونیان بووە و ڕەنگە دەمارگیراویی خێڵایەتیی کەم بووبێ، یان خانزاد و پەریزاد (ئەگەر ڕاست بێ پەریزاد خوشکی خانزادە خاتوون بووبێ) لەبەرئەوەی خوشکی میر سلێمان بەگ بوون، ئازادی و کراوەیی کۆمەڵایەتییان زیاتر بووبێ لە خەڵکی تر. هەرچۆن بێ، کارکردن یان بەشداریی ئافرەت لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباردا ئازادیی زیاتری پێ دەدات

لەوەی ئافرەتێکی ئاسایی هەیەتی.

لە دەقێکی بەیتی لاس و خەزاڵدا کە بەشێوەی ئاخاوتنی ناوچەی هەریر تۆمار کراوە، لاسی ئەحمەد بەگی جافی شارەزووری و خەزاڵەشۆڕی مەلا نەبیی باڵەکی، ئەویندارى یەکتر دەبن. لاس لە ناوچەی جافەتیی گەرمیانەوە دێ بۆ ڕفاندنی خەزاڵ لە رەواندز، بەڵام بەر لەوەی بچێ بۆ ناوچەی باڵەکایەتی لادەداتە هەریر و مێوانی خانزادە خاتوون دەبێ. خانزاد هێندە بە لاس سەرسام دەبێ خۆی پێشکێش دەکات و داوای لێ دەکات واز لە خەزاڵ بێنێ و بێ ئەم مارە بکات.

چیرۆکێکی تریش هەیە شایەنی سەرنج لێدانە ئەویش چیرۆکی خانزاد و لەشکرییە. بەگوێرەی بەیتی دەماودەمی خانزاد و لەشکری، ئەم لەشکرییە منداڵێکی سێوی و بێ دایباب بووە، لە ماڵی حوسێن بەگدا بەخێو کراوە کە پیاوێکی گەورەی ناوچەکە بووە. کە ئایشی حوسێن بەگیان داوە بە میر سلێمان بەگ، ئایش لەشکریی لەگەڵ خۆیدا بردووە. لەشکری جوانچاک و لێهاتوو بووە و ئایش و میر سلێمان بەگ پشتیوانییان کردووە تا بووە بەیەکێک لە کاربەدەستانی میرایەتیی سۆران، بەڵام لەبەرئەوەی لەشکری ئەویندارى ئایش بووە، ویستوویەتی بە هەر شێوەیەک بێ میر سلێمان بەگ لەناو ببات تا دەست بەسەر ئایش و دەسەڵاتدا، بەیەکەوە بگرێ. رەنگە هەر ئایش خۆشی ئەوەی لە گوێ خوێندبێ. بەگوێرەی ئەو بەیتە، لەشکری لەلای عوسمانییەکاندا لە خراپەی سلێمان بەگ دواوە و لە دواییدا بەژەهر و دەرمانداوکردن کوشتوویانە. چیرۆکەکە دەڵێ: خانزاد لە تۆڵەی ئەم ناپاکییەدا لەشکریی کوشتووەتەوە.

چیرۆک و بەسەرهاتی تر لەبارەی عیشقبازیی خانزادەوە زۆرن. هەر بەگوێرەی چیرۆکی زارگوتی خەڵکی ئەو ناوچەیە، دەڵێن: شەوێک خانزادە خاتوون بەناو شاردا گەڕاوە و لە پەنا دیواری حوجرەی مزگەوتێکدا گوێی لە ئاخاوتنی فەقێیان گرتووە. فەقێگەل هیوا و خواستی خۆیان بۆ یەکتر درکاندووە و یەکێکیان گوتوویەتی: هیوا دەخوازم خانزاد ببێ بەهاوسەرم یان جارێک لەگەڵمدا بنوێ. چیرۆک دەڵێ: خانزاد بۆ بەیانی بەدوای فەقێیەکەیدا ناردووە و خۆی لێ مارە کردووە و کوڕێکیشی لێ بووە. ئەمانە قسەی دەماودەمی خەڵکن و نازانرێ چییان ڕاستن و چییان هەڵبەستن. زیاتر لەوە دەچێ دەم هەڵبەست بن.

بەڵام هەبوونی ئەم چیرۆک و بەیتانە لەبارەی ئەویندارییی خانزادە خاتوونیی دۆتمیری سۆرانەوە، بابەتێکە جێی سەرنجدانە و نیشانەی بالادەستبوونی کچان و ژنانی بنەماڵەی سۆرانە لە هەندێک سەردەمدا. بۆیە دەشێ ئەوەی پەریزادیش لەگەڵ فەقێ عەلیدا رەگێکی راستیی تێدا هەبێت. هەروەها دەشێ لە سەردەمانی دەسەڵاتی ئەو خاتوونەدا ئەو چیرۆکانە بەسەر زارانەوە بووبن و خانزاد و بنەماڵەکەیان گۆێبیستیان بووبنەوە.

وا لێرەدا دەقێکی تر لە شیعری فەقێ عەلی عاشق دەنووسمەوە، کە حوسێن حوزنی بڵاوی کردووەتەوە. حوزنی ئەوەش دەڵێ کەوا "عەلی عاشق لە مودەی عومریدا ئەشعاری دڵسۆزانەی زۆر فەرمووە، ئەم چەند شیعرە لە فەرمایشاتی ئەو زاتەیە":

ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم، یاری وەفاکارم
کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم، مەحبووبی نازدارم
عیلاجێکم بکە دەردم گرانە، قیبلەکەی دینم
بکە ڕەحمێ بەفرمێسکی دڵۆپی چاوی خەمبارم
فیدای لەعلی لەبت بم، بێنە یادت شەرتەکەی جاران
نەوەک عومرم بەناکامی بڕوا[٩] غولامێکی ئەمەگدارم
مەلا و زاهید و سۆفی، غەریقی بەحری عیشقی تۆن
بزانە من لە ئەم حاڵە، چ ئوستادێکی هۆشیارم
نەخۆشێکم بەبێ دیداری تۆ، یار شیفا نابێ
مەگەر عیسای مریەم بێ، بکا دەرمانی ئازارم
عەلی هەتاوەکو دەمرێ ئینتیزاری قامەتی یارە
لەنێو عیشقت قوتار نابێ هەتا خۆی بێ بەغەمخوارم

لە "پاشکۆی عێراق"یشدا دەقێکی تر هەیە ماموستا محەمەد عەلی قەرەداغی بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام دەقەکە دوور و درێژە، وا لێرەدا چەند کۆپلەیەکی کەمی لێ وەردەگرین:

چەند شەوان مەجنوون و مەستم، شیبهەتی پەروانەیە
دائیما مەی هەر بەدەستم، چون کچی باغی خوەیە
چون کچن چەنگاڵ بەدەستن، بولبولان سەرخۆش و مەستن
هیندییان میصری بەدەستن، ژین لە من بێ فایدەیە
تاڵ دەبوون وەقت و زەمانە، سوورگوڵان پەرژین ڕەحانە
هەر کەسێ بێن کا ئەوانە، سەرخۆش و دێوانەیە

تا لە کۆتاییدا:

ئەی حەریری هەر دەبێژی، عاشقی سەودا و گێژی
بێ برین خوێنێ دەڕێژی، هەر شەوە تا سوبحەیە

ئەمانە نموونەی شیعری عەلی عاشقن بەئاخاوتنی ناوچەی موکریان کە هیچ ڕێی تێ ناچێ هەمان ئەو کەسە دانەری ئەو شیعرانە بێ بۆ عەلی حەریری تۆمار کراون بەزاراوەی کرمانجیی سەروو. ئەم شیعرانە هەموو نیشانەی ئەوەن، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانی عەلی عاشق و عەلی

(٩) ئەم وشەیە (بڕوا) شوێنەکەی چۆڵ بوو، من دامناوە.

حەریریدا هەیە. وەک لەم شیعرەی دواییدا دەردەکەوێ، رەنگە ئەم عەلییەش جاربەجار نازناوی حەریریی لە پاڵ عاشقدا بەکار هێنابێ لەبەرئەوەی ئەویش لە حەریردا ژیاوە و شانازیی بەم هەوارگەیەوە کردووە، یان ئەوانەی شیعرەکانیان نووسیوەتەوە هۆی تێکەڵ و پێکەڵییەکە بن وەک لە پێشەوە گوتمان. دەبێ ئەوەش بڵێین، لەبەرئەوەی ئەم شیعرانەی عەلی عاشق دەماودەم پارێزراون و کەم نووسراونەتەوە، رەنگە بەر دەسکاری کەوتبن و بۆیان زیاد و کەم کرابێ، یان شێوەی زمانەکەیان گۆڕابێ، بۆیە لە رووی زمان و دەقەوە زۆر جێی متمانە نین.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ تێبینییەکی تریش لەبارەی شیعری پەریزادێوە بڵێم، ئەویش ئەوەیە: دەقێکی تری ئەم شیعرە هەیە کە بەکرمانجیی سەروو نووسراوەتەوە. ئەم دەقەی دوایی، ئاڵۆزیی نێوان عەلی حەریری و عەلی عاشقی زیاتر کردووە. وەک بینیمان دەقە موکریانییەکە دراوەتە پاڵ عەلی عاشق، بەڵام کرمانجییەکە دراوەتە پاڵ عەلی حەریری.

هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، شیعری عەلی حەریری ئەگەر نووسەرەوەکەی خەڵکی بەری رۆهەڵاتی زێی بادینان بووبێ کاریگەریی دیالەکتی کرمانجی خواروو چووەتە سەر، بەڵام ئەگەر لە بەری رۆئاوا بووبێ ئەوا کاریگەریی شێوەزاری بادینانیی خراوەتە سەر. بۆ بەڵگەی ئەمەی دوایی، خوێنەر دەتوانێ سەیری ئەو دەقانە بکات کە سادق بەهائەدین ئامێدی لە کتێبی "هۆزانڤانێت کورد"دا پێشکێشی کردوون و بەراوردیان بکات لەگەڵ دەقەکانی تردا. سەرنج راکێش ئەوەیە شیعری: پەریزادێ بەخێر هاتی عەلی عاشقیش بەدەردی شیعرەکانی عەلی حەریری چووە و بگرە زیاتریش. وەک گوتمان لەبەرئەوەی عەلی عاشق و عەلی حەریری بەیەک کراون لە دەستنووسە کۆنەکاندا، هەندێک نووسەرەوەی بەری بادینان هەڵساون بەگۆڕینی دەقەکەی عەلی عاشق لە موکریانییەوە بۆ بادینی و داویانەتە پاڵ عەلی حەریری.

ئەگەر مرۆڤ سەیری ئەو چەند شیعرەی عەلی حەریری بکات کە نووسیمانەوە، دەبینێ لە رووی زمان و داڕشتنەوە چەند جیاوازن لە شیعری پەریزادێ، واتە ئەو دەقەی بەکرمانجیی سەرووە و دراوەتە پاڵ عەلی حەریری. عەلی عاشق وەک گوتمان فەقێ بووە و شیعرەکانی کەمتر جێ پەنجەی رۆشنبیرییەکی هەڵکشاویان بەسەرەوەیە، زیاتری وشەکانی خۆماڵیی ناوچەی موکریان و هەریرن و لە کوردیی پەتیی بەیتی شایەران دەچن، کە کتێبی بەناوبانگی فولکلۆریی توحفە موزەفەرییەی ئۆسکارمان پڕە لە نموونەی ئەمانە.

ئەمە شێوەی دەقە بادینییەکەیە، کە لە کتێبی هۆزانڤانێت کوردەوەم راگواستووە:

پەریزادە تو وا هاتی
لسەر چاڤێن دمن شالا
مە لەو زانی تو وا هاتی
ژ دەنگێ تەوق و خرخالا

ژ دەنگێ بازن و زەندا
نەما عەقلێ عەقلەمەندا
هندی من گۆت سی و چەندا
تۆ چێتر بوی ژ هەڤالا

تۆ چێتر بوی ژ لەیلایێ
شرینتر بووی ژ زولەیخایێ
مەم و زین هەر دو یەک تایێ
سیا زولفێ کرم تالا

سیا زولفێ تو ناترسی
ژ ئەحوالێ مە ناپرسی
مبارک بیت تە ئەو کورسی
تو روینێ گوه بدە عەبدالا

تو روینی گوه بدە بەیتێ
لپێشی تو وەکی زەیتێ
دسۆژیت مەجلسا مەی تێ
وەکی پویشێ لکەبدالا

وەکی تە ڤنووس بێ پەروانم
دخۆم سوندێ جودا نابم
حەزینم ئەز قەت تێر نابم
ژ دیدارا خەت و خالا

لدیدارا تە ئەز زینکەم
حەتا کەنگێ روح تێ تەنکەم
کەسەر بوم جارەکێ بین کەم
خودانا تیت و دەستمالا

خودانا تیت و جەبهەت بی
خەراج و ئەرد و قیمەت بی

هەواڵنامەی کتێب

دیدارا ته بقـــیـــمـــەت بی
لعـیـد و جـەژن و سـەرسـالا

ئەول کـار و کـەسێ مـن توی
یەقـین فـرنا دەرسێ مـن توی
کـەسێ مـن و بەسێ مـن توی
لـزێـر و مـــــال و پـر نـالا

لزێـر و مــــال و پـڕ رەنجم
کـەسـادم صـاحـبـم گـەنجم
لبـاژێرا گـەوهەر سـەنـچم
ســەفــەر دویره هـەتا مـالا

سـەفــەر دووره شـەبێ تاری
ئەی عـــەلی و تـو پڕ رایی
دابکـەین زیکرێ جــەباری
بەلکی لـه خـوشـبت شـالا

لە کـۆتاییـدا، هیـوادارم بەم نووسـینە توانیـبـێـتم چینێکم لـە چینگەلی فـرە و ئەسـتـووری دەوراندەوری عەلی حەریری رەواندبێتەوە و خزمەتێکم پێشکێش کردبێ.


سەرچاوە:
(١) اربیل فی أدوارها التاریخیة، زبیر بلال اسماعیل، بغداد ١٩٧١.
(٢) کۆواری زاری کرمانجی، مێژووی میرانی سۆران، حوسێن حوزنی موکریانی، رەواندز ١٩٢٧ ـ ١٩٣٢
(٣) دیوانا کرمانجی، بەرهەڤ هینانا: عەبدورەقیب یووسف. نەجەف، ١٩٧١.
(٤) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی دووەم، دانراوی: محەمەد عەلی قەرداغی، بەغدا ١٩٩٩.
(٥) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی سێیەم، دانراوی: محەمەد عەلی قەرداغی، بەغدا ٢٠٠٠.
(٦) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، بەغدا ١٩٧١.
(٧) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، د. مارف خەزنەدار، هەولێر ٢٠٠٢.
(٨) هۆزانڤانێت کورد، دانان و تویژاندنا: سادق بەهائەدین ئامێدی. بەغدا ١٩٨٠.
(٩) نورالدین عبدالرحمن جامی، علی أصغر حکمت، ١٣٦٣ تهران.

(١٠) دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٠ وتارێک بەناونیشانی: عەلی هەریری، د. عیزەدین مستەفا.
(١١) دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، بەغدا ١٩٧٠ وتارێک بەناونیشانی: هۆزانڤانێ کلاسیکیێ بناڤ و دەنگ عەلی حەریری، سادق بەهائەدین ئامێدی.
(١٢) پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژمارە ٣٧ حوزەیران و تەمووزی ١٩٨٠ وتارێک بەناونیشانی: لەبارەی سەرگوزەشتی عەلی عاشقەوە، محەمەد قادر ئەحمەد (کزەڵ).
(١٣) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٨٠.
(١٤) پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژمارە ٣٤ شوباتی ١٩٨٠ وتارێک بەناونیشانی: عەلی عاشق و عەلی حەریری و ئاسۆیەکی ڕووناکتر، محەمەد عەلی قەرەداغی.
(١٥) کۆواری ڕووناکی، ژمارە ٨ ساڵی ١٩٣٦ هەولێر، بابەتێک بەناونیشانی: عەلی بەردەشانی شایەری کورد.
(١٦) الجامع فی تاریخ الادب العربی، الجزء الاول، حنا الفاخوری.
(١٧) شەرەفنامە. وەرگێڕانی هەژار.
(١٨) خانزاد و لەشکری. محەمەد تۆفیق وردی. بەغدا ١٩٦٠.
(١٩) کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد. بەرگی ١٨ و ١٩. ساڵی ١٩٨٨ بەغدا، بەیتی لاس و خەزاڵ، بەشی یەکەم.
(٢٠) کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد. بەرگی ٢٠ ساڵی ١٩٨٩ بەغدا، بەیتی لاس و خەزاڵ، بەشی دووەم.

کتێبخانەی ...

# شوکر مستەفا

چەند نامیلکەیەکمان بڵاوکردەوە کە وتارە نووسراو و وەرگەڕاوەکانی "مامۆستا شوکور"یان دەگرتە خۆ. بەڵام بەداخەوە وادیارە هەندێکمان دەست نەکەوتبوون بۆیە نەکەوتنە ئەو نامیلکانەوە. لێرە لە "واتە" ناوبەناو هەندێکیان بڵاو دەکەینەوە تا پاشان چاپی دووەمی ئەو نامیلکانە دەکەینەوە. بێگومان سوودیشیان هەیە کە لێرە بڵاو دەبەوە. "ئاراس"

هەولێرەی کتێب

## شیرین و فەرهاد و داستانسەرایێ*

«ژیانی مرۆ لەوەی کە لە چیرۆک و داستاندا باس کراوە گەلێ نالەبارتر و بە کوێرەوەریتر بووە. هەر لە پاش پەیدابوونی بەملاوە، مرۆ لە سەختترین هەلومەرجدا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و تیرەی خۆی پاراستووە. ئەو تاریکییەی تیرەی مرۆی لێ دەرباز بووە، تاریکییەکی هێند خەست و ئەنگوست لە چاو بووە، لە بڕوا بەدەر. تیرەی مرۆ هەرە بلیمەتی ڕەگەزی سروشتە. هەرە داهێنی ڕەگەزی خۆڕسکە. ئەوەی لە تاریکیی گەورەی ڕزگار کردووە و بەم ڕۆژەی ئەمرۆی گەیاندووە، ئەم بەهرەی داهێنانەیەتی.

مرۆ هەرچەندە تەنگاو بووە و لەگەڵ زۆر و ستەمەدا دەستەوبەرۆک وەستاوە، هۆی ڕزگاربوونی خۆیشی داهێناوە و خۆی لە زۆر و هەستەم قوتار کردووە. هەر کاتێکیش زەبروزەنگی سروشت زۆری بۆ هێنابێ و لە ڕزگاربوون ناهومێدیش بووبێ لە داهێنانی خۆیدا نەکەوتووە و بگرە پتری

(*) ئەم وتارە لە نووسینی مامۆستا شوکور خویەتی و لە کۆواری بەیان، ژمارە ٨٧ حوزەیرانی ١٩٨٣ هاتووەتە بڵاوکردنەوە.

پەرە پێ داوە و ڕەنگاندوویە و نەخشاندوویە و جیهانی خەونێ، خەیاڵی، داستانێکی بۆ خۆی ڕۆناوە ئەگەر مرۆ خولیای ڕۆنانی جیهانی خەونێ، ئومێدێکی لەسەردا نەبوایە لەوانە بوو هەرگیز هەڵی نەکردایە و ژیانی بە هیچ جۆرێ سەری نەگرتایە. تەنانەت بشیتوانیبا درێژەی بە ژیانی خۆی دابا، ڕەنگە ئەم کوڕەی ئەمڕۆ نەبوایە. جا بێتو لەم بیر و ئەندێشەیەوە تێ هەڵچین، دەتوانین مرۆ بەم ڕەنگە تاریف کەین: مرۆ گووراوێکی ئەفسانە و داستان داهێنە. ئەوەی مێشکی لە نێو سروشت و بەرانبەر بە سروشت دەورووکێنێ و دەیگوشێ شتێ نییە و دووان نییە، سەدان شتە. مرۆ هەزاران ساڵە دەوروبەری گیراوە و لە هەموو لاڕا تەنگەتاو کراوە. بۆ دەربڕینی خولیای هەر سەردەمێ شێوەی تایبەت و بەدڵ و داوی پڕ بە باڵای خۆی داهێناوە». جا داستان و داستانسەراییش یەک لەو شێوە دەربڕینانەی مرۆیە کە هێز و بەسەر هێزی ڕەشدا زاڵبوونی لەو تەمەنی بیر و بڕوایەیدا کردووە بە نیشانە و پێواری کۆڵنەدان و هێزی خۆی لە شێوەی خودایاندا نواندووە و پەنامی زاڵبوون و بەسەرکەوتنیشی بەسەر ڕەشە هێزاندا هەروا بە خواسایی نەزانیوە و ڕەزای تێدا چوونیشی زۆرجاران هەر هێندە ئاشکرا کردووە کە ئەویش جۆرێکە لە نەمری و ڕەزای خوداوەندان.

با نەدەمە درێژدادڕی و فەلسەفە کاوێژکردن، یەکسەر ملی باسەکە بگرم.

کوڕینە چەند خۆشە بە ئەشقی فەرهادەوە، بە هونەری فەرهادەوە، بە کوڵینگی فەرهادەوە، بە بڕوای فەرهادەوە، بە خەم و پەژارەی فەرهادەوە، لە پێناوی شیرینێکدا لە گڕ هەزاران کێوی وەک بێستوون ڕاچی، شەو و ڕۆژ کوڵینگان ڕاوەشێنی، ڕەنج بدەی، ئارەقە بڕێژی، وەدووی کارێکی کەوی کە بڕوات پێیە، خۆ ئەگەر بە ڕەنجەڕۆیی و نامرادیش سەرت نایەوە هەر هیچ نەبێ، بەلایەنی کەم نێوت بە پیرۆزی لەسەر زاران دەگەڕێ، یادت بە خۆشی و ڕووسپیەتییەوە بەسەر دەکرێتەوە و هەزاران خۆزی و ئیرەییت پێ دەبرێ، هەزاران بە تاسەی ماچکردن ڕامووسانی جێ کوڵینگەکانتەوە دەبن. خۆ هیچ نەبێ دەبێ بە پیری ئاشق و ئەویندارانی، سەرمەشقی خۆبەختکردن و ئەوینی ڕاستەقانی بە یادی تۆوە دادەرێ و هەرچی ئاشق و ئەوینداری دنیا هەن دەبن بە سۆفی و مریدی تۆ. هەی هەزار سڵاو لە گیانی پاکی خۆبەختکەران. هەی هەزار تف و لەحنەتیش لە بڕوبیانووگری پیس و چەپەڵ، تف لە فەرهادگوژان. کوڕینە چەند خۆشە بێ ترس و سام ئەوەندی تێتدایە گۆرانی و لاوژە بەڕاستییەوە بچڕی. لە کەس کۆ نەکەیەوە، بەماست بڵێی سپییە. چەند خۆشە گوڵووک لەسەر شاخی کەڵەکێوی و مامزان بڕوێ، مرۆ هێندە دڵڕەق و نیهاد ڕەش نەبێ، لەگمەی کۆتر بڕەوێتەوە. دەروونی هێندە بەگرێ و گوڵ نەبێ لە چریکە و چەهچەهەی هوزاران بپرینگێتەوە. ئەوانەی داستانیان نووسیوە لە خۆشیی گوڵووک بەسەر شاخی مامزەوە ڕووانەوە داستانیان هۆنیوەتەوە. زمان و دەم و دوویان وەک ئی پێغەمبەر پاراو و پیاوچاک و پیر و ئەولیایان شەوچرای ژیانی خاوێن و ڕاستیان لێ هەڵوەریوە. چەند خۆشە زمان دەم و دوو پاراو و خامە و قەڵەم ڕەوان بێ. زمان هەیە لەعل و گەوهەری لێ دەبارێ، دانەی مرواریی لێ هەڵدەوەرێ، شەکر

دەشکێنێ. ئی وا هەیە قەڵا لە زێر و زیوان هەڵدەنێ، زار هەیە مرۆ دێنێتە زار، زار هەیە زەهری هەلاهلی لێ دەتکێ، زمان هەیە ڕێگەی ڕاستت لێ دەکا بە ئاستەنگ و هەڵدێر. زمان هەیە لەسەر بەستەڵەکان وەنەوشەت بۆ دەڕوێنێ. زمان هەیە میللەتێکت لە ڕاستی بۆ دادەڕێژنێ. شیرین و فەرهاد کێن؟ نیزامی و قوبادی و نازم و کێ و کێ دروستیان کردوون. پاڵەوانانی شانامە و ئیلیادە و ئۆدیسە کێن؟ فیردەوسی و هۆمیرۆ ئیتر. شاخ و باڵیان لێ ڕواندوون. موتنەبیی گەورە نەبوایە سەیفودەولە و عەزودەولە و فلانودەولە و فیسار و دەولە لە کونی چ دیوارێکدا بوون. ئەدی هەر زمانی داستانسەرا نییە سوڵتان لە تەختی سەڵتەنەت دەخا، تەخت و تاجی شا بە تاراج دەبا. ئەدی هەر زمان نییە، زمان خۆش، زمانی پێغەمبەران، زمانی مەنسوور و جونەید، مار لە کون دەردێنێ. ئەمن لە موعجیزە دەدوێم، لە پەرجووی زمان دەدوێم لە هونەرێ دەدوێم سیحر لە سیحران بکا.

یەشار کەمال دەڵێ: «لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٥٣دا بۆ چیاکانی ناوچەی قوڵپی سەر بە دیاربەکری کۆنە هەوار دەچووم. ئەو کێوەی بۆی دەچووم چیای ئاندووکی پێ دەڵێن. لەسەر ترۆپکی چیای ئاندووک کۆڕێک دەبەسترا و کۆڕەکە سێ ڕۆژی دەخایاد. کۆڕی یەک لە تەریقەتەکان بوو. سۆفی و دروێشی ئەو تەریقەتە لەسەر گڵکۆی پیرەکان کە بە ترۆپکی چیاکەوە بوو ئاینیان بۆ دەگێڕا. ئەوەی بۆ ئەوێ دەبردم شێخ جەلالەدین بوو. شێخ جەلالەدین بۆ خۆی نەوەی شێخ محەمەد بوو کە گڵکۆکەی لەو سەر کێوە بوو. ئەو سەر و بەندە شێخ جەلالەدین هەر خۆیشی پیر و پۆستنشینی تەکیە بوو. ڕێگاکەمان لە دیاربەکرەوە تا سەر ترۆپکی چیاکە پێنج ڕۆژی دەخایاند. لە ڕێگا تووشی سەدان ئینسان بووم. بەلێشاو بەرە و ترۆپکی چیاکە بە هەڵەداوان هەڵدەکشان. لە ئەسپ و ماین سوار، لە کەرسوار، لە لاوی پیادە، لە منداڵ و زارۆک، لە ژنی قەیرە و جحێڵ لە کچۆڵەی مەمک ترنج، لە پیر و کاڵان، وەک مێروو ڕێچکەیان بەستبوو، بەو کێوەدا هەڵدەزنان. ڕێگەیان تا بلێی سەخت و دژوار، هێند خەیاڵ بفەرمووی تووش و ناهەموار. ترۆپکی چیا ڕووتەن بوو. گڵکۆی پیری ئاندووک لەسەر هەرە پۆپەی کێوەکە بوو. گڵکۆکە لە ژێر بەردێکی زەلامدا بوو، چواردەورەی بە وشکە کەڵەک شوورە درابوو. شێخ جەلالەدین لە ڕێگا بە بلوێرژەنێکی ناساندم. بلوێرژەنەکە ڕدێنێکی درێژی هەبوو، لە بینایی چاوان بێ بەهرە بوو، نابینابوو. بلوێرەکەی لە هەرچی بلوێرێکی تا ئێستا دیبێتم درێژتر بوو. شێخ کە ناونیشانی بۆ هەڵدام تێ گەیشتم ئەو بلوێرژەنە کێیە و لە چ نەتەوەیەکە. ئەو پیاوە کە لە ڕۆهەڵاتی ئەندۆڵە، ئەندۆڵی ڕۆهەڵاتە بە سۆفی ناسرابوو و پیاوێکی فرە پیرۆز و زۆر گەورە بوو. خەڵکی وڵاتەکە بە زمانی خۆیان ناوێکی پیرۆزیان لێ نابوو. پێیان دەگوت بلوورڤان، سۆفیی بلوورڤان، واتە کەسێ کە بلوێرژەنیی کردبێ بە پیشەی خۆی. ئەم بلوورڤانە لە ڕێگا بوو بە ئاشنایەکی گیانی بە گیانیم، بە درێژاییی ڕێگا بستێکم لێ هەڵنەدەبڕا، سواری گوێدرێژێکی قنج و خنجیلانە بووبوو، هاوڕێیی دەکردم. بە سواریی گوێدرێژەکە وەک مامزان بە ملە و یالاندا بەسەر دەکەوت. داستانی شیرین و

فەرهادی بەبلوێرەوە دەگێڕایەوە. داستانی شیرین و فەرهاد داستانێکی دێرینەی کۆنی سەردەمانێکی لەمێژینەیە، لە بنیچەدا خەڵک دروستی کردووە، بەڵام بڕێ شاعیری گەورەی ڕۆهەڵات هەریەکە خۆی لە قەرەی داوە و هونەرسواریی خۆی تێدا تاقی کردووەتەوە. یەک لەوان، شاعیری گەورەی بەدایک کوردی فارسی زمان نیزامیی گەنجەوییە. ئەم چیرۆکی شیرین و فەرهادە تا ئێستاش لەم وڵاتە بە گۆرانی و بلوێر و ساز و بەندەوە دەگێڕدرێتەوە. زۆریش بڵاوە و لە ڕەنگ و ڕووی نیوە داستانسەراییەکدایە. ئەمڕۆ کە ناوی زێتر لە سەد و پەنجا چیرۆک و داستانی وا لەم وڵاتەدا بەناوبانگە و بە تورکیش و کوردیش و بە ئەرمەنیش دەگێڕدرێتەوە. ئەم چیرۆکی شیرین و فەرهادە سەرگوزەشتی ئەشقێکە، داستانی ئەوینێکە، کوڕە نەقاشێ کە کۆشک و سەرای باوکی مێهمەنە بانوو دەنەخشێنێ ئاشقی خوشکی مێهمەنە بانوو دەبێ. شیرینیش بادەی ئەوین دەنۆشێ و ئەویش دەکەوێتە داوی ئەشقی فەرهادەوە کە هەم کوڕی نەقاشەکە و هەم شاگردیشی دەبێ. ئاشق و ماشووق، یەکیان، خوشکی سوڵتان و ئەوی دیکەیان کوڕە نەقاشێ. ئەشق و ئەوینێ کە بە هیچ ئاکامێ ناگا، یا بەوپەڕی ئاکام دەگا. مێهمەنە بانوو قراڵیچەی شارە کۆنەکەی ئەماسیایە. مێهمەنە بانوو بۆ بەیەک گەیشتنی ئەم دوو دڵە ئەویندارە مەرجێ لە ئەستۆی فەرهاد دەخا: ئەگەر بێتو فەرهاد بە سەڵتەزەلامی و بە تەنیا ئەو کێوە ئاسنەی پشتەوە دادڕێ و ئاوی پێدا بێنێ بۆ شاری بێ ئاو و تینوو، ئەوا شیرین دەبێ بەهی ئەو. دیارە ئەم ئاوە نەک بە تەنیا باڵە، بەڵکو بە هەزاران کەسیش بۆ ئەم دیو ڕانادرێ بەڵام فەرهاد بە بڕوای خۆی و پشت بەو ئەشقەی، دەست بەکار دەکا. دیارە کارەکە ساڵەهای ساڵی دەخایاند بێ ئاکامیش بوو. نە ئاو دیاربوو و نە هیچ. دوایی سوڵتانە بانوو ویژدانی دەبزوێ دەڵێ، بڕۆن بە فەرهاد بڵێن دەستم لەمەرجەکە هەڵگرت. پیرێژنێکی دوجانەی جادووگەر پێ دەزانێ. بەفڕکان دەچێ، لە بری مزگێنیی خۆشی، قڕەی مەرگی شیرینی لێ ڕادەگەیەنێ. فەرهادیش ناکاتە نامەردی. دەڵێ لە پاش شیرین ژیانم بۆ چییە، کوڵینگەی هەڵدەدا، سەری بە بەرداوێ، خۆی دەکوژێ. شیرینیش کە ئەمە دەبیستێ، یەکسەر دێ لەسەر لاشەکەی فەرهاد خۆی بە بەر خەنجەر دەدا و دەمرێ. جا چیرۆکی کۆنی ئەشق و ئەوین بە هەموو شێوەکانیانەوە ئەمەن و وان. ئەم داستانە نازم حیکمەتی خۆشمان هۆنیویەتیەوە. لە هۆنینەوەکەی ئەمەدا مهێمەنە بانوو دەڵێ وازم لە ئاو بەم کێوەدا ڕاکێشان هێنا، بڕۆن بە فەرهاد بڵێن با بێ لەگەڵ شیریندا شاد و شوکور بێتەوە. دەچن خەبەر بە فەرهاد دەدەن، حاڵ لەمەو حیکایەت لەمە بەڵام فەرهاد گاڵتەی بە دڵداری و عەشق و فڵان دێ و هەموو ئاوات و هیوایەکی بەوەوە دەگیرسێتەوە کە ئاوەکە بۆ ناو شار ڕاکێشێ. هەر گوێ بە فەرمایشی مێهمەنە بانوویش نادا، کوڵینگی خۆی بە دەستەوە، کێوێکی هەزار بە هەزاری لە پێشێ، کوڵینگی خۆ ڕادەوەشێنێ و درێژە بەکاری خۆی دەدا. سەرنجام کارەکە چەندی پێ دەچێ و چەند سەخت و لە کێش و توان بەدەر دەبێ ببێ، فەرهاد دەبوو کێوەکە کون بکا ئاوی بە ئاوەڕۆدا هێنابا.

بەڵام بلوێرژەنەکەی هاوررێم داستانەکەی بە لێکدانەوەیەکی تر لێک دەدایەوە. ئەم سۆفییە بە دەم ودوو و ئەزموونی ساڵانی دوور و درێژیدا نوێنەرایەتیی کەلەپووری خەڵکەکەی لێ بووبوو بە نەخش و هەر لە خۆی دەهات. ئەم سۆفییە نوێنەرە هاوچەرخەی ئەمڕۆکە ڕەوتی داستانەکەی بە بارێکی تردا دەبرد. سۆفی دەیگوت «فەرهاد کێوەکەی کون کرد» بەڵانەکوونێ چۆنیشی کون کرد؟ ئا ئەمە هونەرە، ئەو کێوە ئاسن پارەیەی چۆن کون کرد؟ گوندی و خەڵکی ئاوایی کۆمەگیان کرد». ئاسنگەرەکان بەسەدان کوڵینگیان بۆ دروست کرد. کە شەو دادەهات بە هەزاران گوندی بە دزییەوە دەهاتن تا بەرەبەیان یارمەتیی فەرهادیان دەدا. تا ئاویان بە ئاوەڕۆدا هێنا و شیرین بوو بەهی فەرهاد.».

هەر لەو شاخ و کێوە تووشی جۆرە ئینسانێکی دی بووم، بە زمانی وڵاتەکە پێیان دەگوت دەنگبێژ. دەنگبێژ واتە ئەو کەسەی کە داستان دەخوێنێتەوە، یا داستان و بەیتان دەگێڕێتەوە. یەکم لەوان دەنگبێژان ناسی. ناوی محەمەد بوو. بۆ خۆشەویستی مەمۆیان بانگ دەکرد. نازم حیکمەتیش لە زیندان هەر بۆیە بە گەورەترین نیگارکێشی هاوچەرخی ئەنەدۆڵیی دەگوت (دینۆ) کابرا ناوی عابدین بوو، تۆزێ لە ڕەفتاریدا، وەک هەموو هونەرمەندێ لە خەڵکی خواسایی نەدەچوو، بانگیان دەکرد، ئەوە هێ دین، لە پاشا (دین) کە واتە (شێت)، بوو بە (دینۆ)، واتە شێتۆکە. بەڵێ با لە خەت دەرنەچم. ئەگەر زۆریشم درێژدادڕی کردووە. بڵێین تا بار و بوخچەم بپێچمەوە. مەمۆ لە پەناگای بەردێ چۆکی دادابوو، دارێکی بە دەستەوە بوو. بەیتی دەبێژت، داستانی دەگێڕایەوە، باسی ئینسانی دەکرد، باسی ئەوەی دەکرد کە کوڕی ڕەش کاتێکی سەری خۆی هەڵگرت و خۆی بۆ ئاشقی و بەیتخوانی بەخت کرد. هۆبە و هۆبەساتی باب و باپیران بەجێ دێڵێ و هیچ سەرحەد و سنوورێ پێشی لێ ناگرێ، ئەو تەنیا هەر بۆ خەڵکی هۆبەکەی خۆی گۆرانی و لاوژەی نەدەگوت، ئەو هی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی بوو. چونکە هەرچییەکی دەگوت لە خمخانەی کوڵ و کەسەر و خەم و پەژارە و کوێرەوەریی هەموو خەڵکەکەوەی هەڵدەکێشا، هەرچییەکی دەگێڕایەوە هەویا و ئاوات و خولیا و تاسەی هەموو خەڵکەکەوە بۆ درابوو، هەر بەهرەیکی شک دەبرد لە چاوی خەڵکەکەی دەزانی، ئەو هی خۆی نەبوو. جا هەر بۆیەش کە حەز لە زەرێی سەرەک هۆزی ئالیخانییان دەکا. حەوت ساڵی ڕێک و خشت باوک و دایک و کەس و کاری بەو ئەوینە نازانن، چونکە خەڵکەکە ئەو ئاشق و ماشووقە هێند، زیرەکانە و بە دانسقە لە چاوی بەدکار و فیت و گزیی بەدخوایان دەپارێزن، تەنانەت بابی کیژەکە، کە پێ دەزانێ هێندەی گەردێ بروبیانووی بەدەستەوە نامێنێ بیکا بەهۆی لێک دابڕینیان. چونکە لە پەنا سێبەری خەڵک و هەموو هۆزەکەیدا ئەو ئەشقە فراڕی بووبوو خەوشی هیچ گومانێکی لە خواستی خەڵک بەدەری پێوە نەبوو، کە خەڵک پشتی گرتی سوڵتان کێیە. خەڵک و ئەشق لە سوڵتان مەحمووو گەورەترن. یەشار کەمال دەڵێ: «بەیتبێژەکە داستانی هێند سەیری دەگێڕایەوە و بە مەقام و ئاوازێکی هێند غەریب و سەیری دەگێڕایەوە قەتم تا ئێستا بەرگوێ نەکەوتبوو. شەڕوشۆڕی دەگێڕایەوە، شەڕکەرانی

کوتومت وەکە خۆ، بە ئەسپەکانیانەوە، بە چەک و سیلاحەکانیانەوە، بەزاوزاتوول و کەسوکار و خزم و خوێشیانەوە سپوساخ و زیت و زیندوو دەهاتنە پێش چاوت. هەر دەتگوت لەسەر هەوای ئیلیادەی تێ هەڵ دەکرد. خوار و ژوور زۆر لە قسە و ڕستەکانیشی کە دەیگوتن دەتگوت هینەکانی ئیلیادەن».

باسم لەوە هات خەڵک و جەماوەر، نوێنەری هونەرمەندی ڕاستەقانیی خەڵک بەو جۆرە بیر دەکاتەوە کە بلوورڤان بەیتبێژی ڕەسەنی ناو میللەت بیر دەکەنەوە. ئەوانە لایان وایە هیچ کارێ بێ پشت و پەنا و کۆمەگ و هاوبەشیی خەڵک و جەماوەر بە ئەنجامی ڕاستەقینەی خۆی ناگا. نازم حیکمەت هەرچەندە ئەشقەکەی فەرهادی لەسەرەنجامدا کردووە بە ئەشقی وڵات و میللەت و ئینسانییەت، ئەوینی تاکە شیرینێ لە چاو هەزاران شیرینی تر، وەک چرای دز وایە، وەک مۆمی زیندان وایە، یاخۆ ئەوینێ، یا شیرینێکی بێ ئاو و ئاوەدانی بۆ چییە، وڵاتی بێ ئینسانانی تینوو و هەناسەساردی بۆ چییە. خۆلاسە چوارچێوەی عەشقەکەی فەرهاد هەرچەند لە ڕوانگەی نازم حیکمەتەوە فراوان دەبێتەوە و هەموو ئینسانییەت دەبێ بە شیرین، یان لای شیرین دەبێ. بەڵام نیشانەی ڕاستی دڵ چەسپی، وەک سۆفی و مەمۆ پێکاویانە ئەو نەیپێکاوە. فەرهاد بێ خەڵک و خوای وڵاتەکە ئەو کارەی لە توان و کێش بەدەرە، مەگەر بە خەیاڵی شاعیر، بە ئەنجام ناگەیەنێ. دەبوو ڕیالیستانە بیر بکاتەوە. جەماوەر، لە ئاسنگەر و ڕەنجەران، دەتوانن بەگەلەکۆمەگی ئەو کێوە لەبن بێنن. یەشار کەمالیش لە ئەفسانەی چیای ئاگریدا لاسایییەکەی نازم حیکمەتی کردووەتەوە. کاتێکی مەحموود خانی بایزید دەکەوێتە پەلپ و بیانووگرتن لە ئەحمەدە مەرجی ئەوەی لەگەڵ دەکا، کە ئەگەر ئاگرێکی لەسەر چیای ئاگری هەڵکرد هەینێ ئەوە خۆی و ئەوە گوڵبەهار، پیرۆزی بێ. ئەحمەد بەچیای ئاگریدا هەڵدەگەڕێ، ئاگر هەڵدەکا بەڵام کە گوڵبەهاری دەگاتێ لەسەر گوڵی کووپە، ئەحمەد شەوێ شیرەکەی لە نێوان هۆردووکیان دادەنێ، ئەوجا لێی ڕادەکشێ. بەڵام کە سبەینێ بەخەبەردێ دەبینێ نە ئەحمەد ماوە و نە هیچ. لێرەدا ئەشقی ئەحمەدیش لە ئەشقی گوڵبەهار، تەنیا گوڵبەهارێ دەترازێ و دەبێ بە ئاشقی هەموو گوڵبەهاران. واتە تا چڕوچارەی دوژمنی ئینسانییەت، مەحموودخان و هەموو خانانی دنیا بمێنێ، تا سەر و فەساڵی ئاڵقەلەگوێی عوسمانلییان سێبەر و تارمایی بەڕووی بساتەوە بمێنێ ئاشقی ڕاستەقانی چ خیر و خۆشییەک لە ئەوینی ناو قەفەس دەبینێ. بەڵێ بزەی ئازیز زۆر خۆشە بەڵام لە ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆدا. چەهچەهە و سترانی بلبل زۆر خۆشە بەڵام نەک لەناو قەفەسدا. بەڵێ بۆیشت هەیە بڵێی خۆ ئەحمەد زۆری کۆمەگ و یارمەتی لە ئاسنگەرەکە و پیری کاروان و خەڵک و خوا و میری خۆشابێ دیت، تۆ بڵێی ئەم خۆ لە گوڵبەهار دزینەوەیەی بۆ ئەوە نەبووبێ کە پاداشتی جەماوەرەکە بەوە بداتەوە. ڕەنگیشە.

ئینجا با بێینەوە سەرەوکاری ئەوە کە داستانسەرا چەند ئازادە لە ڕووداو و کارەسات گێریدا بەتایبەت ئەگەر ڕووداوەکە بەشێک بوو لە مێژووی ڕوونی میللەتێ؟ ئەمە بیر و بڕوا و داوونەریتی

سـەر وەخت بەندوباوی هـونەر سـەرحـەد و سنووری بۆ دەکێشێ. نیـزامی و خـانا و غـەیری وانیش هـەروا لە خـۆڕا خەسـرەوی پەرویز و بۆن بەرامـەی شـا و شـازادەکانیـان نەهێناوەتە گۆڕێ، شیـرین ئەرمەنییە، فـەرهـاد نەقاشێکی چینییـە، خەسرەو ئاشـقی شیرینە و کیژی قەیسـەری ڕۆمیی ژنە و هـەمیـشـە لە هـەلێ دەگـەڕێ شـیـرین چۆن دەردەست کا و شـیـرینیش زۆر داوێن پاک و خـاوێنە بە شەرعی مـوسڵمانان یا شـەرعی ئەرمەنییان نەبێ، نابێ دەسـتی بۆ ببا و ئەویش لە ترسـی ژنەکەی ئەوەی پێ ناکرێ و دیارە ژنەکەیشـی جوان نەبووە، جوانیش بووبێ هێندەی شیـرین جوان نەبووە و چی دیکە و چی دیکە. ئەمـانە چەندی بە چەندن؟ وەڵامی ئەمـە هـەروەک وەڵامی ئەوەیە کە ئیلیادە و هۆمـێـر بۆچی هـەرچی ڕووداو و کـارەسـاتەکـانی داسـتـانەکـانیـان هـەن سـەرلەبەر بە خـواست و ئارەزووی خـواکـانی ئەو سـەروبەندە ڕوو دەدەن؟ سـەروبەندێ کـە خـوایانی سـەرزەوی و ئاسـمـان دەستیان لە هـەموو کـارێ وەردەدا و مرۆ وەک ئاسکە زێڕینە وابوو، ئینسان بۆ خۆی هـەر ئەوەندەی بیر پێ دەکرایـەوە، هـەمـوو شـتێکی: هونـەرەکانی، شـەڕوشـۆڕەکانی، بێ ڕەنگ و ڕوویی خوایان ناپەسـەند و بیژۆک بوون. یـەکێکی وەکـو نیـزامی گـەنجـەوی و خـانای قـوبادی، کێی تـر بێ شـا و شـاپەسـەندی، پشـووی هـونەریان کـورتـی دێنا و گـوریسـی هونەریان بە هێـچکی مـەبەسـتـیـان نەدەگـەیشـتـەوە شـا نەکـرابا بە هـەوێنی داسـتـان و داسـتـانسـەرایی. بەڵام وا دیارە مـرۆ لەو سـەروەختـەدا بە گرۆگاڵی مرۆوایەتی لە شایەتی بەدەریش کردبوو، بیری نیزامی دووپلە، یا بڵێین دوو سەروەختی بڕیوە یەکێکیان ملۆزمـایەتیی خوای زۆر و زەوەندەی تەمەڵی نەکارەی تەوەزەل، کە مـرۆی بەسـتـەزمـان بێ ئەوان مـاچێکی دڵدارەکانیـان پێ نەدەکـرا. دووەمیـان مێـمـڵایەتی شـا و شـازادەکان کە ئەو دنیـا خـۆشـەیان بە مەزرای دایکیان دەزانی و کردەی مرۆ و بردەی ئەوان بوو. شەرابیـان لە کاسـەی سەری ئینساندا دەخواردەوە و زۆر جارانیش هـەر بەو کاسەسـەرانە قەڵایان ڕۆدەنا. نیزامی مـەزەی لەوە خوراوە، کە با هونەرمـەندێکی نەقاش بێنێتـە ئاراوە، چ دەقەومێ، دەبا کـوڕە نەقـاشـێکیش حـەز لە شـیـرینێ بکا، خـۆ دنیـا خـراپ نابێ. ئەی ئافـەرین، بتـرەژم کـورد دایکەکەی وڵاتی گەنجە ئەوە چۆنت بە بیردا هات ئەو فێڵـە جوانە بدۆزییەوە؟ بەڵام بەداخـەوە هـەر بۆ ئەوەی دڵسـۆزیی ئەو نەقـاشـە ڕەنج بە باچووە، بە خـەسـت و خـۆڵی بنوێنێ هێنـاویە کردوویە بە گاوگـەردوونی درۆی فەرهـاد کوژێ و کەللەی بە کوڵێنگەکەی پژاندووە و شیـرینی دڵداریشـی بەسـەر لاشـەکـەی بە بەر خـەنجـەر داوە. نیزامی دڵسـۆزی و ڕاسـتـی و پاک و خـاوێنیی دوو ئـەوینداری لە خمـخانەی خەم و پەژارە و کوڵ و کەسـەری هـەتا هـەتا هـەڵکشاوە و تا مـرۆ ماوە ئەو فرمـێسکەی لە چاویدا قـەتیس مـاوە هـەر دەمـێنێ و هونەرەکـەیش لەمـەدا بووە بـۆ ئەو ڕۆژەی نیزامی، وەک بڵـێی هـەویری ئینسـانیـەت بە فرمـێسک شـێلدرابێ لای وان، کـەیفی بە تاڵ و ترشی و گرژومـۆنیی ژیان هـاتووە. بەڵام ڕاهـاتنە، مرۆ پێش دەکەنێ، هێندێ جار بزەی سەرلێو و فرمێسک لە یەک سـەرچاوە ئاو دەخۆنەوە. دەی گەردنی ئازاد بێ نیـزامی. خۆ شـیرینیکرد بە یاری کوڕە نەقـاشێ، جا خـەڵکی چین بوو.، ڕەش بوو، بۆر بوو، شـیـرین مـوسڵمـان بوو، ئەرمـەنی بوو، هـەرچییـەک بوون، بوون، خـۆ

دڵداریی لە کۆشک و سەرا و قەفەسە زومڕووت و یاقووتەکەی شاهان قوتار کرد. بەڵام لە بیرت نەچێ فەرهادیش هەروا کوڕە ڕەش و ڕووتێکی بێ کەڵک و دەست و پێ سپی و نەکارە نەبوو، هونەرمەندی کوڕی هونەرمەندبوو. نیزامی لە دەوروبەری خۆی گەیشتبوو و لە ڕوانگەی ئەو کەلێنەوە کە لە ڕەنج بە بادانی فەرهادی هونەرمەندەوە دەیڕوانییە دوارۆژ پشتی بە هەزار بە هەزارێکی سەر لە ئاسمانەوە دابوو پێی دەڵێن کەلەپووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەند. ئەگەر وای نەکردبا، لەوە زێتر فڕیبا. لێی بە عەیبە دەگیرا. هۆی نەمرییەکەیشی هەر ئەمەیە. نازم حیکمەتیش لە دەوروبەری خۆی گەیشتووە، ئەو نایەوێ هونەرمەندێکی پەنجە شمشاڵی لە پاچ و پێمەڕە و کوڵینگ وەشاندن بە دوور و نامۆ بگرێ، ئەو کێشانی نیگارێکی شاکار و بێستوون کونکردنی لە میحرابی عەشقدا بە چوونیەک داناوە. لای ئەوە ئەوەی بتوانێ بزەی سەر لێوی ئازیز نیگار بکێشێ دەتوانی بێستوونیشی بۆ کون بکا و لێوی پێ تەڕ بکا. هونەرمەند لای نازم حیکمەت نامرێ، بێستوونیش کون دەکا و ئاویش بە ئاوەڕۆدا ڕادەدا و بە درۆی فەرهاد کوژان، بە فیت و گزیی نەیاران فریو ناخوا. ئەو یاسا و دۆزەی هەموو دنیای لە سەردەمی نیزامیدا وەک ئەنگوستیکلێ لە ئەنگوست کردبوو، لە سەوەختی نازم حیکمەتدا زۆر کەسی لە کاروان لێ بەجێ ماون و لە دوا هەناسەی گیانەڵادان، ئەو ڕۆژە ڕابرد شیرین و فەرهاد جارێکی تر بە کوشت بدرێن، هەر گەلێ دەگری یەکێکە لە چەشنی خەڵکەکەی سۆفی مەمۆی بلوورڤانی بەیتبێژ. هەر لاوێک دەگری یەکێکە لە ڕەنگی فەرهادەکەی نازم حیکمەت و ئەحمەدەکەی یەشار. تازە ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو شاهەباسێ بتوانێ سەرچاوەی ئاوی قەڵای دمدم کوێرکاتەوە تیر و کەوانەکەی مەحموودی مەڕەکانی لە کار کەوتووە و فێڵ و فەرەجەی بەکر مەرگەوەڕ لە باو چووە.

لە پێشەوە دیاردیم بۆ ئەوە کرد، کە داستانی سەردەمی خواوەندانی یۆنانییان چیرۆکی زۆرانبازی و شەڕوشۆڕی نێوان مرۆ و ئەو هێزانە دەنوێنێ کە دەیویست بە تەرز و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە بەسەریاندا زاڵ بێ، بەڵام نەک بێ خواست و ئارەزووی خواوەندان. هەروەک ئیشارەتم بۆ ئەوەیش کرد کە داستانی سەردەمی شا و شای نیوچە خواوەندانی ئێرانییانیش هەر زۆرانبازییەکەیە بەڵام لە قۆناخێکی تردا کەلێنی بەرەو بیرکردنەوەیەکی تازەی تێ کەوتبوو.

داستان لە هەردوو قۆناخەکەدا وا دیارە لە پێشدا داستانبێژ بە گێڕانەوەی دەماودەم گێڕاویەتیەوە، لە پاشان خوێندەواران بە نووسینەوە و بەزەک و دۆزەکی ئارایشت و پەرداختی ئەدەبیات دەستیان بە نووسینەوەی کردووە. بە نموونە: مەم و زین بەشێوە فولکلۆرییەکەی و بەشێوەکەی ئەحمەدی خانیی نەمر، شیرین و فەرهاد بەشێوە دەماودەم و شێوەکەی نیزامی و قوبادی و دەهلەوی و نازم حیکمەت، لەیلا و مەجنوون بەشێوە فولکلۆرییەکەی و شێوەکەی فزوولی و شێوەکانی ئەمیر خسروی دەهلەوی و عەبدوڕەحمانی جامی و میثالی کاشانی و هلالی ئسترابادی و هاتفی و میر حاج و قاسمی گونابادی و سوهەیلی و زەمیری و مەقسوود بەگی

شیرازی و فەیزی هیندی و مەکتەبی شیرازی و مەهدی و سام میرزای چەپنووس و سی و چلێکی تر هەموو بەڵگەی ئەم بەخولیای داستاننووسییەوە گلانەن.

پرسیارێ، باشە ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا بۆ وەک جاران داستان ناگوترێ بۆچی ڕووداوی ئەم چەرخە بەشێوەی دەماودەم ناکرێن بە داستان؟ تۆ بڵێی ڕۆمانی هاوچەرخ جێگەی داستانسەراییی گرتبێتەوە؟ ئەگەر واش بێ تۆ بڵێی ئەو کەسەی کە ڕۆمانێ دەخوێنێتەوە وەک ئەو کەسە بێ کە گوێ لە داستان دەگرێ؟ لە خوێندنەوەدا تاکە کەسێ لەگەڵ وشە و لەگەڵ ئەدەبیاتدا ڕەفتار دەکا. بەڵام گوێگرتن لەگەڵ دەنگی داستانبێژ، لەگەڵ ئیشارەت و دیاردیی داستانبێژ، لەگەڵ هاوبەشیکردنی گوێگرانی تردا ڕەفتار دەکا. واتە لە حاڵەتی داستانخوانیدا باری نەفسی و عەقڵی گوێگر جۆرێکی ترە. باشە ئەی شانۆ و شانۆنامە کام سەری داستانسەرایی لە چەرخی کۆن چەرخی تازەدا دەنوێنێ؟ ڕەنگە بڵێین داستانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە شەڕوشۆڕ و پاڵەوانبازیی تێدابێ، بەڵام خۆ ئەشقیش کراوە بە بابەتی داستان. فکریش بە داستان نووسراوەتەوە. کارەساتەکەی شێخ بەدرەدینی کوڕی قازیی سیماونە بابەتێکی فیکری و سیاسییە، نازم حیکمەتیش کردوویە بە داستان. ئایا مەسەلە سیاسی و فکرییە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ ناکرێ بە تەکنیکی فۆلکلۆری بگێڕینەوە. واتا داستانبێژ بە شێوە کۆنەکەی شتی لە باوی ئەمڕۆ لە شێوەی داستاندا بگێڕێتەوە، ناکرێ؟ لە ئازربایجان برێ هونەرمەندی وا هەن ئێستایش هەر بەو شێوە فولکلۆرییە زۆر شتی ناوکۆمەڵ: لە ئەشق و ئەوین و دڵداریی هاوچەرخ، لە سیاسەت، لە فیکر، لە دنەدانی خەڵک بۆ کار و ئاکارپاکی، بە داستان لە خەڵک دەگەیەنن. واتا لاساییی شێوە کۆنەکان دەکەنەوە و زۆریش باوە. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە جاران داستانبێژ کە داستانێکی دەگێڕایەوە هەموو کەسێ بە زمانەکەی خۆی تێی دەگەیشت، داستانبێژەکەش هێند وەستایانە و بە دانسقە وشە و ڕستەکانی هەڵدەبژارد لای هەموو گوێگرێ پەسند بوو، لە پیاو، لە منداڵ، لە گەورە. من زۆرم لام سەیرە کە دەڵێن منداڵ دەبێ بە زمانی منداڵ شتی بۆ بڵێی و شتی بۆ بنووسی. ئەی ئێمە کە منداڵ بووین چۆن لەو هەموو چیرۆک و حکایەت و نوکتە و مەتەڵ و داستانە کوردییانە دەگەیشتین. من لە بیرمە شیرین و فەرهادم بە منداڵی بیستووە و تا ئێستاش خەفەت بۆ فەرهادیش و شیرینیش دەخۆم و ڕقم لە هەرچی پیرێژنی فەرهادکوژ هەیە، دەبێتەوە. ئێستاش بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ قوڵنگەکەی فەرهاد چەند زڵ بووبێ و تەشییەکەی شیرین وەک تەشییەکەی ماڵی خۆمان بووبێ و ئاخۆ ئەو خەنجەرەی کە خۆی پێ کوشت، مشتووەکەی زەرد بوو، ڕەش بوو، خەنجەرەکەی دەبان بوو چی بوو؟ بەڕاستی لە هەموو وشە و ڕستەیەکی بەیتبێژەکە دەگەیشتین.

ڕەنگە بڵێی منداڵی ئاخر زەمانە بووبن، کورە نەوەڵا، داستانبێژەکە زۆر وەستا بوو. جارێکیان یەکێ گوتی: دەڵێن نووسەرێکی کورد مەم و زینی سەرلەنوێ وەک ئەحمەدی خانیی نەمر داڕشتووەتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە کاکەمی کردووە بە کوڕە ٩٤فەلاح و تراکتۆر لێ دەخوڕێ بۆ

ماڵی بابی زین. منیش گوتم نەمخوێندووەتەوە، نازانم چۆنە، بەڵام دیارە تۆ لەوە تورەی ئاشق نابێ کورە فەلاح بێ. ئەی هەر دەبێ کورە ئاغا و میر و بەگلەر و بۆرجوازی بێ؟ کورە فەلاح و کرێکار و رەش و رووت نابێ سەرپالاّ و سەرچۆپیکێش و نابێ مدیر ئیدارە بێ، نابێ مدیر عام بێ؟ نابێ وەزیر بێ، نابێ ئەمە بێ و نابێ ئەوە بێ نابێ نابێی کوری نابێ بێ؟ ئەی هەر بچەوسێتەوە و لامژان بەری رەنجی بخۆن؟ جا مەسەلەکە ئەمەیە؟ بەرای من مەسەلە بیر و بڕواکەیە. تۆ بازرگانی کوری بازرگانی کوری بازرگان خۆت لە قالبی بە پێنج بکرە و بە دەی بفرۆشە داوە و لات وایە هەرچی بەو سەنگ و تەرازووەی تۆ نەپێورێ سەقەتە و قەتەرە. پێت وایە هەرچی قازانجی یەک بە دە، پێنج بە پەنجای لێ نەکرێ بێ ئەقلییە و تەنانەت ئەو کەسانەی مەزەویان وا نەوێ نابێ دەس لە کاری سیاسەتیش وەردەن، چونکە لێی نازانن، لە قازانجکەرانی تێک دەدەن. ئەدیب با ئەدەبیاتی خۆی بلێ و هونەرمەند خەریکی هونەری خۆی بێ بەڵام بۆ ئەوە دەست نادا دەم لە سیاسەتەوە بدا. بەڵێ رۆژگاری دنیا وابوو، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەگەر ئەدیب و هونەرمەند لە هەموو کەسێ پتر لەو دنیا پڕ شەرەشەقە گەیشتبن و تەنانەت ئەو بازرگانانەی کە بەترازووی بە پێنج بکرە و بەدە، بە بیست بە زیاتری بفرۆشە تاوتوو کراون، زۆریان کەیف بە ئەدەب و هونەرەکەیان دێتەوە، بەڵام هەر هێندەیان گلەیی هەیە دەڵێن خۆزگە باسی سیاسەتیان نەکردایە، بریا باسی رەشورووت و هەرچیوپەرچییان نەکردایە، کورە بابە لات و لەوار ئاشقێنی و دڵداری چوزانن، مەگەر هەر ئەوە بزانن ئیرەیی و حەسوودی بەناز و نیعمەتی مەمانان بەرن. بازرگان کە چاوی بەئەهراماتی میسر دەکەوێ واقی وڕدەمێنێ، دەچێتە سەیری تاج مەحەل سەرسام دەبێ، نیگارەکانی مایکل ئەنگیلۆ و پیکاسۆ و کێ و کێ دەبینێ خەیاڵ دەیباتەوە، داستانی شیرین و فەرهاد دەخوێنێتەوە، نووسینەکانی گۆرگی و گۆگول و شیعرەکانی گۆران و چی و چیی تر دەخوێنێتەوە دڵیان خۆش دەبێ، بەڵام کە گوتت ئەهرامەکانی میسر بە پیل و بازووی بەندە و کۆیلان رۆ نراون. تاج مەحەل هیندستانیی رەش و رووتی لە برسا مردوو دروستی کردوون و فڵانە هونەرمەندی نیگارکێش و فیسارە شاعیر و نووسەر نانی شەوێیان نەبووە و لە پەنا دیواران دەحەوانەوە، لوتفیان کەم دەبێتەوە. هەر ئەوەیە لە واق و رمان و کەیفسازییەکەیان پەشیمان نەبنەوە. دەیانەوێ لە جوانترین کۆشکدا دەم بەسەربەرن، رابوێرن بەڵام پێیان ناخۆشە بلێی ئەوە کرێکارێکی رەشورووت ئارەقەی بۆ رەشتووە، ئەو مەرمەرە، بە دەستی کرێکارێ وا لووسوپووس کراوە. ئۆتۆمبیلەکەی، فرۆکەکەی، بۆمباکەی، کە بەسەری کورە کرێکارێ یان فەلایەکدا دەدرێ، هەر کورە فەلایەک، کورە کرێکارێ دروستی کردوون. دەمەوێ شتەکە لەگەڵ باسەکەدا چوو. تبەقێ کەم، نیزامیی گەنجەوی یا هەر کامێ لە داستانسەرایانی شیرین و فەرهاد وەک ئەو نووسەرە کوردە وا بووە کە مەمی کردووە بە کورە فەلا، ئەوانیش شیرینیان کردووە بە یاری کورە نەقاشێ، لەوانەیە ئیعتیزاز بگیرێ، بۆ شا و شازادەکان کەم بوون. ئەم کابرایە فەرهادی بۆیاخچیی کردووە بە پاڵەوانی داستانەکە؟ ناماقووڵی و خەڵت و شەقڵ شکاندن و سەردەق شکاندن وانەبێ، ئەی چۆن دەبێ؟

هەر لەوانەی کە پێیان ناخۆشە فەرهاد کێوەکە کون کا حەز بەوە ناکەن بە زیندویەتی بمینێ، بەڵام هێند بێ ئەقڵن لایان وایە فەرهاد کە کێوەکە کون دەکا تەنیا لەبەر قژی کاڵ و چاوی ڕەشی شیرینە و بەس. نەخێر بۆ شتێکی گەورەترە. جا هەر بۆیە نازم حیکمەت و یەشار کەمالیش بە میزاجی ئەو جۆرە لە قاڵب دراوانەیان نەکردووە. یەکیان ئەشقی شیرین لە بیر فەرهاد دەباتەوە و یەکیان ئەشقی گوڵبەهار لە بیر ئەحمەد دەباتەوە. یەک لە هەرە نیشانە تایبەتەکانی ئینسان ئەوەیە تا شتی گەورەتر هەبێ خۆی بەشتی بچووکەوە نەگلێنێ، تا ئەشقی میللەت و خاک وەستابێ کوڵمی ئاڵ و قژی خاو و چاوی کاڵ کەمتر لە دڵدا جێی خۆی دەکاتەوە. ئەگەر واش نەبێ با لەمەوپاش وابین.

دوا قسەم ئەوەیە کەس ئەم قسانەم لەسەر نەکا بەماڵ، من نە موحازەرەم داوە و نە هیچ. کاک مەحموود زامداری سۆفی مەشرەب ڕۆژێکیان لەگەڵ کاک سەلاح شوانی خەڵکی کوێرە هەوارەکەی لای خۆمان بەرۆکیان گرتم، گوتیان هێندێ قسەی فەقێیانەمان بۆ بکە، قوتابی و موتابیی کورد لە دەرز و دەورکردنەوە زۆر وەڕەزن. بانگیان دەکەین هەندێ قسەی خۆشیان بۆ بکە. کاکە ئەوەی گوتوومە برێ قسەی خۆشکەڵەیە، ئەگەر عەیبیشم لێ دەگرن تو خوا ئێوەیش بە قسەی خۆشکەلە بمدوێنن سۆفییانە، فەرهادانە بمدوێنن.

هەواڵنامەی کتێب

تێبینی:

بۆ نووسینی ئەم وتارە چەند شتێکم خوێندووەتەوە:

١- موتوربەی خەڵک

وتارێکە یەشار کەمال لە ١٨- ٢١ی مایسی ١٩٧٦دا لە کۆبوونەوەیەکدا کە دانیشگای (پرینجتۆن) یانەی (پێن) بە هاوبەشی لە نیویۆرک بە ناوی (کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی نزیک لە ئەدەبیاتدا) خوێندوویەتیەوە.

٢- شیرین و فەرهادی نازم حیکمەت

٣- ئەفسانەی چیای ئاگریی یەشار کەمال.

٤- ئەفسانەی قەرەجە ئۆغلانی یەشار کەمال.

٥- ڕیپۆرتاژێ لەبارەی عابدین دینۆوە.

٦- شیرین و خەسرەوی نیزامی گەنجەوی.

٧- شیرین و خەسرەوی خانای قوبادی.

٨ ٩٦- لەیلا و مەجنونی نیزامی گەنجەوی.

٩- لەیلا و مەجنونی فزوولی بەغدادیی (ئازەری).

١٠- لغت نامەی دهخدا.

١١- داستانەکانی ئازەربایجان (بەرگی) ٥.

# لەبارەی پیەسەکانمەوە*

یەکەم شانۆم لە کوێ و لە کەیا دیت؟ ئەگەر قەرەگوێزیش[1] بە شانۆ لە قەڵەم بدرێ، هەشت ساڵان بووم لە ئەستەمبووڵ، لە ئاهەنگی خەتەنە سوورانمدا دیتم. کێ دەڵێ پێشووتریش لە قاوەخانەی گەڕەکدا، شەوێ لە شەوانی مانگی ڕەمەزان سەیری قەرەگوێزم نەکردبوو؟ سەیریشم کردبێ لە بیرم نەماوە. مەداحیشم[2] یەکەم جار هەر لە ئاهەنگی خەتەنە سوورانمدا گوێ لێ بوو. ئەوەی تا ئیمڕۆ لە بیرم مابێ سێبەری ئەو دارە باریکانەیە کە لە پشت پەردەیەکی هەر هێندەی بەری دەستێکەوە قەرەگوێز و حاجی وادیان[3] دەجووڵاندەوە و بێ وچان جارێ درێژ و جارێ کورت دەبوونەوە.

بە ڕاستی سەیرە، من تارماییە ڕەنگاوڕەنگەکانی قەرەگوێز و حاجی وادی پشت پەردەوەم لە بیر نەماوە، کەچی سێبەری ئەو دارە باریکانەم لە بیر ماوە کە جارێ دەردەکەوتن و جارێ دەسڕانەوە. بۆچی؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە ئەو دارە باریکانەی بەر و تەنگە و شان و شەپێلک و دەست و مەچەک و سەر و کەللەی قەرەگوێز و حاجی وادیان دەجووڵاندەوە و ئەو قەرەگوێز بازە نادیارەی کە لە پشت دارە باریکەکانەوە یارییەکەی دەگێڕا، نەک لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، بەڵکو، قسە وا تێ، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیمدا تێیان گەیشتم و دەرکم پێ کردن؟ ڕەنگە لەبەرئەوە بێ.

باشە، ئەی لەبارەی مەداحەوە چیم لە بیر ماوە؟ سەر و کەللە و دەم و چاویم بەبیر نایەنەوە. تەنانەت لەو حەکایەتانەی دەیگێڕانەوە، لەو لاساییکردنەوانەی دەیکردنەوەش هیچ ئاسەوارێکم لە بیر نەماوە. بەڵام دەنگی تا ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. لە تەمەنی هەشت ساڵیمەوە تا تەمەنی شەست ساڵیم گوێم لەو جۆرە دەنگە بزۆزانە بوو. دەنگ گەڵێک، بتەوێ و نەتەوێ ئیللا شتێکت پێ پەسەند دەکەن، دەنگ گەڵێک بۆ منەتبارکردنتان، بۆ بە پێکەنین هێنانتان دەجووڵێنەوە.

لەوانەیە قەرەگوێز و مەداح بە شانۆ دانەدرێن، بەڵام ئۆپەرێت شانۆیە. یەکەم ئۆپەرێتیشم دیسان هەر لە ئەستەمبووڵ، لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهاندا، هەڵەم نەکردبێ، لە ١٩١٥دا سەیر کرد. ئۆپەرێتەکە ئۆپەرێتێکی ئاو ستریاییی گەڕیدە بوو، هاتبووە ئەستەمبووڵ. سەرەک ئاکتەرەکە میلۆڤیچ ناوێک بوو، ئاو ستریایی بوو؟ شتێک بوو لەم بابەتانە، تا ئێستاش لە

---

(*) ئەم وتارە لە نووسینی نازم حیکمەتە، وەرگێڕانی لە تورکییەوەی شوکور مستەفایە و لە کۆواری نووسەری کورد، ژمارە ٢، ١٩٧٩ هاتووەتە بڵاوکردنەوە.

بیرمە و هەر دەڵێی لە پێش چاومە. ژنێکی دروشت و قەبەی شل و شەوێقی زۆر پەمەیی ڕەنگ، فرە سپی، زۆر قژکاڵ بوو. سێزدە، چواردە ساڵان بووم، لای ئێمە کوڕیش و کچیش زوو پێ دەگەن. دەوڵەمەندانی شەڕ لێفەیان بە بانقەنۆتی پێنج سەدی بۆ میلۆڤیچ دووری، جگەرەیان بە هەزار لیرەیی بۆ پێ کرد. لە کاتێکا خەڵکی شاری ئەستەمبووڵ لەو سەردەمەدا نانی ئاردی بەرە کەسکیان دەخوارد، لاوەکان لە چوار جەبهەدا، لە خوێنی ڕەواندا دەگەوزین و برسی و ڕووت و قووت بە شەڕ دەدران. بەڵکو هەر سەبارەت بەمەش بێ کە تا ئێستاش هەر جارێ پارچەیەکم لە ئۆپەرێتی چارداش بەرگوێ کەوێ لەلایەکەوە دەماری تووڕەیی و قیژاندن دەمگرێ لە ناخەوە تێروپڕ جنێودانم دێ بە یەکێکیان و سەرتاپا دەبم بە یەک پارچە تووڕەیی و یاخیبوون، لەلایەکی دیکەشەوە سەر و چاوم گڕ دەگرێ، نێوانی مەمکە زۆر زلەکانی میلۆڤیچم ئیستاش لە پێش چاوە. تەنیا یەک جارم سەیری میلۆڤێچ کرد لە چارداش، گێژ بووم، بەڵام تووشی دڵداری نەبووم. یەکەم دڵداریم لەگەڵ ئەلیزا بەنەمەجیانی ئاکتەریسدا بوو. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕووخابوو. ئۆردووەکانی حکوومەتی ئیئتیلاف، ئوستۆڵەکانی ئەستەمبووڵیان بە جارێ داگیر کردبوو. لە ئەنەدۆڵ، لە هەموو لایەکەوە هەستان و ڕاپەڕین دەستی پێ کردبوو. یەکەم شیعرم لەمێژ بوو بڵاو کردبووەوە. ئەلیزا سەرەک ئاکتەریسی شانۆی (دار البدائع) بوو. هێشتا هیچ ژنێکی بە ڕەچەڵەک تورک پێی نەهاویشتبووە سەر شانۆی تورک. ئاینی ئیسلام نەیدەهێشت سەر شانۆ کەوێ. ئەلیزا بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو.. ئەرمەنییەکان بەشیان لە دامەزراندنی درامای نوێی تورک، کۆمیدیای تورک، ئۆپیرای تورک و ئۆپەرێتی تورکدا زۆر گەورەیە. مێژووی شانۆی تورک شانازی بە ماناکیان و پاپازیان و ئەلیزا بەنەمەجیانەوە دەکا.

نازانم لە (دار البدائع) لە پێشا لە کام پیەسدا تەماشای ئەلیزام کرد، لە بیرم نایەت. بەڵام هەر کە ئەلیزام دیت و نەدیت بەتیرێ پێکامی. ئەمەم زۆر چاک لەبیرە. لە سەتا سەت بە تورکیی خانمەفەندییەکانی ئەستەمبووڵ قسەی دەکرد. بە عومری خۆم چاوی وا درشت و گەورەم نەدیتبوو، کە قسەی دەکرد ڕوومەتەکانی سوور هەڵدەگەڕان. لووتی مەیلەو درشت بوو، جووڵە نەرم و دەست و پەنجە سپی و ناسکەکانی هەر دەڵێی ئێستاش لە بەرچاومن. یەکسەر لە شانۆ وەدەرکەوتم. گوتم دەبێ پیەس بنووسم، ئەملا و ئەملای ناوێ، دەبێ پیەسێک بنووسم. مەگەر بەم بیانووەوە کەمێک لە نزیکترەوە بتوانم بیبینم، بەڵکو دەستم بگوشێ. بەڵام پیەس نووسینم بە زەحمەتترین کاری ڕووی زەوی دەزانی.

پیەسێک دەنووسم ئینجا جوان و زەریف دەیدەمە (دار البدائع) لە پاشان لە ریزی هەرە

پێشەوەی هۆڵی شانۆدا، نەخێر لە لۆجی درامانووسدا دادەنیشم، سەیری ئەلیزا بەنەمەجیان دەکەم، کاتێ پیەسەکەی خۆم یاری دەکا تەماشای دەکەم.

دەشێ پیەسەکە بە شعر بنووسم، بەڵام بابەتەکەی چی بێ؟ بێ گومان پیەسی دڵداریی یەکەم:

(لە گوێ ئاگردان) بەم جۆرە لەدایک بوو. پیاوێکی زۆر بەتەمەن، زۆر ژیر، زۆر چاک، زۆر شاعیر لەسەر چیایەک دەژێ. شەوێکی بە بەفر و کڕێوەی پڕتۆف و وەیشوومە. ژنێکی شۆخی گەنجی زۆر جوان بە هەناسەبڕکێ لە دەرکەی دەدا.

پیرەمێرد دەرکە لە ژنە دەکاتەوە، لەبەر گوێ ئاگردانەکەی دایدەنێ. ژنە لە شتگەلێک دەترسێ. پیرەمێرد ترسەکەی دەڕەوێنێتەوە. دەرکەکانی دنیای ئەقڵ و حیکمەت و فەلسەفە و بیر و شیعری بۆ دەخاتە سەر پشت و ئەوە بە ژنە دەسەلمێنێ کە ئەگەر بێتو لەم دەرگەیانەوە بچێتە ژوورەوە بە بەختەوەری دەگا و ئاسوودە دەبێ. شووشە بەفر بەستووەکەی پەنجەرەی ژوورەکە دەشکێ و لاوێک خۆی بە ژووردا دەکا. مەڵێ، ئەم لاوە ژنە راودەنێ و ژنەکە لەو تۆقیوە. پێی دەڵێ: یاڵڵا وەدووم کەوە تازە لە دەستم ڕزگار نابێ. پیرەمێرد، بۆ ئەوەی لە پەنجەرەوە هەڵنەیەن، دەرگەیان بۆ دەکاتەوە. هەردوو گەنج، نێرەکەیان لە دواوە و مێیەکەیان لە پێشەوە وەدەردەکەون و دەڕۆن.

لەوانەیە بپرسن بۆچی ئەمە یەکەم پیەسم بوو؟ ئەوەی سەیر بێ کابرای پیرەمێرد خۆم بووم. کەچی هێشتا لە تەمەنی هەژدەساڵیمدا بووم. لە پاشان بیرم کردەوە تومەز ئەم خۆ بە پیر زانینەم سەبارەت بەوە بوو کە بە هیچ جۆرێک نەدەکرا لەگەڵ ئەلیزادا بە یەک بگەین. ئەلیزا لە کوێ و من لە کوێ؟ ئەلیزا کێیە و من کێم؟ تەنانەت من ئەگەر بە شیعرم، بە ئەقڵم، بە پیەسەکەم سەعاتێکیش لەبەر گوێ ئاگردان ڕای گرم خۆ لە پاش سەعاتەکە پەردە دادەرێتەوە و شووشەی پەنجەرەکە دەشکێ، شان و شۆرەتی ئەلیزا و ئەو ژیانەی کە ئەوسا سەبارەت بە هەرچییەک بوو پێم وابوو زۆر دەوڵەمەندە ـ ئەلیزام لە دەست دەستێنێتەوە.

پیەسی (بەرگوێ ئاگردان)ە کەمم تەواو کرد، بەڵام بە (دار البدائع)م نەدا. وا پێویست بوو بۆ ئەنەدۆڵ هەڵێم و هاوبەشیی شەڕی ڕزگاریخوازیی میللی بکەم. لە ١٩٢١دا لە ئەنقەرە لە شانۆیەکی بێ سەروبەردا لەبەر چرای نەوتین و لە سەرما هەر ئەوەبوو ڕەق نەبمەوە و هەر سا نا ساتێ دەستوپلم بە هەڵمی هەناسەم گەرم دەکردەوە، (ئۆتێللۆ کامیلم) تەماشا کرد. بە درێژاییی تەمەنم تەنیا دوو جارم تەماشای شێکسپیر کرد. عەبدوڵڵا جەودەت ناوێکی جۆن تورک ئوستادی گەورەی، بە زمانێکی پڕ لە وشەی عەرەب و عەجەم کردبوو بە تورکی. ئۆتێللۆ

و هاملێت و فلان و فیسارم خوێندبووەوە، سەرسام بووم، حەیران بووبووم، بەڵام تەواو تێی نەگەیشتبووم. کامیل ئاکتەرێکی گەڕۆک بوو. دەتوانم بڵێم تەنیا پیەسێک لە مەلەفەکەیدا هەبوو، ئەویش هەر ئۆتێللۆ بوو. دەڵێن ئۆتێللۆیان بە شێوازی پاپازیان یاری کردبوو. حەیف سەیرکردنی پاپازیانم لە ئۆتێللۆدا بەنسیب نەبوو، بەڵام تەماشای ئۆتێللۆکەی شاگردەکەی کامیلم کرد، ئەوسا زانیم پلە و پایەی وەستایەتیی مامۆستاکەی چییە.

لەو مانگانەدا کە لە ئەنقەرە بووم، کامیل، بگرە دە جاری (ئەمیرالّی ڤەنەدیک) یاری کرد، منیش سەیری یاریی هەموو جارەکانیم کرد. ناشارمەوە عاشقبوونم بە شێکسپیر قەرزارباری ئەو وەرگێڕانە زۆر زۆر خراپانەی عەبدوڵڵا جەودەتە، بەڵام شاگردەکەی ڤاگرام پاپازیان ئۆتێللۆ کامیل، شێکسپیری تێ گەیاندم. کامیل لەمێژە مردووە، بە برسیەتی، بە کوڵۆڵی و نەخۆشی و لەش بەباری کۆچی کرد. پاپازیان هات بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، ئێشەڵڵا ساغە، دەزانم بوو بە نوێنەری گەل(٤).

لە (١٩٢١)دا چووم بۆ باتۆم. چوومە ئوتێلێک، ئەوسا ناوی (فەرەنسا) بوو. لە سەرێکەوە ڕۆژانە دوو لەگەن شۆربا ئاردی گەنمەشامی و چارەکێ نانی ڕەشم دەخوارد، لە سەرێکی ترەوە سۆلەکانم لەپێ دەکردن و بە تەقەتەق دەچووم بۆ کۆبوونەوە و کۆڕبەستن، لە سەرێکی دیکەشەوە لە کۆواری نەقابەی سووری دەفتەرخانەی دەرەکیی دەستە شۆڕشگێڕانی تورکیادا کە بە ناوی نەقابەی سوورەوە دەردەچوو کارم دەکرد. لە سەریکی تریشەوە ئەو پیەسانەم خوێندەوە کە بە فەرەنسی لە زنجیرەی ڕەنگاوڕەنگی بچووکدا بڵاو کرابوونەوە، نزیکەی سەت دانەیەک دەبوون، بگرە زیاتریش، یەک لە دوای یەک. لە دۆڵابی ژووری ئوتێلەکەمدا بوون، هەمووشیان بەر لە ساڵانی ١٩١٤ بڵاو کرابوونەوە، شەش مانگ لەگەڵ پەروەندەی ئەوسای شانۆکانی بولڤاری فەرەنسی و ڤۆدڤیلی فەرەنسیدا حەشرم کرد. نەک تەنیا لە دیو ناوەوەی بۆرژوای بچووکی ئەو سەردەمە گەیشتم، بەڵکو بەشێکی زۆری جلیوەکانی نووسینیش فێربووم.

لە پاش پیەسی (بەرگوێ ئاگردان) پیەسێکی دیکەشم نووسی، ئەوسا لەگەڵ نووسەرێکی تورکی والا نوورەدین ناودا، لە ئەنەدۆڵ، لە بۆڵوو مامۆستایەتیم دەکرد. پیەسەکەم بە ناوی (دڵ بەرد)ەوە نووسی: شێتێکی لادێیی دەبێ بە میوانی ئاغایەک، لە دیوەخانەکەی گوێی لە خەڵکەکە دەبێ، ناوی ئاغا بە کابرای (دڵ بەرد) دەبەن، دڵ بەرد وای کرد و دڵ بەرد وای گوت و چی. شێتە بۆ شەوێ سواری کۆڵەی سینگی ئاغا دەبێ، دەیەوێ دڵە بەردەکەی دەربێنێ و دەیخنکێنێ، بەڵام نە دڵی بەرد دەبینێ و نە هیچ، دەڵێ تفوو، کابرا نە دڵی هەیە و نە

تەڕەماش... ئەم پیەسە بزوێنە کۆمەڵایەتییەکەی ئاشکرایە و پیەسی گران گینیۆل لەمەدا گەلێ سوودی پێ بەخشم. شێوەی ئاخاوتنی لادێیییەکانی، ڕاستتر بڵێم شێوە ئاخاوتنی لادێیییەکانی دەوروبەری بۆڵووم ورد کردنەوە و لێم کۆڵینەوە و هەر بەهۆی ئەم وردکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەوە بوو پەڕینەوەم بۆ ناو زمانی گەل لە دواییدا ئاسان بوو و ئەرکم پێوە نەکێشا.

با بگەڕێینەوە سەروکاری ڕەنگاوڕەنگەکان لە باتۆم. ڕۆژێکیان پیەسێکی بە شیعر نووسراوی (بیتهۆڤن) ناوم بەرچاوم کەوت. باقڵ خراپیش نووسراوبوو، ئێستا بیخوێنمەوە پەسەندی ناکەم، بەڵام ئەوەی کە حەزم دەکرد بینووسم و تا ئێستاش هەر نەمنووسی لە داخی نەنووسینی هەر وەخت بوو بمرم. پیەسێک بوو بابەتەکەی پێ ئیلهام کردم. ئەویش ئەوەبوو کە ژیانی کارل مارکس بکەم بە پیەسێک یا چەند پیەسێک.

یەکەم ئۆپێرا و یەکەم باڵی شانۆی ڕاستەقانیم لە مۆسکۆ سەیر کرد. ئۆپێراکە شلەژاندمی، بەڵام من قسە لەو سەردەمانە یانێ لە ساڵانی٩٢٠ و ١٩٢٨ دەکەم، یانێ بەپێی باری ئەوسای شانۆ و باری ئەو وەختە دیکۆرەکانی (کارمێنی)ی ئەو سەردەمە و ناوی ئەوسای (کڕاسنی ماک) قسە دەکەم. (کڕاسنی ماک یانێ بوو کەڵە کە بالێی کۆمپۆزیتۆری کلیرە).

ڕاست و ڕوونتان دەوێ حەز لە ئۆپێرا ناکەم، هونەرێکی زەحمەت و تووشە، هونەرێکی گەورەیە، بیناکانیشی زۆر گەورە دروست دەکرێن، لایەنی ڕەسمیشی هەیە. ئۆپێرا لە هەموو دەوڵەتێکدا شانۆیەکی ڕەسمییە، بەڵێ بە دەستی خۆم نییە، نە لە یەکەم سەیرکردنیدا حەزم لێ کرد و نە ئیستاش دەتوانم حەزی لێ بکەم. بەڵام وەنەبێ دەرزیشم لێ وەرنەگرتبێ، دەرزم لێ وەرگرت، ئەویش وەنەبێ تەنیا هەر لە مەیدانی درامانووسیدا، بەڵکو لە کاری شیعرنووسنیشدا، تەنانەت زۆریشم سوود لەو دەرزانەش وەرگرت کە ئۆپێرا لە ژیانی ڕۆژانەمدا پێی بەخشیم، ڕاستتری بڵێم ـ کە بە پێچەوانەوە پێی بەخشم. پێویستیی بێ پەنا و پەردەیی، بێ ڕووکەشی، بێ ئارایشی و بێ قەدیفەییم لە بۆڵشۆیدا تەماشا کرد، لە ئۆپێراکانەوە فێربووم، هیچم لە (ماڵی تیاتر)، (شانۆی بچووک) لە بیر نەماوە. لەو سەردەمانە دەدوێم. لە سەردەمە تازەکاندا (دوڕگەی ئافرۆدیت)م(٥) پێ خۆش بوو.

وەختە لە بیرم بچێ، ئۆپێرا لە تێگەیشتن و زەوقی نیگارکێشی و پەیکەرتاشی و تەنانەت میعماریشدا تەئسیری زۆر بوو. ئەو ڕەسمانەی کە لە شانۆ، لە یاریی سەر شانۆ و لە ئیشاراتی ئارتیستەکانی ئۆپێرا و فلان دەچن لە کۆمپۆزیسیۆنەکانی ڕەسم و پەیکەرەکان تا ئێستاش حەز لە هیچیان ناکەم. لە شیعرێکدا کە لە ساڵی١٩٢٠دا بۆ مەیەر هۆڵدم نووسیوە، لەبارەی بۆڵشۆوەیە، نووسیبووم: «بیناکەی تیاتری بۆڵشۆی دەشێ ببێ بە عەمباری جۆ» بێ

گومان نـاهـەقیم کردووە. هیچم لەبارەی بالێکانی بۆڵشۆی ئەو سەردەمەوە لە بیر نەماوە. بەڵێ بالێیـەکم بە ناوی (یوسـفی جوان)ەوە سـەیرکرد، بەڵام هیی بۆڵشـۆی نەبوو، هیی دەستـەیەکی دیکە بوو، جا ئەوەی تەئسیری تێ کردم ئەم بالێیە بوو، بەڵام چ بالێیـەک، چۆن پێویسـتبوونی بزووتنەوە و گۆڕانی کۆمپۆزیسیۆن نەک تەنیا لە بالێ، لە دراما و ڕۆمان و شیعریشدا لەو باڵێی (یوسـفی جـوان)ەوە فێربووم. چەندان جاری دیکەیشیـان یاری کردبایەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو جارێکدا چل هەزار دەرزی لێ وەرگرم، چل جاری دیکەش بۆ سەیری دەچووم.

من چەندین یاریی تازە کوورەی ستـانیسلاڤسکی و مەیەر هـۆڵد و ڤاتانگۆف و تاهیرۆڤی وام سـەیر کرد بۆن و بەرامـەی ژیان و شـۆڕش و جـوانی و قـارەمـانیـەتی و چاکە ژیری و زیرەکی، پیاویان مەست و کەشەنگ دەکرد.

من ئەو پیـاوەم کـە لە ١٩٢٢دا پیەسـەکەی گـۆرکی (لە نێـوان هەرچی و پەرچییـاندام)م لە شانۆی هونەریی مۆسکۆدا سـەیرکرد. من ئەو پیاوەم کە پیەسەکەی نووسەری ڕووس سۆهۆگۆ بیلـین (مـەرگـی تاریلین) و پیـەسـەکـەی درامـانووسی ڕووس ئـا. ئۆسـترۆڤـسکی (فـەرتەنە) و پیـەسـەکەی گۆگۆڵ (مـوفـەتیش)م لە مـەیەر هـۆڵد سـەیر کرد، من ئـەو کـەسـەم کە پیـەسـەکەی نووسەری فرەنسی راسین (فێدرا)م لە کامێرنیدا تەماشا کرد، من ئەو کەسەم کە پیەسـەکەی نووسـەری ئیتاڵیـایی کارلۆ گۆستین (توراندۆت)م لە ڤاتانگۆڤدا تەمـاشـا کرد دەوجا وەرە ئەم هەمووە بکەیت و تێگەیشتنی بەستـووی چەسپـاوت ژێر و ژوور نەبێ؟ گوایە چەندین ئاسـۆی یەک لە یـەک هەراوترم لەپێش ناکـرێتـەوە، بۆ نـووسـینی ئەو بەرهەمـانەی کـە مـیللەتەکـەت، میللەتانی هەمـوو دنیا، مرۆڤ بۆ بەختەوەری و ڕووناکی و پێشکەوتن و هەقپـەروەری و داستی و جوانی و ئازادی و برایەتی بانگ دەکەن، ناسووتێنێ و هـەڵناقرچێی؟ منیش عەینی شتم لێ بەسەرهات.

لێرەدا تەنیـا دێڕێک قسـەم هەیە: لەو سـەردەمـانەدا، نوێکاری لە شـانـۆسـازیدا بەپێی داب و دەسـتـووری باو لە پیـەسـەوە نـەدەهات، بەڵکو لە هـونەر و بەهرەی ڕێژیسـوێر ـ مـخـرج و هونەرمـەند و نیگارکێشـەوە دەهات. یەکێ لەو جیـاوازییـانـەی نێوان سـەردەمی زێڕینی ئەو سـاڵانە و ئەو سەردەمـە زێڕینە تازەیەی کە لە پاش کۆنگرەی بیستـەم دەستی بە چریسکانەوە کرد و شەوقی لـە ساڵەکانی نزیکدا گەیشتـە ئاسمـان، قسە لە شانۆسـازیی سـۆڤیەت دەکەم ئەوەیە کـە نوێکاریی ئێستـا، لە درامـانـووسی و پیـەسـەوە دەستی پێ کردووە. ئیـخـراجی ئەو سـەردەمە تاقیکردنەوەکانی شـانۆسـازی بەشبـەحاڵی خـۆم شـەخسی کاریان لە درامانووسیی من کردووە. بۆ نموونە شانۆسازییەکانی مەیەر هۆڵد، یـا ستـانیسلاڤسکی، یا ڤاتانگۆڤم ڕەچاو

کرد و بەپێی دەستووری ئەوان دەستم بە دامەزراندنی دراماکانم کرد. لە بنیاتنانی پیەسی (کاسە سەر)مدا فێرگی مەیەر هۆڵد کاری گەورەیە. هەروەها لە بنیاتنانی پیەسی (پیاوە لە بیرکراوەکە)مدا ستانیسلاڤسکی و لە بنیاتنانی پیەسی (ئیڤان ئیڤانۆڤێچ هەبوو؟ نەبوو؟)مدا پیەسی (تۆراندۆت) کاریان گەورە بوو.

شانۆکانی سۆڤیەت کاریان پتر لە شیعرم کردووە تا شیعری سۆڤیەت. لێرەدا کە دەڵێم شانۆسازی مەبەستم درمانووسی نییە، ئیخراج و هونەرمەند و نیگارکێشم ڕەچاو کردووە. دەتوانم بۆ کاری ئەمانە، یەکە بە یەکە نموونە بێنمەوە. بەڵام لەبەرئەوەی کە لە خۆم زیاتر پێوەندییان بە کەسی دیکەوە نییە، وازیان لێ دێنم. شانۆکانی ئەوسای مۆسکۆ پێداویستی توانای لێگەڕان و وردکردنەوە و قووڵبوونەوە و تەجریدکاری و تەعمیمکارییان تێمدا پەیدا کرد.

ئەمەش وەنەبێ تەنیا هەر لە هونەردا، بەڵکو لە گەشە پێکردن و پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیکیشمدا یارمەتییان دام. ئەو دەرزانەی کە لە دانیشگەی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات(٦) وەرم دەگرتن لەژێر پرۆژیکتۆرەکانی شانۆکانی ئەوسای سۆڤیەتیشدا خوێندمنەوە. زۆر چاکم فەرق پێ کردووە کە شتێکم نووسیبێ، با لەسەر بابەتێکیش بووبێ، بە زۆری وەکو یاداشتێک بووە.

کەچی ئەو کەسەی لەم دنیایەدا بیرەوەریی خۆی یاداشت نەکردبێ منم. بە قسەکەم پێ مەکەنن و مەڵێن لەبەرچی؟ چونکە شتەکە زۆر ئاشکرا و سادەیە: ئێوە نازانن بیرم چەندە کولە. تەفسیلات و وردە ریشەی شتانم لە بیر نامینێ، ناو و مێژوو شتی وا لەبەرناکەم. جا لەبەر ئەمە ئێستا زۆر لە خۆم بکەم و بیر لەوە بکەمەوە کە شانۆسازی تا چ رادەیەک دەوری ئەوە بخەرە ئەولاوە، کە درامانووسێکی دەرەجە سێم لە مندا بینیوە، بەرانبەر بە گەورەییی ئەو دەورە سەرسام دەبم.

من ئەمەم لە تەمەنی شەستساڵیمدا کەشف کرد. کاتێکی ئەم وتارەم بۆ کۆوارێک دەنووسی. بەڕاستی سەیرە، بەڵام سەرلەبەری ڕستەکانی ئەم دەورەم، لە نۆرەی خۆیدا لە بیر نەماوە. ڕۆمانێک دەنووسم (ژیان شتێکی جوانە برالە) دەبێ دەسەوارەی ساڵی ١٩٢٤ی پراڤدا تەماشا کەم. یەکەم ڕۆژ هەواڵووکەیەکی ئاواواییم خوێندەوە: لە ١٢ی شوباتدا خوێندکارە تورکەکان لە دانیشگەی ڕەنجدەرانی ڕۆهەڵات بە سەرۆکایەتیی هاوڕێ (مستەفا سوبحی)یەوە شەوێکیان، بەناو ئەو شازدە تورکەوە کە پیاوکوژە خۆ بە کۆنەپەرست فرۆشتووەکان کووشتبوونیان ڕێک خست. لە پاش تەواوبوونی بەشی ئاهەنگی ڕەسمی، لکی

درامانووسی تورک بە یارمەتیی هاوڕێ ئێکەوە لە شانۆی مەیەر هۆڵد کاری شانۆسازی بەڕێوە دەبا پیەسێکی هاوڕێ نازمی ئەندامی کۆللێکتیفی یاری کرد. پیەسەکە سەرلەبەری کۆللێکتیفانە کاری تێدا کرابوو. دامەزراندنی پیەسەکە سەرنجکێش بوو. لە پەردەی یەکەمدا، کۆششی هاوڕێ پێشکەوتخوازەکان لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢١دا لەنێو ماتۆڕێکدا پێشان درا. لە پەردەی دووەمدا بەسەر مەکۆی چاپدا دەدرێ، لە پەردەی سێیەمدا لە ئەستەمبووڵ پۆلیس کۆڵان بە کۆڵان چاویان بە هەر شتێک بکەوێ ژمارە ٢٨ی پێوەبێ ڕاویان دەنا و لەم ڕاونان و بگرە و بەردەیەدا گەلێ سەحنەی سەیر و سەمەرە و کۆمیک بەرچاو دەکەوێ، لە پەردەی چوارەمدا بە بۆنەی ژمارە ٢٨وە هەرچی دەنکە جۆیەکی ماڵی ژمارە ٢٨ی خواردبێ بە ناوی شۆڕگێڕێکی ڕاستەقانییەوە باسخوون و مەحکەمە دەکرا و حوکم دەدرا. پیەسەکە بە بەرگی میللییەوە یاری کرا. شانۆسازییەکی ناوخۆییانە بوو. ساڵۆنەکە پڕ بوو لە میللەتانی هەمەجۆر و تورکی نەزان، لەگەڵ ئەوەشدا یارییەکە سەرنجی کێشان.

ئەم چەند دێرە کە لە ١٢ی مارتی ١٩٢٤دا پراڤدا بڵاوی کردووەتەوە پێم وایە یەکەم بەڵگەیە کە لەم نووسینەمدا هێنابێتمەوە.

کەواتا ناوم بۆ یەکەم جار لە ١٩٢٤دا کەوتووەتە سەر لاپەڕەکانی پراڤدا و ئاخۆ وەکو پیەسنووسێ کە بۆ یەکەم جار چاوم بەناوی خۆم کەوت چەندم کەیف پێ سازبووبێ. بۆ درۆ بکەم وەڵڵا یەکەم ڕۆژ کە چاوم بەم چەند دێرە کەوت لە پراڤدادا نووسرابوو دڵم لە خۆشییان بە تەپەتەپ کەوت. بڕوام نەدەکرد، لە دڵی خۆمدا دەمگوت داخۆ پراڤدا کەی ناوی منی بیستبێ.

لەگەڵ نیکۆڵای ئێکدا لە مۆسکۆ هەرەوەزی شانۆی (مێلا ـ گەسک)مان دامەزراند. باقڵ ئەمە یەکەم و دووا هەرەوەز بوو. بە ڕوونی مێژووەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام پۆستەر و ئیعلانەکانیم تا ئێستاش لە پێش چاوە. گەسکێکی کلک درێژ لەسەر قورسێکی سوور. مەبەستمان ڕوون بوو. لەلایەکەوە مەبەستمان ئەوەبوو کە هەرچی خڵتەی بیروباوەڕی بۆرژووا و بۆرژووای بچووک و دەرەبەگایەتیی نێو ژیانی ڕۆژانەی مەردم و مێشک و دەروونیان هەیە بە گەسک بماڵدارێ و لەلایەکی دیکەوە مەبەستمان ئەوەبوو کە شانۆکانی مۆسکۆ لەو خڵتانە پاک بکرێنەوە، کە لە ڕووی زانینەوە، یان نەزانینەوە لافی پاراستنیانمان دەدا. حەوتووی دوو جارمان لە سینترالنێی ئێستا، کە جاران ناوی (شاپووار ـ سینەمای مۆسکۆ) بوو یاری دەکرد. ئێرە یانەی دانیشگەی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵاتیش بوو، منیش وام بەبیردا دێ کە ماوەیەک سەرۆکی یانەکە بووم، بەڵام زۆر چاکم لە بیرە کە نیکۆڵای ئێک کاری لکەکانی

درامای یانەکەی دەگێڕا.

لە بیرم چوو: هونەرمەندەکانمان بە دوو جۆرە تاقیکردنەوە هەڵدەبژارد:

١ـ تاقیکردنەوەی ئاکتەری، ئەمەیان ئیک دەیکرد.

٢ـ تاقیکردنەوەی سیاسی، ئەمەیان من دەمکرد.

سەروتاری ئەو ڕۆژەی پراڤدام بە دەستنیشان کراوەکان دەخوێندەوە، لە پاشان لە بابەتە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەستمان بە پرسیار لێکردنیان دەکرد و ئەزموونم دەکردن. شانۆکەمان لافی دامەزراندنی یەکێتیی ئۆرگانیکی سیاسەت و شانۆی لێ دەدا. دیسان وەکو لە بیرم بێ، پیەسەکەی خۆممان بە ناوی (قەباحەت لە کێیە) وە لە (مێتلا) یاری کرد لەگەڵ ئێکدا. وا بزانم شتێکی دیکەشمان بە ناوی (کیرپیچکی)یەوە نووسی. ئەم ناوەمان لە گۆرانییەکەوە وەرگرت کە بە ژنە کرێکارێکی ڕووسدا هەڵدارببوو کە دەورێکی زۆری دەبێ لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کارخانەیەکدا. پیەسی (قەباحەت لە کێیە) تەنیا یەک پەردە بوو، لە تاوان و دزیەتی و بێ ئاکاری و شتی وا دەدرا کە لە ڕژێمی سەرمایەداریدا پەنگیان خواردووەتەوە و قەباحەت و تاوانی دەخستە ئەستۆی کۆمەڵ نەک تاک. هەرچی ئەوەی پێشوو بوو لە دواییدا بیستمەوە زمانزەد بووبوو، بەڵام خۆی لە بارەی گۆرانییەکی زۆر جوانی شاری بەناکانەوە دامەزرابوو کە بەناوی (کیرپیچکی)یەوە بوو، لە شەڕی یەکەمی جیهان، لە شۆڕشی کشتوکاڵ، لە یەکەم ڕاپەڕینی ئابووری دەدا. لەم یارییەدا سینەمامان زگماکانە لەگەڵ شانۆدا یەکانگیر کردبوو. بە نموونە:

یەکێ لە قارەمانەکانی هاوبەشیی لە خۆپیشاندانێکی کۆڵاندا دەکرد، ئەم دیمەنەمان لەسەر پەردە تەماشا دەکرد. قارەمانەکە لە خۆپیشاندانەکە جیا دەبووەوە و لە دەرکی ماڵێکی دەچووە ژوورێ، ئینجا لە پەردەکەوە دەهاتە دەرێ و خۆی دەدایە پەنای کۆڵێتی سەر شانۆکە. قاعیدە و دەستوورمان ئەمە بوو:

هەرچی دیمەن و ڕواڵەتی دەرەوە بوو لەسەر پەردە، هەرچی هیی ناوەوە بوو لەسەر شانۆ پیشان دەدرا، بەڵام وەکو گوتم ئەمەش وەنەبێ وەکو دوو شتی لێک هەڵبڕاو و جیاواز، بەڵکو وەکو دوو شتی پێکەوە جۆشدراو.

پیەسی (گەسک) لە پاش ئەوەی شەش مانگ بەرگەی گرت خودی خۆی لە دنیای شانۆسازیدا ماڵدرایەوە و ئاسەواری نەما. جا ئێستا هەرچەند بیر دەکەمەوە، نازانم ئەمە چۆن ئەو شەش مانگە بەرگەی گرت، شتێکی سەرسووڕێن بوو. بەڵام ئێستا گەیشتمەوە ئەو ڕاستییە کە خەڵتەی دنیا کۆنەکانی نێو دڵ و دەروونمان هەروا بە ئاسانی نابەزێ، بەڵکو

پێویستــە بە چەکێکی کـاریگەرتر و قـووڵتـر، بە چەکێکی پێشکەوتووتر بە گژیدا بچین و بیبەزێنین. هەروەها گەیشتمە ئەو ڕاستییەش کە سەرنەکەوتنی گەسکەکەمان بەش بەحاڵی ئیمکاناتی ئەو سەردەمە و بەش بەحاڵی تێگەیشتنی شانۆسازیی ئەو ڕۆژگارە، کارێکی زۆر تەبیعی بوو. بەڵام مرۆڤ هەرچییەک بێ حەز لە شانازی بەخۆوەکردن دەکا. ئایا ئەم حاڵەتە ڕۆحییەش خڵتەیەک نییە؟ بەڵێ خڵتەیە. ئارەزووی بەخۆوەنازین دەکەین، بڕوانن کاتێ نووسیم سینەما و شانۆمان وەکو بتوونێکی زگماک بەکار هێنا بێباکانە شانازیم بە خۆمەوە دەکرد. ماوەیەک پێم وابوو ئێمە ئەم کارەمان زۆر لە پێش (لاتیرنامـاژیک)ی چیکەکانەوە، یا بە (مۆنۆئێران ـ یەک پەردە)یش بێ ـ بەدی هێناوە؟ کەچی لەو سالانەدا ئەم تاقیکردنەوانە لە هەموو دنیادا دەکران و بووبوون بە باو. تەنانەت لە ئەستەمبووڵیش فیلمێک، پێم وایە فیلمێکی ئەڵمانی بوو، سەرەک ئاکتەریسەکەی لەسەر شانۆیش یاریی دەکرد. تاقیکردنەوەی (گەسک) دواییەکەی هەستی درامانووسییەکی تێمدا گەشە پێ کرد. لە بنەچەکدا لەسەر بنجی پیەسی (کاسە سەر) ڕوواوە. ئەو سەردەمە سەرومڕ بە مارکس و ئینگلس و لێنینەوە گلابووم، بەڵام چۆن گلانێک، ویستم سەرلەبەری کتێبەکانی لێنین ڕاستەوڕاست بخەمە سەر شانۆ. هێنام کتێبی (ئیمپراپالیزم دووا قۆناخی سەرمایەدارییە)م سیناریۆ کرد و قارەمانە دیاری کراوەکانیشم لە کارەکەدا هاوبەش کردن. ئەویش نەک بۆ سینەما، بۆ (گەسک)ەکەی لەمەڕ خۆمانم ساز کرد. بەڵام یاریکردنەکەی بە قسمەت نەبوو، بالێیەکیشم بۆ (مەیەر هۆڵد) نووسی بە ناوی (ئەهرام)ەوە بوو، ئەهرامێکی سۆسیال، بە هێزە بەرهەمهێنەکانی بنەڕەتییەوە و لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنە سەرخانییەکانیدا. هێنام بۆ (مەیەر هۆڵد)، خوێندیەوە، پەسندی کرد، بەڵام نەیخستە کایەوە. جگە لەمانە پیەسێکی شیعریشم نووسی، ناوی (چواردەی مانگ) بوو. یاخیبوونێکی ناو گەمیەیەکی ئەتلانتیکیی ڕادەگەیاند، بەڵام تەماشای ئەسڵەکەی بکەن، گەمیەکە بە وەجاخەوان و مەکینەوان و ئاگرەوان کرێکاران و ڕێبوارانی سەربان و دەرەجە دوو و دەرەجە یەک و دەرەجە لۆکس و کەپتانەکانیەوە نموونەی کۆمەڵێکی لاساییکراوەی سەرمایەداری بوو. پیەسەکەم تەواو نەکرد. نەخرایە کایەوە، بەڵام بەشێکی زۆری پارچەکانیم لە ڕۆمانە شیعرییەکەی (بەنەرجی بۆچی خۆی کوشت)دا بەکارهێنا.

یەکەم نوسخەی پیەسی (کاسە سەر)یشم هەر بۆ (گەسک) نووسی، نەخرایە کایەوە، ئەم نوسخەیەیان ون بوو. دووەم نوسخەیم لە تورکیا نووسی. هەر کە نۆرەی هات لە بابەتەکەی و یاریکردنەکەیتان بۆ دەدوێم. داوتەڵەبی ئەم پیەسەش یەکێ لە دەستوورەکانی مارکسیزم بوو.

سەرمایەداری لە پەرەسەندندا دەگاتە قۆناخێک تەنیا بە شتی مادی داناکەوێ، نرخە

مەعنەوییەکانیش دەبن بەماڵ و دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن. هەر کە هەوڵی وەبیرهێنانەوەی ئەو ساڵانە دەدەم، جارێکی دیکە هەست بەشتێکی تر دەکەم. کارێکی گەورەی شانۆسازیی سۆڤیەت و سەرومڕ بە شانۆسازیی سۆڤیەتەوە گلانم کارێکی گەورەیان لە تێگەیشتنی هونەری و چالاکییەکانم کردووە. ئارەزووی ڕاستەوڕاست لەسەر شانۆ نواندنی کتێبەکانی لێنین وای لێ کردم شیعریش بۆ ئەم کارە تەرخان بکەم. هەمیشە بیر دەکەمەوە ئایا لە درامانووسیمدا و هەر بە بۆنەی درامانووسییەوە لە شیعریشدا کام شانۆسازی بۆ ئەم ئەزموون و تاقیکردنەوانەی پاڵ پێوە نام؟ لەم ئەزموون و تاقیکردنەوانە هیچ پەشیمان نیم. تا ئیمڕۆیش هەر سوودیان لێ وەدەگرم. ئەوەی پاڵی بۆ ئەو تاقیکردنەوانە پێوە نام (مەیەر هۆڵد) بوو. بەڵام ئەوەی لە ئوستاد فێربووم تەنیا هەر ئەو گرنگییە نییە کە هونەر لە خزمەتی ڕوونکردنەوەی ڕووی سیاسەتدا بێ.

ئێمە کە دەڵێین یەکە میراتگری ئەو نرخ و باییە ڕاستەقانییانەین کە سەرلەبەری مرۆڤایەتی لە سەرانسەری هەموو سەردەمەکاندا، لە ئاسیا، لە ئەفریقا، لە ئەوروپا هێناویانەتە گۆڕێ، کە ئەمە دەڵێین گەلێ نموونەی پرشنگداری تەتبیقاتی مارکسیست لێنینستی سەر بە هونەری ئیخراجم لە ئوستادمدا بەدی کرد. منی درامانووس و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ قەرزارباری زۆر شتی مەیەر هۆڵدم کە نرخەکانی ئیخراجی ڕاستەقانیی شانۆ کلاسیکەکانی ئاسیا تا دەگاتە شانۆ گەلییەکانی ئێمە و سەرلەبەری شانۆکانی ئەوروپا بەو مێژووە دوور و درێژەیەوە و هەرچی داب و دەستووری گەورەی شانۆسازیی ڕووس هەبوو بە پاککراوی لە پێش دانام.

کە دەڵێم قەرزارباری زۆر شتم مانای ئەوە نییە کە قەرزاری هەموو شتێکیم. دووپاتی دەکەمەوە لە مەیدانەکانی دیکەی هونەری شانۆسازیدا قەرزاباری زۆر شتی ستانیسلاڤسکی و ڤاتانگۆڤ و تەنانەت تاهیرۆفێشم. ئەگەر لە سەرلەبەری تێگەیشتنی هونەری شانۆسازیم دەپرسی وەنەبێ لە سەتا سەت بەو کەسەوە بەسترابێتم، نە بە ستانیسلاڤسکی، نە ڤاتانگۆڤ نە بە تاهیرۆفەوە، ئەوان تا چ ئەندازەیەک پێکەوە بەسترابن، هەڵبەتە پێکەوە بەستراون، تەنانەت لێکیش هەڵکێشرابن، تێگەیشتنی شانۆسازیی ئەمڕۆی منیش هەر بەو ئەندازەیە و بەو جۆرە بە هینەکانی ئەوانەوە بەستراوە. بەڵام لەولاشەوە شانۆسازیی سۆڤیەت هەر لە پاش کۆنگرەی بیستەم ڕاپەڕینێکی گەورەی دیکەشی بەرپا کرد، بێ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ داب و دەستوورە گشتی و میللییەکانی خۆیدا بپچڕێ، ڕاپەڕینێکی بەرپا کرد و منیش ئەمڕۆ وەنەبێ تەنیا هەر لەگەڵ موخریجە گەورەکاندا، بەڵکو لەگەڵ درامانووسەکانیشدا هاوپێوەندم.

لام وایە ساڵانی ١٩٢٨و ٢٩ بوو. نەخۆش بووم، لە ماڵەوە کەوتبووم، هاوڕێکان گیرابوون، لە

ئەستەمبووڵ لە پۆلیسخانە دوای ئەوەی بە ئاگری جگەر سنگە ڕووتەکانیان سووتاندبوون و زوێڵە چەرمی ژێر پێیان بە زۆپای گەرمەوە بەجێ مابوو و هێلکەی کولاویان بە سەعات لەژێر هەنگڵیان دانابوو، بۆ مەحکەمەکردنیان ناردبوونیان بۆ ئیزمیر. تا بڵێی نەخۆش بووم، بێ خەرجی بووم. دەرکەم کرایەوە. موخریجی گەورەی تورک (موحسن ئۆرتوغروڵ) خۆی کرد بە ژووردا . محسن یەکێ بوو بە دامەزرێنەرە کارامەکانی شانۆسازیی نوێی تورک، یەکێ بوو لەوانەی کە دیزپلینی شانۆسازیی نوێی تورک، بەتایبەتی هینەکانی ڕووس ـ سۆڤیەتی بەدی هێنابوو، عاشقی ستانیسلاڤسکی و مەیەر هۆڵد بوو. چەند جارێک هاتوچۆی سۆڤیەتی کردبوو. دۆستم بوو، گوتی: پیەسی ئامادەکراوت هەیە؟ گوتم: هەمە. بەڕاستی نەشمبوو. گوتی: ئەگەر دوای حەوتوویەکی دیکە بمدەیتێ دەیخەمە سەر شانۆ. گوتم: باشە. داوای یاریکردنی پیەسێکی من لە تاکە شانۆیەکی ڕاستەقانیی ئەستەمبووڵدا ، لە گەرمەی تێرۆری دژی شۆڕشگێڕانی لەو ڕۆژگارەدا بەلامەوە هیچ سەیر و سەمەرە نەبوو. موحسن دۆستم بوو. من باوەڕ بە دۆستایەتی دەکەم. دوای ئەوەی موحسن ڕۆیشت بیرم کردەوە من لە ماوەی حەوتوویەکدا چیم پێ دەنووسرێ. بابەتی پیەسی (کاسە سەر)ەکەم بەبیر هاتەوە کە دەست پۆلیس کەوتبوو و لەناو چووبوو. پیەسەکە لەوە دەدوا کە سەرمایەداری نەک هەر نرخە مادییەکان، بەڵکو نرخە مەعنەوییەکانیش دەکا بەماڵ و دەیانخاتە بازاڕەوە.

لە ناوچەیەکی (دۆلاریاندا) ناو پرۆفیسۆرێکی (دالبانیزۆ) ناوی زۆر هەژار ماکی دەردە باریکە دەدۆزێتەوە. ڕاستتر بڵێم، نەزەرییەی ماکەکە دەدۆزێتەوە. تروستی (سەناتۆریومەکان ـ مەصحەکان)ی دەردە باریکە دەکەوێتەوە هەراسانی و شڵەژانەوە. تەکلیفێکی ئاواوایی پرۆفیسۆر دەکا و دەڵێ: ئەو پارە و پوول و موختەبەرەی کە بۆ بەدیهێنانی ساخکردنەوەی ماکەکەت پێویستە ئێمە لە ئەستۆ دەگرین. بەڵام ئێوە بۆ ماوەیەکی دیار، کاری ماکەکەتان بخەنە لاوە و خەریکی تیمارکردنی مانگاکانمان بن. پرۆفیسۆ لە پێشا قایل نابێ، بەڵام دوایی ملکەچ دەکا و پەیمانێک لەسەر ئەمە ئیمزا دەکا . دەردە باریکە سواری کۆڵی کچەکەشی دەبێ. بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاردا مانگاکان تیمار بکا لە ئەزموونگەی یەکێک لە مەصحەکاندا دادەمەزرێ. بەڵام پرۆفیسۆر چاوەڕێی ماوەی پەیمانەکە ناکات و ماکەکە ساخ دەکاتەوە و ڕزگارکردنی کچەکەی بەپێویستتر دەزانێ. ماکەکە بە دزییەوە رەنێو دێنێ. بەڵام لە پێش ئەوەی بە کچەکەی بدا بە تۆمەتی پەیمان شاکاندن و بارمتە نەدانەوە دەخرێتە بەندیخانەوە. لە پاشان لە بەندیخانە دەردێ. لە سێرکدا کۆمبارسی دەکا . دوایی دەمرێ. تەنانەت کاسە سەرەکەشی لە تەشریحخانە دەفرۆشرێ.

ئەم پیەسەی کە ڕێبازە سەرەکییەکانیم بۆ ڕوون کردنەوە تەنیا سێ شەوان لە ئەستەمبووڵ یاری کرا. چوارەم شەوی بە فەرمانی ئەنقەرە یاساغ کرا. بروبیانووی یاساغکردنەکەشی ئەوەبوو کە گوایا بەیتاڵەکانی وڵات لەسەریان هەڵداوەتێ و شکاتیان کردووە. لە پیەسەکەدا پرۆفسیۆر دەڵێ: خۆ من بەیتاڵ نیم، تەماشای مانگا ناکام و بەمە رۆپلیکێکی دەکەوێتەوە نیو پیەسەکەوە. بەڵام هۆی ئەسڵی ئەوەبوو کە سەیرکەرەکان لە دوای پرۆمێرەوە ـ ساڵۆنەوە کە بەشی زۆریان لاو و کرێکاربوون ـ خۆپێشاندانێکیان بەرپا کرد. سەعاتێکی تەواو لە ساڵۆنەکە نەهاتنە دەرێ، ئێمەیان چەندین جار بۆ سەر شانۆکە بانگ کرد. ئاخرییەکەی من لە دەرکەی پێشەوە دەرچووم. بەڵام کۆڵان یەکێکی دیکەی نەدەگرت. منیان خستە ناوەڕاستی خۆیانەوە و لە شێوەی جەماوەرێکی بەرفراواندا بەو نیوەشەوە بە جادەی ئیستیقلال وەربووین. لە پاشان، گوتم یاساغ کرا.

(کاسە سەر) پێم وایە یەکەم پیەسێکە کە لە تورکیا بەپێ مەبادیئی فێرگەی مەیەر هۆڵد بۆ شانۆ سازکرابێ. وەکو گوتم من ئەم فێرگەیەم وەنەبێ بە هەموو مەبادییەکانیەوە، بەڵکو بە هەندێ مەبادییەوە سوودم لێ وەرگرت و لە ڕادیۆی مۆسکۆش لە ١٩٥١دا ئەم پیەسەی چەند جارێک یاری کرد. پێش چەند ساڵێک سەیرکردنیم لە شانۆی درامای گەنجەش بەنسیب بوو. لەگەڵ ئەکبەر بابایێف و ڕۆمانننووس و درامانووسی ئازربایجانی مەنتی حوسێنیشدا سەیرمان کرد. من خۆم یارییەکەیم بەدڵ نەبوو. لە نووسینی پیەسەکە پەشیمان نیم. بەڵام پیەسەکەم پەسەند نەکرد. کەچی ئوستاد پیەسەکەش و یارییەکەشی پەسند کرد.

شانۆسازییان لە چ مێژوویەکدا و کەی لە پێشا ئاخنییە نێو قووتوویەکی قەپاتکراوی بە ئاڵا و واڵا قەدیفەدار و بە بریقەوباق ئارایشت دراو و پەردەدار و بە دیکۆرەوە؟ نازانم، ئەمە چاک بوو، خراپ بوو؟ مەبەستم ئەوە نییە. ئەمە لێرە بە با ناکەم. من بەش بەحاڵی خۆم جاروبار بە تاسەی یاریی شانۆی هەوای ڕەها و ناو بازاڕ و مەیدانی شارەوەم.

ساڵەکەیم لە بیر نەماوە. جارێکیان بە بۆنەی جەژنی منداڵانەوە، بۆ یارییەکانی شایی و زەماوەندەکانی موسابەقەیەکیان ڕێک خست. لەگەڵ نیکۆلای ئێکدا هەردووکمان هاوبەشیمان تێدا دەکرد. پیەسەکەی ئێمەیش لەوانە بوو کە بە یەکەم لە قەڵەم دران. حەوتوویەک لە سێرکدا یاری کرا موخریجەکەی (ئێک) بوو، یاری چ لە سێرکی داخراودا چ لە هی گومەزداردا بێ، شانۆ چ لە هەوای ڕەها و چ لە بازاڕ و مەیدانی شاردا بێ، ئەوەی تێیاندا دەژی گەلایەتی و یاری و زەماوەندەکەیەتی.

لە پیەسەکەی ئێمەدا هونەرمەندەکانی دراما و هونەرمەندەکانی بالێ و هونەرمەندەکانی

سێرک بە ئینسان بەستەزمانە هونەرمەندەکانیەوە ـ هەریەکە لەلایەکەوە یارییان دەکرد. ڕووداوەکان لە زەویش لە عاسمانیش، لە چوار پەردەی سینەمادا ڕوویان دەدا. تەنانەت تەماشاکەرانیش ـ کە زۆربەیان منداڵ بوون ـ ناوبەناو هاوبەشیی یارییەکەیان دەکرد. لە کاتێکا ئەمانە دەنووسم، داخی ئەوە دەمکوژێ کە ئێمە بۆچی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەزموونەمان بۆ پتر گەشەپێکردنیان، دووبارە نەکردەوە.

دیسان زنجیرەی بیرەوەرییەکانم لێ ئاڵۆزکا. ئاگام لێیە سەرومڕ هەر سکاڵا دەکەم. بەڵام ئایا پیاو هەرچی بیرەوەریی هەیە لە پیرۆیەکی کۆڕۆنۆژی بەپێی زنجیرەی مێژوو ریزیان دەکا؟

موحسن ئۆتوغرول دوو پیەسی دیکەشمی لە ئەستەمبووڵ، لە ١٩٣٠دا خستە کایەوە یەکێکیان (ماڵی مردوویەک)، ئەوی تریان (پیاوە لە بیرکراوەکە) بوو. نوسخەی دووەمی (ماڵی مردوویەک)ەکەم چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش لە شانۆی (کۆمیسار ڕێشکی) لە لێنینگراد یاری کرا. بەڵام ناوەکەیم گۆڕی، کردم بە (یەکەم ڕۆژی جەژن) لەگەڵ میخاییل زۆشینکۆدا چووین بۆ هۆڵی شانۆ. ئوستاد پیەسەکەی پەسند کرد. منیش زۆرم دڵخۆش بوو. کۆمەڵی چیرۆکی زۆشینکۆم کرد بە تورکی. عاشقی وەستایەتیی ئەو ئوستادەم. لە سەرەدمێکدا چاپەمەنییەکانی بوژووای تورک دەستیان بە قیرەقیر کردبوو، کە گوایا «مرۆڤ لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێکەنینی لە بیر چووەتەوە و ئەدەبی کۆمیک و پێکەنین لەو وڵاتە مردووە» و چی. بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی ڕوشینکۆ بە تورکی زۆر بەسوود بوو. لام وایە هەزاران هەزار خوێنەرانی تورک بە خوێندنەوەی چیرۆکە تاڵەکانی زۆر قووڵ و دوور لە هەموو ڕەنگ و بۆیەکی ڕەشبینی، یەکێتیی سۆڤیەتیان خۆش دەویست. بابەتی (ماڵی مردوویەک) کێشەی کلاسیکی میراتی بۆرژووایە. تەنیا چوار ڕۆژ یاری کرا. بەڵام میری یاساغی نەکرد، نەخێر، سەیرکەر نەهاتن. جا با هۆ و سۆنگەکەیتان بۆ ڕوون کەمەوە:

بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی (کاسە سەر) لە پاشان دەرکەوت کە ئەم تەجرەبەیان زیاد لە پێویست ڕەچاو کردبوو ـ بۆ یاساغکردنی پیەسە تازەکە ناوی نووسەرەکەیمان گۆڕی. سەبارەت بەمە زۆربەی سەیرکەرەکان خوێنەری من بوون. بۆرژووا و وردە بۆرژووا بوون. هەر لە ناوەندی پەردەی یەکەمدا دەستیان بە قیرەقیر کرد، گوتیان: ئەمە چ ڕەزاڵەتێکە؟ موقەدەساتمان سووک و ڕیسوا دەکرێن. لە پەردەی دووەمدا هۆڵەکە نیوەی زیاتر چۆڵ بووبوو. لە ناوەندی پەردەی سێیەمدا گالەری نیوە قەڵەباڵغێک بوو، بەڵام هەر چوار پێنج کەس لە ساڵۆنەکەدا مابوونەوە. عەرزم کردن لە پاش تەماشاکردنێکی وا بە شەوق و پرشنگداری

پیەسەکە تەنیا هەر چوار ڕۆژ خۆی گرت، جا هەر سەبارەت بەمە موحسن پیەسەکەی تری بەناو و ناتۆرەوە خستە شانۆوە، سەرەک دەورەیش خۆی یاریی کرد. (پیاوە لەبیرکراوەکە)م لە ١٩٣٣دا لە یەکێ لە بەندیخانە هاتنە دەرەوەکانمدا، نووسیبوو. بابەتەکەی بە کورتی: پرۆفیسۆرێکی زۆر بەناوبانگ یاریدەرێکی گەنجی دەبێ، ژنەکەشی گەنج دەبێ، پرۆفیسۆر کوژراوی ناوبانگ و دیلی ئاکار و ڕەفتاری بۆرژووا دەبێ. لە حاڵەتێکدا کە سووری دەزانێ ژنەکەی لەگەڵ یاریدەرە گەنجەکەیدا دەستیان تێکەڵ کردووە، فزە ناکا. لەوە دەترسێ ناوی بزڕێ و دهۆڵی ناوبانگی بدڕێ. کچێکیشی هەیە لە کابرایەکی خاوەن ژن و ماڵ ئاوسە. بۆ پێشگیریی ناوزڕان و ڕیسوایی، بەوە قایل دەبێ کە بە دەستی خۆی مناڵی کچەکەی پێ لەبارببەرێ. کچە لەسەر کاسەی منداڵ لەباربردن دەمرێ، پرۆفیسۆر دەخرێتە بەندیخانەوە. پاش لە بەندیخانە دەرچوونی، لە بیری دەچێتەوە. بۆ کوێ بچێ، لە کوێ بگیرسێتەوە؟ تەنیا جێیەک دەبێ، ئەویش ئەو قاوەخانە سەباحچییانەن کە پەنا و دەرەتانی پیاوی لە بیرکراون.

ئینسانەکان لە پیەسەکەدا هەندێ زۆر لایەنترن، پێم وایە ئێکجار وا بێ سەروبەر نین وەکو لێرەدا باسم کردن. نوسخەی دووەمی ئەمەیشیان ئەمە دوو ساڵە لە گەلێ شوێن بە تایبەتی لە شانۆی ئۆردووی سۆڤیەت یاری دەکرێ. لە ئەڵمانیای دیموکرات و چیکۆسلۆفاکیاش یاری کرا. تەماشاکردنەکەیمان لەگەڵ ئاکتەریستێکی شانۆی هونەریی مۆسکۆ لە ئەستەمبووڵ بەنسیب بوو. ناوەکەیم لە بیر نەماوە، لە بیستەکاندا شووی بە کاک فوئاد جاریم کردبوو، باشکاتبی باڵیۆزخانەی تورک بوو، لەگەڵ ئەودا هاتبوو بۆ تورکیا. پێم وایە لە سییەکاندا بۆ یاریکردنی دەورێک بۆ ماوەیەک بۆ مۆسکۆ گەڕایەوە. ئێستاش لە پێش چاومە: ژنێکی بالابەرزی باریکەلە، چاوەکانی زۆر ڕەش و گەورە بوون، تا بڵێی جوانییەکەی سەیر بوو. ئێکجار ژیر و ئاقڵ بوو. پێویستە تەلەفۆن بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆ بکرێ بۆ ئەوەی ناوەکەی بزانرێ[٧].

پیەسەکەیش و یاریکردنەکەشی پەسەند کرد. قەتم لە بیر ناچێ: گوتی ئەمە بکەن بە ڕووسی و بۆ شانۆی هونەریی مۆسکۆی بنێرن. بڵێ چیم بەبیر هاتەوە؟ تەماشاکەن: ڕۆژێکیان لە باخچەکەی ماڵی کاک فوئاد دانیشتبووین، من بووم، کاک فوئاد بوو، ژنەکەی بوو، کوڕە پێنج شەش ساڵانەکەیان بوو، کوڕەکە بە ڕاکردن دەیویست لە چاڵێک بپەڕێتەوە یەک دوو جار هەوڵی دا نەیتوانی و هەموو جارێ دەگەیشتە چاڵە و ڕەق ڕادەوەستا. دایکەکەی چوو بۆ لای کوڕەکەی، پێی گوت باز دە. مادام دەتەوێ بپەڕیتەوە دەبێ باز دەی، نابێ بگەڕێیتەوە. کوڕە گوتی:

ـ دەترسم دایە.

ـ هیچ شتێ لە ترس شووڕەییتر نییە لەم دنیایەدا. باز دە، باز نەدەی دەکەویتە چاڵەکەوە. پێت ناخۆشە، قەیناکە، جارێکی تریش باز دەدەیتەوە. باز دە، دەی...

کوڕە بازی دا و لە چاڵەکە پەڕییەوە.

لە ١٩٣٨دا کەوتمە بەندیخانەوە، ئەم جارەیان ١٣ ساڵی ڕەبەقی تێدابووم. لە ژوورەوە پێنج پیەسم نووسی: (شیرین و فەرهاد) یا (چیرۆکی دڵدارییەک)، (یوسف و زولێیخا) یا (یوسف و براکانی)، (ئێستگە)، (فیتنەت)، «بوومەلەرزە»، لەم پیەسانە (شیرین و فەرهاد) لە مۆسکۆ، لە پراگ، لە بەرلین و لە زۆر شاری تر یاری کرا. (یوسف و براکانی) لە ئەڵمانیای دیموکرات و چیکۆسلۆڤاکیا یاری کرا. (شیرین و فەرهاد) کرا بە فیلمیش. بەڵام تا بڵێی شتێکی بەرباد و قۆڕ، هەرچەند بە بیرم دێتەوە تا ئێستاش شەرمەزاری دەمگرێ. هەرچی (بوومەلەرزە) و (فیتنەت) بوون دەسنووسەکانیشیان نەمان و لەگەڵ ونبووان تێکەڵ بوون. (ئێستگە) بابەتەکەیم گرت، سەرلەنوێ نووسیمەوە. بەڵام لە هیچ کوێ نەخرایە کایەوە.

گوتمان دەنگ مەکە ئەمەریکامان دۆزییەوە و کارێک هەیە. زۆرجار کارێکی فرە سەمەرە و کۆمیکە. هەندێ جار لات وایە بەڕاستی ئەمەریکا نەدۆزراوەتەوە و زۆر بەڕاستی تێ هەڵدەچی و دەڵێی دۆزیمەوە و زۆرت کەیف پێ ساز دەبێ. کاتێ دەکەویە وشکانی تەماشا دەکەی ئەوروپاییەکان زۆر لەمێژە زەوییەکەی دەکێڵن، جا ئەوسا شتەکە نەک هەر سەمەرەیە و بەس، بەڵکو هەندێکیش جێی تووڕەیی و کەفچەڕاندنە. منیش لە مەیدانی درامانووسیندا کارێکی دۆزینەوەی ئاوهام بەسەرهات. پیاو لە بەندیخانەدا، ئەگەر بەندیخانە لەسەر بنەمای کارنەکردن دامەزرابێ وەختی زۆرە. بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای کارکردن دامەزرابێ پێم وایە لە تاو ماندویەتی و شەکەتی، پیاو وەختی بیرکردنەوەی بۆ نامێنێتەوە، بەڵام من هەر لە بەندیخانەکەیدا بووم، وەکو لە بیرکردنەوە بەولاوە هیچ کارێکی دیکەم نەبێ وابوو. تەنیا پێنج ساڵی دواییم نەبێ کە توانیم دەس لە ملی بەختەوەریی تەون فێربوون کەم.

لە پیەسە هاوچەرخەکاندا تەماشام کرد مۆنۆلۆگەکان بەجارێ هەڵگیراون و لە ئارادا نەماون. گەشەپێدانی مۆنۆلۆگەکان و لە دەروویەکی نوێوە کار تێکردنیان، دەورێکی سەرەکی لە شانۆی دیوی ناوەوەی دنیاماندا دەبینێ. لە (شیرین و فەرهاد)دا هەوڵم دا ئەم ئیبداعەم بەدی بێنم. هەروەها لە (یوسف و زولێخا)شدا هەستم بە کەیفخۆشیی عەینی کەشف و ئیبداع کرد. لە (شیرین فەرهاد)دا قارەمانەکان لە سەرێکەوە لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن، لە سەرێکی ترەوە بیرەوەری و بەسەرهاتەکانیان نەک هەر خۆیان بۆ تەماشاکەرانیشیان دەگێڕایەوە، هەندێ

جاریش بۆ ماوەیەکی درێژ هەر یەکە بە دەنگێکی بەرز بیریشی دەکردەوە؟ لە پاشان هەندێ جار قارەمانەکان هەر یەکە خۆی لەگەڵ خۆیدا قسەی دەکرد. واتە بە پێوەدانی مۆنۆلۆگی کلاسیک. لە دواییدا لە (یوسف و زولێخا)دا زولێخا دەنگی لە سێ ئاوازدا، سێ مۆنۆڵۆگی جیاجیای دیوی ناوەوەی دنیای خۆی دەگێڕێتەوە. بێ ئەوەی زولێخا قسە یکا بە شێوەی پانتۆمیما یاریی دەکرد. ئەو سەردەمانە هێشتا (ماگینتۆفۆن ـ مسجل) دانەهاتبوو، بەڵکو هەشبووبێ، من بێ خەبەر بووم. لەبەر ئەوە بیرم کردەوە ئەم سێ دەنگە لەسەر قەوان تۆمار کەم. بەڕاستی هێندە لەم کەشف و ئیبداعانەم مەمنوون بووم، هەر کە لە بەندیخانە دەرچووم و دەرنەچووم، یەکەم کارم ئەوە بوو ئەم دوو پیەسەم بۆ هاوڕێکانم بخوێنمەوە. بۆم خوێندنەوە بە «پێکەنینێکی سارد و بێ تامەوە» تەماشام کردن. یەکێکیان گوتی:

ـ چاکە، بەڵام ئەم ماریفەتەی تۆ، بگرە هەرە پۆپەکەشی سارتەر لە مێژ کردوویە.

یەک لە خراپییەکانی پۆستنشینیی بەندیخانە ئەوەیە کە درامانووس ئاگای لە سەرلەبەری کەین و بەینی مەیدانی درامانووسی دەبڕێ و وەکو لە گوێی گادا نووستبێ وای لێ بەسەر دێ. بەڵام دنیا هێندە گەورە و فراوانە درامانووس هێندە زۆر و زەوەندەن شەرت نییە تەنیا هەر پۆستنشینیی بەندیخانە بێتە هۆی بێ خەبەری لە کەین و بەینی مەیدانی درامانووسی.

یانی بە کورتی و کوردەوارییانە، بۆ ئەوەی لە کاروباری شانۆسازیدا سەرلەنوێ ئەمەریکا بدۆزیەوە ئیللان و بیللان چوونە ژوورەوەی بەندیخانەی ناوێ. هەروەکو لە پاش ئەوەی هاتم بۆ مۆسکۆ بە نووسینی یەک دوو پیەسیش عەینی بەزمم بەسەرهات، یانی وام دەزانی ئەو ماریفەت و کەشفانەی کە من لە پیەسەکانمدا ـ هەندێکیان یاریش نەکران ـ دامهێناون بە خەیاڵی کەسی دیکەدا نەهاتوون تەنیا هەر خۆم شۆڕەسواری ئەو مەیدانەم، کەچی لە دواییدا بۆم دەرکەوت هەیهوو، ئەم ماریفەتانە زۆر لەمێژتر بەکارهێندراون.

لەمانەی عەرزم کردن ئاکام و ئەنجامێکی ئاواوایی وەدەست دێنم:

ئینسان لە سەردەمە کەوشەندارەکاندا، لە هەر پیشەیەکی بەتخووبدا، لە بلیمەتەکەیەوە بگرە تا نەفەرێکی ساکاری، لە زانستدا، لە تەکنیکدا، لە هونەرە جوانەکاندا، لە هەرچییەکدا لە سەرانسەری ئەم دنیایە، تەنانەت لە بەندیخانەشدا، ڕووبەڕووی عەینی ئەم پرسیارانە دێ و هەر عەینی وەڵامیشیان دەداتەوە، گەورە، بچووک، زۆر گرنگ، کەم گرنگ، هەر عەینی ئەو کەشفانە، هەر عەینی ئەو ئیبداعانە دەکا، زۆرجار بێ ئەوەی کەس ئاگای لە کەس بێ ئەمانە دەکەین. بەم ئەنجام گەیشتنە لەسەرێکەوە دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە، لە سەرێکی تریشەوە وەختە بڵێم ئەمە جۆرێکە لە بابەتی سەرلەنوێ ئەمریکا دۆزینەوەیەک.

ئا، لەبیرم نەبوو، پاش بۆ مۆسکۆ گەڕانەوەم، برێ پیەسم نووسی: (لە تورکیا)، نوسخەی دوومەی (هەرە گێل)، (ئیڤان ئیڤان ئیڤانۆڤیچ هەبوو نەبوو؟)، (مانگا)، (سەر کێشی دووەم)، (تارتۆف ـ ٥٩)، (سەرەڕای هەموو شتێ)، (سەعاتەکانی پراگ)، (شیرەکەی دیمۆکلیس) زۆریان نەخرایە کایەوە. بەڵام ئەو چاکتر. بە درێژاییی ژیانم لەژێر تەئسیری شانۆدا بووم، بەڵام لە درامانووسێکی دەرەجە سێ بەرەوژوورتر سەرنەکەوتم، بەڵام هەرچۆنێک بێ لەم مەسەلەیە بێ بڕشت و خراپ نیم. هیوادارم ببم بە درامانووسێکی چاک. قسەی پێشینانە: «تا ڕۆح زیندوو بێ ئومێدبڕ نابێ»

پەراوێزەکان:

(١) (قەرەگوێز: قەرەقۆز: ئەرەجۆز): بە سێبەری ئەم بیچم و سەر و سیما بنیادەمە لە چەرم و مقەبا دروست کراوە دەگوترێ، کە لە پشت پەردەیەکی سپیی ڕووناکەوە یاریی پێ دەکرێ و زمانی حاڵی خەڵک و نوێنەری بیر و بڕوا و ئەندێشە و ڕای مەردمە. (وەرگێڕ).

(٢) مەداح: شایەر.

(٣) حاجی وادیش هەر شتێکە بابەتی قەرەگوێز، ئەمەیش هەر لە پشت پەردەڕا بەرامبەر بە قەرەگوێز یاریی پێ دەکرێ. لافی زۆرزانی و پسپۆڕی و ژیری لێ دەدا و خۆی لە خەڵک بە بەرزترەوە دەگرێ و لە قسە و دەوم و دوویدا خوێندەوارانە و فەیلەسووفانە قسان دەکا.

(٤) پاپازیان لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا ساغ بوو، لە ١٩٦٨دا مرد ـ وەرگێڕ.

(٥) (دوڕگەی ئافرۆدیت) ناوی ئەو پیەسەیە کە شاعیر و درامانووسی هاوچەرخی یۆنانی (ئالێکسیس پارنیس) نووسیویە.

(٦) نازم حیکمەت لە ساڵی ١٩٢٢وەوە تا ساڵی ١٩٢٨ لەو دانیشگایە خوێندوویە.

(٧) ناوەکەی سۆهاچێڤا بێلینا گییۆپیەڤنایە. (ئیبراهیم تاتارلی).

# کەسێتیی تاکی عێراقی

نووسینی: باقرٍ یاسین

**بەشی پێنجەم:**

## دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

### ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟

ئەگەر جۆر و شێوەکانی ئەو وەڵامدانەوەیەی کەسێتیی تاکی دەرگیر بەشکست بخەینە ڕوو و تەماشای کاردانەوە ئاکاری و ڕەنگدانەوە و هەڵچوونەکانی بکەین لە بەرەوڕووبوونەوەی نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری، ئەوا دەبینین ویستی دەسەڵاتخوازی و کۆنترۆڵکردن و گرتنەخۆ و هەژموون، لە نێوان ئەو وەڵامدانەوانەن کە دەکرێت تاک بەرپەرچی نوشوستی و بێ ئومێدیی پێ بداتەوە، بەمانایەک لە ماناکان ئاکاری دیکتاتۆری، کە یەکێک لە هاوماناکانی ڕەوشتی دەسەڵاتخوازییە، یەکێک لەو بەرەنجام و ڕەنگدانەوانەیە دەشێت لە نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەریبوونەوە سەر دەرهێنێت.

هەینێ کەسێتیی عێراقی (وەکو لە بەشی پێشوودا باسمان کرد) موبتەلا، یاخۆ تووشی، یا کاریگەریی هەندێک خەسڵەتی کەسێتیی سایکۆباتی بەسەرەوە بوو، کە هەوەسی دەسەڵاتخوازی یەکێک لە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی پێک دەهێنێت، کەسێتیی عێراقیش بەهەمان شێوە دەرگیری ئارەزووی دەسەڵاتخوازی بوو، کە دەشێت لە جۆر و ناوی جیاجیای ئاکاردا خۆی بنوێنێ.

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

### بۆچی ویستی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا سەری هەڵدا؟

وێڕای ئەم لێکدانەوە خێرا و کورتە دەبینین هێشتا پێویست دەکات زیاتر بەڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە گرینگ و زیندووەی خوارەوە بدەینەوە:

بۆچی ویستی پاوانکردن لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا سەری هەڵدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەتوانین بڵێین:

"کاردانەوەی ڕەنگدانەوەیی، یاخۆ دەمودەست، یا غەریزی، کە مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی دۆخی شکستی دەری دەخات، کە هەستی هەمیشەیی لە تووڕەبوون و پەشێوی و ڕق و دوژمنکاری لای تاک لە بەرابەر ئەوانی تر و کۆمەڵگەدا دێنێتە کایە و دروستی دەکات، هەروەها هەستەکانی بارگاوی دەکات بەئارەزووی بەردەوام بۆ وێرانکردن و لابردنی هۆیەکان و ڕەوش و ئەو فاکتەرانەی لەمپەر بوون لە بەرابەر هاتنە دی ئاواتەکانی و ڕێگەیان بەڕوویدا داخست و نەیانهێشت ئامانج و مەبەست و حەزەکانی بێنە دی و گەیاندیانە ئەو دۆخی شکستییەی بەدەستییەوە دەناڵێنێ، ئەو هەستە نەرێنییە تۆڵەخوازییە پڕ لە گرژییانە هەر بەخۆیان ئەو هۆکارانەن سەودای دووبارە سەپاندنی خود و ئیرادە و دەسەڵات و حوکمکردنی ئەگەر بەهێز و بەزۆرەملێ و هەژموونیش بێت لا دەجووڵێنن، تا لە دۆخێکدا بێت توانای وێرانکردن و لابردنی ئەو هۆ و لەمپەرانەی ناومان هێنان هەبێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ئاکارەی زۆرجار خۆبەزلزانی و یاخیبوون و سەپاندنی ئیرادە و دوژمنکاری پێوە دیارە لەگەڵ گوێ نەدان بەکۆتوبەند و بەها و یاسا و سیستەمی باو و پێڕەوکراو، کە دەبینێت بەسەریدا سەپێنراوە و ملنەدان، یاخۆ ڕازیبوون بەو هێزانەی بەحوکمی واقیع بوونیان هەیە، هەموو ئەمانە بەمەبەستی تێکشکاندن و وێرانکردن و لابردنی ئەو هۆ و فاکتەر و ناتەواوییانەی بوونە ئەگەری شکست و هەوڵی زاڵبوون بەسەریدا و سەرپێ شۆڕکردنی، ئەم هەموو هەڵسوکەوتانە بەسەریەکەوە دەگەنە (سەرهەڵدانی ویستی پاوانخوازی لای تاک ئەگەر وەرگێڕانی واقیعی نەبێت بۆی، لە کاتێکدا ئارەزووی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری تاکدا هەر ئەوەیە بە"ویستی دیکتاتۆری" ناودەبرێت، بەچاوپۆشی لەو ئاستەی پێی دەردەچێ، یا پیادە دەکرێت) ئیتر لە ئاستی ئاساندا بێت، کە پێوەندیی تاکی سەربەخۆ، یاخۆ خێزانی لەگەڵ ناسیاوەکانی بەڕێوە دەبات، یاخۆ لەسەر ئاستێکی فراوانتر و گشتگیرتر و ترسناکتر، کە پێوەندە بەدەسەڵاتی تاک و هەژموونی بەسەر ئامراز و هۆکار و ئەو هێزە بەکۆمەڵە بزوێنەرەی سەرجەم کۆمەڵگە، بەکۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی، یاخۆ سەربازی، کە دەتوانێت بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە ببات.

ئەگەر بەتوندی و بەهێزی و گەورەییی قەبارەی ئەو بارودۆخ و هۆکار و لەمپەرانە بزانین، کە ڕووبەڕووی مرۆڤی عێراقی بوونەوە و دەرگەیان بەڕوویدا داخست و هەوڵەکانیان شکست پێ خوارد بۆ بەدیهێنانی حەز و ئاوات و ئامانجە تاکەکەسی و گشتییەکان لە ماوەی چەندان سەدە و

سەردەمی یەک لە دوای یەکدا، ئەو کات هەستمان کرد قەبارەی ئەو هۆیانە و پاڵنەر و بارودۆخە توندەی تاکی عێراقیی گەیاندە ئەو دۆخە درێژخایەنە لە نوشوستیی توند و بێ هیوایی پڕ لە ژان، کە لە پێکهاتەی ئاکارییدا بەدڵڕەقترین و دزێوترین وێنەی پیادەکراوی حەزی پاوانخوازی و دیکتاتۆری چاندووە، کە پەیتا پەیتا لە ماوەی سەدان ساڵدا گۆڕا و پەرەی سەند بۆ ڕەفتار و سیفەتی کەسێتیی باو.

ئەو شێوازە ئاکارییانەی لە ئارەزووی دەسەڵاتخوازیی کەسێتیی عێراقی دەبنەوە:

ویستی دەسەڵاتگیری لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا دەکرێت لە کۆمەڵێک ناونیشان و زاراوە و دەلالەتی کردەیی و واقیعیی پیادەکراو لە پێوەندییەکانی تاکی عێراقی و هەڵسوکەوتەکانی و ژیانی گشتییدا خۆی بنوێنێ.

پێویستە هەندێک لەو ناو و گوزارشتانەی کە لە زمانی وەسفی و ئەدەبیی باوماندا بەکاریان دەهێنین ڕوون بکرێنەوە، مەرج نییە بەهەمان دەربڕین و مانا و مەبەست لە زمانی دەروونزانیدا بەکار بهێنرێت، کە هەوڵ دەدەین لە شیکردنەوە و وەسفی چەندان دۆخ و ویستی ئاکاری پەنای بۆ ببەین، کە تاکی عێراقی لە چوارچێوەیدا دەجووڵێتەوە....

ئەو کەسایەتییەی دەخوازین بۆ نموونە بەکەسێتیی تاکڕەوی ناوی بەرین، لە زانستی دەروونزانیدا بەکەسێتیی دەسەڵاتخوازی، یاخۆ دیکتاتۆری ناو دەبرێت...

ئەم ڕوونکردنەوەیەی لێرەدا دەیکەین ئامانجی بەرجەستەکردنی هاوبەندییە لە نێوان ئەم وشانە و مەبەستەکانیان، وای دادەنێین زاراوەیلێکن مانای لەیەکچوو و هاوبەشیان هەن بەدوور لە گومان و دوودڵی. هەوڵ دەدەین لێرەدا بەشێوە درێژدادڕییەک بەرجەستەترین شێوە و جۆری ئاکاری بخەینە بەرچاو، کە دەتوانین لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و بەردەوامی تاکی عێراقیدا تێبینیی بکەین و لەگەڵیدا بژین و پێی ئاشنا بین، لەگەڵ هەوڵی گەواهیدان بەنموونە و بەڵگەی بەراوردی وەرگیراو لەو ڕووداوانەی لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا لە ژیانی عێراقیدا ڕووی دا.

بەرجەستەترین و گرینگترین ئەو جۆر و شێوە ئاکارانە، کە بڕوامان وایە لە ویستی دەسەڵاتخوازی لە کەسێتیی عێراقیدا لقی لێ بووەتەوە، ئەم شێوازانەی خوارەوەن:

١- عێراقی بەلای پەلەکردن و تاکڕەوی لە بڕیارداندا لادەدات:

ڕەنگە سیفەتی پەلەپەلکردن و تاکڕەوی لە خەسڵەتە ناسراو و باوەکان بن لەبارەی کەسێتیی عێراقییەوە، بەڵام ئەوی لەم ڕێبازە ئاکارییەدا لای تاکی عێراقی ترسناک و وێرانکەرە ئەوەیە لە پەلەپەلکردن و هەڵپەیی و تاکڕەویی لە بڕیارداندا جیا ناکاتەوە و جیاوازیی دانانێت، ئیتر ئەو کێشانەی فەرمان و بڕیارە سەرپێیی و تاکڕەوەکانی لەو بارەیەوە دەردەکات، ئەوا کێشەی تاکەکەسی و تاک و تایبەتە، یاخۆ لە کێشە گشتی و چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەکان بوو لە ژیانی سەرجەم نەتەوەدا.

زۆرجار تاکی عێراقی کاتێکی تەواو بەخۆی نادات بۆ بیرکردنەوە و بینین و لێکدانەوە کاتێک بیەوێت چارەسەری هەر کێشەیەک بکا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یاخۆ ڕێی لێ دەگرێت، یان لە بەردەمیدا دەخرێتە ڕوو و کارەکە خراپتر دەبێت هەینێ تووشی ڕەخنە، یا یاخیبوون، یاخۆ لەلایەن کەسانێکەوە بەرەو ڕوو دەبێتەوە، ئەو کات بەکاردانەوەی دەمودەست و خێرا چارەسەری بابەتەکە دەکات، بێ ئەوەی بزانێت، یا دڵنیا بێت ئەم هەڵوێستە شیاوە، یا نەشیاوە، ڕاستە یا ناڕاست. ئەو لە سۆنگەی پەلەکردن و تاکڕەوی بەرگە ناگرێت تەنانەت لە کارەکە وردبێتەوە، یا کاتێکی پێویست بەخۆی بدات بۆ بیرکردنەوە و ڕاوێژ لە بەرپەرچدانەوەی گونجاو و کاریگەرتر و بەسوودتر، بەگشتی بەهۆی دڵسافی و تەماشاکردنی ڕاستەوخۆی بۆ شتەکان، دەکرێت بەئاسانی بخرێتە کەمینەوە، کە ئەوانی تر بۆی دەنێنەوە، هەروەها دەکرێت بەئاسانی هان بدرێت بۆ هەڵوێستی پڕ لە هەڵچوونی توند و کاردانەوەی بەهێز، کە ڕەنگە بەهۆیەوە هەڵوێستەکە بەتەواوی بدۆڕێنێت.

بەسەدان بەڵگە لەسەر ئەم جۆرە ئاکارە هەن، کە تاکی عێراقی لە ژیانیدا دەیگرێتە بەر، ئیتر لە ڕووداوەکانی مێژووی دێرینەوە بێت، یا تازە، ئیتر ئەو عێراقییە فەرمانڕەوا بێت، یاخۆ لە ڕەشە خەڵکەکە بێت.

ئەگەر بمانەوێت نموونەکان بەم شێوە هەڵسوکەوتە باس بکەین، ئەوا دەتوانین بۆ نموونە باسی پەلەپەلکردنی خەلیفە مەهدی بکەین لە کوشتنی بەشار بن بوردی شاعیردا، هەینێ بۆیان هەڵبەست کە زەندیقە، دوای ئەوەی لە ملی دا ژیوان بووە و بۆی گریا، ئەمەش پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت بێتاوانە. هەروەها ئەو پەشیمانییەی خەلیفە هارون ئەلڕەشید بەبڕیارێکی پڕ لە هەڵچوونی بەپەلە لەداردانی بەرمەکییەکاندا دەریبڕی، لەنێویشیاندا جەعفەر بەرمەکیی هاوەڵی نێزیکی تێدا بوو، یەکێک لە گێڕانەوەکان دەڵێت " سەبارەت بەهۆی کوشتنی بەرمەکییەکان پرسیاریان لە ڕەشید کرد.

گوتی: ئەگەر بمزانیایا کراسەکەم بەمە دەزانێت دەمسووتاند".(١)

لە سەردەمی سەدام حوسێندا ژمارەیەک لە لایەنگرانی ڕێژیم لەدار دران و بەپیلانگێڕ و ناپاک دانران، پاشان دوای چەند ساڵێک سەرۆک لێیان ڕازی بوو و ڕەنگە لە لەداردانیان ژیوان بووبێتەوە، ئەمە وای کرد پیاوانی ڕێژیم بکەونە خۆ و ڕێزیان لێ بگرن و ناویان نان "شەهیدانی تووڕەیییەکە"، هەندێک جاریش بە"شەهیدانی تووڕەیییەکەی سەرۆک"یان ناو دەبردن، واتا ئەو کاتی سەرۆک تووڕە بوو ئەوان لەدار دران، دوای دامرکانەوەی تووڕەیییەکەشی ڕێزیان بۆ گەڕایەوە و ناویان نان شەهیدانی تووڕەیییەکە. خوێنەر دەتوانێت لە کارێکی پڕ لە هەڵچوونی وادا قەبارەی ئەو هەڵەشەیی و بەنزم تەماشاکردنە بۆ ڕوحەکان بزانێت، کە چۆن ڕوحی ئەو عێراقییانەیان لەناو دا، هەرچەندە لە هەوادارانی ڕێژیمە سیاسییە فەرمانڕەوا و لایەنگیرەکانیان بوون.

بێگومان ناکرێت دواکەوتووترین دەرەبەگ بەم شێوەیە لە سووک تەماشاکردن و بەنزم زانین مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانی مەزراکەیدا بکا، وەکو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی بەستەزمانی حزبی

دەسەڵاتداردا لەم ڕووداوە تراجیدییەدا کرا...

دوکتۆر فازڵ ئەلچەلەبی لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا باسی ئەوە دەکات، ئەو دەمی بریکاری وەزیری نەوت بوو لە ڕۆژگاری سەدام حوسێندا، نە ئەو و نە وەزیری نەوت بەهیچ شێوەیەک بڕی ئەو نەوتە عێراقییەیان نەدەزانی، کە بۆ دەرەوە ڕەوانە دەکرا، نەیش ئەو نرخەی نەوتەکەی پێ دەفرۆشرا، هەروەها گوتی: (لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەرگریم لە شتێک دەکرد نەمدەزانی چییە).[٢] هەروەها ئەوەی ئەو کات لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ڕای گەیاند و ئەوی پاشان بەفەرمی جەختی لەسەر کرایەوە، وەزیری بەرگریی عێراق بەهێرشەکەی سوپای عێراقی بۆ سەر کوێت و داگیرکردنی پێ نەدەزانی، ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوی ئەم سیفەتە خراپەیە لە پەلەپەلکردن و تاکڕەوی لە بڕیارداندا.

ئەگەر ئەوی لەبارەی لەداردانی هەندێک کەسەوە لە ماوەی ڕابردوودا لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی بیستدا بەهۆی لەیەکچوونی ناوەکان ڕاست بێت، لە ئەنجامی هەڵەشەیی لە ئەنجامدانی بڕیاری لەداردان، پاشان داوای لێبووردن و پێشکێشکردنی قەرەبوو بەکەسوکاری غەدرلێکراوانی دەستی دەسەڵات لە ڕێژیمی پێشوودا، ئەوا نموونەیەکی دزێوی ترە بۆ سیفەتی هەڵەشەیی و پەلەپەلکردن لە دانی مەترسیدارترین بڕیاری چارەنووسسازدا.

بەسەدان نموونەی تری لەم بابەتەمان هەن لەسەر پەلەپەلکردن و هەڵەشەیی لە وەرگرتنی بڕیار لای تاکی عێراقی، کە لێرەدا بواری باسکردنیانمان نییە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین لەناو ئەم حەزەدا، خووی پەلەپەلکردن مەترسیدارترین سیفەتی وێرانکاری و خراپ لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا خۆی حەشار داوە، ئەوانەیش تاکڕەوی و بەردەوام پابەندبوونە بەتاقە ڕایەکەوە بێ بەربەرەکانی، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد ئەم ڕایە بەزۆر بسەپێنرێت، بەمانایەکی تر تەنانەت ئەگەر وای خواست دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی بەزۆرەملێش دابمەزرێنێ بۆ ڕاژە و سەپاندنی یەک ڕا، ئالێرەدا ئەم خووە ئاکاری و ڕەوشتییە تاکڕەوییە جیاکەرەوەیە لە مێژووی عێراقدا لەمیانەی هەڵسوکەوت و کردەوەی تاکەکان و فەرمانڕەوا و شا و ئیمپراتۆر و خەلیفەکان، کە فەرمانڕەواییی دۆڵی ڕافدەینیان کردووە و ئەوانەی لەژێر بەزەییی حەزی ئاکاریی خراپدا بوون لە تاکڕەوی و سەپاندنی یەکڕاییدا. دەبێت بەتایبەت ئەم ویستە ئەگەر بووبێت لە دروستبوونی دیکتاتۆرییەتەکانی تاقە ڕایی لە مێژووی عێراقدا و ئەوی لێی بووەوە لە بەڵا و کوشتار و شەڕی پاکتاوکردنی تراجیدی. وەک چۆن لەو شەپۆلە خوێناوییەدا ڕووی دا، کە لە سەردەمی عەباسیدا جێبەجێ کرا و ناوی نرا شەڕ بەسەر زەندیقەکاندا و ئەو شەپۆلە پاکتاوکردنە خوێناوییە فراوانانەی تر، کە هاوکات بوون لەگەڵ پیادەکردنی تیۆری گووراندنی (خلق) قورئان و هی تریش لەو شەپۆلە خوێناوییانەی پشتیان بەسەپاندنی یەکڕایی و پێڕەوکردنی بەزۆر و بەدەسەڵاتخوازی و بەدیکتاتۆری بەستبوو.

ئەوی لەم بابەتەدا مایەی کارەساتە هەمان فەرمانڕەوا "لە عێراقدا" هەندێک جار قەناعەت و ڕا و

بۆچوونەکانی دەگۆڕێن لەگەڵ گواستنەوەی بۆ قەناعەتی دژ، یان جیا لە قەناعەتەکانی پێشووی، کە لە سۆنگەیەوە ملی چەندان کەس بڕدران، هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن، خەلیفە واپق کە زیادەڕەویی کرد لە لەداردانی ئەوانەی بڕوایان نەهێنا بەتیۆری گووراندنی قورئان و ڕەنگە لە دوادوایی ڕۆژەکانی ژیانیدا خۆیشی وازی لەم تیۆرە هێنابێت، کە زۆرێک لەوانەی بڕوایان پێی نەهێنا و ڕای جیاوازیان هەبوو لەبارەیەوە لەدار دران... بەڕاستی وێنەیەکی پڕ لە شۆک و کارەساتبارە بۆ دۆخی پەلەپەلکردن و تاکڕەوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

تا ئێستاش ئەم جۆرە لە ئاکاری تایبەتمەند بەپەلەپەل و تاکڕەوی لە وەرگرتنی بڕیاردا هۆیەکی سەرەکی پێک دەهێنن لە زۆرێک لەو ناکۆکی و دووکەرتبوون و ناتەباییانەی لەناو حزبە سیاسییە عێراقییەکان و لە فەرمانگە و وەزارەت و دەزگا و کۆمپانیاکاندا لە ئێستادا ڕوو دەدەن، زۆر جاران نەریت وایە ڕووی تاوانبارکردن ئاراستەی بەرپرسی یەکەم لە حزبدا یا لە دامەزراوە بەدیکتاتۆری و تاکڕەوی لە ڕا و بڕیاردا بکرێت بێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەوانی تر، یاخۆ گفتوگۆ لەگەڵیاندا.

هەروەها توندیی پابەندبوونی تاکی عێراقی بەحەزی تاکڕەوی و ئارەزووی دەسەڵاتخوازی و سەرسامبوونی بەخۆی و بەخودی خۆی لە ویستێکی نەرگسیی بەرچاودا، کە بەردەوام و ناهۆشیارانە پاڵی پێوە دەنێت کۆشش بکا بۆ لاوازکردن و لابردنی ئەوی تر و لە بایەخ کەمکردنەوە و دەرخستنی کورتهێنان و کەم توانایی، یاخۆ دروستکردنی تۆمەت لەسەر بنەمای مەزەندەی ترسناک بۆی و بەشێوەی تایبەت کەسی بەرپرس، یاخۆ ناودار، یا سەرکەوتوو، یان خودان پۆستی باڵا و پلە و پایەی گەورە، بەمەبەستی لاوازکردن و خستنی، هەموو ئەمانەش بەسەر یەکەوە دیاردەیەکی خراپ دروست دەکەن، کە سەرجەم عێراقییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، مەبەستمان دیاردەی تاوانبارکردنە، کە هەر تاکێکی عێراقی دەکۆشێت ئەوانی تر تاوانبار بکا و ئابڕوویان لەکەدار بکا، دیاردەیەکە لە نێوان عێراقییەکاندا لە شێوەی نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە لە هەر شوێنێکی دنیادا "سەرەڕای عێراق"، کە بەهۆی گوزەران، یا کارەوە عێراقیی لێ بێت...

ئەم هەڵسوکەوتەی کۆنترۆڵی تاکی عێراقیی کردووە و بەمەبەستی ناهۆشیاری لە زۆر کاتدا پابەندی دەبێ و جێبەجێی دەکات، ئەوەیە بەشە نەبینراوە ڕانەگەیەندراوەکە لە هۆیەکانی ناکۆکی و دوژمنداریيە بەردەوام و هەمیشەییەکان لەناو حزبە عێراقی و بارستە و بەرە سیاسی و فەرمانگە و دەزگا و دەستە فەرمی، یا میللی، یاخۆ کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێت، تەنانەت دەستە ئاینییەکانیش، هەروەها پاڵنەرێک بۆ هەواڵگەیاندنە تەناهییە هەڵبەستراوە چڕە بەردەوامەکان لە نێوان عێراقییەکاندا دژ بەیەکتر دروست دەکات، کە هەندێک جار بەخۆڕایی و بێ داواکردن، یا ڕوولێنان لە فەرمانگە ئەمنی و هەواڵگرییە پسپۆڕەکاندا ئەنجامی دەدەن، ئەم هەڵسوکەوتانەش زۆرێک لە عێراقی و ناعێراقییەکان هۆ و پاڵنەرەکەی نازانن، کە گەلێک جار بەدیارکراوی بزر و نارۆشنن، ئەم کارە زۆرجار بووەتە مایەی سەرسوڕمان بۆ بەرپرس و کارمەندانی لە فەرمانگەکانی کۆچبەری و هەواڵگری بۆ ئەو وڵاتانەی جیهان، کە عێراقییەکانیان گرتووەتە خۆ، ئەمانە

تاککەوتنی عێراقییەکان جیا لەوانی تر بەم سیفەتە خراپانەوە، کە بەئاشوبگێڕی و پیلانی بەردەوام دژ بەیەکتر ناسراون، دەبینن..

ئەمەش زۆرجار بەشێوەی پرتەوبۆڵە و گاڵتەپێکردن و ڕق لێبوونەوە دژ بەپەناهەندە عێراقییەکانی ئەو وڵاتانە گوزارشتیان لێ دەکرێت.

شتێکی ناسراوە عێراقییە کۆچبەرە پەناهەندەکانی دەرەوە بەوردی و بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت چاو دەخەنە سەر یەکتر و لە کوێ شتێک بزانن، یا ببینن لەبارەی یەکترەوە هەواڵ بەفەرمانگەکانی کۆچبەری و ئاسایش دەگەیەنن، تا ئەو ڕادەیەی ئەستەمە هیچ عێراقییەک بتوانێت کارێک بکا، ئەگەر چەندیش بێبایەخ و تایبەت بێت، بێ ئەوەی لە فەرمانگەکانی کۆچبەری، یاخۆ ئاسایشی ئەو دەوڵەتە تۆماریان نەکردبێت.

ئەمەش لە سۆنگەی زمان لێدان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی عێراقییەکانەوە.

یەکێک لەو عێراقییانەی لە ساڵانی هەشتاکانەوە لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپای باکور نیشتەجێیە، بۆی گێڕاینەوە چەندێک ئەو وڵاتەی جێ هێشتبێت و بۆ ئەردەن، یا سووریا، یان لبنان بەمەبەستی دیتنی کەسوکاری، یاخۆ خزمەکانی، کە لە عێراقەوە هاتبن، سەفەری کردبێت، بۆ نموونە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەو وڵاتەی تێیدا پەناهەندەیە، لە فەرمانگەکانی کۆچبەری و هەواڵگرییەوە بانگ کراوە و پرسیاری ئەوەی لێ کراوە بۆ بەفەرمانگەی کۆچبەریی نەگوتووە، کە سەفەر دەکات، یاخۆ وڵات جێ دەهێڵێت؟ چونکە لەسەر پەناهەندەیە بەفەرمانگەکانی کۆچبەری بڵێت، بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی دیار نییە، یان سەفەری کردووە، تاکو لە دەرماڵە مانگانەییەکەی ببڕن...

بەئەزموون ئەم عێراقییە زانیویەتی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵدانەی ئەو عێراقییانەی دەیناسن و بەرزی دەکەنەوە، هەر ئەوانەن وا لە فەرمانگەکانی کۆچبەری دەکەن بەتەواوی بزانن کەی سەفەری کرد و کەی گەڕایەوە، لەبەر ئەمە شێوازێکی سەیری داهێنا، بڕیاری دا کەنگێ سەفەر بکا، یا بەرەو فڕگە بڕوات، بەهیچ شێوەیەک بەهیچ تاکێکی عێراقی نەڵێت، کاتێک وەختی سەفەرەکەی دەهات ئەوا جلی سەفەری لەبەر دەکرد و لەبانەوە جلی وەرزشی دەپۆشی و جانتایەکی وەرزشی بەشاندا دەدا و پڕی دەکرد لە شتی پێویستی سەفەر، بێ ئەوەی هیچ جانتایەکی تر لەگەڵ خۆیدا ببات، پاشان بەپیاسە لە ماڵ دەردەچوو وەک ئەوەی بۆ یانەی وەرزشی بڕوات، لە گەڕەکەوە تاکسی نەدەگرت بۆ فڕگە، بگرە پاش ئەوەی قەدەرێک لەو گەڕەکەی تێیدا دەژیا دوور دەکەوتەوە ئینجا دەیگرت، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەکو یەکێک لە عێراقییەکان لەوانەی دەیناسن، ببینن و ڕاپۆرتێکی بۆ دەسەڵاتدارانی کۆچبەری لەسەر بنووسن، ئیتر لەناو فڕۆکەکە جلە وەرزشییەکانی دەگۆڕی... بەمە تا ڕادەیەک خۆی لە چاوی عێراقییەکان و ڕاپۆرتەکانیان و هەواڵدانە بوختانکراوەکانیان و حەزی تاکرەویی زاڵ، کە لای عێراقییەکانی دەرەوەدا باو بوو، بەدوور دەگرت.

٢- توند تەبیعەتی و زیادەڕۆیی لە کاردانەوەی دەمودەست و تۆڵەدا:

لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک، یاخۆ شەڕەقسەیەک، یا هەر هەڵسوکەوتێک لە یەکێکی ترەوە

دەرچێت، عێراقی بەجۆرە بەرەنگارییەک، یا هاندانێک، یان چوکڵەچزێیەک (استفزاز)، یاخۆ تاوانبارکردنێک، یانیش سووکایەتی پێکردن تێ دەگەیشت، ئەوی پێی دەگوترێت توند تەبیعەتی لای تاکی عێراقی کۆمەڵێک کاردانەوەی هەنووکەیی درندە و تۆڵەسێنخوازی وای لا دەتەقێنێتەوە لەوە تێ دەپەڕێت هەڵوێستەکە دەیخوازێت، یا پێویستییەتی و جۆشخواردنەکان لای ئەو بەخێرایی هەڵدەچن بۆ ئەوپەڕی مەترسیی حیساب بۆ نەکراو و ناڕێکوپێک، لەگەڵ دڵەڕاوکێ لە پیادەکردنی بەرەنگاربوونەوە و دوژمنکاری، ئەمەش وا دەکات توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتە ناشرین و لە ناکاوەکان کارێکە لەوپەڕی زەحمەتیدایە و زۆرجاریش ئاکاری پڕ لە هەڵچوونی خراپ و سەیر و لەدەست دەرچووی وا دەبنە هۆی ڕووداو و ئەنجامی خراپ و نەرێنی، بیرڕۆییەکی خراپیشمان لەسەر خوو و سیفەتی کەسێتیی عێراقیی هەڵەشەمان دەداتێ، تەنانەت ئەگەر ئەم کەسە عێراقییە گەڕایەوە سەر دۆخی هێمنی، یاخۆ لێبووردن لەو خراپییانەی هەر ئەو کات، لە سۆنگەی هەڵچوونە هەستیرییە ناڕێکوپێکەکانییەوە کردوونی، زۆرێک لە پێگە و ڕێزی لای ئەوانی تر لەدەست دەدات، ئەوانەی دوور کەوتنەوە لێی لە مامەڵەکردنی ئاڵوگۆڕ لەگەڵیدا بەباشتر دەزانن، ئەگەرچی پلە بەپلەش بێت.

ئەم هەڵوێستە بەگشت ڕەهەندەکانییەوە لەلایەنی شێوە و ناوەڕۆک و ئەنجامەوە لەسەر ئاستی تاک و کەسێنی ڕوو دەدات، هەروەها بەهەمان ڕەهەند لەسەر ئاستی بەکۆمەڵی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕوو دەدات، ئا لێرەدا مەترسی ئەم خووە ئاکارییە دژوارە و ئەو ئەنجامە خراپانەی بەدوایدا دێن، بەماڵوێرانی و کارەسات بەسەر سەرجەم گەلی عێراقدا ڕەنگ دەدەنەوە.

٣- کەسی عێراقی توانای بەردەوامیی لەگەڵ ئەوانی تردا نییە:

تاکی عێراقی لە کاتی سەرهەڵدانی سەرەتاکانی ناکۆکی و جیاوازی لە قەناعەت و هەڵوێست و ڕا لە نێوان خۆی و ئەواندا، توانا و ئارەزووی لە بەردەوامبوون لەگەڵیاندا نییە، یا ڕێککەوتنی گشتی و تەواو لەگەڵ ڕا و قەناعەتەکانیدا دەبێت لەگەڵ بەردەوامی، یاخۆ پچڕانی تەواو، یان نیمچە تەواو.. ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕەوشتی دەسەڵاتخوازیی یەکلاکەرەوە لە هەڵسوکەوتی تاکی عێراقی، کە ڕەنگدانەوەی حەزی شاراوەیە لە سەپاندنی ڕا و هەڵوێست و بۆچوونەکانی.

٤- کەسی عێراقی لە کاتی بەهێزی و دەسەڵات و ناوبانگدا بەلای بەرزەفڕی و خۆبەزلزانیدا لادەدات:

تاکی عێراقی لە ڕەوشی ئاساییدا بەلای شێلگیری لە ژیان و هەڵسوکەوتدا لادەدات، ئەو خۆی بەچەندان پابەندبوون و سرووتی ڕووکەشی قورسی ناپێویستەوە گرێ دەدات، لەبەر هۆیێک پێوەندن بەئارەزووی شاراوەوە بەرەو بڵندی و گەورەیی و خۆویستی، ئەو هێند سەری لەگەڵ گاڵتە و قۆشمەیی و توانجگرتندا خۆش نییە، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی بەباشی نایانناسێت، یاخۆ

ماوەیەکی زۆر تێکەڵیان نەبووە، چونکە وا مەزەندە دەکات زۆر گاڵتەکردن و قۆشمەیی شکۆمەندیی کەسێنی لەدەست دەدات و ڕێزی کەم دەکاتەوە (ئەمەش مانای ئەوە نییە بەهەزاران عێراقی حەز بەزەوقی خۆش و گاڵتە و نوکتەی هەمیشەیی نەکەن).

هەروەها تەنیا جلی ڕەنگ سەنگین دەپۆشێت، کە پێی باشە ناوی بنێت ڕەنگە شکۆمەندەکان، چونکە بڕوای وایە خەسڵەتی شکۆداری و داپۆشین و هەیبەت و ڕێزی پێ دەدا و لە پۆشینی پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگ، یا خۆشی، یاخۆ زەق دوور دەکەوێتەوە و بەشوورەیی و مایەی پێکەنینی دەزانێت و لە ئابڕووی کەم دەکاتەوە، هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لە هەر هەڵسوکەوتێک دوور دەخاتەوە پێوەندیی بەسووکی و شادی و کامەرانی و خۆشیی بەرچاوەوە هەبێت، بەتایبەت بەئامادەییی ئەوانی تر لە بێگانان و ئەوی بەمە هەڵسێت بڕیاری تیژ و دڵڕەقانەی بەسەردا دەدات... بەدووری نازانین کەسی عێراقی ئەم داوونەریت و سرووتە قورسە نێزیکانە لە خەم و شێلگیری، بەهۆی ڕەوشی زۆرەملێ و توندوتیژی و کوشتار و پەژارە و ستەمەوە بۆ مابێتەوە، کە لە ماوەی چەندان سەدە لە عێراقدا بەدوای یەکدا هاتوونە، وێڕای خەمی ڕەهەند کەربەلایی ئامێز، کە بەماڵوێرانییە قورسەکەیەوە بەدرێژاییی چەندان نەوە سێبەری بەسەر زەویی ڕافیدەیندا هەڵدا و لە ویژدانی گەلی عێراقدا چەقی، هەر لە شەهیدبوونی ئیمام حوسێنەوە بەو شێوە تراجیدییەی لە کەربەلادا ڕووی دا، لەبەر هەندێ ئەم خەسڵەتە توندڕەوییە لە شێلگیری و خەم، کە ئاکاری کەسێتیی عێراقیی گرتەوە، لە نەریتە کۆمەڵایەتییە وەرگیراوە سەپێنراوەکانە لە سۆنگەی ڕەوشە مێژووییەکەوە.

ئەم ڕەهەندە خەماوییە گشتییە لە ئاکاری مرۆڤی عێراقیدا لەسەر زۆرێک لە جۆری چالاکیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەریی ئەمە بەڕوونی لە شێوازی گۆرانیی عێراقیدا دەبینین، کە نێزیکترە لە لاواندنەوە، بەتایبەت سترانی لادێیی، هەروەها موزیکی عێراقی، کە شێوە خەمبارییەکی بەسەردا زاڵە.

تەنانەت بانگدان، یا قورئان خوێندن لە عێراقدا شێوازی گریانئامێز بەشێوەیەکی ڕوون، بەسەریاندا زاڵە، جیا لە وڵاتانی تری عەرەبی و جیهانی ئیسلامی.

ئەم ئاکارەیە لەژێر ڕەوشی ئاسایی و سروشتیدا کەسێتیی عێراقی پێڕەوی دەکا و بەلایدا لادەدات، بەڵام لە کاتی بەدیهێنانی ڕەگەزەکانی هێز و سەرکەوتن و ناوبانگ، یاخۆ سەرکەوتنی زۆربە ئەوا ئاکاری کەسێتیی عێراقی شێوەیەکی دوو هەندە وەردەگرێت لە بڕوا بەخۆبوون و خۆ بەگەورەزانی و لەخۆباییبوون و ویستی پەلاماردان و دوژمنکاری، بەتایبەت لە کاتی هەبوونی ئامرازەکانی هێزی مادیی ستەمکاری، وەکو دەسەڵات و پارە و سوپا، ئەو کات لای تاکی عێراقی حەز و ئارەزوو (بەشێوەیەکی زۆرەملێیانەی نەویست) هەڵدەکشێت، بۆ بەرجەستەکردنی دیاردەکانی فیززلی و لەخۆباییبوون و جەور و ستەم و هەڵبڕینی بەڵگەیێلی هێز و توانا و بڕوا بەخۆبوون، ئەو دەم (زۆرجار) بەلایەوە قورس دەبێت لە شوێنی لەخۆبووردەیی و ئاسوودەیی و

ڕەوشتی بێوەیانە بمێنێتەوە، وا دیار دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەلای خۆهەڵکێشان و بەرجەستەکردنی "هەر سیمایەک بۆ ئیرادەی هێز"[٣] لادەدات، دەکرێت بۆ سەپاندنی دەسەڵات و دیکتاتۆری بەسەر ئەوانی تردا بەکاری بهێنێت دۆخی من (ego) بەرِهەندە نەخۆشییەکانییەوە لای گەورە دەبێ.

لەم بارەیەوە دوو نموونە لە سەدان نموونە دێنینەوە ئەم مەبەستەمان بپێکن، نموونەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە زاین، هەرچی نموونەی دووەمە بۆ هەزارەی دووەمی پاش زاین دەگەڕێتەوە، ئامانجیش لەم دوو نموونەیە ئاشکراکردنی بوونی خەسڵەتی دەسەڵاتخوازی و فەرمانڕەوایی و دەست بەسەردا گرتن و ویستی هێرشبردنە لە ئاکاری تاک لە کۆمەڵگەی دۆڵی ڕافیدەیندا، یاخۆ لە کاتی ئێستادا بەتاکی عێراقیی ناودەبەین و کارابوونی حەزی دەسەڵاتخوازی لای، ئەو کاتی هۆیەکانی هێز و زاڵبوون و جەور و ستەم و سەرکەوتن شک دەبات.

ڕووداوی یەکەم کە بەکورتی قسەی لەبارەوە دەکەین، هێرشکردنی تەمومژاوی و بێ پاساوە، کە حەمورابی دەستی دایێ بۆ سەرکوتکردنی (پاشای ماری) شا زمری لیمی هاوەڵ و هاوپەیمانی (کە مەملەکەت و ژیارێکی کۆنە لەسەر فورات لە خوارووی موسڵ دامەزرا) ئەوە بوو ئەم پاشایە (زمری لیم) دوای توندوتۆڵکردنی هاوەڵی و پێوەندیی دۆستایەتیی نێوانیان، پەیمانێکی لەگەڵ شا حەمورابی بەست، حەمورابی لە سۆنگەی ململانێیەکی بەردەوام لەگەڵ پاشاکانی تری دەورووبەری بابل، ئاتاجی ئەم هاوپەیمانێتییە بوو، کەچی دوای ئەوەی هێواش هێواش زاڵ بوو بەسەر ئەو شانشینانەدا و یەک یەک گرتنی و هێزێکی زەبەلاحی سەربازیی پێکەوە نا، پەلاماری شا زمری لیمی دۆست و هاوپەیمانی دا و ساڵی ١٧٥٩ی بەر لە زاین وڵاتەکەی گرت و شووراکانی شاری ماریی ڕووخاند و کۆشکی شاهانەی سووتاند، کە بەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیا دەژمێررا، هەرچی شا زمری لیمی شای ماری و دۆست و هاوپەیمانی حەمورابی بوو "هیچ شتێک سەبارەت بەچارەنووسی نازانرێت"[٤] تەنانەت چارەنووسی خێزانەکەشی، سەرچاوە مێژووییەکان هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو هۆیانە نییە، کە وایان لە حەمورابی کرد پەلاماری شانشینی ماری بدات و شا زمری لیمی دۆست و هاوپەیمانی لەناو بدات، جگە لە هەندێک ئاماژەی دووبارەبووەوە نەبێت، ئەو کات هێرشەکە ئەنجام درا پاش ئەوەی حەمورابی لە زاڵبوون بەسەر شانشینەکانی دەوروبەری "بابل" بووبووەوە...

هەڵگەڕانەوەی دەمودەستی حەمورابی لە بەرابەر هاوەڵ و هاوپەیمانەکەی و داگیرکردنی وڵاتەکەی هەڵسوکەوتێکە مایەی سەرسوڕمان و ناڕوونی و لەلایەنی زانستی و مێژوویی و ئاوەزەوە دوورە لە تێگەیشتنەوە... ناشکرێت لێکدانەوەی ئەم ئاکار و هەڵسوکەوتەی حەمورابی ئەنجامی داون، لە دەرەوەی ئەو هۆیانەبن کە پێوەندن بەویستی دەسەڵاتخوازی و دەستبەسەردا گرتن و ئارەزووی پەلاماردان، کە لای شا حەمورابی تاوی سەند، هەینێ وڵاتەکەی بەهێز بوو و ئامرازەکانی بەهێزبوونی گرتنە دەست و پاش ئەوەی دڵنیا بوو توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی

هەیە "لە ڕاستیدا نووسراوەکانی ئەو سەردەمە شتێکی وایان تێدا نەبوو ئەوە ڕوون بکاتەوە چۆن پێوەندییەکان بەرەو خراپی چوون و شەڕ لەگەڵ ماریدا ڕووی دا، بەڵام وا دیارە پێویستی بەبوونی پاڵنەرە ڕاستەوخۆکان نەبوو بۆ شەڕ، بگرە بەلای حەمورابییەوە ئەمری واقیع بوو".[٥]

لە نووسراوە بابلییەکاندا تیژتێپەڕ باس لەم هەڵمەتە کراوە "لەسەر خواستی هەر یەک لە ئانۆ و ئینلیل حەمورابی هەستا بەڕووخاندنی شووراکانی ماری..."[٦].

مانای تێکستەکەش ئەوەیە حەمورابی شەڕی بەسەر ماریدا هەڵگیرساند و شووراکانی ڕووخاند و دۆستەکەی لەناو برد، ئەمانەش لەسەر داوا و حەزی هەردوو خوداوەند ئانۆ و ئینلیل، واتا ئەوە خواکانن داوایان لە حەمورابی کردووە وا بکا...

ئەمە پاساوێکی بێ مانای خەیاڵییە حەمورابی پەنای بۆ بردووە بۆ ڕەوایی ئاکارە دەسەڵاتخوازییە دوژمنکارانە فراوانخوازییەکەی، بەپاڵپشتی سەودای هێرشبردن و دەسەڵاتگەری و دەستبەسەرداگرتنی چێنراو لە کەسێتیی دەسەڵاتخوازیدا.

هەرچی نموونەکەی ترە ئەوا بەنێزیکەی چوار هەزار ساڵ دوورە لە نموونەکەی پێشووەوە، ئەگەر ئەو هۆ و پاساوانەی ڕێژیمی عێراق خستنییە ڕوو بێنینە بیری خۆمان سەبارەت بەهۆیەکانی هێرشکردنە سەر ئێران و داگیرکردنی بەشێک لە خاکەکەی لە ساڵی ١٩٧٩دا، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێک هەشت ساڵ بەردەوام بوو و دوو ملیۆن کوژراو لە هەردوو لا بوونە قوربانی، دەبینین هۆ و پاساوەکانی بێ مانا و ڕووکەش و بچووکن، ئەوەندە ناهێنن ببنە بەهانە و پاساو بۆ پەردەپۆشکردنی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی، کە زیادی کرد و کۆنترۆڵی ئاکاری فەرمانڕەوای عێراق (سەدام حوسێن)ی کرد و بوو بەحەزی هێرشبردن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەژموون و بەدیهێنانی سەرکەوتنی سەربازی بەسەر وڵاتێکی مەزن و دێرینی وەکو ئێران، کە بەدرێژەی مێژوویی ئیمپراتۆریەتی فارسی دادەنرێت.

ئەم هەستە کە زاڵە بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی فەرمانڕەوای عێراقدا بەشێوەی دەستبەسەرداگرتنی زاڵ سەری کرد، هەینێ هەستی کرد ئامرازەکانی هێزی تێکشکێنەر

شک دەبات و بڕوای وابوو ڕێژێمی ئێران لاوازە و لە سۆنگەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانەوە سوپای ئێران هەڵوەشاوەتەوە.

تا پرۆسەی داگیرکردنی کوێتیش لە ئامانج و مەبەست و جێبەجێکردندا دەرناچێت لە ویستی عێراقی لە سەپاندنی ئاکاری دەسەڵاتخوازی و جەختکردنەوەی هەوەسی دەسەڵاتخوازی و هەژموون و بەرجەستەکردنی ویستی هێز...

جگە لە هەموو ئەو هۆ و پاساوانە، کە لە لێکدانەوە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییەکان و شیکردنەوەی سیاسی لە جێ پەنجەی هونەریی بۆ ئامادەکاریی شانۆی چالاکییەکان بترازێت هیچی تر نەبوون...

ڕەنگە بتوانین ئەوەش بڵێین، سیماکانی ئاکار کە تاکی عێراقی بەفیز و خۆبەزلزانی و لەخۆباییبوون دەناسرێتەوە، پتر و پتر بەدەردەکەوێت ئەو کاتی پێشکەوتوو، یا لێهاتوو، یان داهێنەر دەبێت لە کارێک، یاخۆ لە پیشەیەک، یا هونەرێک لە هونەرەکاندا...

دەتوانین بۆ شایەدی چەند دێرێک لە چامەی شاعیری ناوداری عێراقی ئەبوتەیب ئەلموتەنەبی بهێنینەوە لەبارەی شانازی بەخۆوەکردن و خۆبەزلزانی و لووتبەرزی، تا ئەوپەڕی زیادەڕۆیی لە پابەندبوونی ئەم ئاکارە پڕ لە حەزی شاراوەیە بۆ بەرجەستەکردنی ویستی دەسەڵاتگەری و تاکڕەوی و هەژموون و بەخۆوە نازین، وەکو دەڵێت:

وكل ما قد خلق الله　　　وما لم يخلق

محتقر في همتي　　　كشعرة في مفرقي

ئەمە ئەوپەڕی زیادەڕۆییە لە خۆبەزلزانی و بەخۆوە نازین، بەشێوەیەک سنووری ناماقووڵی خۆی بەزاندووە، ئەو لە شوێنی هیمەت و توانای بەهێزی خۆبەزلزانییەوە وای دەبینێت چی خوا خوڵقاندوویەتی لە بوونەوەران و ئەوانەشی هێشتا نەیخوڵقاندوون لای ئەو شتێلێکن بایەخیان نییە، بەڵکو بەڕای ئەو قێزەونن و لە تاڵە موویەکی تەوقی سەری زیاتر ناکەن.

لەو دەمەوە تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ بەدەگمەن شاعیرێکی داهێنەر و سەرکەوتوو و ناوداری عێراقی دەبینیتەوە توانیبێتی لە ویستی خۆبەزلزانی و خۆویستی ڕزگاری بووبێت.

بەم شێوەیە دەبینین داهێنانی هەڵاواردەیی تاکی عێراقی لە زۆر کاتدا هاوشانە لەگەڵ ئاکاری لووت بەرزی و خۆبەزلزانینی بێ کۆتا بەخودەوە... هەروەها ئاکارێلی لووتبەرزی و لەخۆباییبوون و خۆبەگەورەزانی لای بەدەردەکەون، ئەو کاتی پۆستێکی گرینگ لە دەوڵەت، یاخۆ لە کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێ.

ئیدی هەر لەگەڵ یەکەمین هەلدا بوار بۆ کەسی عێراقی ڕێک دەکەوێت ببێتە خاوەنی هۆیەکانی بەدەستهێنانی ناوبانگ و سەرکەوتن و ناودەرکردن لەسەر ئاستێکی فراواندا، ئەمەش بۆ ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە کە پێوەندییان بەداهێنان، یا زیرەکی، یان شارەزاییەکەیەوە هەیە لە بوارێک لە بوارەکاندا، یاخۆ بەهۆی دامەزراندنییەوە لە پۆستێک، یاخۆ کارێکی گرینگدا، یاخۆ هەینێ بەرپرسیارێتییەکی سیاسی، یا کارگێڕی وەردەگرێت دەشێت پلەی بەرزتر بکرێتەوە و سەرنجی هەمووان بۆ خۆی ڕاکێشێت، یانیش ناوبانگێکی بەرفراوانی لەنێو خەڵکدا بۆ دروست دەکات...

دەڵێین: هەر کە یەکەمین هەل بۆ عێراقی لە سەرکەوتنی پەیژەی ناودەرکردندا دێتە پێشێ "مەبەستمان هەموو عێراقییەک نییە بەڕەهایی" ئەوا گۆڕانێکی نەرێنیی خێرا و بەرچاو بەئاکارییەوە دەبینرێت لە بەرابەر دۆست و ناسیاو و خزمان و گشت ئەوانەی دەوروبەری لەوانەی دەیناسن و دەیانناسێت، وا دیار دەدات ئەمە گۆڕانێکی ڕوون بێت لە شێوازی مامەڵە و ئاخاوتن و قسەکردنی لەگەڵیاندا، کە بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ ئاخاوتنێکی باڵای فەرمان دەرکەر و قسەی پڕ لە

خۆبەزلزانی، کە ماناکانی هێز و لەخۆباییبوون بەسەریدا زاڵ دەبێت، وەک چۆن لە ئاست هەندێک لە هاوەڵان و ناسیاوانی، لەوانەی بەردەوام دەبن لە بەتەوەنگەوەهاتنی پێوەندیکردن پێوەی و هەوڵدان بۆ تێکەڵبوونی بەهەمان ڕوحی جارانەوە لە برایەتی و سادەیی و بێفیزی، کە بەر لە کرانەوەی دەروازەی نێوبانگ و شکۆمەندی و سەرکەوتن لە نێوانیاندا بڵاوبوو، سیمای نیگەرانی و بێئارامی و جاڕسی و جیقڵدانەتەنگی بەهەڵسوکەوتییەوە دیار دەبێ.

هەرچی ڕووپامایی (مجامله) و لەخۆبوردوویی دروستکراون، کە کەسی عێراقی هەوڵ دەدات لە ڕۆژانی یەکەمدا دوای وەرگرتنی پۆست، یاخۆ بەرپرسیارێتییەکەی و بەدەستهێنانی ناوبانگ و شکۆ بیاننوێنێت، ئەوا کۆششێلێکی تەمەن کورتن و جگە لە ماوەیەکی ئێجگار کەم بەردەوام نابن، تاکو جیابوونەوە و دابڕان و لەبیرکردن و ئەوانی تر بەنزم تەماشاکردن جێیان دەگرنەوە، زۆر جاریش ئەو عێراقییە ناسیاو و دۆستە نێزیکە لەمێژینەکانی لەدەست دەدات، ئەوانەی گەلێکیان دەگۆڕێن بۆ گلەییکەر و ڕەخنە لە ئاکار و لەخۆباییبوون و بێوەفاییەکەی دەگرن.

ڕەنگە ئاکاری وا کە بەوەرچەرخان و خۆیی و هەڵگەڕانەوە لە بەهاکانی دۆستایەتی دەناسرێتەوە، بوونی هەبێ و لە زۆرێک لە کۆمەڵگە و نەتەوەکاندا بڵاوبێت، لەوانەیە بتوانین لای ڕەشەخەڵکی گەلێک لە میللەتانی دنیا لە هەموو کات و شوێنێکدا قسەی بەتوێکڵ و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بدۆزینەوە و وەکو مۆچیاریی ژیان لەم زار بۆ ئەو زار بگوازرێنەوە، بەڵام شتەکە لە عێراق زۆر جیاوازە، عێراقیەکان ڕۆژانە سەدان پەند و چیرۆکی واقیعی دەگێڕنەوە، کە باس لە پارادۆکسی سەیر و خەماوی دەکەن لەبارەی ئەم جۆرە لە ئاکاری خراپ و دووبارەکردنەوەی قسەوباس و ڕووداوێلێک، کۆتاییان نایەت سەبارەت بەگلەیی و سەرزەنشت و ئەو شکستەی بەدوایانەوەیە، لە سۆنگەی هەڵسوکەوتی هەندێک لە هاوەڵانیانەوە لە ڕۆڵەکانی ناوچە یا شارەکەیانەوە، ئەوانەی دۆستایەتییەکی بەتین و توندوتۆڵ و پڕ لە ڕاستگۆیی، یاخۆ خزمایەتییەکی بەهێز دەیانبەستێ بەیەکەوە، بەر لەوەی ناوبانگ پەیدا بکەن، یاخۆ پۆستێکی گرینگ بەدەستەوە بگرن...

ئەم بابەتە گۆڕا و بووە خوویەکی بەردەوامی قسەوباسی عێراقییەکان و توانجەکانیان تا ڕادەیەک لە گشت شارێکی عێراقیدا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە ئاکارە وای لێهاتووە دیاردەیەکی زاڵ لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی عێراقیدا پێک دەهێنێت جیا لەوەی هەیە، یاخۆ باوە لەو دۆخە تاکوتەرایانەی کۆمەڵگەکانی تر، لەلایەن پلە و توندی و شێوازەوە.

مایەی داخە وێڕای ناجێگیرییە سیاسییە مەترسیدار و توند و خوێناوییەکان، کە لە عێراقدا دووبارە دەبنەوە و بەردەوامن و سەرجەم پۆست و ئیش و مەڵبەندەکانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا دەگرێتەوە، ڕادەی ئامۆژگاری و پەند وەرگرتن لەم بارەیەوە لە نێوان هاووڵاتییە عێراقییەکاندا زۆر کەمە.

هەمووان لە عێراقدا دژ بەئاکاری خۆبەگەورەزانی و فیز و بەرزخوازی دەوەستنەوە، وێڕای

ئەوەش هێشتا لە بەردەمماندا نموونەی ئەو عێراقییانە دەبینین، کە بەخراپترین شێوە لە شێوەکانی لووتبەرزی و لەخۆباییبوون و بەرزخوازی هەڵسوکەوت بەسەر هاووڵاتییان و ناسیاو و خزم و دۆست و ڕۆڵەکانی شارەکەیاندا دەکەن، هەروەها ئەو ئاکارە لای هەندێک لە داهێنەران لە شاعیر، یا نووسەر، یاخۆ هونەرمەند دەبینینەوە، لەوانەی ناوبانگ، یاخۆ سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، ئەگەر ئاکاری وا لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی ئاساییدا ڕەت بکرێتەوە، کە وڵات هیچ هێزێکی سەربازیی دەرەکی، یا ناسەربازیی تێدا نییە، ئەی دۆخەکە چۆن دەبێت گەر وڵات لەژێر بەزەیی سوپای بێگانەدا بێت! بەرزخوازی و لەخۆباییبوون لە کاتی وادا دەبنە مایەی قێزلێکردنەوە و بێزاری و ڕقلێبوونەوە و سووک تەماشاکردنی توند لای زۆربەی هاووڵاتییان دژ بەهەر یەکێک لەو ڕەوشی پڕ لە مەینەتییەی وڵات پێیدا تێ دەپەڕێت، پێڕەوی ئەم جۆرە لە ئاکاری خۆبەگەورەزانی بکا.

ڕەنگە باشترین شتێک تاکی عێراقی پەندی لێ وەربگرێت و وای لێ بکا لە ئاکاری دەسەڵاتخوازی و خۆبەزلزانی و بەرزخوازی دوور بکەوێتەوە، وەرگرتنی پەند و ئامۆژگارییە لەو چارەنووسە تراجیدییەی ڕووبەڕووی پیاوانی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات دەبێتەوە، لە هەر جارێکدا ڕێژیمە سیاسییەکە لە ڕێگەی شۆڕش، یا کودەتا، یاخۆ داگیرکردنەوە دەگۆڕێت،

لە دەیەکانی پێشوودا ئەوان لە تاڵیی غەریبی و تێکشکان و نوشوستیدا دەژیان و هەندێک لە خۆبەزلزان و بەرزخوازان دەرگیری نەفرەتی خەڵکی و بەنزم تەماشا کردن دەبوونەوە، دوور نییە هەندێکیشیان سەرەڕای سووک و ڕیسوایی تووشی مەرگ و مەترسیی ڕاستەقینە بووبنەوە.

بێگومان خەسڵەتی بێ فیزی لە جوانترین نموونەکانی ئاکاری کۆمەڵایەتیی تاکڕەوییە، کە پێویستە هەمووان پابەندی بن، لە هەمان کاتیشدا جەختکردنەوەیە لەسەر بوونی بڕوابوون بەخۆ و سەقامگیری و ڕازیبوونە لە سۆز و هەڵچوونەکاندا، بەتایبەت لەسەر ئاستی سیاسی و نیشانەی گونجان و ڕێکەوتنە لە لایەنەکانی دەروونی مرۆییەوە، لە نێوان ئەوی بەرچاو و ئەوی پەنهانە.


سەرچاوە و پەڕاوێزەکان:

(١) البداية والنهاية. ابن كثير. الجزء ١٠ ص ٢٠٤ دار احياء التراث العربي. بيروت.

(٢) دیدارێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی ئاسمانیی ئەلشەرقیە لەگەڵ دوکتۆر فازڵ ئەلچەلەبی لە ٢٠٠٩/١١/٣دا وەشان کرا.

(٣) معجم علم النفس والتحليل النفسي. د. فرج عبدالقادر طه. ص ٢٧٦. دار النهضة العربية. ئەم بڕگەیە کورتکردنەوەیەکی چڕی بیردۆزەکەی ئەدلەرە لە پێناسەکردنی دوژمنکاریدا.

(٤) د. عيد مرعی. تاريخ بلاد الرافدين. ص٨٠.

(٥) تاريخ سوريا. د. عبدالله الحلو. الكتاب الاول. التاريخ العام. ص٣٩٠. مطبعة الف باء. الاديب. دمشق.

(٦) هەمان سەرچاوە. ل ٣٩١.

## بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا

# کولتوور و دەوڵەت

د. عەبدولحوسێن شەعبان

دەروازە

دەبێ ئاشتی لەسەر بنچینەی هاوکاریی
هزری و ماناکیی مرۆڤەکان دامەزرێ

**دەستووری یونسکۆ**

سەرەتا، هەر دەبێ بڵێم "لێبووردەیی"، بووەتە پرسێکی ناوکرۆکی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هزری ئێستەدا. توێژینەوە لەم بابەتە، چیی تر تیۆریزەکردنێکی مافناسانە و ڕابوێرییەکی هزرییانە نییە، بگرە بووەتە پێداویستییەکی نووکەیی و زەرووڕەتێکی دەستەویەخە و لەدواکەوتن نەهاتوو، بووەتە "فەرزی خوتی – فرض عین"، نەک "فەرزی لە بری – فرض كفاية"، وەک دەڵێن، پاش ئەوەی ژیانمان جۆرگەلی تاکڕەوی و خۆسەپاندن و دەستبەسەراگرتن و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر و دوورخستنەوەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە سایەی باڵادەستیی بۆچوون و تێڕوانینی پێشوەختە و خۆبەچاکزانین و دەستپێوەگرتن بەدەقەوە بەشێوەیەکی دابڕ، پیتانی، هەڵەهەڵنەگر، ڕەهای ئایدیۆلۆجی، دوور لە فرەیی و ڕێژەیی و جۆراجۆری و مێژوویی و لێخوێندنەوە و دیوگەلی ڕاستی.

گفتوگۆ لەگەڵ "ئەوی تر" و پێکەوەژیان و دانپێدانانی، هەنگاوەیلێکی سەرەتایین بۆ سەلماندنی سایەی لێبووردەیی و هاندانی فرەیی لە بواری هزر و پێڕەوکردندا، بەجۆرێک، ببێتە

.............................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

یارمەتیدەری قووڵبوونەوەی هۆشیاری بەواقیعی ئێستە، وەک چۆن ڕۆچوون بەڕابردوو و مێژوودا، بەقسەی هێندێک، دەچێتە سەروو ڕۆژگار و سەردەمەکان تێ دەپەڕێنێ و پرسەکان بەرەو هەڵکشان و توندڕۆیی و دەمارگیری دەبات، بەجۆرێک کە ئەوانی تر بەلادەر و ناوازە و لادان لە باو و باڵادەست و جێگیر و نەجووڵاو دەزانێ، تا ئەو ئاستەی، ئەوی تری "جیاواز" یان "گوماناوی"، هێندێک جار شایەنی سەرکۆنە و تاوانبار و بێبەری و گوناهبارکردنن.

لێبووردەیی وەک چمک، لای خەڵکێکی زۆر قەبووڵ ناکرێ، ڕەنگە هێندێک تەوژمی لابردنخواز و ڕەتخواز (الاقصائية والالغائية) وەک "ڕووەکە ئیبلیسی" یان "هزری هێنراو" تەماشای بکەن، بەتایبەتی کاتێک چمکەکە تێکەڵ بەمەیلی ڕۆئاوایبوون دەکرێ و دەخرێتە خانەی شوێنکەوتنی ئەوی تری، دەرەکی، بیانی، جیاواز، ڕکابەر و دوژمن.

لە کاتێکدا کە خودانی ئەم تێڕوانینانە پەنا بۆ مێژوو دەبەن کە ئیسلام بەتایبەتی لە ڕۆژگاری خەلیفەکانی ڕاشیدیندا، لێبووردە بووە و دانی بەوی تردا ناوە، بەڵام کە دێنە سەر ئەمڕۆ خۆیان لە هەموو شتێک دەدزنەوە کە دانپێدانان بێ بەلێبووردەیی و مافی جیاوازی، ئاخر ئەمانە، بەبۆچوونی ئەوانە، قابیلی قەبووڵ نییە، لە هەوڵێکدا بۆ نەمرکردنی ڕابردوو و هەڵاتن لە ئێستە، لە ڕێی بەکارهێنانی زمانێکی تەختینەی وا کە تاکایەتی و ڕاست و حەرامکردنی پێشوەختەی مافی جیاوازی لە خۆی گرتووە، بۆیە، ئەم چەمکە مرۆڤانییە، پێویستی بەگونجاندن و ڕۆنانێکی مێژوویی هەبوو، گەر دەربڕینەکەم بشێ، تا بکرێتە چمکێکی ئێستەیی و بەردەوام و وەستاو.

ئەو لێڵاییەی بەرانبەر ئەم چمکە لە ئارادایە و باڵادەستیی تاکهزری و هەوڵدان بۆ وەلانانی ئەوی تر و داننەنان بەمافی جیاوازی، دیارترین ئەو هۆیانە بوون پاڵیان پێوە ناین لەم بوارەدا بنووسین، بەبەراوردکردنی هزری عەرەبی – ئیسلامی، لە سۆنگەی ئێستە و خوێندنەوەی داهاتووەوە. تەنیا "مەیلەو ئیسلامییەکان"(الاسلاموية) و ئیسلامی و ڕۆهەڵاتناسییەکان خۆیان لەم دارەتە دەدا، نووسەرە نوێگەر و تازەخوازەکان لەم بابەتە دوورکەوتبوونەوە بەو پێیەی ئاستەنگ و ڕێگری زۆرن و لە دەرەوەی شارەزاییی ئەوانە، لە کاتێکدا بازاڕ، پڕ بووبوو لە نووسینگەلی بنچینەخواز (اصولي) و گێڕانەوە و کلاسیک و ڕۆهەڵاتناسانە کە پڕن لە حوکمدان و تێڕوانینی پێشوەختە، ئەگەرچی، بڕێک لە ڕۆهەڵاتناسان بەویژدان بوون لەگەڵ ئیسلام و خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی ڕەخنەییان لە مێژووی ئیسلام ڕەپێش کردووە.

ویستی نووسین لەبارەی ئەم بابەتەوە، مەیلێکی ویژدانی و دەروونی و ژینگەی دەوروبەریشی تێدا بوو، بەگەڕانەوە بۆ شوێنی ژیان و پێ گەیشتنم، بەتایبەت، ژێدەرە گیانی و سەرچاوە هزرییەکانی کاریان لێ کردم لەو دەمەی یەکەمین هەنگاوەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و هزریم دەنا. ئەو کاریگەرییەی جار ناجارێک ڕووبەڕووم دەبێتەوە لە سۆنگەی کەڵەکەبوون و شتگەلێکی بینراو و نەبینراو، زۆریشم بۆ دێنێ هەر کاتێک هەست دەکەم پێویستم بەوردبوونەوەیەک هەیە لەو کەلەپوورەی لەگەڵمان و لە ناخماندا ژیا و بەشێکی گرینگە لە

پێکهاتەی ئێستامان.

خۆم لە بەردەم کێشەگەل و گرێکوێرەی زۆردا بینییەوە کە پێویست بوو ڕایەکیان لەبارەوە بڵێم و بۆچوونێکیان لەبارەوە گەڵاڵە بکەم، نەخاسمە هەر کاتێک دەمبینی شتگەلێکی تازە دەهاتە نێو ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسیمانەوە، ئەو شتەی هەر بەنێو تازەیە، دەنا سەر بە"مێژووە" و هەوڵێکە بۆ بەزاندنی "زەمانە و ڕۆژگار". بەم شێوەیە، خەریکی بیرکردنەوە و نووسین بووم، ئەوەش، بەئاشکرایی لە کتێبی "ئەمەریکا و ئیسلام"ی نێوەڕاستی هەشتاکان دەرکەوت، دواتر کتێبی "ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ" و دواجار "ئیسلام و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی"، سەرباری چەندان بەش لە کتێبگەل و وەکۆڵین و وتارگەلی جۆراوجۆر.

ناتوانم مەیلی دەروونی و زەرووڕەت لێک هەڵاوێرم، سەرەڕای هێندێک سەرقاڵی کە دەبینە ڕێگر، لێ هەر دەرفەتێک هەڵکەوێ، دەگەڕێمەوە سەری، نەخاسمە ئەمجارەیان دەمەوێ لە لێبووردەیی وەکۆڵم لە سایەی ڕیزبەندییەکی پێشوەختەدا، "لەگەڵ یان دژ"، کە خەریکە ئەو "دووانەیە"، بەزۆری زۆرداری، ڕاپێچت بکا هەرچەندە هەوڵ بدەی خۆمت لە لایەنداری دوور بخەیتەوە.

لێرەدا پێم خۆشە گوتەیەکی جوانی عەزیز ئەلسەید جاسم، هزرڤانی عێراقی (کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بێ سەروشوێن کراوە)، لەبارەی دوورکەوتنەوەی نەوەیەکی تەواو لە خوڵەدارەتدانی مێژووی ئیسلامی، تا ئەو ئاستەی "ئێمە دەرگەکانی گەنجینە کۆنەکەی مارفەتەی خۆمان داخست، بۆیە خەڵکی تر هات ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە"، بێگومان، ئەوە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە، وەک لە کتێبەکەیدا "محەمەد: ڕاستییە مەزنەکە"دا هاتووە.

دەستەگەلی فەرمی و لایەنگەلی مەزەبی و باو، هەوڵیان دا خۆ لەگەڵ ئەوەی هەیە بگونجێنن، بێ ئەوەی کەمترین دەرفەت بەخۆی بدات بەو ڕابردووەدا بچێتەوە و سەروتازە بە گیانێکی ڕەخنەییانە بیخوێنێتەوە. ئەم خۆماتکردنە، جا بۆ نێوەوە بووبێ یان دەرەوە دوور لە نوێگەری، تا ئێستە کار لەم بابەتە گشتییە دەکا، لەوانەیە تا ماوەیەکی درێژیش بمێنێتەوە.

هێندێک خەڵک هەر لە ڕەخنەگرتن لە تەوژمە باوەکان هەڵدەهاتن، هێندێکی تر، بەدەنگێکی نزم قسانیان دەکرد، کە زیاتر لە چرپە دەچوو، تا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان بپارێزن، بەڵام کۆمەڵێکی سێیەم، هاتنە مەیدان و بەبەهانەی "تورڕدان"ی کۆن و بەدواکەوتوو ژماردنی و بگرە دانانی ڕەنگە بڵێم بەئاستەنگ لە بەردەم پێشکەوتن و گۆڕین و نوێگەری و دواتریش، کەوتنە ململانێ. نووسینەکانی وەک سادق جەلال ئەلعەزم، حوسێن مورووە، هادی عەلەوی، مەحموود ئەمین ئەلعالم، نەسر حامید ئەبوزەید، ئەلعەفیف ئەلئەخزەر، محەمەد ئەرکۆن، فەهمی هوێدی، ڕاشید ئەلغەنووشی، محەمەد عابید ئەلجابری، ئەلتەیب تیزینی، مەهدی عامل، تاریق ئەلبشری، محەمەد سەلیم ئەلعەوا، عەبدوڵڵا ئەلعوری و ئەوانی تر، لە کەلەپوور و پرسەگەلی ئیسلامی هاوسەردەمیان وەکۆڵی و لە ئاست هێندێک لایەنیدا

هەڵوەستەیان کرد و تێڕوانینێکی گرینگ و جیاواز لەوەی هەیە، پێشکێش کرد، سەرەڕای جیاوازیی سۆنگەگەلی هزری و پاڵنەرەکانیان.

هەرچی ڕۆهەڵاتناسیشە، ئەوە بەدووربینێکی تایبەت تەماشای ئیسلامی کردووە. بەگوتەی هزرڤان ئەدوارد سەعید، بەو پێیەی سەر بەرۆهەڵاتە... ڕۆهەڵاتناسی، وەک بارستەیەک تەماشای ئیسلامی کردووە، بارستەیەک، ڕەق و یەکرەنگ، بەتێڕوانینێکی مەیلەو دوژمنانەی ترسناکانە، وەک لە کتێبەکەی "شەنوکەوکردنی ئیسلام"دا دەڵێ.

گەشتێکی درێژ لە دۆزینەوە و ئاشکراکردن و توێژینەوە و گەڕان و ڕەخنە لەخۆگرتن و چاوگێڕانەوە، دەمانگەیەنێتە خوێندنەوەیەکی تازە و بیرۆکەگەلی سەرەتایی بۆ هێندێک لایەنی هزری عەرەبی – ئیسلامی، نەخاسمە پاش قووڵبوونەوە بەناخی ماریفەت و ڕۆشنبیری و کاری سیاسیی عێراقی و نیشتمانی و نەتەوەییی عەرەبی، هەروەها تێکەڵاوبوون لەگەڵ دامەزراو و دەستەگەلی نێودەوڵەتی و هەرێمی فەرمی و نافەرمی. ئامانجی خوێندنەوەکە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەکەنارەکانی ڕاستی، چونکە گەیشتن بەشتێکی کامڵ و پێگەیشتوو، وەک ئامانج و ئاواتێک دەمێنێتەوە لە نێوانی پردەکانی پێوەندیی نێوان کەلەپوور و هاوسەردەمی و نێوان ڕابردوو و ئێستەدا.

ئیسلام، ئێستەشی لەگەڵدا بێ، بزوێن، زیندوو و هاوسەردەمە، سەرەڕای هەوڵی هێندێک لێکدەرەوە (مفسرین) بۆ کەویکردنی حوکمەکانی بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆجیستانە، وەک ڕێڕەوکردنێک لەگەڵ بەها باڵادەستەکان و لە پێناو خزمەتگەیاندن بەچینی فەرمانڕەوا و خودانی هزرگەلی دەمارگیر و داخراو. ئەو تیۆریزەکردنانە، ڕێگەیان لە عەقڵ کرد و هێندێک ڕێنوێنیی ئیسلامیان کردە نزا و نزاگەلێکی دوور لە ژیان، ئەمەش بەڕاچێتەیەکی ئامادەکراودا کە پێوەندیی بە ئێستە و واری ژیانەوە نییە، وێنەیەکی چەقبەستووی بەردینی پەیکەرئاسای لەبارەی ئیسلامەوە پێشکێش کردین، لە کاتێکدا، "پیرۆزی" لە ئیسلامدا، بەجۆرێک لە بیروباوەڕێکی بەردەوام و سیمبولیک، ڕووپۆش کراوە.

بۆیە، هیچ خزمەتێک بەئیسلام و شتێکی بۆ زیاد ناکەی، ئەگەر هەر خەریکی "پیاهەڵدان"ی بی و هەردەم وەرگر و گێڕەرەوە و دووبارەکەرەوە بی، بگرە زیادکردن، بەوە دەبێ، ڕەخنە لەو دیاردە ڕاوەستاوە زیانمەندە هەڵانە بگری کە لکێنراون بەئیسلامەوە، کە هێندێک شتی بێ سەروبەری ئەوتۆن هیچ پێوەندییەکیان بەگیان و ڕێنوێنە بێگەردەکانییەوە نییە، سەرباری ئەو تێگەیشتنە چەسپیوانەی کە نە گفتوگۆ هەڵدەگرن و هەرچی تازەگەرییەک هەیە ڕەتی دەکاتەوە و بە بیدعە و سەرلێشێوانی دەزانێ. پرسەکە، پێویستی بەچارەسەرێکی هاوسەردەمانە هەیە بەگیانێکی کراوەوە و لە سۆنگەی کەڵەکەبوون و پێنگاڤی پلە بەپلە و ماریفەتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی عەقڵ، ئەو نیعمەتەی خوا بەمرۆڤگەلی داوە.

هێندێک قوتابخانەی ئاینی هەر لەسەر گوتنەوە و ئەزبەرکردن و بایەخدان بەشتگەلی

ڕواڵەتی ڕاهاتوون، هەرچی نێوەڕۆکیشە، بەتایبەتی ئەوی پێوەندیی بەسەردەم و زانستەوە هەبێ، ئەو و "پیاوانی ئاینی" دەهری دەبن هەر نێزیکیان بیتەوە، نەخاسمە بەها و بنەماگەل، هێندە دەزانی لێکدانەوە "بۆماوەکان"ت بۆ دەخوێننەوە کە دژبەریەکی زۆریان تێدایە، جگە لەوەی دووریشن لە ژیان و نوێگەری، هەر ئەمەشە وای لە هزرڤانێکی ئیسلامی وەک محەمەد غەزالی کردووە، ڕەخنە لەو لێکدەرەوە و تیۆریستانە بگرێ کە تیۆری و لێکدانەوەکانیان پڕە لە دژبەری و لە کتێبەکەیدا "چۆن مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بکەین" لەبارەیانەوە دەڵێ "بەڵای نەتەوەی ئیسلامن... لێکدانەوەکانیان... خراپەی گەورەن بەرانبەر هزری قورئانی".

دوکتۆر محەمەد شەحرور لە کتێبەکەیدا "دەوڵەت و کۆمەڵگە"، بڕگەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ باسی ستەمی باوەڕ و هزر و ماریفەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئەوەش لە ڕێی پوختەگەلێکەوە کە باسی ڕوخسار و نێوەڕۆک دەکا، بۆیە داوا دەکا دیراسەتە قورئانییەکان و ئەوەی مرۆڤایەتیی گەیشتووتێ و شارستانییەکەی لێک نێزیک بکرێنەوە، دوور لە بۆماوە ئاینییەکان کە لە نەگۆڕەکان و بەها ڕەسەنەکانی نین.

ئیسلام بۆیە هات تا سەرلەبەری شەرعیەت و یاسا و بنەما باوەکانی سەردەمی جاهیلی بگۆڕێ، وەک لە قورئان و سوننەتیشدا هاتووە: وەک ڕووناکی و ڕێنوێن و زانست و ئاکار هاتووە. خۆ ئیسلام، کۆمەڵێک حوکمگەلی دوور لە ژیان یان یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی پێشکێش نەکردووە، ئەو هاتووە ئەوانە بگۆڕێ و چاو بەسیستمگەلەکەیاندا بگێڕێتەوە، بگرە ئیسلام هاتووە لەگەڵ ژیاندا کار لێکتر بکەن، هاتووە، وەڵامی پرسیارگەلی ماف و ڕاستی و دادپەروەری و یەکسانی و شکۆی مرۆڤگەل بداتەوە.

نیشانەکانی پیرۆزی لە ئیسلامدا گشتگیر و جۆراوجۆرن. کە بۆ خێری مرۆڤایەتی دانراون. ڕەنگە نموونەی محەمەد، دیارترین و کاریگەرترینیان بێ بەو پێیەی پێشەنگی تێکڕای مرۆڤایەتییە. هەر لێرەوە لەو شالاوەی زایۆنیزم بەرانبەر محەمەد پێغەمبەر لە ئەمەریکا، تێ دەگەین، ئەو شالاوەی نارەزایییەکی زۆری دنیای لێ کەوتەوە، بەتایبەتی، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمی دنیاییدا، کە ئامانجە سەرەکییەکەی، عەرەب و موسڵمانان بوون، سەرباری سیستمگەلی بەهای و ئاکاری، بێ ئەوەی ئەمە بەو مانایە بێ کە پەرێزی ڕێژیمگەلێک و هەڵسوکەوتەکانیان پاک بکەینەوە کە بەناوی ئیسلامەوە پێڕەوی دەکەن، ڕاستییەکەشی، بۆ ئیسلام و شکۆی مرۆڤانی تا بڵێی خراپن.

ئەو وێنە باو و کلاسیکییە لەبارەی ئیسلام و موسڵمانانەوە، چیی تر بەس نین بۆ دەرخستنی ئیسلامی ڕاستەقینە، بەو پێیەی یەکێکە لە سێ ئاینە پیرۆزەکە (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام)، نەخاسمە گەر قەوارەی ئەو شێواندن و خراپەکاری و هەڵوێستە پێشوەختانەش لە بەرچاو بگرین کە دراونەتە پاڵ ئیسلام. بۆیە پێویستە تیشکێک بخەینە سەر لایەنگەلێکی ئیسلام و ژیانی موسڵمانان پاش ئەوەی ئەو وێنە تاریکە بوونەتە وێنەی ئیسلام لای کۆمەڵگە و نەتەوە و

دەوڵەت و گەلانی دنیا. لێرەدا ئەرکی هزر و ڕۆشنبیری دێتە پێشەوە، ئەویش بەپێشکێشکردنی نموونەی محەمەدی و ڕاشیدین لە سۆنگەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەوێ ڕۆژێ و بەتێگەیشتنێکی سەردەمییانە، لە ڕێی ڕەخنەگرتن لەو لێکدانەوە و ڕێنوێنیگەلە مەیلەو ئیسلامی و ئیسلاملۆجییانە (ئیسلام دژی ئیسلام) کە ئیسلام و موسڵمانان بەد دەکەن، کە لەوانەیە دیوەکەی تری ئەو شاڵاوە دەرەکییە بن بەبەهانەی ئیسلامفۆبیاوە یان (ترس لە ئیسلام) بەرپا کراوە.

بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم کتێبە، باسی لێبووردەییە، لە ئاست بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا " کولتوور و دەوڵەت"، هەڵوەستەیەک دەکەم، چونکە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانە و سیاسی و ڕۆشنبیریماندا، ئاگەداری بیرۆکەگەلی لێبووردەیی نین لە کن فەیلەسووفان و گەورەزانایانی ئیسلامی، کە ئەڵقەیەکی ناوەندی بووە لە سیاسەتی محەمەدی و چەند لایەنێکی سەردەمی ڕاشیدین، واتە لە دەستپێکی کولتوور و دەوڵەتی ئیسلامی یەکەمدا.

ئێمە هیچ لەبارەی لێبووردەییی نێوانەوە خۆمان نازانین، نە لەسەر ئاستی کۆمەڵ و نە تاک، چ لەلایەن کۆمەڵ و ڕێکخراوگەلی ڕۆشنبیری و هزری یان پارتە سیاسییەکان یان پێوەندیی تاکەکانەوە بێ، بگرە ئێمە تا بڵێی ڕکابەری یەکترین، تەنانەت لەنێو یەک تەوژم، یەک پارت، یەک کۆمەڵ، یەک نەتەوە، یەک ئاین و یەک تایەفەشدا. چەندان یەکترنەهێشتن و شەڕوشۆڕ و لابردنمان بینی، هەوڵگەلی بنبڕکردنمان بینی، هۆکارەکەشیان، نالێبووردەیی و سەپاندنی بۆچوون و پەراوێزخستن و ڕەتکردنەوەی ئەوی تر بوون.

با ئەو حیکمەتەی پێی دەچینە نێو ئەم پێشەکییەوە، حیکمەتەکەی محەمەد پێغەمبەر بێ "وما أنا الا رحمة مهداة"، یان وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە "وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين"، ڕەحمەت، واتە؛ قەبووڵکردنی ئەوی تر و لێبووردەیی و لێخۆشبوون و پێوەندیی ئازاد و هاوسەنگ لە نێوان نەتەوە و میللەت و گەلاندا، گەورە و بچووکیان، لە نێوان تاکەکاندا وەک خۆت و وەک کەس، ئاخر مرۆڤ، باڵاترین بەهایە، مافی مرۆڤ لە ڕادەربڕین و بیرکردنەوە، مافێکی پیرۆزە و نابێ لێی کەم بکرێتەوە.

ساڵان و ڕۆژگارێکی زۆر چەندمان خوێندەوە و لێمان لێکۆڵینەوە و گفتوگۆمان کرد و وانەمان گوتەوە لەبارەی هزری ڕۆژئاوا – لیبراڵی یان سۆسیالیستی، لە ئاست هزرڤانان و گەورەئەدیبان وەک: ئادەم سمیس، دیکارت، کانت، ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، ڕۆسۆ، هیگڵ، مارکس، ئەنجلز، لینین، ماو تسی تۆنگ، ڕۆزە لۆکسبۆرگ، ترۆتسکی، لۆکاش، ئاڵتۆسێر، گرامشی، شکسپیر، دستۆڤیسکی، سارتەر، ئەلبێر کامۆ، کۆڵن وڵسن، ڕۆجیێ گاروودی، میشێل فۆکۆ و کەسانی تریشدا هەڵوەستەمان کرد؛ کەچی قەت لە هزرڤانانی ئیسلامی ورد نەبووینەوە، هەر لە خودانی پێرەوەکە و هەڵگری بڵێسەی فیکر و بەها و بنەما گۆڕینخوازەکان، محەمەد پێغەمبەرەوە، ئەوجا عومەری فارووق و عەلی کوڕی ئەبوتالیب، تا دەگاتە، ئەبوزەڕی غوفاری،

موعەڕی، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، جاحز، ئیبن ڕوشد، جەعفەر ئەلسادق، غەزالی، ئیبن سینا، فارابی، کندی، ئەبوحەیانی تەوحیدی، ئیبن خەلدوون و کەسانی تریش. زۆر لە هاونەوەکانمان، لای ئەفغانی، محەمەد عەبدە، کەواکبی، تونسی، ریفاعە ئەلتەهتاوی، نائینی، شبلی شومێل، فەرەح ئەنتوان، سەلامە مووسا، قاسم ئەمین، تەها حوسێن و زۆری تریش نەوەستاون.

ئاخر سەیرە گفتوگۆ لەبارەی جیاوازییەکانی "سۆلۆخۆز" و کۆلۆخۆز" و ڕۆڵیان لە کشتوکاڵی سۆڤیەتدا، کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی ئەڵمانیای دیموکراتی، هێندەی کاتی گفتۆگۆکردن لەبارەی مێژووی فرەنسا و ئەوروپا و شەڕەکانیان و فەلسەفەکانیانەوە بەشێوەیەکی گشتی، لێ دەبردین، کەچی زۆر کەم بوون ئەوانەی بایەخیان بە تەجرەبەی "موعتەزیلە"، یان "بزاڤی براگەلی سەفا"، یان "بزاڤی سۆفیگەری" دەدا.

لە ڕۆژگاری ئێمەدا لەسەر توێژینەوە و ڤەکۆڵینەکانی عەبدولفەتاح ئیبراهیم، ئیبراهیم کوببە، محەمەد باقر ئەلسەدر، محەمەد سەلمان ئەلحەسەن، عەلی ئەلوەردی، سەید قوتب، محەمەد حوسێن فەزڵولا، کامیل چادرچی، سەعد سالح، حوسێن جەمیل، محەمەد مەهدی شەمسەدین، سدیق شەنشەل، حوسێن مرووە، مەحموود ئەمین ئەلعالم، ئیسماعیل سەبری عەبدوڵلا، مەهدی عامل، عەلی جەواد ئەلتاهیر، جەواد عەلی، محەمەد مەهدی ئەلمەخزوومی، مستەفا جەواد، محەمەد مەحموود تەها و خەڵکی تر نەوەستاین، لە کاتێکدا هەموو بایەخمان بەهزرڤانگەلێکی ڕۆئاوای زۆر لەوانە خوارتر دەدا، ئەم دۆخە لە بایەخدان بەڕۆمان و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبیشدا بەشێوەیەکی گشتی، هەر وابوو.

ئێمە "ماگنا کارتا"، بزاڤی جارتیێ، شۆڕشی فرەنسا، شەڕەکانی ناپلیۆن، دەستووری ئەمەریکا، "زەوی بۆ ئەو کەسەیە دەیچێنێ" و ڕێوڕەسمەکانی شۆڕشی بەلشەفیمان ناسی، کەچی قەت لە پەیمانی فزووڵ، دەستووری مەدینە، ڕێککەوتنی حودەیبییە، عوهدەی عومەری، نامەکەی محەمەد ئەلفاتیح سەروەختی گرتنی ئوستانە (ئەستەنبۆڵ)، هەروەها مافنامەکەی عەلی بن زەینئەلعابدین، کە دووپاتی لێبووردەیی دەکاتەوە لە دنیای عەرەبیدا، ورد نەبووینەوە. ئەمانە جگە لە سووننەتی پێغەمبەر و قورئانی پیرۆز. خۆ ئەگەر ئەو دەقە ئیسلامییانە خوێندرابێتیشنەوە، خوێندنەوەیەکی کلاسیکیی بێ تێڕامان بووە، وەک ئەوەی دەق یان ڕێنوێنیگەلێکی گفتوگۆ هەڵنەگرن، بگرە تەنیا دەبێ بخوێندرێنەوە و جێبەجێ بکرێن، وەک ئەوەی هیچ پێوەندێکیان بەژیان و سەردەمەوە نەبێ.

ئەو هەڵوێستە نالێبووردەییانەی هەن، هەر لە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیاندا ماونەتەوە و تا ئێستە بالادەست و باون و بوونەتە بنەما، لە کاتێکدا بنەمای ئیسلام، لێبووردەییە، ئەو لێبووردەیییەی بەڕێنوێنییەکان و ڕێوشوێنەکانی سەردەمی محەمەد و خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە دیارە.

هێزگەلێکی نالێبووردە، چەند وێستگەیەکیان لە مێژوو وەرگرتووە و وەک پیرۆزێک دەستیان پێوە گرتووە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو نالێبووردەیییە، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤانیدا، دەبێتە ڕێگر لە کارلێکردنی شارستانییەتەکەمان لەگەڵ نەتەوە و میللەت و ئاینەکانی تردا، ئاخر ئەو پرسە، پێوەندیی بەهەموو مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەر بۆیە ڕەنگی دایەوە لە بزاڤی نێودەوڵەتی ڕوو لە هەڵکشانی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، بەتایبەتی یاسای نێودەوڵەتی، مەبەستم؛ ڕاگەیاندنی دنیاییی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکەی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان.

توێژینەوە لەم پرسانە لە گۆشەنیگای ئەوەوە نییە کە "ڕابردووین" یان قووڵبوونەوە بێ بەڕابردوودا، بگرە توێژینەوە لە مێژوویەکی تەواو ڕۆچوو بەڕەهەندی مرۆڤانیدا، ئاخر ئێمە ناتوانین گەشە بکەین بێ ئەوەی ڕەگێکمان هەبێ، خاکێک هەبێ ڕەگی لێ داکوتین.

ئەم توێژینەوەیەمان، دەیەوێ بچێتە نێو بەشێک لە مێژووی هزری عەرەبی ئیسلامی، لە ڕێی تێڕوانینێکی هاوسەردەمیانەوە، هەوڵ دەدا، ڕاستی و بەهاگەلی دادپەروەری و جوانی و حیکمەت و مرۆڤانی ئاشکرا بکا، ئاخر نووسینەوەی مێژووی هزرگەلی هاوسەردەم، واتە توێژینەوە لە مەرجە کولتوورییە بەردەستەکان.

سەرسام دەبین کاتێک بیرمان دێتەوە: چۆن لەو شارە ساراوییە بەرزەدا لەو دۆڵە تەنگەبەرەدا "دۆڵێکی ڕووتەن"، بیرۆکەی ڕۆنانی سیستمێکی سیاسی و قەزایی کە دەنگدانەوەی بگاتە هەموو دنیا، پێ گەیشت، بیرۆکەی بەرقەرارکردنی دادپەروەری و گۆڕینی سوننەتەکانی کۆمەڵگە بەڕووبەڕووبوونەوەی ئەرستۆکراتییەتی قوڕەیش. ئەگەر وەڵامێکی بابەتییانە نەبووبێ، جارێک ڕاستەوخۆ و جارێک بەشاراوەی بۆ دۆخی ئەوێ ڕۆژێی کۆمەڵگەی جاهیلی کە پێویستی بەگۆڕین بوو لە کاتێکدا لەنێو دژبەرییەکی توندا دەژیا لە شوێنێکی وەک مەککەدا، بەگوتەی حوسێن مرووە، لە کتێبەکەیدا: مەیلە مادییەکان لە فەلسەفەی عەرەبی _ ئیسلامیدا.

بڵێی ئەو شارە بەرکەوتی بەرکەوتبێ بەزاینی بێبابێکی هاشمی تازە، لە ڕۆژێکی گەشی وەک ١٢ی ڕەبیعول ئەوەلی ٥٧٠ی زاینی، کە بەساڵی فیل ناسرابوو، سەرەڕای ئەوەی لە ٦٣٢ی زایندا کۆچی دوایی کرد، وەلێ تا ئێستەش کاریگەریی لەسەر هەموو دنیا ماوە، تا ئێستەش، ملیۆنان خەڵک لەسەر ڕێباز و بیروباوەڕە هەڵکشاوەکەین کە پڕیەتی لە بەهاگەلی مرۆڤانی. ئاخۆ ئەوە نهێنیی ئەو ئایەتە پیرۆزە نییە کە دەڵێ "ما علی الرسول الا البلاغ..." (المائدە: ٩٩). ئاخۆ بۆ هەموو دنیا نێردراوە وەک دواتر لە قورئانی پیرۆزدا هات؟ ئاخر ئەو ئاکاری بەرز، ڕاستگۆیی و دادپەروەرییەی هەر زوو پێی ناسرا، تایبەتمەندییەکی پێ دا کە لە هاوتەمەن و نەوەکەی خۆی جیاواز بێ، پێش ئەوەی مژدەی هەڵاتنی ئاینێکی نوێ بدا بەدنیا کە بنچینەکەی لێبووردەیییە بەتایبەتی، بۆ جیاکردنەوەی جوانی و ناشیرینی، ڕاست و ناڕاست، دادپەروەری و

زوڵم، خێر و شەڕ.

ئەم کتێبەی دەیخەینە بەردەستان، پێنج بەشە:

یەکەم لە بابەتی "ئێستە و مێژووی لێبووردەیی" دەکۆڵێتەوە، سەرێک لە ڕۆئاوا و بیرۆکەی لێبووردەیی دەدا، نەخاسمە پاش ڕووداوەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر ٢٠٠١ی تیرۆریستی کە لە ئەمریکا ڕوویان دا، کاریگەرە نەرێنی و لێکەوتەوە ترسناکەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە هەموو دنیادا، بەتایبەتی بۆ سەر هەردوو دنیای عەرەبی و ئیسلامی بەدروستی پاش شەڕی ئەفغانستان و عێراق. لە باسی دووەمی بەشی یەکەمدا، باس لە ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەی لێبووردەیی دەکەین لە کاتی فەلسەفەی ڕۆشنگەری، وەک بنچینەیەک بۆ بەراورد و ڕێنوێنی کاتێک باس لە بیرۆکەکە دەکەین لەنێو هزری ئیسلامی و بەرانبەرەکەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

بەشی دووەم باس لە "لێبووردەیی و یاسای نێودەوڵەتیی هاوسەردەم" دەکات، لە ئاست نەتەوە یەککگرتووەکان و بیرۆکەی لێبووردەیی، ڕاگەیاندنی یونسکۆ و لێبووردەیی، دەوەستێ، هەروەها لە گێرمە و (ئیشکالیەت) مانای لێبووردەیی دەکۆڵێتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

هەرچی بەشی سێیەمە تەرخانمان کردووە بۆ پرسی "لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا" بە پێشەکییەکی کورت لەبارەی پرسی "ناتوندوتیژی و لێبووردەیی لە مەسیحییەتدا" کە لە ئیسلام کۆنترە، دەستمان بە بەشەکە کردووە، وەک زەوینەسازییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە لێبووردەیی لە ئیسلامدا، ئەویش کراوە بە سێ باسەوە: یەکەمیان پێوەستە بەلێبووردەیی و ئیسلامی سیاسی؛ دووەم، شەریعەتی ئیسلام و لێبووردەیی؛ سێیەمیش، لە ڕەگ و ڕیشەی لێبووردەییی عەرەبی ـ ئیسلامی دەکۆڵێتەوە لە سۆنگەی هاوپەیمانیی فزووڵ، دەستووری مەدینە، ڕێککەوتنی حوودەیبییە، عوهدەی عومەری و بەڵگەنامەی گرتنی قوستەنتینییەوە.

بەشی چوارەم، تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لە سیرەتی محەمەد پێغەمبەر«د.خ»، لە ڕێی پێشکێشکردنی نموونەگەلێکی کەلەپووری و هاوسەردەمانە، باس لە ڕیشەی لێبووردەیی دەکەین لای محەمەد و هەروەها خۆمان لەدارەتی دوو هەڵوێستی دژبەر دەدەین لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا بەرانبەر بیرۆکەی لێبووردەیی.

لە بەشی پێنجەمدا، لە "گوتاری عەرەبی ـ ئیسلامی هاوسەردەم لەبارەی لێبووردەییەوە" کۆڵیوەتەوە، لەوێدا، بۆچوون و هزری هێندێک چاکسازیخوازی عەرەب و موسڵمانمان هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خستووەتە ڕوو، لە ڕێی شەنوکەوکردنی هزری ئاینی و لیبراڵی، دواتر هەڵوەستەیەکی پێداچوونەوەمان کردووە لە سۆنگەی پرسیارگەلێکی ڕەخنەگرانەوە. دواجار، لە گریمانەکانی لێبووردەییمان کۆڵیوەتەوە لەگەڵ هێندێک ژێدەر و سەرچاوەی بنەڕەتی.

کنگستۆن، لەندەن لە ٢٠٠٤/٨/٢٠

# سوننە

## لە نێوان دەسەڵاتی دەق و دەقی دەسەڵاتدا

عەبدولجەواد یاسین

دەتوانین وەک سەرەتا بڵێین "سوننە"یش وەک قورئان لە ئاست باسکردنی وردەکارییەکانی پرسی دەسەڵات لە ڕووی فۆرمەوە، بێدەنگیی هەڵبژاردووە. واتە لە ئاست دیاریکردنی سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتدا بێدەنگ بووە. لە کاتێکدا دەقەکانی قورئان و سوننە پێکەوە جەخت لەسەر "پێویستی" بوونی دەسەڵات دەکەن و بەتایبەتی ئاماژە بە ئەرکە بابەتییەکانی دەکەن، کەچی لەنێو دەقە "ڕاستەقینە"کانی سوننەدا حوکمێک نابینین کە ئاماژەی تێدا بێ بۆ ناوی حوکمڕان، مەرجەکانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، شێوازی دانانی حوکمڕان، یان ئامرازەکانی لەسەر کارلادانی. یان حوکمێک ئاماژە بە بنیاتی حکوومەت بکا، کە ئاخۆ قەوارەیەکی بێدەنگکراو (مصمت)ە کە پۆستی حاکمەکە هەمووی پڕ دەکاتەوە، یان قەوارەیەکی فرە لق و پۆپە لە پاڵ حاکمدا چەندان دامەزراوەی تر هەن کە دەسەڵاتیان لە دەستدایە. ئاخۆ تایبەتمەندی و بەرپرسیاریەتیی ئەوانە بەرامبەر یەکتر و بەرامبەر حاکم چییە، هەروەها بەرامبەر "ئازادیی تاکەکەسی" چییە کە ڕووەکەی تری بیرۆکەی سیستەمە لە پرۆسەی حوکمکردندا. ئەو ڕێکارانە کامانەن گەرەنتی ئەوە دەکەن ئەم ئاستانە بە ڕووی یەکدا نەوەستنەوە، بەو شێوەیەی ئامانجی کۆمەڵایەتی لە بیرۆکەی خودی دەوڵەت و هەروەها ئامانجەکانی شەریعەت و ئامانجەکانی ئیسلام بەدی بێن(١).

بەڵام ئەم تێزە ئیشکالییەتێکی دووسەرە دەورووژێنێ لە بەرامبەر هەردوو تیۆرە ئیسلامییەکە لەبارەی دەسەڵاتەوە: تیۆری ئیمامەتی شیعی و تیۆری خەلافەتی سوننی. هەردوو تیۆرەکە بیرۆکەی بێدەنگبوونی سوننە لەبارەی دەسەڵاتەوە ڕەت دەکەنەوە، ئەگەرچی ڕەتکردنەوەی

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

شیعەکان گەورەتر و توندترە. شیعە تیۆرەکەی خۆی لە بناخەوە لەسەر چەند دەقێک، کە دراونەتە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ)، دامەزراندووە و بەو پێیە پێغەمبەر وەسیەتی کردووە دوای خۆی ویلایەت بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالیب بێ، دوای ئەویش بۆ زنجیرەیەکی دیاریکراو لە نەوەکانی فاتیمە. هەرچی تیۆرە سوننیەکەیە، ئەگەرچی وەک شیعە ئیدیعای بوونی دەقێکی پێغەمبەریان نەکردووە کە کەسی خەلیفە دیاری بکا، بەڵام وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر شیعەدا لە قۆناخێکی دواتردا ئەویش ئەو ڕێگەیەی بەکار هێنا.

تیۆریزەکاریی سوننە بۆ خەلافەت سەرەتا پشتی بە کۆدەنگیی هاوەڵانی پێغەمبەر بەست. دواتر لە پەرچەکرداری جەختکردنی شیعە لەسەر بوونی دەقێک لەبارەی کەسی خەلیفەوە پەرەی سەند بۆ بەڵگەهێنانەوەیەکی سنووردار لە "دەقەکان"، چونکە لەو کاتەدا هێشتا پرۆسەی کۆکردنەوەی حەدیس تەشەنەی نەکردبوو. ئەو کارە لە قۆناخە دواییەکاندا زیاتر پەرەی سەند، ئەویش دوای تۆمارکردنی بەرفراوان و زێدەڕۆیی تێداکراوی سوننە بڕێکی زۆر دەقی تایبەت بە سوننەی هێنایە کایە، کە دەکرێ چەندان دژە دەقیان لە بەرامبەر زۆربەی تێزە دەقییەکانی شیعەدا تێدا بدۆزرێتەوە. ئەوەتا لە بەرامبەر دەقی وەسیەتکردن بە دانانی عەلی بە خەلیفە، چەندان حەدیس[٢] لە سەحیحی بوخاری و هیی تردا پەیدا بوون کە تەبەری و ئەشعەری و ئیبن حەزم سوورن لەسەر ئەوەی ڕێنوێنین بۆ کردنی ئەبوبەکر بە خەلیفە. هەروەها لە بەرامبەر ئەو حەدیسانەی شیعە بۆ تانەدان لە مەعاویە هێناویانە، چەندان حەدیس لای سوننە پەیدا بوون کە درێژدادڕییان کرد لە باسکردنی پلە و پایە و ڕێزی مەعاویەدا، ئەمە جگە لە ئیسپاتکردن و ڕەوایی پێدانی حوکمڕانی و خەلافەتەکەی.

هەروەها لە بەرامبەر بیرۆکەی "مەهدی"ی عەلەوی کە غەنووسی شیعی دای هێنا، دەقگەلی سوننی سەریان هەڵدا کە باس لە مەهدی"ی ناعەلەوی دەکەن، وەک مەهدیی ئومەوی سوفیانی، کە خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی مەعاویە دای هێنا و "بەوە دەیویست سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەتایبەت دوای ئەوەی مەروانی کوڕی حەکەم دەسەڵاتی لەدەست دەرهێنا و "ئوم هاشم"ی دایکیشی مارە کرد"[٣].

هەروەها وەک مەهدیی عەباسی، کە مەنسوور دەیویست وا لە خەڵک بگەیەنێ کە مەهدی، محەمەدی کوڕیەتی و لێرەشەوە نازناوی ئەلمەهدی دایە[٤].

بەم پێیە هەردوو تیرۆرەکە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆیان پشتیان بە "سوننە" بەست.

بەڵام چەمکی "سوننە" لە تێزە شیعییەکەدا تەواو هاوواتای چەمکەکە نییە لە سیستەمە سوننیەکەدا، هەروەک هەردوو چەمکەکە هاوواتای حەقیقەتی "سوننە" نین وەک ئەوەی پێویستە وا بێ و لەگەڵ قورئان و بەڵگەنەویستە مێژووییەکانی عەقڵدا کۆکە. کەواتە سوننە چییە؟

ئەمە یەکەم کێشەیە کە پێویستە لێرەدا ڕووبەڕووی ببینەوە و لە ڕێیەوە باقی کێشە و گرفتەکانی

تری دەقی سوننە کە بەهۆی دەسەڵات و کارکردی مێژووەوە دروست بوون تاوتوێ دەکرێ.

کەواتە لێرەدا کێشەکە برێتی نییە لە "کێشەی دەسەڵات" و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی لەلایەن دەقی سوننەوە، بگرە برێتییە لە "کێشەی دەقی سوننی" و چۆنیەتیی نووسینەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە.

## سوننە چییە؟

ڕەنگە پرسیارەکە کەمێک نامۆ بێ. ئەی ئەوە نییە زانایانی پێشینان وەڵامیان داوەتەوە و زانایانی فەرمووودە پێناسەیان کردووە بەوەی هەموو ئەو شتانەیە لە پێغەمبەرەوە هاتوون لە گوتە یان کردار یان پەسەندکردن یان سیفەت، چ پێش لە پێغەمبەرایەتی و چ پاشی. ئوسوڵییەکانیش پێناسەیان کردووە بەوەی برێتییە لەوەی لە پێغەمبەرەوە نەقڵ کراوە لە گوتار و کردار و پەسەندکردن (تەقریر). ئیدی بۆچی پرسیارەکە لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا دەکرێتەوە؟.

بەڵام ئەو کێشەیەی ئێمە لە بابەتی دەقی سوننەدا مەبەستمانە پێوەندی بە گوتراوە رواڵەتییەکەی ئەم پێناسەوە نییە، واتە باس لەوە نییە ئاخۆ ئەوەی لە پێغەمبەرەوە گوێزراوەتەوە سوننەیە یان سوننە نییە، بگرە باسەکە بە پلەی یەکەم باسی ئەوەیە ئاخۆ ئەو دەقانە بە راستی قسەی پێغەمبەرن یان نا. دووەمیش باس لەوەیە چۆن ئەو دەقە راستانە (کە بە سروشت بەشەکی و وردەکارین) لە پاڵ قورئاندا (کە بە سروشت هەمەکی و گشتییە) بەکار دەهێنرێ. کەواتە باسەکە لەلایەک پێوەندیی بە ئیسپاتبوونی دەقەکە و لەلای دووەمیشەوە بە بەکارهێنانییەوە هەیە.

کەواتە لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ هەموو ئەو دەقانەی لە زاری پێغەمبەرەوە گوێزراونەتەوە هەر قسەی ئەون؟

روونتر بڵێین: ئاخۆ ئامرازەکانی فەرمووودەناسیی کلاسیکیی ئەو کاتە بەس بوون بۆ دڵنیابوون لە راستیی سەنەدی دەقەکە؟

بە بۆچوونی ئێمە زانستی فەرمووودەناسیی کلاسیکی لەگەڵ نرخاندنمان بۆ ئەو کۆششەی تێیدا بە خەرج دراوە ئامرازی پێویست و شیاوی بۆ لەتەتەڵەدانی دەقەکانی سوننە و پاکسازیکردنی بنبڕی لە خڵتەوخاڵە لە بەردەستدا نەبووە. واتە ئەم دەقانەی سوننە کە ئێستە هەن پێویستیان بە تەتەڵە و پاڵفتەکردنی زیاتر هەیە تا قەبارەی راستەقینەی خۆی، یان نێزیکترین خاڵ لەو قەبارەیە وەربگرێتەوە، ئەویش بەپێی پێوەرەکانی وزەی مرۆیی.

هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی راوییەکان کە پێویستە لە رێی میکانیزمی "جرح و تعدیل"ەوە هەڵبسەنگێنرێن، بەڵام دەکرا هەر لە سەرەتاوە ئەم تەڵەزگەیە تێپەڕێنرایە. ئەهلی حەدیس بە دەستی خۆیان کێشەکەیان دروست کردووە و دواتر خۆیانیان رەتاندووە تا چارەسەری بۆ

بدۆزنەوە. ئەویش چونکە پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی حەدیس تەنیا حەدیسە موتەواتیر[٥] و بەناوبانگەکانی نەگرتە خۆی وەک کە پێویستە وا بێ، بگرە بە زێدەڕۆیی و پەلاماردانێکی سەیر و بە برێکی زۆر لە زۆرلەخۆکردنەوە بە دوای هەر هەواڵێکدا دەگەڕان کە بۆنی گەیشتنەوە بە پێغەمبەری لێ بکرێ. ئەمەش دەرگەیەکی فراوانی کردەوە لە بەردەم لێشاوێکی گەورەی گێڕانەوە (ریوایەت) و هەواڵدان کە بێگومان هەندێکیان راست بوون، بەڵام بێگومان دەقی دەستکردیشی تێ کەوت و زانستی حەدیس بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دانرا.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەلەفییە ئامادەیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: ئاخۆ دەکرا دەست لە سوننە بەر بدرێ تا لەناو بچێ؟ وەڵامی ئێمەیش ئەوەیە: نەخێر. نامەنەوێ سوننە لەناو بچێ، بەڵام کێ دەڵێ ئەوەی کۆکراوەتەوە و بەو شێوەیە تۆمار کراوە سوننەیە؟ چەمکی ئەو "سوننە"یەی پێویستە رێ بە لەناوچوونی نەدرێ ناکرێ ببەسترێتەوە بە بەرهەمی ئەو پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنەوەوە، بۆچی؟ چونکە ئەوە پرۆسەیەکی مرۆیی و شیمانەیی و گومانئامێزن، بە واتای ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە دەکرا نەکرێ، یان بەشێوەیەکی تر و لە چوارچێوەیەکی تەسکتردا بکرێ.

کەس ناتوانێ مکوڕ بێ لەسەر ئەوەی ئەو پرۆسەیە هەموو دەقە راستەکانی گرتووەتە خۆی یان رێگەی لە هەموو دەقێکی لاواز و ناڕاست گرتووە. لێرەوە چۆن دەکرێ لە "ئایندا" مرۆڤ پابەند بکرێ بە شتێکەوە کە ئەمە حاڵی بێ، واتە بە شتێکەوە کە دەکرا ئەسڵەن نەزانرێ، یان ئەگەری ئەوە هەبێ لاواز و دروستکراو بێ و تێشپەڕێ.

ئەوەی ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە ئەم پرۆسەی تۆمارکردنە هەندێ لە بەشەکانی تا سەدەی سێیەمی کۆچی تەواو نەکرابوون، هەروەها تا سەرەتاکانی سەدەی دووەم بە جیدی دەستی پێ نەکردبوو، ئەمەش واتای ئەوەیە موسڵمانان بەلای کەمەوە ماوەی سەدەیەک بەبێ ئەم ریوایەتانە ژیاون، بەبێ ئەوەی ئەوە هیچ لە ئیسلامەتییەکەیان کەم بکاتەوە. کەواتە ئەو ریوایەتانە بۆ جێگیربوون و دامەزرانی ئاین پێویست نەبوون ئەگینا پێغەمبەر (د.خ)، هاوشێوەی قورئان، لە یەکەم ساتەوە فەرمانی بە تۆمارکردنیان دەکرد.

هەڵوێستی پێغەمبەر (د.خ) لەم ڕووەوە ڕوون و ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بوو، ئەویش ئەوەیە هەموو گوتەکانی خۆی وەک قورئان بە ئاینێکی گشتی دانەناوە، چونکە بەشی زۆری ئەو حەدیسانە جێبەجێکردنی وردەکارییانەی قورئان بوون، کە بە زەرورەت پێوەست بووە بە هۆکار و دۆخە تایبەتەکان و لێرەشەوە واتا و ئاماژەگەلێکی تایبەتتریان هەبووە لە دەلالەتە گشتییە رەهاکانی قورئان، کە بەهۆی ئەو گشتیبوون (عمومیەت) و کراوەییەوە دەتوانێ لە سات و سەردەمە جیاوازەکاندا بە کارایی بمێنێتەوە. لێرەوە بووە پێغەمبەر ترساوە لەوەی گوتەکانی خۆی لە تەنیشت قورئانەوە دابنێ و جەختی تەنیا لەسەر قورئان سوننەتە کردەییەکانی وەک نوێژ و زەکات و حەج و هەندێ شێوەی رەفتار کردووە، کە لەنێو خەڵکدا بڵاوبوونەتەوە و بەناوبانگ

بوون و وەک قورئان جێگیر بوون.

با بزانین چۆن چۆنی هەڵوێستی پێغەمبەر لەم ڕووەوە ڕوون و بێ پێچ و پەنا بووە؟

موسلیم لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، هەروەک تەرموزی و نەسائی و ئەحمەد و دارمیش گواستویانەتەوە، کە ئەبوسەعیدی خودری گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر گوتوویەتی "جگە لە قورئان هیچ شتێک لە زاری منەوە مەنووسنەوە، ئەوەی جگە لە قورئان شتێکی تری نووسیوە با لەناوی ببات"(٦). ئەم قەدەخەکردنە روونتر لەسەر زمانی ئەبوسەعید دەردەکەوێ کە دەڵێ (لەگەڵ پێغەمبەر هەوڵمان دا رێگەمان پێ بدات بنووسینەوە، رەتی کردەوە). لە ریوایەتێکی تردا هاتووە (مۆڵەتمان لە پێغەمبەر خواست مۆڵەتی نووسینمان پێ بدات، مۆڵەتی پێ نەداین)(٧).

ئەم دەقەی دواتر ڕوونتر لەوانە جەخت لە قەدەخەکردنەکە و هۆکارەکەی دەکات. ئەبوهورەیرە دەڵێ (پێغەمبەر هات بۆ لامان لەو کاتەی خەریکی نووسینەوەی حەدیسەکان بووین، گوتی: ئەوە چییە دەینووسن؟ گوتمان ئەو قسانەن لە جەنابتیان دەبیستین. گوتی: کتێبێک جگە لە کتێبی خوا؟! ئاخۆ دەزانن ئوممەتانی پێش ئێوە ئەو کاتە سەریان لێ شێوا لە پاڵ کتێبی خوادا کتێبی تریان نووسی)(٨).

لێرەدا پێغەمبەر پەنجە دەخاتە سەر تاوانی مێژوو و کارکردی مرۆڤ لەسەر دەقی ساف، کە چۆن چۆنی ناوەڕۆکی سافی ئەو دەقە بەهۆی بۆ زیادکردنی کتێبەکانەوە، لە ڕێی پەڕاوێز بۆ نووسین و شیکردنەوەکانەوە، تا دێ روو لە کزی دەکات، سەرەنجام راستییە رەهاکەی دەق، کە بە سروشت سادە و نێزیکە، دەبێتە تێزێکی تیۆریی ئاڵۆز، یان فەلسەفەیەکی لاهووتیی زەحمەت لە تێگەیشتندا، یان لیستێک لە یاسای لێوانلێو لە ئەرک و فەرمان، یان دەبێتە هەموو ئەمانە پێکەوە و بەرگێکی ئەفسانەیی و ناعەقڵانی دەپۆشێ.

ئەو کارە بەلای ئێمەوە گەورەترین تاوانە دژ بە ئاین، تاوانی مێژوو دەرهەق بە دەق کە پێغەمبەر لە گوتەزایەکیدا پوختی کردووەتەوە کاتێ گومڕابوونی نەتەوەکان دەبەستێتەوە بەوەوە "کتێبی تریان لە پاڵ کتێبی خوادا نووسیوەتەوە". هاوەڵانی پێغەمبەریش بەگشتی دەرکیان بەو مەترسییە کردبوو، بۆیە خۆیان لە تۆمارکردنی ریوایەتەکان لادەدا و تەنیا پشتیان بە قورئان و سوننەی موتەواتیر و بەناوبانگ دەبەست، کە بەزۆری شتی کرداری بوون و بۆ وردکردنەوەی شتە گشتییەکانی قورئان و ڕوونکردنەوەی شتە ئاڵۆزەکانی، کە پاراستن و کارپێکردنی ئەوانە، کە قەت لە چوارچێوەی قورئان دەرنەچوون، پێویستە.

وەک زانراوە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر پێش لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی کۆتاییی پێ هاتووە بەبێ ئەوەی حەدیسە ئاحادەکان لە کتێبەکاندا تۆمار کرابن. لەگەڵ مکوڕبوونیان لەسەر کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی ئەبوبەکردا، کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا نووسرابوویەوە، دەبینین لە ئاست تۆمارکردنی حەدیسەکاندا بە ڕوونی ترسیان لێ نیشتبوو.

ئەوە بوو ئەبوبەکر خەڵکی کۆکردەوە و گوتی (ئێوە هەندێ گوتە لە زاری پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە و لەبارەیانەوە جیاوازیتان تێ دەکەوێ، ئەوانەی دوای ئێوە دێن لەو بارەوە جیاوازیی زیاتریان تێ دەکەوێ، بۆیە هیچ شتێک لە زاری پێغەمبەرەوە مەگێڕنەوە، هەر کەس پرسیاری لێ کردن بڵێن کتێبی خوا لە نێوانماندایە، ئەوەی حەڵاڵی کردووە بە حەڵاڵی بزانن و ئەوەی حەرامی کردووە بە حەرامی بزانن)[٩].

هەرچی عومەری کوڕی خەتابیشە، بۆ ماوەی مانگێک بیری دەکردەوە و داوای ڕێنوێنی و بەرچاورۆشنکردنەوەی لە خوا دەکرد (واتە ئیستیخارەی دەکرد)، تا ڕۆژێکیان بڕیاری خۆی دا و گوتی (من دەمەویست حەدیسەکان بنووسمەوە، بەڵام بیرم لەوە کردەوە کە هەندێ لە نەتەوەکانی پێش ئێوە هەندێ کتێبیان نووسی، سەریان کردە ئەو کتێبانە و وازیان لە کتێبی خوا هێنا، بۆیە سوێند بە خوا من خڵتەی هیچ شتێک تێکەڵ بە کتێبی خوا ناکەم)[١٠].

ئیبن سەعد دەگێڕێتەوە (عەبدوڵای کوڕی ئەلعەلا گوتی: داوام لە قاسمی کوڕی محەمەد کرد هەندێ حەدیسم فێر بکا، گوتی: حەدیسەکان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا زیادیان کرد، ئەویش تکای لە خەڵک کرد هەرچی حەدیسێکیان لایە بۆی بێنن، ئەوانیش هێنایان و عومەر فەرمانی دا بیانسووتێنن... گوتی: لەو ڕۆژەدا قاسمی کوڕی محەمەد قەدەخەی کرد لێم کە حەدیس بنووسمەوە)[١١].

مەعاویە ویستی حەدیسێک بنووسێتەوە زەیدی کوڕی سابیت قەدەخەی کرد و گوتی (پێغەمبەر فەرمانی پێ کردین هیچ شتێک لە حەدیس نەنووسینەوە). دەگێڕنەوە عەبدوڵای کوڕی مەسعوود سەحیفەیەکی سووتاند کە ژمارەیەک حەدیسی تێدا بوو و گوتی خاوەن کتێبەکانی پێش ئێوە کاتێ لەناو چوون کە کتێبی خوایان پشتگوێ خست وەک ئەوەی نەزانن[١٢].

دەگەڕێینەوە بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب، کە یەکێک بوو لەو هاوەڵانەی زۆر پابەندی ئیسلام بوو، تا ببینین ئەو چۆن چۆنی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و نایاب لە هۆکاری قەدەخەکردنی پێغەمبەر لە تۆمارکردنی قسەکانی گەیشتووە. ئەو وا تێ گەیشتبوو کە پێویست نییە شتێکی تر جگە لە قورئان بگوێزرێتەوە مەگەر ئەوەی کە "سوننەی کرداری"یە، واتە ئەو کردارانەی پێویست بوو پێغەمبەر وەک جێبەجێکردن و وردکردنەوەی کۆی قورئان بیانکات. واتە عومەر چەمکی سوننەی بۆ ئەو کارە موتەواتیر و باوانەی کە هەموو هاوەڵان دەیانزانی و ئیتر بوارێک نەماوەتەوە بۆ زیادکردنی هیچ شتێک لە کاتی گواستنەوەیدا، بەکار دەهێنا. ئەو دەیگوت (ریوایەت کەم لە پێغەمبەرەوە بگێڕنەوە، مەگەر ئەوەی کردبێتی)[١٣].

عومەر لە زۆرکردنی ریوایەت دەترسا، ئەویش وەک خۆپارێزییەک لە درۆ و هەڵە. ئەم ترسە گرینگترین هۆکاری سیاسەتە بەناوبانگەکەی بووە بەوەی هاوەڵانی لای خۆی لە پایەتەخت و دوور لە وڵاتە دوورەکان هێشتووەتەوە. ئەوە بوو "ناردی بە شوێن هاوەڵانی پێغەمبەردا لە ناوچە

جۆراوجۆرەکان، عەبدوڵای کوڕی حوزەیفە، ئەبودەردا، ئەبوزەر و عوقبەی کوڕی عامر و گوتی: ئەمە چییە ئەم حەدیسانەی لە زاری پێغەمبەرەوە لە وڵاتاندا بڵاوتان کردووەتەوە، ئەوانیش گوتیان: قەدەخەمان دەکەیت لەوە؟ گوتی: نەخێر، لای من بمێننەوە، نە بەخوا تا ماوم لێم جیا نابنەوە، ئێمە زاناترین، لێتان وەردەگرین و رەتیشتان دەدەینەوە"(١٤) هەمان کاری لەگەڵ ئیبن مەسعوود و ئەبی مەسعوودی ئەنساریشدا کرد و گوتی "زێدەڕۆییتان کرد لە گێڕانەوە لە پێغەمبەری خواوە"(١٥).

هەرچی ئەبوهورەیرەیە عومەر لەگەڵی زۆر توند بوو، تا ئەو رادەیەی هەڕەشەی دوورخستنەوەی لێ کرد بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەگەر واز لە وتنی حەدیس نەهێنێ. هەموو کات پێی دەگوت "واز لە قسەکردن لەبارەی پێغەمبەرەوە دێنی، یان دەتگەیەنم بە خاکی دوس"(١٦). هەمان شتیشی لەگەڵ کەعبی ئەحبار کرد، ئەو جولەکەیەی تازە موسڵمان بووبوو و دواتر بە زۆری دەستی دابووە گێڕانەوە و وتنی حەدیس بەشێوەیەک جێی گومان بوو، هەر بۆیە عومەر هەڕەشەی لێ کرد کە بۆ "خاکی مەیموونەکان" دووری دەخاتەوە.

ئەوەی سەیرە ئەبوهورەیرە کە بەپێی راستترین را(١٧) لە دوو ساڵ زیاتر هاوەڵیی پێغەمبەری نەکردووە کەچی وەک ئیبن حەزم باسی دەکات، ٥٣٧٤ حەدیسی گێڕاوەتەوە یان لە زاری گێردراوەتەوە، کە بوخاری ٤٤٦ حەدیسی لێوە گێڕاوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا خۆی، وەک بوخاری گێڕاویەتیەوە، گوتوێتی هیچ کەس لە من زیاتر حەدیسی لە پێغەمبەرەوە نەگێڕاوەتەوە عەبدوڵای کوڕی عەمرو نەبێ"، کەچی ژمارەی حەدیسەکانی ئەو عەبدوڵایە وەک لە مەسنەدی ئەحمەددا هاتووە لە ٧٢٢ حەدیس زیاتر نییە، لای ئیبنولجەوزی ٧٠٠ حەدیسە، لەوانە بوخاری ٧ حەدیس و موسلیم ٢٠ حەدیسیان لێ گێڕاوەتەوە.

بە بڕوای ئێمە زۆر گێڕانەوەی حەدیس لەلایەن ئەبوهورەیرەوە بۆ خودی ئەبوهورەیرە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی بە دووری نازانین زۆر لە ریوایەتەکان بۆی هەڵبەسترابن. رۆژێک عومەری کوڕی خەتاب پێی گوت "ئەی ئەبوهورەیرە حەدیس زۆر دەگێڕیتەوە، زۆر شایستەی ئەوەی درۆ بەدەم پێغەمبەری خواوە بکەیت" عومەر بە درێژاییی تەمەنی بەربەستێکی گەورە بوو لە بەردەم لێشاوی بەهێزی ریوایەتەکاندا، کە ئەو مرد لافاوەکە کەوتە رێ. ئەبوهورەیرە دەڵێ "من هەندێ حەدیستان پێ دەڵێم ئەگەر لە کاتی عومەردا بمگوتنایە بە دوڕە لێی دەدام". لە ریوایەتێکدا "سەری دەشکاندم".

زەهری گوێی لێ بوو دەیگوت "نەماندەتوانی بڵێین "پێغەمبەری خوا فەرمووی" تا عومەر مرد، ئاخۆ من دەمتوانی ئەم حەدیسانەتان پێ بڵێم کاتێ عومەر زیندوو بوو؟ سوێند بەخوا دڵنیا بووم پشتی دەشکاندم، عومەر دەیگوت بە قورئانەوە خەریک بن، چونکە قورئان قسەی خوایە".

بەم شێوەیە باڵادەستی و بەسبوونی قورئان لە ئیسلامدا ئەو راستییە بوو کە ئامادەییەکی

زەقی لە هەستی عومەری کوڕی خەتابدا هەبوو، تەنانەت لە ساتێکی زۆر هەستیار و لە نێزیکبوونەوەی وەفاتی پێغەمبەردا دەری بڕی. ئەوەی بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکەیاندا لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی "کاتێ ئازارەکە زۆری بۆ پێغەمبەر هێنا، گوتی: کتێبێکم بۆ بێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم دوای ئەوە قەت گومڕا نەبن، عومەر گوتی: پێغەمبەر ئازار زۆری بۆ هێناوە، قورئانی خوامان هەیە، ئەومان بەسە"[١٨].

کەواتە ئەو راستییەی ناکرێ گومانی لێ بکرێ ئەوەیە حەدیسەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا تۆمار نەکراون، جگە لە چەند حاڵەتێکی ریزپەڕ کە کار لە ئەسڵی حوکمدانەکە ناکات، وەک ئەوەی پێغەمبەر لەبارەی خێرات و خوێنبایی و فەریزەکانەوە[١٨] بە بەرپرسەکانی نووسیوەتەوە، کە لە چەند لاپەڕەیەکی کەم تێپەڕ ناکات، یان وەک ئەوەی لە حاڵەتێکی دیاریکراودا رێگەی پێ داوە وەک ئەوەی دەڵێ "بنووسن بۆ ئەبی شا" ئەویش کاتێ ئەبوشا، کە موسڵمانێکی یەمەنی بوو لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەردا بوو و داوای کرد وتارەکەی پێغەمبەری بۆ بنووسرێ، وەک کە بوخاری لە سەحیحەکەیدا ئاماژەی پێ دەدات[١٩].

ئەم حەدیسە کە بوخاری ریوایەتی کردووە و مۆڵەتی داوە بۆ ئەبوشا بنووسرێ، بەهێزترین دەقە کە سیستەمی بیرکرنەوەی سەلەفی (کە حەدیسەکانی نووسیوە و تیۆریزەی بۆ فەرموودەناسی کردووە) پشتی پێ دەبەستێ بۆ سەلماندنی ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەردا رێگە بە نووسینەوەی حەدیس دراوە. عەبدوڵای کوڕی ئەحمەد دەڵێ "لە کتێبی حەدیسەکەیدا هیچ حەدیسێک بەقەدەر ئەم حەدیسە راست نییە"[٢٠]. لەوەیشدا راست دەکات، چونکە باقی ئەو حەدیسانەی لەم بوارەدا پشتیان پێ دەبەسترێ لاوازن و بە پێوەرەکانی خودی فەرمووەدەناسیی کلاسیکیش خۆ لە بەردەم رەخنەدا ڕاناگرن، وەک هێنانەوەی ئەو ریوایەتەی ئەنەس کە دەڵێ "پێغەمبەر فەرمووی زانست بە کتێبەکە ببەستنەوە" کە حەدیسێکی لاوازە چونکە عەبدولحەمیدی کوڕی سولەیمان لە سەنەدەکەیدایە و زەهەبی قسەی لەسەر کردووە. هەروەها لە هەندێ رێگەکانییەوە عەبدوڵای کوڕی موئەمەلی تێدایە کە ئەحمەد بە "لاواز"ی داناوە و گوتوویەتی "حەدیسەکانی خراپن"[٢١].

دەگەڕێینەوە بۆ حەدیسەکەی ئەبی شا "کە حەدیسێکی راستە" و دەبینین مۆڵەتپێدانەکە بە نووسینەوەی تایبەت بووە بەو حاڵەتەوە، کە تێیدا دەقەکە بە ئامادەیی و سەرپەرشتیی پێغەمبەر دەنووسرا، هەروەها بابەتەکەیشی، کە گوتاری ماڵئاواییە، بابەتێکی بەربڵاو و بەناوبانگە و بەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر گوتراوە کە ئەو حاجییانە بوون لە دوا حەجیدا یاوەری پێغەمبەر بوون، کە ئەوەیش ئەگەری هەڵە و زیادکردنی لێ دوور دەخاتەوە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوەیە ئەم هەواڵە ناکۆک نییە لەگەڵ حەدیسەکەی ئەبوسەعیدی خودریدا کە ئاماژە بە بنەما گشتییەکە دەکات، واتە ئەوەی کە پێغەمبەر فەرمانی نەکردووە بە تۆمارکردنی هیچ شتێک جگە لە قورئان و هیچ نووسەرێکی بۆ نووسینەوەی حەدیس دانەناوە وەک کە بۆ تۆمارکردنی قورئان

چەند نووسـەرێکی تەرخـان کردبوو. ئەمـە لای خـواری حاڵەتـی دڵنیـابوونە لـەم مـەسـەلەیـەدا، کـە مشتومڕ هەڵناگرێ.

بۆیە دروست نییـە ئەم حـەدیسـە بکرێتـە بەڵگە بۆ سـەلماندنی ڕەواییـی تۆمـارکـردنی حـەدیس بەشـێوەیەکی گـشـتی، چونکە ئێمـە نکووڵی لەوە ناکەین کە لە سـەردەمی پێـغـەمبـەردا (د.خ) لە هەندێ حاڵەتدا نووسـینـەوە هەبووە، بەڵام نکووڵی لەوە دەکەین کە ئەوە ئەسـڵـە گشـتییـەکە بێ، بێگومـان ئەسڵ قەدەخـەکردنـی نووسـینەوە بووە، هەروەهـا "سـوننەتی کرداری"ی ڕاسـتیش هەر نەدەنووسرایەوە و ڕیوایەتەکانی لە کتێبێک یان چەند کتێبێکدا کۆ نەدەکرانەوە.

ئەمـە بەڵگەی چییـە؟ بۆچی قـورئان بە ئاگـەداری و چاودێریی پێـغـەمبـەر تۆمـار دەکـرا، بەڵام حەدیس تۆمار نەکرا؟

جمـهوری ئەهلی حـەدیس کە دان بە ڕاسـتیی حـەدیسەکانی قەدەخەکردندا دەنێن پێیان وایە قەدەخەکردنەکە لە سەرەتای ئیسـلامدا بووە و لە ترسی تێکەڵبوونی بووە بە قورئان. بۆیە کە ئەو ترسـە نەمـا ئەو حـوکمـەیش نەسخ بوویـەوە کە لـەسـەری دامەزرابـوو و نووسـین مـۆڵەتی پێ دراوە، بۆیە قەدەخـەکردن بە حەدیسـەکانی ڕێپێدان نەسخ کراوەتەوە. ڕامیهرمـزی دەڵێ لە خەمی ئەوەدا بووین پێغەمبەر ڕێگەمان پێ بدات قسەکانی بنووسینەوە، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، بەڵام بۆچوونی نەسخکردنەوەی حوکمی قەدەخەکردن لە نووسینەوە لەگەڵ ئەم ڕاستیيانەدا ناکۆکە:

١- ئامـاژدانی هـاوەڵانی پێغـەمبـەر، لە سـەرووویانەوە ئەبوسـەعیدی خودری بـە قەدەخـەکردن دوای مردنی پێغەمبەر.

٢- تۆمـارنەکردنی حـەدیسـەکان لـەلایەن هـاوەڵانەوە بەدرێژاییی سـەردەمی خۆیان کە تا کـۆتاییی سـەدەی یەکەم درێژەی کێشا.

٣- ئیدیعاکردنی نەسخکردنەوەی حەدیسەکەی سەعید کە حەدیسێکی ڕاستە کە لەلایەن بوخاری و موسلیم و لـەلایەن خاوەنانی سوننەن و مـەسنەدەکانەوە ڕیوایەت کراوە لە ڕێی ئوسوڵییەوە وا دەخـوازێ هـەندێ حـەدیسـی تر هـەبن کە لە ڕووی سـەنەدەوە هـەمان هێزی ئەو حەدیسـەیان هـەبێ، کە بەهیچ شێوەیەک نەکرێ کۆ بکرێنەوە، ئەمەیش مەحاڵە و ڕەنگە لەنێو حەدیسەکانی تایبـەت بە ڕێگەپێدانی نـووسـینەوەدا تـەنیا حـەدیسـەکەی ئـەبی شـا ڕاست بێ، ئەویش زۆر لەگـەڵ حـەدیسی قەدەخـەکردندا ناکـۆک نییـە کە بگاتـە ئاسـتی نەسـخکردنەوە، چونکە وەک پێـشـتـر وتمان ئەوە تایبـەتـی ئەبی شـا بووە و لەسـەر داوای خـۆی بووە. ڕێسـا ئوسـوڵیـیـە (سـەلەفیـەکەیش) ئەوەیە کـە بەکارهێنانی هـەردوو دەقەکە باشـترە لە خستنەلاوەی یەکێکیان. حەدیسـەکەی ئەبی سەعید ئاماژەی بۆ ڕێسا گشتییـەکە دەکرد کە کردەوەی پێغەمبـەریش تا مـردنی، هـەروەها کرداری هـاوەڵانیش تـا کـۆتاییی سـەردەمی خـۆیان پشـتـیوانـی لێ دەکات، هـەرچـی حــەدیســەکــەی ئەبی شــایە حــاڵـەتێکی تایبــەتە و هـاوشـێــوەیشی هـەیە، چونکە

قەدەخەکردنەکە بۆ هەموو جۆرە تۆمارکردنێک نەبوو، بگرە بۆ ئەو تۆمارکردنە گشتییە هەمەلایەنە بوو کە ببێتە چەند کتێبێکی تر لە تەنیشت قورئاندا، واتە دانانی سەرچاوەیەکی تری مەرجەعی سەربەخۆ شانبەشانی قورئان.

٤- هەرچی مەترسیی تێکەڵبوونی حەدیسەکانە بە قورئان، جگە لەوەی تەنیا سەپاندن و گومانە و بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێ، لە دوو رووەوە رەت دەکرێتەوە: یەکەم: کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی حەدیسەکان لە رەگەزی قورئان نین نە بنیاتە لەفزییەکەیدا کە ئیعجازی تێدایە و نە لە رووی ناوەرۆکیشیدا. ئەو قسەیە لەگەڵ بنەمای ئیعجازی رەوانبێژیی قورئاندا ناکۆکە. دووەم: زمانپاراویی ئەو نەوەیەی هاوەڵان وەک عەرەب، ئەستەمە وا دابنێین نەیانتوانیوە جیاوازی لە نێوان گوتەی ئاسمانیی موعجیزەئامێزی خوا و گوتەی مرۆڤدا بکەن ئەگەرچی خاوەنەکەیشی پێغەمبەر بووبێ. ئەمە جگە لەوەی پێغەمبەر (د.خ) خۆی سوور بووە لەسەر جیاکردنەوەی قورئان و چەند کەسێکی تایبەتی دەستنیشان کردووە بۆ نووسینەوەی وەحی، خۆیشی بەبەردەوامی چاودێریی تۆمارکردنی کردووە و تەنانەت فەرمانی دەکرد ئایەتەکان لە جێی خۆیاندا لە سوورەتەکاندا دابنرێن. ئەو پرسیارە مەنتیقییەی کە خۆی لەسەر بیرکردنەوەی سەلەفی فەرز دەکات، دوای ئەو کۆششە زۆرەی لە بواری کۆکردنەوەی لێشاوی حەدیسەکاندا بە خەرجی داوە، ئەوەیە: ئەگەر سەلما تۆمارکردنی حەدیس قەدەخەی لێ کراوە، ئەی چۆن دەست بۆ تۆمارکردن براوە؟

پێش ئەوە و لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر لانی کەم ئەوە چەسپاوە کە بە کردەوە بەلای کەمەوە تا ماوەی سەدەیەک حەدیسەکان تۆمار نەکراون بەبێ ئەوەی هیچ لە بنەماکانی ئاین کەموکوڕی تێ بکەوێ، ئاخۆ ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو پرۆسەی تۆمارکردنە بۆ بەرقەراربوونی ئاین پێویست نەبووە؟ ئەوەتا ئاین بەبێ ئەوەیش بەرقەرار بووە. ئاخۆ ناکرێ بگوترێ قورئان و سوننەی کرداری کە بە تەواتور و بەربڵاو گوێزراوەتەوە، بۆ تەواوکردنی ئیسلام بەسن.

کەواتە "سوننە" کە هاوشانی قورئانە لەوەدا گوێڕایەڵیکردنی پێویستە ئەو ریوایەتە تاکانە (ئاحاد)انە نییە کە کتێبەکانیان پڕ کردووە و لە بارودۆخێکی سیاسیی گوماناویدا تۆمار کراون، کە دەکرا ئەگەر تابیعییەکانیش لەسەر هەمان رێڕەوی هاوەڵان بڕۆیشتنایە و خۆیان لە تۆمارکردن لابدایە، قەت ئەو دەقانە رێگەیان نەکەوتایەتە نێو ئەو کتێبانەی حەدیس و لێرەشەوە بە ئێمە نەگەیشتنایە، کە بەدڵنیاییەوە هەموو دەقە راستەکانی نەگواستووەتەوە و خاڵیش نەبووە لە دەقی هەڵبەستراو. بەم پێیە دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی ئەو پرۆسەی کۆکردنەوەیە بۆ مانەوەی ئاینی ئیسلام پێویست نەبووە.

کەواتە ئەی سوننەی راستەقینە چییە کە پێویستە ئێمە پێوەی پابەند بین؟

سوننە، بەڕەهایی، برێتییە لە رێباز یاخۆ میتۆد. لە ئیسلامیشدا بریتییە لە رێبازی خوا.

ڕێبازی خوایش تەنیا لەڕێی وەحییەکی چەسپاوی گومان هەڵنەگرەوە دەبێ. وەحیی چەسپاوی گومان هەڵنەگریش لە قورئان و ئەو دەقانەی بە وردەکارییەکانیانەوە بە تەواتور لە پێغەمبەرەوە گوێزراونەتەوە تێ ناپەڕێ. ئەمە واتای ڕاستەقینەی سوننەیە.

پێغەمبەر (د.خ)، وەک لە قورئان و سیرەدا فێری بووین، بەپێی ڕێبازی قورئان ژیاوە، حەڵاڵی قورئانی حەڵاڵ و حەرامی حەرام کردووە و قەت لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە. لەبەرئەوەی ئەو چوارچێوەیەش، بە حوکمی ئەرک و پەیامە تاهەتاییەکەی، گشتی و بگرە زێدە گشتی و کراوە بووە، دەتوانێ ڕووبەڕووی پەرەسەندنی بەردەوامی بزاوتی ژیان و مرۆڤ ببێتەوە. هەرچی کردەوەکانی پێغەمبەرە لەو ڕووەوە دوو جۆر بوون: یەکەم: ئەو کردارانەی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە گشتییەکانی قورئان پێویست بوون، وەک خوا دەفەرمووێ (واقیموا الصلاة واتوا الزکاة) کە قورئان بەشێوەیەکی گشتی باسی کردووە و پێغەمبەر بە کردەوە وردی کردوونەتەوە وەک دەڵێ "نوێژ بکەن وەک چۆن منتان بینی نوێژ دەکەم"، "سووتەکان (مناسک)تان لە منەوە وەرگرن"، ئەو کردار و گوفتارانە بۆ ئاین پێویستن و لە ڕێی تەواتوری بەربڵاوەوە گوێزراونەتەوە هەروەک قورئان، لێرەشەوە وەک وەحییەکی گومان هەڵنەگر وایە. واتە بەبێ ئەملا و ئەولا بەشێکە لە "سوننە".

هەرچی جۆری دووەمی کردار و گوفتارەکانی پێغەمبەرە کە بە ڕێگەی تەواتوری بەربڵاو بە خەڵک نەگەیشتووە، ئەوە هیچ مۆڤێکی ژیر ناتوانێ بیخاتە ناو بازنەی "ئەو وەحییەی کە گومان هەڵنەگرە". لێرەشەوە ئەو جۆرە بۆ دامەزاندنی ئاین پێویست نییە، بەڵگەیش ئەوەیە کە پێغەمبەر کە لەلایەن خواوە فەرمانی پێ کراوە پەیامەکەی بگەیەنێ لە خەمی ئەوەدا نەبووە بەشێوەیەکی گومان هەڵنەگر بگاتە هەموو خەڵک. موسڵمانان ماوەیەکی مێژوویی ژیاون (درێژاییی سەردەمی هاوەڵان و ماوەیەک لە سەردەمی تابعین) بەبێ ئەوەی ئەو وردەکارییانەی کردار و گوفتارەکان لەنێو دووتوێی کتێبەکاندا لە بەردەستی خەڵک بووبن. موسڵمان لەو سەردەمەدا ڕاستەوخۆ دەگەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەی کردارییی موتەواتیر کە وەک قورئان لەلایان سەلماو بوو. ئەوەیش بازنەیەکی فراوانی بۆ ئیجتیهادکردن و عەقڵکاری بۆ دەستەبەر کردبوون لەبارەی ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی بزاوتی ژیان بەسەریانیدا دەسەپاند. ئەو حاڵەتەیش بە بڕیاری خوای زانا بووە کە ویستویەتی بازنەی ڕێپێدان (موباح) بنەما گشتییەکە بێ و بازنەی پابەندکردن نائاسایی و سنوردار بێ، تا ئاین بە ژیان و ژیان بە ئاین ئاوێزان بێ، ئاوێزانبوونێک کە ئیسلام ویستویەتی. چەندە "دەق"ەکانیش کەم بن بازنەی ڕێپێدراو فراوانتر دەبێ و چەندە دەقەکانیش زۆر بن ئەو بازنەیە بەرتەسک دەبێتەوە. پێغەمبەر بەشێوەیەکی هەڵکەوتووانە ئەم واتایەی دەربڕیوە کاتێ دەفەرمووێ "گەورەترین تاوانێک موسڵمانێک بەرامبەر موسڵمانان بیکاتە ئەوەیە پرسیاری لێ بکەن لەبارەی شتێکەوە کە حەرام نەکراوە، بەڵام ئەو لەبەر مەبەستێکی خۆی لەسەریان حەرام بکات"[٢٣]. پێغەمبەر، وەک بەڕاستی لێوەی گێڕدراوەتەوە، ڕقی لە زۆر پرسیارکردن بووە و هانی

کەم پرسیارکردنی داوە، ئەویش لە ترسی ئەوەی دەقەکان زۆر بن و ئاین لەسەر خەڵک توند و گران ببێ، چونکە بەهۆی زۆربوونی دەقەکانەوە بازنەی ڕێپێدراو بەرتەسک دەبێتەوە.

بەڵام ئەوە کە ئەم جۆرەی دوایی لە گوفتار و کردارەکان زەرور نین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان و تێگەیشتنی ئاین بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام دەکرێ ئەو دەقانە لە زۆر حاڵەت و بەپێی هەندێ مەرجی دیاریکراو، "بەکەڵک" بن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان و تێگەیشتنی ئاین بەشێوەیەکی گشتی. جیاوازیش ڕۆشنە لە نێوان زەروری پێویست و بەکەڵکی بەسوود، چونکە هەموو زەرورێک بەکەڵکە و مەرج نییە هەموو بەکەڵکێک زەرور بێ. زەرور ئەوەیە لای خواری ئاین بەبێ ئەو تەواو نابێ، لێرەشەوەیە لە پێناو گەیشتنیدا بەخەڵک بەتەواوی، لە یەکەم ساتەوە تۆمار کراوە، بەڵام "بەکەڵک" سروشتێکی تەواوکارانەی هەیە، بەشێوەیەک دەکرێ دەستبەرداری ببین، هەروەک دەکرێ کەڵکی لێ وەربگرین. بێگومان "دەقەکانی پێغەمبەر (د.خ)" کە لە ڕێی ئاحادەوە هاتوون (کە بەگشتی هەموو ئەم گوفتار و کردارانەی دوایی دەگرێتەوە)، بە ڕەچاوکردنی ملکەچبوونیان بۆ باڵادەستیی قورئان و موتەواتیر نێزیکترین ئامرازە کە دەکرێ پەنای بۆ ببرێ بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی خوای گەورەی دابەزێنەری وەحی.

لێرەوە باسکردنی ئێمە لە "نازەروربوون"ی هەواڵەکانی ئاحاد بۆ دامەزراندنی لای خواری ئاین، دەبێ لە چوارچێوەی جیاوازیکردن لە نێوان "زەرور" و "بەکەڵک"دا سەیر بکرێ، نەک لە چوارچێوەی جیاوازیکردن لە نێوان "هەموو قبووڵکراو" و "هەموو ڕەتکراوە"دا، چونکە هەندێ ریوایەتی ئاحاد دەکرێ بەپێی ئەم دوو مەرجەی خوارەوە پەسەند بکرێن:

یەکەم: سەلماندنی راستیی هەواڵەکە بەپێی پێوەرەکانی میتۆدی ڕەخنەگرانەی مێژوویی هەمەگیر، کە ئەو میتۆدە میتۆدی فەرموودەناسیی کلاسیکی، کە مۆرکێکی ئیسنادی هەیە، تێ دەپەڕێنێ و دەگاتە ئاسۆگەلێکی فراوانتر کە پشت بە هەڵسەنگاندنی دەق "مەتن"ی ریوایەتەکە لە ڕوانگەی قورئان و مێژوو و عەقڵی هەمەکییەوە دەبەستێ.

دووەم: ملکەچبوونی دەقەکە، دوای سەلمانی راستییەکەی بەپێی ئەم میتۆدە، بۆ باڵادەستیی بڕیار (حوکم)ە قورئانییەکان، کە بنەما و ریشە گومان هەڵنەگرەکانی ئاین پێک دێنێ.

کەواتە پوختەی قسەکانی ئێمە ڕەتکردنەوەی "سوننە" نییە بەگشتی، وەک کە ڕەنگە هەندێ کەسی راڕا و لەرزۆک تێی بگەن، بگرە لە راستیدا دوورخستنەوەی ئەو شتانەیە لە سوننە کە لەو نین. لەم لێکۆڵینەوەیەشدا بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆمان سەلما کە مێژوو، بەتایبەت مێژووی سیاسی، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە قەبەکردنی کۆتا دەقی سوننەدا کە ئێستە لە بەردەستە. واتە هەندێ دەقی تێ خزێنراوە کە لەو نین.

پەراوێزەکان

(١) لێرەدا مەبەست باسکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بە حاکم و مەحکوومە. ئەگینا ڕێسا گشتییەکاکی کیتاب و سوننە ئاماژە بە دیسپلینەکانی پرۆسەی دەسەڵات دەکەن، بەڵام ئەوانیش وەک بنەمای "ڕاوێژ" گشتییە نەک وردەکاری لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە وەک دیسپلینی "دادپەروەری" گشتییە نەک تایبەت بە حاکم و حکوومەت.

(٢) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی حەدیس نەک فەرمووده بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرمووده لەنێو موسڵمانانداندا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ، لە کاتێکدا هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە ڕووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرمووده، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەک بوترێ (حديث). (وەرگێڕ)

(٣) بڕوانە (الاغانی) ١٦/٨٨.

(٤) هەمان سەرچاوە ١٢/٥٥.

(٥) حەدیسەکان لە ڕووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەک لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە ڕێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەک ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان..).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد، کۆی (احد)ە بەواتای یەک، هەواڵی یەک کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەک کەس گێڕاویەتییەوە. لە ڕووی زاراوەییشەوە، وەک ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ک مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێک لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە ڕاستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هی ڕاست و لاوازی تێدایە.

وا باوە حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: ڕاست (صحیح)، باش (حسن) و لاواز (ضعیف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش ڕاست و لاواز بوون، بەڵام تەرمزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

(٦) بڕوانە سەحیحی موسلیم بە شەرحی نەوەوی بەرگی ١٨.

(٧) بڕوانە: الخطیب البغدادي – تقیید العلم– تحقیق د. یوسف العش–دمشق ١٩٤٩، ٣٢ل–٣٣.

(٨) تقييد العلم، پێشوو لا٣٤.

(٩) الذهبي، تذكرة الحفاظ – طبعة الهند ١٣٣٣ه–ج١ص ٣.

(١٠) ابن عبد البر–جامع بيان العلم و فضلة–المطبعة المنبرية، ج١ ص٦٤–٦٥.

(١١) ابن سعد– الطبقات–ط ليدن ج٥ ص١٤٠.

(١٢) بيان جامع العلم وفضلة، ج١، ص٦٤ و دواتر.

(١٣) البداية والنهاية ح٨، ص ١٠٧.

(١٤) ئیبن عەساكیر و ئبن ئیسحاق ریوایەتیان كردووە.

(١٥) (الذهبي) لە (تذكرة الحفاظ)دا باسی كردووە لە شوعبەوە، لە سەعیدی كوڕی ئیبراهیم، ئەویش لە باوكییەوە. هەروەها سەیری (العواصم من القواصم)ە ئەبوبەكری بن عەرەبی بكە، كە لەمیانی بەرگریكردنی لە عوسمانی كوڕی عەفاندا دەڵێ "دەگێڕنەوە عومەری كوڕی خەتاب رەزای خوای لێ بێ عەبدوڵای كوڕی مەسعوودی لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوەڵاندا بۆ ماوەی ساڵێک بەند كرد تا شەهید بوو عوسمان ئازادی كردن. هۆی بەندكردنەكەیشیان ئەوە بوو حەدیسی زۆریان لە زاری پێغەمبەری خواوە دەگێڕایەوە.

(١٦) ئیبن عەساكر لە حەدیسی سائیبی كوڕی یەزیدەوە هێناویەتی.

(١٧) ئیبن ئەبی خالد گوتی قەیس گێڕایەوە كە ئەبوهورەیرە گوتوویەتی سێ ساڵ هاوەڵیی پێغەمبەرم كرد. ئەگەر ئەو ماوەیەی لێ دەربكەین كە ئەبوهورەیرەی تێدا نێردراوە بۆ بەحرێن و مەكە كە لە ساڵێک زیاتر بووە، ئەوە ماوەی هاوەڵیكردنەكەی لە دوو ساڵ زیاتر نابێ. بەهەرحاڵ ئەبوهورەیرە لە كاتی فەتحی خەیبەردا موسڵمان بووە كە چوار ساڵ پێش مردنی پێغەمبەر بووە.

(١٨) بڕوانە: فتح الباری بشرح صحیح البخاری ج ١. هەروەها صحیح مسلم بشرح نووی ج ٣.

(١٩) وەک حەدیسی بەناوبانگی عومەری كوڕی حەزم لە خێرات و فەریوەكاندا. بڕوانە: بیان العلم و فضله ج١ لا٧١.

(٢٠) بڕوانە صحيح البخاري – باب اللقطة، هەروەها فتح الباری ج١، مەسنەدی ئەحمەد ج١٢ جامع بيان العلم ج١ لا ٧٠. تقييد العلم لا ٨٦.

(٢١) مەسنەدی ئەحمەد، تحقيق احمد شاكر – دار المعارف– ج١٢–لا, ٢٣٥

(٢٢) بڕوانە: تقييد العلم لا ٦٩. جامع بيان العلم ج١ لا ٧٢ كۆواری المنار ج١٠ لا٧٦٣ و دواتر كە رەشید رەزا لە لێكۆڵینەوەیەكی بەنرخدا هەموو ئەو حەدیسانە دێنێ كە مۆڵەتدان بە نووسینەوە نیشان دەدەن.

(٢٣) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، بڕوانە ابن حزم _المحلی– لا٦٤.

سەرچاوە: كتێبی: السلطة في الاسلام، عبدالجواد ياسين لا٢٣٥–٢٤٧.

# ئێران و شۆڕش
## لە جیهانی عەرەبیدا

چارلۆتە ڤایسمان، ئولریش لادورنە

**بۆچی میسرییەکان توانییان ڕژێمەکەیان بڕووخێنن،**

**بەڵام لە ئێران هەر لە سەرەتاوە نارەزاییەکان سەرنەکەوتن؟**

ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەسەر شانۆی سیاسی کشایە دواوە. دووشەممەی پێشوو، هەرچەندە خۆپێشاندان قەدەغە کرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران کەس لە تاران و شارەکانی تر ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بە خۆپێشاندان کرد. لێ ژمارەی خۆپیشاندەران لە چاو خۆپیشاندەرانی قاهیرەدا کەمتر دیارە. لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، لە ئێران هەر کەسێک بڕیار بدا بەشداریی خۆپێشاندان بکات، دەبێت کاتێک هاتە دەرەوە خواحافیزی لە ماڵ و خێزانی خۆی بکات، چونکە هیچ دیار نییە ئاخۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە ماڵەوە یان نەء؟ چونکە هەر کەسێک بەشداریی خۆپێشاندان بکات چارەنووسی نادیارە، یان بێ سەروشوێن دەکرێت، یان دەخرێتە زیندان و ئەشکەنجە دەدرێت.

لێ ئەم هەلومەرجە نوێیە دەتوانێت باشترین خزمەتی (بزاڤی سەوز) بکات، کە پێش ٢٠ مانگ لەمەوپێش دەستی پێ کرد. ئەم هەلومەرجە دەتوانێت وەکو فریادڕەسێک بێت بۆ ئەو بزاڤە. ئەو هەستی ترس، توندوتیژی و گیران و دێوەزمەی دەسەڵات، دەتوانێت لەناو مێشکی خەڵکیدا نەهێڵێت. ئەمڕۆ خەڵکی جارێکی تر دەتوانن خەون بە هەوایەکی باشی ئازادییەوە ببینن.

(وڵاتی میسر ئازاد بوو) ئا بەم شێوەیە وتەبێژی حکوومەتی ئێران، خۆشیی خۆیان ڕاگەیاند،

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کـاتێک هەواڵی وازهێنانی مـوبارەک و رووخـانی ڕژێمـەکـەی بڵاو بووەوە. دیارە ئێـران ڕێژیمی موبارەک بە دوژمنی خۆی دادەنا، چونکە یەکێک بوو لە دۆستەکانی رۆئاوا. ئێران دژی میتۆدی ڕژێمی موبارەک نەبوون، بەڵکە دژی دۆستایەتیی موبارەک و رۆئاوا بوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە میدیاکانی خۆیدا بەتایبەت تیڤییەکانی، هەواڵی خۆپێشاندان و پێکدادانە خوێناوییەکانی شەقامی عەرەبی بڵاو ناکاتەوە، دیارە ئەوەش لە ترسی خۆیان.

### ئاخۆ ئێرانییەکان خۆیان لە جیهانی عەرەبی جیا دەکەنەوە؟

بە دڵنیاییەوە نەخێر. لە ئێران هەموو شتێک دەستی پێ کردووە: خەڵک گیانی ڕاپەڕینی تێدایە، گەنجان زۆر تینووی ئازادین، ئینتەرنێت رۆژ بە رۆژ ڕۆڵی زیاتر دەبێت. ئەوەی لای میسرییەکان تازەیە، لەلایەن ئێرانییەکان دەمێکە بوونی هەیە: خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی، کە لە رۆئاوا جێگەی ڕێز و شانازی بووە. لە هاوینی ٢٠٠٩ کاتێک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ساختە کرا،



گەورەترین خۆپێشـاندان لە تاران سـاز کرا، ئەمـەش لـە رۆئاوا وەکو نیـشـانەیەکی ئاگەداری بۆ ڕووخانـی ڕێژیمی ئێران لە قـەڵەم درا. ئۆپۆزسیـۆنی ئێرانی وێنەیەکی تەواو جیاوازمـان پێ پێشان دەدات، کە زۆر دوورە لەو وێنەیەی کە ئیسلام لامان هەیەتی. لە بزاڤی نارەزاییەکاندا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان دەگـێـڕا، گـەنجی شـیک، جلوبەرگ و پۆشـاکی رۆئاوایـیـان دەپۆشی. ئەمـەش بۆ رۆئاواییـیـەکـان لە ڕووی ئەسـتـاتیکیـیـەوە (جـوانسـازی)یەوە بە پێـشـبـینیـیـەکی باش دانرا بۆ سەرکەوتنی خۆپێشاندانەکانی ئێران.

جێگەی ئاماژەیە لە ئەنجامی نارەزاییـەکان و (بزاڤـی سەوز)، خـەڵکانێکی زۆر بوونە قـوربانی. خـەڵکانێکی زۆر خرانە زیندانەوە و سـزای زیندانیکردنی هەتاهەتاییـیان یان سـزای لەداردانیـان بەسـەر خـەڵکانێکی تـردا سـەپاند. خـەڵکانێکی زۆریش بە ناچاری ڕێگای دەرەوەیان گـرتە بەر و هەموو شـتێکی خـۆیان بەجێ هێشت. دیارە ئا بەم شـێوەیەی ئێران، لە مەیدانی ئازادیی قـاهیرەدا (سـاحـة تحـریر)، خـۆپـێـشـانـدەران تووشی سـزای لەو جـۆرە نـەبوون. بەڵام لێـرەدا ڕووبەڕووی پرسـیـارێکی گەورە و گرینـگ دەبینەوە، ئەویش ئـەوەیە بۆچی کاتێک بە ملیۆنان کەس لە هاوینی سـاڵی ٢٠٠٩دا، خـۆپێشاندانیان دژی ئەحمـەدی نەژاد کـرد و، ئامـانجیان ئەوە بـوو کە ئەحمـەدی نەژاد نەبێتەوە بەسـەرۆک، بەڵام ئەم بزاڤـە دیموکراتییـەی ئێرانییـەکان سـەری نەگرت و ئەحمـەدی نەژادیش چوار سـاڵی تریش بـووەوە بەسـەرۆک و سـیاسـەتی خـۆی لە ئێران و نـاوچەی رۆهـەڵاتی ناڤین سەپاند؟.

لە ئێران کۆمەڵێک فاکتەری گرینگ هەن، کە دەتوانن نائارامیی گەورە بۆ ڕژێم دروست بکەن:

چالاکیی بزاڤە تیرۆریستییەکانی کەمـەنەتەوەکـانی ئێران، شـەڕی مادە هۆشـبەرەکان (تلیاک و حـەشـیش و هـیرۆین)، لە هـەمـان کـاتیـشـدا بڵاوبوونەوە و بازرگانیکردن بەو مـادە هۆشـبـەرانەوە، بێکارییـەکی زۆر، هەڵئـاوسـانـی دارایی. لەگەڵ ئـەوەشـدا حکوومـەتەکەی ئـەحـمـەدی نەژاد، توانی سـیاسـەتی پاشـەکەوتکردن بسـەپێنێت، کە بـوو بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شـتـومـەکەکان. بەڵام ئەحمەدی نەژاد توانیشی بمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە خەڵکی لە سیاسـەتی حکوومەت هێندە ناڕازی و توورە بن، بەڵام بـۆچی ئۆپۆزسـیـۆنـی ئێرانی سـوود لەم بـارە کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـیـیـەی ئێران وەرناگرێت؟.

دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، سێ فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان هەیە.

١- ڕۆڵی ئاین

لەناو خـۆپێشـاندەرانی مـەیدانی تەحریری قـاهیـرەدا، هەزاران کـەس ریزی نـوێژیان دەبەست و نوێژیان دەکـرد، ئەم وێنـەیە لە خـۆپیشـاندانەکـانی تاراندا بوونی نەبوو. لە ئێران ئاین لە ڕێگەی دەزگاکـانی دەوڵەتەوە، زۆر بە قـووڵی چووەتە ناو کـۆمـەڵگەوە. تەنانـەت چووەتە ناو ژیانی تایبـەتی هەمـوو تاکـێکی کۆمـەڵگەشـەوە. لە کـاتی ڕووخـانی رژێمی شـادا، خـەڵکی (الله اکبـر) گەورەترین

دروشمی خۆپێشاندانەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنیش دەتوانێت هەمان چەک بەکار بهێنێت. بەڵام ئاخۆ سەرکەوتوو دەبێت؟

ئێرانییەکی موسڵمان لە کاتی شۆڕشی ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لە ڕێگەی باوەڕێکی ئاینییەوە خۆی دەپاراست. هەر هەمان ئەو باوەڕەش بوو، کە هانی موسڵمانێکی میسریی دا کە ساڵی ٢٠١١ شۆڕش لە دژی ڕژێمی موبارەک بکات و بیڕووخێنێ. ئەو باوەڕەش بوو کە: خوا و ئیسلام پشتی خۆپێشاندەرانن و بەهانایانەوە دێت. بیری ئاینی بوو بەوزەی گەورەی شۆڕش. ئەم وزە شۆڕشگێڕییەش (واتە وزەی ئاینی) مانای ئەوە نادات، کە ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە، بزاڤێکی ئیسلامیی توندڕۆیانە لەخۆ دەگرێت، یان دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست دەکات، بەڵکە ئەمە زیاتر پێوەستە بە باری ڕۆحیی کەسەکانەوە.

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی میسردا، خەڵکی لە مزگەوتەکانەوە دەڕژانە ناو خۆپێشاندان و مەیدانی تەحریر. هەموویان کاتێک پێش ئەوەی بچنە مەیدانی تەحریر، قوورئانێکیان لە دەست دابوو. واتە قورئان و مزگەوت ڕۆڵی سەرەکییان لەم ڕاپەڕینەدا بینی. لێ لە تونس دیمەنەکە جۆرێکی تر بوو، دیارە ئەوەش بە حوکمی ئەوەی کە شۆڕشەکەی تونس، قاڵبێکی مەدەنیی بەخۆوە گرتبوو، کە زیاتر خەڵکانی چینی ناوەڕاست سەرکردایەتییان دەکرد. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نادات، کە تونسییەکان بێ باوەڕن و باوەڕیان بە ڕۆڵی ئیسلام نییە.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێوەندیی خەڵکی لەگەڵ ئاین زۆر ئاڵۆز کراوە. ئەوان دەبێت ئیسلامبوونی خۆیان لە بەرامبەر دەزگاکانی دەوڵەتدا ڕابگەیەنن. خاتوو شیرین عەبادی، کە پارێزەر و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤە (هەڵگری خەڵاتی نۆبڵیشە بۆ ئاشتی. وەرگێڕ) دەڵێت:

(ڕووخاندنی سیستەمێک، کە خۆی بە دەوڵەتێکی ئاینی دەزانێت، زۆر زەحمەتە. پێوستی بەخۆئامادەکردنی شەخسیی زۆر دەبێت، بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتدارانی ئاینی لەسەر زەوی خەبات بکەیت.)

بۆ خەڵکی ئێران زۆر زەحمەتە خەبات دژی رژێمێک بکەیت، کە ئاینی کردووەتە سەرچاوەی رەسمیی حکوومەتەکەی. هەر لەبەر ئەوە لەو شوێنانەی کە ئیسلامی سیاسیی تێدا بەهێزە، کاری سیاسی بۆ ئۆپۆزسیۆنەکان زەحمەتە. لە جەزائیر ئیسلامییەکان بە تیرۆر خەڵکی دەترسێنن، لە ئێرانیش بەهۆی دەوڵەت و دەزگاکانیەوە خۆیان سەپاندووە.

٢- بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر

بزاڤی سەوز لە ئێران، بەپلەی یەکەم کاری سیاسیی خۆی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەکات و بەم شێوەیەش بەردەوامیی بە ژیانی خۆی دەدات. لێ هەڵمەتی ناڕەزاییەکان و خۆپێشاندەران لە میسر، توانییان بگەنە بۆچوونی سیاسیی تایبەت بە خۆیان: ئەویش ئەوەیە ئەم بۆچوونە سیاسییانە تەنیا لە ڕێگەی بەشداربوونی جەماوەرێکی زۆرەوە دەتوانرێت پراکتیزە بکرێت و



ڕژێمەکان بگۆڕێن. بەواتایەکی تر گۆڕانکاری کاتێک دروست دەبێت، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە تێیدا بەشدار بێت. بۆ ماوەیەکی زۆر لە میسر گرووپەکانی مافی مرۆڤ و گرووپە سۆسیالیست و کرێکارییەکان لە دوو بواری دژ و جیاواز لە یەکتری کاریان دەکرد. چینی ناوەڕاستی میسری زیاتر خۆیان لەناو گرووپەکانی مافی مرۆڤ دەبینییەوە. لێ کرێکاران و جووتیاران، زیاتر خۆیان لەناو گرووپە سۆسیالیست و سەندیکا کرێکارییەکان دەبینییەوە. ئەمان خەباتیان دژی ئەو ناعەدالەتییە بوو کە سیستەمی نیولیبرالیزم و بازاڕی ئازاد دروستی کردبوو. بەڵام گرووپەکانی مافی مرۆڤ زیاتر کاریان دەکرد، کە سیستەمێکی لیبراڵ و ئازاد دروست بکەن. لێ هەردوو گرووپی فەیسبوک، کە خەڵکیان مۆبۆلیزە دەکرد و هانی خۆپێشاندانی خەڵکیان دەدا لە دژی ڕژێمی موبارەک، ناوی خۆیان نابوو (گرووپی ٦ ئەپریل). لەم ڕۆژەدا لە ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری مەحەلە کرێکارانی ڕستن و چنین، گەورەترین خۆپێشاندانیان ساز کرد.

جێگەی ئاماژەیە لەم خۆپێشاندانەی دواییشدا، شاری مەحەلە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا. پاشان سەندیکای کرێکاران لە شاری سوێس داوای مانگرتنی سەرتاسەری کرێکارانیان کرد. هەموو هێڵی ئاسنینی میسر لە کار کەوت. گەر هەموو ئەمانە نەبوونایە، بە دڵنیاییەوە ڕژێمی موبارەک نەدەڕووخا. هەموو ئەم گرووپانە پێکەوە توانییان ئامانجێکی هاوبەش پێک بهێنن و خەباتی بۆ بکەن، بێ ئەوەی ململانێ لەسەر سەرکردایەتی بکەن یان کەسێک بکەنە سەرۆکی خۆیان. بەواتایەکی تر زیاتر ئامانج کاری هاوبەش بوو. ئەویش ڕووخاندنی ڕژێمی موبارەک بوو.

دیارە لە ئێرانیش کرێکاران خەباتی خۆیان دەکەن. بەبەردەوامی مانگرتنی کرێکاران لەناو کارگەکانی ئێران هەیە، مانگرتن و خەباتی ڕۆژانە بۆ باشکردنی مووچەی مانگانە، شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و سوپای ئێران ڕووی داوە. هەموو ئەمانە لە ئێران هەیە. جگە

لەوەش چەندان سەندیکای کرێکاریی سەربەخۆش بەشێوەیەکی نهێنی دروست بوون، کە کار بۆ بەرگریکردن لە مافی کرێکاران دەکەن.

(نیگەرانییەکانی ئێوە، نیگەرانیی ئێمەشە) ئا بەم شێوەیە میر حوسێن مووسەوی هاوخەباتیی خۆی بۆ کرێکاران دووپات کردەوە. بەهەموو شێوەیەک ئۆپۆزسیۆن هەوڵ دەدات، هەموو چالاکییەکانی بواری کرێکاران و خەبات بۆ عەدالەتیی کۆمەڵایەتی، بۆ لای خۆ ڕابکێشێت و بیانخاتە ناو بزاڤەکەیەوە، لێ لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نابن. مووسەوی کە پێشتر خۆی بۆ پۆستی سەرکۆمار کاندید کرد و پێشتریش سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو، ئەو دەیەوێت بە شێوەیەکی هێمنانە و لەسەرەخۆ لە سیستەمی ئێرانیدا ریفۆرم بکات. (بمرێ دیکتاتۆری) ئا بەم شێوەیە مووسەوی هاوار دەکات، دیارە لێرەدا مەبەستی (عەلی خامەنەیی) باڵادەستترین کەسی کۆماری ئیسلامییە. بەم شێوەیەش بەرەو شەخسیکردنی سیستەمەکە هەنگاو دەنێن. ئێرانییەکان جگە لە زنجیرەکانی دەستیان هیچیان نییە تا لە دەستی بدەن لێ بەشێکی زۆری ئێرانییەکان بەشێوەیەکی تر بیر دەکەنەوە. ئەمڕۆ وڵاتەکەیان لە باشترین حاڵەتی سەربەخۆبووندایە، وە ئەم حاڵەتەش لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی پێشوودا ئێران بە خۆیەوەی نەدیوە. هەموو ئێرانییەکانیش دڵخۆشن بەم سەربەخۆبوونەی وڵاتەکەیان. بەشێکی زۆری چینی ناوەڕاستی ئێرانی، ترسیان لە لەدەستدانی هەندێک دەستکەوتی خۆیانە، لێ ئەم ترسە لای میسرییە هەژارەکان نەبوو. بەدڵنیاییەوە چینی دەوڵەمەندی ئێرانیش حەز بەگۆڕان لە سیستەمی ئێرانی دەکەن، لێ ئەوان هیچ کاتێک حەزیان بە موجازەفەکردن نییە. ئەمڕۆ ئێران خۆی لە نێوان دوو لێواردا دەبینێتەوە. لەلایەک حەزی گۆڕان و نوێبوونەوە، لەلایەکی تریشەوە ترس لە شۆڕش و باری نائارامی.

٣- بازنەی کاری سیاسیی ئێران

هەر کاتێک ئەحمەدی نەژاد کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ببەستێت، یەکسەر ڕۆژنامەوانانی چینی، ڕووسیایی، عەرەبی، سەنترالْ ئاسیاوی (تورکمانستان، کازاخستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، ئەرمەنستان) تورکی ئامادە دەبن. ئێران و ڕۆئاوا، ئەمە دوو وێنەی دژ بەیەکن. موبارەک و ڕۆئاوا، هەردووکیان یەکن. موبارەک زیاتر سەر بە ڕۆئاوا بوو. لێ ئێران و ڕۆئاوا دوو دوژمنی یەکترین. لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرینگ و هەستیار دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە:

ئاخۆ کەسانی چالاکوانی مافی مرۆڤ و دیموکراتخواز، دەتوانن پشت بە حکوومەتەکانی ڕۆئاوا ببەستن و یارمەتی وەرگرن، یان دەبێت ئەم بزاڤانە تەنیا و تەنیا پشت بەخەڵکی خۆیان ببەستن؟.

ئەگەر بێتو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پشتگیری و یارمەتی لە ڕۆئاوا وەربگرێت، ئەوا زۆر بەئاسانی لە ناوەخۆدا وەکو تابووری پێنجەم و پیاوی بێگانە وەسف دەکرێن. لێ لە هەمان کاتیشدا ڕۆئاوا دووڕوویییەکی پێوە دیارە. لە کاتێکدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆن بە ترسەوە باسی ئۆپۆزسیۆنی میسریی دەکرد، لێ بەهەموو شێوەیەک پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی

دەکـات، تەنـانەت سـایتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمـەریکا، لـەسـەر سـایتی تیـوتەر twittertی خـۆی بەشێکی بەزمانی فارسی کردووەتەوە بۆ پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی.

ئێمە هەتاوەکو ئێستا زانیارییـەکی تەواومـان لەبارەی لایەنگران و هەوادارانی ڕژێمی ئێرانەوە نییە. بەدڵنیاییەوە ڕژێمی ئێرانی لەمەشدا ساختـەکاری دەکات و دیار نییـە چەندە ئەم حکوومەتە لەلایەن خـەڵکییـەوە پەسندە. لە هـەمـان کـاتیشدا نابێت بەو قسـە پووچە هەڵبخـەڵەتێین، کە لەگەڵ ڕووخانی هـەردوو سـەرۆکی (تونسی و میسری) سەری هەڵدا و ئەمە بەڕابوونی ئیسلامی دابنێین و بە لەدەستدانی ڕۆڵی ڕۆئاوا لـە ناوچەکە سەیری بکەین. بگرە بەپێچـەوانەوە دەبێت ئەم شۆڕشانە و ڕووخانی ئەو دوو دیکتاتۆرە، ورەیەکی زۆر بەهێـز بەئۆپۆزسیـۆنی ئێرانی بدات و جارێکی تر خۆی ڕێک بخات و ئامادە بکاتەوە بۆ شۆڕش.

## ئێران بە هێمنی فیرعەون فڕێ دەدا

هـەر کـاتێک گـەل بڕیاری ڕاپەڕین و شـۆڕشی دا، هـەمـوو ڕژێمـێکی ئۆتۆریتـێت و دیکتـاتۆر ژیانی نامێنێ و دەڕووخێ. لێ لەو باوەڕەدا نیم کە ئـەم حاڵـەتە لە ئێران ڕوو بدا، بەتایبـەت لەم ڕۆژانەدا، لە کاتێکدا کە هـەمـوو جیـهـانی عـەرەبی خۆی لەنـاو ڕاپەڕین و شـۆڕشـێکی گـەورەی جـەمـاوەریدا دەبینێتـەوە. سـەرەتـا بن عەلی دیکتاتۆری تونس، بوو بەیەکەم قوربانی، پـاشـان حـوسنی مـوبارەک (فیـرعەونەکـەی میسـر)، بوو بەدووەمین دیکتاتۆر کە لەسەر عـەرشی دەسـەڵات لابرا. لێ ڕژێمـەکەی تاران، هیـچ ترسی لەم ڕووداوانەی ئەم ناوچەیە نییە.

عەلی خـامەنەیی کە بەرزترین پلەی دەسـەڵاتداری وڵاتی ئێرانی هـەیە، ئەم شۆڕشـە عەرەبییـانەی بە (ڕابوونی ئیسلامی) وەسف کرد. لە ڕوانگەی عەلی خامـەنەییەوە، ئەم شۆڕشانە وەکو شۆڕشی سـاڵی ١٩٧٩ی ئێران وەسف کرا. ئـەمـە پارادۆکسـێکی زۆر سـەیر و تەفسـیـرێکی سیـاسـیی زۆر دژوارە، لە کـــاتێکدا ڕژێمی ئێـــرانی، ســـاڵی ٢٠٠٩، بەدڕندەترین شـــێـــوە خـــۆپێـــشـــاندان و ناڕەزاییـیـەکانی خـەڵکی سـەرکوت کرد، کـەچی داوای ڕابوونی ئیـسـلامی دەکـات، بەڵام ئەوان دژی ڕابوونی گەلی ئێرانن !.

هـەرچەندە ئەم تەفسیرە سیـاسـییەی خـامەنەیی بۆ شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیـهانـی عەرەبی، لە ڕووی لۆجیکییـەوە کەمێک ڕاسـتن. بە دڵنیاییەوە ئەو حکوومـەتەی کە لە پاش موبارەک دێت، زۆرتر ئاینیـخواز و ئیـسلامی دەبێت و ئەم حکوومـەتەش زۆر لە تارانەوە نزیکترە تا ڕژێمە ئۆتۆکراتەکەی پێشوو.

بەدڵنیـاییـەوە ئەو حکوومەتە عـەرەبییـانەی کە ئەم شۆڕشـانە لە پاش خۆیان دەیانهێنێ، زۆر لە حکوومەتەکانی پێش خۆیان دژی دەوڵەتی ئیسرائیل دەبن و ئەمەش لە خزمەتی بەرژەوەندییـەکانی ڕژێمەکەی تارانە، کە گەورەترین دوژمنی دەوڵەتی ئیسرائیلە.

بەگشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ناوچەکەدا پێوەندیی زۆر باش و هێمنی زیاتر لەگەڵ ئەو حکوومەتە دیموکراتییانە هەیە، هەتا لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆر و ئۆتۆکراتەکانی ناوچەکە. لەو کاتەوەی کە لە تورکیا پارتی گەشەپێدانی ئیسلامی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، ئێران و تورکیا باشترین و بەهێزترین پێوەندییان هەیە، کە لە مێژووی نێوانیان بەو شێوەیەی ئێستا پێوەندییان بەهێز نەبووە. هەروەها لە عێراقیش لەو کاتەوەی کە حکوومەتی عێراقی لەلایەن حزبە ئیسلامییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق زۆر بەهێز و پتەو بووە. ئێران زیاتر لەو ڕژێمە دیکتاتۆرییانەی ناوچەکە دەترسا، بەپێچەوانەوە پێوەندیی زۆر باشی لەگەڵ حکوومەتە دیمۆکراتەکانی ناوچەکە هەیە. گەر سەیری ئەو بەڵگەنامانە بکەین کە سایتی ویکیلیکس (Wikileaks) لە ماوەی پێشوودا بڵاوی کردەوە، تێیدا هاتووە، کە مەلیکی سعوودیە (ملك عبدالله بن عبدالعزيز آل السعود)، ڕژێمی ئێرانی بە (مار) شوبهاندبوو و بەهۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکانی دانابوو. هەر بۆیە داوای (سەربڕین)ی ئەو مارەی کردبوو. واتە ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران. لێ لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ، گوێمان لەم بۆچوونانە نابێت. بگرە بەپێچەوانەوە لە کاتی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێراندا، ئەو پشتی لە واشنتۆن کرد و لەگەڵ ئێران قسەی کرد. بەم شێوەیەش دژی سیاسەتی (تەریکخستن، پەڕاوێزخستنی) ئێران وەستایەوە، کە ڕۆئاوا پێڕەویی دەکرد.

لە نێوان تاران و ئیستەنبوڵدا پێوەندییەکی ئێجگار باش هەیە، دیارە ئەمەش لەسەر بنەمای بۆچوونیان بۆ دیموکراسی نییە. بگرە ئەم پێوەندییە باشە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕژێمی ئێرانی پێی باشە خۆی لە حکوومەتی ئیسلامیی تورکی نزیک بکاتەوە، بەتایبەت لەو کاتەی لە ناوچەکەدا بارێکی نائارامی و ڕاپەڕینێکی زۆر ناوچەکەی گرتووەتەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ کێشەیەکیان نییە، چونکە هەردوولا هەوڵ دەدەن لەو کاتەی ناوچەکە نەخشە سیاسییەکان دەگۆڕێت و ئەمەریکاش لە سەنگەرێکی زۆر بەهێزدا نییە، هەردووکیان خۆیان بە ئەلتەرناتیڤ دادەنێن و خۆیان بە دوو زلهێزی جیهانی ئیسلام دادەنێن. لە هەمان کاتیشدا هەردوولا لە ململانێیدا، بۆ زاڵبوونی ڕۆڵی سیاسیی خۆیان لە ناوچەکەدا. بەدڵنیاییەوە ئەم ململانێ و مونافەسەیە بەردەوام دەبێت و لە داهاتووشدا بەهێزتر دەبێت، بەڵام هەتاوەکو ئێستا هیچ دیار نییە ئەم ململانێیە لە داهاتوودا بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێت.

بەڵام ئاخۆ ئەو نارەزایی و بێهوودەییەی خەڵکی ئێران بەرەو کوێوە دەڕوا؟ ئاخۆ هەوای شۆڕشە عەرەبییەکان بەرەو ئێران نایەت و ئەو ئۆپۆزسیۆنە سەرکوتکراو و خامۆشەی ئێران جارێکی تر زیندوو ناکاتەوە و گیانی شۆڕشگێڕیی ناکاتەوە بەر؟

هەردوو سەرکردەی دیاری ئۆپۆزسیۆنی ئێران مەهدی کەڕوبی و حوسێن مووسەوی، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و داوایان لە گەلی ئێران کردووە کە لە هەفتەی داهاتوودا بێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان ئەنجام بدەن. لە هەمان کاتیشدا چوونە بە ڕەسمی داوای مۆڵەتی

خۆپیشاندانیان لە دەزگا ئەمنییەکانی ئێران کردووە. یەکێک لە ڕاوێژکارانی حوسێن مووسەوی وتی:

(ئەگەر بێتو مۆڵەتمان نەدەنێ خۆپیشاندان بکەین، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران لە دەنگی خەڵکی دەترسێت)

ئیرادەی بەهێز بۆ ئازادی و خۆشیی ژیان، هەردووکیان خاڵی هاوبەشی خۆپیشاندانەکانی جیهانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ و خۆپێشاندانەکانی ٢٠٠٩ی ئێرانن. لێ هەتاوەکو ئەمڕۆ ئەنجامی هەردوو خۆپیشاندانەکان تەواو جیاوازن. (ئەکبەر گەنجی) کە یەکێکە لە سیمبۆلە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، پرسیارێکی زۆر ئازارئامێز دەکات:

(دیکتاتۆری تونس زەینەلعابدین بن عەلی لە ماوەی کەمتر لە مانگێک لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین، وازی لە دەسەڵات هێنا و ڕژێمەکەی ڕووخا. لێ بۆچی لە ئێران پاش چەندان مانگ لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ئەم سەرکەوتنەمان بەدەست نەهێنا؟)

وەڵام ئەوەیە: هەردوو بزاڤەکە جیاوازییەکی زۆریان هەبوو، سروشتی ڕژێمەکان جۆرێکی تر بوو، چۆنیەتی خەبات و ڕاپەڕینەکان لە دژی ڕژێمەکان، بە دڵنیاییەوە جیاواز بوو لە یەکتری.

پاشتر ئەکبەر گەنجی وتی:

(ئێمە " تونس و ئێران " هەردوو وڵات بە دەست دیکتاتۆرییەتەوە دەناڵێنین. لێ بەداخەوە هیچ ئەنجامێک پێکەوە گرێمان نادات. بەدڵنیاییەوە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤی دەوێت، لێ ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبێتەوە، ئەویش مەسەلەی ئۆرگانیزەکردنە "ڕێکخستن").

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک شتی گەورەش هەردوو وڵات پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە، کە هەر هەموویان تینووی ئازادین و تێکەڵاوی ژیانی گلۆبالیزم بوون (مەبەست ئینتەرنێت، فەیسبوک، تویتەر. وەرگێڕ).

بەواتایەکی تر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پێویستی بەشتێکی ئێجگار گرینگە ئەویش:

بەشداربوونی جەماوەرێکی زۆر لە خۆپێشاندان و نارەزاییەکان.

سەرچاوە:

Charlotte Wiedemann.Verblassendes Gruen .www.Zeit.de17/2/2011

Ulrich Ladurner. Werft den Pharao ruhig raus!. www.Zeit.de 11/2/2011

# سەرهەڵدانی بیری ئازادی و پێوەندییەکانی بە ئابووریی سیاسییەوە

مووسا غەنی نەژاد

هەواڵنامەی کێتێر

بەشی سێیەم

شۆڕشی فرەنسا بابەتێکی هێنایە ئاراوە کە بەکردەوە لە "شۆڕشی شکۆمەند"ی بەریتانیادا نەهاتبووە گۆڕێ. ئەوەیش دامەزراندنی داوودەزگا سیاسییەکان بوو لەسەر بناخەی پرەنسیپی دەسەڵاتدارێتیی ڕەهای خەڵک یا دەسەڵاتدارێتیی نەتەوەیی. ئەوەی لە شۆڕشی بەریتانیدا ڕووی دا برێتی بوو لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕەهای (پاشایەتی) لە سۆنگەی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی تر (ئەنجوومەنی نوێنەران) لە بەرامبەریدا. "شۆرشی شکۆمەند" ڕەهابوونی سیستەمی پاشایەتیی ڕەهای لەنێو برد، بەڵام داوودەزگای پاشایەتی وەک خۆی مایەوە. بۆیە، دەسەڵاتدارێتییەکی ڕەهای تر (بۆ نموونە دەسەڵاتدارێتیی رەهای خەڵک) جێگەی دەسەڵاتدارێتیی پاشایەتی ڕەهای نەگرتەوە، بگرە دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک هاوسەنگ لە نێوان دوو دامەزراوەی نەریتی، واتە پاشایەتی و ئەنجوومەنی نوێنەراندا دابەش کرا.

ئەوەی لە شۆڕشی ئینگلیستاندا نەهاتە گۆڕێ کێشەی سەرچاوەی ڕەوایی و مافدارێتیی (legitimite) حکوومەت بەتایبەت پاشایەتی بوو. لە ڕاستیدا سەرچاوەی ڕەواییی پاشایەتی زۆر ناڕوون و نادیارە. ئەم دامەزراوەییە، بەپێچەوانەی پەرلەمان، رەگی لە ویستی هوشیارانەی خەڵکدا نییە بەڵکو لەلایەن داوونەریت و ڕێساکانی کولتووری نەتەوەییەوە پاساو دەدرێتەوە. بە پێی بیردۆزەی مافی سروشتیی " لەک"، پاشایەتی لەو ڕووەوە کە دامەزراوەی هەڵبژێردراو نییە، پڕ

(*) وەرگێرانی لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری

دیاره كه ناتوانێت هیچ ڕەواییەكی هەبێت. هۆكاری ئەوەی كه فەیلەسووفی بەریتانی زۆر توخنی كێشەی دەسەڵاتدارێتی و بەتایبەت دەسەڵاتدارێتیی ڕەها، بەو چەشنەی كه پێشتریش ئاماژەمان پێ كرد، ناكەوێ لێرەدایە: تێگەیشتنی ئاوەزپەسندی ئەو ڕێگه نادات بەتەواوی دان بەتێكەوەپێچانی پاشایەتیدا بنێت و بەم كاره دەسەڵاتێكی ڕەها و تاقانەی تر دابمەزرێنێت. ئەزموونی "كراموێڵ" بەڕوونی دەری خستووه كه هەر چەشنه زێدەڕۆیی و ڕەهاخوازییەك داخرانی ئازادییەكانی لێ دەكەوێتەوه. بەڵام له هەر حاڵدا له بواری تیۆریكەوه، بەپێی فەلسەفەی مافی سروشتی، دەسەڵاتی سیاسی تەنیا یەك سەرچاوەی رەوایی هەیه و ئەویش دەنگی زۆرینەی خەڵكه. بۆ خۆدووره‌اگرتن لەم كێشەیه، "مۆنتێسكیۆ"ش وەك " لەك" و تەنانەت بەتێپەڕین لەویش، كێشەی سەرچاوەی رەوایی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی بێدەنگ دەهێڵێتەوه و زۆرتر خۆی به بابەتی چۆنیەتیی كاركردنی دامەزراوه سیاسییەكان بۆ سەقامگیركردنی ئازادییه شارستانییەكان خەریك دەكات.

شۆڕشی فرەنسا، بەپێچەوانەی شۆڕشی شكۆمەندی بەریتانیا، بەرەدكردنەوەی كردەكیی ڕەوایی هەر چەشنه سەرچاوەی دەسەڵاتدارێیەك جگه له خەڵك، زۆر به توندی تەواوه وه بیرۆكەی دەسەڵاتدارێتیی ڕەها دێنێته گۆڕێ. لێرەدا، ئەو بۆشاییەی له ئاكامی له نێوچوونی پاشایەتیی ڕەهادا پێكهاتووه بەهۆی دەسەڵاتدارێتیی ڕەهای نەتەوەییەوه پڕ دەكرێتەوه و به كردەوه هیچ چەشنه هاوسەنگی و باڵانسێك له نێوان دەسەڵاتەكاندا دروست نابێت. ئەم جاره شۆڕشگێڕەكان بەپشتبەستن بەوەی كه ڕەواییەكی ڕەهایان هەیه و به ناوی پاراستنی ئازادییەكانی خەڵكەوه، دەست به سەركوت و كوشتاری خەڵكەكه دەكەن و پتر له ڕابردوو ئازادییەكانی لەنێو دەبەن. بێ سنووربوونی دەسەڵات ڕێگه بۆ هەرچەشنه زێدەڕۆیی و خەسارگەیاندنێك دەكاتەوه. بەم شێوەیه، شۆڕشێك كه پەیامهێنەری ئازادی بوو، به بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتداریەتیی رەها، دەبێته بكوژی ئازادی. لێرەدایه كه دەتوانین له توانای لێكدانەوه و وردبینیی " مۆنتێسكیو" تێ بگەین. ناوبراو له سەر ئەو بڕوایه بوو دەسەڵاتێك كه سنووردار نەكرێتەوه كەڵكاوەژووی دەسەڵات دەكات. فەیلەسووفی فرەنسی، بەشێوەیەكی میتافۆری وەك "شت" باسی دەسەڵات دەكات، بەم واتایه كه دەسەڵات، بوون و كاردانەوەیەكی سەربەخۆ له ژێدەر و خاوەنەكانی خۆیشی هەیه، واته پێی وابوو كەڵكاوەژووكردنی دەسەڵات پێوەندییەكی به سەرچاوەی رەواییەكەی و هەروەها چۆنیەتیی مەبەستی خاوەن دەسەڵاتەكانەوه نییه. بگره ئەم كەڵكاوەژوویه، له گەوهەری خودی دەسەڵاتی ڕەهادایه. شۆڕشی فرەنسا به باشترین شێوه دروستیی ئەم لێكدانەوەیەی دەرخست: له رەوایی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانه (دەسەڵاتدارێتیی خەڵك) و نیازپاكیی شۆڕشگێڕان بۆ وەدیهێنانی ئازادی و بەرابەریدا گومان ناكرێت، بەڵام ئاكامێك كه له بەكارهێنانی دەسەڵاتی بێ سنوور (دەسەڵاتدارێتیی رەهای خەڵك)ەوه هاته بەرهەم برێتی بوو له نەمانی ئازادی و سەركوتی خەڵك. پڕ دیاره كه لێرەدا بەشێوەیەكی گشتی شۆڕشی فرەنسا هەڵناسەنگێنین، ئەوەی بابەتی باسەكەی

ئێمـەیە برێتییـە لـە پێوەندیی دەسـەڵات و ئازادی. شـۆڕشـی فـرەنسـا لە زۆرلایەنـی جـۆراوجـۆرەوە کۆمـەڵگەی فرەنسای گۆڕی و کـۆمـەڵێک بایەخ و بەهای نوێی لە جێی بەها کۆنەکان دانا. بەڵام ئەم باسە لە بابەتی ئەم نووسراوەیەدا ناگونجێ.

بیرۆکەی زاڵ بە سـەرشـۆڕشـی فـرەنسا کە بەشـێوەیەکی دیار لـە " جـاڕنامـەی مـافی مـرۆڤ و هاووڵاتی" ١٧٨٩ دا ڕەنگی داوەتەوە، بە گشتی لە دوو ژێدەری سـەرەکییەوە کاریگەریی وەرگرتبوو: فـەلسـەفـەی مافی سـروشـتیی " لەک" لەلایەک، و لەلایەکی تریشـەوە رەخنە و شـرۆڤـەی تایبـەتیی ئەم فـەلسـەفـەیە لەلایەن (ژان ژاک رۆسـۆ)وە.[٣٧] ناواخنی (جـاڕنامـە)ی ١٧٨٩ و خـودی ڕووداوەکانی شـۆڕشی فـرەنسـاش بە باشـترین شـێوە دژایەتیی نێوان ئەم دوو ژێدەری کـاریگەرییـە دەردەخـەن. پێشـتر بە کورتی باسـی فەلسـەفەی سـیاسیی " لەک"مـان کرد، ئێستا جێی خۆیەتی کـە ئاوڕێک لە ڕەخنەکانی "رۆسـۆ" لەم فـەلسـەفـەیە بدەینەوە تا کێشـەی ئـەو دژایەتییـەی ئاماژەمـان پێ کرد تا ڕادەیەک ڕوون ببێتەوە.

بیرۆکەی سـیاسیی " لەک" لە مافی سروشـتیی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات و بەپێی ئەم مافە و بۆ پاراسـتنی پێناسـەی حکوومـەت دەکات. جیـایی نێـوان حکوومـەت و کۆمـەڵگە، یا بە دیوێکی تردا، نێوان دەوڵەت و کۆمـەڵگەی شـارسـتانی یەکێک لە بنەمـا سـەرەتاییـیەکانی فەلسـەفـەی سـیاسیی ئازادییە. هـەروەک "تومـاس پین " بیرمەند وکەسـایەتیی سیاسیی هاوچەرخی شـۆڕشـی ئەمەریکا و فرەنسـا دەیگوت: " ( پێـویسـتـیی) کۆمـەڵگە بەرهەمی پێـویسـتـییـەکـانی ئێمـەیە لە کاتێکدا کە (پێویستیی) حکوومەت ڕەگی لە کەموکوڕییەکانماندایە... کۆمەڵگە بابەتێکی چاکەیە، لە کـاتێکدا کە حکوومەت شـتێک نییە جگە لە خراپەیەک کە بەرهەمی پێویستییە... (حکوومەت) وەک ڕووپۆش پێـشـاندەری پاکـێتـیی لە دەست ڕۆیشـتـووە."[٣٨] هەر وەک چەندین جـاریش ئاماژەمـان کردووە، ئازادیی سـیاسی لە واتای نوێی وشـەکەدا، لەسەر بناخـەی رەشبینی و بێ مـتمـانەیی بەرامبـەر بە حکومـەت و دەسـەڵاتداران پێک هاتووە. لەم ڕووەوە، بیـرمـەندانی ئـازادیخـواز بەردەوام پێ لەسـەر جـیـایی نـێوان کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانی و دەوڵـەت دادەگرن و پێـیـان وایـە کە تەنیـا لە دۆخـێکدا دەرەتانی پێکهاتنی کۆمەڵگەی ئازاد هەیە کە تێیدا ئۆتوریتـەی دەوڵەت بۆ کەمـترین ئاسـتی شیاو دابەزیبـێت. "مۆنتـێسکیۆ" بالانسی دەسـەڵاتەکان و هاوبـارگەکردنـی (خنشی کردن) دەسـەڵاتی سـیـاسی بەڕێگەچارەیەکی کـردەکی دەزانێت، چونکە بـەم تەگبیـرەوە کـۆمـەڵگە لە دەسـەڵاتداریێتی ڕەها پـارێزراو دەمــێنێت و هاووڵاتیــیــان دەتوانن بە دوور لە رکــێف و کــۆنتــرۆڵی دەوڵەت بە سەربەستییەوە مافە سروشتییەکانی خۆیان ڕێک بخەن.

لە روانگەی " لەک"، "مۆنتێسکیۆ " و بەگشتی هەمـوو فەیلەسووفەکانی ئازادییەوە، خاوەندارێتی وەک درێژەی مـافی سـروشـتـیی سـەرەتایی (مـافی پاراسـتنی ژیـان) لە بەرچاو دەگیـردرێ و لەم ڕووەوە پیرۆز و گومان هەڵنەگرە. مرۆڤ بۆ پاراستنی ژیان و دابینکردنی بەختەوەریی تاکەکەسیی خـۆی کـار و چالاکی دەکـات و لـەم ڕێگەیـەدا، ناچار لە بـنیـاتنان و پـەرەپێـدانی خـاوەندارێـتـیی

تایبـەتیبە. وەک دەبینین، فەلسـەفەی ئازادی بەگشـتی لەسەر بنچینەی رەسـەنایەتیی تـاک و مافـە سـروشـتـیـیـەکانی تاک وەدی هاتووە و لـەم رووەوە سنوورێک بۆ ئەم مـافـانـە دادەنێت. دەوڵەت وەک دەربڕی ویست و خواستی کۆی تاکەکان ناتوانێ بەرهەڵستی مافە تاکەکەسییەکان ببێتەوە.

" ژان ژاک روسـۆ" بەتوندی ڕەخنە لەم تێگەیشـتنە نوێیـە لە مـرۆڤ و کۆمـەڵگە دەگرێ کە لەسـەر بنەمـای رەسـەنایەتیی تاک و بەرژەوەنـدیی تاکـەکەسی پێک هـاتووە و دەڵێ مـرۆڤی نوێ modern بوونەوەرێکی چارەڕەشە چونکە بەپێچەوانەی سروشتە سەرەتاییەکەی بوونی بووەتە دوو بەشەوە و یەکێتییـەکەی لە دەست داوە: لەلایەک لە پێناوی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیدا لە ناکۆکی و دژایەتیی کەسانی تردایە و ئەوان وەک هەڤرک و تەنانەت نەیاری خۆی سەیر دەکات، لەلایەکیترەوە ناچارە لەگەڵیـان بەئاشـتی و هێمنی بژیت و وێڕای ئەوان خـۆی بەئەندامی گشـتێکی (کـۆمـەڵگە) یەکگرتوو بزانێت.

چارەڕەشیی مرۆڤی نوێـی رەگی لە دووفاقییەتیبوونـی خۆیدایە: دژایەتیی هـەیە لە نێوان مـرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمـەڵگە و خـودی خـۆی وەک تاکێکی بەجیـا، کـەوابوو لەگەڵ بەرژەوەندییـەکانی تاکەکانی تری کۆمەڵگە لە ناکۆکیدایە. ئەم دووفاقییەتی و ململانێیە لەگەڵ خود لەو دووفاقیەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ناخی کۆمەڵگەی نوێدایە société modern.

بەپێچـەوانەی یۆنانی کـۆن (کـۆمـەڵگەی ئایدیالـی "ژان ژاک رۆسـۆ")، لـە کۆمـەڵگەی نوێدا هیچ یەکگرتوویەک لە نێوان دەوڵەت و تاکەکانی کۆمەڵگە، لە نێوان ویستی گشتی و ویسـتی تاکەکەسی لە ئارادا نییە. ژیانی تاکەکەسی لە بیاڤی کۆمەڵگەی شـارستانیدا لەگەڕدایە. لەم بیاڤەدا، مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەندارە کە بە دوای کۆکردنەوەی دارایی و زۆرکردنی خاوەندارێتییەکەی خۆیەتی و بەختەوەری لـە وەهمـی مەزنایەتـی و سـەروەریی لە سـامـان و پێشـبـڕکێی بێ کۆتاییـی کۆکـردنەوەی داراییدا دەبینێت.

ویسـتی بە کۆمـەڵ (دەوڵەت) لەم کۆمـەڵگاگەلەدا دەسـتـەبەرکردنـی ئاشتی و هێمنی و پاراسـتنی کۆمەڵگەی شارستانی بە تەنیا ئەرکی خۆی دەزانێت، واتە ئەرکی ئەو پارێزگارییـە لەو ئەنجامانەی کە بەرهەمی قازانجخوازی و خۆپەرستیی تاکەکانە. لە ئاکامی دۆخێکی ئەوتۆدایە کە نابەرابەرییە کۆمـەڵایەتییـەکان پـەرەدەستێنن و تاکـەکانی کـۆمـەڵگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرامـبـەر بە یەکتـر زۆرتر هـەست بـە نامـۆیی دەکـەن. مـرۆڤ لە کـۆمـەڵگەیـەکی ئەوتۆدا بوونـەوەرێکی لە خـۆ نامـۆیە کـە بە دابەشکردنی شـوناسـی خـۆی (تاک و کۆمـەڵگە) بووەتە بـوونەوەرێکی چارەڕەش. (رۆسـۆ) دەڵێ ئەم دۆخـە "سروشـتی " نییە، و هـەر لە جێدا هیچ هـاورێکییـەکی کۆمـەڵایەتی لە سـروشـتەوە سـەرچاوە ناگرێت بە ڵکو هەمووی بەرهەمی ویستی مرۆڤەکانە.

"روسـۆ" خـاوەندارێتـیی تایبـەت بەژێدەری کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانی دەزانـێت و پێی وایـە کـە نابەرابەری و نادادپـەروەرییـەکانی نێـو کـۆمـەڵگە لەم خـاوەندارێتییـەوە سـەرچاوەیان گرتووە و لە

فۆرمی جۆراوجۆردا دەرکەوتوون. ناوبراو دەڵێ یەکەم کەسێک کە بەدانانی پەرژین و چوارچێوە بۆ پارچە زەوینێک رای گەیاند " ئەمە هی منە "، و کەسانێکی ساویلکەشی دیتەوە کە بڕوا بەم قسەیە بکەن، بەم کارەی خۆی دەستی بە دامەزراندنی کۆمەڵگەی شارستانی کرد(٣٩).

سەرهەڵدانی خاوەندارێتی دروستبوونی دەوڵەمەند و هەژار و لە ئاکامیشدا نابەرابەریی مرۆڤەکانی لێ کەوتەوە. دەستەبەرکردنی خاوەندارێتی پێویستی بە دامەزراندنی حکوومەت و هاورێکییەکی یاسایی هەیە، بۆیە بەدوای خاوەندارێتیدا، حکوومەتی ئۆتوریتەی یاسا پێک هات. بەڵام کاردانەوەی نابەرابەرییەکان بەشێوەیەک کە ئۆتۆریتەی یاسایی بەرە و حکوومەتێکی سەرەڕۆیانە پاڵ پێوە دەنێت. فەیلەسووفی فرەنسایی جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ئەگەر لە قۆناخی دەسپێکەوە سەیری رەوتی نابەرابەرییەکان بکەین، دەبینین کە لە قۆناخی یەکەمدا خاوەندارێتی بووەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەمەند و هەژار، ئەم دۆخە لە قۆناخی دووەمدا (دامەززاندنی حکوومەت) دۆخی بەهێز و لاوازی هێناوەتە ئاراوە. ئەم دۆخەش لە کۆتاییدا دۆخی ئاغا و کۆیلەی لێ دەکەوێتەوە، کە لە ڕاستیدا دواین ئاستی نابەرابەرییە.(٤٠)

ڕەوتی نابەرابەرییەکان، پاش بنیاتی خاوەندارێتی، کە مرۆڤی سەربەست دەکاتە کۆیلە."رۆسۆ" لە نێوچوونی ئازادی و سەرهەڵدانی دۆخی کۆیلەتی تەنیا بە بەرهەمی دەسەڵاتی فیزیکی و مادی نازانێ و لەم بارەوە ڕوونکردنەوەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێشی هەیە: " بەهێزترین کەس قەت ئەوەندە بەهێز نییە کە بۆ هەتا هەتایە ئاغا بمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی کە دەسەڵاتی خۆی بکات بە ماف، و گوێڕایەڵبوون لە هەمبەریشی بکا بە ئەرک."(٤١)

بە بۆچوونی ناوبراو، خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ماف یا ئەرک بەرهەمی دەسەڵاتی فیزیکی نین: سەرنەویکردن لە هەمبەر زۆر، کردەوەیەکە لە پێویستییەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ویست و خواستەوە، کردەوەیەکی ئەوتۆ لەوپەری خۆیدا تەگبیرێکی قایمکارانەیە کە نابێ لەگەڵ ئەرکی تێکەڵ کەین. ئەگەر زۆر پاڵپشتی گوێڕایەڵبوون بێت ئیتر قسەکردن لە ماف و ئەرک لە خۆڕاییە، چونکە لەگەڵ نەمانی زۆر، گوێڕایەڵبوونیش لەنێو دەچێت. ماف و ئەرک لە کردەوەی خۆویستی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە چوارچێوەی هێزێکی پەتیی فیزیکیدا شرۆڤە ناکرێت.

"رۆسۆ" دەڵێ چونکە هیچ مرۆڤێک بەشێوەی سروشتی هیچ دەسەڵاتێکی بەرامبەر بە هاوڕەگەزی خۆی نییە و چونکە زۆریش ماف بەرهەم ناهێنێت، کەواببوو تەنیا دەسەڵاتێک ڕەوایی هەیە کە پشت بە ڕێککەوتنی نێوان مرۆڤەکان ببەستێت.(٤٢) بۆیە دەوڵەت (دەسەڵاتی سیاسی) و تێکڕای بنیات کۆمەڵایەتییەکان، کە ماف و ئەرکەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن، دەبێ بەرهەمی ڕێککەوتن یا بەلایەنی کەمەوە قبووڵ و ڕەزامەندیی خۆویستانەی تاکەکان بن. لە ڕاستیدا مرۆڤەکان بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر کێشەکانی دۆخی سروشتیدا، کە تێیدا بەشێوەیەکی جیا لە یەکتر و بە تاک ژیاون، ناچار دەبن لێک کۆ ببنەوە و بەشێوەی بەکۆمەڵ بژین. فەیلەسووفی فرەنسایی پاراستنی ژیان، ئازادی و دارییەکانی تاکەکانی

پێکهێنەری کۆمەڵگە بەئامانجی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و پێکهێنانی کۆمەڵگە دەزانێ. پێ دەچێت کە ناوبراو سەبارەت بە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگە لەگەڵ " لەک"دا هاوڕابێت، بەڵام ئەگەر شوێن پێی بەڵگاندنی بیرمەندە فرەنساییەکە هەڵکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێوان ناو و فەیلەسووفە بەریتانییەکەدا جیاوازیی بۆچوون و تەنانەت دژایەتییەکی زۆر بنچینەیی لە ئارادایە. ئەم جیاوازی یا دژایەتییە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی و پێگەی مافە تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگەدا.

" رۆسۆ" بەپێچەوانەی " لەک" لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لەگەڵ پێکهاتنی کۆمەڵگە، جیابوونەوەی تەواوی مافە تاکەکەسییەکان بەئەنجام دەگات، واتە هەموو مافەکانی تاک بەتێکڕایی بۆ گەل دەگوێزرێتەوە. ئەو پێداگرە لە سەر ئەوەی کە لەگەڵ رێککەوتنی کۆمەڵایەتیدا، هەموو ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان دەچنە ژێر فەرمانی ویستی گشتییەوە و تاک وەک ئەندامی جەستەیەک یا گشتێکی دابەشنەکراوی لێ دێت. ئەوە خودی رێککەوتنەکەیە کە گشتی سیاسی (کۆمەڵگە) دێنێتە ئاراوە نە یەک یەکی تاکەکانی کۆمەڵگە.[٤٣] "رۆسۆ" بە لاساییکردنەوەی یۆنانی کۆن، ئەندامانی ئەم گشتە بەکۆمەڵە بە "هاووڵاتی" و کۆمەڵگەی پێکهاتوو بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بە "شار" لە واتای یۆنانیی وشەکەدا ناوزەد دەکات. ئەو دەنووسێت: " واتای ڕاستەقینەی ئەم وشەیە (شار) لەلای نوێخوازەکان تا ڕادەیەکی نێزیک بەتەواو لەنێو چووە و زۆربەی ئەمانە شاریان ville (بە واتای شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکان) لەگەڵ شار cité (لە واتا یۆنانییەکەیدا، دەوڵەت _ شار) و بورژوایان لەگەڵ هاووڵاتی لێ تێک چووە. ئەوانە نازانن کە villé لە خانووەکان پێک هاتووە و cité لە هاووڵاتییان... ئەوەندەی من ئاگەدارم هیچ نووسەرێکی فرەنسایی لە واتای ڕاستەقینەی وشەی (هاووڵاتی) تێ نەگەیشتووە."[٤٤]

مەبەستی نووسەری "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" لەم دێرانەدا، ڕەخنەگرتنە لە هزری فەیلەسووفە نوێخواز و ئازادیخوازەکان لە " لەک" و "مەندویل"ەوە بگرە تا "مۆنتێسکیۆ"، چونکە ئەم فەیلەسووفانە هەرکام بەشێوەیەک مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی "ئابووری" پێناسە دەکەن و پێکهاتنی کۆمەڵگە و حکومەت وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی "مرۆڤی ئابووری" لێک دەدەنەوە. لە ڕوانگەی ئەواندا مرۆڤ بۆرژوا یا بازرگانێکە کە لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا تێ دەکۆشێت و بەم کارەش بەبێ ئەوەی کە خۆی بیهەوێت بەرژەوەندیی گشتیش "قازانجی گشت کۆمەڵگە" دابین دەکات. فەیلەسووفە ئازادیخوازەکان، لە " لەک" و "مەندویل"ەوە بگرە تا "هیۆم" و "ئادام سمیت"، هەموویان بڕوایان بە یەکەتیی سروشتیی بەرژەوەندییە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکان (تاکەکەسی و گشتی) هەیە.[٤٥] لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە بناخەکانی فەلسەفەی سیاسیی نوێخوازەکان. بەبۆچوونی ئەوان ئازادیی ئابووری مەرجێکی سەرەتایی و پێویستە بۆ ئازادیی سیاسی و هەروەها بۆ خۆشگوزەرانیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیش. "مەندویل" بە "ئەفسانەی مێش هەنگوین" و "سیمت" بە شوبهاندنی بە " دەستی نادیار" لە ڕاستیدا یەکەتیی ئۆتۆماتیکیی

بەرژەوەندییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا پێشان دەدەن. هەوڵەکانی "رۆسۆ" راست بە ئاراستەی رەدکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە لە مرۆڤ و کۆمەڵگەدایە و بەرامبەر بە بورژوا، یا ئەوەی کە دواتر "سیمت" ناوی "مرۆڤی ئابووری"ی لە سەر دانا، چەمکی هاووڵاتی دادەنێت. ئەو بڕوای بەبنەمای یەکەتیی سروشتیی بەرژەوەندییە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکان نییە و دەڵێ هەوڵە خۆویست و قازانجخوازە تایبەتییەکانی مرۆڤی بورژوا نەک هەر هاوئاراستەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە نییە بگرە تەواو لە دژایەتیدان. لە ڕوانگەی فەیلەسووفە ئازادیخوازە ئینگلیسییەکانەوە بەرژەوەندیی گشتی (کۆمەڵگە) بریتییە لە کۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاکەکان کە لە ڕێگەی کاردانەوەی سیسەتمی بازاڕی ئازادەوە، ئاڵوویر و بازرگانی، وەدی دێت. لێرەدا تاکە کە بۆ (بەرژەوەندیی) خۆی و لە ئەنجامیشدا بۆ گشت کۆمەڵگە بڕیار دەدات. لە کاتێکدا کە لە بۆچوونی فەیلەسووفە فرەنسایییەکاندا، بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە، تاک هەموو مافەکانی خۆی ڕادەستی کۆمەڵگە دەکات و لەم ڕووەوە بڕیاری کۆتایی بە کۆمەڵگا یا "ویستی گشتی" (دەوڵەت)یە. "هاووڵاتی" لە مافە تایبەتییەکەی خۆی چاوپۆشی دەکات و بە ئاراستەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە یا ئامانجەکانی "ویستی گشتی"دا دەڕوات و بۆیە هیچ نێزیکی وێکچوونێکی لەگەڵ مرۆڤی بورژوادا نییە. پلانی سیاسیی فەیلەسووفە ئازادیخوازەکان پێکهێنانی دۆخێکە کە تێیدا ئازادییە تاکەکەسییەکان و خۆشگوزەرانیی مادیی مرۆڤەکان دابین بکرێت، لە کاتێکدا کە بۆ "روسۆ" سەرتر لە بوونی تاکەکەسی، هەندێک بایەخی تری وەک نیشتیمانپەروەری، لەخۆبووردوویی و... هتد گرینگییان هەیە. لە ڕوانگەی فەیلەسووفە ئازادیخوازەکاندا، جیایی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی پێکهێنانی ئازادییە. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە پێوەندیی نێوان ئەم دوو بەشەی کۆمەڵگادا، کاریگەریی و بڕشتی دەوڵەت هەتا کەمتر و سنووردارتر بێت هەر بەو ڕادەیە پانتاییی ئازادییەکان بەربڵاوتر دەبێت. "روسۆ" لە بنەچەوە دژ بەم تێڕوانینەیە و دەڵێ جیاییی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت بە واتای نەبوونی ئازادییە. ئەو دەسەڵاتدارێتی بە هاوێرنەکراو، رەها و هیی خەڵکی دەزانێ: "وەک چۆن سروشت دەسەڵاتی ڕەهای بەهەر مرۆڤێک سەبارەت بە ئەندامانی لەشی خۆی داوە، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیش بە جەستەی سیاسی سەبارەت بە هەموو ئەندامانی خۆی دەسەڵاتی ڕەها دەدات، و هەروەک وتم هەر ئەم دەسەڵاتەیە کە لەژێر ڕێبەریی ویستی گشتیدا، ناوی دەسەڵاتدارێتی بە خۆوە دەگرێت."(٤٦)

لەلای ئەم بیرمەندە فرەنسایییە، دەسەڵاتدارێتی هی خەڵکە و وەک ویستی گشتی هاوێر نەکراوە و ڕادەست ناکرێت. ئەو کۆمەڵگە نوێیەکان کە تێییاندا دەسەڵاتدارێتی لە ڕێگەی نوێنەرانی خەڵکەوە جێبەجێ دەکرێت، بە کۆمەڵگەی ئازاد نازانێت و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە کۆمەڵگەگەلێکی ئەوتۆدا دەسەڵاتدارێتیی خەڵک بەڕاستی جێبەجێ ناکرێت و لە ئاکامدا خەڵک بێبەش دەبن لە گرینگترین ئازادییەکان و بەرزترین ئەرکی هاووڵاتیبوون کە جێبەجێکردنی

دەسەڵاتدارێتییە. " لەو ساتەوە کە نەتەوەیەک (peuple) بۆ خۆی نوێنەر هەڵدەبژێرێت چیی تر نەتەوەیەکی ئازاد نییە، ئیتر (نەتەوە) نییە."[٤٧] (رۆسۆ) بڕوای بە حکوومەتی ڕاستەوخۆی خەڵک، واتە دیموکراسی لە واتای ڕاستەقینەی وشەکەدا (دیموکراسیی ڕاستەوخۆ) هەیە و تەنیا حکوومەتێکی ئەوتۆ بە ڕەوا و ئازاد دەزانێت. دەوڵەت شارەکانی یۆنانی کۆن نموونەگەلێکی دیار لە بەکارهێنانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ بوو چوونکە لەوێدا بڕیارە سیاسییەکان بەڕێککەوتنی خودی هاووڵاتییانەوە دەدران نەک لەلایەن نوێنەرانیانەوە، و هەر لە جێدا سیسەتمی نوێنەرایەتی لە ئارادا نەبوو. لەم کۆمەڵگەیەدا بەپێچەوانەی کۆمەڵگە نوێیەکان مەودایەک لە نێوان دەسەڵاتداران و ژێردەسەڵاتەکاندا نەبوو و هاووڵاتییان وێڕای دەوڵەت گشتێکی یەکپارچەیان پێک دەهێنا کە "روسۆ" وەک جەستەی سیاسی باسی دەکات.

هاووڵاتییان ئەندامانی ئەم جەستە سیاسییە یەکگرتووەن و تاک و بەرژەوەندیی تایبەتی هیچ رۆڵێکیان لەم کۆمەڵگەیەدا نییە. ویستی هاووڵاتی لە ویستی گشتیدا خۆی دەردەخات و جیایی و ململانێیەک لە نێوان هاووڵاتییاندا نییە، هەموو لە پێناو بەختەوەری و پێشکەوتنی شار (کۆمەڵگە)دا تێ دەکۆشن و ئامانجێکی تریان نییە.

فەیلەسووفی فەرەنسایی بەگرینگتر لە قەڵەمدانی بەرژەوەندییی کۆمەڵگە و رەدکردنەوەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، لەو ئامانجە سەرەکییەی کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە دەستنیشانی کردبوو دوور دەکەوێتەوە. ئەگەر وەک "رۆسۆ" دەیڵێ[٤٨]، مەبەستی مرۆڤەکان لە کۆبوونەوە لە کۆمەڵگەیەکدا دەستەبەرکردنی گیان و ماڵ و ئازادییە سروشتییەکان بێت، کەوابوو، بە پێکهێنانی دەسەڵاتدارێتیی ڕەهای ویستی گشتی، مەبەستەکە لە پراکتیکدا تووشی پارادۆکس دەبێت واتە لە ئەنجامدا ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان فیدای "بەرژەوەندیی گشتی" دەکرێن. "پییێر مەنان" دەنووسێ، شۆڕشی فەرەنسا لە رەوتی خۆیدا هەر لە هەوای بیرۆکەی رۆسۆدا رۆیی، لە ساڵی ١٧٨٩دا ئامانجی شۆڕش پشتگیریی پێویست لە ئاسایش و خاوەندارێتیی تاکەکان بوو، لە ساڵی ١٧٩٣دا شۆڕش بە مەبەستی گەیشتن بە یەکبوونی ڕەهای کۆمەڵگەی سیاسیی نوێ دژ بەم ئاسایشە راسا.[٤٩] شۆڕشگێڕان لەژێر ناوی "ویستی گشتی "دا بە دامەزراندنی حکوومەتی "تیرۆر"، ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانیان پێشێل کرد و هەرچەشنە دژایەتییەکیش لەگەڵ حکوومەتەکەی خۆیانیان بەبیانووی دژایەتی لەگەڵ ویستی نەتەوەیی و خەڵکدا سەرکوت کرد.

ئەوان بەم بیرۆکە پاساوی هەڵسووکەوتی توندڕەوانەی خۆیان دەدایەوە کە حکوومەتی شۆڕش هەمان حکوومەتی خەڵکە و دەسەڵاتدارێتیی خەڵکیش رەهایە و سنوورێک ناناسێت. کەوابوو، حکوومەتی شۆڕش چ کارێک بە پێویست بزانێت دەتوانێ جێبەجێی بکات و رەواییەکەی بەهیچ کارێک و بەهیچ شێوەیەک ناکەوێتە بەرگومانەوە. شۆڕشگێڕانی فرەنسا ناتەباییەکیان لەم بابەتەدا نەدەدی کە شۆڕشێک کە بە مەبەستی پاراستن و مسۆگەرکردنی ئازادییەکان هاتووەتە ئاراوە، بۆ خۆی ببێتە هۆکاری سەرکوت و سڕینەوەیان، چونکە ئەم کارەیان وەک "ویستی گشتی"

و " خواستی ئازادانەی تاکەکان" لێک دەدایەوە.

بەگشتی دەتوانین جیاوازیی سەرەکی لە نێوان "شۆڕشی شکۆمەند"ی بەریتانیا (١٦٨٨) و شۆڕشی مەزنی فرەنسا (١٧٨٩) لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو شۆڕشە لەگەڵ پرسی دەسەڵاتدارێتیدا کورت بکەینەوە. ئازادیخوازانی بەریتانیایی دەیانویست بە پێکهێنانی هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان، دەسەڵاتدارێتیی رەها سنووردار بکەنەوە و لەم رێگەیەوە قورسایی دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی لە سەرشانی ئازادییە تاکەکەسییەکان لابەرن. شۆڕشگێڕانی فرەنسایی پلانێکی بەربڵاوتریان لەسەر دابوو و دەیانەویست بەرەدکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتدارێتیی رەها "ناڕەوا"، دەسەڵاتدارێتییەکی رەهای " رەوا"ی لە جێ دانێن. ئازادیخوازانی بەریتانیایی دەسەڵاتی رەهایان بەپێچەوانەی نەریتی ئیتنی و ئاینیی خۆیان دەزانی (٥٠) و بە هێنانە ژێر ڕخنەی، خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی "نەرمڕۆ" بوون و ئازادییان تەنیا لە سێبەری ئەم (نەرمڕۆییە) دا بەشیاو و گونجاو دەزانی، لە کاتێکدا کە شۆڕشگێڕانی فرەنسایی بە تەما بوون هەموو نەریتە سیاسی و ئینتییە فرەنسایییەکان لەنێو بەرن و بناخەی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی نوێ دابڕێژن، تەنیا نەریتێکی سیاسی کە ئەوان ڕێزیان لێ دەگرت، دیموکراسیی ڕاستەوخۆی یۆنان و ڕۆمای کۆن بوو.

پەڕاوێزەکان:


37.S.RIALS <<La declaration des droitss de L´homme et du citoyen>>, Hachette, Pluriel , 1988 , chap .II

38. J .VINER ,<<The Journal of Law and Economics>> , octobre 1960 .p. 50.

39. J .J .ROUSSEAU , <<Discours sur L_arigine et les fondements de l´inégalité parmi les hommes>> , (1745) , Paris , Flammarion , 1971 , p , 205 .

40. Idem , p. 228.

41. ROUSSEAU , <<Du contral social>> , (1762) , Paris , Flammorion , 1966 , p. 44.

42. Idem , p. 45.

43. Idem , pp. 51-52.

44. Idem , note du chap .VI .

45. E .HALEVY , <<La formation du radicalism philosophique>> , Ed . , Félix Alcan, Paris 1901 , T.II , p .220 .

46. J . J .ROUSSEAU , <<Du contrat social>> , op . cit , p .68.

47. Idem , p .136.

48. Idem , p .51.

49. P .Manent , op .cit , p . 170

50. >>La grande charte (1215 _ 1225) >> , cité par S .Rials , opcit , pp. 477 - 479.

## بەراوردێک لە نێوان فەلسەفەی

# سیپۆنزا و ئیبن روشد

ئەحمەد عەلەمی

بەشێکی زۆری پسپۆڕان و شارەزایان لە بواری فەلسەفەی عەرەبی و ڕۆئاوایی، لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی سیپۆنزا، هەمان ڕێچکەی ئیبن روشدی هەیە. بگرە هەندێک لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی سیپۆنزا، لە ڕووی تیۆری و ماناوە بەگشتی قەرزاری فەلسەفەی ئیبن روشدە. هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە هزری مادی لە فەلسەفەی ئیبن روشدا زۆر دیارە و هەنگاوێکی گەورەشی لەم بارەیەوە ناوە، بەتایبەت کاتێک ئەو سروشتی لە هەموو هزرێکی غەیبی و ئاینی دوور خستووەتەوە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە جیهان بوونێکی مادییانەی هەیە، هەر ئەویش سەرچاوەکەیەتی، هەروەک سیپۆنزا دەڵێت.

لێ ئەوەی من دەیبینم پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە. فەلسەفەی سیپۆنزا، وەڵامدانەوەیەکی بەهێزە بۆ فەلسەفەی ئیبن روشد و بۆچوونەکانی دەربارەی (بوونەوە). وە ئەم وەڵامدانەوەیەش لە چەندان ئاست و مەفهومی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە. من لەم وتارەمدا هەوڵ دەدەم لێکۆڵینەوەیەک و شرۆڤەیەکی تایبەت بە دەستەواژەی (العناية، ئاگەداربوون) باس بکەم، وە چۆن هەردوو فەیلەسووف (ئیبن روشد و سیپۆنزا)، شرۆڤە و بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە.


### ئاگەداربوون (العنایە)

دیارە ئیبن روشد بۆچوونی خۆی لەبارەی دەستەواژەی (ئاگەداربوون)ەوە کردووە، بەتایبەت لە کتێبی (الكشف عن مناهج الادلة) لێرەدا باسی بەڵگەی بوونی خوای کردووە. بەپێچەوانەی ڕووناکبیرانی پێش خۆی کە زیاتر پشتیان بە بەڵگەی فیزیکی دەبەست، بۆ ئەوەی بوونی خوا

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



سیپۆنزا



ئیبن روشد

بسەلمێنن، وە بەپێچەوانەی (ئیبن سینا)ش، کە دەیویست پشت بە بەڵگەی بوونی دەبەست. (ئیبن سینا دەڵێت: بوونی خوا، بوونێکی پێویستە). ئیبن روشد بەپێچەوانەی ئەمانەوە، پشت بەدوو بەڵگەی تایبەت بەخۆی دەبەست ئەوانیش: (بەڵگەی ئاگەداربوون و (بەڵگەی دزەپێکردن - الاختراع). لێرەدا تەنیا باسی بەڵگەی ئاگەداربوون دەکەین، باسی بەڵگەی دووەمیان ناکەین چونکە ئەمەمان لا گرینگترە. هەروەها ناچینە سەر ئەوەی کە ئیبن روشد چەندە سوودی لە بۆچوون و کارەکانی هزرڤانانی پێش خۆی یان ئیبن سینا وەرگرتووە. چونکە ئەم مەسەلەیە لە باسە سەرەکییەکەمان دوور دەخاتەوە و ئەوەش مەبەستی ئەم وتارەی من نییە. ئەوە گرینگە تەنیا باسی بەهێزی و سروشتی ئەم بەڵگەیە چییە واتە بەڵگەی ئاگەداربوون.

دیارە ئیبن روشد بۆ سەلماندنی بەڵگەی ئاگەداربوون ، پێی وایە بوونی (خاڵقێکی حەکیم) پێویستییەکی گرینگە، چونکە ئەو دەتوانێت ئاگەداری مرۆڤ بکات و هەموو شتەکانیش" "مەبەستی ئەو شتانەی کە لەسەر زەوی بوونیان هەیە" بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی مرۆڤ دروست کردووە[١]. وە بۆ ئەم بەڵگەیەش پشت بە دوو بنەڕەتی سەرەکی دەبەستێت.

یەکەمیان: هەموو ئەو شتانەی کە لێرەدا " مەبەستی سەر زەوی" هەن، هەموویان لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دێتەوە(یان یەک دەگرنەوە).

دووەمیان: ئەم یەکهاتنەوەیە (یەکگرتنەوەیە) بە دڵنیاییەوە لەلایەن کەسێکەوە "خوڵقێنەرێکەوە" ئەنجام دراوە. چونکە هیچ ڕێی تێ ناچێت، کە ئەم یەکگرتنەوەیە هەروا لەخۆڕا هاتبێتە کایەوە[٢] لێرەدا مەبەست لەم یەکگرتنەوەیە ئەوەیە، کە هەموو شتەکانی سەر زەوی، بۆ ژیانی مرۆڤ گرینگن و لە هەمان کاتیشدا پێویستین بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بێت. پاشان ئیبن روشد لەسەر

بۆچوونەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، بەتایبەت لەسەر بوونی بەڵگەی پێویست بۆ یەکبوون و ئاوێتەبوونی ڕاستیی بوونی خوا. کاتێک هەموو شتەکان (بوونەکان، موجودات) لەگەڵ بوونی مرۆڤدا یەک دەگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە یەقینێکی گەورە، بەتایبەت کاتێک سەیر دەکەین کە شەو و ڕۆژ، هەتاو و مانگ لەگەڵ بوونی مرۆڤ یەک دەگرێتەوە. هەروەها یەکگرتنەوەی هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، وە ئەو شوێنەی کە مرۆڤ لەسەری دەژی واتە زەوی، لە هەمان کاتیشدا ئاژەڵ، ڕووەک و جەماد، دڵۆپە بچووکەکانی باران، ڕووبارەکان، دەریاکان. هەوا، ئاگر، ئاو، هەموو شتەکانی تری سەر ئەم زەوییە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا یەک دەگرێتەوەو بۆ بەرژەوەندیی ئەو دروست بووە[٣] کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە بەم شێوەیە بەڵگەی (ئاگەداربوون) پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت، کە هەر چوار ڕەگەزە سروشتییەکان (زەوی، ئاگر، هەوا، ئاو) لەگەڵ بوونی مرۆڤدا یەک دەگرێتەوە. سروشت بەگشتی، بەهەر چوار ڕەگەزەکەیەوە (زەوی، ئاگر، هەوا، ئاو) لەگەڵ مرۆڤدا یەک دەگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت خزمەتی خۆشی و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤیش دەکات.

بەم شێوەیە مرۆڤ لەناو گەردوون و سروشتدا دەبێتە سەنتەرێکی گرینگ. وە بەم شێوەیەش هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی لە خزمەتی ژیانی مرۆڤ دا دەبن. تەنانەت ئاژەڵەکانیش هیچ مانایەکیان لە بووندا نییە، تەنیا بۆ ئەوە دروست کراون، کە لە خزمەتی مرۆڤ دا بن. ئاژەڵەکان بەگشتی وەکو دیارییەک بۆ ژیانی مرۆڤ دروست کراون. سروشت و پێکهاتەکانی خۆی لە خۆیدا هیچ نرخێکی نییە، تەنیا نرخەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا یەک دەگرێتەوە. تەنانەت مرۆڤ خۆشی سوود لەم یەکگرتنەوەیە دەبینێت. بۆ نموونە مرۆڤ سەیر دەکات، کە بوونی شەو و ڕۆژ لەبەر خۆشی و کار و کامەرانیی ئەو دروست بووە. هەروەها بۆ خۆشی دەبینێت، کە بوونی ئاژەڵەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە بۆ ئەوە دروست بوون، کە ببنە خۆراک بۆ مرۆڤ، هەتا وەکو بەردەوامی بەژیانی مرۆڤ بدەن.

هەروەها ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا لە نێوان سروشت و مرۆڤدا نییە، بگرە کاتێک سەیری لەشی مرۆڤ دەکەین، دەبینین ئاوێتەبوون و یەکگرتنەوە و هاوئاهەنگییەک لە نێوان دروستبوون و پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤدا هەیە. ئیبن روشد دەڵێت:

> (بەهەمان شێوە ئاگەداربوون لە ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ و ئۆرگانەکانی جەستەی ئاژەڵیش بوونی هەیە. من زیاتر مەبەستم لەوەیە، کە هەموویان لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤ یەک دەگرنەوە.[٤]

کاتێک سەیری ئۆرگان و پێکهاتەکانی ناو لەشی مرۆڤ دەکەین، دەبینین هەمووی بۆ خۆشی و بەردەوامیی ژیانی مرۆڤ و بوونی دروست بووە. بۆ نموونە کاتێک سەیری ئۆرگانی هەناسەدان دەکەین، دەبینین ئەم ئۆرگانە یارمەتیی مرۆڤ دەدا بۆ ئەوەی هەوای پاک هەڵمژێت. ئۆرگانەکانی تریش بەهەمان شێوە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست بوون. بەم شێوەیە دەبینین هەموو ئۆرگانەکانی

لەشی مرۆڤیش، بۆ سوودی مرۆڤ دروست بوون. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە مرۆڤ تەنیا نابێتە سەنتەرێکی گرینگی گەردوون، بگرە لەناو لەشی خۆشیدا، بووەتە سەنتەرێکی گرینگ. هەروەک چۆن هەموو شتەکان و پێکهاتەکانی تری سەر زەوی و سروشت، هەموو بۆ سوودی مرۆڤ دروست بوون، دەبینین بەهەمان شێوەش هەموو ئۆرگان و پێکهاتەکانی تری ناو لەشی مرۆڤیش بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی ئەو دروست کراون. هەموو شتێک لەم گەردوونەدا ئامانج و هیوای تەنیا مرۆڤە. لەم گەردوونەدا مرۆڤ دەبێتە دەسەڵاتدار و لووتکەی هەرەمی هەموو بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی.

لێ ئامانجی ئیبن روشد لەم هەموو بۆچوونانەی لەبارەی ئەوەی کە مرۆڤ سەنتەری گەردوونە، مەبەستی لە بەرگریکردن لە باری ئینسانی گەردوونەوە نەبووە، بەڵکە ئیبن روشد دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ئەم سەنتەری (ناوەندیبوونی) مرۆڤ لە گەردوون، ئەم یەکگرتنەوەی نێوان سروشت و مرۆڤ، لە ڕێگەی مرۆڤەوە نایەت، هەروەها لە ڕێگەی شانس و بەختەوە نەهاتووە، بگرە هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی بکەرێکی زانا و حەکیمەوە هاتووە. (مەبەستی خوایە). ئەو دەڵێت لێرەدا بکەرێک بوونی هەیە، چونکە هەر ئەو بکەرە وای کردووە، کە سروشت بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، سوود بە پێداویستییە گرینگەکانی ژیانی مرۆڤ بدات. ئاخۆ چۆن دەبێت ئەم هەموو یەکگرتنەوەیە بەبێ بوونی بکەرێکی ژیر هاتبێتە ئاراوە؟.

پاشان دەڵێت، گەر سروشتێک بەبێ بکەرێک بووایە، ئەوا هەموو گەردوون تووشی فەوزایەکی گەورە دەبووەوە و مرۆڤیش نەیدەتوانی کەشێکی وای دەست بکەوێت بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بێت. هەروەها لاشە و دەروونی مرۆڤیش نەیاندەتوانی بەردەوامی و ژیان بە مرۆڤ دەدەن.

بەم شێوەیە ئیبن روشد دەیەوێت لە ڕێگەی بەڵگەی (ئاگەداربوون) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بمانباتە سەر کرۆکی مەبەستەکەی، کە ئەویش ئەوەیە، کە بوونی بکەرێکی ژیر و ڕێکوپێک کە مەبەستی خوا بسەلمێنێت.

با لێرەدا بە وردی باسی ئەو بەڵگە و بنەڕەتە بکەین، کە ئیبن روشد پشتی پێ بەستووە و کە زۆر لە نووسەران و توێژەر بە بنەمای سەرەکیی فەلسەفەکەی دەزانن، ئەمەش بەتایبەت لە کتێبی (الكشف عن مناهج الادلة) دەردەکەوێت. دیارە ئەم بەڵگەیەش (مەبەستی ئاگەداربوون) لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراوە، ئەویش تیۆری (مەبەستداری، الغائية). (الغائية، مەبەستداری) دەبێتە هۆکاری سەرەکیی ئیبن روشد بۆ دامەزراندنی فەلسەفەکەی خۆی. لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەم دەستەواژە (مەبەستداری) شرۆڤە بکەم.

جێگەی ئاماژەیە گرێی (مەبەستداری) دەردێکی ئەرستۆییە، ئەمەش ئەرستۆ جارێکی تر گیانی بە بەر داهێنایەوە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو مێژووی فەلسەفەدا نەمابوو. وە ئەمەشی کردە چەکێک و لە دژی هەوادارانی فەلسەفەی مادی ـ سروشتی، کە فەیلەسووفانی پێش سوقرات پەیڕەوییان دەکرد.

جێگەی ئاماژەیە فەلسەفەی پێش سوقرات، بەشێوەیەکی بێگەرد و ئازاد و کراوە بووە و دوور بوە لە ڕەگەزی (مەبەستدار، الغائي). وە ئەم ڕەوتە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی لە دیدی فەیلەسووفی دیاری یۆنانی هیراقلیتیس دەردەکەوێت. دیارە ئەم فەیلەسووفە یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی پێش سقرات. جێگای ئاماژەیە هیراقلیتیس مافێکی گەورەی بە فەلسەفە دا کاتێک گەیشتە ئەو بەرەنجامەی کە (بوون) مانایەکی بەردەوامی هەمیشەییی هەیە و هیچ ئامانج و مەبەستێکی نییە. بوونی ئەم سیلانە مەزنە، کە بەبێ وەستان و دابڕان دەڕوات، هیچ ئامانج و مەبەستێک لەم سیلانە بەردەوامە نییە. جێگەی ئاماژەیە ئەمە تەنیا دیدی هیراقلیتیس نەبووە، بگرە زۆربەی فەیلەسووفەکانی پێش ئەویش ، شرۆڤەی سروشت و یاساکانیان کردووە، بەبێ ئەوەی پشت بەڕەگەزی (مەبەستدار) ببەستن. لێ هیراقلیتیس هات، تۆنێک و ئاوازێکی باشی (پۆزەتیڤی) دایە ئەم نەبوونییە. بە دڵنیاییەوە هیراقلیتیس هەنگاو و تەوژمێکی گەورەی بەم بۆچوونە دا، کە پێی وایە سروشت و بوون، بەبێ هۆ و مەبەست دروست بووە. لێ نەمانی دیدی (مەبەستدار) مانای نەمانی بوونی شانس و لەخۆڕابوونی سروشت ناگەیەنێت، هەروەک هەندێک وای بۆ دەچن، بگرە بەپێچەوانەوە نەمانی دیدی (مەبەستدار)، بوونێکی زاتی و تەلقائی، عەفەوی و ساکار دەداتە سروشت.

بە دڵنیاییەوە فەلسەفە بەخێرایی کەوتە داوی موهاتەراتی دیدی (مەبەستدار) و کەوتە پاشەکشەکردنەوە. جێگەی ئاماژەی فەلسەفەی ئەرستۆ هۆکاری دروستبوونی ئەم پاشەکشە و داڕمانەی فەلسەفە بوو. لە کاتێکدا ئەو (ئەرستۆ) پێی وابوو داهێنانی ڕەگەزی (مەبەستدار) لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا، ئیمتیاز و پێشکەوتنێکی گەورە دەداتە فەلسەفە. ئەرستۆ زۆر بەداخ بووە بۆ ئەوەی کە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی، دیدی جووڵەبوونی نەبووە، پاشان دەڵێت (ئێمە ناتوانین گۆڕان لە سۆنگەی بوونەوە ببینین) لە حالەتێکدا ئێمە ئەم دیدەمان لای هیراقلیتیس لە جووڵەی بەردەوامدا هەیە. لە کاتێکدا ئەرستۆ ئاماژە بەئامانج دەکات، مەبەستیش دەکاتە پرەنسیپێکی زۆر قووڵ. مەبەست دەبێتە پرەنسیپێک جێگیربوونی خۆی لەناو خۆیدا دەبینێتەوە، هەر لەناو خۆشیدا بڕیاری دەرچوونی دەدرێت. بەم شێوەیە مەبەست دەکرێتە هەق و بەشێوەیەکی ڕاستی و ساکار بۆ خۆی دەبێت، وە بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی بوونی هەموو شت و بوونەکانی تری جیهان(٥).

ئەرستۆ ڕەخنە لە فەلسەفەی پێش سوقرات دەگرێت، چونکە پرەنسیپی (مەبەستداری) بوونی نییە. ڕاستییەکەی ئەرستۆ تیری ڕەخنەی خۆی ئاراستەی هیراقلیتیس کردووە، هەر ئەمەش وای لێ کردووە کە لەگەڵ ئەودا بەشێوەیەکی توند بکەوێتە موجادەلەیەکی گەورەوە و دژی بوەستێتەوە. هەر ئەمەش بابەتی بەردەوامی خۆبەخۆ و ساکاری بەرەو هەنگاوێکی زۆر پاڵناوە. لای هیراقلیتیس (هەموو جووڵەیەک بەبێ پەنا و مەبەستێک هەنگاو دەنێت(٦). لەگەڵ ئەرستۆدا فەلسەفە بوو بەدیلی پرەنسیپی (مەبەستداری). لای ئەرستۆ جووڵەی بوون ناکرێ جووڵەیەکی خۆبەخۆ و ئیعتباتی بێت) ئەو بەبێ (مەبەست) ناتوانێت دروست ببێت. لەبەر ئەوە ئەرستۆ هۆکاری (مەبەست)ی بە

دایکی هۆکارەکانی داناوە. چونکە هیچ هۆکارێکی مادی یان وێنەیی تەنانەت هۆکاری بکەریشی هەموویان لەبەر هۆکاری (مەبەست) دروست بوون (واتە ئەو بەسەرچاوەی هەموو هۆکارەکان دادەنرێت).

لەبەر ئەوە دەبینین فەلسەفە نەیتوانی لەژێر چەپۆکی بیری مەبەستداری ڕزگاری بێت. لە حاڵەتێکدا ئەم پرەنسیپە بووەتە هۆی بێ هێزی فەلسەفە و بیری فەلسەفی، چونکە جووڵەی بوون سەر بەرەوخوار دەبێت. لێرەدا مەبەست دەبێتە پرەنسیپ، هەر ئەویش دەبێتە سەرەتای بەردەوامی. لێرەدا ئامانج و هۆکاری بەردەوامی لە خۆیدا نییە، بگرە لە مەبەستەکەیدایە. هەر بەم شێوەیەش بوون دیلی پرەنسیپێکە کە لە خۆی بڵندترە و پێشکەوتووترە. لێرەدا مەبەست لە بوون بڵندترە، چونکە ئەو دەیجووڵێنێ و مانای پێ دەدا.

دیارە زاڵبوونی بیری (مەبەستداری) لەسەر لێکۆڵینەوەی مانای بوون (الوجود)، تەنیا ئەم بوارەی نەگرتەوە، بگرە بوارەکانی تریشی گرتەوە و ئەوانیش سزا و بەرەنجامی خراپیان بینی. بەتایبەت تیۆری مەعریفە زۆر ئازاری بە دەستی زاڵبوونی پرەنسیپی مەبەستداریوە بینی.

بەم شێوەیە مەعریفە، هەتا مەبەستی بوونەکەی دیاری نەکەین، هیچ مانایەک نادات. هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندییان بە هزر و هەستەوە هەیە، هیچ مانا و نرخێکیان نییە، هەتا مەبەست و ئامانجیان دیاری نەکەین. بەم شێوەیە مەعریفەیەک گەر مەبەستەکەی نەزانین، بە مەعریفەیەکی نووقسان و شێواو دادەنرا. زانین و تێگەیشتنی مانای شتەکان تەنیا لە ڕێگەی زانینی مەبەستەکانیانەوە دەبێت. لێرەوە مەبەست، لە پشتی هەموو کار و کردارێکەوە دادەنرێت. وە ئەوەشی مەبەستێکی نەبێت ، هیچ کار و کردارێکیشی نابێت. کار کاتێک دیاری دەکرێت و مانایەک دەدات، لەو کاتەی کە مەبەستەکەی دەردەکەوێت. گرێی مەبەستداری دەبێتە هۆی دروستبوونی پرۆسەی مەعریفە، هەر ئەویش هەلی ئەوە دەداتە ئەندێشە و هزری مرۆڤ، هەتا وەکو مەعریفەیەکی تەواو و باشی لەبارەی کردارێکەوە دەست بکەوێت.

جێگەی ئاماژەیە ئیبن روشد یەکێک بوو لەو کەسانەی کە شرۆڤەی فەلسەفەی ئەرستۆی کردووە. لێ ئەمە لە گرینگیی ئیبن روشد کەم ناکاتەوە. بەهێزیی ئیبن روشد لە ڕووی فەلسەفییەوە، تەنیا لە ڕووی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە نەبووە، وە تەنیا شرۆڤەی کتێبەکانی مامۆستا یەکەمەکەی نەبووە. بگرە کارەکانی ئیبن روشد بە پلەی یەکەم توانی بنەڕەتێکی تەواو بۆ فەلسەفەی مامۆستا یەکەمەکەی دابڕێژێت. بەواتایەکی تر ئەو توانی بەشداری لە پێکهاتن و پێشکەوتنی بکات و لە هەمان کاتیشدا توانی فەلسەفەکەی لەگەڵ شێوە نوێکانی ئەو سەردەمەی فەلسەفە بگونجێت. وە ئەم گونجاندنەی فەلسەفەی مامۆستاکەی، لە زۆر مەفهوم و کاتدا بەدیار دەکەوێت. ئێمە ئەم گونجاندنە لە مەفهومی ئاگەداربوون و پێوەندی بەگرێی مەبەستداری (الغائیة) بەدی دەکەین.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ڕەگ و ڕیشەی بەڵگەی (ئاگەداربوون)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ و

ئەو بەداهێنەری ئەم ڕەگەزەی فەلسەفە دادەنرێت. جێگەی ئاماژەشە بەڵگەی (ئاگەداربوون) بەبێ گرێی (مەبەستداری)، هیچ مانایەک و گرینگییەکی نابێت. ئەم ڕەگەزەی فەلسەفە پێی وایە کە گەردوون بۆیە دروست بووە، چونکە مەبەستێکی دیاریکراو لەم دروستبوونەدا هەیە ئەویش بەرژەوەندسی مرۆڤە. ئیبن روشد لە یەکێک لە وتەکانیدا، کە باسی پێوەندیی نێوان بەڵگەی (ئاگاداربوون) گرێی (مەبەستداری) دەڵێت:

(ئەوەی بەدوای بوونی گەردووندا بگەڕێت، مەبەستم ئەوەیە هۆی دروست بوونی چییە، وە چ ئامانجێکی مەبەستە، تەنیا لە ڕێگەی مەفهومی (ئاگەداربوون) وە دەتوانین لەم حاڵەتە تێ بگەین[٧]).

لە ڕێگەی زانینی ئامانج و مەبەستەوە، دەتوانین لە بەڵگەی (ئاگەداربوون) بەشێوەیەکی باش و تەواو تێ بگەین. گرێی (مەبەستداری) بنەڕەت و کۆڵەکەی سەرەکیی فەلسەفەی ئیبن روشد دادەنرێت. هەموو دەردێک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەرد و پڕەنسیپی یەکەم.

ئیبن روشد دەڵێت:

(هەموو دەردێکی کاریگەر دەگەڕێتەوە بۆ بکەری یەکەم، دەردێکی وێنەیی بۆ وێنەی یەکەم، گرێی مادی، بۆ یەکەم مادە. گرێی مەبەستدار، بۆ مەبەستی یەکەم، وە بەم شێوەیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە هەموو ئەم چوار گرێیەش (بکەری، وێنەیی، مادی، مەبەستداری) هەموو دەگەڕێنەوە بۆ گرێی یەکەم[٨].

بەم شێوەیەش دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە هەموو گرێی (مەبەستداری) لە پشت دروستبوونی هەموو کائینەکانە. وە هەموو بوونێکیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، هەر ئەویش سەرچاوەی هەموو بوونەکانە. هەموو دەردێک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەرد و سەرچاوەی یەکەمی. هەر ئەمەش بنەڕەتی بیرکردنەوەی ئیبن روشد بووە و بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستی کۆتای کە برێتیی بووە لە ڕەگەزی (ئاگەداربوونە)[٩].

بەم پێیە ئیبن روشد پێی وایە کە فەلسەفە و حیکمەت، سەرچاوە و بنەڕەتی سەرەکین بۆ ئەوەی بوونی خوای پێ بسەلمێنین. بەم شێوەیەش فەلسەفە دەکەوێتە پێش ئاین، چونکە بەڵگەی تەواوەتیی پێیە بۆ ئەوەی بوونی خوا بسەلمێنێ. ئەمەش بە یەکێک لە هەڵوێستە ناسراوەکانی ئیبن روشد لەبارەی پێوەندیی فەلسەفە و ئاینەوە دادەنرێت. بەپێی بۆچوونی ئیبن روشد، فەلسەفە خوشکی ئاینە، وە هیچ دژایەتی و ململانێیەک لە نێوانیاندا نییە، بگرە بەپێچەوانەوە، تەواوکار و تێکەڵاوی یەکترین.

فەلسەفە پێش ئاین دەکەوێت ئەویش بەهۆی ئەوەی دەتوانێ ئامرازی مەنتیقی بۆ سەلماندنی بیروباوەڕەکانی بەکار بهێنێ. وە هەر ئەم تێکەڵی و تەواوکارییەی نێوان فەلسەفە و ئاین، لەبارەی بەڵگەی (ئاگەداربوون)ەوە لە ئاینیدا ئاماژەی پێ کراوە. هەر ئەم بەڵگەیە و هۆکاری مەبەستدار،

کە ئەرستۆ گۆڕانکاری و نوێکاریی تێدا کرد، بەشێوەیەکی زۆر دیار لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە. بەدڵنیاییەوە ئیبن روشد ئەم بەڵگەیەشی لە قورئان دەرهێنابوو. هەروەک خۆشی دەڵێت:

(ئەو ڕێگەیەی کە کتێبی پیرۆز ئاگەدارمان دەکا، وە بەشێوەیەکی دیاریش هەموو ڕووەکانی ئەم بابەتەی دیاری کردووە. هەر بۆیە یەکسەر کتێبی پیرۆز دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بوون لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێک دێت: ڕاوەستان لەسەر ڕێگەی ئاگەداربوونی مرۆڤ، ڕێگەی دووەمیش، چی دەبێتە هۆی دروستبوونی شتەکان (موجودات)[١٠]

تەنانەت ئیبن روشد بۆ شرۆڤەکردنی گەردوونی ئاسمانیش پشت بەهەمان بەڵگە دەبەستێ، دەڵێت ئەم هەموو شتانە بەبێ کاری بکەرێکی حەکیم ڕێگەی تێ ناچێت. هەروەک خۆشی لە کتێبی (تهافت التهافت) دەڵێت:

(هەروەک لە کتێبی پیرۆز "قورئان"دا هاتووە کە بەڵگەی ئاگەداربوون دەردەخات و هەموو ئەم گەردوونە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست بووە، هەروەک لەم ئایەتەدا خوای بەخشندە دەفەرموێت {سخر لكم الليل والنهار}[١١]

پاشان ئیبن روشد هاتووە شرۆڤەی ئەو ئایەتە قورئانییانەی کردووە، کە بەڵگەی ڕەگەزی (ئاگەداربوون) یان ئەوانەی ئاماژە بە مەفهومی (مەبەست) دەدەن، کردووە. ئەو ئایەتانەی کە ڕەگەزی (ئاگەداربوون) دەردەخەن شرۆڤەی کردووە لەوانە {الم يجعل الارض مهادا والجبال اوتادا} (سورة الاعراف، ١٨٤). هەروەها ئایەتی { وجنات الفافا} (سورة، ٦) وە هەروەها {تبارك الذي جعل في السماء بروجا وجعل فيها سرجا وقمرا منيرا} (سورة الفرقان، ٦١) هەروەها ئایەتی { فلينظر الانسان الى طعامه} (سوره عبس (٢٤). وە کۆمەڵێک ئایەتی زۆری قورئانی تریشی لەم بارەیەوە شرۆڤە کردووە[١٢]

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە حیکمەت و شەریعەت هەردووکیان یەک ئامانجیان هەیە، بگرە هەردووکیان یەک مەنهەج و یەک ڕێگەش پەیڕەو دەکەن. هەردووکیان یەک بۆچوونی مەبەستداریان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مەبەستی بوونی زەوی و ئاووهەوا و ئاگر، هەموویان بۆ خۆشیی مرۆڤ دروست بوون. هەروەها مەبەستی ئۆرگان و بەشەکانی جەستەی مرۆڤیش پارێزگاریکردنە لە ژیانی مرۆڤ. وە هەر ئەم مەبەستەش بەشێوەیەکی ئاسایی دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بوونی بکەرێکی حەکیم و داهێنەر بسەلمێنێت (بەواتایەکی تر بوونی خوا بسەلمێنێت).

ئەمە بۆچوونی ئیبن روشد بوو بۆ مەفهومی (ئاگەداربوون) وە هەر ئەمەش بووەتە بنەڕەت و ئامانجی ئاینی و فەلسەفیی ئەم فەیلەسووفە. لێ ئێستا با بزانین سپینۆزا چۆن چارەسەری ئەم مەفهومەی کردووە، بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ هەمان ڕێگەی ئیبن روشدی گرتووە یان نا.

دیاره سیپۆنزا لە ڕێگەی کتێبی (نامەیەکی کورت)ەوە لە دەرگەی باسی (ئاگەداربوونی) داوە. لێ پرسـیـاری گـرینگ لەوەدایە، ئاخـۆ ئەمـە مـانـای ئەوە دەدات، کـە ئەویش هەمـان ڕێگەی ئیبن ڕوشدی گرتووەتە بەر؟ وە ئاخۆ بەتەواوەتی بۆچوونی فـەلسـەفیـیـانەی ئیبن ڕوشـدیانەی بوو؟ یان بەواتایەکی تر وەکو ئەو بیری دەکردەوە.؟ هەروەک هەندێک پسپۆڕ و زانای وای بۆ دەچن.

با ئێستا بگەڕێینەوە سەر کتێبی (نامەیەکی کورت)و سەیری ئەو دەقە بکەین کە تێیدا بابەتی (ئاگەداربوون) باس کراوە. سیپۆنزا دەڵێت:

> (ئاگەداربوون، بەنیسبەت ئێمەوە هیچ نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بریتییە لە هەوڵدانێک کە لە ڕێگەیەوە هەموو سروشت و هەموو بوونەوەرە بچووکەکان بوونی خۆیان دەپارێزن. وە ئەمە زۆر بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت، چونکە سروشتی هیچ شتێک هەوڵی لەناوبردنی خۆی نادا، بگرە بەپێچەوانەوەیە. هەموو شتێک لەناو بوونی خۆیدا" خودی خۆیدا" کار بۆ مانەوەی خۆی دەکات، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بەرەو باشتربوون دەدات. هەر لەسەر ئەم ڕاستیەش دەتوانین بگەینە ئەو بەرەنجامەی، کە تێیدا دەتوانین" ئاگەداربوونی گشتی و ئاگەداربوونی بەشەکی" جیا بکەینەوە. ئاگەداربوونی گشتی ئەو ئاگەداربوونەیە کە لە ڕێگەیەوە هەموو شتەکان وەکو یەکەیەکی پتەو بەشێکن لە کۆی گشتی، لێ ئاگەداربوونی بەشەکی ئەوەیە کە بەشەکان هەوڵ دەدەن نەک وەکو ئەوەی بەشێکن لە کۆی گشتی، بگرە هەر بەشە و هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات[١٣].

بەم شێوەیە دەبینین کە سیپۆنزا مەفهومی ئاگەداربوون بەکار دەهێنێت، لێ ئەو شێوە و چوارچێوەیەی ناداتێ کە ئیبن ڕوشد پێشتر پێی داوە. ئاگەداربوون ئەو شتە نییە کە لە کۆمەڵێک خەیراتی سروشتی بێت کە خوا بۆ مرۆڤی دابێت، بگرە مانا و مەبەستی خودی سروشت دەگەیەنێت. ئاگەداربوون هێزی بوونی شتەکان دەگەیەنێت. ئەو توانای گشتی لە مەبەست و مانا و بوون و مانەوەی هەموو شتێک دەگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕەگەزی ئاگەداربوونە مرۆڤ (واتە بەشە بچووکەکان) و خوا (واتە سروشتیش) دەگرێتەوە.

ڕەگەزی ئاگەداربوون ئەو سوودەی نییە کە لەلای ئیبن ڕوشد هەیەتی. ئەو پێی وابوو، ئاگەداربوون بریتییە لە دیاری و فەزڵێکی خوا بۆ مرۆڤ، گەر کاتێک مرۆڤ لەم دیاری و فەزلەی خوا پێ بزانێت ئەو کات لە بوونی خواش تێ دەگات. بەپێچەوانەوە ئاگەداربوون لای سیپۆنزا مانای هێزێکە کە هەموو بەشەکانی سروشت دەگرێتەوە.

هەموو تاکێک لە تاکەکانی سروشت بەشدارە لە بوون و هەوڵی مانەوەی بوونی خۆشی دەدات. لای سیپۆنزا ئەم هەوڵدان و چالاکییە، مانای گشتیی ڕەگەزی ئاگەداربوونەوە دەگەیەنێت. سیپۆنزا دەڵێت:

(پێشتر ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە ئاگەداربوونی خوایی و ئازادیی مرۆڤ هەردووکیان ئاوێتەی یەکترین و لە یەک چوارچێوەدان، لە کاتێکدا گەر ئەم دوو مەفهوومە لە مانا خەیاڵی و نەریتییەکەی دەربکەین، واز لەوە دەهێنین کە ئاگەداربوونی خودایی لە دەرەوەی بوونە، وە ئازادیی مرۆڤیش هێزێکی سەربەخۆی بوونە. ئەو کردارەی کە لە ڕێگەیەوە خوا لەناو سروشتی خۆماندایە، ئەو کردارە لەناو خۆماندا بوونی هەیە. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە: ئێمە چەندە بە خوداوە بەستراوینەتەوە هێندەش بە خۆمانەوە دەبەسترێینەوە، بەپێچەوانەشەوە، چەندە بەخۆمانەوە ببەسترێینەوە هێندەش بە خواوە دەبەسترێینەوە.[١٤]

مەفهومی ئاگەداربوون لە فەلسەفەی سیپۆنزادا برێتییە لە، یەکەتییەک لە نێوان سروشتی مرۆڤ و جەوهەری موگلەق بەمانایەکی تر (خوا). لێرەدا لە نێوان ئەم دووانەدا ڕووبەڕووبوونەوە نییە، بەڵکە تەواوکەری یەکترین. هەریەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات و هەریەکەیان شرۆڤەی ئەوی تر دەکات. بۆ نموونە بەپێی ئەو بۆچوونەی سیپۆنزا، کاری خوا شتێکە کە لە سروشتەوە، نامۆ و دوور نییە، کاری خوای گەورە ئەوە نییە کە خەیراتی خۆی بەسەر مرۆڤدا ببارێنێ بۆ ئەوەی دان بەبوونیدا بنێت و سوپاسگوزاری بێت. لەبەر ئەوە ئێمە لێرە لە فەلسەفەی سیپۆنزادا، لە بەرامبەر بۆچوون و دیدێکی ئەنتۆلۆجیی تەواوداین.

بەم شێوەیە زۆر بەڕوونی ڕەگەزی "ئاگەداربوون" لە کتێبی (نامە کورتەکاندا) هاتووە، دوورە لە هەموو بوعدێکی لاهوتی، هەروەها لە هەموو بوعدێکی مرۆڤیّ و تەشبیهی دوورە، هەروەک لای ئیبن روشد زۆر دیارە. بەم شێوەیە دەبینین کە بۆچوون و دیدی سیپۆنزا تەواو لە بۆچوون و دیدی ئیبن روشد جیاوازە. کاتێک کە ئیبن روشد پێی وابوو ئاگەداربوون کارێکە لەلایەن خوا هاتووە. هە ربۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە بوونی خوا تێ بگات و هەتا وەکو بەڵگەیەکی باشی بەرچاو نەکەوێت (لێرەدا نووسەر مەبەستی لە بەڵگەی مەبەستدارییە کە پێشتر بەدرێژی باسمان لێوە کرد. وەرگێڕ)

کارەکانی خوای گەورە لە بواری ئاگەداربووندا کە پێشکێشی مرۆڤی دەکات، ئەوان دەتوانن مرۆڤ لە مانا و بوونی خوا پێشان بدەن. بەڵام لای سیپۆنزا ئێمە بۆچوونێکی تر دەبینین، لێرەدا مەفهومی ئاگەداربوون، سروشت، خوا، بەشە بچووکەکان بۆ نموونە مرۆڤ، هەموو ئەمانە مەفهومی ئاگەداربوون دەگرێتەوە. لای سیپۆنزا ئاگەداربوون کارێکی خوا نییە، بگرە برێتییە لە کاری بەکۆمەڵی سروشت.

دیارە کتێبی (نامە کورتەکان) یەکێکە لە کارە کۆنەکانی سیپۆنزا. بەمانایەکی تر، ئەم کارەی سیپۆنزا دەگەڕێتەوە بۆ تافی گەنجی تەمەنی. لە هەمان کاتیشدا سیپۆنزا هەمان هێڵی بیرکردنەوەی ئیبن روشدی نەگرتۆووەتە بەر، وە هەمان بۆچوون و تەشبیهاتەکانی ئەوی بۆ مەفهومی ئاگەداربوون بەکار نەهێناوە، بگرە تەواو جیاوازە. ئەو توانی هێڵی خۆی دیاری بکات،

هەر لە سەرەتای قۆناخی گەنجیی خۆیدا، توانی ڕێچکەیەکی نوێ دابنێت و تەقە لە دەرگەیەکی داخراوی فەلسەفی بدات، کە پێشتر ئیبن روشد پەی پێ نەبردبوو، وە هیچ بەلاشیدا نەچووبوو، بگرە بەپێچەوانەوە ئەو خۆی لێ دوور خست و خۆی نەخستە ناو ترسی ئەو بابەتانەوە.

لێ ئەم بۆچوونە نوێیە کە لە کتێبی (نامە کورتەکان)دا لەبارەی مەفهومی ئاگەداربوونەوە نووسرابوو، هیچ هیوا و ئاواتەکانی سیپۆنزای تێر نەکرد، بەتایبەت لە بوارەکانی سروشت و مرۆڤ شتی زیاتری دەویست. لەبەر ئەوە لە کارەکانی داهاتوویدا وازی لە مەفهومی ئاگەداربوون هێنا، چونکە شاراوەیی و ئاڵۆزییەکی بێ تامی پێوە دیاربوو. هەر لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی پێوەندسی خۆی نەک لەگەڵ ئەو مەفهومە تەقلیدییانەی کە ئیبن روشد رەواجی پێ دان، بگرە لەگەڵ خود و چوارچێوەی ئەم مەفهومەش بڕی. ئەم پرۆژەیەش لە کتێبە گرینگ و پڕ بایەخەکەیدا (ئیتیقا) دەبینین، کە بەشێوەیەکی گشتی هێرشی کردۆووەتە سەر هەموو مەفاهیمە تەقلیدیەکانی پێش خۆی.

کاتێک کتێبی (ئیتیقا) دەخوێنیتەوە هەڵوێستێکی زۆر دژی بەفەلسەفی ئیبن روشد دەبینیت. بەتایبەت ئەم هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی توندی لەبارەی کۆڵەکەکانی مەفهومی (ئاگەداربوون) ئیبن روشدەوە نووسیوە. سیپۆنزا لە کتێبی (ئیتیقا) هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لەناو بردنی مەفهومی مەبەستداریەوە ، کە ئیبن روشد بۆ مەفهومی ئاگەداربوون پشتی پێ دەبەست. سیپۆنزا لە کتێبی ئیتیقا پێی وایە کە مەفهومی مەبەستدار هۆکاری سەرەکیی حوکمی بڕیاردانی پێشوەختە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی زیهنی مرۆڤ.

سیپۆنزا لەسەر حوکمی بڕیاردانی پێشوەختی دەڵێت:

> (زۆرن دەیانەوێت ئەوەمان بەسەردا بسەلمێنن، کە هەموو شتێکی "سروشت" ، وەکو ئەوان کار بۆ ئامانجێک دەکات، لەوەش زیاتر دەڕۆن دەڵێن، خوا هەموو شتێکی لەبەر ئامانجێک دروست کردووە، وە خواش هەموو شتەکانی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ دروست کردووە، هەروەها خوا بۆیە مرۆڤیشی دروست کردووە، هەتا وەکو مرۆڤ خوا بپەرستێت)(١٥)

سیپۆنزا پێی وایە هەموو ئەم وەهمە مەبەستدارییە لەوەوە سەر هەڵدەگرێت، کە ئەو مرۆڤانە جاهیلن و لە ڕاستی و هۆی سەرەکیی بوونی شتەکان چییە ئاگەدار نین. سیپۆنزا دەڵێت:

> (هەموو مرۆڤێک هۆکاری سەرەکیی شتەکان نازانێت، هەر بۆیە هەموویان تەنیا ئاواتەخوازی ئەو شتانەن کە سوودی بۆ خۆیان هەیە وە بەم شێوەیەش هۆشیاریی خۆیان لەسەر ئەو شتانە دادەنێن)

ئەم جەهل و نەزانینە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ هەموو وەختێک بەدوای سوود و بەرژەوەندیی خۆی دەگەڕێت، هەر ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کە ئەو باوەڕە توند و گەرمەی لا

دروست بێت کە ئازادە لە هەڵبژاردنی شتەکاندا. تێنەگەیشتن لە هۆی کار و باوەڕەکانی، شوێنێک لە وەهمی ئازادی لا دروست دەکات. لێ ئەم جەهلە بەرەو ئەنجامێکی ترمان دەبات، ئەنجامێک کە بۆ لێکۆڵینەوەی مەفهومی ئاگەداربوون زۆر بەلامانەوە گرینگ و پێویستە. ئەم ئەنجامە پێوەندیی بەباوەڕی مرۆڤەوە هەیە، کە پێی وایە، بوونی ئامانج و مەبەستەکان، لە پشت هەموو شتێکەوەن.

سیپۆنزا دەڵێت:

(هەموو کاتێک مرۆڤەکان کردارێک دەکەن، لەبەر مەبەستێک، بەواتایەکی تر لەبەر سوودێکی تایبەت بەخۆیان. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کەئەوان هیچ هەوڵی ئەوە نادەن لە هۆی ئامانجی ئەو شتانە بزانن، ئەوان کاتێک کە زانییان مەبەستەکە چییە هێور دەبنەوە، لەبەر ئەوە هیچ گومانیان نامێنێ. وە ئەگەر هاتو نەیانتوانی لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە ئەم زانیارییە بزانن، ئەوا ناچار دەبن بگەڕێنەوە بۆ لای هزر و تێڕامانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە ناچاریان دەکات کە بەم کارانە هەڵسن، وە بەم شێوەیەش حوکمی خۆیان لەسەر کاروکرداری خەڵکی تر دەردەکەن. لەلایەکی تریشەوە، مادام ئەوان لەلایەن خۆیانەوە دەتوانن لە ڕێگەی هزر و تێگەیشتنی خۆیان و دەوروبەریان، کۆمەڵێک ئامراز بدۆزنەوە کە یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بزانن چی بەسوودە و باشە بۆیان، بۆ نموونە چاو بۆ بینین، ددان بۆ خواردن، ڕووەک و گژوگیا و ئاژەڵەکان بۆ خواردن، خۆر بۆ ڕووناکی، دەریا بۆ بەخێوکردنی ماسی... هتد، وە بەم شێوەیە ئەوان بۆچوونیان بۆ شتە سروشتییەکان بەو شێوەیە کە هەموو ئەم شتانە وەسیلەیەکن بۆ سوودی ئەوان دروست بوون[١٦].

سیپۆنزا پێی وایە جەهل و نەزانین لە هۆکاری ڕاستیی شتەکان، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بوونی مەبەستەکان لە پشت دروستبوونی هەموو شتەکانەوەیە. وە باوەڕبوون بەم مەبەستانەش وامان لێ دەکات کە باوەڕ بە بەڵگەی ئاگەداربوون بهێنین.

پاشان سیپۆنزا دەڵێت:

(مادام زانییان کە ئەم ئامرازانەی کە دۆزییانەوە خۆیان دروستیان نەکردووە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت بکەرێک یان کەسێک ئەم ئامرازانەی دروست کردبێت. گەر کاتێک نەتوانن سەیری شتەکان بکەن وەکو وەسیلە، باوەڕکردن بەوەی کە ئەم شتانە خۆی لە خۆیدا دروست بووە، بەڵام ئەو وەسیلانەی کە فێر بوون بۆ خۆیان بەدەستی بهێنن، بوونێکی ئاسان و سادەی سروشت دەبینین، وە بەم شێوەیەش چێژ لە ئازادیی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەو کەسە سادە هزرانە باوەڕیان وایە هەموو شتەکان بۆ سوودی خۆیان بەکار دەهێنن. بەڵام کاتێک ئەوان

له ئامانجی دروستکردنی ئەم شتانە نازانن، ئەوان یەکسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەڕوانن، تەسلیمی ئەو بۆچوونە دەبن، کە خوا هەموو شتەکان بۆ خزمەتی مرۆڤ دروست کردووە تا بەکاری بهێنن، لە هەمان کاتیشدا تا خوا بپەرستن و باوەڕی پێ بهێنن)

جێگەی ئاماژەیە لێرەدا مەبەستی سیپۆنزا ئەو شتەیە کە ئیبن روشد ناوی لێ ناوە (ئاگەداربوون)..

سیپۆنزا پێی وایە، نەزانینی هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکیی شتەکان و خزاندنە ناو بیری (مەبەستداری)، دەبێتە هۆی دروستبوونی بەڵگەی (ئاگەداربوون).. لێ کاتێک بزانین کە ئەم بەڵگانە لە سەرچاوەیەکی بۆشەوە هاتوون ، بەمانایەکی تر جەهل و نەزانینی هۆکاری ڕاستەقینەی شتەکان، بەرەو ئەنجامی بۆشمان دەبات. بگرە ئەو کەسانەی کە پێیان وایە بەڵگەی (ئاگەداربوون). بەرەو وەهم و گەمژەییمان دەبات و زەرەریشی بۆ سروشت دەبێت و زانینی تەواوەتیمان دەست ناکەوێت. سیپۆنزا دەڵێت:

(ئەوانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن تێمان گەیەنن کە دروستبوونی سروشت هیچ مانایەکی نییە" بەواتایەکی تر هیچ سوودی بۆ مرۆڤ نییە " ئەوانە هیچیان تۆمار نەکردووە، جگە لەوەی کە سروشت وەکو مرۆڤ بەهۆی سەرلێشێواوییەوە لەناو دەچێت. تکاتان لێ دەکەم سەیری ئەم شتەی کۆتای بکەن.[١٧]

دیارە مەسەلەکە تەنیا بەمەشەوە ناوەستێ، بگرە ئەو فەیلەسووفانەی کە بوونەتە قوربانیی وەهمی بیری (مەبەستداری)ە وە، گەیشتوونەتە ئەو بیر و بۆچوونەی کە خواش بەهەمان شت بشوبهێنن. واتە خواش وەکو مرۆڤ هەموو کارێک بۆ ئامانج و مەبەستێک دەکات. دەنا چۆن دەبێت هەموو کارەکانی بەخت و ڕێککەوت بێت؟ دیارە ئیبن روشد خوای وەکو مرۆڤ نەشوبهاندووە، بەڵام بۆچوونی بۆ مەبەستی شتەکان وەکو ئەو داناوە. سیپۆنزا پێی وایە سەرلێشێواوی بیری (مەبەستداری)، گەورەترین وەهم و شتی هیچی هێناوەتە کایەوە. چونکە لەبارەی سروشت و خوا، بۆچوونێکی هەیە، کەزۆر لە ڕاستی و یەقینەوە دوورە.

مادام خوا هیچ کارێک بەبێ مەبەست ناکات، کەواتە هەتا مەبەستێکی نەبێت کارەکانی تەواو نییە. بۆچوونی (مەبەستداری) مەعریفەیەکمان پێشکێش دەکات کە پێی وایە خوا و سروشتیش سیفەتی کامڵیان نییە، لە هەمان کاتیشدا بۆچوونێکی نادیار و تەڵخمان پێشکێش دەکات. هەر بۆیە سیپۆنزا پێی وایە دەبێت بۆچوونی (مەبەستدار) نەمێنێ، چونکە کەمترین پلەی مەعریفەی پێشکێشی مرۆڤایەتی دەکات. هەروەها پێشی وایە دەبێت بۆچوونی ئیبن روشدی لەبارەی مەفهومی (مەبەستداری)یەوە لاببرێت. چونکە ئەم بۆچوونە زۆر نادیار و ناڕۆشنە و مەعریفەیەکی بۆش لەبارەی سروشتی خوا پێشکێش دەکات.

بەم شێوەیە دەبینی کە بۆچوونی سیپۆنزا دەچێتە قاڵبێکی دژ بەبۆچوونی ئیبن روشدەوە. فەیلەسووفەکەی شاری قوورتوبە، بۆچوونی خۆی لەسەر دیدی (مەبەستداری) دامەزراند، هەر لەسەر ئەم بۆچوونەش لەبارەی سروشت و خواوە بیری دەکردەوە. بەدڵنیاییەوە ئیبن روشد باوەڕە ئاینی و ئیمانییەکانی لەسەر بنەمای فەلسەفی ئەرستۆیی داڕشتووە. فەلسەفەی ئەرستۆییبوون و حزوورێکی گەورەی لەناو پانتاییی بیر و هزری جیهاندا سەپاند و کاریگەری بەسەر ئەو بۆچوونە ئاینییانەشەوە هەبوو کە لە بەرامبەر فکری فەلەسەفی وەستانەوە. هەر لەبەر ئەوە باوەڕبوونی ئیبن روشد بە فەلسەفی ئەرستۆ، کارێکی ڕێککەوت نەبووە، بگرە ئەوە پێویستییە فەلسەفی و ئاینییەکانی ئەو کاتە وای لێ کردووە کە باوەڕ بەم بۆچوونە بهێنێت. دیدی (مەبەستداری) خاڵی هاوبەشی فیکری ئاینی و فیکری فەلسەفییە. ئەمەش داهێنانی مامۆستای یەکەمە (مەبەستی ئەرستۆیە)، وە هەر ئەمەش بەردی بناخەی فیکری ئاینە. هەر لە ڕاستیشدا ئەم بیرە هەوڵ دەدات خەڵکی تایبەت و کۆمەڵگە پێکەوە کۆ بکاتەوە، هەروەک چۆن فیکری فەلسەفی و ئاینی کۆ دەکاتەوە. هەر بۆیە ئیبن روشد گەیشتە ئەو بەرەنجامەی کە بڵێت کە لە نێوان حیکمەت و شەریعەتدا پێوەندییەکی بەردەوام هەیە. هەر بۆیە سەلماندنی بوونی خوا، کە یەکێکە لە بنەماکانی ئاین و فیکری ئاینی، توانرا لە ڕێگەی فەلسەفییەوە ئەنجام بدرێت. هەر بۆیە فەلسەفە لەگەڵ ئایندا دێتەوە، بگرە لە خزمەتیشیدایە. چونکە مەفاهیمی فەلسەفی دەتوانێت بەڵگەی فەلسەفی بۆ باوەڕەکانی (معتقدات) پێشکێش بکات.

بنەمای فەلسەفەی سیپۆنزا تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوون و بنەمایانەیە کە ئیبن روشد فەلسەفەکەی خۆی لەسەر داناوە، بگرە ئەم فەلسەفەیە بۆ دژایەتیکردنی بۆچوونەکانی ئیبن روشد لەدایک بووە. وە مەفهومی (ئاگەداربوون) یەکێکە لە شتە گرینگ و خاڵە بنەڕەتییەکان، کە ئەم دژایەتییە دەردەخات.

جێگەی ئاماژەیە ئیبن روشد بەتەواوەتی ڕەهەندێکی ئاینی داوەتە ئەم مەفهومە (مەبەستی مەفهومی ئاگەداربوونە). لە کاتێکدا سیپۆنزا لە کتێبی (نامەیەکی کورت)دا، ڕەهەندێکی ئەنتۆلۆجیی داوەتێ.

دیارە ئەمە تەنیا پێوەندی نێوانیان خراپتر ناکات، بگرە لە کتێبی (ئیتیقا) سیپۆنزا کار بۆ ئەوە دەکات، هەموو کۆڵەکەکانی ئەم مەفهومە بڕووخێنێ. کاتێک سیپۆنزا مەفهومی مەبەستدارسی لەناوبرد، بەم شێوەیەش مەفهومی (ئاگەداربوون) خۆی لە خۆیدا لەناوچوو. بەم شێوەیە ئەو بەڵگەیەی کە ئیبن روشد کردبوویە یەکێک لە شانازییە گەورەکانی کە لە کتێبی (الكشف عن مناهج الأدلة) کردبوویە بابەتی سەرەکی، وە بەپێی بۆچوونی چەند توێژەرێکیش ئەمە یەکێک بوو لە باشترین داهێنانی، هەمووی بەجارێک بوو بە وەهم و بۆشی. ئەم مەفهومە هیچ نییە جگە لەوەی کە گوزارشت لە هزرێک دەکات ، کە ناتوانێت درک بە هۆکاری ڕاستەقینەی شتەکان بزانێت. ئەمە وەهمێکە کە زەرەری بۆ سروشت و خوا پێکەوە هەیە.

هەموو ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە باوەڕ بەوە بهێنین کە فەلسەفەی سپۆنزا هیچ کاتێک، بەتایبەت لەبارەی مەفهوومی (ئاگەداربوون)ەوە، فەلسەفەیەکی ئیبن روشدی نەبووە. ڕاستە سپۆنزا هیچ کاتێک ناوی ئیبن روشد ناهێنێت، لێ ئەو دەقانەی کە خستمانە ڕوو، هەموو بەشێوەیەکی جوان ئاماژە بەبۆچوونی فەیلەسووفەکەی قوورتوبە (ئیبن روشد) دەدەن.

له کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم کە فەلسەفەی سپۆنزا هیچ قەرزاری فەلسەفەکەی ئیبن روشد نییە، بەڵکە بەپێچەوانەوە ئەم فەلسەفەیە بۆ ئەوە لەدایک بووە، بۆ ئەوەی دژی کۆڵەکەکانی فەلسەفەی ئیبن روشدی بوەستێتەوە و هەموو بەرەنجامەکانی نەهێڵێت و لابەرێت.

پەراوێزەکان:

١) ابن رشد، الكشف عن مناهج الأدلة، ص٦٥، المكتبة المحمودية التجارية، مصر، ١٩٣٥.

٢) مناهج، ص ٦٥.

٣) المناهج، ص٦٥-٦٦ ". وقد نبه الكتاب العزيز على العناية بالإنسان لتسخير جميع السموات في غير ما آية، مثل قوله سبحانه: _سخر لكم الليل والنهار_" (ابن رشد، تهافت التهافت، ٣١٧، تحقيق سلميان دنيا).

٤) المناهج، ص ٦٦.

٥) هيغل، دروس في تاريخ الفلسفة، ج. الأول، نشر فران، باريز، ١٩٧١، ترجمة Pierre Garniron، ص ١٧٩.

٦) هيغل، دروس في تاريخ الفلسفة، ص ١٨٠.

٧) ابن رشد، الكشف عن مناهج الأدلة، ص ٦٧.

٨) ١٠٥-١٠٦". François tricot, ed. Sirey, 1971, pp.

٩) تهافت التهافت، ص٤٣٢- ٤٣٣.

١٠) ابن رشد، الكشف عن مناهج الأدلة، ص ٦٥.

١١) ابن رشد، تهافت التهافت، ص٣١٩- ٣٢٠.

١٢) ابن رشد، الكشف عن مناهج الأدلة، ص ٦٧.

١٣) سبينوزا، الرسالة القصيرة، بصدد الله، والإنسان، والسعادة، عن الترجمة الفرنسية، شارل أبونه، الجزء الأول.

١٤) فكتور ديلبوس، مشكل الأخلاق في فلسفة سبينوزا، نشر فيلكس ألكان، ص ٩٦- ٩٧.

١٥) سبينوزا، الإيتيقا، تذييل الكتاب الأول.

١٦) المرجع نفسه.

١٧) المرجع نفسه.

سەرچاوە: سبيونزا و ابن رشد. أحمد العلمي. www.altalsfa.com

# ئافرەت و هەواڵ

مارگریتا گریتسیما

هاوکێشەکە لاسەنگە: جیهانگیری و کرانەوەی کۆمەڵگەکان لە هەڵکشاندایە، کەچی وێنەی ئافرەت لە هەواڵگەلی میدیای دنیا و نێودەوڵەتی و نیشتمانیدا لە داکشانە. ڕوونتر بڵێم تا دێ ئافرەت لەناو هەواڵدا نابووت و قێزەوەن دەخرێنە ڕوو. هاوکێشەکە خراپتر دەبێ کاتێ سنووری جوگرافیایی نێوان وڵاتان یەکتر دەبڕن و میدیای وڵاتێک باسی پرس و کێشەیلی ئافرەتان دەکەن لە وڵاتێکی تردا. ئەمانە هەموو لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کەوا هەواڵکاران دەبێ وێنەی ئافرەت بەباشترین شێوە پێشان بدەن و پردێک لە نێوان ئافرەتانی دنیا دروست بکەن، نەک بیڕووخێنن. لاسەنگیی هاوکێشەکە ڕەنگە بەپلەی یەک بگەڕێتەوە بۆ کەمیی ژمارەی ئافرەتان لەناو میدیاکاندا.

کەمی یان نەبوونی ئافرەت لەناو ستافی میدیادا کێشەیەکی رژد و مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر میدیای دیموکرات لە دنیادا. هەرچەندە ئافرەت لە هەشتاکان تا ڕادەیەکی بەرچاو هاتە ناو مەیدانی میدیاوە، بەڵام لە نەوەتەکان نوێنەرایەتییان لە مەیدانەکە کرچ بووەوە. خراپترین پەیامنێری ئافرەت دەتوانێ باشترین وێنەی ئافرەت پێشان بدا لە چاو کاری باشترین پەیامنێری پیاو. کێشەکە ئەوەیە: ئافرەتانی ناو میدیا جەخت ناکەنە سەر بەهێزکردنی وێنەی ئافرەت لەناو هەواڵدا. پیاویش باکی پێ نییە و درکی پێ ناکات. هەندێ دەزگەی میدیایی هەن باوەڕیان بەوە هەیە کە بوونی ئافرەت لە ژووری هەواڵدا جیاوازییەک دروست دەکات، واتە وێنەکە باشتر دەخرێتە ڕوو. ڕۆژنامەنووسەیلی ئافرەت باشتر بینەر، خوێنەر و بیسەر دەبیننەوە و ئەوانیش زیاتر بە ڕووی ئافرەتاندا دەکرێنەوە. ڕۆژنامەنووسەیلی ئافرەت فرە سەرچاوە بەکار دێنێ، کەمتر بۆچوونە هەستیارەکان دەورووژێنن، چیرۆکەکانیان زیاتر ئەرێنین، هاوکات پیاو تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەوتەیە. چەندان توێژەری ڕۆژنامەوانی پێیان وایە بوونی ئافرەت لە ژووری هەواڵدا هیچ جیاوازییەک دروست ناکا. لە

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

توێژینەوەیەک لەسەر ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا، دیلانۆ دەڵێت "ڕۆژنامەنووسەیلی ئافرەت بەتەواوی ڕۆچوونەتە ناو هێزی کاری ڕۆژنامەوانی، بۆیە چیی تر پێویست نییە بەگرووپێکی جیا لە پیاوان سەیریان بکرێ. شان بەشانی پیاو کار دەکەن و بەرهەمهێنان و هەستی بەرپرسیارەتییان وەک ئەوانە." داپۆشینی هەواڵی ئافرەتان پێویستی بەوەیە پەیامنێران لە کولتوور، داوونەریت، پرسی ئافرەتان بگەن، ئەوجا بێن هەواڵ لەبارەی پرس و کێشەکانیانەوە ئامادە بکەن. کاتێ ڕێکخراوەیلی هەواڵ پرسی ئافرەت پشتگوێ دەخەن و بۆچوونی هەڵە دەخەنە ڕوو لەبارەی ئافرەتانەوە، وێنەی ئافرەت پیستر و خراپتر دەبێ لەناو هەواڵدا. من باسی وێنەی ئافرەت دەکەم لە میدیای جیهانیدا، وێنەکە خراپە، ئاخۆ دەبێ وێنەی ئافرەتان لەسەر ئاستی میدیای لۆکال و کۆمەڵگەکاندا چۆن بێ. بێگومان خراپترە لەوەی لە میدیای جیهانیدا دەیبینین، چونکە هیچ نەبێ میدیای جیهانی لە میدیای لۆکال باشتر حسێبی ستانداردەکانی میدیا دەکەن و پێڕۆی دەکەن.

پێشاندانی ئافرەت و باسکردنیان ئێجگار ئاڵۆزە کاتێ پەیامنێری وڵاتێک باسی ئافرەتانی وڵاتێکی تر دەکا، ئەم قسەیە ئێدوارد سەعیدیش لە کتێبەکەی بەناوی ئۆریانتالیزم لە ١٩٧٩دا بەدرێژی تیشکی خراوەتە سەر. میدیای جیهانی زیاتر جەخت دەکاتە سەر کێشەیلی سیاسی، کارەساتەیل، ململانە، شەڕ، زۆر کەم دەپرژێنە سەر ژیان و ڕەوشی ئافرەت. ڕێکخراوی چاودێریکردنی میدیای جیهانی دەڵێ ڕێژەی باسکردنی ئافرەت لە میدیای جیهانی ١٨٪ لە نیشتمانی ١٩٪ و لە هەواڵی لۆکالیش ٢٧٪ لە هەرسێ ئاستدا، کاتێ باسی ئافرەت دەکەن جۆرێک لە هەستی "ئەوانی تر" بەدی دەکەیت، وەک بڵێی ئافرەت بوونەوەرێکی تر بن. بۆ نموونە، لە میدیای ئەمەریکایی، باسی ئافرەتی عەرەب دەکرێ و جەخت لە سەرپۆشین و خۆداپۆشینیان دەکا. باسکردنی ئافرەت لێرەدا بووەتە کلیلێک بۆ وروژاندنی پرسەیلی سیاسیی هەستیار، ئەمە لە جیاتیی ئەوەی بێن باسی کێشەیلی ئافرەتی عەرەب–ئەمەریکایی بکەن.

بەپێی لێدوانێکی وارگەی ئەلیکترۆنی Womens eNews ، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە سعوودیە، قەتەر و وڵاتەیلی تری عەرەب سەردانی وارگەکە دەکەن. "خوینەران لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕیزبەندیی چوارەمدا دێن دوای ئەمەریکای باکور، ئەورووپا و سەردانیکارانی تری وڵاتەیلی تر." وارگەکە بەشی عەرەبیی هەیە و زۆر جەخت دەکاتە سەر بەشداریی ئافرەت لە پرسەیلی جیاجیادا و وێنەی ئافرەت تا ڕادەیەکی زۆر باش بەباشی دەخاتە ڕوو. چەند کەناڵێکی تری ڕۆئاوا بەرنامەی باشیان ئەنجام داوە لەبارەی ئافرەتەوە. بۆ نموونە بەرنامەی "لەچک لە ئەفغانستان"، بەرنامەیەکی هاوبەشی سی ئێن ئێن و کەناڵ چوار بوو لە بەریتانیا. بەرنامەکە باسی لە ژیان و ڕەوشی ئافرەتان دەکرد لە ئەفغانستان. بەرنامەکە یەک سەعات بوو و هەندێ پرسی ئافرەتانی وروژاند کە زۆر بەدەگمەن لە هەواڵدا باسیان لێوە دەکرێ. باسی کولتووری پیاوسالاری تێدا بوو و چۆن ئەو کولتوورە بووەتە ڕێگر لە بەردەم پێشڤەچوونی ئافرەتان لە ئەفغانستاندا. ئافرەت پێویستی زیاتر بەو جۆرە بەرنامانەیە. میدیای جیهانی و نیشتمانی و لۆکال دەبێ قووڵ ببنەوە بۆ بنج و بنەوانی پرس و کێشەیلی ئافرەت بۆ راست پێشاندانی وێنەی ئافرەت لەناو میدیادا.

سەرچاوە: www.googlescholar.com

# تیۆرە فیمینیستییەکان

رامان سیلدن

نووسەران و خوێنەرانی ژن هەموکات ناچارن دژ بە شەپۆڵ مەلە بکەن. ئەرستۆ گوتبووی "مێ بەهۆی لە دەستدانی برێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی، مێیە" تۆماس ئاکویناس بڕوای وابوو ژن "مرۆڤێکی ناتەواو"ە، کاتێ کە دان "حەول و فریشتەکانی" نووسی، ئاماژەی بە تیۆرییەکەی ئاکویناس کرد (بەڵام ئەو تیۆرەی ڕەت نەکردەوە)، کە لەو ساتەدا نێر و مێ، مێییە، زەینی پێشکەوت و لە شێوەی خوای نێر، وێنەی خۆی بەسەر مێیی نەگۆڕ و بێ جوڵەی مێدا دەسەپێنێ. لە سەردەمی پێش مەندل پیاوان تۆوی خۆیان بە ناوکێکی زۆر چالاک دادەنا شێوەیەک دەداتە ئەو هێلکە چاوەڕێنکەر و بێ ناسنامەی ژنان تا رۆڵی پیاو ببینێ.

لە ئۆریستیا، یان تریلۆجی ئاشیلوسدا هاتووە کە ئەسینا، ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی داوە بە توخمی نێر، بۆیە ئەمەش لە ڕێگەی ئاپۆلۆوە ڕادەگەیەنرێ، ئاپولۆن ئاماژە بەوە دەکات کە دایک، دایکی منداڵە نێرەکەی خۆی نییە. سەرکەوتنی بنەچەی عەقڵ کە لە بنەڕەتدا بە نێر دادەنرێ، کۆتایی بە سەردەمی دەسەڵاتی "خواکانی مارسەر" دەهێنێ، لەوێوە دەسەڵاتی باوکسالاری بەسەر ژنسالاریدا ڕادەگەیەنرێ.

فیمینیست بە درێژایی مێژووی خۆی (هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە دەیەمی ساڵی ١٩٨٠ لە زمانی ئینگلیزی هاتە بەکارهێنان، بەڵام خەباتی هۆشمەندانەی ژنان لە دژی باوکسالاری بۆ سەردەمێکی زۆر دوورتر دەگەڕێتەوە)، لە دوای تێکدانی توورە پڕ کەشوفشەکانی کولتووری باوکسالاری و جێگرتنەوەی بووە بە بڕوای یەکسانی توخمایەتی و ڕیشەکێشکردنی دەسەڵاتی جیاکاری توخمایەتی لە کۆمەڵگەدا وەک نموونە. ماری ئەلمان لە کتێبی بیرکردنەوە لەمەڕ ژنان

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان



هەوارنامەی نیشتمان

(١٩٦٨)، لە بارەی پێوەندیی نێوان تۆو/ هێلکەی ژن ئەوە وەبیر دێنێتەوە کەوا باشە وا وەسفی هێلکەی ژن بکرێت، کە چاونەترس، سەربەخۆ، تاکگەرایە (نەک "بێ جیاوازی") و تۆوی پیاوانەش خۆگونجێنەر و بزن ئاسایە (نەک شتێکی پڕ لە شەوق و زەوق)، بەم شێوەیە "ماری ئەڵمان" شێوە ڕوانینەکانی پیاوسالاری هەڵدەوەشێنێتەوە. ڕەخنەی فیمینیستیش لە داهاتوودا هەمەچەشن و جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە هەوڵی داوە خۆی لە چنگی ئەو چەمکە سروشتییانەی باوکسالاری ڕزگار بکا، کە لە بوارەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکار دێن. هەروەک لە سەرەتا بەگشتی پێشانمان دا، ئەم داوایە بەمانای دوورەپەرێزی لە هەر جۆرە "لێڕوانینێک"، پەشێوی و گۆڕینی زۆربەی کاربەرە تیۆرییەکانی پێ باشە. لەم ڕووەوە، هەمدیسان بەو شێوەیەی کە لە سەرەتادا گوتمان، ڕەنگە باشتر بێت تەماشای فیمینیستی و ڕەخنەی فیمینیستی وەک شێوە سیاسەتی کولتووری بکەین، نەک "تیۆرێک" یان "کۆمەڵە تیۆرێک".

لە ڕاستیدا هەندێ لە ڕێبازەکانی فیمینیستی دڵیان بەهیچ شێوە "تیۆرییەک" خۆش نییە، ئەوان پێیان وایە لە بوارە ئەکادیمییەکاندا، بواری "تیۆری" بەزۆری شتێکی پیاوانە و کەڵەگاییانە و بەشێکی نەگۆڕە، ڕەهایە، پێشڕەوی کاری فیکرییە، بەشێک لە پڕۆژەی گشتی فیمینیستەکان برێتی بوو لە ئاشکراکردنی بابەتی هەڵخەڵەتێنەرانەی نێرانە، بۆ نموونە تیۆری فرۆیدیان خستووەتە بەر هەڕەشەی ڕەخنە بەهۆی دووچاوەکییانەی باوی سێکسی، بەتایبەت لەبەرئەوەی تیۆرییەکەی فرۆید دەڵێ "توخمی مێ لە کۆتاییدا ئیرەیی بە کۆئەندامی نێر دەبات، زۆرترین ڕێبازە ڕەخنەییەکانی فیمینیستی ـ بەهۆی سەرقاڵبوونی بە دوورکەوتنەوە لە "لایەنە ئەرێنی و ڕەهاکان"ی تیۆری و خستنەڕووی جۆرێک لە پەیڤی مێیانە کە نەتوانرێ پێناسەی ئەو پەیڤانە بکرێت لە پێوەندیی لەگەڵ بابەتێکی ناسراودا ـ لە ڕووی تیۆرییەوە سوودیان لە شێوەکانی بیرکردنەوەی پاش بنیاتگەرانەی لاکان و دریدا وەرگرتووە. هەر لەبەر ئەم بەڵگە سەرەکییە، وا پێ دەچێ ئەوان چەمکی نێری دەسەڵاتدار و حەقیقەت ڕەت بکەنەوە.. هەروەک پێشتر گوتم ڕەخنەگرانی فیمینیستی بەتایبەت سوودێکی زۆریان لە شیکردنەوەی دەروونی وەرگرتووە، بە مەبەستی پێشاندانی بەرگری (بێ وێنە) و بگۆڕی نووسەران و ڕەخنەگرانی ژنان، لە بەرامبەر ڕەخنەی ئەدەبیی دروستکراوی پیاوان.

ڕەنگە هەر لێرەدایە کە ڕووبەڕووی یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان و لە هەمان کاتدا دوایین گرفتی ڕەخنەی فیمینیستی هاوچەرخ دەبینەوە، هەروەها ئەو بەها شایستەیە کە پێکەوە لە دژایەتی و چاودێریکردنی یەکتریدان: لەلایەک فرەخوازی ئاسانخوازییە کە لەوێدا تیۆرە هەمەچەشنەکان دەردەکەون و دەتوانن ببنە هۆی پێشخستنی ڕوانگەی ئەزموونی لە بەرامبەر ڕوانگەی تیۆری دا، لەلایەکی ترەوە، جۆرێک پراکتیزەی ئاڵۆز کە لە ڕووی تیۆرییەوە ترسی توانەوە لەنێو تیۆری نێرینەی بوارە ئەکادیمییەکاندا قبووڵ دەکات، بەم شێوەیە پێوەندی لەگەڵ زۆرینەی ژنان و دینامیکی سیاسی خۆی لەدەست دەدا. ماری ئیگڵتۆن لە پێشەکی کتێبە ڕەخنەییەکەی

خۆیدا بەناوی "ڕەخنەی ئەدەبی فێمینیستی ١٩٩١" پەنجەی "بوختان" بۆ زۆربەی قوتابخانە "فیمینیستییەکان" درێژ دەکات لەمەڕ بۆچوونیان لەبارەی وشەی تیۆرییەوە، بە بڕوای ماری ئیگڵتۆن لەم قوتابخانەیەدا شێوازێک هەیە ئامانجی بەهێزکردنی پلە و پایەکانی دوولایەنەی نێوان (تیۆری) "نێر"،"ناکەسی"،"بێلایەن"،"بابەتی"،"گشتی" و (ئەزموونی) "مێ"، "زەینی"، "کەسی"، "تایبەتمەندی"یە.

بە بڕوای ماری هەر لەبەر هەمان ئەو هۆیەش لە ڕەخنەی فیمینیستی هاوچەرخدا ڕەگەزگەلێکی بەهێز هەیە، کە ستایشی دیاردەکانی "کەسایەتی" و (لە سەردەمی دانانی زاراوەی فیمینیستی لە لایەن کارول هانیش لە ساڵی ١٩٧٠ "کەسایەتیی سیاسی" یەکێک بووە لە دروشمە گرینگەکانی ئەم قوتابخانەیە)، "ئەزموونگەری"،"دایکایەتی"،"جەستەیی"،"چۆنایەتی" دەکات. بەڵام ماری ئەوەش وەبیر دێنێتەوە کە زۆر لە فیمینیستەکان باس و خواسیان هەیە لەگەڵ زۆربەی تیۆرە ڕەخنەییەکانی مارکسیزم، دەروونناسی، پاش بنیاتگەری، پاش مۆدێرنیزم و پاش کۆڵۆنیالیزم، هەر لەبەر هەمان ئەم بەڵگە سادەیەیە کە هیچ جێگەیەکی ئازادی لە دەرەوەی وشە و تیۆریدا بوونی نییە، وازهێنان لە تیۆری بەو بۆچوونەی کە ئەم شێوە پایەگایانە هەن دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک غەرق بێت لە زەینگەرایی و "سیاسەتگەلێکەوە دروست دەبێ کە ئەو سیاسەتانە هیچ تیۆرییەکیی ئەزموونی تاکەکەسییان لە پشتەوە نییە" توانا لەدەست بدات و بە "بەناچاری" هەڵوێستی دواکەوتووانە بگرێتە بەر.

ئیگلتۆون لەم بوارەدا ئاماژە دەکات بە ڕەخنەی تۆریل مۆی دژ بە ئەلین شووالتەر و بەرگرییەکانی ئەو بەرامبەر بە ڕووناککردنەوەی چوارچێوەی تیۆری کارەکانی.

کتێبەکەی ماری ئیگڵتۆن پڕییەتی لە هۆشداری لەمەڕ هێز و لاوازییەکانی قوتابخانەی فیمینیستی فرەخوازی. فرەخوازی لەلایەک دەتوانێ نیشاندەری "داهێنەر و خۆگونجاندنی" فیمینیستی بێت و لەلایەکی ترەوە ئاماژە بێت بۆ نەمانی ئەملا و ئەولا و جۆرێک بێت لە کەنارگیری "لیبرالی" لە مەبەستە سیاسییەکان، یان ئارەزووی پێکهاتن لەگەڵ فرەخوازی، (کۆنترۆڵکەری) "بنیاتی نێرسالاری" (ئەم دەستەواژەیە هی گایاتری ئیسپیواکە).

هەریەک لەم دیدگا دژانە، لە باسە ڕەخنەییەکانی فیمینیستیدا پێگەیەکیان هەیە و ئەم بابەتەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تایبەتمەندیی بنەڕەتی و پڕگرفتی ڕەخنەی فیمینیستی (ئەم بابەتە بابەتەکانی کتێبی ئیگلتۆنە)، لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا تیۆری ڕەخنەی فیمینیستی باشترین نموونە و ڕاستیی ناکۆکی، ئاڵوگۆڕ، مشتومڕ بووە، لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە خۆی لەسەر زەوینەی کۆمەڵێ جیاوازی خوڵقێنەر و ڕەخنە و دژە ڕەخنەدا ڕاگرتووە، بەردەوام لە نوێبوونەوەدا بووە، نوێبوونەوەیەکی خۆنوێنەر، گۆڕانخواز، خستنەڕووی تیۆرییەکانی تری (نێرانە) و هەموو بابەت و بەرنامەی کارەکانی خۆی. بۆیە ئەم قوتابخانەیە "گێڕانەوەیەکی گەورە" نییە بگرە کۆمەڵێ "گێڕانەوەی بچووکە" کە لەسەر زەوینەی نهێنی و مەیدانە دیاریکراوە کولتووری ـ سیاسییەکاندا

وەستاوە. مارکسیستی ـ فیمینیستی، ڕەش و ئەفریقیایی، ئاسیایی، ژنانی پێست ڕەنگاوڕەنگ، ئەمەریکایی و فرەنسایی، ئیرلەندی، ڕەشی بەریتانی، ڕەخنەی ژنانە، شیکردنەوەی دەروونی، ئەفسانە، جیهانی سێیەم – شەپۆلی سێیەم، بنیاتشکێنەر، هاوتوخمخوازی فیمینیستی، هەر هەموو ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لەم دیمەنە و زۆربەشیان بە پلەیەک لە پلەکان ڕووبەڕووی یەکتری وەستاون. لە ڕوانگەی ئێمەی پیاوانی ڕەخنەگر، ئەم بارودۆخە، کراوەیی و دینامیکیی قوتابخانە ڕەخنەیییەکانی فیمینیستی پێشان دەدەن، هەروەها ئەوەش نیشان دەدەن تا چەند سەختە بەکورتی باسێک لەبارەی قوتابخانەیەک بنووسیت، ئەو قوتابخانەیە ئەوەندە هەمەچەشن و دژوارخواز و پڕ لە چالاکیی فیکری بێت (بەتایبەت لە ئاستی رەخنەگرە پیاوەکان)دا.

ئەو ئامانجەی لەم بەشەدا باس دەکرێ، چاوخشاندنێکی گشتییە بە تەواوی تیۆرە ڕەخنەیییەکانی فیمینیستیی هاوچەرخ، کە لە ڕوانگەی یەکەمدا بە شەپۆلی یەکەمی ڕەخنەی فیمینیستی دەست پێ دەکات ئەم شەپۆلە لە پێش سالانی شەستەکانەوە دەست پێ دەکات، پاشان بە کورتی باس لە دەستکەوتە دیارەکانی "شەپۆلی دووەم" دەکرێت کە لە پاش شەستەکانەوە دەست پێ دەکات، هەروەها هەندێ لە دەمەتەقێ "جیاوازگەلەکانی" بنەڕەتیی ئەم قۆناخە دەخرێنە ڕوو، پاشان لە کۆتاییشدا ئاماژە بە چەند قوتابخانەیەکی نوێتری فیمینیستی دەکرێت، وەک بەشێک لە پرۆسەی داهێنانەرانە خولقێنەرانەی بالا، کە خەریکە فۆرموولە دەبێ.

## شەپۆلی یەکەمی ڕەخنەی فیمینیستی :

## فێرجینا ۆولف و سیمۆن دوبڤوار

بەشێوەیەکی گشتی فیمینیستی مێژوویەکی سیاسیی دوور و درێژی هەیە، لە سەرتاسەری ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەلایەنی کەمەوە وەک هێزێکی سەرەکی لە ئەمەریکا و بەریتانیا گەشەی کرد. ئەو لایەنانەی کە هۆکاری گەشەکردن و شێوەگرتنی ئەم قۆناخە بوون برێتین لە بزووتنەوەکانی مافی مەدەنی و مافی ژنان بۆ دەنگدان، هاوکات جەختکردنە سەر زاراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان، ئەم ڕەوتە لە هەندێ ڕووەوە لەگەڵ بزووتنەوەی فیمینیستی نوێی شەستەکاندا ناکۆکە.

بەپێی نووسینەکانی (هیومان میگی) بەتایبەت لە کتێبی ڕێبازەکانی فیمینیزم، ڕەوتی نوێ لەمەڕ جەختکردنە سەر "گەوهەری" جیاوازی ژن بوون، خوڵقێنەری یەکەێتیی ئەخلاقییە کە لە ئەنجامی بابەت و شوناسنامە فیمینیستییەکان و "مەعریفە"ی نوێ لەبارەی بەرجەستەبوونی ژنان دێتە دی.

هەروەها بوونیشی لەسەر بناخەی شیکردنەوەی دەروونی، زماننناسی، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی بووە. ڕەخنەی فیمینیستی قۆناخی پێشوو، لە جیاتی ئەوەی وتاری تیۆری گشتگیری تایبەت بەخۆی هەبێت، زیاتر ڕەنگدانەوەی سەرقاڵبوونەکانی قۆناخی پێش خۆی بووە، دەتوانین ناوی



فێرجینا ۆوڵف

هەواڵنامەی کتێب

چەندێک لەو فیمینیستانە بهێنن کە لەم قۆناخەدا کاریان دەکرد و دەیاننووسی لەوانە (ئولیۆ شراینەر، ئیلیزابێت رۆبینز، دوروتی ریچاردسۆن، کاترین مەنسفێڵد، ربکاوست، ری ئیستراچی، ئورا بریتین و فینیفرید هولتبی)، لە نێو ئەوانەی کە سەرقاڵی فیمینیستی بوون دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕووی دیار بکەین: فێرجینا ۆوڵف و سیمۆن دوبڤوار. بەپێی وتەی ماری ئیگڵتۆن، فێرجینا ۆوڵف "دایکی بنیاتنەری لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ"ە و یەکەمین کەس بووە کە یەکەمین جار ئەو بابەتانەی خستووەتە ڕوو کە پاشان ڕەخنەگرە فیمینیستەکان خستیانە نێو بازنەی لێکۆڵینەوەکانیان.

هەروەها خودی فێرجینا خۆی بووە جێگەی باس و گفتوگۆی بەرفراوان، بەپێی "هۆمان میگی" دەکرێ بڵێین سیمۆن دوبڤوار پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی " ڕەگەزی دووەم ١٩٤٩" کۆتاییی بە "شەپۆلی یەکەمی فیمینیستی" هێنا.

ناوبانگ دەرکردنی فێرجینا ۆوڵف وەک ژنێک بەهۆی نووسینە داهێنەرەکانییەوە بوو، رەخنەگرانی فیمینیستی پاش ئەو، ڕۆمانەکانی ئەویان لە ڕووبەرێکی فراوان و بۆچوونی هەمەچەشنەوە لێک دایەوە. بەڵام فێرجینا دوو دەقی زۆر گرینگی هێنایە بەرهەم کە یارمەتییەکی

زۆر گرینگ بوون بۆ تیۆری فیمینیستی، ئەو دوو دەقەش دوو ڕۆمانەکەی بوون کە بریتی بوون لە ڕۆمانی " "A Room for one’s own ساڵی١٩٢٩ نووسی و ڕۆمانی " "Three Guineas ساڵی ١٩٨٣ . فێرجینا ۆوڵف وەک زۆربەی فیمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم نیگەرانی نەهامەتییەکانی ژن بوو لە بێبەشبوونیان لە ژیان لە چاو پیاواندا.

کتێبی یەکەمی ۆوڵف ئەو بابەتانەی گرتبووە خۆ کە سەرقاڵی پێکهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بوو، واتە ئەوانەی بووبوونە هۆی لەدایکبوونی ئەدەبی ژنانە، هەروەها کتێبی دووەمیشی جەختی دەکردە سەر پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی پیاو و پیشە هەمەجۆرەکانی وەک ـ ماف، پەروەردە، خوێندن، پزیشکی و... هتد

فێرجینا ۆوڵف لە کتێبی "Three Guineas" پێی خۆش نییە بە "فیمینیست " ناوزەد بکرێ بە"فیمینیست "، بەڵام لە هەردوو کتێبەکەی شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی درێژ دەخاتە ڕوو لەمەڕ بۆچوونە فیمینیستییەکان: وەک داواکردنی مووچە بۆ ژنان، چاکسازی یاسای جیابوونەوە، پێشنیازی دانانی دانشگە و ڕۆژنامەیەک بۆ ژنان. لە کتێبی "A Room for one’sown ئەو خاڵە دەخاتە ڕوو، کە ژنان بەڕاستی قوربانیی دەستی پیاوانن، وەک کارکردن وەک "ئاوێنە"یەک کە ڕەنگدانەوەی وێنە و حەزەکانی پیاوانن، لە ڕاستیدا بۆ خۆشیان لەم قوربانیبوون و قەتیسبوونەیان لە چوارچێوەی ماڵدا هاوکاری پیاوان دەکەن. لە کتێبی "Three Guineas ئەم بابەتانە شی دەکرێنەوە، ماتەریالیزم، فاشیزم، ناهاوسەنگی لە مافەکان کە هەموویان لە پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرن، بەتایبەت هەڵوەشاندنەوەی سێکسی سەرەتایی لەنێو خێزاندا.

بەرامبەر بەمە ڕۆڵی گەورەی ۆوڵف لە فیمینیستیدا ئەم داوایە دەگرێتەوە، کە ناسنامەی ڕەگەز بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بووە و دەکرێ بە خەبات داوای ئەو مافانە بکرێ و بگۆڕدرێ، لە زەوینەی فیمینیستیشدا ۆوڵف بە دوای ئەو پرسانە دەڕۆیشت کە ڕووبەڕووی نووسەرە ژنەکان دەبوونەوە. فێرجینا ۆوڵف بڕوای وابوو ژنان لە ڕێگەی ئەدەبەوە، ئەو ڕێگە ئەدەبییەی کە پڕ لە بەرزەفڕی بوو، هەمووکات ڕووبەڕووی بەرگرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوونەتەوە و هەروەها بۆچوونی تایبەتیی خۆی لەسەر سنووورداری خوێندن هەبووە، خۆی بەم ئەزموونە تێ پەڕیبوو (بۆ نموونە بەپێچەوانەی براکانی فێری زمانی یۆنانی نەبوو).

ئەو بەڕەتکردنەوەی هۆشمەندانەی "فیمینیستی"، ئارەزووی وابوو ژیانی ناهۆشمەندانە بێت و بتوانێ هەڵبێت لە چنگی ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە مێبوون و نێربوون (کتێبی A Room for one’s own")، لە ئەنجوومەنی دوو توخمبوونیدا ئەخلاقی سێکسی باوی قبووڵ کرد تا بگاتە هاوسەنگییەک لە نێوان "بەدیهێنانی خود" ی نێر و "کوشتنی خود"ی مێ. هەڵمەتی بەردەوامی شێتانەی ۆوڵف و سەرەنجام دەستدانە خۆکوژی، دەکرێ ڕاگەیەنەرێ شکستی خۆی بێت لە خەبات بۆ تێپەڕاندنی پرسی توخمایەتی، هەرچەندە دەکرێ ئەم ڕاستییە لە رووی شیکردنەوەی دەروونی نیشانەکانی بەرگری ئەو بن بەرامبەر بە پیاوسالاری سەرکوتکەرانە. کۆمەڵێک نووسەر

(بەتایبەت ئەلین شوواڵتەر) بڕوایان وایە فێرجینا ۆوڵف لە بەرگریکردنی لە دووتوخمبوون، لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەردوو توخمی نێر و مێ، هەڵوێستی پاشەکشێی هەڵچوونەی هەڵبژاردووە، بەڵام تۆریل موی ڕاڤەیەکی یەکجار پێچەوانەی خستووەتە ڕوو لەمەڕ سیتراتیجی ۆوڵف. مۆی بە قبووڵکردنی ئەو پێوەندییەی کە "جۆلیا کریستیڤا" لە نێوان فیمینیستی و ئەدەبی پێشڕەودا بەدیی دەهێنێت، دەیەوێ ئەوە بڵێت کە ۆوڵف پێوەندیی نییە بە دۆزینەوەی هاوسەنگیی نێوان شێوەکانی نێر و مێ، بگرە ئەو خوازیاری برێکی زۆری ئەو شوناسنامە باشانەیە کە سەقامگیری توخمایەتییەیان بەخۆوە گرتووە، هەروەها لە چیرۆکە مۆدێرنەکانیشی دیسان پچڕانی دیدگا جێگیربووەکان، بەرئەنجامەکانی سروشگەراییی سێکسی ڕەت دەکاتەوە. بە بڕوای موی، ۆوڵف تەنیا ئەو جۆرە فیمینیستەی ڕەت دەکردەوە کە بەتەواوی پێچەوانەی شۆڤینیزمی پیاوانە بوو، بەتەواویش ئاگای لە جیاوازییەکانی نووسینی ژنانە بوو. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی "دوشیزەی سەیروسەمەرەی نیوکاسل، سەرنجی خوێنەر بۆ یەکێک لە ئەفراندنە مەزنەکانی "ژنانەی" نووسەرێکی سەدەی حەڤدەیەم ڕادەکێشێ:

ئەگەرچی بۆچوونە فەلسەفییەکانی بێهوودە و شانۆنامەکانی جێگەی سەرنج نەبوون، شیعرەکانی کەس لێیان نەدەگەیشت، بەڵام بەشێک لە شوێنە سەرسوڕهێنەرەکانی "دەشیس" لە ڕەچەڵەکی ئاگرەوە دروست بوون. هەڵهاتن نییە لە چوون بەدوای کەسایەتیی میلتۆن و خۆشەویستییەکەی، کە لە هەر یەک لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا بە ناز و عیشوەوە دەردەکەوێ. لەودا شتێکی نایاب و دۆنکیشۆتانە، ڕوحێکی بەرز و مێشکێکی عەیبدار و تەبعێکی خۆشی هەیە.

پێ دەچێت وتەکانی ۆوڵف باس لەوە بکەن کە بەرهەمی ئەدەبی "نێر" و ماندووکەری دوشس، بەهۆی جۆرێک سەرەڕۆیی شادمانەی ژنانە (یان بەپێی وێنەکێشانی میلتۆن، کەسێک بە ناز و عیشوە) ڕەنگ و شکۆمەندی و زیندوێتیی پەیدا کردووە. دواین ڕستەی ۆوڵف بەتایبەت ئەوەی کە دەڵێ "نەجیب و دۆنکیشۆتانەیە" دەنگدانەوەیەکی پیاوانەی هەیە، بەڵام ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ"مێشکێکی عەیبدار و تەبعێکی خۆشی هەیە" دەنگدانەوەیەکی ژنانەیە. ۆوڵف بەپێکهێنانی مانای دژبەیەک، دەگاتە جۆرێک لە بۆچوونی دووتوخمی کە ناسنامەی توخمایەتی جێگیر بوو لە یەکتری جوودا دەکاتەوە و ئەمەش بۆ ڕەخنەگرە فیمینیستەکانی دواتر، وەک موی جێگەی خۆشحاڵییە، موی ڕەخنەگرێکە لەژێر کاریگەریی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی فرەنسی (لاکان وکریستیڤا) و چەمکی نووسینی ژنانەدایە.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین نووسینەکانی ۆوڵف لەبارەی ژنانی نووسەر، "پیشە بۆ ژنان"ە، لەو نووسینەدا دوو هۆکار وەک نموونە دەهێنێتەوە کە ڕێگرن لە بەردەم پیشەکەی. یەکەم: وەک زۆربەی نووسەرانی سەدەی نۆزدەم، ئەسیری زیندانی ئایدیۆلۆجی ژن بوون بوو: وێنەی نموونەیی "فریشتەی ناو ماڵ" داوای لە ژنان دەکرد، دڵسۆز، بێ فیز و پاک بن، ئەگەر ژنێک بیویستایە کەشوهەوای پێویستی هەبێت بۆ نووسین ناچار بوو سوود لە گومڕاییی ژنانە و زمانلووسی

وەربگرێت. دووەم یاساغبوون لە ڕاگەیاندنی تامەزرۆییدا، ڕێگر بوو لەوەی کە ژنان "لەبارەی ئەزموونی خۆی وەک جەستەیەک ڕاستییەکان بڵێت".

ئەم ڕەتکردنەوەی لایەنی مێیییانە هەرگیز و هیچ کاتێک لە کارەکانی ۆڵف گۆڕانی بەسەردا نەهات. لەبەرئەوەی ۆڵف بڕوای وا بوو ئافرەتان جیاواز دەنووسن نەک لەبەرئەوەی لە ڕووی دەروونناسییەوە جیاوازییان لە پیاو هەیە، بگرە بەهۆی جیاوازییان لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییان، بۆیە هەوڵەکانی ۆڵف بۆ نووسین لەبارەی ئەزموونی ژنان، ئامانجەکەی ئەوە بوو کە شێوەگەلی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ وەسفکردنی سنوورداری ژیانی ئافرەتان، هەروەها بڕوای وابوو ئەگەر ژنان لە دوا جاردا بگەنە ئەو ئاستەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک پیاو بن، ئەو کاتە هیچ ڕێگرییەک ناتوانێ بەربەست بێت لە کامڵبوونی ئازادییەکانی ئەوان بۆ بەئەنجام گەیاندنی توانا هونەرییەکانیان. ڕەخنەگرە فیمینیستییە هاوچەرخەکان بنیاتی بەشێک "یان ئاوێنەیەک" لە کارەکانی ۆڵفیان هەڵوەشاندووەتەوە:

سیمۆن دوبڤوار ـ فیمینیستی فرەنسایی و هاوسەری جان پول سارتەر، لایەنگیری لەباربردن و بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانی ژنان بوو، دانەری ڕۆژنامەی "هەواڵی فیمینیزم"ی و بڵاوکراوەیەکی تیۆری فیمینیستی بەناونیشانی "پرسیارگەلێک لەمەڕ فیمینیستی"ـ دەستنیشانکەری سەردەمێکە کە شەپۆلی یەکەمی فیمینیستی بەرەو شەپۆلی دووەم دەبات. لە کاتێکدا کە بەرهەمە قووڵ و سەرەکی و کاریگەرەکەی سێکسی دووەم ١٩٤٩ بە ئاشکرا خەریکی "ماتەریالیزمی" شەپۆلی یەکەمە، شەپۆلی دووەم دەست پێ دەکات بە دووبارەناسینەوەی جیاوازییە مەزنەکانی هەردوو توخم و هێرشکردنە سەر دووبەرەکییەکانی ژیاننناسی، دەروونناسی، و هەروەها ئابووری کە دژ بە ژنان بەکار دێت. لەم کتێبەدا پرسەکانی بنیاتی فیمینیزم بە ئاشکرا خراوەتە ڕوو. کاتێ ژنێک دەیەوێ خۆی بناسێنێت بە دەستەواژەی "من ژنێکم" دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا هیچ پیاوێک بە دەستەواژەی "من پیاوم" دەست پێ ناکات، ئەم ڕاستییە لەیەک نێزیکنەبوونی بنیاتی نێوان دەستەواژەکانی "نێر"و"مێ" پێشان دەدات. بۆ پێناسەکردنی مرۆڤ سوود لە وشەی "پیاو" وەردەگیرێت نەک وشەی "ژن"، ئەم ناهاوسەنگییە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی پیرۆزی "تەورات".

کاتێ ژنان لەناو پیاواندا بڵاو بوونەوە، نە مێژوویان هەبوو، نەگونجاندنی سروشتی، ژنان بەپێچەوانەی زۆربەی گرووپە چەوساوەکان پێکەوە کۆ نەبوونەتەوە. ژن لە پێوەندییە ناهاوسەنگەکەی لەگەڵ پیاودا ڕەت کراوەتەوە، پیاو هەر هەمان ئەو کەسەیە و ژنیش هەر ئەو ژنەیە کە ئەوی ترە، دەسەڵاتی پیاو شێوەیەک فەزای ئایدیۆلۆجی بەسەردابڕینی هێناوەتە ئاراوە:"یاسادانەران، قەشەکان، فەیلەسووفان، نووسەر و بیرمەندان، هەوڵیان داوە پێشانی بدەن کە پایەگەی ژێردەستی ژنان لە ئاسمانەوە دابەزیوە و لە زەوی سوودمەندە، هەروەک چەمکی "ئاوێنە"کەی فیرجینیا ۆڵف، ڕوانین و فەرزی ئافرەت وەک "ئەوی تر"، شتێکە لەلایەن ژنان

خۆیانەوە بووە بە شتێکی دەروونی. سیمۆن دوبڤوار زۆر زانایانە بەڵگە بۆ باسەکەی خۆی دەهێنێتەوە و زانیارییەکی زۆر دەربارەی مێژووی ژنان دەخاتە بەردەستی خوێنەر. ژنان وەک بوونەوەرێکی هیچوپووچ لەدایک بوون، باوەڕی پیاوانیش بەوەی کە ژنان بە سرووشتی خۆیان هیچوپووچن، بووەتە هۆی ئەوەی کە کرداری چەوساندنەوە باری ئەوانی سەختتر و ترسناکتر کردبێت. تەنیا بەسەرزارەکی بەرگری لە وشەی "یەکسانی" ڕەها دەکرێ، بەڵام ئەگەر کار هاتبێتە سەر هەوڵی داواکردنی یەکسانیی واقیعی ئەوا بەردەوام ڕووبەڕووی بەرگری بوونەتەوە.

دوبوڤوار زۆر بە وردی زاراوەکانی سێکس و ڕەگەز لە یەکتری جیا دەکاتەوە، بڕواشی وایە لە نێوان کردەوە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان کارلێکردنێکی هاوبەرامبەر هەیە، ئەڵبەتە ئەو بڕوای بە هیچ جۆرە هۆکارێ نییە بۆ دیاریکردنی ژیانناسی" هیچ کەسێک بە ژنی لەدایک نابێت، بەڵکو بۆ ژن دەگۆڕێت،... بەشێوەیەکی گشتی ئەم شارستانیەتەیە ئەم بوونەوەرە دێنێتە ژیانەوە.. تەنیا هاتنە ناوەوەی کەسی سێیەم دەتوانێ تاک بخاتە شوێنێکی "تر"ەوە.

بوونی سیستەمی لێکدانەوەیی لە مەیدانەکانی ژیانناسی، دەروونناسی، زاوزێ، وەک ئابووری و شتی لەو بابەتەیە کە ئامادەبوونی "نێرانە"ی ئەو"کەسی سێیەمە" مەیسەر دەکات. دوبڤوار هەروەک "ژنێک" بە جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی "بەمێ بوون"و دروست بوون ئەم خاڵە دەخاتە ڕوو، ئەگەر ژنان لە قۆزاخەی "بەشتبوونی" خۆیان بێنە دەرێ دەتوانن سیستەمی پیاوسالاری تەفروتونا بکەن.

هەروەها دوبڤوار لەگەڵ زۆربەی فیمینیستەکانی "شەپۆلی یەکەم"، ئارەزووی رزگارکردنی ژنانە لە کۆت و زنجیری جیاوازیی ژیانناسی و دانان بە تواناکانی عەقڵی کۆمەڵایەتیی ژنان، هەروەها خاڵی هاوبەشییان هەبوو لە نادڵنیاییان لە "ژنێتی"یش، بۆیە لێرەوە سنوورێک دادەنێت لە نێوان خۆی و پیاهەڵدانی فیمینیستە هاوچەرخەکان بۆ جەستە و قبوڵکردنی گرینگێتی ناهۆشمەندی. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، کتێبی سێکسی دووەم زیاتر لە٢٠ هەزار تیراژی لێ فرۆشرا و هەروەها هەندێ لە سیما دیارەکانی فیمینیستی شەپۆلی دووەم، ستایشی ئەویان کرد بەتایبەت "بیتی فریدان" لە کتێبی ڕازی ژنانە ١٩٦٣ و "شولامیت فایرستون" لە کتێبی دیالەکتیکی سێکس (١٩٧٠).

## ڕەخنەی فیمینیستی شەپۆلی دووەم

ڕەنگە یەکێک لە ڕێگە هەرە ئاسانەکانی دەستنیشانکردنی سەرەتای "شەپۆلی یەکەم"ی فیمینیستی مێژووی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی فریدان بێت بەناونیشانی رازی ژنانە ١٩٦٣، ئەو کتێبە بە ئاشکراکردنی ناکامییەکانی ژنانی ئەمەریکایی سپی پێست و ناهاوڕەگەز، ئارەزووەکانی چینی ناوەندی ـ ئەو چینەی بێ کار و کۆیلەی دەستی کارخانەکانی ماڵەوە بوون ـ فیمینیستی بۆ یەکەمین جار و بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە دەستووری کاری میللیدا جێگە کردەوە. (فریدان لە ساڵی ١٩٦٦ ڕێکخراوی میللی ژنانی بنیات نا). ئەوە بەسە کە بڵێین شەپۆلی دووەمی فیمینیستی و ڕەخنەی فیمینیستی، تا سنوورێکی زیاد بەرهەمی بزووتنەوە ئازادیخوازە میانڕەوەکانی کۆتاییی

شەستەکانە ـ هەر لە ڕێگەی ئەم بزووتنەوانەوە شێوەی گرتووە و لەلای خۆیەوە یارمەتیدەر بووە لە فۆرمالیزەبوونی ئەو بزووتنەوانە.

هەرچەندە فیمینیستی شەپۆلی دووەم هەر وەک فیمینیستی شەپۆلی یەکەم بەشدارە بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان لە هەموو بوارەکاندا. بەڵام ئاراستەی کاری ئەو فیمینیستییە برێتییە لە سیاسەتناسی زاوزێ، "ئەزموون"ی ژنان و "جیاوازی.."ڕەگەزێتی"یە.

"ڕەگەزێتی" وەک شێوەیەک لە ستەم و دیاردە دەبێ گرینگی پێ بدرێت، لەبەرئەوەی بۆ کلیلێک دەگۆڕێت، هەردوو لایەنی "تاکەکەسی" و "سیاسی" پێکەوە، بە تەواوی بیرکردنەوەی سیاسی تەقلیدی "نێرانە" بەرەو ململانێ دەبەن.

زۆربەی باسەکانی تایبەت بە جیاوازیی ڕەگەزی، بەدەوری پێنج میحوەری سەرەکیدا شێوەیان گرتووە، ئەوانیش برێتین لە: ژیانناسی، ئەزموون، وتار، ناهۆشمەندی، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەو تیۆرانەی ژیانناسی دەکەنە بناخە و بە چاوێکی کەم دەڕواننە کۆمەڵایەتیبوون، ئەو تیۆرانە بەو مەبەستە لەلایەن پیاوانەوە خراونەتە روو تا بە ژنان بڵێن "لە شوێنی خۆتان" دانیشن و مەجووڵێنەوە. پەندێکی لاتینی هەیە دەڵێ "ژن لە رەحم زیاتر هیچی تر نییە" ئەمەش بەشێکە لەم ڕوانینە. ئەگەر چارەنووسی ژن لە ڕێگەی جەستەیەوە دەستنیشان بکرێت، ئەوە ئەو هەموو هەوڵانە بۆ ڕێکوپێکی سروشتی کارەکان، دەوریان نابێت ئەگەر دوودڵ بن بەرامبەر بەڕۆڵە رەگەزییە پێسپێردراوەکان.

لەلایەکی ترەوە، هەندێ لە فیمینیستە توندڕەوەکان، زۆر بە مەزنیی دەڕواننە ئەو تایبەتمەندییە ژیارییانەی کە ژنان هەیانە و شکۆمەندانە لێی دەڕوانن و پێیان وا نییە لە جەستەی ئافرەت شکۆمەندتر هەبێت. گرووپێکی تر پێیان وایە ئەزموونی تایبەتیی ژنان سەرچاوەی بەها ئەرێنییەکانی مێیە لە ژیانی هونەریدا. ئەم بۆچوونە بەو شێوە بەردەوام دەبێت لەبەرئەوەی تەنیا ژنانن ئەزموونی تایبەتیی ژیانی ژنانە (هێلکەدابەزین، عادەبوون، بێچووهێنان) مومارەسە دەکەن، تەنیا ئەوانن دەتوانن باس لە ژیانی ژنان بکەن. سەرەڕای ئەمەش ئەزموونی ژن لە ژیاندا، مەودای ئیدراکی و سۆزداری جیاوازی هەیە، ژنان وەک پیاوان شتەکان نابینن، ئەوان لەبارەی گرینگی و ناگرینگی ئەو شتانە هەست و بیری جیاوازیان هەیە، یەکێک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەم ڕوانگەیە کارەکانی "ئەلین شوواڵتەر"ە، ئەم نووسەرە ڕەنگدانەوە ئەدەبییەکانی جیاوازیی ڕەگەزی لە نووسینی ژناندا دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

میحوەری سێیەم، پەیڤە (گوتارە)، ئەم چەمکە تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە جێگەی سەرنجدانی فیمینیستەکان. کتێبەکەی دیل ئەسپەندەر بەناوی "زمانێک پیاوان دروستیان کردووە ١٩٨٠"، هەروەک لە ناونیشانی کتێبەکەدا هاتووە، دەست بە باسکردنی ئەم پرسە دەکات، کە ژنان کەوتوونەتە نێو بنیاتی ئاماژەی سەرکوتکردنی زمانەوە، ئەو زمانەی لەژێر دەستی پیاواندایە، بەو جۆرەی فۆکۆ دەڵێ "حەقیقەت پێوەندیی بەکەسێکەوە هەیە کە پەیڤ کۆنترۆڵ دەکات، ئاساییە کە

دەسەڵاتی پیاوان بەسەر پەیڤەوە، ژنی خستووەتە نێو داوی "حەقیقەتی" نێرەوە. ژنانی نووسەر لەم دیدگایەوە بەئەنجام دەگەن، لە جیاتی داهێنانی پەیڤی جیاکارەی ژنانە، وا باشترە ڕاپەڕن دژ بەو کۆنترۆڵکردنەی پەیڤ لەلایەن پیاوانەوە. "ڕۆبین لیکاف" پسپۆڕی کۆمەڵناسی زمان و بەخۆشی مێیە، بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرەوە بڕوای وایە زمانی ژنان لە ڕووی کردارەوە ژێردەستترە، لەبەرئەوەی زمانی ژن وێنەکانی "سستی" و"نامسۆگەری" تێدایە، هەروەها جەخت دەکاتە سەر بابەتە ناگرینگەکانی وەک شێواز، پەرچدانەوە سۆزدارییەکان، بابەتە ناجیدییەکان. بە بڕوای لیکاف پەیڤی پیاوان "بەهێزترە" لەبەرئەوەی ژنان ئەگەر بیانەوێ یەکسانیی کۆمەڵایەتییان دەست بکەوێت، دەبێ زمانی پیاوان قبووڵ بکەن. کەچی زۆربەی فیمینیستەکان بڕوایان وایە کلێشەکانی ئەم ئایدیۆلۆجیا پیاوسالارییە دەبێتە هۆی دروستکردنی ژنانی سست لە پیاوانی بەهێزەوە، دەبێتە هۆی شتنەوەی مێشکی ژنان.

شیکردنەوەی دەروونی لاکان و کریستیڤا چوارەمین مەحوەری سەرەکی پێک دێنن کە ناهۆشمەندییە.

هەندێ لە فیمینیستەکان بە هاویشتنی چەمکی "مێ" بۆ نێو ئەو پرۆسانەی کە سەرقاڵی شیکردنەوەی دەسەڵاتی پەیڤی "نێرن"، وازیان لە ڕەوتی ژیانناسی هێناوە. هەموو ئەو شتانە بە مێ لە قەڵەم دەدرێن کە گەمەی ئازادی ماناکان بنیات دەنێن و هانی دەدەن و ڕێگە لە"داخران"ی دەگرن. ڕەگەزی مێ، ڕەگەزێکی شۆڕشگێڕانە، ڕووخێنەر، ناهاوچەشنێتی و کراوەیە، بۆیە پێناسەیەک لەبارەی خۆیەوە پێشکێش ناکات، ئەگەر بێتوو بنەچەیەک بۆ مێ هەبێت، بەتەواوی ئەو بنەچەیەیە لە دەرەوەی پێناسەی نێرە بۆ مێ. هەروەک دەزانین فیرجینیا وۆڵف یەکەمین ژنی ڕەخنەگر بوو لە شیکردنەوەکانی خۆیدا لەبارەی نووسینی ژنان، گرینگیی دا بە مەودای کۆمەڵناسی. زیاتر لە هەموو فیمینیستە مارکسیستییەکان، هەلومەرجی روو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێوەندییان کردووە بە هاوسەنگی ڕوو لە گۆڕانی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاو، هەروەها جۆرە چەمکێکی بەژنبووی جیهانیی لەلایەن فیمینیستەکانەوە ڕەت کردووەتەوە.

بۆیە دەتوانین ناوەڕۆکە سەرەکییەکان، ئەوانەی دەسەڵاتی تەواویان بەسەر شەپۆلی دووەمی فیمینیستی هەبوو لەم پێڕستەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە: ئامادەییی دەسەڵاتی پیاوسالاری، کەمی ئەو ڕێکخراوانەی گرینگی بە پرسەکانی ژن دەدەن، پیاهەڵدانی ئەو جیاوازییەی ژنان لە بەرامبەر پیاوان، وەک فاکتەری تەوەری سیاسەتە کولتوورییە ئازادیبەخشەکان. لە بەرهەمی زۆربەی لایەنگرانی شەپۆلی دووەمی فیمینیستی دەتوانرێ ئەو ناوەڕۆکانەی سەرەوە بەدی بکرێت: هەر لە دەستتێوەردانەکانی مرۆڤ پەسەندی "گرمان گریر" لە کتێبی (گەورەی مێ ١٩٧٠)ـ هەڵدەستێ بە لێکدانەوەی بەکەم تەماشاکردنی ژنان لە قۆرخکردنەکانی پیاوسالاریدا ـ تا دووبارە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرانەی سۆسیالیزمی (شیلا ڕۆبوتام)، هەروەها شیکردنەوەی دەروونیی (جولێت میشیل)، تا فیمینیستی توندڕەوی (هاوتوخبازی ژنانە)ی کیت میلت و ئادرین رایش. ئەم ڕەوتە، بەتایبەت

لە بواری تیۆری ئەدەبی فیمینیستیدا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی بەناوی قوتابخانەی ڕەخنەیی "ئینگلیزی ـ ئەمەریکایی" کە قوتابخانەی "جینۆکریتیزم ـ ڕەخنەی ژن سەنتەری" ئەلین شووالتەر لە سەرووی هەموانەوەیە، ئەمیش جەخت دەکاتەوە سەر تایبەتمەندێتی نووسینی ژنانە، زیندووکردنەوەی شێوەیەک لە شێوازی نووسینی نووسەرانی ژن و هەروەها لێکدانەوەی وردی ڕۆشنبیری خودی ژنان.

ڕەخنەی فیمینیستی فرەنسی کە قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی نوێترە و خاوەنی بنیاتێکی ڕێکوپێکترە لە ڕووی روانینەوە، هەروەها لەگەڵ قوتابخانەی "ئینگلیزی ـ ئەمەریکایی" لە مشتومڕدایە، بەتایبەت ئەمەش لە کارەکانی جۆلیا کریستیڤا، ئالەن سیکسۆ، لۆسە ئیریگاری ڕەنگ دەداتەوە، ئەمان جەخت دەکەنە سەر "کاریگەریی نووسین"ی ژنانە، نەک جەختکردنە سەر "ڕەگەز"ی نووسەری "مێ"، بۆیە ئەمان سوود لە دەستەواژەی ئەدەبیاتی ژنانە وەردەگرن. (ئالیس چاردن لە جیاتی "ڕەخنەی ژنسەنتەر" زاراوەی "ژنێتی لە نووسیندا" بەکار هێناوە). هەژیی گۆتنە ئەم جیاوازی دانانە لە نێوان قوتابخانە ڕەخنەییەکانی "ئینگلیزی ـ ئەمەریکایی" و "فرەنسی"، برێتییە لەو کۆمەڵە سنووە خراپانەی دانراون و گۆڕانخوازن کە لە شەپۆلی دووەمی فیمینیستیدا بەدی دەکرێ و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی دوو بزووتنەوەی گرینگ و کاریگەری تیۆری ئەدەبی لە کۆتاییی دەیەمی ١٩٦٠ پاش ئەم مێژووەش.

ئەم بەش بەشکردنە لەبەر سێ بەڵگەی سەرەکی پڕ گرفتە یەکەم: پۆلینکردن لەسەر ئاستی نەتەوەییی زیانگەیەنەرە (بۆ نموونە، دەکرێ زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەمەریکایی و بەریتانی لە ریزی ڕەخنەگرانی فرەنسایی دابنرێن)، بۆیە دەبێ لەسەر ئاستی شێوەی بیرکردنەوەی ئیلهامگەیێن پۆلین بکرێن، نەک لەسەر بناخەی ئەو ولاتەی ئەو بیر و بۆچوونە تێیدا سەری هەڵداوە، دووەم: پێ دەچێت هەر شێوە تێزێکی ڕەخنەیی فیمینیستی لە شوێنەکاتی تر، بەتایبەت لە جیهانی سێیەم وەلاوە نرێ، سێیەم، جۆرێک دژبەریی ساکار دەخاتە روو کە دەکەوێتە بەر تەوژمی ئەزموونە جۆراوجۆر و دژبەرەکانی هەریەک لە دەرککردنی پرسگەل و تواناکانی هەردوو قوتابخانە کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە باس کراوە و هەروەها ئەو ڕاستییەی کە خۆگونجاندن و گۆڕینەوە دوو هێزی سەرەکیی ڕەخنەگرتنن لە فیمنیستدا.

بەڵام بەرلەوەی بەدواداچوون بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە نوێیانە بکەین، پێویستە سەرنج بە دەقێکی بنەڕەتی بدەین کە بۆ کۆتاکانی دەیەی ١٩٦٠ دەگەڕێتەوە.

## کیت میلت : سیاسەتناسی ڕەگەزی

فیمینیستی شەپۆلی دووەم لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕەگی لەناو بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان و زۆربەی بزووتنە بەرهەڵستکارەکاندا داکوتاوە، فیمینیستی توندڕەو کیت میلت سەر بەم شەپۆلەیە. بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی کیت میلت ساڵی

١٩٦٩ بەناونیشانی "سیاسەتناسی سێکسوالی"، واتە یەک ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی "بیرکردنەوە لەمەڕ ژنان" لە نووسینی "ماری ئەڵمان" و پێش چاپکردنی کتێبی "گەورەی مێکان"ی جێرماین گریر، هەڵوێستی باوکسالاری، لە نووسینی "ئەوا فیجز"، هەروەها دیالەکتیکی سێکس بەرهەمی شولامێت فایرستون (هەموویان ساڵی ١٩٧٠ بڵاو بوونەوە)، ئەمانە هەر هەموویان نیشانەی سەردەمێکن کە شەپۆلی دووەمی فیمینیستی دەبێتە بزووتنەوەیەکی تەواو ئاشکرا، هۆشمەند، چالاک. ئەو بەرهەمەی "کیت میلت" بەرهەمێکی گەرموگوڕ و پڕباسی ئەو سەردەمەن. ئەم بەرهەمە رەنگە کاریگەرترین و ناسراوترین کتێبی ئەو سەردەمە بووبێ، سەرەڕای کەموکوڕییەکانیشی بەرهەمێکی خۆشگەیێن و بەرفراوان و پڕ گاڵتەجاڕی ڕەتکردنەوەی کولتووری پیاوانەیە، ڕەنگە لەو ڕوانگەشەیەوە یەکێک بێت لە یادگارییەکانی ئەم سەردەمە.

لە مەیدانە بەرفراوانەکانی مێژوو، ئەدەب، شیکردنەوەی دەروونی، سۆسیۆلۆجی و... هتد بەڵگەی "میلت" ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا و بەکارهێنانی ئایدیۆلۆجیا بە ئەندازەی نایەکسانی ئابووری هۆکاری بوونی چەوساندنەوەی ئافرەتانە، ئەم بەڵگەیەش، ڕێگەی کردەوە بەرامبەر بە روانینەکانی شەپۆلی دووەم لە مەیدانەکانی زاوزێ و سێکس و نوێنەرایەتی (بەتایبەت وێنە بینیاری و بیستیاری و پۆرنۆگرافی ژنان). ناونیشانی کتێبەکی میلت، واتە کتێبی سیاسەتناسی سێکسوالی، ڕاگەیەنەری دیدگاکانی ئەون لەمەڕ "پیاوسالاری" (ئەو کتێبە چەمکی پیاوسالاری لە سەنتەری دەستووری کاری فیمینستەکان دادەنێ) میلت بە دیاردەیەکی دەزانی کە پێویستی بە "پێداچوونەوەیەکی ڕێکوپێک هەیە ـ وەک ئاماژەیەکی سیاسی"، باوکسالاری مێ دەگۆڕێ بە پاشکۆی نێر یان ڕەگەزێکی چەوساوەتر. ئەم دەسەڵاتە، ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆیە، لە ژیانی مەدەنی و خێزانی، لە بواری سنووردارکردنی کاری ژنان بەکار دێت، دژ بە ژنان بەکار دەهێنرێ. سەرەڕای پێشکەوتنی دیموکراسی، ژنان دەخەنە ژێر پاڵەپەستۆی سیستەمێک کە پابەندە بە کلێشەی ڕۆڵی رەگەزییەوە، لە یەکەمین ساڵی ژیانەوە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی چەوساندنەوەوە. میلت جیاوازیی نێوان "سێکس"و"رەگەز" لە سۆسیۆلۆجیاوە وەردەگرێ، یەکەمیان واتە سێکس لە چوارچێوەی ژیاننناسیدا پێناسە دەکرێت، کەچی دووەم واتە "ڕەگەز" چەمکێکی دەروونناسییە کە دەدرێت ئەو ناسنامە ڕەگەزییەی کە لە ڕێگەی کولتوورەوە بەدەست هاتووە. "مارگارت میدی" مرۆڤناس، پێی وایە ئەو سیفەتەی کە ڕۆئاوا دەیدا بە ژن و پیاو، دەکرێ تەواو جیاواز بێت لەو سیفەتەی کۆمەڵگەی ناڕۆئاوایی دەیدەن بە ژن و پیاو: پیاوان دەکرێ ئاشتیخواز و ژنان شەڕخواز بن. میلت و فیمینیستەکانی تر ئەو کۆمەڵە قوتابییانەی بواری سۆسیۆلۆجییان داوەتە بەر ڕەخنە، ئەوانەی تایبەتمەندییەکانی "ژنان"ی بەدەستهاتوویان لە ڕێگەی کولتووره بە ئاسایی لە قەڵەم داوە.

ئەوان ئەوەیان قبووڵە کە ژنانیش وەک پیاوان، لە بڵاوکراوەکانی خۆیان و ئایدیۆلۆجی خێزانییاندا بەردەوامی دەدەن بەم ڕوانگەیە، کار دەکەن لەسەر بناخەی ئەو ڕوانگەیە و پێوەندیی نایەکسانی و ژێردەسەڵاتی ئەو شتەی کە میلت ناوی لێ دەنێ "سیاسەتناسی رەگەزی".

سیاسەتناسی رەگەزی شیکاری پێشڕەوە، یەکێکە لە هەڵسەنگاندنە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبییەکانی پیاوان لەسەر ژنان، لەم بەرهەمەشدا بە یەکێک لە دەقە دیاریکراوەکانی رەخنەی ئەدەبی فیمینیستی هاتووەتە ژماردن.

یەکێ لە هۆکارە گرینگ و دەخیلەکانی نێو بنیاتی ژنانە، شێوەگیری بەهاو و گرێبەستە ئەدەبییەکانە کە لە ڕێگەی پیاوانەوە دێتە دی و هەمووکات ژنان ناچار بوون نیگەرانییە تایبەتییەکانی خۆیان لە قالبێکدا ڕابگەیەنن، دەتوانین بڵێین نەگونجاو بووە. بۆ نموونە لە گێڕانەوەدا، ئەو پەیمانانەی کە ڕووداو و بەدواچوون و بابەتە رۆمانتیکییەکان پێک دێنن، بەجۆرێک لە جۆرەکان، هاندەر و مەبەستی پیاوانەی تێدایە، سەرەڕای ئەوەش نووسەری پیاو بەجۆرێک قسە بۆ خوێنەرانی خۆی دەکات وەک بڵێی هەر هەموویان لە پیاو پێک هاتبن. تایبەتمەندییەکانی پڕوپاگەندەش بەتەواوی لە بوارەکانی کولتووری جەماوەری باس لە نموونەیەکی تەواو لەم شێوەیە دەکەن. هەروەک لە قسەکردن لەبارەی دوبڤوار و وۆڵف نیشانمان دا، بۆ خوێنەری مێ توانای ئەوە هەیە کە (ناهۆشمەندانە) بەشداری لە دەستنیشانکردنی ئەم بوارە پیاوسالارییانە بکات و وەک "پیاوێک" دەقەکان بخوێنێتەوە.

میلت بە نیازی بەرەنگاربوونەوەی ئەم پرۆسەیە کە وەک خوێندن دەدرێ بە گوێی ژندا، چەند نموونەیەکی ئاشکرا کرد لەو سەرکوتکارە رەگەزییانەی کە دەکرێ لە چوارچێوەی ئەدەبی چیرۆکی نێرانەدا بەدی بکرێ. ـ میلت بە بەرجەستەکردنی ئەنقەستی دیدی خوێنەرێکی مێ، پەنجە دەخاتە سەر بوونی کۆنترۆڵی دیدگی پیاوانە لە کارەکانی د. ئێچ. لۆرانس، هینری میللەر، نۆرمەن میلەر، جان جینیە، لەبارەی وەسفە ڕەگەزییەکانیانەوە. بۆ نموونە لەبارەی لۆرانس ڕای دەگەیەنێت کە بۆچوونەکانی لۆرانس بەردەوام شادمانانە و نێرسالارین.

کتێبەکەی میلت برێتییە لە ئەزموون و کولتووری ژنان بەهێزەوە ڕەخنەیەکی توندوتیژ دژ بە پیاوسالاری، بەڵام هەندێ لە فیمینیستەکان پێیان وایە لەبەرئەوەی میلت تەنیا بۆ شیکردنەوەی راکانی خۆی پەنای بردووەتە بەر نووسەرانی پیاو، بۆیە ئەنجامی کارەکانی جێی باوەڕ و ئیعتبار نین، هەروەها بە پلەیەکی تەواو دەرک بە هێزی گۆڕانخوازی خەیاڵ ناکات لەنێو چیرۆکەکاندا. بۆ نموونە هەست بە بەهای قوڵی خەیاڵ لە یاداشتی رۆژانەی جان جینیە ناکات، لە دنیای هاوڕەگەزبازی کە لە چیرۆکەکانی جینیەدا وێنا کراوە ئەو تەنیا پاشکۆیی و کەمبوودی ژنان دەبینێ. پێ دەچێت لە ڕوانگەی میلت نووسەرە پیاوەکان بەهۆی ڕەگەزی خۆیانەوە ناچارن سیاسەتی ڕەگەزایەتی سەرکوتکارانەی دنیای واقیعی لە نووسینەکانی خۆیاندا نیشان بدەن، ئەمە ڕوانگەیەکە بۆ نموونە لە بۆچوونی (جۆیس)دا لەگەڵ رەگەزایەتی ژنانەدا یەک ناگرێتەوە. لە بەرانبەر ئەمەشدا لە ڕوانگەی هەندێ لە فیمینیستەکان تیۆرییەکانی میلت بەرئەنجامی ڕوانینی یەک مەودایی دەسەڵاتی نێرە، کە پێی وایە ئایدیۆلۆجیای قینلێبوونەوەی ڕەگەزخوازانە سەرکوتکردنێکی گشتگیرە، نووسەرانی پیاو هەر هەموویان لە ڕەواجکردن بۆ ئەو ئایدیۆلۆجییە

زیاتر هیچ چارەیەکی تریان نییە. "کورا کاپلان" لە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنی لەبارەی کارەکانی میلت بەناونیشانی "فیمینیستی توندڕەو و ئەدەب: بیرکردنەوەیەک لەبارەی سیاسەتناسی ڕەگەزی میلت ١٩٧٩" دەڵێ میلت "پێی وایە ئایدیۆلۆجی جۆرێکە لە یانەی جیهانی تایبەت بە ئامێری پیاوانە، کە هەموو پیاوانی سەر بە هەموو چینێک سوودی لێ دەبینن بۆ سەرکوتکردنی ژنان. هەروەها کاپلان لای خۆیەوە گومانی لە لێکدانەوە یەکلایەنییەکەی ملیت هەیە لەبارەی تیۆری فرۆید و نموونە و بەڵگەکانی لەمەڕ دەرکی ساکارانە بۆ سیاسەتناسی ڕەگەزی و ڕەخنەی ئەدەبی و بەتایبەت زۆر جەختکردنە سەر ئەدەبی گێڕانەوەی نێرانە. کاپلان ئاماژە دەکات بە ناکامڵی و ناوکۆیی لە زۆربەی شیکردنەوە ئەدەبییەکانی میلت بۆ چیرۆک، لەبەرئەوەی میلت لە یەک لاوە پێی وایە ئەم چیرۆکانە بەشێوەیەکی گشتی"ڕاست"و "نواندنەوە"ی پیاوسالارین و لە هەمان کاتیشدا پێی وایە "هەڵەی" نواندنی" ژنانەیە. میلت لە بۆچوونە کەمڕوانینەکانی خۆی ناتوانێ هۆکاری نێوەندی "زاراوەسازی چیرۆک" لە بەرچاو بگرێت.

## فیمینیستی مارکسیستی

شولامیت فایرستون خاوەنی کتێبی (دیالەکتیکی ڕەگەزی ١٩٧٠)، هاوکات لەگەڵ میلت پێی وایە دەسەڵاتی نێر پێشترە لە هەموو شێوە سەرکوتکردنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و هەروەها دەسەڵاتی نێر دەسەڵاتێکی جیاوازە. فایرستون دەیەوێ لە جێی چینایەتی، توخمایەتی پێشان بدات، بەو سیفەتەی کە توخمایەتی هۆکاری دەستنیشانکردنی مێژوویی و وێناکردنی "ململانێی چینایەتییە "وەک بەرەئەنجامی ڕێکخراوەیی ژیاننناسییەکانی خێزان، "میشیل بارە" پێی وایە چەمکی پیاوسالاری لە بەرهەمەکانی میلت و فایرستون ڕاگەیەنەری شێوەیەکن لە دەسەڵاتی جیهانی، ئەو دەسەڵاتەی خاوەنی سەرچاوە و هەمەچەشنی مێژوویی نییە. بە بڕوای میشیل لەبەرئەوەی میلت و فایرستون تێبینی ئەو پارچەپارچەیی و شیکردنەوەی پیاوسالاری و سەرمایەدارییەن نەکردووە، بۆیە بە سادەیی ڕوانییانە ئەو پرۆسە ئاڵۆزە، بە بۆچوونی ئەو، ئەو ڕەگەزانەی دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا تەماشایان بکرێت برێتین لە: ڕێکخستنی ئابووری ماڵباتی و "ئایدیۆلۆجی خێزانی" هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی کار لە سیستەمی ئابووری، سیستەمی پەروەردەی دەوڵەت، پرۆسەیەکی زۆری کولتووری کە لەو سیستەمەدا ژنان و پیاوان بە شێوازی جۆراوجۆر نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، بەهای ناسنامەی ڕەگەزی و پێوەندیی نێوان ڕەگەزایەتی و زاوزێ و ژیانناسی.

فیمینیستی سۆسیالیستی و مارکسیستی بە یەکێک لە شەپۆلی دووەمی فیمینیستی ساڵانی ١٩٦٠ بو١٩٧٠ دادەنرێت، بەتایبەتی ئەم شەپۆلە لە بەریتانیا دەرکەوت، خاوەنی ئەم دیدگایانە هەوڵیان دەدا شیکردنەوەی مارکسیستی لەمەڕ چینایەتی پێوەست بکەن بە مێژووی وەبەرهێنانی مادی و ئابووریی ژنانەوە، بەتایبەت ئەو خاڵە بسەلمێنن کە چۆن خێزان و دابەشکردنی کاری

خێزانی ژنان، لە ڕێگەی دابەشکردنی کاری ڕەگەزییەوە شێوە دەگرێ و دووبارە دێنەوە بەرهەم. مارکسیزمیش وەکو زۆربەی وێنە مێژووییەکانی "نێر" بەشێکی زۆری ئەزموون و چالاکییەکانی ژنی پشتگوێ خستبوو (ناونیشانی یەکێک لە کاریگەرترین بەرهەمەکانی "شیلا روبۆتام" بریتییە لە "لەمێژوو شاراوەیە") و ئەرکی سەرەکیی خۆی بە کردنەوەی ئەو راز و نهێنییە ئاڵۆزانەی نێوان ڕەگەزایەتی و ئابووری دەزانی. یەکێک لە وتارە سەرەتاییەکانی (ژولیت میچل) بەناونیشانی "ژنان: درێژترین شۆڕش ١٩٦٦"، هەوڵێکی پێشڕەو بوو لەم بوارەدا، ئەو بەپێچەوانەی بەرهەمە نامێژووییەکانی فیمینیستە توندڕەوەکانی وەک میلت و فایرستون هەوڵی دەدا بنیاتی باڵادەستی پیاوسالاری لە پێوەندیی لەگەڵ کردەوەکانی زاوزێدا بخاتە قالبێکی مێژووییەوە، شیلا رۆبوتامیش لە کتێبی "ئاگایی ژنان، دنیای پیاوان ١٩٧٣"، هەروەها لە بەرهەمەکانی تریشی، دەیویست ئەو راستییە پشتڕاست بکاتەوە کە ژنانی چینی کرێکار لەژێر پاڵەپەستۆی چەوساندنەوەی دوولایەنەی دابەشکردنی کاری توخمایەتین لە ماڵەوە و لە شوێنی کارکردنیش. بۆیە مۆری پشتگیریکردنی نا بەم بۆچوونەوە، کە مارکسیزمی مێژوویی، تا ڕادەیەکی زۆر گرینگیی بە ئەزموونی تاکەکەسی نەداوە، بەتایبەت لە مەیدانی کولتووری مێینەدا.

لە بواری ئەدەبدا، ڕەخنەکانی "کۆرا کاپلن" دژ بە فیمینیستی توندڕەوی میلت، بەتایبەت لەمەڕ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا، دەکرێ وەک نموونەیەک لە ڕەخنەی سوسیالیستی ـ فیمینیستی دابنرێت، "میشیل بارە"ش لە کتێبی "دەربارەی چەوساندنەوەی ژنان لە سەردەمی هاوچەرخدا: چەند مەسەلەیەک لەمەڕ شیکردنەوەی مارکسیستی ـ فیمینیستی ١٩٨٠"، شیکردنەوەی مارکسیستی ـ فیمینیستی لەمەڕ وێناکردنی ڕەگەزی دەخاتە ڕوو. یەکەم لەو کتێبەدا پشتگیری لە یەکەمین سەڵماندنە ماتەریالیستییەکانی فێرجینا وۆڵف دەکات، کە بەپێی لێکدانەوەکانی وۆڵف مەرجەکانی دەسەڵات لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی، ژنان و پیاوان لە ڕووی مادییەوە جیاوازە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمانەی کە دەینووسن: ئێمە ناتوانین بەکلێشەبوونی پرسەکانی پێوەست بە ڕەگەزایەتی لە مێژوودا لە هەلومەرجە ماتەریالییەکانی جیا بکەینەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئازادی تەنیا لەمیانەی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانەوە نایەتە دی. دووەم ئایدیۆلۆجیای ڕەگەزایەتی کاریگەریی خۆی دادەنێت بەسەر شێوەی خوێندنەوەی بەرهەمی ژن و پیاوان و چۆنیەتیی جێگیربوونی ئەو پێوانانەی کە بەهای شتەکان دیاری دەکەن. سێیەم ڕەخنەگرانی فیمینیستی دەبێ گرینگیی ڕووداوی دەقی ئەدەبی لە بەرچاو بگرن، نەکەونە نێو تەڵەی (ڕەوشتخوازی باو) و هەموو نووسەرە نێرەکان ئیهانە نەکەن، بەهۆی هەڵاواردنی ڕەگەزایەتی لە بەرهەمەکانیاندا، هەروەها دەستخۆشیش لەو ژنانە نەکەن تەنیا لەبەرئەوەی لە نووسینەکانیاندا ڕەگەزییەکانیان خستووەتە ڕوو دەقەکان، خاوەنی مانای جێگیر نین: ڕاڤەکان پێوەستن بەشێوەی خوێندنەوە و ئایدیۆلۆجی خوێنەرانەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ژنان دەتوانن

و دەبێ هەوڵ بدەن دەسەڵاتیان ڕەنگ بداتەوە لە چۆنیەتی پێناسەی ڕەگەزێتی و کاردانەوە کولتوورییەکانی ئەو بەرهەمانەدا.

هەردوو نووسەی فیمینیستی "جودیت نیوتن" و "دیبورە رۆزنفیلد" لە کتێبی "پێشەکییەک لەبارەی ڕەخنەی فیمینیستی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ١٩٨٥" بەرگری لە جۆرێک رەخنەی ماتەریالیزمی مارکسیزمی دەکەن، ئەوانەی لە تەڵەی سرشتگەرایی "تراجیدیا"نەی هەندێ لە ڕەخنەگران دوورەپەرێزن، ڕەخنەگرانێ کە وێنەی ژنانێک دەخەنە روو تا رادەیەک بێ دەسەڵات و بەشێوەیەکی گشتی باشن، ئەوان رەخنە لە تەسکبینیی تیۆری ئەدەبی دەگرن کە لە کتێبە کاریگەرەکەی گیلبەرت و گوباردا هاتووە بەناونیشانی "ژنێکی شێت لە ژووری ژێر جەزیرییەکە ١٩٧٩"، بەتایبەت ڕەخنە لە بێ ئاگابوونی ئەوان دەگرن و ئاماژە بەو واقیعە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەش دەکەن کە ڕۆڵێکی گرینگ لە بوارە سێکسییەکاندا دەگێڕن. (پونی بوملا) و (کورا کاپلان) و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ئەدەبی مارکسیزمی ـ فیمینیستی، بەمەبەستی دەرککردن بە شێوەگیری مێژوویی چەمکە ڕەگەزییەکان، لە جیاتی ئەو تێبینییانەی سەرەوە، جۆرێک شیکردنەوەی ئایدیۆلۆجییان خستووەتە نێو دەقە ئەدەبییەکانەوە، کە ئالتۆسێر و ماشری دانەری بوون. بەهەرحاڵ فیمینیسمی مارکسیستی لە حاڵی حازردا بەرزترین پلەی خۆی بڕیوە و ڕەنگە هەر ئەم هۆیەش بێت وای کردبێ ئەم قوتابخانەیە بکەوێتە بەر ڕووناکیی باس و خواسی نێوان فیمینیستە ئینگلیز ـ ئەمەریکایی و فرەنسییەکان.

## ئەلین شووالتەر: نووسینی ژنان و ڕەخنە لە نووسینی ژنانە

تووریل موی لە کتێبی سیاسەتناسی سێکسئامێز و دەقئامێز ١٩٨٥ لە دوو بەشی سەرەکیدا ڕەخنە لە فیمینیستی ئینگلیز ـ ئەمەریکایی و تیۆری فیمینیستی فرەنسایی دەگرێ، لەم کتێبەدا نەک تەنیا یەکێک لە گرینگترین لێکۆڵینەوەی سەرەکیی ڕەخنەگری فیمینیستی هاوچەرخ دەخاتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانییەوە بگرە خودی خۆشی روانگەیەکی سەربەخۆ دەخاتە روو، ڕۆیشتنی هۆشمەندانەی تووریل موی لە "ڕەخنە"وە بۆ "تیۆری"، نیشانەی تایبەتمەندی وەسفخوازی و دادوەری بەهاخوازانەیە: لە ڕوانگەی تووریل موی، ڕەخنەی ئینگلیزی ـ ئەمەریکایی یا رەخنەیەکی نەگەییوە یا دوور دەکەوێتەوە لە چوارچێوەی تیۆرییەوە.

لەلایەکی ترەوە، رەخنەی فرەنسی، لە ڕووی تیۆرییەوە ئاڵۆز و هۆشمەندانەیە، لە ڕاستیدا ئەم دوو قوتابخانەیە کۆمەڵێ زەوینەی هاوبەشیان هەیە، هەروەها چەندان مەیدان و بواری فراوانیان تێدا بەدی دەکرێ، هەردووکیان هەوڵ دەدەن شێوە سەرەکییەکانی گوتاری ڕەخنەی فیمینیستی پێناسە بکەن. لە بەشەکانی دواییدا لێڕوانینی قوتابخانەی فرەنسایی تۆزێک زیاتر روون دەکەینەوە.

ڕوخسارە بنەڕەتییەکانی لێڕوانینی ئینگلیزی ـ ئەمەریکایی، لە ڕاستیدا ئەمەریکایین. بە

ڕوانینێکی سەرپێیانەش دەردەکەوێ کە ڕەخنەی "وێنەکانی ژنان" سەر بە سەرەتای حەفتاکان (کە لەژێر کاریگەریی هەردوو نووسەر ئاڵمان و میلت بوون و باشترین نموونە بوون لە کۆمەڵەی وێنەی ژنان لە ئەدەبی چیرۆکنووسیدا: دیمەنە فیمینیستییەکان ١٩٧٢) ڕوانینی سادە و یەکجۆریان هەیە، چەندان بەرهەم بە چاپ گەیشتن گرینگیان دەدا بە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی ژن و گوتاری ڕەخنەیی فیمینیستی.

کتێبی ئالن مۆر "ژنانی ئەدەب ١٩٧٦"، بریتی بوو لە پێشەکییەک یان "وێنەکێشانی نەخشەی" تەقلیدێکی ئەڵتەرناتیڤی نووسینی ژنانە، کە سێبەری خۆی بەسەر نووسینی دەسەڵاتداریی نێرانەدا بڵاو دەکردەوە. بەڵام پاش بەرهەمەکەی ئەلین شوواڵتەر ئەو کارە سەرەکییەی کە لەم چوارچێوە هاتووەتە بەرهەم، بریتی بوو لە کارە نەمرەکانی هەردوو نووسەر ساندرا گیلبیێرت و سۆزان گوبارە بە ناونیشانی "ژنە شێتەکەی ژووری ژێر شیروانی ١٩٧٩". ئەوان لەو بەرهەمەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە نووسەرانی ژنی وەک "جێن ئاستین" و ئەوانەی دوای ئەویش هاتن دەستیان کرد بە بەکارهێنانی شێوەیەکی جیاواز لە دەنگی مێرانە. کلێشە باوەکانی بنیاتی مێینەیان هەڵوەشاندەوە، وەک نازناوەکانی "فریشتە"و"بوونەوەرێکی خەیاڵی" (ژنی شێت). بەڵام، هەروەک "ماری جیکۆبز" ئاماژەی پێ کردووە، گیلبرت و گوبار بە گۆڕینی نووسەرانی ژن بە "قوربانیانی هەڵاوردەی تەرحێکی قسەزان کە پیاوسالارانە لەدایک بووە" ئازادیی ئەوان سنووردار دەکات، توریل مووی زیاتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی "چیرۆکی" سەرکوتکردنی مێ لە ڕێگەی سیستەمی پیاوسالاری، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەخنەی فیمینیستی لەمەڕ پێوەندی دەستبەستراو و پرکێشە دەخاتە بەردەم هەمان ئەو ڕەخنە بەهێز و دەسەڵاتدارەی پیاوسالاری، کە دەیانەوێ ئەو گرفتە وەلاوە نێن. موی پێی وایە ڕێگەی دەرچوون لەم بنبەستە پێوەستە بە ڕووکردنە پارێزەرانی "شیکردنەوەی دەروونی" تیۆری فرەنسی.

بەهەرحاڵ، دیارترین سیمای ڕەخنەی ئەمەریکایی شەپۆلی دووەم، ئالین شوواڵتەرە، بەتایبەت کتێبەکەی بەناونیشانی"ئەدەبی ئەوان ١٩٧٧". شوواڵتەر لەو کتێبەدا، باس لە بەشێک لە مێژووی ئەدەبی ژنان دەکات (زۆرێک لەو بەشانە لە چاوی مێژووەوە نەزانراو بوون). مێژوویەک دەنووسێتەوە کە نیشاندەری شێوەگیری هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی ماتەریالی، دەروونناسی و ئایدیۆلۆجی ئەوانە، هەروەها بانگەشە بۆ جۆرێک لە ڕەخنەی فیمینیستی دەکات (کە سەرقاڵی خوێنەرە ژنەکانە)، جۆرێک "ڕەخنەی نووسینی ژنانە" (کە نووسەرانی ژن لە بەرچاو دەگرێ).

کارێک کە لەم کتێبەدا ڕوو دەدات، بریتییە لە شیکردنەوەی بەرهەمی ژنە ڕۆماننووسە بەریتانییەکان لە برووتنەوەی بەدواوەوە لە دیدگی ئەزموونی ژنانەوە. هەرچەندە بە بڕوای شوواڵتەر ڕەگەزایەتی مێینەی جێگیرکراو، یا خەیاڵی مێینە بوونی نییە، بەڵام نووسینی ژنان و پیاوان جیاوازییەکی قووڵیان هەیە، بەڵام، ڕەخنەگرانی پیاو نەریتێکی نەناسراو لە نووسینیاندا هەیە و لە بەرچاویان نەگرتووە: "کیشوەری ونبووی نەریتی مێیەتی، وەک ئاتلانتیس، لەنێو دەریای

ئەدەبی ئینگلیزییەوە سەری دەرهێناوە"، شووالتەر ئەم نەریتە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات: قۆناخی یەکەم "قۆناخی ژنانە/ فیمینین" لە ساڵی ١٨٨٠ تا ١٨٦٠ بەردەوام دەبێت، کە ئەلیزابیت گسکل و جۆرج ئالیوتی تێدایە، لەم قۆناخەدا ژنانی نووسەر، پێوەرەکانی جوانناسی نێرانەی دەسەڵاتدار تاقی دەکەنەوە و رۆ دەچنە ناخی خۆیانەوە، ئەم پێوەرانە داوایان لە نووسەرانی مێ دەکرد، رێزی خۆیان بگرن. بواری بنەڕەتی کارەکانی ئەوان کۆڕی خێزان و کۆمەڵگە بوو، بەهۆی "خۆپەرستی" و خەریکبوون بە کاری نووسین هەستیان بە گوناه دەکرد، رازی دەبوون بەهەندێ لە سنوورداری لە وەسفەکانیان و دوور دەکەوتنەوە لە بێ نەزاکەتی و هەستیارخوازی. قۆناخی دووەم، قۆناخی "فیمینیستییە" (١٨٨٠ ـ ١٩٢٠) ئەم قۆناخە کۆمەڵێ نووسەری فیمینیستی توندڕەوی گرتەخۆ وەک ئەلیزابێت رابینز و ئالیۆ شراینەر. ئەم نووسەرانە لەبەر بەهاکانی نێرانە هەڵدێن و بەرگری لە شاری خەیاڵی جیاخوازانەی ئەمازۆنی دەکەن و خوازیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی ژنانن، هەروەها بەرگری لە بەشداریکردنی ژنان دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا. قۆناخی سێیەم، قۆناخی مێینەیە (لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە دەست پێ دەکات، ئەم قۆناخە ئیلهامی لە قۆناخەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، ئەم قۆناخە بیرکردنەوەی نووسین و ئەزموونی تایبەتی مێینە و و نووسینی مێینەیە و بەرەو قۆناخی دۆزینەوەی خۆی دەڕوات. بەپێی بۆچوونی شووالتەر، (ربکا ویست) کاترین مەنسفیلد (دۆروتی ریچاردسۆن) گرینگترین ڕۆماننووسە "مێینەکانی"سەرەتایی بوون، لە هەمان ئەو سەردەمەی کە (مارسێل پروست) و (جێمس جۆیس) رۆمانی مەزنیان لە رووی هونەرییەوە دەنووسی، ریچاردسۆن لە رۆمانە مەزنەکەی "زیارەت"، ئاگایی ئافرەتی خستبووە ژێر لێکۆڵینەوەوە. بۆچوونەکانی ئەو لەمەڕ نووسین، سەردەمێک پێشتر لە تۆمارکردنی دواین تیۆرە فیمینیستییەکان، ناوەڕۆکی ئەوانی دەگێڕایەوە، لەبەرئەوەی ئەو لایەنگری (دۆزینەوەی زۆرانە "بوو، کە بۆچوون و بڕوا ڕەهاکانی رەت دەکردەوە و بەو شتەشیان دەگوت "شتە مێینەکان")، شووالتەر دەنووسێ: "ناوبراو بە داڕشتنی تیۆرێک کە بێ فۆرمی بە دەربڕی سروشتی هەستی مێینە و ئەو خەیاڵ و وێنانەی بەنیشانەی یەکلاڕوانینی نێرانە دەزانێ و بۆ" مەسەلەی هەڵقوڵینە بێ شێوەکان"یش پاساو دێنێتەوە. ئەو بەردەوام هەوڵی دەدا ڕستەی لابراو و پارچە پارچە بەرهەم بهێنێ تا ئەو شتە بنوێنێ کە ڕەنگدانەوەی شێوە و تەنراوی زەینی مێینەن. کەوابوو لە ویرجینا وۆڵفەوە جۆرێک ڕاشکاوانە لەمەڕ مەسەلەکانی سێکس هاتە نێو ئەدەبەوە وەک (پێوەندیی نامەشروع، هاوتوخمخوازی ژنان)، هەروەها لە ڕێگەی کارەکانی جینریسەوە هەندێ بابەت هاتە نێو ئەدەبی ژنەوە. بەڵام پاشان نەوەیەکی نوێی ژنی زانکۆدیدە پێیان نایە گۆڕەپانەکەوە، ئەو ژنانە بەهیچ جۆرێک هەستیان بەپێویستی ئاشکراکردنی ناڕازییەکانی ژنان نەدەکرد، لەو ژنانە دەتوانین ناوی ئەمانە ببەین "ئا. ئێس. بیات، مارگریت درابڵ، کریستین بروک روز، برجید برۆڤی. بەڵام لە سەرەتای حەفتاکان لە رۆمانەکانی پەنلۆپ مورتیمر، مۆریل ئیسپاک، دۆریس لسینگ، وەرگەڕانێکی سەیر دەبەین لە چوون بەرەو ئاوازێکی تووڕەئامێز.

ناونیشانی کتێبەکەی شوواڵتەر ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو قەرزاری ڤێرجینا وۆڵفە، هەروەک ماری ئیگڵتۆن ئاماژەی بۆ دەکات، بۆچوونەکانی ئەو دووانە زۆر لە یەکتری دەچن: "پەرۆشییان بۆ بەرهەمی ژنانە و لێکۆڵینەوەی فیمینیستی.. ئەم دوو ڕەخنەگرە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەوان بەوەستان لە بەردەم نادیاربوونی ژیانی ژنان ئەرکی سەرەکیی خۆیان لەوە (دەبینین) کە هەوڵ بدەن ئەم بارودۆخە چاک بکەن و ئەو سەرەتایە بدۆزنەوە کە فەرامۆش کراوە". بەڵام شوواڵتەر رەخنە لە وۆڵف دەگرێت لەبەر "کشانەوەی" بەرەو بواری دوو توخمخوازی و (رەتکردنەوەی مێیایەتی) و شێوازی "ڕەمۆک"ی.

بەپێی نووسینی ماری ئیگڵتۆن، هەر لێرەوەیە کە (تۆریل موی) بەتەواوی لەگەڵ شوواڵتەر هاوڕا نییە، لێرەشەوە دەتوانرێ بە تەواوی سەنتەری دوولایەنەی بەرامبەر لە نێوان فیمینیستە ڕەخنەییەکانی ئینگلیز ـ ئەمەریکایی و فرەنسی بە ڕوونی دەرک پێ بکەیت، بە بڕوای موی فرەنسی، ڕەتکردنەوە و سەرەونگونخوازی خودی تاک و تەنیا لەلایەن فیرجینیا وۆڵف و دەقسازی "هاروهاج"ی ئەو، بە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کاری فیرجینیا دەژمێردرێ، لە کاتێکدا ڕەخنەی بەرهەمی ژنان لە قوتابخانەی ئینگلیسی ـ ئەمەریکایی، نیشانەی گرینگیدانە بە نووسەر و بە خسڵەت و ئەزموونی مێینە ـ یان بە واتایەکی تر، جەختکردنە سەر دەستکەوتێک لە واقیعەوە (بەتایبەت تێگەیشتی کۆ لەمەڕ ئەوەی کە ژنبوون چ مانایەی هەیە) کە بە سوودوەرگرتن لە کاری ئەدەبی دەتوانرێ ویناى ئەوە بکرێت و پێوەست بکرێت بە ئەزموونەوە.(هەموو ئەم باسانە لە چەند روویەکەوە وەبیرهێنانەوەی ئەو دایەلۆگەیە کە لەم سەدەیە لە نێوان واقیعییەکان و مۆدێرنە مارکسیزمەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە ڕووی دا)، بەپێی بۆچوونی موی، سستی و ناپتەوی بنیاتە تیۆرییەکانیش برێتین لە تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی فیمینیستی ئینگلیزی ئەمەریکایی شوواڵتەر– بەتایبەت ئەو پێوەندییەی کە دای دەمەزرێنێ لە نێوان ئەدەب و واقیع، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەدەبی و سیاسەتناسی فیمینیستی.

گەرچی کۆمەڵێ لە بەرهەمەکانی شوواڵتەر ئەو بەرهەمانەی کە لە پاشان نووسینی و هەڵەچن کرابوون وەک "ڕەخنەی فیمینیستی نوێ ١٩٨٥"،"گوتار لەبارەی جێندەر ١٩٨٩"، لە زۆر رووەوە بابەتی وەرگیراون، وەرگیراوێکی بێ وێنە، بەڵام دیسان ناتوانێ خەریکی داهێنانە تیۆرییەکانی ڕوانینی فرەنسایی بێت، یان ئەوان لە خودی خۆدا جێ بکاتەوە، لەبەرئەوە بەپێی پێناسەکە فرەنسییەکان بنیاتی ئەو روانینانەیان تێک شکاندووەتەوە. ناکۆکییەکەش لەمەدایە راستەوخۆ لە هەلومەرجێکدا لە روانگەی ڕەخنەگرانەوە دەردەکەوێت کە ئەزموون و کولتووری ژنان بەهێزەوەئەو ڕەخنەگرانەی سەرقاڵی نووسەرە ژنەکانن. فیمینیستە پاش بنیاتگەرەکان هەموو شتێک وەک دەقێک دەبینن، پێیان وایە شتێک نییە پێی بگوترێ پرۆژەی نووسینی ژنانە، یان نووسین لەبارەی ژنان، ئەگەر هەشبێت جۆرێکە لە خراپ تێگەیشتنە.

# خۆپەرستی

# لە سەرەتادا نەبوو

گی کورنو

بەدبەختی واتە پڕکردنی دەم لە رستەی

"خۆشت بوێم"

پاپیرۆس ئارمیتاژ ١١١٦

پێش ئەوەی ئەم بەسەرهاتە بخوێنینەوە پێویستمان بەوەیە زانیارییەکمان لەبارەی ئەفسانەی ئیزیزیس و ئۆزیریس هەبێت، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پێوەندییەکی بەم باسەوە هەیە و لە هەندێ شوێندا ئاماژە کراوە بەم ئەفسانەیە، پێش ئەوەی دەست بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە بکەین لە دواین بەشی ئەم وتارە ئەفسانەکەی ئیزیزیس و ئۆزیریس بخوێنەوە.

### یەکەمین تەڵە

پێشتر لە بابەتەکانی تر داوام لێ کردی خۆت بخەرە شوێنی یەکێک لە کەسایەتییە بنەڕەتییەکانی ئەفسانەی ئیزیزیس و ئۆزیریس: ئەو کەسایەتییەش ئوزیریس بوو. بۆ چرکەیەک دەبی بە گوڵە گەنمێک و حوکمڕانی گشت مرۆڤایەتی دەکەیت. بەم جۆرەش دەبی بە هیزی دەروونی ئەفسانەکە. ئێستەش داواتان لێ دەکەم یەکەم هەنگاو هەڵهێنن بەمەبەستی تێبینیکردنی ئەو خاڵانەی کە شایانی بیرلێکردنەوەن. بێ هیچ دوودڵییەک یەکەمین خاڵ پێوەندیی بە شکۆمەندییەوە هەیە، ئەو شکۆمەندییەی بۆ خۆپەرستی دەگۆڕێت. بەڵێ شکۆیەک کە بۆ خۆپەرستی دەگۆڕێت، کەواتە بۆ نابێت پێمان وابێت شکۆ و خۆپەرستی هەردووکیان یەک شتن.

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

سەرچاوەی خۆپەرستی زۆرجار شانازیکردن نییە. هەروەها نەبوونی شکۆ و شانازیش نابێتە هۆی سووکی و بێبەهایی. جەختکردنە سەر ئەم خاڵە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی هەریەک لە ئێمە لە ساتێک لە ساتەکان هەستی بەکامڵبوون و هاوئاهەنگی کردووە، کە ڕێک شێوەی شانازیی هەبووە، بەڵام دڵنیاین ئەمانە هیچیان پێوەندییان بە خۆپەرستییەوە نییە، ئەمانە بە "چرکەکانی قازانج و بەها" دادەنرێن و خاڵی سۆزداریی تەواوی ژیانمانن. ئەمانە تەنیا لە کاتێکدا بۆ خۆپەرستی دەگۆڕێن ئەگەر هەست بکەین شتێک وامان لێ دەکات لەو چرکەیەدا ناوازە و هەڵبژێردراوین. نیشانەی خۆپەرستیمان ئەو کاتە تێدایە، ئەو ساتە کورتانەی کە تێیدا دەست دەکەین بەهەستکردن بە لەپێشتربوون یان کەمتربوون.

بەڵام ڕەنگە بڵێیت، ساتگەلێکی زۆر هەن کە تێیدا زیاد لە پێویست ناچارین بەهای خۆمان بنرخێنین و هەڵسەنگێنین. بەراستی لێرەدا ماف بەتۆیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە بە وردی لەم باسە دەکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی خۆپەرستی یەکەمین و دوایین تەڵەیە مرۆڤەکان لە ژیانیاندا بەکاری دێنن بۆ نەهێشتنی پاڵەپەستۆ، تا بگەنە خۆشبەختی.

ئەوەتان لە یاد نەچێت بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لە ساتێکدا دەژین پێی دەگوترێ ساتی بەها و قازانج، نەک خۆپەرستی. ئاخۆ لە کاتی چێژی سێکسیدا بەخۆت دەڵێی هەستێکت هەیە هیچ کەسێکی تر نیەتی؟ ئەگەر وات گوت مانای وایە تۆ لەو کاتەدا بەڕاستی پێویستت بە پزیشکی شیکردنەوەی دەروونی هەیە! واز لە گاڵتە بێنە، لە ساتەکانی خۆشیدا، وا هەست دەکەین خۆشییەکانمان ئێمەیان گەیاندووەتە لووتکە و بوونی ئێمەیان واڵا کردووە و پێوەستی کردووین بە جیهان و کەسانی ترەوە. ئەم خۆشبەختییە ڕێک وەک خۆپەرستی لە مرۆڤایەتیمان جیا دەکاتەوە.


کاتێک (بیرنارد فۆیەر) باسی خۆی دەکرد کە چۆن گەیشتووەتە سەر لووتکەی چیایی "ئێڤەرست"، پەیم بەم جیاوازییە برد، لە قسەکانی بیرناردا شانازی و هەستکردن بەمەزنی نەدەبینرا، ئەوەی ئەو باسی دەکرد زیاتر هەستکردن بوو بەخۆشەویستی بۆ چیا و ڕێنوێنەکانی، بێرنارد بە گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆی هەوڵی نەدەدا ببێتە جێگەی وەسپکردن، بگرە ئەو دەیویست ئیلهامگەیێن بێت، کرۆکی ئەو شتەی ئەو پێشانی دەدا لەبەر سەرکەوتنێکی تاکەکەسی فیز و دەعییە نەبوو، زیاتر برێتی بوو لە ناسینی ئەو ساتانە، ساتەکانی هەڵچوون و هاوجۆشی لەگەڵ سروشتدا، ئەو ساتانەی هەر بوونەوەرێک دەگۆڕێت و وەبیری دەخاتەوە کە ئەو پێوەندیی بەو شتەوە هەیە کە لە بوونیدایە. تێبینیم کرد ئەو بەپێچەوانەی سیر ئەدمۆند هیلاری، یەکێکی تر لە سەرکەوتووانی لووتکەی ئێڤەرست ناڵێت: "من ئەو لووتکەیەم دۆزییەوە!" بگرە دەڵێ: "ئەو لووتکەیە مۆڵەتی پێ دام بگەمە سەری.".

### ئاخۆ ئاشناییت هەیە لەگەڵ شکۆمەندی و شانازیدا؟

هەریەک لە ئێمە ئەگەر چەند پلیکانەیەکیش بەسەر پەیژەی شکۆ و شانازیدا سەرکەوتبێتین، ئاگامان لەو خۆشییە هەیە کە لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەدا بە نسیبمان دەبێت. جارێکی تر داواتان لێ دەکەم بەشداریی ئەم گەمەیە بکەن، بەمەبەستی شیکردنەوەی شکۆ و شانازی یان ونکردنی شکۆ و شانازی لە خۆتاندا، داواتان لێ دەکەم دەست بەم ڕاهێنانە بکەن.

جارێکی تر داواتان لێ دەکەم پێوەندی لەگەڵ بوونی خۆتاندا دامەزرێنن، بێ دامەزراندنی هیچ دادوەرییەک بیر و هەستی خۆتان لێک بدەنەوە چ ئەو هەستە خۆش بێت یان ناخۆش. تەنیا تەماشا بکەن، بێ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەدا تووشی هیچ دەستەویەخەیەک بن. هێواش هێواش پێوەندی لەگەڵ هەناسەی خۆتاندا دامەزرێنن و خۆتان ئازاد بکەن تا لە نێوان دوو هەناسەدا ئارام بن.

کاتێک ئامادە بوویت، بیرەوەرییەکی خۆش بهێنەوە بیری خۆت، هەرچییەک ناهۆشمەندی یەکسەر وەبیرتی دێنێتەوە، بێ هیچ دوودڵییەک قبووڵی بکە، دووبارە ئەو ساتە خۆشە بێنە پێش چاوی خۆت وەک ئەوەی تۆ ئێستە لەناو ئەو خۆشییەدا بیت. بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت ئەوەی دەیکەی تەنیا گەمەیەکە. ئەگەر هیچتان وەبیر نەهاتەوە تۆزێ تەحەمولت هەبێت، ئەگەر هەر هیچ نەهات برۆ بۆ قۆناخی دووەمی ڕاهێنانەکە، بێ ئەوەی لە دەروونی خۆتدا هیچ دادوەرییەکت کردبێت یان لە ناخەوە هەستت بە بێباوەڕی کردبێت.



لە قۆناخی دووەمدا، مۆڵەت بدە تا چرکەیەکی پڕ شانازیی ژیانت بەبێ شەرم وەبیر بێنیتەوە، جارێکی تر بێ هیچ دادوەرییەک، هەرچییەک وەبیرتان دێتەوە قبووڵی بکەن. کە لێ بوویتەوە، یاداشتێک لە مێشکتدا ڕێک بخە ئەگەر ویستت دەتوانی ئەو یاداشتە بەنووسین تۆمار بکەیت.

کاتێک ئەم جۆرە ڕاهێنانە ئەنجام دەدەین، گرینگ ئەوەیە ڕێگە بە بیرەوەرییەکان بدەین بە شێوەیەکی یەکسەری لە دەروونمانەوە دەرکەون و ڕەدوویان کەوین، یان بەشێوەیەکی تر، گرینگ ئەوەیە لێ گەڕێین ئازادیی دەروونیمان بچنە نێو کارەکانەوە، لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵێ ئیشمان پێیە ئەرکیان چاک کردنەوەیە، هەرکە مەودای بۆشاییی زەینمان ئارام دەبێت، ئەو توانایەمان پێ دەدەن تا ئەو شتە بدۆزینەوە کە دەبێ گرینگیی پێ بدەین. تەنانەت هەندێ کات تووشی سەرسوڕمان دەبین، کە دەبینین دەروونمان بەرامبەر بەهەموو شتێک وەئاگا هاتووە. وەک ئەوە وایە کاتێ قولابی ماسیگری دەخەینە ئاوەوە، وشەی "خۆشبەختی" بنووسێنین بە قولابەکەوە.

چیرۆکێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە لەسەر کەمشانازیکردن بە ڕووداوێکەوە. لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم مامۆستاکەم زۆر خۆش دەویست. وانەکەمان لەسەر کۆمەڵەی ئەستێرەکان بوو، پێشنیازم کرد ئەو گۆی زەوییەی لە ماڵەوە هەمە بۆ قوتابخانەی بهێنم. کاتێ وانەکە دەستی پێ کرد مامۆستاکە دەیویست ئەو قوتابییانە دەستنیشان بکات کە هەریەکە لە جێگەی ئەستێرەیەک بوەستێ. هەستم کرد خەریکە من هەڵنابژێرێ. لە ئەنجامدا لە پڕ بەتووڕەیی و شێتانە لە نێوەندی پۆلەکە بەدەنگێکی بەرز ڕام گەیاند لەبەرئەوەی من گۆی زەوییەکەم هێناوە، دەبێ من لە جێگەی خۆر بم، ئێستەش کە بیر لەو کاتە و لەو شتە دەکەمەوە شەرم دامدەگرێ. چەند جارێک لە خۆم پرسی باشە بۆچی ئەو کارەم کرد؟ لەبەرئەوەی لە هەمووان زیاتر بەشداریی ئەو بەرنامەیەم کرد بۆچی ویستم لە سەنتەری هەمووان بم؟

ئەم کتێبە بەدرێژاییی ئەم بەشە ڕێنوێنیتان دەکا، لەبارەی هەموو ئەو شتانەی بەدرێژاییی تەمەنت ئەنجامت داوە، لەبەرئەوەی دەست دەکەین بە قسەکردن لەسەر بەرزی و نزمیی خۆپەرستی کە هۆکاری سەرەکیی کردارە ئەرێنیێ و نەرێنییەکانمانن. بەم مەبەستە دووبارە دەچینەوە وێزەی ئۆزیریس، ئەویش دووچاری هەمان ئەو هەستە بووە.

## شکۆی ئۆزیریس

پێش ئەوەی بە وردی و درێژی دەست بکەین بەکارکردن لەم ئەفسانەیە، سەرنجی ئێوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشم. میسرییەکان هیچ بەسەرهاتێکیان لەمەڕ ئەم ئەفسانەیە بۆ ئێمە بەجێ نەهێشتووە. یەکەمین دەستنووسی تەواوی ئەم ئەفسانەیە کە بەدەستمان گەیشتووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاینی واتە ئەو دەستنووسەی کە پلوتارک ئامادەی کرد. ئەو لە کتێبەکەی نامەی ئیزیزیس و ئۆزیریس ڕووداوە گرینگەکانی ئەو ئەفسانەیە باس دەکات، پاش ئاشکرابوونی دەستنووسی قیبتییەکانی میسر رووداوەکانی ئەو ئەفسانەیە

پشتڕاست کرایەوە.

بەڵام بە درێژاییی ڕۆژگار، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران سەرقاڵی دەستنووسەکەی پلوتارک بوون و بەخەیاڵی خۆیان شاخ و گوێیان بۆ کەسایەتییەکانی نێو ئەو ئەفسانەیە دروست کرد. نۆرمەن میلەر Norman Mailer یەکێک لەو نووسەرانە بوو. لە کتێبێکیدا بەناونیشانی "سەردەمە تاریکەکان" ڕووداوەکان وەک خۆی دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە دەڵێت تەنیا بەو شێوەی کە پلوتارک بەبیری هێناوەتەوە، تەنیا حیرس و تەماحکاری و چاوچنۆکی سەرچاوەی ئیرەییی سیس نەبوو، بگرە خۆپەرستی بووە، خۆپەرستی خوویەک بوو لە دەرەوەی خۆی هەڵگری بوو.

سەرەڕای ئەوەش من زۆربەی راڤەکانی خۆم بە پشتبەستن بە نووسینەکانی پلوتارک ئەنجام داوە، لە هەندێ ڕووەوە سوودم لە زۆربەی بۆچوونی نووسەرانی تر وەرگرتووە، بۆ نموونە نووسینەکانی میلەر جێگەی سەرنجم بوون. لە ڕوانگەی شیکردنەوەی دەروونیشەوە لێکدانەوەی میلەر بەشێوەیەکی ڕازیکەرە ڕوونکەرەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە ئوزیریس ڕوو دەدا پاش ئەوەی دەکەوێتە چنگی برا بچووکەکەی، ناشبێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە (سیس) یەکێکە لە خواکان بۆیە دەبێت کەسایەتییەکی کامڵ بێت.

لەلایەکی ترەوە، هەر بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد، هەریەک لە کەسایەتییەکان هەڵگری هەموو کەسایەتییەکانی ترە. لەم ڕوانگەیەوە سیس نوێنەری لایەنە گێرەشێوێنەکەی ئوزیریس و بەشی جوولێنەری خۆڵقێنەری لەودا، خۆپەرستیی هۆیەکە وا لە ئوزیریس دەکات بکەوێتە نێو تەڵەی شێواندنی خۆی. یان بەگوتەیەکی تر، ئەگەر سیس نەهاتبایە نێو ئەو مەیدانەوە، هیچ هەڵەیەک ڕووی نەدەدا و هیچ گۆڕانکارییەکیش نەدەبوو.

## لەدایکبوونی خواکان

ڕۆژی یەکەم ئوزیریس لەدایک بوو. لە ساتی لەدایکبوونی ئەودا دەنگێک ڕای گەیاند، فەرمانڕەوای هەموو شتێک هاتە دنیاوە، ئوزیریسیان پێوەست کرد بە هەڵچوونی ساڵانەی ڕووباری نیل و دووبارە سەوزبوونی گژوگیا. ڕۆژی دووەم "حوروس"ی برای لەدایک بوو. سێیەمین ڕۆژ "سیس" هاتە دنیاوە، بەڵام "سیس" بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک نەبوو، لە بنهەنگڵی دایکییەوە هاتە دنیاوە، لەشی دایکی لەت کرد و ڕووی کردە دنیا. سیس ئاماژەیەک بوو بۆ دەشتی وشکەڵان و سووتێنەر و دەیم و بیابان. "ئیزیزیس"ی داپۆشراو بە شەونمی سەرلەبەیان، ڕۆژی چوارەم لەنێو زۆنگاوەکانەوە لەدایک بوو. ئەو نوێنەری زەوی پڕ خێروبەرەکەتی میسر بوو، سەرەنجام ڕۆژی پێنجەم "نفتیس" لەدایک بوو، بەهۆی جوانییە بێ وێنەکەی، ناوی پیرۆزیان پێ دا، ئەو کەسایەتییانەی سەرەوە هەر هەموویان منداڵی نوتن (Nout)، ژنەخوای ئاسمان بوو.

دەبێ ئەوەش بڵێین "حوروس" لە یەک کاتدا باوک و برای "ئوزیریس" بوو، هەتاو (رەع) خوای دانایی و باوکی "ئیزیزیس" بوو، مانگ (تحوت) خوای پزیشکی بوو" سیس و نفتیس"یش کوڕانی

زەوی (گیب) بوون.

هەروەها دەڵێن "ئۆزیریس" هەر بە تەنیا پاشایەکی ئاسایی میسر نەبوو، بگرە بەگەورەترین پادشای میسر دادەنرا، هەرکە گەیشتە سەر کورسیی دەسەڵات، میسرییەکانی لەو ژیانە پڕ دەرد و چەرمەسەرییە رزگاری کرد کە تێیدا دەژیان، ئەوانی فێری کشتوکاڵی کرد، یاسای هێنا و خەڵکی فێری خواپەرستی کرد. پاشان بە بینین و سەفەری دنیا توانی داوونەریتی خەڵکی باشتر بکات. زۆر بەکەمی پەنای دەبردە بەر چەک، لە رێگەی مۆسیقا و ڕازیکردنەوە خەڵکی بۆ لای خۆی کێش دەکرد.

ئەو لە کۆشکی شاهانەی خۆیدا دەپەرسترا، بەجۆرێک کاتێ گەڕایەوە میسر بە سەرنجەوە بەرامبەر بە جوانی و سەرنجڕاکێشی خۆی واقی وڕما. لەلایەکی ترەوە "نفتیس"ی جوان و قەشەنگ هاوسەری "سیس"ی ناشیرین بوو. "نفتیس" ئازاری دەچەشت بەدەست سیفەتی ئاگرینی مێردەکەیەوە، ئەو ئاگری دەکردە گیانییەوە. ئیزیزیسی خوشکی، کە ئۆزیریس میهرەبانیی خۆی پێ دابوو، جەستەیەکی هەبوو ساردو فێنک. وا ڕووی دا کە "نفتیس" لەگەڵ ئۆزیریس خیانەتی بە سیس کرد، ئەم کارەش بووە هۆی تووڕەییی کوشندەی هاوسەرەکەی.

دەڵێن ئۆزیریسی سەرکردە و هاوسەرەکەی ئیزیزیس بەئاشتی هەموو دنیایان داگیر کرد. ئەمەش بووە هۆی گەورەبوونی ئۆزیریس و لە ئەنجامدا پیاهەڵدانی دەوروبەرەکەی وای لێ کرد باوەڕ بەهەموو وتنەکانیان بکا، ئاخۆ ئەوە ڕاست نییە کە خۆپەرستی یان پێچەوانەکەی شەرم، بەگشتی بەهۆی ئەو روانین و دادوەرییەیە دروست دەبێت کە کەسانی تر لەبارەی ئێمە و کارەکانی ئێمە هەیانە؟ لەلایەکی ترەوە، زۆرجار ئەم ڕوانینە پڕ بەها و پڕقینەی دەرەوەی خۆمان وا قبووڵ کردووە، ئیتر نازانین سەرچاوەکانیان چ کەسانێکن: دایک و باوکمانن، سەرۆک یان دۆستەکانمان. بۆیە کاری ئا لەم جۆرە کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر ناهۆشمەندیمان.

ئۆزیریس ئەوەندە خۆپەرستە تەنانەت لەگەڵ خوشکەکەی دەخەوێ کە خوشکێتی و هاوسەری براکەیەتی. دەکرێ بڵێین ئۆزیریس خۆی زۆر بەهێز و کۆڵنەدەر دەزانێ، بۆیە هێز و توانای خۆی بەئاراستەیەکی هەڵەدا بەکار دێنێ. هەمووان وا دەڕواننە ئۆزیریس کەسێکە تا ڕادەی بێ سنوور بەخشندەیە، خۆشی وا تێ دەگات هەر وایە و هەمیشەش وا دەبێت، لێرەوە ئەو لە جیاتیی ئەوەی وەک نوێنەری ئەو هێزە شارستانیانە ڕەفتار بکا کە دروستی کردووە، کەچی خۆی لەگەڵ ئەو هێزەدا یەک دەگرێت. ئەو بەشێوەیەکی گشتی نابێتە خزمەتکاری شان و شکۆ و مەزنی، بگرە سەرقاڵی شان و شکۆ و مەزنیی خۆی دەبێت. ئیتر لێرەوە بیر لە چەمکەکانی چاکە و جوانی و سەرنجڕاکێشی و پایەبەرزی ناکاتەوە. لە دەروونناسیدا کاتێ کە بۆقێک دەیەوێ وەک یەک گا زل بێت، دەڵێن ئەو بۆقە تووشی هەڵئاوسانی دەروونی بووە. هەمان ئەو هەڵئاوسانەشە کە تووشی ئۆزیریس دەبێت.

لە ڕاستیدا ئۆزیریسی ڕووناکی، نوێنەری رەع، خوای هەتاو، لە پڕ وا بیر دەکاتەوە ئەگەر

توندوتیژییەکەی نەبێت نابێتە ڕووناکی. لە پڕ خۆی بە پێویست و بێ وێنە و جیاواز و باشتر لە هەمووان دەزانێ و خۆی دەسەپێنێ بەسەر هەمووان‌دا، هەمان ئەم مەسەلەیەش لە تەوراتدا هاتووە لەمەڕ لوسیفەر (شەیتان).

لوسیفەر (شەیتان) هەڵگری ڕووناکییە، خۆی بەڕووناکی دێتە بەرچاو. ئەمەش وای لێ دەکات خوا لە ریزی فریشتەکان بیکاتە دەرەوە و بینێرێ بۆ دۆزەخ، بۆ ئەو شوێنەی کە لە دەرەوەی سنووری روانینی خوایە.

ئۆزیریس وەک لوسیفەر، زیندانیی نەخشەیەک دەبێت پێی سپێردراوە، هەر خودی ئۆزیریسیش خۆی دەکاتە کۆیلەی ئەو نەخشەیە، وەک ئەکتەرێک وایە کە لە کۆتاییی نواندنەکەدا توانای نییە جلی ئەکتەری بگۆڕێت. دەکەوێتە نێو تەڵەی کەسایەتیی خۆیەوە، کەسێ کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی کەسانی ترەوە. ئەوێک تاکی خۆی لە خزمەتی بزووتنی هەمووان بوو، بە شێوەیەکی کامڵ و هاوئاهەنگ وەڵامدەرەوەی هێزەکانی ژیان بوو، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە چەقی هەموو شتەکانە. چیی تر هەست بەوە ناکات ئەو سەر بە جیهانی کەسانی ترە، لە پڕ پێی وا دەبێ هەموو جیهان سەر بەوە.

بۆیە قسە لەم مەسەلەیە دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆیشتن بەرەو حاڵەتی نقومبوون لە خەیاڵ و بیرۆکەکان کە لە ئەنجامی شکۆ و مەزنیدا دەردەکەون، کارێکە هۆشمەندانە روو نادات، لێرەشەیەوە کە حاڵەتی قوربانی دروست دەبێت. بیرەوەرییەکمان نییە سەر بە یەکەمین سەردەمی شکۆ و پایەبەرزیمان بێت. ئەم بیرەوەرییانە پێوەستن بەسەردەمی هاوژیانیمان لەگەڵ دایکدا. بێگومان ئەم ئەزموونە بۆ هەمووان وەک یەک نییە. دەروونناسی دەماری هاوچەرخ نیشانی داوە کە لە سێ کۆرپەلە تەنیا یەکێک ئەم بارە بەهەشتئاسایەی بە نسیب نابێت، ئەگەر هاتوو دایک لەژێر پاڵەپەستۆی زیاد بێت و یان لە خێزانێک بژی خۆشەویستی تەواوی تێدا نەبێت، ئەوە ئەم بارودۆخە بەهەشتئاسایە بۆ منداڵ فەراهەم نابێت.

زۆرجار لەگەڵ سەرنجدانی دەرد و ئازارەکانمان لە بوونی خۆمان تێ دەگەین، کەچی لە هەزاران مەسەلەی شانازیدار هەڵوێستی بەرگریکردن، گرژ و داخراومان دەبێت، تەنیا لە حاڵێکدا کە لە دەرەوەی خۆمان ئەزموونی شکۆ و شانازی تاقی بکەینەوە، ئەمەش بەئەندازەی پێویست سوودمان پێ ناگەیەنێت.

مەسەلەکەش ئەوەیە بەسەختی خۆمان چوونیەک دەکەین لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیی سەردەمی منداڵی، ئەو ناخۆشی و خۆشییەی کە بەسەرماندا هاتووە، ئەم چوونیەککردنە دەتوانێ هەستی بوونمان پێ بدات و پاڵپشتێکمان بۆ دابین بکا. بەهەرحاڵ، لەوە زیاترمان لەدەست نایەت، شتێک لە دەروونماندا دەیەوێ دروست بێت و ناسنامە و کەسایەتییەک بۆ خۆی دروست بکا.

نموونەی میوەیەک بێننە پێش چاوی خۆتان، کەسێتیی ئەو میوە توێکڵەکەیەتی، لە هەمان کاتدا لە ناوەوەی ئەو توێکڵە نیشانەیەک شاراوەیە و لە لێدانەکانی دەرەوەی دەپارێزێ، بەڵام پرسیارەکە

لێرەدا ئەوە ئاخۆ چ کەسێک ئەوەندە نەزانە پێی وابێت میوە و توێکڵەکەی یەک شتن؟ تەنانەت ئەگەر توێکڵی ئەو میوە ئەوەندە ئەستوور بێت مەزەندە نەکرێت، ئەو کاتەش دەتوانین توێکڵەکەی بکەین و بگەینە ناخەکەی.

بەشی دەرەوە تەنیا ڕووبەرێکی ڕووکەشییە و لە پڕ دروست بووە، لە ئەنجامی ئەو شتە دروست بووە کە لە ناوەوە روو دەدا. توێکڵی میوە نیشانەی ساخڵەمی ناخی ئەو میوەوەیە، بەڵام ئەو توێکڵە هەموو میوەکە نییە. ئاشکرایە کاتێک زیان لە دەرەوە دەگاتە میوەیەکە، کاریگەری تەنیا لەسەر دەرەوە دەبێت، لەم حاڵەتەشدا ئەوە بەسە تەنیا توێکڵەکە یان بەشە زیان لێکەوتووەکەی لێ بکرێتەوە، بەشەکانی تر عەیبیان نییە، بەڵام کاتێ زیانەکە لە ناوەوە دروست دەبێت، لە ناوەوە دەگەنێ ئەوە هیچ چارەیەک نییە، ئەو میوەیە دادەڕزێ و بەکەڵک نامێنێ.

کەسایەتیی مرۆڤیش بەرەنجامی پێکهاتنێکە لە نێوان دنیای دەرەوە و ناوەوە. ڕوویەکمان پێ دەدا پاشان ئێمە ئاشنایی لەگەڵ ئەو ڕووەدا پەیدا دەکەین، مەسەلەکەش لێرەدا ئەوەیە لە کەسێتیدا ئەو شتە زیادەی کەسایەتی بوونی نییە. ئەم کەسێتییە بەرەنجامی کۆمەڵێ ڕەنگدانەوەی مەرجییە و ڕەنگدانەوەی بەشێک لەو شتانەیە کە بوونمان پێک دێنێ. ئەم ڕەنگدانەوانە نیشانەی شێوەی ژیان و کردارەکانی رابردوومانن، زۆرجاریش ژیانی ئێستەمان ئاراستە دەکات.

یۆنگ بەمەبەستی نیشاندانی ئەو پەردەی کە لە نێوان دنیای ناخ و دەرەوەی ناخمان هەیە سوودی لە وشەی "پێرسۆنا PERSONA" وەرگرت، یۆنگ ئەم وشە لاتینییەی بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێنا، مانای ئەم وشەیە بۆ ئەو دەمامکانە دەگەڕێتەوە کە ئەکتەرانی شانۆ کۆنەکانی تراجیدیی یۆنان کاتی نواندن دەیانخستە سەر ڕوویان تا دەنگیان بەرزتر بێتەوە (پێرسۆنا بەلاتینی واتە دەنگدانەوەی دەنگ). یۆنگ ڕوونی دەکاتەوە دەڵێ مامۆستایەک کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەرگەرمی گوتنی وانەیەک بێت، ئەگەر لەگەڵ ئەو وانەیەی کە پێشکێشی دەکات یەکەتییەک دروست بکات، ئەوە ئەسیری ئەو دەمامکە "پیرسۆنا" دەبێت کە بەخۆیەوە هەڵواسراوە. دەمامکێک لە یەک کاتدا هەم پڕ بەهایە و هەم دەشتوانێ ئەو ئەکەسە دەستبەسەر بکا. من دەمەوێ بۆ هەمان مەبەست زاراوە یان دەستەواژەی "پیرسۆنا" بەکار بێنم، لەگەڵ جیاوازیی ئەوەی کە دەمەوێ مانای ئەو وشەیە هەمووان بگرێتەوە تەنانەت ئەوەش بگرێتەوە " کە دەخوازین ببین بەو شتە".

چەند نموونەیەک دەهێنمەوە ئەو نموونانە کە جەخت دەکەنە سەر کرداری دەروونناسانە و دەبنە هۆی پێکهێنانی کەسێتی، یان توێکڵی میوە یان توێکڵی دەرەوەی تاک.

## هێنری، کوڕێکی ترسنۆکە

هێنری منداڵێکی تایبەتە، هەردەم وەک بوونەوەرێکی زۆر ناوازە جێگەی وەسف و پێداهەڵدانی دایکی بوو. هەردووکیان دوو سیمبولی تایبەتن، بەو حوکمەی دایکی بەردەوام گلەیی لە ئامادەنەبوونی باوکی هەبوو، وا پێ دەچێت مێردەکەی لە پشتەوە دۆستی تری هەبێت. وردە وردە

هێنری کوڕە بچکۆلەی دایەی جێگەی باوکی دەگرێتەوە، تەنانەت کاتی نانخواردن کە باوکی نایەتەوە ئەو لەسەر جێگەکەی ئەو دادەنیشێت، وەک شازادەیەک گرینگی بە هێنری دەدرێت، هەرچییەکی بوێ بۆی حازرە. ئەو لە زەینی بچکۆڵەی خۆیدا هەوڵ دەدا دایکی حەزی لە چ شتێک بێت، ئەو ئەنجامی دەدا. هەوڵ دەدا دایکی خۆشحاڵ بکا، هەر یارمەتییەک پێی بکرێ پێشکێش بەوی دەکا.

ورده ورده گەمەکە جیدیتر دەبێت. ئەو لە باوکی دەڕەنجێ ئەو باوکەی بووەتە هۆی بەدبەختکردنی دایکی، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە باوکی خوێڕیەتییەکانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، هێنری وا دەزانێ بە میهرەبانی دەتوانی دڵی هەر ژنێک کە خۆی دەیەوێ ئەسیر بکا، لەبەر ئەمەیە هێنری هەرچی تووڕەیی و تۆپزی و هەڵکفان و تەنانەت کەسایەتیی خۆشی لەبەر سوودی کەسانی تر واز لێ دێنێ، هێنری فێری خۆشەویستی نەبوو، تەنیا فێری خۆشەویستی بێدەسەڵاتی بوو. پاشان کاتێ هاوسەرێتی دەکا، هەر هەمان کار دووبارە دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی منداڵی دەبێ، لەبەرئەوەی خۆشحاڵیی منداڵبوون هەر زوو دەگۆڕێت بۆ هەستێکی دوولایەنەی تێکەڵ بەهەستی تاڵی و بێزاری، ئەو هەستەش هەستی پشتگوێخستنێتی لەلایەن ژنەکەیەوە. لێرەوە دەبێ هاوسەر کاتی خۆی لە نێوان ئەو وەک مێرد و منداڵەکەی دابەش بکا، ئەمەش بۆ هێنری تەحەموول ناکرێ، ئەوێک کە پێشتر شازادە بوو ئێستە لە پڕ تووشی ئیرەیییەکی بێ وێنە دەبێت و ناتوانێ لە دەستی هەڵبێ، بواری خۆی، واتە پاوانکاری چاودێریی ژنەکەی لەدەست داوە. هێنری هەوڵ دەدا بەسەر ئەو بارودۆخەدا زاڵ بێت، دەیکات بە دادوبێداد، پاشان بۆ رۆژی دوایی داوای لێبووردن دەکات، بۆ ئەوەی دووبارە باری سەنتەری خۆی بدۆزێتەوە و نیگای ستایشئامێزی دایکێکی دەست بکەوێت کە جێگرەوەی ئەو بێت، دەڕوا بەدووی ئافرەتێکی تردا دەگەڕێت، بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە سەر خووەکەی باوکی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، رووداوێک ئەو خۆی بەسەختی ئاگای لە چۆنیەتیی ڕوودانێتی.

پاش ئەو رووداوە هێنری تووشی دڵگرانییەکی بێ وێنە دەبێت کە هیچ شتێ چارەی ناکات، هەوڵی بەدەستهێنانی دایەنی کوڕەکەی دەدات، بەڵام هاوسەری پێشووی ناچێتە ژێر بار. کار دەگاتە دادگە و دادگەش ڕای خۆی دەدا و دەڵی بەهۆی خەمساردیی باوکەوە دادگا پێی وایە هێنری لێوەشاوە نییە بۆ چاودێریکردنی کوڕەکەی. دارمانی هێنرێ بەرەو دۆزەخ تا ماوەیەک بەردەوام دەبێت تا فێری توانای پێشاندانی پەرچدانەوە دەبێت، ورده ورده بەچاوێکی تر دەڕوانێتە خۆی، بە درێژایی کات هەوڵ دەدات ئەو ڕێزەی لە خۆی دەگرێ، بەرەنجامی ڕوانینی کەسانی تر نەبێت، بگرە ئەو ڕێزە بەڵگەی توانای راستەقینەی خۆی بێت.

لە ڕاستیدا چی ڕووی داوە؟ هێنری ئەسیری دەستی ئەو کوڕچاکییەیە، کە قەرار بوو کوڕی چاک بێت. وای بیر دەکردەوە ئەم کارە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دڵی هەموو ژنان. نائامادەییی باوک لە ماڵەوە یارمەتیدەری هێنری نەبوو تا خوودی خۆی دروست بکات. فێری ئەوە نەبوو، چۆن

ڕووبەڕووی ڕاستی و بێبەشییەکان بێتەوە. هیچ سنوورێک نەبوو لە پێوەندی لەگەڵ دایکیدا. بۆیە ئەو لە دەروونەوە خۆی دروست نەکردووە. لە منداڵییەوە فێر نەبووە چۆن ڕووبەڕووی هەستی خەمباری بێتەوە، ئەوی خەمبارییەی لە ڕەتکردنەوەی خواستەکانی لەلایەن دایک و باوکییەوە سەرچاوە دەگرێ. خۆشی ناتوانێ بەرگەی ئەو گرینگیپێنەدانە بگرێ کە هاوسەرەکەی بەرامبەری دەینوێنێ.

پیاوانێکی زۆر هەن وەک هێنری تەنیا پاش قینی جیابوونەوەی هاوسەرێتی تێ دەگەن، چیی تر لە چەقی جیهاندا نین و کەسانی تریش بوونیان هەیە. بەم شێوەیە سیس کاری خۆی ئەنجام دەدات بەکردنەوەی درزێک لە دنیای داخراوی ئەواندا. ڕەنگە پەلەم کردبێ لە خستنە ڕووی پرسەکە. بەکردەوەش وا باشترە بەردەوام بین لە گرینگیدان بە مەسەلەی شێوەگیری کەسایەتیی "هێلن". کارەکەی هێلن تایبەتە بەپێوەندی و پەرچدانەوە سنووردارەکانی خۆی.

## هێلن کوڕێکی فەرامۆشکراو

هێلن لە خێزانێکی ٥ کەسی گەورە بوو، ئەو دوا کەسی ئەو ماڵە بوو. لە هەموو برا و خوشکەکانی کورتەباڵاتر بوو، گرێی خۆبەکەمزانینی هەبوو، لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، خۆی بە "هاوباڵای" ئەوانی تر نەدەبینی و هەمووکات یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە (تانە و توانجی کورتەباڵاییان تێ دەگرت..(وەرگێڕ)، هەرچی خەم و تووڕەییی هەبوو لە ناخی خۆیدا گلی دەدایەوە، بەپەلە قەڵەو دەبوو تا چاکتر بتوانێ هەستەکانی بشارێتەوە و پارێزگاری لە خۆی بکات. لە ڕاستیدا قەڵەوی زیاتر پووچەڵکردنەوەی ئەو لێدانانەیە کە بەر ئەو دەکەوێ.

هەرچەندە ئەو کارە هیچ خزمەتێک بە دۆخەکەی ئەو ناکات، زیاتر دەبێتە جێگەی تەوسپێکردنی براکانی، بۆ ئەوەی لە دەوروبەرێکدا بژی کە چواردەوری دوژمنی ئەو بوون، دەبووایە ئازار و ژانەکانی لە ناخی خۆیدا بشارێتەوە و پارێزگاریی خۆی بکات، پێ بکەنێ و بەردەوام یارمەتیی ئەوانی تر بدات تا بتوانێ ببێتە جێگەی سەرنجی ئەو دایکەی کە زۆر دەڵێت و گوێ بەکەس نادات.

هێلن منداڵێک بوو منداڵێتیی خۆی بەشێوەیەک بەسەر دەبرد کە بڕوا بەخۆبوونی بڕوابەخۆبوونێکی دوودڵانە بوو. حەزی لە خۆی نەبوو، بڕوای بەخۆ نەبوو، ئەوەندە بوێر نەبوو تا تواناکانی خۆی پێشان بدات، لەبەر ئەوە دەترسا ڕەخنەی لێ بگیرێ. بە کورتی ئەو لەو باوەڕەدا بوو لە کەسایەتییەکی دەروون لاواز زیاتر هیچی تر نییە.

بێ ئاگابوونی تەواو لەو شتەی لە ناخییەوە خەریکی دروستکردن بوو، هێلن سەرقاڵی گەڕان بوو بەدوای عەشقدا، تا بتوانێ لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وای بیر دەکردەوە لەچاوانی خۆشەویستێکدا دەتوانێ سەرنج و ڕێزی پێویستی چنگ بکەوێت ئەوەی پێویستە بەگۆڕینی چارەنووسە پێچەوانەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام بەخت هاوڕێی و یاری ئەو نابێت و دەبێتە قوربانیی دەستی ئەو پیاوانەی کە سوود لە باشی و دڵشیرینیی ئەو وەردەگرن تا کۆنترۆڵی بکەن و

بۆ ئامانجی خۆیان بەکاری بهێنن، پاش هەر جیابوونەوەیەک لە پیاوێک هەست بە بێ نرخی و بێ دادوەرییەکی بێ سنوور دەکات. تێک دەچوو، بەڵام لە ناخەوە بەشێک لە بوونی، ئەو بەشەی کە دانی پێدا ناهێنێت، لەبەرخۆوە دان بەوەدا دەنێ کە شایستەی ئەوەیە کە بەسەری هاتووە.

تا ئەو کاتەی پەی دەبات بە ڕەفتارە ناهۆشمەندەکانی، برینەکانی سەردەمی منداڵیی ئەو پێویستیان بە هاوسەرێکە تا بەهای ئەو بزانێت، لە کاتێکدا ئەو ئاشقی پیاوێک دەبێت تەنیا بچووکترین ناز و سەرنجی بداتێ، ئاشقەکانی ئەو توانای ئەوەیان نییە بەجێهێنەری چاوەڕوانییە زیاد و ناهۆشمەندەکانی ئەو بن، لە کۆتاییدا دەبنە هۆی نائومێدکردنی ئەو. بەڵام ئەو هەرگیز دەستبەرداری ئەو بارودۆخە نابێت کە تێیدا هیچ ڕێزێکی ناگیرێت، تا ئەو ساتەی کەسانی تر بەبێ ڕێزی لێی دەڕوانن.

سەرەنجام پاش چەندان شکست تێ دەگا ئەو سەرقاڵی گەڕان بووە بەدوای هاوسەرێک کە ڕێز و حورمەتی بگرێت، یا تۆزێک سارێژی برینی ئەو بەسووک تەماشاکردنەی بکات کە لە سەردەمی منداڵی تووشی بووە. ئەوەندەش باوەڕی بەوە هەیە کە ئەو کەسێکە بێ ڕێزە و شکست دوای شکست و جیابوونەوە دوای جیابوونەوە تووشی خۆی دەکات تا وای لێ دێت بۆچوونێکی زۆر خراپی لەمەڕ خۆی دەبێت. بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی کە هەست دەکات زۆر بەکەمی تووشی دەبێت، دەکەوێتە داوێنی هەر کەسێک و لە ڕووی سۆزدارییەوە دەبێ بەپارچەیەک لەو کەسە، بە کورتی هەڵگری بارودۆخێکی هێجگار دڵتەزێنانە دەبێت کە تێکەڵەیەکە لە ترس، ترسی لەدەستدانی هەمان ئەو ئەشقەی کە بەدەستی هێناوە.

بەشێوەیەکی گشتی هێلن منداڵیی خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەو سەردەمی منداڵییەی تێیدا ترسی لەدەستدانی هەبوو لەدەستدانی ڕێز و خۆشەویستییەک کەسانی نێزیک بەرامبەریان دەنواند، بۆ پاراستنی ئەو خۆشەویستییە هەرچی تووڕەیی و هەڵچوون هەبوو لە ناخی خۆیدا گرمۆڵەی دەکرد و بەهیچ شێوەیەک دەری نەدەبڕی. بەکورتی لە ناخەوە هەستی بە دژایەتییەکی قووڵ دەکرد، لەلایەکەوە نائومێدانە بەدووری خۆشەویستیدا وێڵە، لەلایەکی ترەوە دڵنیایە لیاقەتی ئەو خۆشەویستییەی نییە.

هێلن بەسەرنجدانە ئەو وێنە نەرێنییەی لەمەڕ خۆی دروستی کردبوو، خیانەت لە خۆی دەکات. ئەو نازانێ بەم کردارەی هەمان ئەو کارە دەرهەق بەخۆی دووبارە دەکاتەوە کە دایک و خوشک و براکانی دەرهەق بەو دەیانکرد، خۆی سووک و ریسوا دەکات، ڕۆڵی "سووک و ریسوا"یەک دەگێڕێ و بەو ئومێدەی خۆشەویست بێ، بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنج خۆی دوور دەخاتەوە، گوێ بە حەز و داواکانی خۆی نادات، لە کۆتاییدا لەبەرئەوەی ڕێز بۆ خۆی دانانێت دەیکەنە دەرەوە. ئەوانەشی ڕێزی لێ دەگرن، ئەو ڕێزە بەبارتەقای ئەو ڕێزە نییە کە ئەو بۆ خۆی هەیەتی.

ئەمە بوو هێڵی گشتی وێنەی دەروونناسانەی هێلن و هێنری، ئامانجی من لەم کارەدا پێشاندانی "کەسایەتی" بوو. کەسایەتییەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک پەرچدانەوەی مەرجی کە لە ئەنجامی ئازار و خۆشییەکانی ڕابردوو دروست بوون و ڕاڤەکردنی منداڵییەتیی ئەو دوو کەسەیە.

ڕەنگە ئێوە خووتان بەم شێوەیە مامەڵە کردنە نەگرتبێت لەگەڵ چەمکی کەسایەتی، بەڵام لە کرداردا دەبینی ئەم مامەڵەکردنە زۆر گونجاوە و تێ گەیشتنی ئەوەندە ئاسان نییە، چون بە تەواوی یەکگرتوویەک دروست دەکەین لە نێوان خۆمان و برینەکانی ڕابردوو و ئەو پێداویستییانەشی لەوێوە سەرچاوە دەگرن. لێرەوە ئامانج ئەوەیە کە تێبگەین کەسایەتی ئاکامی کارێکە، لە هەندێ باروودۆخی چوونیەک، بێ وچان و بێ وەستان تاک ناچار دەکات بە هەمان ئەو ڕەفتارانە دووبارە بکاتەوە، بەم شێوەیە تاک لە پێوەندی لەگەڵ خۆی و کەسانی تر گیرۆدەی دەستی بیر و کردارەکانی دەبێت.

ڕاڤە سنووردارەکان یان ئەو شتەی پێی دەگوترێ "بڕوا"، سەرچاوەی ئەم ڕەفتارە ناهۆشمەندانە بەرنامە بۆداڕێژراوەیە. ئەگەر وەک هێلن بتوانین ئەو بڕوا و بۆچوونانە بۆ خۆمان ڕوون بکەینەوە، ئەوە شانسی ئەوەمان دەبێت لەم ڕەفتارانە بێینە دەرێ یان ئەوەندە دوورەپەرێز بین کە زیانی کەمترمان بەرکەوێت.

هەروەک پێشتر جەختم لەسەر کردەوە، ئەم ڕاڤە سنوور بۆدانراوانە، ئەنجامگیرییەکی هەڵەن کە منداڵ لە ئەنجامی ڕوانین بۆ ئەزموونەکانی خۆی بەدەستی هێناوە، بەم شێوەیە، هێلن بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی یان بەهۆی ئەو شتانەی کە پێستوویەتی، پێی وایە بەدبەختییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی بەرەنجامی ناشیرینییەکەیەتی و بەسووک تەماشاکردنی کەسانی تر و لایق نەبوونێتی بۆ خۆشەویستی. بۆ ئەوەی شتێک لە سەرنجی خەڵکی بەدەست بهێنێت ناچارە تەواوی ژیانی ئەسیری دەستی ئەم ڕۆڵبینینە بێت. لەلایەکی ترەوە هێنری وا تێگەیشتبوو بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت دەبێ جوان و میهرەبان و جێگەی سەرنج بیت. وا تێگەیشتبوو گەر ئەنجامدەری ڕۆڵی شاسواری بیت، دەتوانێ بەردەوام دڵی خۆشەویستەکەی بەدەست دێنێت. ئەو لە زەینی خۆیدا پێشتر دەستکەوتی خۆی چنگ کەوتبوو، کاتێ کە هاوسەرەکەی بەجێی هێشت بۆ ئەو ئاسان نەبوو ئەو ئازارە قبووڵ بکات.

لێکچوونی هێلن بە ئۆزیریس لەو وێنە قێزەوەنەوە دێت کە ئەو لەبارەی خۆیەوە هەیەتی. لێکچوونی هێنری و ئۆزیریس لەو وێنە هەڵئاوساوەی هێنری سەرچاوە دەگرێ کە هێنری لەمەڕ خۆی هەیەتی. هێنری بڕوای بە شکۆ و شکۆمەندیی خۆی هەیە. بڕوای بەوە هەیە کە دەبێ کوڕێکی چاک بێت. هێلن بڕوای بەوە نییە کە جێگەی سەرنج بێت، بڕوانە هاوسەنگیی بابەتەکان: نەتەوەی ئۆزیریس ماستاویان بۆ دەکرد، ئەو ماستاوەش دەبووە تەڵە و داوی ئۆزیریس، ماڵباتی



هێلن ئەویان پشتگوێ خستبوو، ئەمەش بوو بەکارەساتێک بۆ ئەو، هێنری پێی وابوو شایستەی خۆشەویستییەکی بێ قەیدوشەرتە، ئەمەش دەبووە هۆی سەرلێشێواویی ئەو. لە هەرسێ حاڵەتەکەدا گیرۆدەبوون لەنێو راڤەیەک لەمەڕ خودی سنووردار، بڕوابوون بە کۆمەڵێ مەرجداربوونی هەمان تاکەکەس. لە هەرسێ حاڵەتەکەدا چارەنووس هەمان چارەنووسە، واتە ڕوودانی گۆڕان بەمەبەستی رزگاربوون لە شەڕی ئەو بڕوایانەی زەرەرمەندن.

بەپێی ئەم تیۆرە، بڕوابوون بە کەسایەتیی خۆت، جۆرە داخوازییەکە، ئەم داخوازییە لە خۆپەرستییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەشبێتە هۆی داخستنی رێگامان، ئەڵبەتە ئەم کەسایەتییە سەرباری سنووردارییەکانی دڵنیاییمان پێ دەدات، لەبەرئەوەی ئەم کەسایەتییە بەستراوە بە کورتە مێژووی ئێمەوە. ئەو کەسایەتییە ئاسایش و ناسنامەمان پێ دەدا. کەسێک دەڵێت "من کوتەکم خواردووە!" ئەوی تر پێی دەڵێت: "ئەو ئازار و ناخۆشییەی تۆ بینووتە هیچ نییە، دەستدرێژیی سێکسیم کراوەتە سەر!"، سێیەم بەخۆیەوە دەنازێ کە بەراستی باوک و دایکێکی باشی هەبووە و سەردەمی منداڵیی زۆر چاک بووە و شانازی بەوەوە دەکات.

ڕەنگە لە یەکەمین روانیندا ئەم کارە پێکەنیناوی بێتە بەرچاو، کاتێک ڕابردووی منداڵێکی کوتەکخواردوو بتوانرێ بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاسایشی پێ بدرێ و تەنانەت ئەوەش بشبێتە سەنتەری خۆپەرستیی ئەو. بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. ئەم ڕابردووە بۆ ناسنامە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاسایشی دەروونی: "من دەزانم کە هەم، من ئەو منداڵە کوتەکخۆرەم!"، "من شتێکی

تایبەتیم هەیە، من لە کەسانێک جیا دەکاتەوە کە بەو ئەزموونەدا تێ نەپەڕیون". بێگومان تۆ بەهیچ شێوەیەک ناچار نیت بێ سێ و دوو ئەم تیۆرەت قبووڵ بێت. سەرەتا دەبێ هۆگری ئەو تیۆرە بیت.

ئەو تیۆرە بەکار دێنم، لەبەرئەوەی بڕوام وایە ئەو تیۆرە بڕێکی زۆر لە پرسەکانی ژیانم روون دەکاتەوە، بەیارمەتیی ئەو ئێمە هەموومان دەبینە کاراکتەری ئەو شانۆیە کە شانۆی ژیانە، لەو کاتەدا هەموومان هەوڵ دەدەین زۆر بەجوانی رۆڵی خۆمان لەو شانۆیەدا ببینین. چ دووچاری مالیخۆلیا، دڕدۆنگی، دڵەخورپێ، خۆپەرستی، یان دووچاری بەندیواری و ترس بین، بەهەرحاڵ هەمووومان تووشی ڕووداوی دڵتەزێن و دڵفڕێن دەبین، ئەو ڕووداوانە ئەوەندە دەمانجووڵێنن ناچارمان دەکەن کەسایەتی و شێوەی بیرکردنەوە و ناسینی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوە.

## بەهەندگرتنی خۆت

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی باو بیر لەم شێوە بۆچوونانە بکەینەوە، ئەوە بەخۆمان دەڵێین زۆر بە سەختی ئەم مەسەلەیەمان گرتووە. بەڵام بەم کارە هێزی بزوێنەری ژیانمان زۆر بێ سەرنج و سەرچڵانە گرتووە، وا بیر دەکەینەوە زۆر بە قورسی دەڕوانینە ئەم مەسەلەیە، زۆر بەتوندی بڕوامان بەو مێژووە کورتەی خۆمانە، یان هیچ نەبێ بڕوامان بەو بەشەیە کە ئاگامان لێیەتی، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئەو مێژووە نەزانراوە. ئەو بەشەی ژیانمان ناخەینە بەر پرسیار و وەڵام، لەبەرئەوەی توند دەستمان پێوە گرتووە. ئەم بڕوایە دەرگەکانی زیندانیی کەسایەتیمانی داخستووە و نازانین چۆن بیکەینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کەسایەتییە بۆ ئێمە کەسایەتییەک بێت جێگەی درک پێکردن و ڕێژەیی و شتی زیاتریش بێت پێویستمان بەوە دەبێ دەرگەی ئەو زیندانە بکەینەوە.

لێرەدا ئەوەی کە زیاتر دەبێ بڕۆین، خودی کورتە مێژووی ژیان نییە، لەبەرئەوەی ئەو مێژووە پێوەستە بە ڕابردووەوە و چیی تر ناگۆڕێت، ئەوەی رووی داوە بەهەرحاڵ ڕووی داوە و تەواو. ئەوەی دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت شێوەی هەڵسووکەوتی ئێمەیە لەگەڵ ڕابردوو. دەبێ دووبارە چاو بخشێنینەوە بەو ڕاڤەیەی دەربارەی ڕابردووەوە دەیکەین و دووبارە پرسیار کەین لەمەڕ ئەو ناسنامەیەی بەپێی ئەو خۆمان دروست کردووە، ئەو تێگەیشتنەی لەبارەی ئەو خودەوە کە هەمانە. مانای وایە مامەڵەکردنمان لەگەڵ خۆماندا مامەڵەکردنێکی جیدی نییە ئەگەر هاتوو دووبارە ئەو هەستانەمان نەخستە ژێر پرسیارەوە کە لەبارەی خۆمانەوە هەمانە، ئەگەر بەردەوام ئەوەمان پشتڕاست کردەوە کە ئێمە قوربانیی دەستی کورتە مێژووی ژیانی تاکەکەسی خۆمانین. هیوادارم رزگارکەران بگەنە جێ و هەموو شتێک بە موعجیزە دروست بکەن. ئومێدەوارم ئەشقە سیحرئامێزەکان رزگارمان بکەن. ئەڵبەتە ئەم شتانە هیچیان ڕوو نادەن، لەبەرئەوەی هیچ کاتێک کەسانی تر خۆیان لە گرفتی ئێمە هەڵناقورتێنن.

ناکۆکییەکە لێرەدایە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە هیچ گرینگییەک بە خۆمان نادەین، لە

کاتێکدا بەردەوام چاوەڕێین خەڵکانی تر پاڵپشتی لە بۆچوونەکانمان بکەن. لە راستیدا زیاد لە پێویست گرینگی بەخۆمان دەدەین. تەنانەت دڵبەندی خۆمانین و پێمان سەختە دەستبەرداری ئەوە بین. بۆ ئەوەی لەم حاڵە قورتارمان بێت دەبێت بەجیدی رەفتار لەگەڵ خۆمان بکەین، نەک بەو شێوەی تا ئێستە رەفتارمان کردووە، نەک بە بەرزڕاگرتنی بەدبەختییەکانمان، بگرە لە ڕێگەی تێبینیی تایبەتی خودی خۆمان، بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەین کە ئێمە بەشێوەیەکی تەواو خۆمان ئەسیر کردووە. بەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان بەرپرسیاری هەلومەرجی خۆمانین. دەتوانین لەم بارودۆخە رزگارمان بێت، بێگومان ئەگەر توانیمان ئاگەداری ئەو ڕەگەزانە بین کە بوونەتە هۆی ئەسیرکردنمان.

ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە بەگشتی لە ڕێگەی چارەسەرەوە دەبێ، بەڵام بەڕاستی ئەو کەسانەی بۆ چارەسەر دێن دەتوانم بڵێم کەسانێکن زۆر وردبینن و زیاد لە پێویست تێبینییان هەیە، گەر نا چارەسەری نوێنی (علاج سریری) دەروونی ساتێکە و دەگوزەرێ، ئەو کاتە گرنگییەکی بێ وێنە بە خود دەدەین. پزیشکی دەروونناسیش هەوڵ دەدا لەو چاوەڕوانییە بێ سنوورەی هەمانە رزگارمان بکات و دووبارە چارەنووسمان بسپێرێ بە خۆمان، یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو یارمەتییە برێتییە لە یارمەتیدانی تاک بۆ دەرچوون لە داوی ناهۆشمەندیی خۆپەرستی و گەڕانەوە بۆ بڕوابوون بە گرینگێتیی خۆی، گرینگێتییەکی ماقووڵ، بەجۆرێک تاک زیاتر بتوانێت ئەو شتە ببینێ کە لە دەروون و دەورووبەری خۆی ڕوو دەدا.

## هێزی دووبارەبوونەوە

ئەو گرینگییەی کە خۆمان بەخۆمانی دەدەین قوڕاوێکە و خۆمان تێ خستووە! بەم شێوەیە چیرۆکی خەماویی ئێمە چیرۆکێکە کۆتاییی پێ هاتووە! ئەم چیرۆکە ڕووی داوە. ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکە بینراون. تەنانەت دەشتوانین پێ بەپێ لەگەڵ فرۆید بڵێین، سەرباری دۆزینەوەی ئاگایی، کاری گۆڕان گەلێک پڕ گرفت و تەنگوچەڵەمەیە، لەبەرئەوەی ئادەتمان کردووە هەمان ئەو رەفتار و هەڵانە دووبارە بکەینەوە کە پێی دەگوترێ پاڵەپەستۆی دووبارەبوونەوە، فرۆید لە خوێندنەوەکانیدا بەردەوام بە گرینگەوە باسی پرسی گەیاندن و شرۆڤەکردن دەکات.

بەپێی تیۆرییەکانی فرۆید، دوورکەوتنەوە لە دووبارەبوونەوە مانای شێمانەی درککردن بەو شتەیە کە هەڵەیە. پاش ئەوەی درک بەو شتە کرا کە هەڵەیە، رەنگە پێ بەپێ ئەمە هەنگاو بەرەو خودی خۆت هەڵبهێنی، رێگە خۆشکەر بێت بۆ پێگەیشتنی سیناریۆی گۆڕان. لێرەدا ڕێگە بەخۆم دەدەم جەخت لەسەر ئەم تیۆرییە بکەم، لەبەرئەوەی ئەمە یەکێکە لە چارەسەرەکان.

بەڵام بەداخەوە بەردەوام حەزکردن بەو شێوە دووبارەبوونەوەیەی فرۆید باسی دەکات، لە ژیاندا دەبینرێ. دەبێ لێرەوە لەو ئەزموونە وانە فێر بین و بیر و بۆچوونی نوێ بۆ خۆمان دروست بکەین. ئەو کەرەستە و پێویستییەی ئەم تیۆرە دەیخاتە ڕوو، نزیکیی زۆری هەیە لەگەڵ هەستانەوەی

رووباری نیل کە ئۆزیریس نیشانەکەیەتی، دەرفەتی خەرمان هەڵگرتنەوە. هۆشدار بن دڵی خۆتان خۆش نەکەن بەڕەتکردنەوەی ئەو واقیعانەی کە دەبنە هۆی دووبارەبوونەوە، بەپێچەوانەوە بگەڕێن بەدوای ئەو بەشە خراپ و تێکشکاوانەی بوونی خۆت تا بتوانی ڕەفتاری خۆت بگۆڕی.

چ شتێک دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوە؟ ئەوەی لە دەروونناسی پێی دەگوترێ گرێ، واتە کەڵەکەبوونی هەستەکان، ڕەفتار، نیازەکان، بڕوا و ئەو حاڵەتانەی کە پێشتر باسمان کرد. بەڵام ئەم گرێیانە ڕاوەستاو و هەمیشەیی نین، بگرە لە هەست و ڕەفتار و نیاز و بڕواکانەوە دروست بوون. چارەنووسی ئێمە پێوەستە بەوانەوە، باشتر وایە بڵێین، هەروەک ئاسنکێش (موگناتیس)، ئەو بارودۆخانە بۆ لای ئێمە کێش دەکەن کە لێکچوونیان لەگەڵ سەردەمی منداڵیماندا هەیە. ئەو بارودۆخانەی کە لەو شێوە ئەزموونانە دەچن کە پێشتر باسمان کرد بە گشتی گرێکانی ناهۆشمەندی بەرپرسی سەرەکین بەرامبەر بەو بارودۆخە خەمبارانە و دووبارەکەرەوەی باری پووکێنەرەی ژیانمانن.

ئەگەر ئەو تیۆرییەتان پەسند نییە کە تایبەتە بەو هێزەی لە ناخی ناهۆشمەندیتانەوە دەتانجووڵێنێت و هەندێ هەلومەرج ئامادە دەکات بۆ زیندانیی دەروونی، ئەوەتان قبووڵ بێت کە گرێکانی ناختان لە حاڵەتی لەرزین وئێوەش لەگەڵ هەندێ لە بارودۆخەکان بەرەو ئاراستەیەکتان دەبات. وەک ئەوە وایە لەسەر شەپۆلێک بە درێژاییەکی تایبەت لەباری سەفەرکردن بیت، لەو سەفەرەش تەنیا لەگەڵ کەسانێک وێککەوتنت هەبێ وای بۆ بچی تۆ ئەو کەسانە دەناسی. هەروەک ئەو چاویلکە ڕەنگاوڕەنگەیە کە واقیع بەڕەنگێکی تر دەبینێت. مەرجبوونی سەردەمی منداڵی، هەمان ڕەنگی ئەو چاویلکەیە یان کەسایەتیی تۆیە.

هێلن نازانێ کە پێویستی زۆری ئەو بۆ خۆشەویستی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە لە منداڵی بێبەش بووە لە خۆشەویستی، بەڵام بڕوابوون بەوەی کە ئەو کەسێکی سووک و بێ بەهایە ئەمەیان خۆی بۆ خۆی دروستی کردووە، ئەمەش بارودۆخەکە بەرچاوی ئەو ڕەش و تاریک دەکات و هەردەمیش تووشی دەبێت بە تووشی کەسانێکەوە کە توانای ئەوەیان نییە پشتیوانیی بکەن. ئەو پیاوانەشی پێوەندی بە "هێلن"ەوە دەکەن ئەوانیش کەسانێکی خراپ نین، ئەوانیش بەهۆی ڕابردووی خۆیانەوە تووشی مەرجبوون بوون، لە ڕێگەی چڵەکانەوەی (ڕەنگدانەوەی) دەسەڵاتخوازی، پەنا دەبەنە بەر زۆرداری تا کەمتر هەست بە ناکۆکیی دەروونی بکەن. ئاکامی کردەوەی ئەوان پێچەوانەکردنەوەی کارە گوێڕایەڵانەی "هێلن"ە. لەوێدایە کە ئەم دوو ئاکامی کردەوانە تەواوکەری یەکترین، ئەم دوو گرووپە یەکتری بۆ لای خۆیان کێش دەکەن و شتێکیان لە نێواندا هەیە کە قسەی لەسەر بکەن.

هێنری، بەپێچەوانەوە چاویلکەیەکی پەمەیی لە چاو کردووە، نازانێ ئاخۆ بڕوابوون بە جوانییەکەی خۆی لەسەر بناخەی ئاوێزانبوونێکە کە لە یەکەمین حەپەساندا دەڕووخێ. ئەو دەکەوێتە جۆرە بارودۆخێکەوە تێیدا هەست بەبێ توانایی، گومان و وەلاوەنان دەکات. تەنیا لەبەر

ئەمەشە کە باری ئاساییی ئەو، جۆرێکە لە بڕوابەخۆبوونی درۆزنانە. سەربەخۆییی ئەو تەنیا بۆ خۆدەرخستنە کە لە پشتییەوە بەنهێنی گیرۆدەی بۆچوونی کەسانی ترە.

لە سەرجەمدا، لە چیرۆکەکەی ئێمەدا کەسانی بێ کەڵک بوونیان نییە، ئەو کەسانەی لە چیرۆکەکەی ئێمەدا هەن تەنیا ئەو کەسانەن کە بریندارن و ئاگایان لە برینەکانی خۆیان نییە، ئەو کەسانە بەهۆی خەیاڵ و بەریەککەوتنانەی کە پەروەردەیان کردووە، ناچار دەبن بە دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەی هاوشێوەی شتەکانی سەردەمی منداڵین. دەزانم شیمانەی ئەوە هەیە ئەم شتانە زۆر بە سەخت یان سادە بێنە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا لە روانگەی ئەو کەسەی چارەی ئێمەی لایە، ژیانمان بەپێی ئەم وێنەیە بەڕێوە دەچێت.

فرۆید یەکەمین کەس بوو بەڕاڤەکردنی ئەفسانەی ئۆدیب هێزی جووڵێنەری دووبارەبوونەوە و ڕاکێشانی ناهۆشمەندیی خستە ڕوو. کورتەی ئەفسانەی ئۆدیب بەم شێوەی خوارەوەیە:

بۆ هەڵهاتن لەدەست پێشبینییەک لەبارەی ئۆدیبەوە کە دەڵێن ئەو ئاشقی دایکی خۆی دەبێت و دەبێ بە بکوژی باوکی خۆی و لە تەمەنی منداڵی دووری دەخەنەوە. پاشان ئۆدیب بۆ دۆزینەوەی قەوم و قیلەی خۆی واز لە غەریبی دەهێنێ، لەسەر ڕێگا لووتی دەبێ بە لووتی پیرەمێردێکەوە، دەست دەداتە یەخەی و دەیکوژێ، بێ ئەوەی بزانێ ئەو پیرەمێردە باوکییەتی. کاتێ دەگاتە شار، بەزانینی مەتەڵێکی ئاڵۆز و نەدۆزراوە، شاژنی ئەو شارە کە ناوی "ژوکاست"ە بە هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێ، بێ ئەوەی بزانێت ئەو ژنە دایکێتی، بەم شێوە بێ ئەوەی ئاگەداری هیچ شتێک بێت چارەنووسی خۆی دیاری دەکات.

ئەم تراجیدیایە بووەتە هۆی ئەوەی کە مێژوونووسانی وەک (جین پیرییە ڤیرنان) و (پیریە ڤیدال ماکو) پێیان وابێت ئۆدیب کەسێتییەکی دوولایەنەیە. ئۆدیب خۆی مەتەڵێکە کاتێ بۆی روون دەبێتەوە ئەو چییە، ئەو کاتە تێ دەگات کە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بیری لێ دەکردەوە. یان بەشێوەیەکی تر، لە هەر ژیانێکدا وەک ژیانی ئۆدیب هەندێ شت ئاشکرا دەبن، جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەگەڵ ئەو شتەی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا. هەر بوونەوەرێکی زیندوو بۆ خۆی مەتەڵێکە، ئەو لە ماوەی ژیانیدا، بە لە بەرچاوگرتنی هێزی دۆزینەوەی، دەستی بەو بەشە لە پرسەکان دەگات کە پێوەندییان بە لایەنە تاریک و شاراوەکانەوە هەیە و وەڵامەکەی دەدۆزێتەوە. هەر ئەم بەشە تاریکانەن ناچارمان دەکەن دووبارە، ئەو داوەریانەی کە لەمەڕ خۆمان و جیهان هەمان دووبارە هەڵیان سەنگێنینەوە و تەنانەت بکەوینە گومانەوە لەمەڕ ئەو شتانەی هەم باش و هەم خراپن.

لە ناخی ئەم تاریکیانەیە کە مرۆڤ دەتوانێ ڕووناکیی ڕاستەقینە لە خۆیدا بدۆزێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش لە پەرستگاکانی میسری کۆندا، پیرۆزترین بوونەوەری مەزن هەردەم لە تاریکیی رەهادا دەنرانە چاڵ. وەک بڵێی تەنیا لە تاریکیی رەهادا دەکرێ ڕووناکی ببینرێ، لەبەرئەوەی تاریکی بۆ مرۆڤ شێوەیەکە لە تاقیکردنەوە. هەر ژیانێک وا دێتە پێش چاو ڕووناک و یەک جۆرە، شێوەیەک

گومان و پشێویی بەخۆوە گرتووە. هەر ژیانێک پێش ئەوەی پێوەندی بە سادەیی و شکۆمەندنی جۆری ژینەوە هەبێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، گرێیەکی ئاڵۆزە کە پێویستە پێشتر بکرێتەوە، گرێکوێرەیەکە و دەبێ گرێکەی بکرێتەوە.

## ئەفسانەی ئیزیس و ئوزیریس

ئەم ئەفسانەیە لەلایەن کلۆد لۆمیۆ و گی کورنوەوە دووبارە نووسراوەتەوە

وەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی دەقی تەواوی ئەفسانەی ئیزیس و ئوزیریس کارێکی پڕ گرفتە، لەبەرئەوەی ئەفسانەکانی میسر بەپێی رۆژگار هەزاران جار گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. ئەفسانەی ئیزیس و ئوزیریس بەدەر نییە لەو یاسایە، بەڵام پشتبەستن بەیەکەمین دەقێک کە سەرقاڵی گواستنەوەی ئەفسانە بووە، واتە دەقی پلوتارکی یۆنانی و بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە هاوچەرخە هەمەچەشنەکان. کلۆد لۆمیۆ هونەرمەند و دەرهێنەری شانۆیی، توانیویەتی لەم ئەفسانەیەوە دەقێک ئامادە بکات، ئەم دەقە لە بنەڕەتەوە رێک لەو دەقانە دەچێت کە لە کتێبە مەزنەکانی ئەفسانەکانی سەرزارەکی خەڵکی هاتووە.

## پێشەکی

گەڕانێکی بێ ماندووبوونی ئیزیس بەدووی پارچە پەرتەوازەبووەکانی جەستەی ئوزیریسی (خوا) یەکێکە لە بەهێزترین وێناکردنی شارستانیی فیرعەونەکان. ئەم ئەفسانەیە ئەوەندە پڕ هێزە سێ هەزار ساڵە لە مێژووی میسر گەشەی کردووە تا لە سەردەمی یۆنانی رۆمانی بەوپەڕی لووتکەی خۆی گەیشتووە. ئەمڕۆش هەر هەمان ئەم ئەفسانەیە کارمان تێ دەکا، لەبەرئەوەی ئەم ئەفسانەیە هاوکات پەیامێکی پێییە شەنگ و روون:

لە رێگەی عەشقەوە، هەموو کات ژیان بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێت.

## لەدایکبوونی خواکان

رە Ra هەتاو و تەحوت مانگ بوو.

(نوت)، خواژنی ئاسمان و (گیب)، خوای زەوی بوو

نوت، خواژنی ئاسمان بەسەر باڵای (گیب) شۆڕ بووبووەوە، خوای زەوی (شوو) خوای هەوای هەڵدەگرت، کە تەنیا نووکی پێیەکان و دەستەکانی بەر زەوی دەکەوت. شوو بەدرێژایی رۆژ کە دوور بوو لە (گیب)، هەموو شەوێ بەسەر رووی ئەودا دەردەکەوت و بەم شێوەیە تاریکی پەیدا دەبوو.

دەڵێن ئوزیریس یەکەم رۆژ کە لەدایک بوو، لە کاتی لەدایکبوونیدا، دەنگگەلێک بەرز بوونەوە و

رایان گەیاند کە مامۆستای هەموو شتێک هاتووەتە دنیاوە. ئەویان بە هاوبەشی ئاوسەرکردنی رووباری نیل و رەوینەوەی گیاکان دانا.

دووەمین رۆژ (هوروس)ی برای لەدایک بوو.

سێیەمین رۆژ (سیس) هاتە دنیاوە، ئەو سیسە بەشێوەیەکی ئاسایی نەهاتە دنیاوە ئەو لە رێگەی دڕاندنی کەلەکەی دایکییەوە لەدایک بوو. سیس نوێنەری دەشتی وشک و سووتێنەر و بێ گژوگیا و ئاوە.

ئیزیس رۆژی چوارەم بەداپۆشراوی بە شەونمەوە لە زەلکاوەکانەوە لەدایک بوو، ئەو نوێنەری زەویی پڕ خێروبەرەکەتی میسر بوو.

دواجار رۆژی پێنجەم نەفتیس هاتە دنیاوە و هەر لە هەمان ساتدا ناوی پیرۆزی (یانوسیان) بەو دا، لەبەرئەوەی زۆر جوان بوو. هەموو ئەمانە کوڕانی (نوت ) بوون (نوت)ی خواژنی ئاسمان، دەشڵێن باوکی ئۆزیریس و هوروس، هەتاو (رە) بووە، ئیزیس کوڕی مانگ (تەحووت ) بوو، سیس و نەفتیس کوڕانی زەویی (گیب) بوون.

## لەدایکبوونی ئانوبیس

هەر وەک دەڵێن سیس بووە هاوسەری نەفتیس، ئیزیس و ئۆزیریس هەردووکیان عاشقی یەکتری بوون و لە منداڵدانی دایکیاندا پێوەندییان پێکەوە کردووە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە چ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو کەسە هەیە. ئیزیس، ئۆزیریسی خۆش دەویست، پێی وابوو ئەو لە خۆی جوانترە، لە حاڵێکدا کە نەفتیس بەدبەخت بوو. جەستەی سیس ئەوی دەسووتاند. خەسڵەتی ئاگرینی سیس بۆ ئەو وەک بەردی دەشتی چۆڵ و هۆڵ بوو. بەپێچەوانەوە، ئۆزیریس بۆ فێنکیی سێبەری خەمرکێ(کانی و شینایی لە بیابان) بوو، پەنجەی دەستەکانی نەرمونیان بوون. شەوێک هات کە نەفتیس خیانەتی لە مێردەکەی کرد.

سیس گیایەکی هەبوو هەر شەوێک کاتێک دەگەڕایەوە ئەو گیایە گوڵێکی نوێی دەردەکرد، ئەو شەوە بەپێچەوانەوە گوڵەکەی لاواز و ملکەچ بوو، سیس بەگوڵەکەی گوت: "کاتێک کە دەگەڕێمەوە رووم تێ بکە!" بەڵام لە وەڵامدا گیاکە وشک بوو. سیس تێ گەیشت نەفتیس لەگەڵ ئۆزیریسە.

کاتێ نەفتیس گەڕایەوە، سیس تێ گەیشت کە ئەو شەوەی کە نەفتیس لەگەڵ براکەی بردوویەتییە سەر بۆ ئەو زۆر شەوێکی گرینگترە تا لەگەڵ ئەودا بیباتە سەر. پاشان نەفتیس دانی پێدا دەهێنێت و بەدەنگێکی پڕ لە شادییەوە هاوار دەکات کە سکی لە براکەی ئەو پڕە. ئەم سووکایەتییە تووڕەیی سیس بەرز دەکاتەوە، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی کە پێکەوە هەیانبوو، بیری ئۆزیریس وەک قامچی بەملا و ئەولایدا دەیکێشا و بەرەو ئەوەی دەبرد بیر لە هێرش و پەلاماردان بکاتەوە. هەوڵ دەدات ئەو بوونەوەرەی کە نەفتیس هەڵی گرتووە، دایڕزێنێ، بەجۆرێک نەفتیس

خۆی ڕقی لەو میوەیە بێت کە لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە.

کاتێ کە نەفتیس منداڵی بوو، گریا و نەیدەتوانی چارەی ئەو کۆرپەیە ببینێ کە هێناویەتییە دنیاوە، ئەو منداڵەی هیچ جوانییەکی تێدا نەمابوو، ئەو منداڵەی بەهۆی لێدان و دەستدرێژییەکانی هاوسەرەکەی بەتەواوی بە شێوەیەکی گۆڕاو هاتە دنیاوە. بەم شێوەیە ئانوبیس لەدایک بوو، ئانوبیس چارەیەکی دزێو و ناشیرین هەر لە ڕوخساری چەقەڵێکی دڕندە، گەنیو و قێوەزن. نەفتیس منداڵەکەی بردە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و تا لەوێ بەرەڵای بکا.

بەڵام ئیزیس بڕیاری دا ئەو منداڵە رزگار بکا. ئانوبیس بەتەواوی نیشانەیەکی تەواو بوو لە ناپاکیی هاوسەری، بەڵام ئەو لەوە دڵنیا بوو ئەم منداڵە نابێ بمرێ. ئیزیس بە یارمەتیی ئەو بۆنەی منداڵەکە هەڵی گرتبوو توانی بدۆزێتەوە، هەڵی گرتەوە و کردیە پاسەوانی خۆی.

## تۆڵەی سیس

ئەو تووڕەبوونە کوشندەیەی سیس بهێننە بەرچاوی خۆتان: منداڵە حەرامزادەکەی تا ئەم ساتەش زیندووە! پەیمانی دابوو گەر تەنانەت ساڵانێکیش چاوەڕوانی بکات هەر دەبێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە. ئەو زۆر حەوسەڵەی هەبوو، لەبەرئەوەی ئۆزیریس نەک تەنیا پادشای میسر بوو، بگرە پادشای هەموو ئەو ناوچەیە بوو. هەرکە ئۆزیریس گەیشتە سەر حوکم میسرییەکانی لەو ژیانە پڕ چەرمەسەری و دڕندانەییە رزگار کرد کە پێوەی دەناڵان، میللەتەکەی فێری کشتوکاڵ کرد و یاسای بۆ دانان و فێری خواپەرستی کردن. پاشان لە سەرتاسەری دنیا گەڕا تا داوونەریتی گونجاویان بۆ دروست بکات. بە دەگمەن دەتبینی کەسێک پەنا بەرێتە بەر چەک، تەنانەت زۆربەی هۆزەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا لە ڕێگەی رازیکردن و دڵنیاکردن و لە ڕێگەی وتوویژ و مۆسیقاوە.

ئەو لە دێوەخانی زۆربەی پاشایاندا جێگەی پەرستن بوو، کاتێ کە گەڕایەوە بۆ میسر، خەڵکی هەموو وەئاگا بوون لە جوانی و سەرنجڕاکێشیی ئەو، بەڵام کارێکی خراپ بەرۆکی گرت، لەبەرئەوەی تەنیا مانگێک بوو کە گەڕابووەوە میسر کە سیس ئەوی بۆ داوەتێکی گەورە بانگهێشت کرد، توانیبووی لەبارەی ئەو سندووقە گەورەیەی کە دروستی کردبوو خۆپەسندیی ئەو بجووڵێنێ. ئەو سندووقە بەمەبەستی ئەوە دروست کرابوو تا خوایەکی تێدا جێگە ببێتەوە کە زیاتر ئەو خوایە لە (تیمۆ) دەچێ، ئەو خوایە دیمەنێکی شادمانی و لێبووردەییی هەبوو.

سیس فرمانی دا ئەو سندووقە بهێنن و داوای لە ٧٢ لە شا خواکان کرد یەک لە دوای یەک بچنە ناو ئەو سندووقە و خۆیان تاقی بکەنەوە لەو هەمووەی چوونە نێو سندووقەکەوە هیچیان بە ئەندازەی سندووقەکە نەبوون کە سیس مەبەستی بوو، دواجار نۆرە گەیشتە سەر ئۆزیریس، ئەویش هاتە پێشێ سندووقەکە بە تەواوی بەئەندازەی ئەو بوو، لە حاڵێکدا کە براکەی سیس چووە نێو سندووقەکەوە سندووقەکە بەتەواوی ڕێک بەبەری ئەو بوو، پێ کەنی و گوتی تۆ جوانی پاشان سەری سندووقەکەیان بە توندی داخستوو و ٧ کەس لە شەڕوانەکانی بە ئاوی پۆڵا سەری

سندووقەکەیان داخست. سندووقەکەیان تا رووباری نیل برد و فڕێیان دایە ئاوەکەوە. لە حاڵێکدا کە پاش نیوەڕۆ نیشانەی دووپشک بوو، سندووقەکە فڕێ درایە نێو ئاوەکە و ئۆزیریس دیار نەما.

## ئیزیس لە بیبلوس

کاتێ کە ئیزیس هەواڵی پێ گەیشت چی بەسەر مێردەکەیدا هاتووە، جلی تازیەباریی پۆشی و نیوەی پرچەکەی بڕی و دەستی کرد بە گەڕان بەدووی ئەو سندووقەی کە مێردەکەی تێدا بوو. تەواوی وڵات گەڕا لە هەموو ڕێگەیەکەوە سۆراغی کرد و هەواڵی پرسی، پاشان لە ڕێگەی منداڵانەوە هەواڵی پێ گەیشت کە ئەوان سندووقێکیان بەسەر رووباری نیلەوە لەسەر دارێک بینیوە بەدەم ئاوەکەوە رووی لە دەریا کردووە.

پاشان بەمەزەندە ئەوەی لا دروست بوو کە ئەو سندووقە لە بیبلوس لە فینیقییەیە و لە لێواری درەختێک وەستاوە. ئەو درەختە هەر لەگەڵ پێگەیشتنی ئیزیریس بەو بە خێرایی گەورە بووبوو و ئەندازەیەکی ناوازەی هەبوو بەجۆرێک بە تەواوی سندووقەکەی لە خۆیدا شاردبووەوە، بەجۆرێک گەورە بووبوو بە بڕیاری (مەلکاندەر) پاشای بیبلوس، درەختەکەیان بڕیبووە و وەک ستوونێک سوودیان لێ بینیبوو، ستوونی بنەڕەتیی کۆشکەکەی.

ئیزیس رووی کردە بیبلوس و لە کەناری کانیاوێکدا بەچاوی گریانەوە دانیشت بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بدوێت. تەنیا لەگەڵ کەنیزەکانی شاژن دانیشت و بەمیهرەبانی سڵاوی لێ کردن و دەستی کرد بە قسان لەگەڵیان، پرچەکانی بۆ ئارایشت کردن و بە بۆنی بوونی خۆی ئەوانی بۆندار کرد. شاژن بەبینینی ئارایشتی کەنیزەکان سەری سوڕمابوو، بۆنەکەش سەرنجی ڕاکێشا، بۆیە زۆر حەزی کرد ئەو کەسە ببینێ کە ئەم بۆنە خۆشەی هەیە و دەستڕەنگینە لە رازاندنەوە کەنیزەکان. ئیزیسیان بردە لای شا. بوو بەهاونشینی شاژن و ئەویش دایەنی منداڵەکەی خۆی بەو سپارد.

ئیزیس بۆ شیردانی منداڵەکە لە جیاتیی مەمک پەنجەکانی خۆی لە دەمی منداڵەکە دەنا، شەوان منداڵەکەی دەخستە نێو ئاگرەوە تا هەرچییەک مردوویی و نابەردەوامیی هەیە لەودا نەمێنێ و ببێتە کەسێکی نەمر. خۆی بەشێوەی پەرستکارێک نیشان دەدا و لەسەر ئەو ستوونە دادەنیشت کە نیشانەی ئۆزیریسی پێوە بوو. شەوێکیان شاژن کوڕەکەی لەنێو ئاگرەکە بینی و هاواری کرد، بەم کردارەی جادووەکەی ئیزیسی بەتاڵ کردەوە و منداڵەکەشی لە نەمری بێبەش کرد.

بەم شێوەیە ئیزیس خۆی بە شاژن ناساند و داوای لێ کرد ئەو ستوونەی کە کۆشکەکەی لەژێر وەستاوە بیدا بەو. ئەم داوایە سەخت دەبوو لەبەرئەوەی کۆشکی بیبلوس بەدەرکردنی ئەو ستوونە وێران دەبوو. بەڵام پاشای ملکاندەر لەو رۆژەوەی داوای کردبوو ئەو درەختە ببەن و کۆشکەکە دروست بکەن، بەدەستی بێدەنگییەکی سیمبولئامێزەوە دەیناڵان، ئەو بێدەنگییەی دەستی بەسەر کۆشکەکە کێشابوو. بۆیە داوای کرد ئەو ستوونەی بدەنێ.

## پارچە پارچەبوونی ئۆزیریس

پاش گەڕانەوەی ئیزیس بۆ میسر، جەستەی ئۆزیریسی نزیکی بۆتۆ Bouto لە دوو ئاوانی رووبارەکە شاردەوە تا سیس نەزانێت ئیزیس جەستەی ئەوی دۆزیوەتەوە. بەڵام کاتێ کە سیس سەرقاڵی راوی شەوانە بوو، لە بەردەم تریفەی مانگەشەودا جەستەی براکەی دۆزییەوە. کورتە ڕمەکەی درێژ کرد و جەستەی ئیزیسی هەڵقڵیشاند و هەموو ناواخنی هێنایە دەرێ دڵ و بڕبڕەی پشت و گەردن و سەر و دوو دەست و دوو قاچ و گەدە و ریخۆڵە و سییەکان و جگەر، تەنانەت کیسەی زەردۆچکەی لەشیشی هێنایە دەرێ و لەگەنی ناوقەدیشی دوو لەت کرد، ئەگەر پارچەکان نەدەگەیشتنە ١٤ پارچە ئەوە بەدڵنیاییەوە کۆئەندامی زاوزێشی دەبڕینەوە، بەڵام سیس دڵنیا بوو کە پارچەکان ١٤ پارچەن و چواردەش دوو جار هەفت دەکات، ئەم ژمارەیەش نیشانەی دووئەوەندەبوونی توانای خۆیەتی بەرامبەر بەدوژمنەکانی.

لەم کاتەدا هەستی بێبەشییەکی ترسناک سەری لێ هەڵدا، لەبەرئەوەی چیی تر نەیدەتوانی بەردەوام بێت لە پارچە پارچەکردنی جەستەی براکەی، دووبارە خوێن چاوی گرتەوە پەنجەی خۆی بڕی و خستییە نێو دەمی ئۆزیریسی برایەوە. لەم کاتەدا رووباری نیل بەرەو سەرچاوەکەی هەڵکشا، لەسەرتاسەری هەڵکشانەکەدا سیس دەستی کرد بەناشتنی پارچەکانی براکەی لە شوێنی جۆراوجۆر. پاش خۆشی سەرکەوتن بڕیاری دا بەرەو دوو ئاوانەکە بگەڕێتەوە و پێییەکانی ئۆزیریس لە بوباستیس و بیسیریس بشارێتەوە هەر لەبەر ئەم هۆیەش لە نووسینە میسرییەکان، سیمبولی دەنگی "ب" یەک پێیە. دەستێکی براکەی لە بالومن و بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگیی دەستەکەی تریشی لە زادگاکەی ئیزیس ناشت لەوێ کەمێک مایەوە تا دوو پارچەکەی تری براکەشی لە چاڵ بنێ.

سیس پاشان چەند پارچەیەک لە جەستەی ئۆزیریسی لە ئاتریبیس، هلیۆپۆڵس و سەری لە مەمەفیس ناشت. پارچەیەک لەشی ئەوی لە فاعوم و چەند پارچەیەکی تری لە سەرووی رووباری نیل لە ئەسیوت و ئەبیدۆس و دیندیرا ناشت. دواجار کە دڵنیا بوو، بە سەوڵژەنەکانی گوت کە دواین پارچەی جەستەی ئۆزیریس ببەن و لە یەب (YAB) بینێژن.

## هەستانەوەی ئۆزیریس

کاتێ ئیزیس ئەم هەواڵە ترسناکەی بیست ئیتر توانای ئەوەی نەبوو لە جێگەکەی خۆی ببزوێ، ئەو لە قووڵاییی بەدبەختی تا ڕادەیەک وەک مرۆڤێکی لێ هاتبوو، سیس ئەفسوونی ئەوی بەتاڵ کردبووەوە. لە هێزی دەروونیی ئەودا هیچ نیشانەیەک نەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ حاڵەتی یەکەم. بیرکردنەوەکانی دەبوونە هۆی گریان و بەرەنجامی گریانەکانیشی بارانێکی بەخوڕ بوو، ئەمە دواین دیاری بوو لەلایەن هێزەکانی وابەستە بەدەروونی جەستەی ئۆزیریس، ئەو جەستەیەی لە

زەنگاوەکانی رووباری نیل تا یەکەمین تافگەکان دا بڵاو بووبووەوە. بەڵام (کا)ی ئۆزیریس یان بناغەی ژیان ، لە کۆتایی خەمەکاندا پەیامی بۆ ئیزیس نارد تا بەدووی پارچەکانی ئۆزیریسدا بگەڕێت. پاشان لە بەردەم چاوەکانی نەفتیس و ئانوبیس، بەئارامی خۆی گۆڕی بۆ پەلەوەرێ، پەڕەسێلکەیەک هەروەک تیرێک بە ئاسمانی میسردا بەرز بووەوە. ئەو لە بەرزاییی ئاسمانەوە هەرچی پێچ و لوولی رووبار هەبوو، هەرچی دارستانی نێو ئاو و گیائاوییەکان هەبوو دایە بەرچاو، خۆی ئازاد کرد تا لەگەڵ خوڕەی ئاوەکاندا بڕوات و لە نسرمەکانی هەواوە هەناسە بکێشێ، لە سەرووی خرت و خاشاکێ کە بەرزبوونەوەی ئاو چوار جار بەپێی هاتوچوونی مانگ بەجێی هێشتبوو، بەرز بووەوە و یەکێک لە پارچەکانی لەشی خۆشەویستەکەی دۆزییەوە.

هیچ زەمانێکی تر بۆ ئەو بوونی نەبوو، هەمیشەیی لە بەردەوامیدا بوو. ئیزیس پارچە پیرۆزەکانی دۆزییەوە و بردییە لای مەمفیس، بردییە جێگەیەکی پیرۆزی تا ئانوبیس و نەفتیس پاسەوانییان بکەن. ئەوان بۆ یەکەم جار دەستیان کرد بە ڕێوڕەسمی مۆمیاکردن. لەو ڕۆژەوە ئیتر باشترین ریگە بۆ نەمریی مۆمیاکردن بوو.

جەستەی پارچە پارچە ئەگەر پارچەیەکی بۆ هەتاهەتایە ون نەبووایە، ئەوا دەیتوانی تەواوی خۆی بدۆزێتەوە، کۆئەندامی زاوزێی لەلایەن ماسییەکی گۆشتخۆرەوە خورابوو. لە ئەنجامدا ئیزیس بە گڵ کۆئەندامێکی زاوزێی تری بۆ ئەم خوایە دروست کرد، لە کاتێکدا کە نەفتیس بە سەبر و تەحەمولێکی زۆرەوە سەرقاڵی پرۆسەی مۆمیاکردن بوو، لە هەمان کاتدا ئانوبیس خەریکی پێکەوەنووساندنی پارچەکان بوو. ئیزیس، شاژنی سەرتاسەری زەوی، لە تەحوتەوە ئیلهامی وەردەگرت. ئەو دەیتوانی سەنتەری هێزە ژیانییەکان دووبارە چالاک بکاتەوە، فێر بووبوو کە بە یارمەتیی ورد و ئاواز ئەم "نووستووە مەزنە" بێدار بکاتەوە.

جەستەی ئۆزیریس تەواوی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو سێ ئەفسوونکارە هێزی ژیانیان دایە ئۆزیریس و بە پەتی گیایی برینەکانیان برینپێچ کرد. ئیزیسی پەلەوەر لەسەر نووکی زەکەری لە گڵ دروستکراوی ئۆزیریس کە ڕووی کردووەتە ئاسمان دەنیشێتەوە تا لە مردوو زیندوو بهێنێتە ژیانەوە، ئەمەش پێوەستبوونێکی مەعنەویی نێوان عاشق و مەعشووقە، لەو کاتەدا تۆوی خوا دەگاتە ئیزیریس، هوروس ی جێنشین و میراتگر هەر زوو لە رووناکییەوە دێتە دەرێ. هەر لە هەمان کاتدا «هوروس»ی برا دەمرێ، ئانۆبیس، ئۆزیریس دەخاتە نێو پێستی پڵنگەوە و وزەی تایبەتی دەداتێ تا بتوانێ بە درێژاییی شەوی ١٢ سەعاتە بەرگە بگرێت.

دوو خواژن، ئیزیس و نەفتیس ، بەباڵی ئاڵتوونییەوە بەسەر جەستە مۆمیاکراوەکەی ئۆزیریس خەریکی شەقەی باڵن و هەوا بەسەر جەستەکە دەبەخشێننەوە، وردخوێندنەوە و ئیشق گەلەک پێویستن بۆ ئەوەی پەرچووی هەستانەوەی ئۆزیریس روو بدات. ئۆزیریس بەسەرکەوتوییی هەڵدەسێتەوە و چاوی بە ڕوخساری پڕ لە خۆشبەختیی ئیزیسی ئازیز و خۆشەویستی دەکەوێ. ئانوبیس لەبەر خۆیەوە دەڵێ:" تا نووستوو بێدار بێتەوە، تا جید Djed (گرێ گرێی بڕبڕەی پشت)

به هێزەوە لە ئاسمانەوە ڕاست ببەوە، شای یاران ئۆزیریس چاوەکانت بکەوە، تۆ دەست لێ نەدراوی، تۆ تەواوی."

بەم شێوەیە ئۆزیریس پێوەندیی کرد بە ژیانی هەمیشەییەوە و بوو بە فەرمانڕەوای دنیای ئەودیو. ئەو بوو بە خوای مردووان و هیوای ژیانی نوێ و هەمیشەیی.

تۆ وەکو خوای (ڕە) بەشکۆوە دەردەکەوی
بازنەی ئەو بازنەی تۆیە
تیشکی ئەو تیشکی تۆیە
مەڵبەندی نهێنئامێزی ئەو مەڵبەندی نهێنئامێزی تۆیە.
بۆنی ئەو بۆنی تۆیە
ئەو نامرێ و تۆ نامری
ئۆزیریس لە گلێنەی چاوی (ڕە) ئەوە دێنێتە دەرێ
ئەو ڕووناکییە ڕووناکیی تۆیە.
تۆ لە (ڕە) دەچی.
تۆ شای یاران هەمیشەییت.

هەواڵنامەی کتێب

### لەدایکبوون و ژەهرخواردکردنی هوروس

سیس زۆر تووڕە بوو ئەو ڕێوڕەسمە پڕ شکۆیەی کە بۆ ئۆزیریس ئەنجام درا بێ ڕادە سیسی تووڕە کرد، هەروەها هەواڵی هەستانەوەکەی لا نەبوو بۆیە فرمانی بەپیاوەکانی خۆی دا کە ئیزیس دەستگیر بکەن و بیخەنە زیندانەوە، بەڵام ئیزیس توانی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە زۆنگاوەکانی بۆتۆ، لەو شوێنەی کە لەژێر چاودێریی حەوت مار «هوروس»ی هێنایە دنیاوە.

ڕۆژێکیان ئیزیس خۆی ون کرد و ڕۆیشت کاتێ کە گەڕایەوە کوڕەکەی بەنیوەمردوویی دۆزینەوە لە حاڵی گیانەڵا بوو. سیس توانای ئەوەی نابێت بەشێوەیەکی ئاسایی بێتە نێو زۆنگاوەکانەوە، بۆ خۆی لە شێوەی مارێکی ژەهردار دەگۆڕێ و دێتە ئەوێ و بەو کوڕەوە دەدا، ئیزیس سەرەڕای هێزی جادووگەری دەستەودامان مابوو نەیدەزانی چی بکات، لە تەواوی مرۆڤایەتی خواست منداڵەکەی ئازاد بکەن، بەڵام هیچ کەسێک نەیتوانی شتێکی بۆ بکات. ئیزیس دوودڵ بوو لەوەی ئاخۆ ئەم کارە کاری سیس بێ ئەوسیسەی کە سەرچاوەی هەموو نەگبەتی و دیمەنە خراپەکانە. کەسێک بەتەواوی هێزی خۆیەوە دەیەوێ چاکە و پاکیزەیی لەناوبەرێت.

ئەوێک نائومێد بوو لە ڕزگارکردنی هوروس، داوای کۆمەکی لە خوای خوایەکان کرد. داوای ئەو لە لایەن شکۆمەندی (کەشتیی هەزاران ساڵ)ەوە بیسترا، کاتێ ئەو گوێی لەم داوایە بوو، گەشتەکەی خۆی ڕاگرت، تەحووت (مانگ) هاتە لای ئەم خواژنە و پێی سەیر بوو کە هێزی

جادوویی ئەو کاریگەری نەماوە، دڵنیاییی پێ دا کە هێزی رە بەخشراوە بەو. زەوی تاریکی گرتییەوە و تەحووت بە «ئیزیس»ی گوت تا ئەو کاتەی کە هوروس چاک نەبێتەوە کەشتیی هەزار ساڵە بەردەوامی بەگەشتەکەی نادات، لە ڕوانگەی خواکانەوە، مەرگی هوروس چارەنووسی تەواوی بوونەوەرانی خستە مەترسییەوە و دەیخستنە بەردەستی دیمەنێکی ناشیرین، واتە دەیخستنە بەردەستی سیس. بەم شێوەیە بەناوی رە، هەرچی ژەهری ناو گیانی هوروس بوو تەحووت هێنایە دەرەوە، ڕووداوەکەش بووە مایەی خۆشحاڵیی تەواوی دانیشتوانی زۆنگاوەکە لەوانەش خودی ئیزیس.

## شەڕی نێوان هوروس و سیس

هوروس لە سەردەمی منداڵیدا لە زۆنگاوەکانی بۆتۆ زۆرجار ئامادە دەبوو بۆ بینینی ڕاهێنانە وەرزشییەکانی ئۆزیریس، ئەو کاتەی لە هەوارگەی مردووان سەرقاڵی ڕاهێنان بوو. هوروس هەرچەند گەورەتر دەبوو بیری تۆڵەسەندنەوەی لە سیس دەکرد، بەرامبەر بەو هەموو ئازار و نەگبەتییەی بەهۆی ئەوەوە تووشی ئیزیس و ئۆزیریس بوو. کاتێ گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن (هەرزەکاری) لە چەند خوایەکی ترەوە دڵنیاییی پێ گەیشت کە بەتوانایە، بۆیە شەڕێکی درێژخایەنی ڕاگەیاند دژ بە سیس ، بۆ ئەوە نازناوی هەرەندۆتیس (Harendotes)یان هەڵبژارد واتە "هوروسی تۆڵەسەنەرەوەی باوک". بەڵام سەرەڕای توانای سەربازی و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی نەیدەتوانی سیس ببەزێنێ ئەو سیسەی هەر جارە سەرقاڵی نوێبوونەوەی هێزی خۆی بوو. سیس کە بینی شەڕ درێژەی کێشاوە، بیری کردەوە بەناوبژیکردنی دادگەی خوایی باشترە ئەم کارە بەسوودی خۆی بباتەوە، ئۆزیریسی ئامادە کرد، بەڵام بەرگریکردن لەلایەن «تەحووت»ەوە بوو ئەو بەرگریی لێ کرد: بەرگریی کردنەکەی تەحووت بەجۆرێک بوو کە خواکان بڕیارەکەیان بەسوودی هوروس دەرکرد.

## سەرلێکردنەوەی ئیزیس

سیس لە گوێڕایەڵی بۆ خواکان سەرپێچیی کرد ، پێشنیاری پێشکێش بە هوروس کرد پاش شێوە گۆڕین بەئەسپێکی ئاوی لە زۆنگاوەکان دەست بکەن بەزۆرانبازی. براوە ئەو کەسە دەبێت کە پێش تەواوبوونی زەمەنی دیاریکراو کە ٣ مانگە لە ئاوەکە بێتە دەرێ. ئەم پێشنیازە ئیزیسی تووشی نائومێدی کرد، دەیزانی کە گۆڕینی شێوە بۆ ئەسپی ئاوی یەکێکە لە سیفەتەکانی سیس و بەم ڕێگەیەش بێ هیچ دوودڵییەک هوروس دەشکێنێ.

لە ئەنجامدا ئیزیس قولابێکی بەست بەپەتێکەوە و فڕێی دایە نێو ئاوەکە بەو هیوایەی قولابەکەی لە گیانی سیس گیر بێت و بیگرێ. بەڵام ئەم کارەی بوو بەهۆی ئەوەی کە هوروس بریندار بکات، هەرکە گوێی لە هاواری هوروس بوو بە پەلە پەتەکەی بە قولابەکەوە هەڵکێشایەوە. دووەم

تاقیکردنەوە سەرکەوتوو بوو، چەکەکە بەر سیس کەوت، بەڵام ئیزیس کەوتە ژێر کاریگەری داواکانی سیسەوە کە ئەوی دەگەڕاندەوە بۆ بیرکردنەوە لە دایکیان ئەو دایکەی کە دایکی ئەو و سیس بوو. ئەم بەزەییە، هیچ کاری نەکرد و پاڵی بە هوروس نا تا لە ئاوەکە بێتە دەرێ و سەری دایکی لە لەشی بکاتەوە. بەڵام تەحووت کە شایەدی بینینی ئەم دیمەنە بوو، هەر خێرا سەری گایەکی هێنا و نووساندی بەلەشی ئیزیسەوە، پاش ئەمە ئیزیس پێوەندیی لەگەڵ خواژنی حاتحوور دروست کرد.

خواکان دەیانویست بەرامبەر بەو کارە دڕندانەیەی هوروس ئەنجامی دا تەمێی کەن، بەڵام هوروس لە کێوەکان خۆی شاردبووە و نەیانتوانی بیدۆزنەوە. بەهەمان شێوەیەش سیس دەستی کرد بە گەڕان بە دووی هوروس، پاش دۆزینەوەی سیس هەردوو چاوەکانی هوروسی دەرهێنا و لە شوێنێک ناشتی لە شوێنی چاوەکانی دوو گوڵی نیلۆفەر دەرچوون، ئەو دووانەش دیمەنی ڕۆژ و هەستانەوە بوون. پاشان سیس چووە لای خواکان و گوتی ئەو نەیتوانییوە ئەو کەسە بکوژێ کە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە.

## چاوەکانی هوروس

دواجار ئیزیس-حاتحوور(کە ناوی نوێی ئیزیس بوو- وەرگێڕ) توانییان هوروس بدۆزنەوە، هوروس هێدی هێدی بەسەر سنگی کێوێکدا سەرکەوت. ڕۆیشت تا شیری ئاسک ئامادە بکا و تا ساخبوونەوەی چاوی کوڕەکەی ئەو شیرەی پێدا بسوێ. هەرکە هوروس وردە وردە خەریک بوو چاوی دەکرایەوە و یەکسەر کە دەستی خۆی بینی ، هاواری کرد «دایە گیان بمبەخشە!» پاش تۆزێک چاوە خەماوی و پڕ ڕووناکییەکەی ئیزیس-حاتحووری بینی، بە زمانە مەزنەکەی کە بۆنی خاک و لەوەڕی لێ دەهات، تەوێڵی ئەوی دەلێسایەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت «چۆن دەتوانم لە خۆم ببوورم؟»

ئیزیس-حاتحوور پەنجەکانی خستە سەر تەوێڵی تا لە وەڵامدا پێی بڵێت، دەبێ ئەوەی لای تۆ بەنرخترین شتە، وەک دیاری پێشکێش بە باوکی بکەیت. لەم کاتەدا لە خۆی پرسی دەتوانێ چ شتێک لە خۆیدا بکاتە قوربانی، ڕوانییە دەشتی شۆرەکات و جوانیی بێ وێنەی ئەو دەشتە، بەردەکان ڕەنگیان پەمەیی و زیخەکانیش بازنەیی وەک ئاڵتوون، لە هەموو جێگەیەک ڕووناکی بەر بەردەکان دەکەوت و کانییەکان دەدرەوشانەوە. لە بەرامبەر ئەم شێوە دەوڵەمەندی و جوانییە هیچ دوودڵ نەبوو یەکسەر گوتی: "ئای باوکە، من هوروس کوڕی تۆم دیسانەوە چاوەکانم بۆ گەڕایەوە بەڵام دەیبەخشمەوە بە تۆ."

دووبارە چاوەکانی هوروس ڕوویان لە تاریکی کرد، ئەم پەرێشانی وماڵوێرانییە وەک ڕژانی ڕنوویەک بەرد بوو بۆ نێو دەربەندی کێوێک، کاتێک چاوەکانی کردەوە دووبارە بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە بەڵام ئەم بیناییە جیاواز بوو لەو بیناییەی تر. بە درەوشاوەتر ڕەنگەکانی بە چاوی ڕاستی دەبینی، وەک ئەوەی بە تیشکی هەتاوێکی بەهێز ڕووناک کرابێتنەوە، بەچاوی چەپی ناخی

خۆڵەمێشی هەر بەردێکی دەبینی، کە بە ڕووناکیی سپی و ساردیی مانگ رووناک کرابووەوە. کاتێ بە دوو چاوەکانی دەیڕوانی ، دنیایی بە هاوسەنگی دەبینی، نە جوان بوو نە ناشیرین، بەڵکو هاوسەنگ. پاشان هەردووکیان چوونە لای خواکان.

## دادوەریکردنی ئوزیریس

سەرەڕای ئەم هەموو سەرکەوتن و دابەزینە، هێشتا دادگە بڕیاری خۆی نەدابوو. بۆ ئەوەی کۆتایی بەم کارە بێت، خواکان یەکڕابوون لەگەڵ تەحووت لەسەر ئەو پێشنیازەی کە ئوزیریس وەک دادپرسی بالادەست دابنرێت. بێگومان ئەو بەسوودی کوڕەکەی کاری کرد و بە خوا هۆشمەنەدەکانی گوت کە زوڵمیان لە کوڕەکەی ( هوروس) کردووە، ئاخۆ ئەو خوایەک نەبوو کە گەنم و جۆ و ئاژەڵی پێ دەدان و تێری دەکردن؟ (ڕە) بەبێ ئەوەی کە بێزاریی خۆی بشارێتەوە، ئەوەی بەگوێی ئوزیریسدا دا کە پێش ئەوەی ئەو هەبێت، گەنم و جۆ هەر هەبووە.

لەبەر ئەو دادوەریکردنەی کە خوای ئینیادی Enneade لە دنیای ئەودیو کردبووی، ئوزیریس سوپاسی کرد. بەڵام ئەو ئەوەشی گوت کە لەمەودوا سیستەمی یاسای جیهان و دادپەروەری خوایی دەگۆڕێ و ئەو کارمەندەکانی خۆی دەنێرێ بەمەبەستی هەڵکۆڵینی دڵی هەر کەسێک کە دەبێتە هۆی بەرپاکردنی کاری خراپە، جا ئەو کەسە خوا بێت یان مرۆڤی فانی و بمر. لەلایەکی ترەوە رای گەیاند کە هەموو بوونەوەرەکان ڕوو یان درەنگ دەبێ بەرەو رۆئاوای وڵات یان دنیای مردووەکان بڕۆن تا لەوێ بەرەو رووی دادی ئوزیریس ببنەوە، ئوزیریسی گەورەی هەمووان. وەڵامی ئوزیریس بە هۆشداریی (ڕە)، رەوشەکەی بۆ ئەو رووناک کردەوە کە دەیویست کۆتا بە شەڕی درێژخایەنی نێوان هوروس و سیس بهێنی و هەروەها بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خواکان دەستنیشان بکا خواکانی مردن و ژیان .

لە بەرامبەر ئەم هەڕەشەیە، دادگەی خواکان ئەو حوکمەیان قبوڵ کرد کە ئوزیریس لە بەرژەوەندیی کوڕەکەی دەری کرد. سیس چاوقایم و نالۆجیک و سەرچاوەی ئاژاوە، بنیاتیی سووتاندنی هەموو شتێک و وشککردنی هەموو شت، تەنیا کەسێک بوو کە یاخی بوو بەرامبەر بەم بڕیارە. زنجیربەندیان کرد و هێنایانە بەر دەرگەی خوا، ئەوان بڕیاری مەرگیان نەدا و ڕێگەیان دا بژی، سیسی شای یاران برووسکە و تریشقە و مانگگیران و هەڵچوونی دەریا، بەوە رازی بوو هەتاهەتایە فوو بکات بە پەردەکانی کەشتییەکەی ئوزیس.

پاش ئەوە (ڕە) بوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان، لە کاتێکدا هوروس بەرپرسیارێتیی پێوەندیی نێوان زەوی و ئاسمانی گرتە ئەستۆ. ئوزیریس لە هەمان کاتدا بەردەوام بوو لە حوکمڕانی دنیای ئەودیو و سەرۆکایەتیی ڕێوڕەسمی دادگەدانی ئەو مردووانەی کە هوروس بۆ لای ئەوی دەنارد.

هوروس کە میراتی خۆی وەرگرتبوو، لەو رۆژە بەدواوە دەیتوانی فەرمانڕەواییی بکات بەسەر میسری سەر و خوار و نازناوی (هوروسی شای یاران دوو هەوارگەی) بوو بەنسیب.

# کلیلی ڕۆمی بە کار بهێنیت

بوو گوستاڤسۆن

خوێندنەوەی ڕۆمی کردارێکی ئازادبوونە بۆ شێوازێکی تری ژیان، بۆ شێوەیەکی تری بوون. چەند ساڵێک لەمەوبەر لە مەغریب لە شاری ئەلسویرە بووم. ئەلسویرە بە شارە سپییەکەی سەر زەریای ئەتلەسییش ناو دەبرێت. هیچ کتێبێکم لا نەبوو، بۆیە چوومە کتێبفرۆشییەکەی شار، بۆ ئەوەی شتێکی وروژێنەر بکرم و بیخوێنمەوە. دەرکەوت کتێبفرۆشەکە لە دووکانێکی ڕۆژنامەفرۆشی بە چەند ڕەفەیەک لە ڕۆمانی پۆلیسیی ئەمەریکایی و ڕۆمانی فرەنسی زێتر، شتێکی تری نەبوو. لەناو ئەو کتێبانەدا نوسخەیەکی "دیوانی شەمسی تەبریزی"ی ڕۆمی'م بە فرەنسی دۆزییەوە. کتێبەکەم کری و گەڕامەوە هوتێل، لەوێ لە بەرپەنجەرەیەکی ڕوو لە زەریا کراوەدا دانیشتم و دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

“ö résurrection soudaine - O miséricorde infinie! O toj gui dans le buisson des pensée as jeté le fey - Te voici aujouvd’ hui arrivint, arrivételle laclé d’uneperson.”

ڕۆمی بەم دێرە سەرەتاییانە باسی بەیەکگەیشتنی شڵەژاوی خۆی لەگەڵ "شەمسەددین"دا دەکات، بەیەکگەیشتنێک کە ژیانی ئەوی گۆڕی و کردی بە شاعیر. دەکرێت ئەم دێرانە، نێزیکەی وا تەرجەمە بکرێن:

"ئەی لە ناکاو زیندوو بووەوە، ئەی بەخشندەی بێسنوور!
تۆ ئەی ئەو کەسەی کە ئاگرێکت فڕێدایە ناو دەوەنی خەیاڵەوە
وا بەپێکەنینەوە وەک کلیلی زیندانێک دێیت."


.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی

خـوێندنەوەی ڕۆمی کـردارێکی ئـازادبوونە. لە ناکـاو زیندووبوونـەوەیە. سـووتـاندنی دەوەنەکـانی خـەیاڵە و کلیلێکی زیندانـی ناخـە. بەم شـێـوەیـەیش ئەو نووسـەرە سـوێدییـانەی سـروشـیـان لە ''جەلالوددین ڕۆمی''یـەوە وەرگرتووە، ئەویان خوێندووەتەوە. ئەو کلیلێک بە بەئاگاییەکی نوێ دەدا، بەتایبـەت لە شـاکـارە گـەورەکـەیدا، ''مـەسنەوی''. نووسـەرانی سـوێدی چۆن کلیلی ''ڕۆمی''ان بەکـار هێناوە؟

## ئێریک هێرمێلین و ڤیلهێلم ئێکێلوند

ناسـاندنـی ڕۆمی بە سـوێدی چاکـەی یەک تـاکـە کـەسـە: بارۆن ئێـریک هێـرمـێـلـین. لە ئەوەوە پێـشـوازی لـە ڕۆمی لەم وڵاتـەدا دەست پێ دەکـات. لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٣٩ دا، لە نەخۆشـخانەی دەروونیی ''سانت لارس'' لە لـوند دەستبەسـەر بوو و هـەموو ''مـەسنەوی''، بەرهـەمێک بە شـەش بەرگ و ٢٧٠٠٠ کۆپلەوە، تەرجەمە کرد. ئەو ٣٥ ساڵ لە ''سانت لارس'' گوزەراندی و بەوە ڕاگەیشت، کە نەک تەنیا ''مەسنەوی'' و بژاردەیەک لـە ''دیوانی شەمسی تەبریزی''ی ڕۆمی تەرجەمە بکا، بەڵکە زۆربـەی شاعیرانی کـلاسیکی فـارسـیشی تەرجـەمە کـرد، بۆ نموونـە ''عەتتار و عـومـەر خـەیام''. ئامـانج وا بوو، کـە ''توانایی بیـرکـردنەوەی بەسـتـراو''ی سـوێدییـەکـان بتـوێنێـتـەوە و ''شەپۆلەکانی ڕوح بهەژێنن''. ئەو تێکستە فارسییانە سروشی شێوازێکی تری ژیان بن، لەم باکورە سـارد و خـەمگینەدا، بەوەی کە ئـاسـوودەییـیەکی تەندروست بدەن. بانگی هێرمـێلین بە گوتەیەکی



ڤیلهێلم ئێکێلوند (١٨٨٠ – ١٩٤٩)

ئێریک هێرمێلین (١٨٦٠ – ١٩٤٤)

ڕۆمی ''شێت بە'' بیسترا. بۆ هێرمێلین شیعرەکانی ڕۆمی نوێنەرایەتی، شێتایەتییەکی تەندروستیان دەکرد، بە تێگەیشتن لە سۆفی وەک شێتێکی پیرۆز، کە ئەخلاقی باو هەڵدەگێڕێتەوە. ژیانی هێرمێلین خۆی زنجیرەیەک شکست و سەرکێشیی شێتانە بوو، هەتا لە ئاکامدا ساڵی ١٩٠٩ لە نەخۆشخانەی ''سانت لارس'' خەوێنرا و هەتا لە ساڵی ١٩٤٤ یشدا مرد، لەوێ مایەوە. ڕۆمی بوو بە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی هێرمێلین، کە وا دەزانرا وەک ڕێگەیەکی شیاوی ژیان، ڕەوایی دەدات بەم شێتایەتییە پیرۆزە. لە ڕوحیدا تەواو هەستی دەکرد کەسێکی سۆفییە، کە لەوێ لە نەخۆشخانەی دەروونیی ''سانت لارس''دا کەوتبوو و شاکاری ئەو شاعیرە فارسەی تەرجەمەی سوێدی دەکرد. بەپێی ''پێر –ئێریک لیندال''ی نووسەری یاداشتەکانی هێرمێلین، دەکرێ تەرجەمەکردنی ''مەسنەوی'' وەک گوتاری بەرگریی ببینرێت، بۆ ئەو دووبارەبوونەوانەی زۆر عەرقخواردنەوە و ڕەفتاری ناپەسندی کۆمەڵایەتی، بەر لەوەی بخرێتە نەخۆشخانەی ''سانت لارس'' و دوای ئەوەیش. زۆرجار بە گوریسێکی دەستکرد خۆی شۆڕ دەکردەوە و لە نەخۆشخانە هەڵدەهات و بۆ ڕابواردن دەچووە ''نیهاڤن'' لە کۆبنهاگن. دوای چەند ڕۆژێک دوو پۆلیس دەیانهێنایەوە بۆ ''سانت لارس''.

به پەڕاوێز بۆ تەرجەمەکان و شێوازی تایبەتی زمانی، دەتوانرێت ئێریک هێرمێلین وەک نووسەرێکی خاوەن دەنگی تایبەتمەند ببینرێت. ''مەسنەوی''یەکەیشی زۆر گرینگیی بۆ زۆر نووسەری سوێدی هەبوو، لەوانە ڤیلهێلم ئێکێلوند. هێرمێلین و ئێکێلوند قەت یەکتریان نەبینی و نامەیشیان بۆ یەکتری نەنووسیوە، بەڵام کاری یەکتریان بەلاوە گرنگ بووە. لەگەڵ ئەوەیشدا تێگەیشتنیان بۆ ڕۆمی و سۆفیزم لە بنەڕەتەوە لە یەکتری جوودا بوو. ئەگەر هێرمێلین جەخت لەسەر شێتییەتی پیرۆز لای ڕۆمی دەکاتەوە، ئەوا ئێکێلوند ڕاستتر وەک نموونەیەکی ''وجودییەتێکی – ئێتیکی'' لەو دەگات، چونکە ئەو، ڕێگەیەکی ژیان پێشان دەدات، کە وا دەکات بەسەر کاریگەرییەکانی خوددا زاڵ ببێت. ئێکێلوند خۆی لە کتێبەکەیدا Metron (دایک _ خواوەند) باسی پێویستیی ڕزگاربوون لە ''شەیتانەکانی ناو دڵی خۆت'' دەکات. کێشە گەورەکە لە نووسەرایەتی ئەو، ئەوەیە مرۆڤ چۆن خود لە کاریگەرییەکانی هەست پاک بکاتەوە. بۆیە زوو وازی لە شیعر هێنا، بۆ ئەوەی لە بریدا، لە گەڕان بەدوای هەڵوێستێکی گونجاوی ژیاندا خۆی بۆ ئەدەبی ئەفوریزمی تەرخان بکات. بۆ ئەم پرۆژە درێژخایەنەی، سروش لە ''ڕۆمی''ەوە وەردەگرێت، کە وەک مامۆستایەکی حیکمەتی سەردەمی ئەنتیک، لە شێوەی ئەپیکیورۆس دەبێت. ئامانج وایە کە فێرببێ بەشێوەیەکی دروست بژی.

ئێکێلوند لە بەرهەمی زۆریدا، لە دوو شوێن ئاماژە بە ڕۆمی دەکات. ڕەنگە وا بزانرێ کەمە، بەڵام کۆنتێکستەکە وا دەکات باسکردنی ناوی ئەو زێتر بایەخدار ببێت. ئێکێلوند یەکەم جار درەنگ لە ژیاندا بە ڕێگەی تەرجەمەکانی ''هێرمێلین''ەوە ئاشنای نووسەری ''مەسنەوی'' بوو، ڕەنگە ئەمەیش ڕوونکردنەوەی ئەمە بێت، کە بۆچی ئەم شاعیرە فارسە هێندە کەم باسی کراوە. یەکەم

جار سـاڵی ١٩٤٥ لە Plus salisدا باسی دەکات. لەوێ باسی ئەوە دەکرێ، کە لای گۆتە تیشکی مێترۆن (تیشکی دایک _ خواوەند) دەوڵەمەندتر دەبوو، ئەگەر لە بری حافز، بە عەتتار و ڕۆمی تاقی بکرابوایەوە. لێرەدا ئێکێلوند مەبەستی ئەوەیە کە کاتێک گۆتێ "دیوانی ڕۆئاوا ڕۆهەڵات"ی نووسی، سـروشی لە حافز وەرگرتووە. کاتێک ئێکێلوند بیری "مێترون و هەژاریی نموونەیی"ی سۆفیزم بەیەکەوە گرێ دەدات، پێی وایە سۆفیەتی دروست لای عەتتار و ڕۆمی هەیە، لەوەی کە لای حافزی شاعیردا هەبێت. وشەی Metron ی گریکی مانای پێوانە، یان کامڵی دەگەیەنێ و تێگەیشتنێکی ناوەندییە لای ئێکێلوند. ئەو مانای کامڵیی و باوەڕبەخۆبوونی دەداتێ، کە تەرجەمەکردنێکی ڕاستەوخۆی تێگەیشتنی سەرەکیی "ڕالف والدۆ ئێمێرسۆن"ە self- reliance. ئێمێرسۆن لە دوا نووسینەکانی ئێکێلونددا بوو بە یەکێک لە کەسە ڕوحییەکانی ئەو. لە خۆدا کامڵبوون ئەوە دەگەیەنێ، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا لەسەر بناخەی هەبوونی خۆت بوەستیت. بۆ ئەوەی دەربڕینێکی ئێکێلوندی بەکار بهێنین، ئەوەیە کە "لەماڵەوە لای خۆت بیت".

لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆی بدرێتێ، پێویستە "تێگەیشتنی مێترۆن" بە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ بیری سۆفیزمدا، کە مرۆڤی نموونەیی ئەو مرۆڤە زەلیلەیە کە لە هەژاریی جەستەیی- ڕوحیدا دەژی، ڕادیکالیزە بکرێت. زۆر جاران ئەم هزرە بەهۆی وێنەی سۆفییەوە وەک تۆز و خۆڵی بەردەرگای هاوڕێوە دەردەبڕدرێ. ڕووناکیی ڕاستەقینەی "مێترۆن"، یان وەک لە شوێنێکی تری Plus salisدا هاتووە "زانستی مێترۆن"، زەلیلییە و مرۆڤ سەرەتا لەم زەلیلییەدا دەتوانێت کامڵ ببێت. زەلیلی دەبێتە هاومانای تەواویی، یان بەجەستەبوونی باوەڕبەخۆبوون. کامڵییەکی "وجودییەتێکی – ئێتیکی" وا، دژی هەڕەشە و ناکۆکییە دەرەکییەکانیش دەبێتەوە، چونکە تەواوێتی ڕوحە زەلیلەکە، خاڵی توندی ناوەڕاستی جیهان پێک دەهێنێ. ئەمانە خەیاڵن ڕەنگە ڕواقەکان Stocism بێننەوە یاد.

دووەم ئاماژەکردن بە ڕۆمی لە نووسەرایەتی ڤیلهێلم ئێکێلونددا، لە دوا دیوانی ئەفوریزمی بڵاوکراوەدا بە ناوی Atticism- humanism لە ساڵی ١٩٤٦دا هەیە. لێرەدا ئەوە ڕوونە، کە ئەم شاعیرە فارسە ڕۆڵی سروشدەر و ئاخاوتن لەگەڵیدا دەبینێت، لە گەلاڵەکردنی بەهای نوێ لە سەردەمێکی بێبەهاییدا. لە ڕاستییدا دەکرێ هەموو بەرهەمی پەخشانی ئێکێلوند وەک پرۆسێسێکی بەردەوام بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی لە هزری فەلسەفی جوودادا، تیۆرییەکی بەهای فەلسەفەی موراڵی بۆ مرۆڤی سەدەی بیست هەڵبچنێت. ئاماژەکردنەکە لە Atticism- humanism دا وایە:

> Aus Koth Gold machen! بۆ نیتشە، ئەم وشەیە لە دژوارترین تەنگانەی ئەودا، لە: عەتتار، ڕۆمی و ئێمێرسۆنەوە هات. بەڵام 'زێڕ' چی بوو، ئەو ئەم گوێیە مۆسیقاییەی نەبوو تێی بگات. حەقیقەتیش ئەوی دڵارام نەکرد.


دەکرێ گوتەکەی نیتشە وا تەرجەمە بکرێت: "لە پیسی زێڕ دروست بکرێ!". ئێکێلوند ئەوە دیار

دەكات، كە نیتشە خراپ لە تێگەیشتنی یەكلاكەرەوەی ژیانیدا گەیشتووە، كاتێك ئەو ڕێگەی سەرەوەی گرتەبەر، لەوەی كە گەشە بە بیری ''مرۆڤی باڵا'' Übermensch بدات. بە ئەندازەی پێویست هەستیار نەبوو، تا لە واتای تێگەیشتنی خۆی بگات. لە بریدا، دەبوو وەك عەتتار، ڕۆمی و ئێمێرسۆن، بە پاككردنەوەی خود، بۆ دۆزینەوەی مرۆڤی ڕاستەقینە، لە مادەی كیمیاییی نایابدا، واتە پیسیی ئاسەواری ژیان، بە ڕێگەی خوارەوەدا ڕۆیشتبا. ئێكێلوند پێی وایە هەموو تیۆری ''مرۆڤی باڵا'' هەڵەیەكی كوشندە بوو لەلایەن نیتشەوە.

ئەم پرۆسە كیمیاییە، كە لە پیسی زێڕ دروست بكرێت، دەتوانرێ بگوترێ ناواخنی ڕێگەی سۆفییە، كە ئەمە لە ''مەسنەوی''ی ڕۆمی- دا دەردەبڕدرێ. لە بەشی پێنجەمدا بەشێك هەیە بە وشەدیاركردنی تایبەتی هێرمێلینییەوە، كە وا باوەڕ دەكرێت سەرچاوەی گوتەكەی نیتشە بێت: ''ئەگەر ئەو پیسی بخاتە ناو دەستییەوە، دەبێتە زێڕ.'' بێگومان مەبەست لە وشەی ''ئەو'' خوایە، بەڵام لای ئێكێلوند ڕەهەندە مێتافیزیكییەكە لە ژیان نامێنێ. ڕاستتر، ئەو هەوڵ دەدات هزرێك لەبارەی مرۆڤی كامڵەوە دابڕێژێت، كە لە ناوەوەی خۆیدا تەواوە و توانای هەیە هەبوونی ڕاستەقینەی خۆی بێنێتە دی. ئەوەی ئێكێلوند لە نووسەرایەتی خۆیدا دەیكات، ئەوەیە كە هەبوونێكی ئێتیكی دابڕێژێت، كە تێگەیشتنە ڕۆمییەكە وایە: ''لە پیسی زێڕ دروست بكرێ.'' وەكوتر، ئەو هەر شەش بەرگ ''مەسنەوی'' هەبوو، كە هێرمێلین تەرجەمەی كردبوو. پەڕەی كتێبەكان لێك كرابوونەوە و زۆر خوێندرابوونەوە. ''یەلمار گولبێرگ''یش هەر شەش بەرگەكەی هەبوو، بەڵام لە حاڵەتی ئەودا، پەڕەكان لێك نەكرابوونەوە و نەخوێندرابوونەوە. بەڵام ئەنتۆلۆجیای ''شیعری فارسی'' خوێندبووەوە كاریشی لێ كردبوو، كە شیعری سۆفی بوون و هێرمێلین تەرجەمەی كردبوون. كاریگەرییێتی ئەم خویندنەوەیە، بە ڕوونی لە دیوانی Dödsmask och lustg'rd دا هەیە، كە ساڵی ١٩٥٢ بڵاو كرایەوە.

## گوننار ئێكێلۆف

كەسێك كە ''مەسنەوی''ی هەم خوێندبووەوە و هەم هەیبوو، گوننار ئێكێلۆف بوو. ئارەزووی ئەو بۆ سۆفیزم و شیعری فارسی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی قۆناخی ئامادەیی، ئەو كات بە ''تەرجومان ئەلئەشواق''ی ئیبن عەرەبی ئاشنا بووبوو. شەیدابوون بەم شاعیرە لە ماوەی هەموو ژیانیدا بوو و ئاسەواریشی بەسەر ''سیانەی دیوان''دا بەجێ هێشتووە. لەلایەكی ترەوە، ڕۆمی یەكێك بوو لە هاوڕێ ڕوحییە زۆرەكانی ئێكێلۆف، كە بووە هۆی ئەوەی ئەو خۆی شەش شیعری ''دیوانی شەمسی تەبریزی''ی ڕۆمی تەرجەمە بكا و ساڵی ١٩٤٤ لە كۆواری Ord och Bild دا بڵاو كراونەتەوە. بەڵام بێگومان تەرجەمەكان دە ساڵ پێشتر، لە ماوەی سەردەمی سوریالیی ئێكێلۆفدا كران، كە ئەو كات گوتارێكی لەبارەی سۆفیزمەوە نووسی: ''مودێرنزمی چاخەكانی ناوەڕاست''. لەوێ سۆفیزم وەك ''جۆرێك یان سێسكسوالیزمی ڕوحی'' وەسف دەكرێ. خۆشەویستی، یان ئەو




گوننار ئێکێلۆف (١٩٠٧–١٩٦٨)

ئێرۆتیکیە ڕوحییە ئەو هێزە بەتوانایە پێک دەهێنێت، کە هەبوون بەڕێوە دەبا و هەر بۆیەیش، زۆرجار لای شاعیری سۆفی، خەسڵەتە خواییەکان وەک خاسیەتی ژنانە وەسف دەکرێن. ڕوحی بە تاسەی مرۆڤ دەبێتە ئاشقێکی بەجێ هێشتراو، کە لە هەموو شوێنێکدا بۆ "خۆشەویستەکە" دەگەڕێ، بەڵام لە هیچ شوێنێک نایدۆزێتەوە. ئێکێلۆف بەردەوام دەبێت و وەک "ئازادبوونێک" باسی ئامرازی زانیاریی مرۆڤی سۆفی دەکات، واتە ئازادیی هەست و نەست لە گەڕان بەدوای زانیاریدا.

ئێکێلۆف لە گوتارەکەیدا ڕۆمی وەک حاڵگرێک دەردەخات، کە لە بێئاگاییدا شیعر دەڵێ. بۆیە لە چاوی ئێکێلۆفەوە ئەو شاعیرە فارسە، سوریالیستێکی چاخەکانی ناوەڕاستە، کە ئەو هونەرە دەزانێ، کە ڕاستەوخۆ لە بێئاگاییەوە شیعر بڵێ. ئەگەر سەرچاوەی سروشی سوریالییەکان لە خەوندا بدۆزرێتەوە، ئەوا بۆ ڕۆمی حاڵگرتن هاوشێوازێکی ئەوە. دیوانی یەکەمی ئێکێلۆف "درەنگانێک لەسەر زەوی" لە ساڵی ١٩٣٢ دا، خەونەشیعر و شیعری لە بێئاگایی گوتراوی تێدایە، لەوێ مێتودی سوریالییەکان و ڕۆمی بەکار دەهێنێت. دوا شیعر بەم دێرە ناودارە دەست پێ دەکات "ژەهرم بدەیێ بمرم، یان خەونم بدەیێ بژیم". ئەو "خەونانەی" کە ئێکێلۆف لێرەدا باسیان دەکات، دەکرێ بە ئامرازی زانیاریی ئازادبوون بچوێنرێت، کە ئەو لە شیعرنووسیندا کردی بە هی خۆی.

ئەم شەش شیعرە تەرجەمەکراوەی "دیوان"ی ڕۆمی، کە یەکەم جار لە کۆواری Ord och Bild و

پاشان لە Valfrändskaper دا بڵاو کرانەوە، باسی تاسەی ڕوحی بەندکراو دەکەن بۆ حەقیقەتی خوایی. زیندانیی ڕوحیی و ئازادیی ڕوحیی بابەتێک بوو، کە لە هەموو ژیانی نووسەرایەتیدا ئێکێلۆفی خەریک کرد، بەتایبەت لە نووسینی دوا شیعرەکانیدا. دەکرێ، ئەم شەش شیعرە تەرجەمەکراوەی ڕۆمی وەک پوختەی پلەکانی ڕێگەی سۆفی بەرەو عیرفان، بخوێندرێنەوە. شیعری یەکەم، هەستێکی نامۆیی و بێماڵی لە ژیاندا دەردەبڕێت و بەم هاوارە بێهیوایە کۆتاییی دێت: ''ئەی دڵی بێماڵ، هەتا کەی لە تاراوگە دەمێنیتەوە؟''. لە زاراوەناسیی سۆفیدا، دڵ شوێنی ڕوحە، کە لەم جیهانەدا هەست بە پەڕاگەندەیی دەکات. دڵ عەرشی خوایشە لە مرۆڤدا، کە لە شیعری دووەمدا دەردەبڕێت.

لەو ڕۆژەدا بووم، کە هێشتا ناو
یان، ئاسەواری بوونەوەرێکی دروستکراوی بە ناو نەبوو.
لە منەوە ناو پەیدا بوو، ئەو ڕۆژەیش ناونراو دیار کەوتن
کە هێشتا ''من'' و ''ئێمە'' نەبووین.
سەری بسکی لوولی خۆشەویست وەک نەخشێکی لێ هات،
بوو بەشوێنی پەیامهاتن.
کەچی سەری ئەم بسکە لوولە لە ئارادا نەبوو.
لە هەموو لایەک و گۆشەیەکدا: خاچ و کریستیان!
چاوم گێڕا: ئەو لەسەر خاچەکە نەبوو.
چوومە پەرستگە، ناو پاگودە کۆنەکە.
لەوێ ئاسەوارێک دیار نەبوو.
لە هرات، لە قەندەهار چوومە ناو چیاکانەوە.
بینیم: ئەو لەناو چیا و دۆڵان نەبوو.
نیگام خستە ناو دڵی خۆم.
لەوێ ئەوم بینی. لە شوێنێکی تر نەبوو.

ئەو دێرانەی یەکەم، مەبەستی ئەو ڕووداوەی بەر لە دروستبوونە، کاتێک پەیمانی یەکەمەی نێوان خوا و مرۆڤ بەسترا و هەموو شتێک یەکەیەک بوو لەناو خوادا. خودی شیعر هەوڵ دەدا بە ڕوو لە ئاین و سروشتکردن، ئەم یەکە بنەچەیییە بدۆزێتەوە، بەڵام لە ئاکامدا لەناو دڵی خۆیدا خوا دەدۆزێتەوە. شیعرەکانی تر ئارەزوویەک نیشان دەدەن، کە ئاشنای حەقیقەتی ڕوحی بن و تاسەی ئەوە دەکەن، کە لە پێناو ''جیهانی یەکبوون''دا، ''ئەم جیهانەی جوودایی'' بەجێ بهێڵن. ژیانی ڕاستەقینە، ژیانی ڕوحییە، کاتێک مرۆڤ بە لەخەوهەستانی لە خەوی ڕوحیی خۆیدا سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە. دوا شیعر، کە ئێکێلۆف لە ''دیوان''ی ڕۆمییەوە تەرجەمەی کردووە، ئەوە دەردەبڕێت کە خوا ''کۆیلە زنجییەکان'' ئازاد دەکات و پاشان ژیانیان دەبێتە زیکر و حاڵگرتن.



هەواڵنامەی کتێب

خودا هۆشی هەموو بێهۆشەکان دەداتەوە و

ئەوانیش، وەک کۆیلەی زنجی، ئەڵقە لە گوێ بە بازنەیی دەوەستن،

لەسەر ئاوازی زیکرێک، سەما دەکەن، چەپڵە لێ دەدەن،


بە دڵخۆشییەوە گۆرانی دەچڕن: خودامان بۆ ژیانی هێنایەنەوە!

لە گوتارێکدا، کە لەم کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە، "بوو ئوتاس" پێی وایە، کە ئەم شیعرەی ئەم دێڕانەی سەرەوەی لێ وەرگیراوە، لە لاساییکردنەوە بەولاوە، شتێکی تر نییە. ڕێک و ڕەوان ئێکێلۆف خۆی نووسیویەتی و بەناوی "ڕۆمی"یەوە بڵاوی کردووەتەوە. ئوتاس ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە لەبەرئەوەی ئەم شیعرە "تەرجەمەکراوە" لەناو ئەو بژاردەیەی تەرجەمەکەی ساڵی ١٨٩٨ی ر. ئا. نیکلسۆندا نییە، بۆیە دەبێت لاساییکردنەوە بێت. ئێکێلۆف دەستەڵاتی بەسەر زمانی فارسیدا نەدەشکا و بۆیە نەیدەتوانی لە زمانی یەکەمەوە تەرجەمە بکات، بگرە لە بریدا بژاردەکەی نیکلسۆنی بەکار هێنا. وا پێ دەچێت ئوتاس ڕاست بکا، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئێکێلۆف دەنگی ڕۆمی قەرز کردووە بۆ نووسینی شیعرێکی خۆی، کە بە هەناسەی ئەم شاعیرە فارسە نووسراوە، ئەوە نیشاندەدا، کە لە سەردەمێکی زۆر گرینگی ژیانی نووسەرایەتی ئێکێلۆفدا، شاعیری "مەسنەوی" چەند کاریگەری لەو کردووە.

لە ماوەی نووسەرایەتی ئێکێلۆفدا، هەتا سیانەی دیوان لە ساڵانی شەستدا، چەند وێنەیەکی ناو ئەم شیعرە تەرجەمەکراوانەی ڕۆمی، جارجار لە کتێبی جودای ئەودا دەردەکەون. بۆ نموونە لە "میر ئێمگیوون"دا وێنەی دڵ وەک منداڵێکی بچووکی ڕەقهەڵگەڕاو هەیە و لە "داستانی فاتیمە"یشدا ئەو وێنەشیعرییە نەریتییەی سۆفیزم، لەبارەی باڵندەی ناو قەفەسەوە، وەک سیمبۆل بۆ بەندیەتی ڕوح لەناو جەستەدا دەردەکەوێ. چارەی گرفتی ئەوەی، کە ئازادیی ڕاستەقینەی ڕۆحیی واتەی چی دەگەیەنێ، دوا جار ئێکێلۆف لەناو تەسەووفدا دۆزییەوە. سۆفیزمیش بەهۆی یارمەتیی 'ئیبن عەرەبی و ڕۆمییەوە، ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەبوو. ئەو بەم شەش، یان ڕاستتر پێنج تەرجەمانەوە، کە لە "دیوان"ی ئەم شاعیرە فارسەوە کردنی، کلیلی بەئاگەیی عیرفانیی دۆزییەوە. ئەم بەدوای عیرفانی گەڕانەدا، کە لە "سیانەی دیوان"دا دراماتیزە کراوە، نموونەی لەم تەرجەمانەی شیعری 'ڕۆمی'یەوە هەیە، کە ئێکێلۆف ساڵی ١٩٤٤ لە کۆواری Ord och Bild دا بڵاوی کردنەوەه.

## ویللی شیرکلوند

بۆ ویللی شیرکلوند "مەسنەوی"ی ڕۆمی نوینەرایەتی "مراواریی عیرفانی فارسی" دەکات. ئەم هەڵسەنگاندنە لە سەفەرنامەی "بەرەو تەبەس"ی شیرکلوندا هەیە، کە ساڵی ١٩٥٩ بڵاو کرایەوە. ئەو بەرهەمی ڕۆمی وەک شیعری ڕێنوێنی لەبارەی ڕێگەی سۆفییەوە دەبینێت. "بەرەو تەبەس" بە "سروودی نەی" دەست پێ دەکات، کە یەکەم شیعری "مەسنەوی"یە و خۆی تەرجەمەی کردووە.



ویللی شیرکلوند (١٩٢١–٢٠٠٩)

گێڕەرەوە، لە کاتی گفتوگۆیەکدا، لەگەڵ ئەفسەرێکی پلەبەرزی بنکەی سنوور، لەسەر پردی سەر ڕووباری ئاراس، لە نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ئێراندا، شیعرەکە دەڵێتەوە. پاشان ئەوەیش دەڵێ، کە ڕۆمی لە پێشەکییەکەیدا، لەبارەی ''مەسنەوی''یەوە دەڵێ، شیعرەکە نوێنەرایەتیی ''ڕەگەکان بۆ ڕەگەکان بۆ ڕەگەکان بۆ ئاین'' دەکات. ئەوسا ئەفسەرە پلەبەرزە سۆڤیەتییەکە وەڵام دەداتەوە، کە ئەو شیعری وای پێ باشە، کە هەوڵی کارکردن لە کۆمەڵگەدا دەهێنێتە جۆش. ئەم دیمەنەی سەر پردی نێوان دوو جیهان و کولتووری تەواو لە یەکتر جودادا، شاکارێک لە تەنزی شیرکلونددا پێک دەهێنێت.

سەفەر لە ڕووباری ''ئاراس''ی سەر سنووری نێوان یەکەتیی سۆڤیەتی جاران و ''ئێران''ەوە، بەرەو ''تەبەس''ی واحەی بیابان، دەبێتە سەفەرێکی ڕوحانیی سۆفیانەیش، بە دەنگی گازاندەی نەی ''ڕۆمی''یەوە. نەی سیمبۆلی تاسەی ڕوحی مرۆییە بۆ خوا. ئەمە تاسەیەکە ویللی شیرکلوند خۆی هاوبەشە لێی، بەڵام چونکە ئەو گومانداریکی تەنزیی مودێرنە، ناتوانێت هیچ بکا، ئەوە نەبێت کە وەک نموونەیەکی تیۆریی، هەڵویستی سۆفیانە لە ژیاندا تاقی بکاتەوە. تێبینیی ئەوەی کردووە، کە ''تەبەس'' ناوچەیەکە لە جیهانی عەلمانیی نوێخوازدا، کەس بۆی ناچێت. واحەکە دەبێتە سیمبۆلێکی بەئاگایی ڕوحیی، کە لە کۆمەڵگەی مودێرندا نەماوە.

شیرکلوند لە ماوەی هەموو نووسەرایەتییدا، نموونەی تیۆریی جودا تاقی دەکاتەوە، لە تاویزمەوە هەتا فەلسەفەی ئەنتیک و زانستی مودێرن، بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکانیدا کێشەی

بنەڕەتی ڕۆشن بکا: کە بۆ "ئەو پرسیارەی ژیانی مرۆڤ وەلامیەتی" بگەڕێ، بەپێی ئەو شیوازی دەربڕینە دروستەی لە سەرەتای Mästaren Maدا. بۆیە سەفەر بەناو ئێراندا، لەگەڵ شاعیری سۆفی وەک "عومەر خەیام، حافز، سەعدی و عەتتار"دا، گەشە دەکات و دەبێتە لێکۆڵینەوە لەم پرسیارەدا. سەفەرەکە لەناو بیاباندا کۆتایی دێت، لەوێ جارێکی تر شیرکلوند گوێی لە ئاوازی ناڵەناڵی نەیی ڕۆمی دەبێ. بەلام سەرکەوتوو نابێ، لەناو گومانداریەتیی تەنزی خۆیدا دەربچێت. لە شیعرێکی تری "ڕۆمی"دا کە لە "بەرەو تەبەس"دا هێنراوەتەوە، ئەو وێنە نەریتییەی ڕێگەی سۆفی، وەک کاروانێکی حوشتر بەناو بیاباندا هاتووە. زۆر سەختە بۆ گومانداریکی مودێرن لەگەڵ کاروانی تەسەووفدا بڕوات، بۆیە زرنگەی دەنگی نەیی ڕۆمی لە دەشتودەری بیابانی "تەبەس"دا بلاو دەبێتەوە.

بەیەکگەیشتن لەگەڵ ڕوحانییەتی سۆفییدا شکست دەهێنێ، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا وا پێ دەچێ، بێ ئەوەی شیرکلوند پێی بزانێ، سەفەری بەناو ئێراندا، لە ساڵی ١٩٥٩ دا، کاری لێ کردووە، چونکە لە کۆتاییی نووسەرایەتیدا، لە ساڵی ١٩٨٨، لە کتێبی بەسەرهاتیی "لەبارەی میهرەبانییەوە" ئەو "سرووی نەی"یەی داناوە، کە خۆی تەرجەمەی کردووە. لێرەدا بەشێوازی تایبەتی گومانداریەتی خۆیەوە، کرۆکی پەیامی سۆفیی ڕۆمی دەورووژێنێ. لە شیعرەکەدا هەستئاڵۆزی و تێکەڵکردنی تاسە و ترسیش، خەسڵەتی "ڕۆمی"ن.

کاتێک کازیوە لە کازیوەییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک نامۆ لە نامۆییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک نانبرژێنەر لە نانبرژێنەرییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک بەرد لە بەردییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک پاساری لە پاسارییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک شیرکلوند لە شیرکلوندییێتیی خۆی دەردەچێ.
ئەم تاسەیە.
کاتێک شەو لە شەوییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک هیچ لە هیچییێتیی خۆی دەردەچێ.
ئەم دڵەڕاوکێیە.

شیرکلوند بە "لەبارەی میهرەبانییەوە" کۆتایی بە نووسەرایەتی خۆی هێنا، بەلام ڕەنگە بێدەنگی شێوازی ئەو بێت لە بەکارهێنانی کلیلی "ڕۆمی"دا، بۆ ئەوەی لە زیندانی خود دەربچێت و بەمەیش ئەو هۆشە نوێیەی هەبێ، کە جیهان دەگۆڕێت. ئەوسا تەنانەت نانبرژێنەریش دەتوانێ لە "نانبرژێنەرییێتی خۆی" دەربچێ.

## ئێریک ڤۆن پۆست

شتێکی زۆر نائاسایی بوو، ئێریک ڤون پۆست وەک کەسێکی دیپلۆماسی شیعریشی بە سروشوەرگرتن لە سۆفیزمەوە دەنووسی. ئەو کاتێک ئاشنای ڕازی سۆفی بوو، کە لە نێوان سالآنی ١٩٤٦–١٩٥١ نێردراوی سوێد بوو لە ئەنقەرە. دەشتودەری ئەناتۆڵ بە چیا و دەشتییەوە، بۆ ڤون پۆست بوو بەجۆرێک گەڕانەوە بۆ ماڵ و هەستێکی تایبەتی بۆ تەریقەی مەولەوی هەبوو. ئەنجامەکەی ئەوە بوو، یەکەم دیوانی ئەوی بەناوی ''ڕەمەزان'' لێ کەوتەوە، کە ساڵی ١٩٥٥ بڵاو کرایەوە. ''ڕەمەزان'' بە تورکییە بۆ وشەی ''رمضان''ی عەرەبی، مانگی بەڕۆژووبوونی ئیسلامی. بەرهەمی ڤون پۆست مۆرکی ڕوحانیی ئیسلامی پێوەیە، وەک ئەوەی کە لە قورئان و لای سۆفی وەک ''عەتتار و ڕۆمی'' دەربڕاوە. بەتایبەت ڕۆمی ڕۆڵێکی گرینگ لە نووسەرایەتی ئەودا دەبینێت. ''ڕەمەزان'' کۆمەڵێک شیعری لە ''دیوانی شەمسی تەبرێزی'' تەرجەمەکراویشی تێدایە.

ڤۆن پۆست، وەک پیرێکی ڕوحی ڕۆمی دەبینێت. مەسەلە ئەوەیە دەبێت خۆت و تاسەت بۆ خوا فەرامۆش بکەیت، بۆ ئەوەی تەنیا بوونت هەبێ. لە شیعری ''دوایی''دا، کە پێشکێشی شاعیری ''مەسنەوی'' کراوە، ئێریک ڤون پۆست باسی هەستکردنێک لە ''فەنا و بەقا'' دەکات، واتە ونبوونی خود لەناو حەقیقەتی خواییدا. ئەمە ئەزموونێکی دوو پلەی هەرە گرینگن لە ڕێگەی سۆفیدا.

هەموو شتێک ڕووناکییە، ڕووناکییەکی خاکی.
لە هەموو لایەکەوە دەمگاتێ. سێبەر و تروسکە



ئێریک ڤون پۆست (١٨٩٩–١٩٩٠)

لەناو تەمی ئەم ڕووناکییە پڕشنگدارەدا نییە.

دەبینم بەڵام بێ چاو. هەم بەڵام نازانم.

ئاسوودەیییەکی بێ ڕەگوڕیشە

لە خۆیدا کامڵە و تا ئەبەد وەک خۆیەتی

دەگاتە هەموو شتێک کە منم و کەچی تەنیایشم.

لێرە خەیاڵ ناڕوێن. هیچ شتێک ناگۆڕێ.

ڕەنگە سێبەری دەستێک دیار نەبێت

کە تاسە لە بیر دەکرێ و هەموو شتێک ڕووناکی و شادییە.

دێڕی یەکەم، ئامـاژەیە بۆ سـوڕەتی "ڕووناکی" لە قورئاندا (٢٤:٣٥)، لەوێ خـوا وەک "نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالأُرْجِ [...] نُّورُ عَلي نُورٍ" وەسف دەکرێت. کاتێک خودی شیعر ئەم ڕووناکییە بەهێزە دەبینێت، هەمـوو هۆشی خـود ون دەبێ و دەبێت بە بەشـێک لەم هەبوونە خـواییـیـەدا، کـە "ئاسوودەیییەکی" ئەبەدی و بێکۆتاییە. ئەوەی کە سروشتی شیعرەکانی "ڤون پۆست"ە، ڕێک ئەو تۆنی دەنگەیە، کـە نێـزیکەی وەک هی منداڵان ئاسـوودەیە. باوەڕی ڕۆمی لەبارەی ڕێگەی درێژ و سەختیی ڕوح بەرەو خواناسی، لای ڤون پۆست ساتەوەختی خۆشیی ئارام و باوەڕی لێ دەڕوێت.

بیست ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی یەکەمین کتێب، ڤون پۆست بە دیوانی Trevanden گەڕایەوە. شیعرەکان هەستێکی هەردەم نوێ دەردەبڕن، تێیاندا ڕابردووی دوور و ئێستا لە یەکەیەکی عیرفانیدا دەتوێنەوە. لێرەدا ڤون پۆست توانیویەتی تێگەیشتنیکی خۆی بداتە بابەتی بنەڕەتی شیعری کلاسیکی فارسی: گەڕان بەدوای "خۆشەویست"، کە هەم نێزیکە و هەم زۆر دوورەدەستە و کە ئامانجی گەڕانی سۆفییشە لە ڕێگەی تەنیایی و ئازارکێشاندا.

ئەو ژنەی من خۆشم دەوێ

سەد ساڵی تر لەدایک دەبێ.

لەمێژە هێسکوپرووسکم

لەگەڵ خۆڵ تێکەڵ بووە

بەڵام ئەو ئەم سڵاوە دەخوێنێتەوە

دەیەوێ بزانێ من کێ بووم

شێوەم چۆن بووە و

هەڵەکانم چی بوون و

کێ بوون ئەو ژنانەی خۆشم ویستوون.

ئەویش ئەوە دەزانێ

که له پێناو ئەودا بوو
سەرمابردە و بەبێدەنگی
بە ڕێگەیەکی تەنیادا ڕۆیشتم.

زەردەی ئێوارەیەک
که با لەسەرخۆ
ئەو بسکە نەرمەی
سەر لاجانگی هەڵدەداتەوە
وا دەزانێ ماچی منە.

## ئینگمار لێکیوس (١٩٢٨)

شاعیرێکی تر کە سروشی لە ڕەوتی ڕوحیی جودادا وەرگرتووە، ''ئینگمار لێکیوس''ە. لە ڕوحیانەتی مەسیحی، جوو و ئیسلامدا، بەدوای بنەچەیەکی هاوبەشدا دەگەڕێت: حیکمەتی ئەبەدی sophia perennis. لێکیوس لە باشترین کتێبیدا، ''نێزیک دارفستق'' کە ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کرایەوە، خۆی دەکات بە لێکدەرەوەی ئەم حیکمەتە ڕوحییە. وەک کە لە شیعری یەکەمدا هاتووە، هەموو سۆفییەک لە هەموو سەردەمێکدا ''قۆراخەیەک بە ڕووی نەناسراو'' بووە. کە لە جیهانی سێکولاریزم و توندوتیژیدا بەسەر ڕێگەی ڕوحدا بڕۆیت، ئەو ئەرکەیە، کە لێکیوس لەم شیعرانەدا دەیداتە خۆی. بۆیە هەست بە دوو نامۆیی دەکات، چونکە ئەو، تێگەیشتنی کە ''کەسێکی ترە لای یەکتری خۆشمان دەوێ'' دەیخرۆشێنێ. گەڕان بەدوای ئەم ''کەسێکی تر''ە، لە ڕێساکانی تەسەووفی جودادا جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئامانج هەر یەک شتە: خواناسییە. بۆیە لێکیوس ''براکانی پەنام''ی لای چاسیدە جووەکان، حەللاج و ئیبن عەرەبی'ی سۆفی، یان لای چارلس دێ فۆکاڵدی سۆفیی مەسیحی دەدۆزێتەوە، کە لە وەک خەڵوەتگر سەحارادا ژیا و ساڵی ١٩١٦ یش لەوێ مرد. هاوڕێیەکی تری ڕوحیی ئەو، سۆفی و شێوەکاری سوێدی ''ئیڤان ئەگێلی''ە، کە وەک لە شیعرێکی ''نێزیک دارفستق''دا هاتووە، ''دوور خرایەوە ناو پەڕاگەندەیەکی دوورترەوە''. ئەگێلی بەشی زۆری ژیانی نیگەرانی لە سەفەردا لە ئەوروپا، هیندستان و میسر ژیا. لەژێر کاریگەریەتی نووسینەکانی ''ئیبن عەرەبی''دا بوو بە ئیسلام و خۆیشی چەند تێکستێکی ئەوی بۆ زمانی فرانسی تەرجەمە کردووە، کە لە کۆواری La Gnose دا بڵاو کرانەوە.

شیعرێکی سەرەکی لە ''نێزیک دارفستق''دا باسی ڕۆمی دەکات بە حاڵگرتووییەوە سەما دەکات. بەپێی لێکیوس، ڕۆمی ''گەورەترین شاعیری تەسەووفی ئیسلامییە''. ئەو لە سەمای خولانەوەییدا بە ''تەوحید''، یەککگرتن لەگەڵ ''خۆشەویست، یان خوا'' دەگات. بۆ ئەوەی ئەم دۆخە دەرببڕدرێت، وێنەیەکی نەریتی لە شیعری سۆفییدا بەکار دەهێنرێ: ئەو گۆزەکەرەی گۆزەیەک

دروست دەکات.

رۆمی بە جلە سپییەکانییەوە سەما دەکا.
هەر لە ناوەوەی ناخی خۆی
نزیک دەبێتەوە.
بە قوڵپەقوڵپی تاسەیەوە
وەک ئاش دەسوورێ.
گۆزەکەرێکی نادیار
لە سەماکردندا دەیسوورێنێ
گۆزەیەکی پڕ لە ڕازی لێ دروست دەکا
کە تێیدا شەرابی بێدەنگی
قەت لەبەری ناوەستێ.

شەرابیش لای شاعیری سۆفی وێنەیەکی باوە بۆ سەرکڵی چێژی عیرفانی. لە دوا شیعری کتێبەکەدا لەبارەی خوای ئیبراهیم'ەوە گوتراوە، کە "ناوی اخلاص"ە. " اخلاص" سەدەمین ناوە کە ڕۆمی بە سەماکردنەوە بە دەوریدا دەخولێتەوە و ئەم دۆخە تەسەووفییەیش دروست دەکات، کە ئینگمار لێکیوس دەیەوێ لە شیعرەکانی "نێزیک دارفستق" دەری ببڕێت. دەتوانرێت بگوترێت، ئەم دیوانە شیعرە پرۆژەی گوننار ئێکێلۆف لە "سیانەی دیوان"دا تەواو دەکات، کە لەناو ئەوەی نەریتی ڕۆحیی ئاینیی جودا کۆ دەکاتەوە، بەدوای دیدگەی عیرفانیدا بگەڕێیت.

## توربیۆرن سێفڤێ

ڕەنگە ناودارترین سوێدیی لە ئاین وەرگەڕاو بۆ ئیسلام، توربیۆرن سێفڤێ بێت. ئەو وەک سۆفی، باوەڕی بە ژن، خۆشەویستی و هونەر هەیە، کە لای سێفڤێ ڕوانگەی هەمان بەرزیی ژیان پێک دەهێنێ. لە پێشەکیی شیعرە سۆفییەکانی ئەنتۆلۆجیاکەیدا "بەرماڵە دزراوەکە"، ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە "مەحەمەد"یش (د.خ) سۆفی بوو. پەیامبەر ژنی خۆش دەویست، حەزی لە مۆسیقا بوو و مرۆڤێکی بەزەوق بوو. بۆیە سۆفیزم ڕوحیایەتیی بنەچەیی ئیسلام پێک دەهێنێ، بەڵام ئەم شەریعەتخوازییە توندە، دواتر سەرەتا لەلایەن "فقیە"کانەوە گەشەی پێ درا. سۆفییەکان بە درێژاییی سەدەکان پێڕەوی ڕوحانییەتی پەیامبەریان کردووە و بەردەوامییان پێ داوە. سێفڤێ بەوەی کە لە پێشەکیی ئەنتۆلۆجیاکەیدا ئەم دەربڕینەی شاعیری "تیوسۆفی"ی عەرەب، ئیبن عەرەبی هێناوەتەوە: "لە هەموو دیمەنێک جوانترە خوا لە ژندا ببینیت"، بەتایبەت جەخت لەسەر گرینگیی ئەو، وەک سۆفیی ئەشق و ژنپەرست دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو کەسەی کە لە "بەرماڵە دزراوەکە"دا زێتر گوتەی لێ وەرگیراوە، "مەولانا جەلالودین ڕۆمی"یە.

توربیۆرن سێفڤێ، ڕۆمی دەکات بە سۆفییەکی نموونەیی، کە لە ژیان و بەرهەمەکانیدا، لێرەدا بۆ ئەوەی دەستەواژەی ئێکێلۆف بەکار بهێنین بۆ مێتودی مەعریفیی سۆفیزم لە بەکارهێنانی هەستەکان و متمانە هەبوون بە ئەزموونی ڕاستەوخۆدا، پێڕەوەی "ئازادبوون"ی دەکرد. لە "بەرمالّە دزراوەکە"دا، گوتەی ڕۆمی وێنەی ڕێپێوانەکەی ڕێگەی "تەریقە"، یان ڕێگەی پەنامی ڕوحی دەکێشێ. ئامانج ئەوەیە، کە لەناو زیندانی خودا ئازاد ببیت و ئەو کلیلەی کە دەشتدرێتێ، لە دەربڕینی تەسەووفیی ڕۆمی پێک هاتووە.

وشەکانی سەرەتا، لە "مەسنەوی"ەوە وەرگیراون: "زانستی خوا زەریایەکی بێسنوور، یان بێ کەنارە؛ ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن، مەلەوانی بن زەریان." زۆر جاران لە ئەدەبی سۆفییدا، حەقیقەتی خودایی لە زەریایەکی بێ کۆتایی دەچوێنرێت، بەلام بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە بن ئەم زەریایەوە، پێویستە خود لە خۆپەرستی بەتالّ بکرێت. دەبێت وەک عود بەتالّ بێت، بۆ ئەوەی "خۆشەویستەکە" بتوانێ بیژەنێ. دەگوترێیش "باوەش بەیەکدیکردنێک"یش لە نێوان خوا و سۆفییە گەڕیدەکەدا، ئامانجی تەریقەکەیە. هێندەی "ئاشق" بەدوای "مەعشوق"دا دەگەڕێ، "مەعشوق"یش بەدوای "ئاشق"دا دەگەڕێ. بۆ ئەوەی بە یەکگرتن بگەیشترێت، پێویست دەبێ، هۆش فەرامۆش بکرێت و سۆفییش بۆ ناو باخچەکانی پەنام، کە بۆنی ئەبەدییەتیان لێ دێ، بەدوای پەیامی دلّ بکەوێ. بەلام ڕۆیشتن بە ڕێگەی پەنامدا، ڕازیبوونیشە بە دلّەڕاوکێ و ئازارکێشان، چونکە ئەمە "ئەو قەفەیە/ پێیەوە "بالاترین" بۆ لای خۆی هەلّت دەکێشێ". هەندێ جار ڕۆمی وروژێنەری هاندانە، کە بۆ نموونە کاتێک دەلّی، باشترە ئەو گوێیە لێ بکەیتەوە، کە چرپەچرپی "خۆشەویست" نابیسێت، یان ئەو دەستە ببڕدرێت، کە سۆزی ئەوی دەست ناکەوێ. لە تەسەووفی خۆشەویستیی سۆفییدا خوا وەک ژنێکی خۆشەویست نیشان دەدرێت، چونکە جوانترین ناو لە ناوەکانی اللە، ڕێک "جوانی"یە. هێنانەوەی ئەم گوتەیەی خوارەوە، لە "مەسنەوی"ەوە، کە لە "بەرمالّە دزراوەکە"دا هاتووە، پوختەی نموونەی ئیدیالّی ژیانی چێژوەرگرییە، هەم لای سێفڤێ و هەم لای ڕۆمی.

ئەشق ئەو دەرمانەیە، هەر هەموو شتێک نوێ دەکاتەوە. چما کۆیلەیەکی ئەشق ماندوویێتی دەناسێ؟ چیی تر ئاخ هەلّمەکێشە! بۆ ئەشق بگەڕێ! بۆ ئەشق بگەڕێ! بەلّێ، ئەشق.

سەرچاوە

Kärleken begär att detta tal skall fram
Jalal ud-din Rumis liv, lära och lyrik
Red.A. Dahlèn & S. Sorgenfrei
Molin & Sorgenfrei Förlag 2008

# ئۆپیرای
# دەریاچەی "وەردەک"ی چایکۆفسکی

دەریاچەی وەردەک، یەکێکە لە شاکارە مۆسیقاییەکانی پیتەر چایکۆفسکیی هونەرمەندی گەورە و لێهاتووی ڕووسی، چ وەک چیرۆک و چ وەک ئاواز و مۆسیقا و چ وەک کاری ئەو تیپە گەورانەی سەمای بالێیانەش کە کارەکەیان چەندان جار و لەسەر تەختەکانی شانۆ هەرە بە ناوبانگەکانی هەموو لایەکی دنیادا ئەنجامیان داوە. هەروەها بە چەندان جۆر تۆمار کراوە و فیلمی کارتۆنی و فیلمی بالێی بۆ بەرهەم هێنراوە و بە هەموو جۆرێک بایەخی شایستەی خۆی پێ دراوە و کەم کەس لە ئارەزوومەندانی مۆسیقا، یان بالێی ئاست بەرزی جیهانی یان فیلمی کارتۆن ماوە نەیبینیبێ. بەلای کەمەوە گوێیان لە مۆسیقاکەی " تەنیا بە دەنگ " یان لە تەلەڤزیۆن و سینەما و سی دی بە دەنگ و ڕەنگ چاویان پێ ڕشتووە.



(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

ئیبراهیم عرریس نووسیوێتی دەڵێ:

" دەریاچەی وەردەک یەکێکە لە چیرۆکە جیهانییەکان، ڕاستتر ئەفسانەیەکی کۆنی ئەڵمانییە. لەو سەردەمەدا، شانۆی گەورەی هونەری بۆڵشەویی مۆسکۆ، داوای لە چایکۆفسکی کردووە، بەپێی ئەو ئەفسانەیە مۆسیقایەکی بالێ دابنێ. هەر لەو ساڵەدا هونەرمەند کە لە گەشتێکی "هونەری – تەندروستی " دا بوو لە پاریس، ئەو مۆسیقایەی بۆ دانا، پێوەندیی نێوانی مۆسیقایەکی ڕووسی و ئەفسانەیەکی جەرمەنی و سرووشی پاریس –فرەنسی–ی ڕاستەوخۆ مۆرکی جیهانی و چێژی زۆر تازەگەریی ئەوسای پێ دراوە.

وشەکانی ئەم شاکارە بە ڕووسی لەلایەن " فی. بی. بیغتشین و ڤاسیلی گلتزەر "ەوە نووسراوەتەوە، بۆ یەکەم جار لە ٤ ی مارسی ١٨٨٧ لەسەر شانۆی بۆڵشەویی مۆسکۆ پێشکێش کراوە کە " ماریۆس بیتیبا " نەخشەی بۆ سەما بالێکانی کێشاوە.



دیکۆری بەشی دووەمی " دەریاچەی وەردەک " ف. جانین ١٨٧٧ لە مۆسکۆ نەخشەی کێشاوە

دەقی چیرۆکی ئۆپێراکە بەم شێوەیەیە:

## دەریاچەی وەردەک

### بەشی یەکەم

ئاهەنگێکی یادی ٢١ ساڵەی لەدایکبوونی میر سیگمۆند دەگێڕرێ، بەم بۆنەیەوە لە باخچەی ئەو تەلارەیدا کە لە بنەماڵەیەوە بۆی ماوەتەوە و چەند لاوێکی دەڤەرە نێزیکەکانی تێدا بەشداری دەکەن کە بۆ پیرۆزبایی هاتوون. بنیۆی هاوڕێی میر قسە لەگەڵ کۆمەڵێکدا دەکا کە لە دوازدە لاو پێک دێن، وۆڵفگانگی مامۆستای میریش بە شادییەوە دێ کە پیاوێکی بە ساڵدا چووە، یەکسەر شووشە

مـەیەکـان سـەرنجی ڕادەکـێشن، کـەشـێکی سـڵکەرەوە باڵ دەکـێـشێ و ئامـێـرەکـانی ترامـپـێت ئامادەبـوونی کـەسـایەتیـیـەکی بە بایەخ جـارِ دەدەن و خـاوەنی ئاهەنگ دێتە ژوورەوە کە مـیـرێکی خاکیی شۆخی لەسەر خۆیە و سنووری داوونەریت نابەزێنێ و بە دیتنی هاوڕێیانی کامەرانیی پێوە دیار دەبێ. لە کـاتێکدا زۆربەی مـیـوانەکان بۆ سـەیری سـەمـاکـردن کـۆبـوونەتەوە، مـامـۆسـتـای بە ساڵدا چوو بە دزییـەوە ئاهـەنگ گێـڕان بە سـاڵی نوێی تەمـەنی میـر دەست پێ دەکـا و بڕێکی زۆری مـەی دەنۆشـێ، لە کـاتێکیـشـدا کـە هـەمـووان خـەریکی خـۆشـیـی ئاهـەنگن، مـیـربـانـووی دایک و چـوار یاوەری دێنە ژوورەوە، خـۆشـیـی ئاهـەنگ تێک دەچێ و شـادی دەوەسـتێ، لێـرەدا مـیـری لاو بەرەو دایکی دەچێ و لەگـەڵیدا دەچنە باخـچـە و مـیـربـانوو تووڕەیی خـۆی بەرامـبـەر ئەم هاوڕێیـانەی دەوروبەری مـیـرە دەردەبڕێ، لەلایەکی ترەوە هەوڵی شـاردنەوەی شـووشـەی مـەیەکـان دەدا، بەڵام دایک ئاماژە بـۆ کوڕەکەی دەکا و قۆناخی دواتری ژیانی ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ لەم هەرزەکارییە جودا بێ و پێویسـتە هـەر لە ئێستاکەوە بووکێک بۆ خۆی هـەڵبژێرێ و بەشێوەی فەرمـان پێشنیازی بۆ دەکا و سبـەی شـەو ئاهەنگی فـەرمیـی جەژنی لە دایکبوونی لە ئاهـەنگێکی سەمـاکـردن دەبێ لە تەلاری دەربـاردا. هـەروەها دەبێ هاوسـەری دوارِۆژی لەنێـو ئەو کیژە ئاست بەرزانەوە هـەڵبـژێرێ کە ئامادە دەبن.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

شـەو ڕادەکـشێ، بینۆ تـێ دەگا کـە دەبێ مـیـر سـیگفـرید لەو ئێـوارە ئاهـەنگە دوور بخـاتەوە کـە میربانوو خەریکی ئامادەکردنیەتی و گوێی لە دەنگی باڵەیلێک دەبێ لە بان سـەریدا لرفـە دەکەن، دوو چاوی هـەڵدەبڕێ و لە ئاسـمـاندا چاوی بە پۆلێکی تەواوی وەردەکـە کـیـویلەی جوان دەکـەوێ (وەردەک: جۆرە قـازێکی مل درێژی سـپییـە)، بەرامـبەر بە دەنگی ئامێری هارپی ژێدار دەنگی شـمـشـاڵ بە نەرمی بەرز دەبێـتـەوە، کـە ئاوازی تـایبـەت بەم مـەلە دڵڕفـێنانە دەردەبڕێ و بینۆ پێـشنیـاز دەکـا مـیـر تیـپـێک بۆ ڕاوە وەردەک پێک بـهـێنێ و دوور بکەوێتەوە.



تیـپی ڕاو بـە سـەرکـردایەتیی بینۆ دێنە ژوورەوە و هـەمـووشـیـان تیـر و کـەوانیـان بە دەسـتـەوەیە، پیـاوەکان لەناو دارەکانەوە بەرز

دەڕوانن و لە وەردەک دەگەڕێن، بەڵام کە دەبینن وەردەکەکان لەسەر ڕووی ئەو گۆلەکەدا نیشتوونەتەوە کە چەند هەنگاوێکی کەم بەولایانەوە بوو کە مەلێکی سپیی جوانی لێیە پێشێنگایەتیی کۆمەڵە وەردەکێک دەکا، هەر وەک بڵێی گۆلەکە شانشینیەتی.

میر ڕێنوێنیی پیاوان دەکا پەلە بکەن و بەدرێژایی گۆلەکە بەر لە وەردەکەکان بگرن، لە کاتێکدا بە خۆی خەریک بوو بە دوایاندا بچێ شتێک دەبینێ، وای لێ دەکا لە نێزیک گۆلەکەوە ڕابوەستێ، ئینجا بە پەلە پاشەکشە لە زەویی کراوە دەکا دا خۆی بشارێتەوە، شتێکی ئێجگار سەیر دەبینێ بە شێوەیەک کە بە نهێنی لە نێزیکەوە چاودێریی بکا.

## بەشی سێیەم

هەر کە میر خۆی شاردەوە، بڕوا بە چاوەکانی ناکا کە جوانترین کچێک لەوەوپێش دیبێتی دێتە سەر زەوییە کراوەکە، کچەکە لە یەک کاتدا لە وەردەکیش دەچوو و لە کیژیش، ڕووە جوانەکەی بە پەڕە وەردەکی سپی دەچوو تەواوێک بە قژیدا نووسابوو و کیژە لاوەکەش وا دەزانێ تەنیایە و میر بەم ئافەریدە دڵکێشە جوانە سەرسام دەبێ، وای لێ دەکا بچێتە زەوییە کراوەکە و بە ئەسپایی بجووڵێتەوە نەک تووشی دڵگوشرانێکی بکا. وێنە هەیە

کچە جوانەکە دەتۆقێ و هەموو لەشی دەکەوێتە لەرزین و دوو قۆڵی بە سەر سینەیدا دەگرێ هەوڵێکی بێ دەسەڵاتانەی بەرگری لە خۆی دەدا و پاشەوپاش دەکشێ لە میر دوور بکەوێتەوە و زۆر بە پەشۆکاوی دەجووڵێتەوە و هەوڵێکی بێ ئومێدانە دەدا لە زەوییەکەوە دوور بکەوێتەوە، لێرەدا میر دەپاڕێتەوە لێی دوور نەکەوێتەوە و نەڕوا، چونکە کەوتە ئەوینی و پەسندی کرد و گیرۆدەی بوو، پێویستە هەڵنەفڕێ و دوور نەکەوێتەوە.




کچەکە سەیری دەکا و مەترسی دەردەبڕێ، ئەمیش لەلای خۆیەوە ئەم مەترسییەی بڕەوێنێتەوە و هەوڵی دڵنیاکردنەوەی دەدا، کەچی ئەو پەنجە بۆ تیر و کەوانی دەستی ڕادەکێشێ و لە ترسان گرژ دەبێتەوە و میر بەڵێنی دەداتێ ئازاری نەدا و هیچ تیرێکی تێ نەگرێ، چونکە خۆشی ویستووە و تیرەکانی ئەو لە یەکەم ساتەوە کە چاوی پێی کەوت دڵیان پێکاوە.

## بەشی چوارەم

میر سیگفرێد لە هەوڵەکانیدا بۆ نێزیکبوونەوە لە کچەکە بەردەوام دەبێ و هەوڵی ناسینی دەدا، کێیە؟ بۆچی لەم شوێنەدایە؟ دەزانێ کە ئەمە ئۆدێتی شاژنی وەردەکانە و خۆشی دەوێ و پێی ڕادەگەیەنێ کە بە ڕێز و خۆشەویستییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکا و لێی دەپرسێ: چۆن بوو بۆ شاژنی وەردەکان؟ کەچی ئەو داوای لێ دەکا ئازا بێ و ئاماژە بۆ گۆلەکە دەکا کە لە ئەسری دایکییەوە هەڵبەستراوە کە هەر دەگریا بە هۆی فۆن ڕۆتبارتی جادووگەری بەدخوازەوە کە توانیبووی کچەکەی بە شاژنی وەردەکان وەربگێڕێ و تەنیا لە ماوەی نێوانی نیوەی شەو و بەرەبەیاندا نەبێ، دەبێ تا هەتایە هەر وەردەک بێ، تا پیاوێک حەزی لێ دەکا و دەیخوازێ و جگە لەو، هەرگیز کەسێکی تری خۆش نەوێ، ئەوساکە میری ئەویندار بۆ ڕزگارکردنەوەی گەرم دەبێ و جەختی بۆ دەکا چیی تر نابێتەوە مراوی.

وێنە هەیە

سیگفرێد دەستی لەسەر دڵی دادەنێ و جەخت لەسەر خۆشەویستی و ئەڤینی دەکا و ئەو ناتوانێ بەبێ ئەو بژی و دەیخوازێ و جگە لەو کەسی تری خۆش ناوێ و سوێند دەخوا کە دڵسۆزی بێ و داوای زانینی جێی فۆن ڕۆتبارتی جادووگەری بەدکردەوە دەکا، هەر لەو کاتەشدا جادووگەرەکە لەلایەکی گۆلەکەدا دەردەکەوێ کە دەمامکێکی کوندەبووی پۆشیوە و چرنووک درێژ دەکاتەوە و فەرمان بە ئۆدێت دەکا بچێتەوە لای و دەست بە هەڕەشە و گوڕەشە لە میری ئەویندار دەکا. ئودێت لە نێوانیاندا دێ و دەڕوا و لە جادووگەر دەپاڕێتەوە بە بەزەیی بێ. میر تیر و کەوانەکەی دەگرێتەوە دەست، کە بۆ ڕاوە وەردەکی هێنابوو و چۆک دادەداتەوە و جادووگەری بەدکردار دەپێکێ و خۆی و جادووەکەی لەناو دەبا، دا لە کۆتاییدا سەرکەوێ و دڵی ئۆدێتی دڵبەرە جوانەکەی دەست بخات. بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەوین سەربکەوێ و جادوو ببەزێ.



بەڵام چایکۆفسکی کێیە؟

## چایکۆفسکی



پیتەر ئیلیتش چایکۆڤسکی لە ئایاری ١٨٤٠ دا لە بنەماڵەیەکی دەسرۆدا، لە شاری فۆتکینسکی ڕووسیدا لەدایک بووە. باوکی گـەورەی پشکنەرانی کـانە حکوومـیـیـەکـان بووە و دایکی لە خێزانێکی کۆچەر بووە. کە بـووەتە چوار ساڵان دایکی داوای لە دایەنێکی فرەنسی کردووە بۆ پـەروەردەکردنی منداڵەکانی، هـەر وەک بنەمـاڵە ڕووسـەکانی ئـەو سـەردەمـە دەیانکرد، نووسـەری ژیننامـەی چایکۆفسکی دەڵێ دایـەنە فرەنسییـەکەی کە ناوی " فانی دوباخ " بووە، زۆر لێ کاری کردووە.

چایکۆفسکی بە پێنج ساڵی دەسـتی بەفێربوونی پیانۆ ژەندن کرد و لە خوێندنیـدا بە پەلە پێش دەکەوت و ئەو چوار سـاڵەی دایەنەکە لەگەڵ بنەماڵەکەدا بەسـەری برد شادمـانترین سـاڵانی تەمەنی بوو، بۆیە کە جێی هێشتن تووشی خـەمێکی گەورە بـوو، کە باوکی بۆ گـەڕان بە دوای کـارێکی چاکتـر بڕیاری دا بگوازێتـەوە مۆسکۆ.

خـێـزانەکـە لە پـایزی ١٨٤٨دا گـەیشـتـە مۆسکۆ، بـەڵام بابەکـە دیتی کـارەکـەی بـە تـەمـای بوو کـەسێکی تری لێ دامـەزراوە، تووشی نائومـێدی بوو، ئەوەی قـوڕەکەی خـەسـتتر کرد بڵاوبوونەوەی ئەوسای پەتای کۆلێرا بوو لە مۆسکۆ.

بابەکە خێزانەکەی گەڕاندەوە پترسـبۆرگ و پیتـەر و نیکۆڵاسی براگەورەی لە قـوتابخـانەیەکی ناوەخۆیی دانا کە کارێکی خراپی لە دەروونی پیتـەری گچکە کرد دوای ئەوەی سـاڵانێکی خۆشی لەگەڵ دایەنەکەیدا بەسـەر بردبوو.

پیتـەر ناوەناوە نامەی بۆ دایەنەکەی دەنووسی، سـاڵی ١٨٥٠ نامـەیەکی بۆ نووسیوە، تێیدا دەڵێ: (من لە پیانۆکە دوور ناکەومەوە، ئەو، کە خـەمبار دەبم، شـادی بە دەروونم دەدا).

چایکۆفسکی گـەلێک دوورەپەرێز و بەرامـبـەر هـەموو ڕەخنـەیـەک زۆر هـەسـتـیار بوو، زۆر پابەندی دایکی بوو، بۆیـە مـردنی دایکی کە تەمـەنی ئـەم چوارده سـاڵ بوو کـارەسـاتێک بوو کـاریگـەرییـەکی قووڵ و تاسـەیەکی بەردەوامی بۆ ڕۆژانی منداڵیی لە دەروونـدا هێشتـەوە. مێژوونووسـانی مۆسیـقا دەڵێن چـایکۆفـسکی لە جـووڵەی دووەمـی سـیـمـفـۆنیـای چوارەمـیـدا بەشـێـوەیەکی کـاریگـەر ئەو تاسـەیـەی دەربڕی. چایکۆفسکی لە تەمـەنی سی و پێنج سـاڵیـدا دەسـتی بە دانـانی کۆنشـیـرتۆی یەکەمی پیانۆی کردووە. کۆنشیرتۆکە سـەرکەوتنێکی گەورەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە دەست هێناوە و دوای ئەوە لە شـاری پترۆسبێرگی ڕووسـیا ژەندوویـەتییـەوە. کـۆنشـیـرتۆی یەکـەمی پیـانۆ هـەندێک لە تایبـەتیـیـە بنچینـەییـیـەکـانی بەرهـەمـەکـانی چایکۆفـسکی ڕەنگ دەداتەوە وەک هـێـزی

دەربڕینی درامی و جوانیی ئاوازەیل و توانستی ڕەنگگۆڕیی ئۆرکێستراڵی. هەروەها کاریگەریی بە قوتابخانەی ڕۆژئاوایی بە بەراورد لەگەڵ هاوچەرخەکانی ڕەنگ دەداتەوە کە پێشەوایەتیی قوتابخانەی ڕووسی لە دانانی مۆسیقایان کردووە و بە پێنج مەزنەکان ناوبانگیان دەرکردبوو.

لە ڕاستیشدا چایکۆفسکی وەک مۆسیقییەکی پیشەیی دەستی پێ نەکردووە. کە دوای ئەوەی ساڵی ١٨٥٩ لە قوتابخانەی ماف دەرچوو فەرمانبەری وەزارەتی داد بووە. ئینجا چووەتە کۆنسێرڤتواری مۆسکۆ کە ساڵی ١٨٦٢ تازە کرابووەوە، بەڵام دوای ساڵێک دەستی لە کار کێشاوەتەوە دا خۆی بۆ کۆڵێجی دانانی مۆسیقایی تەرخان بکا. تەمەنی ئەوسای بیست و سێ ساڵ بووە، هێندەی پێ نەچووە دوای دەرچوونی بە مامۆستای بابەتی هارمۆنی هەر لەو پەیمانگەیەدا دامەزراوە. مێژوونووسانی ئەم مۆسیقییە ڕووسە ئاماژە بەوە دەدەن کە دوای ئەوەی "نادیژدا ڤۆن مەک " کە بێوەژنێکی دەوڵەمەند بووە، گوێی لە مۆسیقای گرتووە و بڕیاری پشتگیریی کارەکانی داوە و مووچەیەکی ساڵانەی بۆ بڕیوەتەوە بۆ ئەوەی کارەکەی وەک مامۆستایەک لە پەیمانگە جێ بهێڵێ و بە تەواوەتی خۆی بۆ دانانی مۆسیقا تەرخان بکا، پەیمانگەی مۆسیقای مۆسکۆی جێ هێشتووە.

پێوەندیی چایکۆفسکی بەم بێوەژنە دەوڵەمەندە سەیر دیارە، کە چواردە ساڵی پێ چووە، بەڵام تەنیا نامە گۆڕینەوەیان لە نێواندا بووە. کە هەر یەکەیان سوور بووە لەسەر ئەوەی ئەوی تر نەبینێ و ئارامیی چایکۆفسکی و بۆ مۆسیقا تەرخانبوونی خەمێکی گەورەی نادیژدا بووە.

لەو دەمانەدا پێنج مۆسیقییە گەورەکان پێشەوایەتیی ژیانی مۆسیقییان لە ڕووسیادا دەکرد. چایکۆفسکییش پێوەندیی پێیانەوە هەبووە و سەرەڕای ئەوەی زەوینەی خوێندنی قووڵتر و توانستەکانی لەلایەنە تەکتیکییەکانەوە باشتر بووە، کەچی کاریگەرییان بەسەر شێوەیدا بەو مۆسیقایانەیەوە دیار بوو کە لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتاکانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی زایندا دای نابوون و دەستپێکی ڕۆمیۆ و جوولێتی ساڵی ١٨٦٩ لەسەر پێشنیازی بالاکریفی پێشەوای کۆمەڵەکە نووسیوە. بابەتەکەشی بە ڕادەیەک کارەساتئامێز بووە کە چایکۆفسکیی وا لێ کردووە کارێک لە بەرزترینی بەرهەمەکانی ئەنجام بدا، کە وێنەی ئەوینی کارەساتاویی تێدا بە چاکترین شێوە کێشاوە.

ساڵی ١٨٧٧ کاتێک چایکۆفسکی بە دانانی سێمفۆنیای چوارەمییەوە خەریک بووە، بیری کاریگەریی قەزاوقەدەر لەسەر ژیانی بەسەردا زاڵ بووە. لەو کاتانەشدا بیری لە چامەی " یێفگینی ئۆنیگن "ی "پوشکین"ی شاعیری ڕووس دەکردەوە وەک بابەتێکی گونجاو بۆ ئۆپێرایەک مۆسیقاکەی بۆ دابنێ.

لە کۆتاییەکانی مانگی ئەپرل (نیسان)ی ئەو ساڵە نامەیەکی لە کیژێکەوە پێ گەیی ناوی "ئەنتۆنینا میلیۆکۆڤا " بووە تێیدا گوتوویەتی کە خۆشی دەوێ و ئەگەر ژوانی بۆ دەستنیشان نەکا خۆی دەکوژێ. سەرەتا چایکۆفسکی ئەو نامەیە و چەند نامەیەکی تریشی پشتگوێی خست کە

کچەکە بۆی دەنارد. بەڵام دواتر وێنەی " ناتانیا "ی پاڵەوانی چامەی پوشکینی تێدا دیتەوە کە " یێفگینی "ی پاڵەوانی چیرۆکەکە قێزی لە خۆشەویستیی دەکردەوە.

بەم جۆرە لە مێشکی چایکۆفسکیدا خەیاڵ تێکەڵی ڕاستی بوو و بڕیاری دا ئەنتۆنیتا بخوازێ. بەڵام بە ڕوونی تێی گەیاند کە پێوەندییەکەیان ئەفلاتوونییەکی ڕووت دەبێ. وا دیارە کچەکە ئەوەی لا پەسند بووە بەو هیوایەی ئەوەی دواتر بتوانێ بە ئەفسوونی مێیاتیی کاری تێ بکا. بەڵام چایکۆفسکی چون قەدەرێکی نووسراو بە هەموو دۆزەکەیدا دەڕوانی و هاوسەرکارییەکە لە ناوەڕاستی تەمووزدا هاتە دی و لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا بەشێوەیەک کۆتایی هات لە کارەسات دەچوو. چایکۆفسکی بەبێ هۆ هەستی پێویستیی لێ دوور کەوتنەوەی دەکرد و دانانی مۆسیقیی لە تەکدا بە هەرگیز نەبوو دادەنا، بۆیە باری دەروونیی هەرەسی هێنا کە لەو ماوە سەختەی ژیانیدا پێوەی دەناڵاند.

دوای جودابوونەوەی یەکجارەکی لە هاوسەرەکەی چایکۆفسکی ڕووسیای جێ هێشت و لە گەشتێکدا بە سویسرا و ئیتاڵیا و نەمسادا گەڕا.

ئەوچەند ساڵە کەمەی دوای ئەوە لە پڕ بەرهەمترینی ساڵانی ژیانی بووە. لەو ماوەیەدا چەند کارێکی دانا کە لە هەرە دیارترین و بە بایەخترینی بەرهەمە مۆسیقییەکانی بووە.

مۆسیقاکەی لە هەموو شوێنێکدا پەسند بوو و سەرەڕای ئەو مۆرکە خەمگینە کە بووبووە تایبەتمەندیی هەندێک لە کارەکانی چەندان ئاوازی شادیئامێزی وەک ئۆپێرای فایتۆلای ئاسنگەر و کۆنشیرتۆی کەمان و ئەو مۆسیقایەی بۆ سەماکانی باڵێی وەک دەریاچەی وەردەکی بەناوبانگی دانان کە کۆمەڵە سەمایەکی شادیگەیێنی بەخۆوە گرتووە.

دەریاچەی وەردەک یەکێکە لە سێ کاری دڵکێشی سەمای باڵێ، هەروەها لە پاڵ دەریاچەی وەردەک چایکۆفسکی " جوانی نووستوو " و " فوندوقشکێن "ی نووسیوە، هەروەها یازدە کاری بۆ ئۆپێرا نووسیوە و مۆسیقای چایکۆفسکی تایبەتمەندیی مۆرکی ڕۆئاوایی بەسەرەوە هەیە، ڕەخنە وای بۆ دەچێ کە ئاوازی خەمناک لە مۆسیقایدا تاکە بەرهەمی نیشانەی بنچینە ڕووسییەکەیەتی.

ساڵانی دواییی چایکۆفسکی گەشتی هونەریی پتر بە خۆوە دەبینێ، بە داهاتنی ساڵی ١٨٩٣ی دوا ساڵی تەمەنی، سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست هێنابوو کە کەمێکی مۆسیقی دەستیان خستبوو و دانراوەکانی لە گشت ئەمریکا و ئەوروپا دەژەنرا و جەماوەر بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرد و ڕێزلێنانێکی زۆری  بۆ دەهات و بەئەندامێکی نامەنێری ئەکادیمیای فرەنسی هەڵبژێررا، هەروەها لە گەشتێکی بەریتانیایدا زانکۆی کامبرج پلەی دوکتۆرای شانازیی لە مۆسیقا پێ درا.

هەر لەو ساڵەشدا چایکۆفسکی دوایین سیمفۆنیای شەشەمی دانا کە بەخۆی لە بارەیەوە گوتوویەتی: پێم وایە ئەمە باشترینی بەرهەمەکانمە، ئەو سیمفۆنیایە بە کەشێکی تەماویی نادیار تژییە کە هەر لە سەرەتاوە ئەوەی پێوە دەردەکەوێ.

ئەم سیمفۆنیایە یەکەم جار بە سەرکردایەتیی چایکۆفسکی لە پترسبۆرگ، ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٣ ژەنراوە، واتە تەنیا هەشت ڕۆژ بەر لە کۆچی دواییی.

چایکۆفسکی لە شەشی تشرینی دووەمی ١٨٩٣ بە نەخۆشیی کۆلێرا کۆچی دواییی کرد. هەر لە هەژدەی ئەو مانگە ئەم سیمفۆنیایە لە ئاهەنگێکدا پێشکێش کرا کە بۆ ڕێزنان لە یادی ئەودا بەڕێوە چووە.. و کارێکی قووڵی لە جەماوەر کردووە بەتایبەتی کە گوێی لە دوا جووڵە بووە کە چایکۆفسکی لە بارەیەوە گوتوویەتی ئەمە دەربڕینە لە مەرگ.

کەم بنکە و سەنتەری مۆسیقیی گەورەی جیهانی هەیە شاکارەکانی وەک بالێکانی " فندقشکێن و دەریاچەی وەردەک و ئۆپێرای یێڤگینی ئۆنیگین، یان ئۆپێرای شابانووی بستوونی "ی چایکۆفسکیی پێشکێش نەکردبێ.

بەهرەی چایکۆفسکی بۆ ئەو توانستە گەورەیەی لە داهێنانی ئاواز و ئاهەنگ دەگەڕێتەوە و مۆسیقاکەی تایبەتمەندیی هێزی زۆر کاریگەری لە گوێگر تێدایە. هەروەها لەو مۆسیقییە کلاسیکییە کەمانە دەژمێررێ کە مۆسیقادۆستە هاوچەرخەکان تێی دەگەن.

ئەوەی شایەنی باس بێ ئەوەیە کە ناوبانگی چایکۆفسکی سنووری ڕووسیای بۆ دوور بڕیوە، کە مۆسیقاکانی لە هەموو جیهاندا لەلایەن تیپە مۆسیقییە سیمفۆنییەکانەوە دەژەنرێن و ناوێکی باشی لەناو مۆسیقییەکاندا هەیە و بڕوانامەی دوکتۆرای شانازیی لە زانکۆی کامبرجی بەریتانییەوە پێ درا و ئەندامی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی فەرەنسا بووە و... هتد.

چایکۆفسکی لە مێژووی هونەری ڕووسیدا شوێنێکی تایبەتیی هەیە، کە لە وڵاتەکەیدا ناوی لە پەیمانگەی باڵای مۆسیقا و شانۆی ئۆپێرا و شارێکی ناوچەی ئۆراڵ و چەندان شەقام لە چەند شارێکی ڕووسیا ناوە.

لە ساڵی ١٩٥٨یشەوە ڕووسیا کردوویەتییە نەریت و پێشبڕکێیەکی نێودەوڵەتیی بە ناوەوە ڕێک دەخرێ.

هەروەها لەبەر ناوبانگی فیلمێکی سینەمایی لەبارەی ئەم مۆسیقییە ڕووسییەوە بە ناوی چایکۆفسکییەوە بەرهەم هێنراوە.

سەرچاوە:

http://forum.arabstart.com/%D-

http://ar.wikipedia.org/wiki/

- إبراهيم العريس: بحيرة البجع لتشايكوفسكي رفع موسيقا الرقص الى ذروة:

http://www.daralhayat.com/portalarticlendah/128295

http://www.zuhlool.org/wiki/

# دەربارى شانۆگەريى
# "شا ليیەر"

دوكتۆر سەلاح بابان

شانۆگەريى "شا ليیەر" لە تراجيدييە هەرە بەناوبانگەكانى شێكسپيرە و يەكێكە لەو چوار شانۆگەرييانەى كە پێيان دەڵێن "چوار تراجيدييە گەورەكانى شێكسپير" كە جگە لە شا ليیەر، هاملێت و ئۆتێللە و مەكبێس، دەگرێتەوە.

بۆ يەكەمين جار، شا ليیەر ساڵى ١٦٠٨، لە كاتى ژيانى نووسەرەكەيدا، لە لەندەن پێشكێش كراوە. ئيتر لەوساوە، بە گەلێك زمان، لە شانۆ هەرە بەناوبانگەكانى جيهان، بگرە بەردەوام، پيشان دراوە.

كۆن، پێش ئەوەى ئاينى مەسيحى بگاتە دوورگەكانى بەريتانيا، شايەك فەرمانڕەوايى ئينگلتەراى دەكرد ناوى "ليیەر" بوو. ليیەر، پير بووبوو، ژنەكەى مردبوو، هەندێكيش خەڵەفابوو و ئارەزووى فەرمانڕەوايى وڵاتەكەى نەمابوو. سێ كچى هەبوو، دووانيان؛ گۆنێريڵ و ڕێگان، شوويان كردبوو و بچووكەكەشيان كە ناوى "كۆردێليا" دەبێت، كاتى شووكردنى هاتبوو و زۆر گەنجى خانەدان داوايان دەكرد. شا ليیەر، بڕيارى دا كە لە ڕۆژى مارەكردنى " كۆردێليا"دا، واز لە فەرمانڕەوايى بهێنێ و مەملەكەتەكەى دابەش بكا بەسەر سێ كچەكەيدا.

ليیەر، خۆى لە دڵى خۆيدا، بڕيارى دابوو چ كەرتێكى مەملەكەتەكە بداتبە كام كچى. وە لەبەرئەوەى كە " كۆردێليا"ى لە هەموويان زياتر خۆش دەويست، باشترين كەرتى بۆ ئەو دانابوو.

لەو خانەدانانەى كە "كۆردێليا"يان دەخواست، ليیەر دووانيانى هەڵبژارد و بانگى كردن بێن بۆ لاى و لە كۆشكەكەيدا ميوانى بن تاكو بڕيار لەسەر يەكێكيان دەدرێ. ئەو دووانە يەكێكيان شاى فەرەنسا دەبێ و ئەوەكەى تريان "ديوكى"ى بێرگەندى.(١)

(١) ديوك نازناوێكە وەكو مير ياخۆ ئەمير وايە. بێرگەندى كاتى خۆى وڵاتێكى سەربەخۆ بووە، بەڵام ئێستا پارچەيەكە لە فەرەنسا.

لە ڕۆژی مارەکردنی " کۆرنێلیا"دا، شا، جگە لە بنەماڵەی خۆی و کچەکانی، چەند خانەدانێک لە دۆستە دڵسۆزەکانی خۆیشی بانگ دەکا. کێنت و گلۆستەر لەو خانەدانانە دەبن. دوای ئەوەی هەموو کۆدەبنەوە، شا لە گلۆستەر دەخوازێ کە بچێ بانگی ئەو دوو گەنجە بکا کە هاتوون بۆ خواستنی کچەکەی. بڕیاریش دەدا پێش ئەوەی ئەوان بێن، نیازەکانی خۆی بهێنێتە دی؛ واز لە فەرمانڕەوایی بهێنێ و مەملەکەتەکەی دابەش بکا بەسەر کچەکانیدا.

لە بەرچاوی میوانەکانیدا، کچەکانی بانگ دەکا و پێیان دەڵێ؛ کچەکانم، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، میراتییەکانی من نەبن بەهۆی ناکۆکی لە نێوان ئێوەدا، بڕیارم داوە کە لە ئێستاوە، پێش ئەوەی بمرم، مەملەکەتەکە دابەش بکەم بەسەرتاندا. وە بڕیاریشم داوە کە باشترین کەرتی بدەم بەو کچەم، ئەوەی منی لە هەمووتان زیاتر خۆش دەوێ. لەبەر ئەوە دەمەوێ هەر یەکێکتان خۆشەویستیی خۆیم ئێستا بۆ دەرببڕێت.(٢)

ئینجا ڕوودەکاتە گۆنێریل و دەڵێ؛ کچم، لەبەرئەوەی تۆ گەورەکەیانی، با لە تۆوە دەستی پێ بکەین. دەی، وا گوێت لێ دەگرم، بزانم تۆ چەند باوکی خۆتت خۆشدەوێ. گۆنێریل دەڵێ؛

بەگم، ئەوەندەی، من تۆم خۆش دەوێ
وتە ناتوانێ بۆمی دەربڕێ؛
هێژاترە لام،(٣)
لە نووری چاو و هەوا و ئازادی؛
زۆرترە لەوەی
جۆرە نرخێکی بۆ دابنرێ.
هیچ کەمتر نییە لە ژیانێکی
سەربەست و پڕپڕ
لە تەندروستی و شادی و شانازی.
خۆشەویستییەکەم،
جۆرێکە کە قەت نەبووە ڕۆژێ
ڕۆڵەیەک باوکی وا خۆش ویستبێ؛
لەو جۆرەیە کە

هەوالنامەی کتێب

(٢) زۆرجار پیاو، کە پیر دەبێ و پەکی دەکەوێ و نەختێک دەخەڵەفێ، وا دەزانێ منداڵەکانی دەبێ خۆشیان بوێ؛ وەکو چۆن کاتێ کە منداڵدا بوون خۆی خۆشی دەویستن. لەبەر ئەوە گەر یەکێکیان مەرایی بکا، زۆری پێ خۆش دەبێ و زوو بڕوا بەوتەکانی دەکا.

(٣) هێژاترە؛ بەنرخترە. خۆشەویستییەکەم بەنرخترە.

هەناسەی مرۆڤ، دەبڕێ و زاری،
لە قسەکردن، پەکی دەکەوێ.

شا لییەر، ئەو قسانەی زۆر پێ خۆش دەبێ و بڕوا بەهەمووی دەکا. سەیری خەریتەی وڵاتەکەی دەکا، کە لە بەردەمیدا دانرابوو و دەڵێ؛

ڕاست لەم هێڵەوە تاکو ئەوەیان،
بەو هەموو دار و دارستانەوە،
بەو دەشتانەوە،
بەو رووبارانەی ئاو زۆرانەوە،
لەگەڵ ئەم هەموو مێرگە جوانانە،
ئەوەتا تۆمان کرد بە خاتوونیان.[٤]
تا هەتاهەتا ببێت بە موڵکی
تۆ و نەوەکانی خۆت و ئەلبەنی.[٥]

ئەمجا، ڕوو دەکاتە کچە ناونجییەکەی و دەڵێت؛ دەی، ڕێگان، نۆرەی تۆیە. ئەویش دەڵێ؛

بەگم، لە هەمان
کەرەستەی خوشکم، دروست کراوم،
با نرخەکەشم، وەک نرخی ئەو بێ.
گوێم لێ بوو هەرچی
ئەڤینی ڕاستی هەیە لە دڵما،
ئەو ناوی هێنا و گشتی دەربڕی.
هەر جگە لەوەی کە من دوژمنی
هەموو کەیفێکی تری ژیانم و
هەر بە شادمانی و خۆشەویستیتان،
کامەران دەبم.

لییەر: (سەیری خەریتەکە دەکا و پێی دەڵێ)
تا هەتاهەتا،
ئەمە، هی خۆت و نەوەکانتە. (ڕوو دەکاتە میوانەکانی)

---

(٤) خاتوونیان؛ خاوەنیان.
(٥) ئەلبەنی؛ مێردی " گۆنێریڵ"ە

دەمێنێتەوە

ئەم یەک لە سێیە باش و گەورەیە،

لەم مەملەکەتە جوانەی هەمانە،

کە لە مەزنی و نرخ و جوانیدا،

هیچ کەمتر نییە لەوەی گۆنێریڵ. (روو دەکاتە کۆردێلیا)

بەڵام ئێستاکە، شادییەکەمان،(٦)

بچووکترین و دواهەمین کچمان،

ئەوەی، ئەوەتا بۆ ڤیانی گەنجی

هەوڵ دەدەن هەردووک؛

ترێ فرەنسی و شیری بێرگەندی،(٧)

تۆ چی دەتوانی بە باوکت بڵێی

تاکو سێیەمین کەرتی وەربگری.

کە زۆر بەپیت و دەوڵەمەندترە

لەوانەی دران بە خوشکەکانت.

دەی قسە بکە.

کۆردێلیا، باوکی خۆی بەڕاستی خۆش دەویست. باوکیشی، ئەوی لە دووانەکەی تر زیاتر خۆش دەویست. لەبەر ئەوە خوشکەکانی خۆشیان نەدەویست. کۆردێلیا، کچێکی ڕاستگۆ و دڵسۆز و دڵناسک بوو، لەبەر ئەوە زۆری پێ ناخۆشبوو کە خوشکەکانی ئەو باوکە پیرەیان، بەو جۆرە، بە مەراییی درۆ هەڵدەخەڵەتێنن. لەبەر ئەوە، کە نۆرەی دێ، ئارەزوو ناکا هیچ بڵێ. وەڵامی باوکی دەداتەوە و دەڵێ؛

گەورەم، هیچ ناڵێم.

لییەر:

هیچ؟

کۆرێلیا:

بەڵێ، گەورەم، هیچ.

لییەر:

چۆن؟

(٦) لییەر، کۆردێلیای زۆر خۆش دەوێ. پێی دەڵێ شادییەکەمان؛ بەهۆی تۆوە من لەم دنیایەدا شادم.

(٧) دیارە فرەنسا بەناوبانگ بووە بەترێی باش. "بێرگەندی"یش بە شیر.

له هیچەوە هەر
هیچ دروست دەبێ. سەرلەنوێ بدوێ.

کۆردێلیا:

داخی گرانم،
ئەوەی کە لەناو دڵمایە، بەگم،
بە زمان ناتوانم دەری ببڕم.
ئەمن جەنابی شکۆدارتم،
خۆش دەوێ بەپێی
تەنیا ئەو بەندەی
منی بە ۆوە توند بەستۆوەتەوە،
نە کەمتر لەوە، نە زۆرتر لەوە.

لییەر:

چۆن، چۆن، کۆردێلیا،
هیچ نەبێت هەندێ،
وتارەکەی خۆت چاک بکەرەوە.
نەوەک تۆ بەوە،
هەموو شانسێکی خۆت بدۆڕێنی.

کۆردێلیا:

بەگی بەڕێزم،
منت هێنایە ئەم دنیایەوە،
پەروەردەت کردم،
بە خۆشەویستیت، نازدارت کردم.
ئەوانە، بەگم،
بە ئەرکی خۆمی ئەمن دەزانم،
بتاندەمەوە؛ گوێڕایەڵ دەبم،
خۆشم دەوێن و زۆر ڕێزتان دەگرم.
من خوشکەکانم،
نازانم بۆچی شوویان کردووە،

هەوالنامەی کتێب

گەر گشت ئەڤین و خۆشەویستییان،
وەک خۆیان دەڵێن، بۆ جەنابت بن؟
ئەمن کەی شووم کرد،
بەڵکو ئەو کەسەی،
گفتی هاوسەری خۆمی دەدەمێ،
نیوەی ئەڤین و خۆشەویستییەکەی
من بۆ خۆی بەرێ.
هەروەها نیوەی ئەرک و مەراقم.
بێگومان، قەت من، وەک خوشکەکانم،
شوو ناکەم ئەگەر
تەنیا هەر باوکی خۆمم خۆش بووێ.

لییەر:

بەڵام تۆ دڵت،
ئاخۆ تەبایە لەگەڵ ئەمەدا؟

کۆردێلیا:

بەڵێ، سەروەرم.

لییەر:

ئەوەندە گەنجیت، هەندەش دڵڕەقیت؟

کۆردێلیا:

ئەوەندە گەنجم،
ئەوەندەش، بەگم، ڕاستگۆم لەگەڵت.

لییەر:

باشە، با وابێت؛ با ڕاستگۆییەکەت،
مارەییەکەت بێت.(٨)
چونکە بەو تیشکە پیرۆزەی هەتاو،

(٨) جاران، بەتایبەتی لە ماڵە خانەدانەکاندا، بۆ ئەوەی کچەکانیان شوویەکی باش بکا، مارەییان دەدا بەکچەکانیان، ئیتر ئەو مارەییە هەر چییەک بێت، کچەکە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ماڵی مێردەکەی. لییەر، بڕیاری دابوو کە باشترین کەرتی مەملەکەتەکە، بکا بە مارەیی کۆردێلیا.

هەوڵنامەی کتێب

بەو "فەلەک"انەی

کە ئێمە هەموو بەهۆیانەوە

دەژین و دەمرین،

ئێستا لێرەدا من حاشا دەکەم

لە گشت ئەرکێکی باوک و باوکێتی،

لە خزمایەتی و خوێن نزیکێتی؛

هەتاکو هەتاهەتایە دەبیت

بە بێگانەیەک،

بۆ من و بۆ ئەم دڵەی تیامدایە.

"لییەر"ی خەڵەفاو، بەو جۆرە، حاشا لەو کچە باشە دڵسۆزە ڕاستگۆیەی خۆی دەکا و بەشەکەی ئەو لە مەملەتەکە، دەدات بە دوو کچەکەی تری بە نیوەیی و فەرمانڕەواییی مەملەکەتەکەش، تەسلیمی ئەوان و مێردەکانیان دەکا. هیچ بۆ خۆی ناهێڵێتەوە. بەڵام لەگەڵیاندا ڕێک دەکەوێ کە سەد شاسوار بۆ خۆی گل بداتەوە و هەر مانگی لە ماڵی یەکێک لەو دوو کچانەیدا بژیێت.

کێنت، دۆستێکی دڵسۆزی شا دەبێ. وە هەردووکیانی؛ شا و کۆردێلیای، زۆر خۆش دەوێ. کە بینی چی ڕوویدا و شا، چ هەڵەیەکی گەورەی کرد کە حاشای لەو کچە باشەی خۆی کرد و هەموو مەملەکەتەکە و سامان و دەسەڵاتەکانی شاهانیی خۆی دا بەو دوو کچەکەی تری. بە هاوارەوە هەڵسایە سەرپێ و کۆچی لە بەردەمی شا دایەوە و گوتی:

گەورەی بەڕێزم

لییەر:

کێنت،

دەنگ دەرنەهێنی

نەچیتە نێوان ئەژدەها و قینی.

لە هەموویانم، زیاتر ئەمیانم،

ئەمن خۆش دەویست.

واشم دەزانی ماوەی ژیانم

لەژێر چاودێریی دڵی ناسکی

ئەم، ڕادەبوێرم. (روو دەکاتە کۆردێلیا)

دەی لە بەرچاوم، نەمێنیتەوە.
جێی حەسانەوەم، گۆڕەکەم دەبێت.(٩)

کێنت:
لییەری خاوەن شکۆی شاهانی،
ئەوەی کە وەکو
شای خۆم هەمووکات رێزم گرتووە،
هێندەی باوکی خۆم خۆشم ویستووە،
وەک مامۆستایەک گوێم لێ گرتووە

لییەر: نایەڵێ وتەکانی تەواو بکا و دەڵێ؛
کەوانەکە، ها،
ڕاکێشراوە و چەماوەتەوە.
خۆت لادە و لاچۆ لەبەر تیرەکەی.

کێنت:
لای من باشترە لێوەی دەرپەڕێت،
گەر نووکەکەشی بەر جەرگم کەوێت،
لەوەی کە لییەر، بەمجۆرە شێت بێت.

لییەر:
کێنت، دەی بەسێتی
لەسەر ژیانی خۆت گرەو مەکە.

کێنت:
هەردەم، بەگم، ئەمن ژیانم
لە بارمتەدا، دامناوە و جەنگم
دژی دوژمنی ئێوە کردووە.(١٠)
قەت نەترساوم لەکیسم بچێت،
بەگ، لە پێناوی سەلامەتیتان.

---

(٩) لە باتیی ماڵی تۆ، گۆڕەکەم دەبێ بەجێی حەسانەوەم. لییەر کۆردێلیای زۆر خۆش دەویست و دەیزانی کە لە کچەکانی تری باشترە.

(١٠) بارمتە؛ ئەو شتەیە کە رەهن دەکرێ. لە بارمتەدا دامناوە؛ رەهنم کردووە.

هەوالنامەی کتێب

لییەر:

برۆ، دەی ونبە
نەمێنیتەوە لە بەرچاوانم.

کێنت:

لییەر، تۆ باشتر بیانکەرەوە(١١)
ڕێگەشم بەرێ،
بمێنمەوە و ئامۆژگارت بم.

لییەر:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ...(١٢)

کێنت:

ئێستا سوێند دەخۆم من بە ئەپۆلۆ و
بە خوایەکانت، تۆ خاوەن شکۆ،
سوێندی بێ سوود و خۆڕایی دەخۆی.

لییەر:

ئای، بەندەی ڕیسوا. (لییەر دەست دەبا بۆ شمشێرەکەی)
ئەلبەنی و کۆرنوالّ(١٣)
نا، بەگم، نەکەی.

دوای ئەوە شا، کێنت نەفی دەکا. پێنج ڕۆژی دەداتێ کە پێویستییەکانی کۆ بکاتەوە. شەشەمین ڕۆژ ئەگەر لە ولاتەکەدا بدۆزرێتەوە دەکوژرێ.

کێنت دەڕوات، بەلاّم دەزانێ کە شا، خەڵەفاوە بۆیە بەو جۆرە خۆی دەنوێنێ. لەبەر ئەوە بەئەرکی خۆیی دەزانێ کە بەهەر جۆرێک بێ بگەڕێتەوە و لەگەڵیدا بێ و ئاگەداری بێ.

***

لەو کاتەدا گلۆستەر، لەگەڵ دوو خانەدانە گەنجەکاندا دەگەڕێتەوە. ڕوو دەکاتە شا و دەڵێ؛

شکۆداری بەرز،

---

(١١) چاوەکانت، باشتر بکەرەوە.

(١٢) ئەپۆڵۆ؛ بەپێی مثیۆلۆجی گریکی، خوایەکە لە خوایە گەورەکانی یۆنان.

(١٣) ئەلبەنی مێردی " گۆنێریل"ە و کۆرنوەڵ مێردی "ریگان"ە.

ئەوا فرەنسا و بێرگەندی هاتن.(١٤)

لییەر:

"دیوک"ی بێرگەندی

لە پێشاندا من، لەگەڵ جەنابی

ئێوەدا دەدوێم.

چییە کەمترین مارەییی ئەوەی

تۆ داوای دەکەی تاکو بیهێنی،(١٥)

یان لە ئەڤینی، تۆ واز بهێنی؟

بێرگەندی:

شای شکۆدارم، زۆرتر ناخوازم

لەوەی جەنابتان بۆتان داناوە.

لییەر:

ئەی خانەدانی دیوکی بێرگەندی،

ئەوساکەی کە ئەو،

خۆشەویستمان بوو، ئەوە بوو نرخی.

بەڵام ئێستاکە نرخی شکاوە.

بەگم، ئەوەتا لەوێ وەستاوە.

ئەگەر شتێکی

ئەو شتە وردەی لەوێ دەیبینی،

یان هەمووی، گشتی،

بە ناڕەزاییی

ئێمەوە، بەگم، وە هیچی تری

لەگەڵدا نەبێت،

پەسندی دەکەی،

ئەوەتا لەوێ وەستاوە ببیە.

ببیە هی خۆتە.

(١٤) فرەنسا؛ شای فرەنسا. بێرگەندی؛ دیوکی بێرگەندی.

(١٥) تاکو بیهێنی؛ تاکو کۆردێلیا بهێنیت.

هەوراماننامەی کتێب

بێرگەندی، پیاوێکی چاوبرسی دەبێت. وای دەزانی مارەییەکەی کۆردێلیا، جگە لە یەک لە سێی ولاتەکە، سامانێکی زۆری لەگەڵدا دەبێت. لەبەر ئەوە دەڵێ؛

بەگم، نازانم ئەمن بڵێم چی.

لییەر:

کەوابێ وازی لێ بێنە، بەگم.

بەو دەسەڵاتەی دروستی کردووم،

هەرچی سامانی هەیە پێم گوتی.

ئینجا لییەر، ڕوو دەکاتە شای فەرەنسا و پێی دەڵێ لەبەرئەوەی من تۆم خۆش دەوێ حەز ناکەم کچێکت بدەمێ ببێت بەهاوسەرت کە من خۆم خۆشم نەوێ. فەرەنسا وەڵامی دەداتەوە؛

ئەمە شتێکی زۆر نامۆ و سەیرە!

لە پێش تۆزێکدا،

مەتحکردنی

ئەو بوو لای ئەنگۆ،

خۆشترین ڕستەی باس و گفتوگۆ.

ئەو بوو مەرهەمی تەمەنی پیرتان،

هەرە باشترین و ئازیزترین کەس

دەبێت ئاوا زوو،

لە خولەکێکی گچکەی زەماندا،

کردەوەیەکی

هەندە دڕندە و بەدنیار بکا،

بنج و بنیاتی

ئەو هەموو جوانی و چاکییەی تێک دا؟

کۆردێلیا، هەر گوێی دەگرت و هیچی نەدەوت. لە دواییدا بەباوکی دەڵێ؛ ئاخر دە بڵێ من چیم کردووە و بۆچی تۆ ئاوا لێم تووڕە بوویت جگە لەوەی کە من کەموکورتیم هەیە لە هونەری ڕواڵەت و مەراییکردندا. ئیتر دەڵێ؛

کەموکورتێتی

لەو جۆرە، بەگم،

دەوڵەمەندترم دەکا و پێم خۆشە

هەوالنامەی کتێب

که چاو و زاری سواڵکەرم نییە.
هەرچەندە ئەوە، بێبەشم دەکا
لە خۆشەویستیی جەنابی ئێوە.

لییەر:

بڕۆ، دەی بڕۆ
باشتر دەبوو تۆ، هەر نەبوویتایە،
لەوەی کە ئاوا دڵم بشکێنی.

فرەنسا:

تەنیا هەر ئەوە؟ شتێکی تر نا؟ (روو دەکاتە بێرگەندی)
سانی بێرگەندی،
بەم خاتوونە تۆ، ئێستا دەڵێیت چی؟
ئەڤین، بەڕاستی،
هیچ ئەڤین نییە، گەر تێکەڵ کرێ
لەگەڵ شتێکدا،
بە ئەڤینەوە، پێوەندی نەبێ.
ها، تۆ دەیهێنی؟
ئەم ئافرەتە هەر،
خۆی مارەییە.

بێرگەندی: (روو دەکاتە شا)

شای شکۆدارم،
تەنیا ئەو بەشەی بدەیتێ، بەگم،
ئەوەی جەنابت بەڵێنی دابوو،
ئێستا لێرەدا من دەستەکانی
کۆردێلیا یەکسەر
دەگرم و دەیکەم بە "دیوکژن"ی[١٦]
خاکی بێرگەندی.

(١٦) دیوک؛ دۆق، سان. دیوکژن؛ ژنی دیوک. وەکو شاژن یاخۆ ئاغاژن.

هەوڵنامەی کتێب

لییەر:

هیچی نادەمێ، سوێندم خواردووە،

هەرگیز من سوێندی خۆم ناشکێنم.

بێرگەندی: (روو دەکاتە کۆردێلیا)

زۆر بەداخەوە، بەدۆڕاندنی

باوکەکەت، وەی ڕۆ،

مێردێکیش ئەتۆ، وا دەدۆڕێنی.

کۆردێلیا:

دەی با بێرگەندی، ئەسپەردەی خوا بێ.

گەر خۆشەویستیی

ئەو، هەر بۆ ڕێز و دەوڵەمەندی بێ،

نابم بە ژنی.

فرەنسا:

ئای "کۆردێلیا"ی جوان،

ئەوەی هەژاری،

دەوڵەمەندتری دەکا و نرخی

بەرز دەکاتەوە.

بێکەسی خوێنی، گەرمتر دەکا و

داماوی دەیکات بە خۆشەویستی

عاشقی راستی.

خۆت و رەوشتی سەربەست و جوانت

دەخوازم ببن بەنەسیبی من.

جا ئەگەر یاسا ڕێگەم بداتێ

ئەم پاشماوەیە من دەبەم بۆ خۆم.

ئای خوایە، خوایە! ئای کە شتێکی (روو دەکاتە شا)

سەیرە؛ بەساردی خۆشەویستییان،

لە دڵمدا ئەڤین گڕی تێبەر بێ.

سەروەرم کچی بێ مارەییتان،

هەواڵنامەی کتێب

خوای بەختیاری بۆ منی هەڵدا و
بوو بە بانووشای
من و فرەنسای دڵبەری رەنگین.
ئیتر گشت بەگ و "دیوک"ەکانی
خاکی بێرگەندی
ئاودار، ناتوانن
ئەم کچە جوانە هێژایە لە من،
بکڕنەوە.
دە دەی کۆرنێلیا،
هەرچەندە دڵیان، سارد و بێ رەحمە،
ماڵئاواییان، لەگەڵدا بکە.
ئەوەی کە لێرە، لەکیست دەچێ،
تۆ، لەوێندەرێ، باشترت دەبێ[17]
لییەر:
فرەنسا ئەوا بوو بەموڵکی خۆت.
با هەر هی خۆت بێ.
کچی ئاوامان نییە و ئەو رووە
قەت جارێکی تر نابینمەوە.
کۆردێلیا: (روو دەکاتە خوشکەکانی)
گەوهەرەکانی باوکەکەمان، وا
بە دوو چاوانی پڕ فرمێسکەوە،
کۆردێلیا ئێوە، بەجێ دەهێڵێ.
دەتانبینم کێن.
بەڵام، وەک خوشکێک، زۆر ناخۆشە پێم
ناوە ڕاستییەکەی نەنگدارییەکانتان،[18]
بە دەم پێ بڵێم.

(١٧) لەوێندەرێ؛ لەوێ.
(١٨) نەنگ؛ عەیب. نەنگداری؛ عەیبداری.

هەموو نامەی کتێب

توخوا باوکمانتان، هەندێک خۆش بووێ.

من دەیسپێرم

بە ئێوە و بە ئەو خۆشەویستییەی

بۆتان دەربڕی.

داخی بەجەرگم،

گەر لەگەڵیدا دەبووم، شوێنێکی

باشتری دەبوو.

دەی ئیتر ماڵتان هەردووک ئاوابێ.

شای فرەنسا، پیاوێکی زۆر جوامێر و چاوتێر و سەربەرز دەبێت. لەبەرئەوەی کە کۆردێلیا، لە خۆی دەچێ، زۆری خۆش دەوێت. دەستەکانی دەگرێ و دەیبا و دەیکا بە شاژنی خۆی و فرەنسا.

***

مرۆڤی مەراییکەر، بە ئاسایی، رووی خۆشە و زمانی لووسە، بەڵام هەردەم، دەروونی پیسە و دڵی نەگریسە. کچەکانی "لییەر"یش وەکو هەموو مەراییکەرێک زۆر ناکەس و نمەککوێر دەرچوون؛ یەکسەر دوای ئەوەی فەرمانڕەواییی وڵاتەکە و سامانەکانی کەوتنە ژێردەستی خۆیان و ئیشیان بە باوکیان نەما، ڕوویان لە باوکی خۆیان گرژ کرد و زمانە لووسەکانیان لووسێتیی نەما. تا گەیشتە ئەوەی کە جارێک لییەر چووبوو بۆ ڕاو، گۆنێریڵ بە کارگێڕی کۆشکەکەی بڵێ؛

کە گەڕایەوە،

لە ڕاو، نامەوێت لەگەڵیدا بدوێم؛

بڵێ؛ ناساغە.

باشتریش دەبوو،

ئەگەر لەمەولا، هەندێک بەخاوی،

ئەرکی ئاساییی خۆتی بۆ بکەیت.

***

"گۆنێریڵ"ی کچی، ئەوەندە بە ڕوویەکی سارد و ناسازەوە مامەڵەی باوکی خۆی دەکرد تا لە دواییدا ناچاری کرد لە ماڵەکەی دەربچێ و سوێند بخوا کە قەت بۆی نەگەڕێتەوە. ئەلبەنی، مێردی گۆنێریڵ، پێی ناخۆش بوو کە ژنەکەی بەو جۆرە مامەڵەی باوکی خۆی دەکا. کە لییەر دەبینێ چەند تووڕە و ورووژاوە و دەیەوێ لە ماڵەکە دەربچێ لێی دەپرسێ؛

بەگ، چی قەوماوە؟

هەولێر ستۆری کتێب

لییەر:

ئێستا پێت دەڵێم. (روو دەکاتە گۆنێریل)

ئاخ،

ژیان و مردن، شەرم دەمگرێ،

کە دەسەڵاتت هەیە و دەتوانی

ئاوا پیاوەتیم هەڵبتەکێنی.

وە ئەم فرمێسکە گەرمانەی دژی

ئارەزوو و ویستی خۆم هەڵدەقوولێن،

نرخت دەدەنێ کە بیانهێنی.[١٩] (ئەمجا بەچاوەکانی خۆی دەڵێ)

ئەی چاوە پیرە ریژگاوەکانم،

ها، ئەوە شەرتبێ؛

گەر جارێکی تر بگرین بۆ حاڵم،

هەڵتان بکۆڵم،

لەگەڵ ئەو ئاوەی لێتان دەردەچێ و

فرێتان بدەم بۆ ناو خۆڵ و گڵ.

ئای، گەیشتینە چی و چ رۆژێکمان دی؟

لییەر، بەو نیازەوە لە ماڵی گۆنێرل دەردەچێ کە بچێ بۆ ماڵی کچەکەی تری. لییەر، لە پێش خۆیەوە کێنت دەنێرێ کە ئاگەداریان بکا. دوای ئەوەی کێنت دەگا و ڕای دەگەیەنێ کە شا دێت لە ماڵیان بمێنێتەوە، ڕێگان نامەیەکی بۆ دێ لە "گۆنێریل"ی خوشکییەوە، ئامۆژگاریی دەکا کە باشترە کاتی گەیشتنی باوکی، هیچیان لە ماڵەوە نەبن. ئەویش وا دەکا؛ خۆی و مێردەکەی دەچن بۆ ماڵی گلۆستەر.

ئیتر لەبەر ئەوە و لەبەر هەندێ کردەوەی ناشیرینی تریش، لییەر بڕیار دەدا بۆ ماڵی کەس نەچێ و بەدەربەدەری بمێنێتەوە.

"کێنت"ی دڵسۆز، هەردەم بیری لەلای شا بوو، چونکە دەیزانی کە خراپ مامەڵە دەکرێ. زۆر حەزی دەکرد بەجۆرێک بگەڕێتەوە بۆ لای، بۆ ئەوەی خزمەتی بکا. لەبەر ئەوە جل و شێواز و دەنگی خۆی بەجۆرێک دەگۆڕێت کە نەناسرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای شا، کە جارێ هێشتا دەربەدەر نەبووبوو. کە شا لێی دەپرسێ تۆ کێیت، دەڵێ؛

پیاوێکی گەلێک دڵپاک و ڕاستم.

(١٩) مەبەستی ئەوەیە بڵێ؛ تۆ، ئەو فرمێسکانەی من ناهێنی.

ئەوەندەی کە شا،

هەژارە منیش، هەندە هەژارم.

لییەر:

گەر ئەوەندەی شا بەشایەتییەوە

هەژارە، ئەتۆش هەندە هەژاربی،

دەبێت پیاوێکی گەلێک هەژار بی.[٢٠]

باشە چیت دەوێ؟

کێنت:

خزمەتت بکەم.

لییەر:

وەرە دوام بکەوە، تۆ بەکەڵکم دێی.

ئیتر بەو جۆرە، کێنت دەگەڕێتەوە بۆ لای شا، بەبێ ئەوەی شا بزانێت کە ئەمە هەر ئەو "کێنت"ەیە کە خۆی نەفی کردووە.

لییەر،" کەودەن"ێکی[٢١] دەبێت. کەودەنەکەی کوڕێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ و ڕاستەوخۆ و زیرەک و گاڵتەچی دەبێت، لەبەر ئەوە لییەر، زۆری خۆش دەوێت. حەزی دەکرد هەردەم لەگەڵیدا بێت.

ئیتر ئەو دووانە، کێنت و کەودەن، لەگەڵ شا دەمێننەوە تا دوایەمین ڕۆژی ژیانی.

***

هەموو کاتەکە، کێنت، نامەی بۆ کۆردێلیا دەنووسی لەبارەی ئەو بارودۆخە گرانەی کە لییەر تیایدایەتی. نامەکانی بەدەست خانەدانێکدا دەنارد. جارێکیان کە گەڕایەوە لێی پرسی.

نامەکانی تۆ، وەکو بزانی،

"ئاژنین"ەکانی، هەست پێ دەکرا

بە شاژنەوە؛ خەفەت، دڵتەنگی

یان شتێکی وا؟

خانەدان:

بەڵێ، سەروەرم، کە دەیخوێندەوە،

من لەوێدا بووم.

(٢٠) ئەگەر شا، بەشایەتییەوە، ئەوەندە هەژرا بێ، تۆ دەبێت چەند هەژار بی.

(٢١) جاران، لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا، باو بووە یەکێک لە ماڵەوە رابگرن تەنیا بۆ ئەوەی گاڵتەیان بۆ بگێڕێتەوە و بیانخاتە پێکەنین و بەوە کەشی ماڵەکە خۆش بکا. پێیان دەگوتن (کەودەن fool).

تاوێک نا، تاوێ،

فرمێسکێکی زۆر دەهاتە خوارێ،

ئا بەو رووەمەتە ناسکانەوەی.

کێنت:

گەر وا بێت سۆزی دڵ و دەروونی،

بووژاونەتەوە.

خانەدان:

وا نا کە شەنگی خۆی بدۆڕێنێ.

بەڵام خەفەتی قووڵی ناو دڵی،

بە دیمەیەوە دیاربوو بە روونی؛

ناسکیی دڵی ئاشکرا دەکرد.

خۆ تۆ باران و تیشکی هەتاوت

دیوە پێکەوە؛

خەنینی لێوی و فرمێسکەکانی

لەو دووانە دەچوون،

بەڵام جوانتر و زۆر دڵڕفێنتر.

ئا ئەو خەنینە شادمانەی بەسەر

ئەو لێوە جوانە ئاڵانەیەوە،

بەجۆرێکی وا خۆی دەنواند،

لەوە نەدەچوو، کە ئاگادار بێ

لەو فرمێسکانەی کە چاوەکانی

هەڵیان دەقووڵان.

ئەوانەی وەکو دەنکە مرواری

لە ئەڵماسەوە بەردەبوونەوە.[٢٣]

دەبا بەکورتی من پێتان بڵێم؛

پەژارە وەکو جۆرە شتێکی

هەوڵنامەی کتێب

(٢٣) چونکە کۆردێلیا کچێکی دڵناسک و باش بوو، هەموویان خۆشیان دەوێ؛ فرمێسکەکانی لە دەنکە مرواری دەچن و چاوەکانی وەکو ئەڵماس وان.

دەگمەنی دڵبەر دەردەکەوت ئەگەر

هەردەم لەسەر،

ئەو رووە جوانەی، دەربکەوتایە.

مێردەکەی کۆردێلیا، شای فرەنسا، ناچار دەبێت سوپایەک بنێرێ بە فریادی لیەر. سەرۆکایەتیی سوپاکە دەداتە کۆردێلیا خۆی.

***

کە کۆردێلیا دێت بە فریادی باوکییەوە و دەبینێ؛ مێشکی تێکچووە و گەلێک ماندووە، لە بەردەمیدا چۆک دادەدا و دەڵێ؛

سەیری من بکە و دەستت، سەروەرم،

دابنێ لەسەر ناوەڕاستی سەرم.

بۆ ئەوەی گیانم،

پیرۆز بکەیت و بە درووود ببم.

لیەر، زۆر سەری لێشێواوە، کە کۆردێلیا دەبینێ زۆر دڵنیا نییە ئاخۆ ئەمە ئەوە یان نا. نەشیدەزانی ئاخۆ خەوە یاخۆ ڕاستییە. دەڵێ.

من تکایەکی زۆرت لێ دەکەم،

گاڵتەم پێ مەکە.

پیاوێکی گەلێک ریژگاو و پیرم،

خەڵەفاویشم.

(سەیری کێنت دەکا و دیسانەوە روو دەکاتە کچەکەی)

دەبێت ئەم پیاوە و ئەتۆ بناسم.

بەڵام گومانم زۆر لەوە هەیە؛ (روو دەکاتەوە کێنت)

لام وایە ئەمە، ئا ئەم خاتوونە،

"کۆردێلیا"ی کچمە.

کۆردێلیا (بەگریانەوە)

ئا، ئا، من ئەوم

لییەر:

فرمێسکەکانی تۆ ئاخۆ تەڕن؟ (دەست دەدا لە روومەتی کچەکەی)

ئا، بەئیمانم.

هەوراز نامەی کتێب

ئاخر دە مەگری، تکات لێ دەکەم؛
ئەگەر ژەهریشت تۆ بۆ هێنابم،
من دەیخۆمەوە.[٢٤]
من باش دەزانم؛ منت خۆش ناوێت.[٢٥]
هاتەوە بیرم؛
خوشکەکانی تۆ غەدریان لێ کردم،
بۆنەشیان نەبوو. بەڵام تۆ، هەتە.

کۆردێلیا:

نا، بۆنەم نییە. نا بۆنەم نییە.

لییەر:

من، لە "فرەنسا"م (کۆردێلیا، دەگریا نەیتوانی وەڵامی بداتەوە)

کێنت:

لە مەملەکەتی خۆتیت، سەروەرم.

***

هەندێک دوای ئەوەی کۆردێلیا و باوکی یەکتری دەبیننەوە و ئاشت دەبنەوە، هەردووکیان بە دیلی دەگیرێن. پێش ئەوەی فریایان بکەون و ڕزگار بکرێن، کۆدرێلیا لەدار دەدرێ. ئیتر لییەر لە داخا لە تەنیشت تەرمی کچەکەیەوە دەمرێ.

***

چیرۆکی "شا لییەر" لەو جۆرە نییە کە بەئاسانی کورت بکرێتەوە. پێویستە مرۆڤ، بۆ ئەوەی تێی بگات، هەمووی بەوردی بخوێنێتەوە.

شانۆگەریی شا لییەر، نووسینی ولیام شێکسپیر و وەرگێڕانی نووسەری ئەم بابەتە و پێداچوونەوەی مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج، لەلایەن دەزگای ئاراسەوە، لەم هاوینەدا، بڵاو دەکرێتەوە.

---

(٢٤) لییەر، خۆی بەتاوانبار دەزانێ بەرامبەر کۆردێلیای کچی. بۆ ئەوەی کچەکەی ئاشت بکاتەوە ئامادەیە هەموو شتێکی بۆ بکا؛ ئەگەر ژەهریشی بداتێ بیخواتەوە.

(٢٥) چونکە کاتی خۆی، خراپەی لەگەڵ ئەو کچە باشەی خۆی کردووە. وادەزانێ کچەکەی ڕقی لێیەتی.

## شەهیدی پالێت

# سەلمان زاخۆیی



نووسینی: ئاغاله

ئەگەر هەڵە نەبم سەلمان یەکەم نیگارکێشی کورد بووە کە پارتی بەعسی دەسەڵاتداری هەشتاکان ڕاستەوڕاست لەداری داوە لەسەر بیروباوڕی سیاسی.

سەلمان لە ڕۆژی ١٥ـ ١١ ـ ١٩٨٧ گیرا و لە ١٠ـ ١٢ـ ١٩٨٧ لە سەربازگەی (فایدە) گوللەباران کرا بە ڕۆژی ڕووناک لەگەڵ دوازدە مرۆڤی تر.

شاعیر و نووسەرەکان باسی نموونەی ناسکی کەسێک دەکەن سەلمان ئەو شێوەکار و خوێندکار و کەسایەتییە بوو، سەلمان زۆر بەستەزمان بوو، کوڕێکی پەپوولەیی بوو، بێدەنگ بوو گوێت لە دەنگی نەدەبوو پلەی دەنگی زۆر هارمۆنیی نزم بوو لە چاو هاوڕێ بادینییەکانی کە لەگەڵماندا بوون ئەوان دەنگیان بەرز بوو. شوان عاسی نیگارکێش زۆرتر هاوڕێی سەلمان بوو لەو ساڵانە شتێکی وت (سەلمان قسەی کەم دەکرد و زۆرتر نیگاری دەکێشا، ئەو بێدەنگییەی بووبووە فۆرمی کەسایەتییەکەی).

باڵای بەرز و لەڕولاواز بوو ڕەشەبای ئەو کاتەی سلێمانی سەلمانی بەولاو بەولادا دەبرد. بۆیە ئەو زۆر سەرسام دەبوو بە کەسێ عەزەلاتی باش بووایە. ئەو وەسفانە لە بوونەیەتی لەشولاری ئەو سەردەمەی خۆشم دەچوو لە هەشتاکاندا.

زۆر نیگاری دەکێشا و ژیانی پڕ بوو لە جیدیات، ڕاوەستانی نەبوو، چ لە بەشی ناوەخۆیی چ لە پەیمانگەدا کە ئاوڕ دەدەمەوە و لە دەوروبەری خۆم تێڕادەمێنێم کە سەلمانیان زوو لە هونەری کوردی و دایک و باوک و برا و خوشکی سەند، سەلمانیان بەپەلە لە پۆلەکەمان سەند!

له بیرمه له ساڵی ١٩٨٧ بەیانێکی سارد بەو، وانەی کرداری ڕەنگمان هەبوو مامۆستا کوردۆ پێی دەوتین. "کتوپڕ قەیس کامل فەرحانی" گۆڕ بەگۆڕ بە ژوور کەوت وتی کێیە سەلمان؟

سەلمان بەدەنگێکی خنکاو وتی (نعم).

ئەوە دوا وشەی سەلمان بوو بۆ ئێمە، قەیسی گەواد وتی (تعال عندك خوتار). تابلۆی نیوەچڵ و پالێتی پڕ لە ڕەنگ لەسەر ڕووکراو.... بەجێما لەگەڵ فڵچە بچووکەکەی کە بەدەستییەوە بوو خستییە ناو قوتی نەوتەکەوە. بیرم نییە لە پاشان کێ بۆی کۆی کردەوە. کە وانەکە تەواو بوو ئینجا زانیمان ئەو میوانە گورگە بووە تەواری بوونە و بە قۆڵبەستکراوی و بردوویانە.

شێوازی کار و قۆناغی لاسایی سەلمان یەکێ لە باشترین و چالاکترین قوتابیانی قۆناخی من بووە لە ساڵانی ١٩٨٥... ١٩٨٦...١٩٨٧.

ئەو کاری زۆر دەکرد و خێرایی فڵچە و ڕووبەر پڕکردنەوەی بەلاساییی فایەق حەسەن و سزان بوو، کە ئەو لاساییانە نەک هەر ئاساییە، بگرە سەرکەوتووشە بۆ هونەرمەند لەو سەرەتایانەیدا کە لە لاساییی گەورە و پێشەنگەکان خۆمان دەدۆزینەوە.


ئەو زۆر بە خێرایی فڵچەی دەوەشاند و ڕەنگەکانیش شوێنی خۆیان دەگرت بۆیە هەست دەکەی تازە کارەکەی کردووە.

شێوازی نیگارکێشانی ئیمریشینزمی گرتبووە بەر و کارەکانی بەو شێوازە دەناسرێنەوە، بەڵام پەیڕەوە پرەنسیپەکانی کاری ئەکادیمییەتیشی کردووە. ئەو کارانەی بەر لە گرتن و شەهیدکردنی کردبوونی کاریگەریی شێوازی کێوی بەسەر زاڵە. ئەگەر بەوردی بڕوانین لە شێوەی کارکردنی و کاریگەریی مۆدێرنە پێیەوە، دەگەینە ئەوەی ئەگەر سەلمان بمابایە ئێستا بەشێوازی ئەبستراکت کاری دەکرد و لەو بوارەش زۆر سەرکەتوو دەردەکەوت لەسەر ئاستی عێراقدا.

فیگەرەکانی بە زۆری کاسبکار و حەماڵ بوون، فیگەرەکانی کورتیلە بوون و پێکهاتەیان لە قەرەباڵغیدا لە کاری (برۆکل) دەچوو.

ئەو سێ ساڵەی ئەو نیگارکێشە تێیدا ژیاوە بەقەد دەیان نیگارکێشی نەک ئاسایی بگرە چاک نیگاری کێشاوە، بۆیە ئەو سامانێکی بەگرانبەهایی بۆ بەجێ هێشتووین کە چەند تابلۆیەکی بووەتە موڵکی زاموا و شوان عاسیی هاوڕێی هەندێکی لایە و کارەکانی تریشی لەلای دایکیەتی.

بیرمان نەچێت لە شاری ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی دهۆک وەک ڕێز و وەفایەک بۆ ئەم هونەرمەندە بەڕێزە گەلەرییەک بەناوی (گەلەری شەهید سەلمان) کراوەتەوە.



سروشتی بێگیان

70 x 100 CM 1986



سروشتی بێگیان

70 x 50 CM 1986



کرێکارو سەرمایەدار

70 x 65 cm 1987



بۆردومانی ساڵانی هەشتاکان بەسەر سلێمانی

70 x 50CM 1986



کێشەی خەڵک لە لادێیەک 70 x 50CM 1986



رەنگی ئاوی – شاخی ئەزمەر

20 x 30CM 1986




رەنگی چەور – بناری گۆیژە

20X30 CM



رەنگی چەور –خێزانێکی هەژار

20X40 CM




رەنگی چەور – سروشتی بێگیان

22X30 CM



رەنگی ئاوی –حیکایەتی شەوانی زستان

22X27CM



12X15 CM


رەنگی ئاوی - حسابوونکەران - سلێمانی




پۆرترێت ١٩٨٧ 54X67 CM









# گەڕان
# بە دوای ئێستای ونبوودا

میلان کوندێرا

بەشی پێنجەم

١

لە ناوجەرگەی ئیسپانیادا، لە شوێنێک لە نێوان بەرشەلۆنە و مەدریددا، دوو کەس لە باڕی وێستگەیەکی بچووکدا دانیشتوون: پیاوێکی ئەمەریکی و کچێک. ئێمە هێچیان لە بارەوە نازانین، جگە لەوەی چاوەڕوانی ئەو شەمەندەفەرەن بۆ مەدرید دەچێ، دەبێ کچەکە لەوێ نەشتەرگەرییەکی بۆ بکرێ. زۆر ئەگەری ئەوە هەیە نەشتەرگەرییەکی لە بار بردن بێ (ئەو وشەیە هەرگیز بەکار ناهێنرێ). ئێمە نازانین ئەمانە کێن، تەمەنیان چەندە، ئاخۆ یەکتریان خۆش دەوێ یان نا، ئێمە ئەو هۆیانە نازانین کە بۆ ئەم بڕیارە پاڵی ناون. لە گەڵ ئەوەشدا گفتوگۆکەیان بە وردییەکی ناوازە گواستراوەتەوە، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی نە هیچ لەبارەی پاڵنەرەکەیان نە ڕابردوویان تێ بگەین.

کچەکە دوودڵە و پیاوەکە هەوڵ دەدا هێوری بکاتەوە: «بە ڕاستی نەشتەرگەرییەکی ئێجگار ئاسانە، لە ڕاستیدا هەر نەشتەرگەریی نییە، جیگ»، ئەمجا: «لەگەڵت دێم و بە درێژاییی کاتەکە لە لات دەمێنمەوە.» ئەمجا: «دوای ئەوە جارێکی تر هەموو شتێک باش دەبێ. هەروەکو جاری جاران.» کاتێ تەنیا سووسەی بچووکترین پەستیی کچەکە دەکا، دەڵێ: «ئەگەر تۆ ناتەوێ، پێویست ناکا. من نامەوێ بیکەی، ئەگەر تۆ خۆت نەتەوێ.» لە کۆتاییدا جارێکی تر: «دەبێ بۆت ڕوون بێ، من نامەوێ، تۆ بیکەی، گەر تۆ خۆت ناتەوێ. من بەتەواوی بەوە ڕازیم، با شتەکان بە

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ

هێمنیی ڕەوتی خۆیان وەرگرن، ئەگەر تۆ ئەوەت بە لاوە گرنگ بێ.».

مەزەندەی گومانی ئاکاریی لە پشتی بەرهەڵستییەکانی کچەکەوە دەکرێ. لە کاتێکدا لە دیمەنی سروشت ڕادەمێنێ دەڵێ: «ئێمە دەتوانین خاوەنی هەموو شتانە بین و دەتوانین هەموویمان هەبێ و هەمیشە هەموو ڕۆژێ مەحاڵتری دەکەین [...]»

پیاوەکە دەیەوێ هێمنی بکاتەوە: «دەتوانین ببینە خاوەنی هەمووی [...]»

«نەخێر، ئیتر نا. ئەگەر جارێک لە یەکێک شتێک زەوت کرابێ، هەرگیز دەستی ناکەوێتەوە.»

کاتێ پیاوەکە جارێکی تر دەیەوێ دڵنیای بکاتەوە، کە نەشتەرگەرییەکە بێ مەترسییە، کچەکە دەڵێ: «دەتوانی ئێستا یەک چاکییەکم لە گەڵدا بکەی؟»

«من هەموو شتێک بۆ تۆ دەکەم!»

»دەتوانی تکایە، تکایە، تکایە، تکایە، تکایە، تکایە، تکایە، بێدەنگ بی؟«

پیاوەکە: «بەڵام خۆ من نامەوێ تۆ بیکەی. بۆ من شتەکە بە ڕاستی گرینگ نییە.»

کچەکە دەڵێ: «ئێستا یەکسەر دەقیژێنم.»

لەم چرکەساتەدا گرژیی دەگاتە چڵەپۆپەی. پیاوەکە هەڵدەستێتە سەر پێ، بۆ ئەوەی جانتاکان بەرێتە ئەو بەرەوەی وێستگەکە، کاتێ دەگەڕێتەوە، دەپرسێ: «باشتری؟»

کچەکە دەڵێ: «من زۆر باشم. لە هیچم کەم نییە. من زۆر باشم.» ئەمانە دوا وشەکانی هەمەنگوەینە لە چیرۆکی بەناوبانگی 'گردی وەکو فیلی سپی'دا.

٢

سەیروسەمەرەیی لەم چیرۆکە پێنج لاپەڕییەدا ئەوەیە، دەستپێک لە دیالۆگەکەوە، مرۆڤ دەتوانێ وێنای لە ژماردن نەهاتوو بکا: پیاوەکە ژندارە و دۆستەکەی ناچار دەکا منداڵەکە لە بار بەرێ، بۆ ئەوەی ژنەکەی بپارێزێ؛ ڕەبەنە و ئارەزوو لە باربردنەکە دەکا، لەبەرئەوەی ترسی لەوە هەیە ژیان لە خۆی سەخت بکا؛ بەڵام شیاویشە، خۆنەویستانە ڕەفتار بکا و پێشبینی ئەو سەختییانە دەکا، لەوانەیە منداڵێک بۆ کچەکەیان بخوڵقێنێ؛ لەوانەیە، مرۆڤ دەتوانێ وێنای هەموو شتێکی شیاو بکا، کە پیاوەکە نەخۆشییەکی قورسی هەیە و دەترسێ کچەکە بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکە بەجێ بهێڵێ؛ مرۆڤ دەتوانێ تەنانەت وێنای ئەوە بکا، منداڵەکە لە پیاوێکە، کچەکە لەبەر ئەم ئەمەریکاییە بەجێی هێشتووە، کە ئەویش لای خۆیەوە ئامۆژگاریی ئەوەی دەکا، منداڵەکە لە بار بەرێ، بەڵام ئامادەیە، لە حاڵەتی ڕازینەبوونی کچەکەدا ڕۆڵی باوک یاری بکا. ئەی کچەکە؟ لەوانەیە بە لەباربردنەکە ڕازی بووبێ، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی دڵدارەکەی بێ؛ لەوانەیە خۆی پێشدەستیی کردبێ، بەڵام هەردەم پتر ئەو پڕکێشییە لە دەست دەدا، هەتا کاتی لەباربردنەکە نێزیکتر ببێتەوە و هێشتا گوزارشت لە دوا بەربەرەکانی زارەکی دەکا، کە پتر ئاڕاستەی ویژدانی

خۆی نەک هاوسەرەکەی بکا. لە ڕاستیدا دەتوانرێ شیمانەی چارەسەری بێکۆتا بدۆزرێتەوە، کە دەتوانن خۆیان لە پشتی دیالۆگەکەوە حەشار دابێ.

ئەوەی پەیوەندی بە ڕەوشی کەسەکانەوە هەیە، هەڵبژاردن لەمە کەمتر سەخت نییە: لەوانەیە پیاوەکە بەهەست بێ، هەستناسک بێ، ناسک بێ؛ لەوەیە خۆپەرست، فێڵباز، دووڕوو بێ. کچەکە لەوەیە بەسۆز، هەستناسک و زۆر ڕەوشتپاک بێ؛ بەڵام لەوانەشە حولحولی و ڕووکەش بێ و حەز بە فەرتەنەی شێتگیرییانە بکا.

هۆی دنەدەری ڕاستەقینەی ڕەفتاری هەردووکیان ئەوەندەی تر شاراوەتر دەمێننەوە، کە دیالۆگەکە زانیاری بە دەستەوە نادا، چۆن گوتەکان گوزارشتی لێ دەکرێن: خێرا، لەسەرخۆ، تەوساوی، ناسک، بەدئامێز، وەڕسکەر؟ پیاوەکە دەڵێ: «تۆ دەزانی کە خۆشم دەوێی.» کچە گەنجەکە وەڵام دەداتەوە: «دەزانم.» بەڵام ئەم «دەزانم»ە مانای چییە؟ بە ڕاستی لە خۆشەویستیی پیاوەکە دڵنیایە؟ یان بە تەوسەوە دەیڵێ؟ ئەی ئەم تەوسە چی دەگەیەنێ؟ کچە گەنجەکە بڕوای بە خۆشەویستیی پیاوەکە نییە؟ یان خۆشەویستیی ئەم پیاوە بۆ کچەکە هیچ بایەخی نەماوە؟

جگە لە دیالۆگ، چیرۆکەکە تەنیا وەسفە هەرە پێویستەکان لە خۆ دەگرێ؛ لە ڕێنوێنییەکانی دیمەنی شانۆگەرییەک کەمتر بابەتی نین. تەنیا دیمەنێک خۆی لەم ڕێسای دەست پێوەگرتنە دەرباز دەکا: دیمەنی گردە سپییەکانە، کە لە ئاسۆدا دەکشێ؛ چەند جارێک دەگەڕێتەوە، هاوڕێ لە گەڵ خوازەیەکدا، ئەمەش تاقە خوازەیەکی چیرۆکەکەیە. ئەمەیش هی گێڕەرەوە نییە، بگرە کچە گەنجەکەیە؛ کاتێ لە گردۆڵکەکان ڕادەمێنێ، بە خۆی دەڵێ: «وەکو فیلی سپی دیارن.»

پیاوەکە قومێک لە بیرەکەی دەدا و دەڵێ: «من هەرگیز فیلی سپیم نەبینیوە.»

«نەخێر، بێگومان نەتدیوە.»

پیاوەکە دەڵێ: «لەوەیە بینیبێتم، کە تۆ نەخێر، بێگومان نەتدیوە دەڵێی، هیچ شتێک ناسەلمێنێ.»

لەم ڕستانەدا کاراکتەرەکان جیاوازییان ئاشکرا دەبێ، بەڵێ پێچەوانەی یەکتربوونیان ئاشکرا دەبێ: پیاوەکە پارێزێک لە ئاستی دۆزینەوەی شاعیرانەی کچە گەنجەکەدا دەردەبڕێ «من هەرگیز فیلی سپیم نەبینیوە»، کچەکە بۆ وەڵام دانامێنێ، بەوەی بەوە دەچێ سەرکۆنەی بکا، کە ئەو هەستی بۆ شیعر نییە «نەخێر، بێگومان نەتدیوە»، پیاوەکەش (وەکو سەرکۆنەکردنەکە بزانێ و حەساسیەتی پێی هەبێ) بەرگری لە خۆی دەکا «لەوەیە بینیبێتم».

دواییتر، کاتێ پیاوەکە کچەکە دڵنیا دەکاتەوە کە خۆشی دەوێ، کچەکە دەڵێ: «دەزانم. بەڵام ئەگەر بیکەم [واتە: ئەگەر من منداڵەکە لە بار ببەم، م. ک]، ئەمجا دیسان دڵت بەوە دەکرێتەوە، ئەگەر من بڵێم، کە شتەکان وەکو فیلی سپی دەردەکەون و تۆ جارێکی تر حەزت لێیان دەبێ، وا نییە؟»

«بەڵێ، بێگومان؛ ئێستاش من حەزم لێیەتی؛ تەنیا سووکوسانا ناتوانم بیر لە هیچ بکەمەوە.»

بەلای کەمەوە ئەم ڕەفتارە نایەکسانە لە بەرامبەر خوازەیەکدا دەتوانێ جیاوازی بخاتە نێوان ئەم دوو کاراکتەرەوە؟ کچە گەنجەکە ناسک و شاعیرانە، پیاوەکە پەخشانگەرا؟

بۆچی نا، مرۆڤ دەتوانێ وێنای ئەوە بکا، کە کچە گەنجەکە لە پیاوەکە شاعیرانەترە. بەهەمان شێوە مرۆڤ دەتوانێ لە دۆزینەوەی خوازەییدا شتێکی ڕواڵەتبازانە، زۆرزانانە، دەستکرد ببینێ: لەبەرئەوەی کچەکە دەیەوێ وەکو دانسقە و پڕ فەنتازی پێی سەرسام بن، خۆی بە ئاماژەی بچووکی شاعیرانەوە با دەدا. ئەگەر ئەمە وا بێ، دەبێ مرۆڤ لایەنی ئاکارگەرا و سۆزبزوێنی وشەکانی لەبارەی ئەو جیهانەی کە پاش لە باربردنی منداڵەکە هی ئەوان نامێنێ، پتر بۆ حەزی لە خۆدەرخستنی شاعیرانە لە قەڵەم بدرێ وەکو لە نیگەرانییەکی ڕاسەقینەی ژنێک، کە دەستبەرداری دایکایەتی دەبێ.

نەخێر، هیچ لەوانە نییە، ئەوەی خۆی لە پشتی ئەو دیالۆگە سانا و بێبایەخەوە حەشار داوە، ڕوونە. هەموو پیاوێک ڕەنگ بێ وەکو پیاوە ئەمەریکاییەکە ڕستەکان دەربڕێ، هەموو ژنێک ڕستەی هاوشێوە وەکو کچەکە. لەوانەیە پیاوێک ژنێکی خۆش بوێ یان نا، لەوانەیە درۆ بکا یان سەرڕاست بێ، شتی هاوشێوە دەڵێ. وەکو ئەم دیالۆگە لە کاتی خوڵقاندنی دنیاوە چاوەڕوانی ئەوە بێ لە لایەن ژن و پیاوی لە ژماردن نەهاتووەوە دەربڕدرێن، بەبێ ڕەچاوکردنی سایکۆلۆجیای فەردییان. مەحاڵە، ئەم کەسانە لە ڕوانگەیەکی ئاکارییەوە هەڵسەنگێندرێن، لەبەرئەوەی هیچ شتێکیان نەماوە بڕیاری لەسەر بدەن؛ لەو چرکەساتەوەی، لە وێستگە چاوەڕوانن، هەموو شتێک بە تەواوی بڕاوەتەوە؛ پێشووتر هەموو شتێکیان هەزار جار بۆ یەکتر ڕوون کردووەتەوە؛ هەزار جار مشتومڕی بەڵگەکانیان کردووە؛ لەم چرکەساتەی ئێستادا شەڕە کۆنەکەیان (مشتو مڕە کۆنەکەیان، دراما کۆنەکەیان) لەمیانەی گفتوگۆوە تەنیا کز دەردەکەوێ، بەوەی کە جگە لە وشە و تەنیا وشە هیچی تر نین.

٣

ئەگەرچی ئەم چیرۆکەکە زۆر ئەبستراکتە، لەبەرئەوەی بارودۆخێکی سەرەتایی وەسف دەکا، لە هەمان کاتدا ناوازە مکۆمە، بەوەی هەوڵ دەدا، ڕووبەری دیتن و بیستنی بارودۆخێک، بەتایبەتی هی دیالۆگەکە بگرێتەوە.

ئێوە هەوڵ بدەن دیالۆگێکی ژیانی خۆتان بهێننەوە بەرچاوی خۆتان، دیالۆگی شەڕێک یان دیالۆگێکی خۆشەویستی. بە بەهاترین و گرینگترین بارودۆخ بۆ هەردەم ونبوونە. ئەوەی دەمێنێتەوە، مانا ئەبستراکتەکەیەتی (من ئەو بۆچوونەم هەبوو، ئەو یەکێکی تر، من توندوتیژ بووم، ئەو پاشەکشەی کرد)، لەوەیە یەک یان دوو وردەکاریی، بەڵام دۆخی بیستن بینین لە سەرجەمی ڕەوتی خۆیدا لە دەست چووە.

نەک تەنیا هەر لە دەست چووە، مرۆڤ ئەم لە دەستچوونەی هەر پێیش سەیر نییە. مرۆڤ ملی

بۆ ئەم لە دەستچوونە کۆنکریتییەی هەنووکە داوە. مرۆڤ چرکەساتی ئێستا ڕاستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ لایەنە ئەبستراکتەکەی. ئەوە بەسە، ڕووداوێکی کە چەند سەعاتێک پێش ئێستا بە سەرت هاتووە بگێڕیتەوە: دیالۆگەکە بۆ پوختەیەکی کورت سنووردار دەبێ، دیمەنەکان بۆ چەند وتەیەکی گشتی. ئەمە تەنانەت بۆ بەهێزترین یادەوەرییەکانیش ڕاستە، کە وەکو بلێی ڕاچەنینگەرانە مۆرکی خۆیان بە ڕوحەوە دەخەملێنن: مرۆڤ بە وزەی هێندە بەر شەوارە کەوتووە، کە بۆ یەکێک دەرناکەوێ، ناوەڕۆکەکەی چەند ڕووکەش و هەژارە.

ئەگەر مرۆڤ لە واقیعێک بکۆڵێتەوە و مشتومڕی لەسەر بکا، مرۆڤ بەو جۆرە شرۆڤەی دەکا، وەکو لە ئەقڵماندا، لە یادەوەریماندا دەردەکەوێ. مرۆڤ واقیع تەنیا لە ڕابردوودا دەناسێ. مرۆڤ بەو جۆرە نایناسێ، وەکو چۆن لە چرکەساتی ئێستادا هەیە، لەو چرکەساتەدا، کە خۆی نمایش دەکا، لە ئارادایە. بێگومان چرکەساتی ئێستا یەکسان نییە بە یادەوەری. یادەوەری نەرێکردنی بیر چوونەوە نییە. یادەوەری شێوەیەکی بیرچوونەوەیە.

ئێمە دەتوانین شێلگیرانە یاداشتنامە بنووسین و هەموو پێشهاتەکان یاداشت بکەین. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان جارێکی تر بیرەوەرییەکانمان بخوێنینەوە دەرک بەوە دەکەین، کە لە تواناماندا نییە، تاقە وێنەیەکی مکۆممان بێنینەوە بەرچاو. لەوەش خراپتر: کە فەنتازیا بیتوانایە، بە فریای یادەوەریمان بکەوێ و ئەوی لە بیر چووە هەڵیچنێتەوە. چونکە هەنووکە، هەنووکەی مکۆم، بۆ ئێمە وەکو دیاردەیەک، وەکو بنەمایەک، ئێمە هەسارەیەکی نەناسراوە بۆ لێتۆژینەوە؛ ئێمە بێتوانایین، لە یادەوەریماندا ڕای گرین یان لە ڕێی فەنتازیامانەوە دای بڕێژینەوە. مرۆڤ دەمرێ، بەبێ ئەوەی بزانێ، چی بینیوە.

٤

من وام بۆ دەردەکەوێ کە ڕۆمان لە کاتێکی دیاریکراوی نەشونماکردنیدا ئەو پێویستییە دەناسێ، کاری پێچەوانە بۆ لەدەستدانی واقیعی هەنووکەی لە دەست چوو بکا. نۆڤێلەکەی بۆکاچێو نموونەیەکە بۆ ئەمە، ڕابردوو وەردەگۆڕێتە چی ئەبستراکتگەرایییەک، هەر ئەوەندەی بگێڕدریتەوە: ئەمە شێوەیەکی گێڕانەوەیە، کە بەبێ هیچ دیمەنێکی مکۆم، نێزیکەی بەبێ دیالۆگ، بەشێوەیەکی پوختەی شتە جەوهەرییەکانی ڕووداوێک، لۆجیکی هاوپێوەندی مێژووییەکمان پێ دەڵێ. ڕماننووسەکانی پاش بۆکاچیۆ گێڕەرەوەی نایاب بوون، بەڵام ئێستای مکۆم پەی پێ ببەن، نە گیروگرفتی ئەوان بوو نەیش جۆش و خرۆشیان. چیرۆکێکیان گێڕاوەتەوە، بەبێ ئەوەی بە پێویست لە دیمەنە مکۆمەکاندا وێنای بکەن.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دیمەن دەبێتە ڕەگەزی بنەمایی دارشتنی ڕۆمان (ئەو شوێنەی کە لێهاتوویی ڕۆماننووس دەردەکەوێ). لای سکۆت، لای بەلزاک، لای دۆستەیەڤسکی ڕۆمان وەکو زنجیرەیەک دیمەنی زۆر بەوردی وەسفکراو بە دیکۆرەکەیەوە، بە دیالۆگەکەیەوە، بە ڕووداوەکەیەوە؛

هەموو ئەو شتانەیشی کە بەم زنجیرە دیمەنەوە هاوپێوەند نییە، هەموو شتێکی کە دیمەن نییە، وەکو لاوەکی، بەڵێ تەنانەت وەکو زیادە سەیری دەکرێ و هەستی پێ دەکرێ. ڕۆمان بە سیناریۆیەکی زۆر دەوڵەمەند دەچێ.

هەر لەگەڵ دیمەن بووە ڕەگەزی بنەمایی ڕۆمان، لەوەیە پرسیاری ئەو واقیعییەتە قووت ببێتەوە، چۆن ئەمە لە چرکەساتی ئێستادا خۆی نمایش دەکا. من دەڵێم »لەوەیە«، چونکە لای بەلزاک یان دۆستەیەڤسکی پتر جۆش و خرۆشێکە بۆ دراماگەرایی وەکو جۆش و خرۆش بۆ شتی مکۆم، پتر شانۆ وەکو واقیع، کە هونەر سرووش دەداتە دیمەن. بە کردەوە ئەو ئێستاتێکە تازە سەرهەڵداوەی ڕۆمان (ئیستاتیکای قۆناخی دووەمی مێژووی ڕۆمان) لە ڕەوشی شانۆئامێزانەی دارِشتندا خۆی بەرجەستە دەکا: واتە لە دارِشتنێکدا کە چڕ بووەتەوە.

١) لە یەک پیلانبازیدا (بەپێچەوانەی دارِشتن لە شێوەی ڕۆمانی دەغەڵ، کە زنجیرەیەک پیلانبازیی جیاواز دادەڕێژێ).

٢) هەمان فیگور (ئەگەر فیگورەکان لە ناوەڕاستی ڕۆماندا ڕووداو بەجێ بهێڵن، کە بۆ سێرڤانتەس ئاسایی بوو، ئەوا بە هەڵە تەماشا دەکرێ)؛

٣) لە کاتێکی سنوورداردا (هەتا ئەگەر لە نێوان دەستپێک و کۆتاییی ڕۆماندا کاتێکی زۆر بەسەر بچێ، ڕووداوەکان تەنیا لە چەند ڕۆژێکی هەڵبژێردراودا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە شەیتانەکان چەند مانگێک درێژە دەکێشن، بەڵام ڕووداوە زۆر ئاڵۆزەکان بە سەر دوو، بگرە سێ، جارێکی تر بەسەر دوو و لە دووییدا بەسەر پێنج ڕۆژدا دابەش کراون).

لەم دارِشتنەی ڕۆماندا لەسەر شێوەی بەلزاک یان دۆستەیەڤسکی دەبێ سەراپای سەرجەمی ئاڵۆزیی پیلانگێڕیی، سەراپای دەوڵەمەندیی بیرۆکەکان (دیالۆگە گەورەکانی بیرۆکەکان لەلای دۆستەیەڤسکی)، سەراپای سایکۆلۆجی فیگورەکان کە لە تەنیا لە دیمەنەکاندا بە ڕوونی گوزارەیان لێ دەکرێ: لەبەرئەوەیە دیمەنێک وەکو لە شانۆدا بەشێوەیەکی دەستکرد پێک دەهێنرێ، بە چڕیی (تووشبوونی چەند جارە لەگەڵ یەک دیمەندا) بە توندییەکی مەحاڵی لۆجیکییەوە پەرەی پێ دراوە (بۆ ئەوەی ململانێی بەرژەوەندی و مەیلەکان بە ڕوونیی دەربخرێن)؛ بۆ ئەوەی گوزارە لە هەموو شتێک بکرێ کە جەوهەرییە (جەوهەری بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و ماناکەی)، دەبێ دەستبەرداری هەموو «ناجەهەری»یەک ببێ، واتە هەموو شتێک کە بێبایەخ، ئاسایی، ڕۆژانە، ڕێککەوت یان فەزای ڕووتە.

لای فلۆبێر (، هێمینگوەی لە نامەیەکیدا بۆ فۆکنەر دەنووسێ «وەستای هەرە ڕێزدارمان») ڕۆمان بواری شانۆگەرایی بەجێ دەهێڵێ. لە ڕۆمانەکانی فلۆبێردا کەسەکان لە دەوروبەرێکی ڕۆژانەدا تووشی یەک دەبن، کە (بەهۆی بێپەرواییانەوە، بەهۆی دەمشڕییانەوە، بەڵام بە هۆی فەزا و ئەفسوونیشیانەوە، کە بارودۆخێک جوان دەکەن و وا دەکەن لە بیر نەچنەوە) بەردەوام و دووبارە دەست دەخاتە ژیانی شەخسییانەوە. ئێما لە کلێسا لیۆن دەبینێ، بەڵام مجێورێکی کلێسا دەچێتە لایانەوە و بە قسە دوور و درێژ و بێماناکانی ڕاز و خواستی دوو بەدوویان دەپچڕێ. لە

پێشەکییەکەیدا بۆ مەدام بۆڤاری مۆنتەرلا تەوس بەم جۆر و شێوە نێزیکە میتۆدییە دەکا، مۆتیڤێکی دەقاودەق دژ بخاتە ناو دیمەنەکەوە، بەڵام تەوس لە جێگەی خۆیدا نییە؛ واتە ئەمە ڕەفتارێکی دەستکرد نییە، بگرە وەکو بڵێی دۆزینەوەیەکی بووناسییە: دۆزینەوەی بنەمای چرکەساتی ئێستا؛ دۆزینەوەی پێکەوەبوونی بەردەوامی شتی هیچوپووچ و درامایی، کە هەموو ژیانمان سەرچاوەی لێوە گرتووە.

تێگەیشتن لە شتی مکۆمی هەنووکە یەکێکە لەو مەیلە هەمیشەییانەی، کە لە فلۆبێرتەوە نەشونمای ڕۆمان دەنەخشێنێ: چڵەپۆپەی، پەیکەری ڕاستەقینەی ئەم مەیلە لە ئۆلیسیدا دەیدۆزێتەوە؛ لەسەر نێزیکەی نۆ سەد لاپەڕە جەیمس جۆیس هەژدە سەعاتی ژیانێک وەسف دەکا؛ بلووم لەگەڵ مەکۆی لەسەر جادە ڕادەوەستێ: لە تەنیا یەک چرکەدا، لە نێوان دوو وەڵامی بە دوای یەکهاتوودا، شتگەلی کە ژماردن نەهاتوو ڕوو دەدەن: مەنەلۆجی ناوەوەی بلووم؛ ئاماژەکانی (لە گیرفانیدا دەست لە زەرفی نامەیەکی خۆشەویستی دەدا)؛ هەموو ئەو شتانەی دەیانبێنێ (ژنێک سواری گالیسکەیەک دەبێ و لاقی پێشان دەدا)؛ هەموو شتێکی کە گوێی لێیە، هەموو شتێکی کە هەستی پێ دەکا. تاقە چرکەیەکی هەنووکە لای جۆیس دەبێتە بێکۆتاییەکی بچووک.

٥

لە هونەری داستانی و دراماتیکیدا جۆش و خرۆش بۆ شتی مکۆم بە هێزی جیاواز گوزارشت لە خۆی دەکا؛ پێوەندی نایەکسانی لەگەڵ پەخشاندا شایەدی ئەوە دەدا. لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا هونەری داستانی دەستبەرداری هۆنراوە دەبێ و دەبێتە هونەرێکی نوێ: هونەری ڕۆمان. ئەدەبی درامی دووابیتر و زۆر بە کاوەخۆتر لە هۆنراوەوە بەرەو پەخشان دەچێ. ئۆپرا لەویش درەنگتر، لە وەرچەرخانی سەدەی نۆزدەوە بۆ سەدەی بیست، لە گەڵ چارپێنتیر (لویسە، ١٩٠٠)، لەگەڵ دێبوسی (پیالیا و مێلیساند، ١٩٠٢، پارچەیەک کە لە سەر بنەمای شێوازێکی بە هێزی پەخشانە شیعر دانرابوو) و، لەگەڵ یاناچەک (یەنوفا، لە نێوان ١٨٩٦ و ١٩٠٢دا دانراوە). بە ڕای من دوابیترینیان گرینگترین ئیستاتیکای ئۆپرای لە قۆناخی هونەری مۆدێرندا داهێنا. من دەڵێم «بە ڕای من»، لەبەرئەوەی نامەوێ جۆش و خرۆشی خۆم بۆ یاناچەک بشارمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدا نیم کە بە هەڵەدا چووبم، چونکە دەستکەوتەکانی مەزن بوون: ئەو جیهانێکی نوێی بۆ ئۆپرا دۆزییەوە، جیهانی پەخشان. نامەوێ بانگەشەی ئەوە بکەم، کە ئەو تاقە کەس بوو (بێرگ بە ڤۆتسەکەوە، ١٩٢٥، کە یاناچەک بە جۆش و خرۆشەوە بەرگریی لێ دەکرد، تەنانەت پولێنس بە دەنگی مرۆڤەوە، ١٩٥٩، لەوەوە نێزیکن)، زۆر شێلگیرانە دوای ئامانجەکەی کەوتبوو، بە درێژاییی سی ساڵ، کە پێنج کاری بە بەهای نەمرەوە ئافراند: یەنوفا، کاتیا کابانۆڤا، ١٩٢١؛ ڕێوییە فێڵبازەکە، ١٩٢٤ شتەکەی ماکرۆپولۆس، ١٩٢٦ لە ماڵی مردووانەوە، ١٩٢٨).

وتم، ئەو جیهانی پەخشانی دۆزییەوە، چونکە پەخشان تەنیا شێوەیەکی جیاوازی وتار لە هەڵبەست نییە، بگرە ڕەهەندێکی واقیعە، ڕەهەندی ڕۆژانەی، مکۆمی، هەنووکەیەتی، کە بە دژوازی

ئەفسانەوەیە. ئێمە لێرەدا دەست لە قووڵترین قەناعەتی هەموو ڕۆماننووسێک دەدەین: هیچ شتێک لە پەخشانی ژیان شاراوەتر نییە؛ هەموو مرۆڤێک هەموو کات هەوڵ دەدا ژیانی بکاتە ئەفسانە، وەکو بلێی هەوڵ دەدا، ژیانی بگۆڕێتە سەر هەڵبەست، بە هەڵبەست (هەڵبەستی خراپ) دای پۆشێ. ئەگەر ڕۆمان هونەرێک بێ و نەک تەنیا «ژانرێکی ئەدەبی»، ئەمە لەبەرئەوەیە کە دۆزینەوەی پەخشان ئەرکێکی ئۆنتۆلۆجییە، کە جگە لەو هیچ هونەرێکی تر ناتوانێ بە تەواوی بەجێی بهێنێ.

بە ڕێگەی ڕۆمانەوە بۆ نهێنیی پەخشان، بەرەو جوانیی پەخشان (لەبەرئەوەی ڕۆمان هونەرە پەخشان وەکو جوانیی دەدۆزێتەوە)، فلاوبێر هەنگاوێکی گەورەی هاویشت. لە مێژووی ئۆپرادا یاناچەک نیو سەدە دواتر شۆڕشەکەی فلاوبێری بەجێ هێنا. بەڵام لە کاتێکدا ئێمە ئەم شۆڕشەمان لە ڕۆماندا زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو (وەکو دیمەنی نێوان ئێما و ڕۆدۆڵف لە بەردەم پشتینەی پێشانگەی کشتوکاڵیی لە جیناتی ڕۆماندا وەکو ئەگەرێکی کردەیی خۆ لێ لانەدراو نەخشەی بۆ کێشرابێ)، لە ئۆپرادا زۆر ڕاچڵەکێنتر، پڕکێشترە، چاوەڕواننەکراوترە: دژوازیی بنەماگەی ناواقیعی و شێوازگەریی توندڕەو دەکا، وا دەردەکەوت وەکو جودا نەکراوە بە گەوهەری ئۆپراوە بەسترابێ.

بەو ئەندازەیەی چۆن مۆدێرنخوازە مەزنەکان لە بواری ئۆپرادا هەوڵیان دا، زۆرجار ڕێگەیەکی شێوازگەریی ڕادیکاڵتریان گرتە بەر وەکو لە پێشینەکانیان لە سەدەی نۆزدەدا: هۆنێگەر ڕوو دەکاتە بابەتی داستان و سوژێتی ئینجیل. کە شێوەیەکی ناچەسپاوی نێوان ئۆپرا و پارچە موزیکی ئاینی درێژی پێ درا؛ تاقە ئۆپراکەی بارتۆک چیرۆکێکی ڕەمزی وەکو بابەت هەیە؛ شۆنبێرگ دوو ئۆپرای داناوە: یەکێکیان مەجازییە، دیمەنێکی توندڕەو، نێزیکە شێتیی بە دیمەنەکەی تر دەبەخشێ. هەموو ئۆپراکانی ستراڤینسکی لە دەقی هەڵبەست ئامێز سەرچاوە دەگرن و هەتا ئاستێکی بەرز شێوازگەران. بەو ئەنجامە یاناچەک نەک هەر دژی نەریتی ئۆپرا، بگرە دژی ئاراستەگەریی سەروەری ئۆپرای مۆدێرندا وەستایەوە.

٦

هێڵکارییەکی ناودار: پیاوێکی بچووکی سمێڵدار بە قژی سپی پڕەوە بە دەفتەرێکی کراوەوە لە دەستیدا پیاسە دەکا و ئەو گوزارشتانەی بە نۆتە تێدا دەنووسێتەوە کە لە جادە گوێی لێیان دەبێ. ئەمە جۆش و خرۆش بوو: زمانی زیندوو لە نۆتەدا دابڕێژرێ؛ نێزیکەی سەد لەم «تۆنی زمانی قسەپێکراوانە» لێ بەجێ ماوە. ئەم کردارە سەیرە لە دیدی هاوچاخەکانییەوە لە باشترین حاڵەتدا وەکو مەلێکی سەیر یان لە بەدترین حاڵەتدا وەکو ساکارێک سەیری دەکەن، کە تێ نەگەیشتوون موزیک دەستکەوتێکی داهێنەرانەیە نەک لاساییکردنەوەیەکی سروشتگەرای ژیان.

بەڵام پرسیارەکە ئەوە نییە: ئاخۆ مرۆڤ لاساییی ژیان بکاتەوە یان نا؟ پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ دەبێ موزیکژەن دان بە بوونی جیهانی دەنگ لە دەرەوەی موزیکدا بنێ و لێی بکۆڵێتەوە؟ لێکۆڵینەوەکانی زمانی ئاخاوتن دەتوانن دوو ڕەهەندی بنەمایی موزیکی یاناچەک ڕووناک بکەنەوە:

١) ڕەسەنێتی میلۆدی: بەوە دەچێ لە کۆتاییی ڕۆمانتیکییەتدا ئەستێرکی میلۆدی موزیکی ئەورووپی گەیشتبێتە کۆتایی (بە ڕاستی ژمارەی گۆڕینەکان بەپێی زانستی ژمارە بۆ حەوت یان یازدە سنووردار کرابن)، زانینی تەواوی تۆنی دەنگەکان، کە نەک لە موزیک، بگرە لە جیهانی بابەتیی زمانەوە سەرچاوە دەگرن، دەروازەیەکی سروشیی تر بۆ یاناچەک دەخوڵقێنێ، سەرچاوەیەکی تری فەنتازی میلۆدی؛ لە بەرئەنجامدا میلۆدیاکانی (ڕەنگبێ ئەو دوا میلۆدیکاری مێژووی موزیک بێ) سروشتێکی زۆر تایبەتیان هەیە و یەکسەر دەناسرێنەوە:

ئـ) بەپێچەوانەی دروشمی ستراڤینسکییەوە «دەست بە ماوەی نێوانەوە بگرن، وەکو دۆلار مامەڵەیان لەگەڵ بکەن» چەندان ماوەی نێوانی ناوازە درێژ لە خۆ دەگرن، کە هەتا ئەو کاتە لە میلۆدیایەکی «جوان»دا مایەی بێلێکردنەوە نەبوون؛

ب) زۆر کورت و چڕن و لەگەڵ تەکنیکی باودا مەحاڵە پەرەیان پێ بدرێ، بکشێن، کاریان تێدا بکرێ؛ تەکنیکەکان یەکسەر هەڵە، دەستکرد، «درۆزنانە» دەریان دەخەن، باشتر بڵێین: بە تەرزی خۆیان گەشە دەکەن: یان دووبارە (ڕکابەرانە دووبارە دەکرێنەوە) یان بەشێوەی وتەی گوتراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ: بۆ نموونە هەتا بێ پتر چڕ دەکرێنەوە (بە سەرمەشقی یەکێکی، کە ورک دەگرێ، دەپارێتەوە)، هتد؛

٢) ئاراستەگەراییە سایکۆلۆجییەکەی: ئەوەی بە لای یاناچەکەوە بە پلەی یەکەم لە کاتی تۆژینەوە لە زمانی ئاخاوتن گرینگ بوو، ڕیتمی تەیباتمەندی زمانی (چیکی) نەبوو، هونەری ڕێکخستنی هۆنراوە (لە ئۆپراکانی یاناچەکدا وتنی هۆنراوە؛ بە موزیکەوە لە ئارادا نییە)، بگرە ئەو کاریگەرییەی، کە باری دەروونیی هەنوکەییی قسەکەر لەسەر بە تۆنی دەنگی ئاخاوتن هەیەتی؛ یاناچەک هەوڵی دا، لە سێمانتیکی میلۆدییەکان تێ بگا (بەم تەرزە وەکو پێچەوانەی ستراڤینسکی دەردەکەوێ، کە توانای تەعبیرکردنی بە موزیک نەدا؛ بۆ یاناچەک تەنیا نۆتە، کە گوزارشتە، کە سۆزە مافی لە ئارادابوونی هەیە)؛ بەوەی یاناچەک لە پەیوەندی نێوان بە تۆنی دەنگ و هەست و سۆزی کۆڵییەوە، وەکو ئاوازدانەر گەیشتە بەرچاوڕوونییەکی سایکۆلۆجیی دەگمەن؛ شێتگیریی سایکۆلۆجی ڕاستەقینەی (با بیر لەوە بکەینەوە کە ئەدۆرنۆ لای ستراڤینسکی باسی «شێتگیریی دژەسایکۆلۆجی» دەکا) سەرجەمی کارەکانی خەملاندووە؛ لەبەرئەوە بەتایبەتی ڕووی کردە ئۆپرا، چونکە لەوێ ئەو توانایەی «هەست و سۆز بە مۆسیقا پێناسە بکا»، باشتر لە شوێنێکی تر بە واقیع بکا و بسەلمێنێ.

٧

گفتوگۆ لە ڕاستیدا، لە ئێستای کۆنکرێتیدا چییە؟ ئێمە نایزانین. ئێمە تەنیا دەزانین، کە گفتوگۆکان لەسەر شانۆ، لە ڕۆمان و تەنانەت لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا یەکسانی گفتوگۆی واقیعی نین. بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێک بوو لە کەڵکەڵە هونەرییەکانی هەمەنگوای: پەی بە بنەمای

گفتوگۆیەکی واقیعی ببرێ. با هەوڵ بدەین ئەم بنەمایە پێناسە بکەین، بەوەی بە دیالۆگی شانۆ بەراوردی بکەین:

ئـ) لەسەر شانۆ: چیرۆکی درامایی لە دیالۆگدا و لە ڕێی دیالۆگەوە بە واقیع دەکرێ؛ کەواتە ئەمە سەرجەم و بە تەواوی لە گرێچنییەکەدا چڕ بووەتەوە، لە ماناکەیدا، لە ناوەڕۆکەکەیدا؛ لە واقیعدا: دیالۆگ بە شتی ڕۆژانە چوار دەور دراوە، کە دەیپچڕێ، دوای دەخا، کار لە گەشەکردنی دەکا، لە بابەت لای دەدا، ناسیستەماتیک و نامەنتیقی دەکا.

ب) لەسەر شانۆ: دیالۆگ دەبێ تێگەیشتووترین، ڕوونترین وێنای درامایی کێشمەکێش و کەسەکان بە بینەران بگەیەنن؛ لە واقیعدا: ئەو کەسانەی گفتوگۆ دەکەن، یەکتر دەناسن و بابەتی گفتوگۆکان دەزانن؛ کەواتە دیالۆگەکەیان بۆ کەسی سێیەم جێگەی تێگەیشتن نییە؛ مەتەڵ ئاسا دەمێنێتەوە؛ وەکو توێژێکی تەنکی گوتراو بە سەر بڕەیەکی بێکۆتای نەگوتراوەوە.

پ) لەسەر شانۆ: کاتی دیاریکراوی نمایش مەرجداری بەکارهێنانی هەتا بڵێی کەمیی وشەگەلی دیالۆگ دەکا؛ لە واقیعدا: کەسەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو تێمایانەی پێشووتر باسیان کردووە، خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ئەوەی هەر ئێستا وتوویانە ڕاستی دەکەنەوە ...هتد؛ ئەم دووبارەکردنەوانە و بێ سەلێقییانە شتێک لە بیرۆکە چەسپاوەکانی کەسەکان ئاشکرا دەکەن و میلۆدیایەکی تایبەتمەند دەدەنە گفتوگۆکە.


هەمەنگوای نەک هەر تێگەیشتبوو، بنەمای دیالۆگی واقیعی بەرجەستە بکا، بگرە، دەسپێک لەوێوە، فۆرمێکیش بخوڵقێنێ، فۆرمێکی ئاسان، دیوەدەریی، پاک و جوان، وەکو لە گردۆڵکەی وەکو فیلی سپیدا دەردەکەوێ: گفتوگۆی نێوان ئەمەریکاییەکە و کچەکە پیانۆ دەست پێ دەکا، بە سەرنجگەلی بێبایەخەوە؛ دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو وشانە، هەمان ئەو دەربڕینانە سەرجەمی چیرۆکەکە تەی دەکەن و یەکەیەکی میلۆدی پێ دەدەن (ئەم بە میلۆدیکردنەی دیالۆگ لای هەمەنگوای ئەوەندە ئاشکرایە، ئەوەندە سەرسامکەرە)؛ هاتە نێوانەوەی ژنە مەیگێڕەکە، کە خواردنەوەکان دەهێنێ، کرژییەکە ڕادەگرێ، کە لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هەڵدەچێ، لە نێزیکە کۆتاییدا دەگاتە چڵەپۆپە («تکایە، تکایە، تکایە»)، ئەمجا، بە دوا وشەکان، لە پیانیسیمۆیەکدا کۆتایی دێت.

٨

«لە ١٥ی شوباتی ١٩٢٢دا دەمەوئێوارە. لە زەردەپەڕی سات شەشدا، لەلای وێستگەکە. دوو کچی گەنج چاوەڕوانن.

لەسەر شۆستە بەرزەکە کچە بالآبەرزەکە هەڵدەلەرزی، گۆناکانی پەمەیی و تەندرست بوون و پاڵتۆیەکی زستانەی سووری لە بەردا بوو.

لە پڕ دەستی بە قسەکردن کرد:



ئێمە لێرە ڕادەوەستین، من دەزانم، کە ئەو نایەت

کچە یاوەرەکەی، بە گۆنای زەردهەڵگەڕاو و لە تەنوورەیەکی تۆخی هەژارانەدا، دوا تۆنی قسەکەی بە سەدای لێڵی، خەمگینی ڕوحی بڕی:



ئەوە گرینگ نییە

نەجووڵایەوە، نیوە یاخیگەریی، نیوە چاوەڕوانی.»

یەکێک لەو دەقانەی کە یاناچەک لەگەڵ نۆتەی مۆسیقیدا بە ڕێکوپێکیی لە ڕۆژنامەیەکی چیکیدا بڵاوی کردەوە.

با وێنای ئەوە بکەین، ئەو ڕستەیە «ئێمە لێرە ڕادەوەستین، من دەزانم، کە ئەو نایەت» گوتارێکی وشەیە لە چیرۆکێکدا، کە ئەکتەرێک بۆ بینەرانی دەخوێنێتەوە. لەوانەیە لە تۆنی خوێندنەوەیدا گوێمان لە شتێکی هەڵە بێ، گوایە ئەو ڕستەکە بەو جۆرە دەڵێ، وەکو مرۆڤ بتوانێ لە یادەوەریدا وێنای بکا؛ یان سووک و ئاسان بەو جۆرەی کە گوێگرەکانی بهەژێنێ. بەڵام مرۆڤ لە بارودۆخێکی واقیعیدا ئەم ڕستەیە چۆن دەڵێ؟ حەقیقەتی میلۆدی ئەم ڕستەیە کامەیە؟ حەقیقەتی میلۆدی چرکەساتی ونبوو کامەیە؟

گەڕان بەدوای هەنووکەی ونبوودا؛ گەڕان بە دوای حەقیقەتی میلۆدی چرکەساتێکدا؛، ئەو ئارەزووەی حەقیقەتی هەڵاتوو بدۆزیتەوە و بە توندی بیگری؛ ئەو خواستەی، نهێنیی واقیعی ڕاستەوخۆ پەی پێ بەری، کە هەموو کات لە ژیانمان ون دەبێ و بەو جۆرە دەیکاتە نەناسراوترین شتی جیهان. بە ڕای من گرینگیی ئۆنتۆلۆژی تۆژینەوەکانی زمانی ئاخاوتن لێرەدایە و لەوانەیە گرینگیی ئۆنتۆلۆجی سەرجەمی موزیکی یاناچەک لێرەدا بێ.

یەنوفا، پەردەی دووەم: دوای چەندان ڕۆژی تای جێخەوی منداڵی یەنوفا جارێکی تر هەڵدەستێتەوە و دەبیستێ، کە منداڵە تازە لەدایکبووەکەی مردووە. پەرچەکرداری غافڵگیرانەیە: «ئاوها مرد، فریشتەیەک لە بەهەشتدا.» بە هێمنیی ئەم ڕستانە بە گۆرانی دەڵێ، زۆر سەیر سەری سوڕ ماوە، وەکو ئیفلیج، بەبێ قیژە و هاوار، بەبێ جووڵە. هێڵی میلۆدی چەند جارێک بەرز

دەبێتەوە، بۆ ئەوەی یەکسەر دابەزێتەوە، وەکو ئەویش ئیفلیجیی دای گرتبێ؛ جوانە، کەمەندگیرە، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری ئەوە بێ وردەکار بێ.

ڤیتەزلاف نۆڤاک، کاریگەرترین ئاوازدانەی ئەو کاتە، گاڵتەی بەم دیمەنە کردووە: «بە جۆرێکە وەکو یەنوفا گازاندە لە مردنی بەبەغاکەی بکا.» ئەم تەوسە ساکارە هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە. بێگومان مرۆڤ وێنای ژنێک کە لەبارەی مەرگی منداڵەکەی دەبیستێ ئاوا ناکا! بەڵام ڕووداوێک، کە مرۆڤ وێنای دەکا، زۆر شتی هاوبەشی لەگەڵ هەمان ڕووداودا نییە، ئەگەر بەو جۆرەی لە ڕاستیدا ئەگەر ڕووب دا. یاناچەک ئۆپراکانی یەکەمی لەسەر شانۆنامە بە ناو واقیعییەکان داناوە؛ لە کاتی خۆیدا ئەمە شکاندنی ڕێککەوتنەکان بووە؛ بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ویستی شتی مکۆمی هەبوو، تەنانەت فۆرمی پارچەی پەخشانی هەر زوو دەستکرد بۆ دەردەکەوت؛ واتە خۆی دەقەکانی دوو پڕکێشترین ئۆپراکانی نووسی، یەکێکیان، ڕێوی فێڵباز، لەسەر لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، دووەمیان لەسەر دیستۆڤسکی؛ نەک لەسەر ڕۆمانێک (تەڵەی گەورەتری نائاسایی و شانۆیی لە ڕۆمانەکانی دۆستەیەڤسکی گەورەتر نییە!)، بگرە لەسەر «ڕێپۆرتاژ»ێک لەبارەی مۆڵگەیەکی سزا لە سیبیریا: لە ماڵی مردووییەکەوە.

وەکو فلاوبێر یاناچەک بەپێکەوەبوونی ناوەڕوکی هەست و سۆزی جیاوازەوە لە یەک دیمەندا سەرسام بوو (وەکو فلاوبێر حەزی لە «مۆتیڤی ناکۆک» بوو)؛ لای ئەو ئۆرکسترا جەغد لە ناوەڕۆکی سۆزگەرییانەی گۆرانی ناکا، زۆرجار دژوازی دەکا. دیمەنێک لە ڕێوی فێڵبازدا بەردەوام زۆر دەیهەژاندم: لە میوانخانەی دارستانەکەدا، دارستانەوانەکە و مامۆستاکە و ژنەکە لەگەڵ خاوەنی میوانخانەدا قسە دەکەن: هاوڕێ ئامادەکانیان بیر ناکەوێتەوە، خاوەنی میوانخانەکە، کە لەو ڕۆژەدا لە شارە، ڕەبەنەکە، کە باری کردووە. ژنێک، کە مامۆستاکە حەزی لێی کردبوو و لەو ڕۆژەدا شوو دەکا. گفتوگۆکە زۆر بێبایەخە (لە پێش یاناچەک مرۆڤ نەیتوانیوە لەسەر شانۆیەکی ئۆپرا دۆخێکی هێندە نادرامایی و بێبایەخ ببینێ)، بەڵام دەنگی ئۆرکستراکە هێندە خەمگینە خەریکە تەحەمول نەکرێ، کە بەهۆی ئەمەوە ئەم دیمەنە دەبێتە یەکێک لە شیوەنە جوانەکان، کە لەبارەی بەسەرچوونی کات نووسراوە.

٩

چواردە ساڵ بەڕێوەبەری ئۆپرای پراگ، کۆڤارۆڤیچ ناوێک، مایسترۆ و تەنانەت ئاوازدانەرێکی خوار مامناوەندیش نەبوو، یەنوفای ڕەت کردەوە. کاتێ لە دواییدا دەستبەردار بوو (١٩١٦ خۆی مایسترۆی یەکەم نمایش بوو)، وازی لەوە نەهێنا، بوختانی ئەوە بۆ یاناچەک بکا، کە هەر بە ڕواڵەت هونەرییە، گۆڕانکارییەکی فرەی لە پارتیتۆرەکەدا کرد و، ئۆرکستراکەی چاک کردەوە و تەنانەت زۆر شتی لێ لابرد.

ئاخۆ دەبێ یاناچەک لە دژی یاخی نەبووبێ؟ بێگومان، بێگومان، بەڵام وەکو دەزانین هەموو شتێک وا بەستەی پێوەندییەکانی هێزە. ئەو بێهێزەکە بوو. تەمەنی شەست و دوو ساڵ بوو و بە

کردەیی نەناسراو بوو. ئەگەر زۆر بەرخودانی بکردایە، لەوانەبوو دە ساڵی تر چاوەڕوانی پێشکێشکردنی ئۆپراکەی بووایە. تەنانەت هەوادارەکانی، بەهۆی سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوەکەی وەستاکەیانەوە شاگەشکە بوون، هەموو بە یەکدەنگ لەو بڕوایەدا بوون: کۆڤارۆڤیچ کارێکی نایابی ئەنجام داوە! بۆ نموونە دوا دیمەن!

دوا دیمەن: دوای ئەوەی منداڵە ناشەرعییەکەی یەنوفا بە خنکاوی دەدۆزرێتەوە، دوای ئەوەی زڕدایکی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و پۆلیس دەسگیری دەکا، یەنوفا و لاتسا بە تەنیا دەمێننەوە. لاتسا، ئەو پیاوەی، کە یەنوفا لە پیاوێکی تری بە باشتر زانی و هێشتا هەر خۆشی دەوێ، بڕیار دەدا لەلای بمێنێتەوە. ئەم ژن و پیاوە جگە لە کلۆڵیی، شەرم، دوورخستنەوە چاوەڕوانی هیچی تر ناکا. ڕەوشێکی بێ وێنە: وەرەڕووخاو، خەمگین و لەگەڵ ئەوەیشدا بەبەزەیییەکی بێسنوور هەڵگیراوە. هارپ و ژێدار، دەنگی ناسکی ئۆرکستراکە؛ دراما گەورەکە بەرەو کۆتایی دەچێ، چاوەڕواننەکراو تێکەڵی گۆرانییەکی هێمن دەبێ، هەژێنەر و پەنهان.

ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ ئۆپرایەک بەو جۆرە کۆتایی پێ بهێنێ؟ کۆڤارۆڤیچ ئەم کۆتاییەی کردە وێنەیەکی بەرزی ئەوین. کێ پڕکێشیی ئەوە دەکا شتێکی دژی وێنەی بەرز هەبێ؟ بەڵام هیچ شتێکیش لە وێنەی بەرز ساناتر نییە: مرۆڤ ئامێری فوودەری بۆ زیاد دەکا، کە جەغد لە لاساییکردنەوەی فرەدەنگیی میلۆدیاکە بکا. کردەیەکی کاریگەر، هەزار جار سەلمێنراو. کۆڤارۆڤیچ لە پیشەکەی خۆی تێ دەگەیشت.

لەلایەن هاووڵاتییە چیکییەکانییەوە ئافەرۆزکراو و ڕیسواییپێکراو، یاناچەک لە ماکس برۆد کۆمەکی شێلگیر و دڵسۆزانەی دۆزییەوە. بەڵام کاتێ برۆد پارتیتوری ڕێوی فێڵباز دەخوێنێتەوە، بە کۆتاییەکەی نارازییە. دوا وشەکانی ئۆپراکە: گەمەیەک، کە بۆقەکە بە لاڵەپەتەیی بۆ دارستانەوانەکەی دەگێڕێتەوە: "ئە ئە ئەوی لە لە لەو بڕوایەدان دەیبینن، ئەوە م م من نیم. یێ یێ ئەوە باوکە گەورەمە." برۆد لە نامەیەکدا نارەزایی دەردەبڕێ و دەنووسێ: "مەحاڵە بە بۆقێک کۆتاییی پێ بهێنرێ" و وەکو دوا ڕستەی ئۆپراکە بەیانکردنێکی بەشکۆ پێشنیاز دەکا، کە دەبێ دارستانەوانەکە بە گۆرانی بیڵێ: لەبارەی نوێبوونەوەی سروشت، وزەی هەمیشەییی لاوێتی. وێنەیەکی بەرزی تر.

بەڵام ئەم جارە یاناچەک گوێڕایەڵ نابێ. لەبەرئەوەی لە دەرەوەی وڵات دانی پێدا دەنرێ، لاواز نەماوە. لە پێش یەکەم نمایشی لە ماڵێکی مردووانەوە جارێکی تر بیهێزە، لەبەرئەوەی مردووە. کۆتاییی ئۆپراکە وەستایانەیە: پاڵەوانەکە لە ئۆردووگا بەردەدرێ. زیندانییەکان هاوار دەکەن: "ئازادیی! ئازادیی!". ئەمجا پاسەوان دەنەڕێنێ: "مارش!"، ئەمانە دوا وشەکانی ئۆپراکەن، کە بە ڕیتمی دڵڕەقانەی کاری زۆرەملێ کۆتایی دێ، کە لە ڕێی بەکارهێنانی دەنگی موزیکیی زنجیرەکانەوە جەغدی لێ دەکرێتەوە. یەکەم نمایش، کە پاش مردنی کرا، لەلایەن قوتابییەکی یاناچەکەوە ڕێبەری کرا (هەمان ئەو کەسەی، کە دەستنووسی تەواونەبووی پارتیتورەکەی بۆ چاپ ئامادە کرد). کەمێک هەڵپاچ و داپاچی لە دوا لاپەڕەکاندا کرد: هاواری "ئازادیی! ئازادیی!"

دیسان لە کۆتاییدا دانرایەوە، کۆتاییەکی درێژی خرابووە سەر، کۆتاییەکی خۆشنوود، وێنەیەکی بەرز (یەکێکی تر). ئەمە خستنە سەر نییە، کە مەبەستی دانەر بەشێوەیەکی ناپێویست درێژەی پێ دەدا؛ ئەمە نەرێکردنی ئەو مەبەستەیە؛ درۆی کۆتاییە، کە حەقیقەتی ئۆپرا دەسڕدرێتەوە.

١٠

بیـۆگـرافیـای هەمـەنگوەی، کـە جـەفری مـایەرس، پرۆفـیـسـۆری ئەدەب لـە یەکێک لە زانکۆکـانی ئەمـەریکادا، لە سـاڵی ١٩٨٥ نووسـیـویەتی هەڵدەدەمـەوە و ئەو بڕگـەیە دەخـوێنمـەوە کـە لەبارەی گردۆڵکەکان وەکو فیلی سپی نووسراوە. یەکەم شتێک کە بە دەستی دەهێنم: چیرۆکەکە "لەوانەیە گێڕانەوەی پەرچەکرداری هەمەنگوەی بێ بۆ دووگیانبوونی هادلی (ژنی یەکەمی هەمەنگوەی. م. ک.) بۆ دووەم جار". ئەو لێدوانەی بە دوادا دێت، کە من لە کەواندا سەرنجەکانی خۆمیان دەخەمە سەر:

»"بەراوردی گرد بە فیلی سپی، ئاژەڵی ناواقیعی، کە ڕەگەزی ناپێویست بەرجەستە دەکەن وەکو کۆرپەیەکی نەویستراو، بنەبڕکەرە بۆ مانای چیرۆکەکە (زۆر لەخۆکردن بۆ بەراوردکردنی فیل بە کـۆرپـەی نەویسـتـراو هـی هـەمـەنگوەی نیـیـە، بگرە هـی پرۆفـیـسـۆرە؛ ئەمـە بۆ ئەوەیە ڕاڤـەی سـۆزدارانەی چیـرۆکـەکـە ئـامـادە بکا). بەراوردەکـە دەبێتـە سـەرباس و دژوازیی نێـوان ژنە پڕ فـەنتـازیا، بـە دەشت و دەر هەژاوەکـە و پیـاوەکـە بە عـەقـڵـێکی تـەنگەتیـلانەوە، کـە ڕازی نابێ، گۆشـەنیگای ژنەکە وەرگرێ.[...] تێمـای چیرۆکەکە لە چەند جـەمسەرێکەوە پەرە دەستێنێ: شتی سـروشـتی دژی شـتی دەسـتکرد، شـتی هەسـتـەوەری دژی عـەقڵانی، شـتی تاودانەوە دژی شـتی چەنەبازیی، شـتی زیندوو دژی شـتی نەخـۆش (مـەبەسـتی پرۆفیـسۆر ئاشکرا دەبێ: ژنەکە بکرێتـە جـەمسـەری مۆراڵی ئەرێنی و پیاوەکە بکرێتە مۆراڵی نەرێنی). پیاوە خـۆپەرسـتـەکە (هیچ شـتێک ڕێمـان پێ نادا، پیـاوەکە بە خۆپەرست ناوزەد بکەین)، بە تەواوی ئامـادە نییـە بۆ هەست و سـۆزی ژنەکە قـبـووڵ بکا (هیچ شـتێک ڕێمـان پێ نادا بانگەشـەی ئەمـە بکەین)، پیـاوەکـە هەوڵ دەدا، بۆ لەباربردنی منداڵەکە قـەناعەتی پێ بکا، بۆ ئەوەی بە تەواوی وەکو پێشـووتر وابن. [...] ژنەکە، کـە بۆ ئەو لـە باربردن شـتێکی دژە سـروشـتـە، ترسـێکی زۆری لەوە هـەیە منداڵەکـە بکوژێ (نـاتوانێ منداڵەکە بکوژێ، لەبەرئەوەی هێشتا لەدایک نەبووە) و ئازار بچێژێ. هەموو ئەو شتانەی پیاوەکە دەیانڵێ هەڵەن (نـەخێر، هەمـوو ئەو شـتـانەی پیـاوەکە دەیانڵێ، وشـەگەلی سـادەی دڵنەوایین، تاقـە شـتی شیـاو لە بارودۆخێکی ئاوادا)، هەموو ئەو شـتانەی ژنەکە دەیانڵێ تەوسن (ئەگەری تر زۆرن قسـەکانی کچەکەیان پێ ڕوون بکرێتەوە). پیـاوەکە ژنەکە ناچار دەکا بەو نەشـتەرگەرییە ڕازی بێ ("من نـامـەوێ بیکەی، ئەگـەر خـۆت ناتەوێ"، دوو جـار دەیڵێ، هـیـچ شـتێکیش نایسـەلمێنێ، کە ئەو سەرڕات نییە)، بۆ ئەوەی خۆشەویستی پیاوەکە بە دەست بهێنێتەوە (هیچ شتێک نایسـەلمێنێ، کە جـارێک لـە جـاران خـودانی خـۆشـەویسـتـی پیـاوەکـە بووە یـان لە دەسـتی داوە)، بەڵام تەنیـا ئەو حـەقیقـەتە، کە پیاوەکە دەتوانێ داوای شتێکی وا لە ژنەکە بکا، ئەوە دەگەیەنێ کە ژنەکە هەرگیز

ناتوانێ جارێکی تر پیاوەکەی خۆش بوێ (هیچ شتێک ڕێمان پێ نادا بڵێین، پاش دیمەنی وێستگەکە چی ڕوو دەدا)، ژنەکە ئەم جۆرەی خۆوێرانکردن قبووڵ دەکا (وێرانکردنی ئاولەمەکە و وێرانکردنی ژنەکە هەمان شت نین)، دوای ئەوەی ژنەکە، وەکو ئەو مرۆڤەی دۆستەیەڤسکی لە ژێرزەمیندا وەسفی دەکا یان یووسف (ک.)ی کافکا گەیشتۆتە پلەیەکی دەبڵکردنی کەسایەتیی خۆی، کە تەنیا بیروڕای پیاوەکە ڕەنگ دەداتەوە: "ئەمجا دەیکەم. ئەمە پێوەندی بە منەوە نییە."

(ڕەنگپێدانەوەی بیروڕای یەکێکی تر دەبڵکردنی کەسایەتی ناگەیەنێ، ئەگینا هەموو ئەو منداڵانەی گوێڕایەڵی دایک و باوکیان دەبن، هاوشێوەی یووسف (ک) دەبڵ دەبوون.) ئەمجا ژنەکە لە پیاوەکە دوور دەکەوێتەوە و [...] دڵنەوایی لە سروشتدا دەبینێتەوە؛ لە کێڵگەی دەغڵ و داندا، لە دار و درەختدا، لە ڕووبار و گردە دوورەکاندا. لێوردبوونەوەی پڕ کامەرانیی (ئێمە هیچ شتێکمان سەبارەت بەو هەستانە، کە سروشت لە ناخی کچەکەدا بێداری دەکاتەوە دەست نەکەتووە؛ بەڵام بەهیچ جۆرێک پڕ کامەرانیی نین لە بەر وشە تاڵەکانی ڕاستەوخۆ دوای ئەوە)، کاتێ کچەکە بە گەڕان بە دوای کۆمەکدا چاو دەبڕێتە گردەکان، گۆرانی پیرۆزی ١٢١ بیر دەخاتەوە (هەتا شێوازی هەمەنگوەی پتر دەستی پێوە گیرابێ، ئەوەندە شێوازی ڕاڤەکەرەکەی دەستکردتر و درێژدادڕتره). ئەم ڕەوشی میزاجە لەلایەن پیاوەکەوە دەشێوێنرێ، کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، درێژە بە گفتوگۆکە بدات و (با چیرۆکەکە بە ئاگەدارییەوە بخوێنینەوە: ئەوە پیاوە ئەمەریکاییەکە نییە، کچەکەیە کە، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت دوور کەوتەوە، یەکەم جار دەس بە قسە دەکا و درێژە بە قسەکردن دەدا؛ پیاوەکە هەوڵی قسەکردن نادا و تەنیا دەیەوێ کچەکە هێور بکاتەوە)، کچەکە دەگەیەنێتە کەناری تەنگژەیەکی دەروونی. واتە کچەکە داواکارییەکی بە جۆش و خرۆش ئاراستەی کچەکە دەکا: «ئێستا دەتوانی چاکەیەکم لەگەڵدا بکەی؟ [...] تکایە، تکایە دەتوانی [...] بێدەنگ بی، کە "هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز"ی شالیرمان بیر دەخاتەوە (ناوهێنانی شێکسپیر بێمانایە هەر وەکو چۆن ناوهێنانی دۆستیەڤسکی و کافکا بێمانا بوو)."

با ئەنجامگیرییەکە کورت بکەینەوە:

١) لە ڕاڤەکەی پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییەکەدا چیرۆکەکە دەبێتە وانەیەکی ئەخلاقی: کەسەکان بەپێی هەڵوێستیان بۆ لەباربردن، کە هەر لە سەرەتاوە بە بەد مەحکوم دەکرێ. ژنەکە ("بە خەیاڵدار"، "بە دەشت و دەرەکە هەژاو") سروشتی، چالاک، بە سەلیقە، بە خۆدا گەڕاوە بەرجەستە دەکا؛ پیاوەکە وەکو ("خۆپەرست"، "تەنگەتیلە") شتی دەستکرد، عەقڵانی، چەنەبازیی، نەخۆشگەرایی (با بەسەر پێوە ئەوەش بزانین، کە لە وتاری مۆدێرنەدا لەبارەی ئەخلاق عەقڵانی بەد و زگماک باش بەرجەستە دەکا)؛

٢) نێزیکبوونەوە لە بیۆگرافیای نووسەر (و جێکردنەوەی ناپاکانەی girl بە woman) وامان تێ دەگەیەنێ، کە هەمەنگوەی خۆی ئەو پاڵەوانە نەرێنییە و نامۆراڵییەیە، کە بە یارمەتی چیرۆکەکە جۆرە دانپێدانانێک بەجێ دەهێنێ؛ لەم حاڵەتەدا دیالۆگەکە کاراکتەری

مەتەڵئامێزانەی خۆی لە دەست دەدا، کەسەکان نهێنییان نییە و بۆ یەکێک کە ژیننامەی هەمەنگوەی خوێندبێتەوە، شتەکان مکۆمن و بە ڕوونی دیاریکراون؛

٣) کاراکتەری ئیستاتیکی ئەسڵی چیرۆکەکە (دژە دەروونێتیی، داپۆشینی بە ئەنقەستی ڕابردووی کەسەکان، کاراکتەری نادراماتیکی... هتد.) ڕەچاو ناکرێ؛ لەوەش خراپتر، ئەم کاراکتەرە ئیستاتیکییە لادەبرێ.

٤) دەستپێک لە توخمە بنەماییەکانی چیرۆکەکە (پیاوێک و کچێک بۆ لەباربردنی منداڵێک سەفەر دەکەن)، پرۆفیسۆرەکە چیرۆکی خۆی دادەهێنێ: پیاوێکی خۆپەرست خەریکە ژنەکەی ناچاری لە باربردن بکا؛ ژنەکە ڕقی لە مێردەکەی دەبێتەوە، کە جارێکی تر هەرگیز ناتوانێ خۆشی بوێ.

٥) ئەم چیرۆکەی دووەم بە تەواوی کاڵوکرچە و تەنیا لە کلێشە پێکهاتووە؛ لە گەڵ ئەوەشدا لە بەر ئەوەی، کە بە دوای یەکدا بە دۆستەیەڤسکی، کافکا، ئینجیل و شکسپیر بەراورد دەکرێ (بۆ پرۆفیسۆرەکە لواوە، گەورەترین دەستەڵاتدارەکانی هەموو سەردەمەکان لە تاقە یەک بڕگەدا کۆ بکاتەوە)، پێگەی کارێکی گرینگ بەجۆرێک پاساو بۆ ئەو بایەخە دەداتەوە، کە پرۆفیسۆرەکە لەگەڵ هەژاریی ئەخلاقی نووسەرەکەیدا بەیانی دەکا.

١١

بەم تەرز و شێوەیە ڕاڤەیەکی بەکیچکراو مەرگ بۆ کاری هونەری دەهێنێ. نێزیکەی چل ساڵ پێش ئەوەی پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییەکە ئەم مانا مۆراڵییە بەسەر چیرۆکەکەدا بسەپێنێ، گردی فیلی سپی ئاسا لە فرەنسا لەژێر ناوی بەهەشتی ونبوو وەرگێڕراوە، ناونیشانێک کە هی هەمەنگوای نییە (چیرۆکەکە لە هیچ زمانێکی تری جیهاندا ئەو ناوەی هەڵنەگرتووە) و هەمان مانای (بەهەشتی ونبوو: بێگوناهیی پێش لە باربردن، بەختەوەریی دایکایەتییەک کە بەڕێوەیە... هتد.) دەگەیەنێ.

بە ڕاستی ڕاڤە بەکیچکراوەکە هەڵەیەکی شەخسی پرۆفیسۆرە ئەمەریکییەکە یان مایسترۆیەکی پراگی سەرەتای سەدەی بیست نییە (دوای ئەو زۆر مایسترۆی تر بە چاککرنەوەکانی یەنوفا قایل بوون)؛ ئەمە فریودانێکی لە نائاگایی دەستەجەمعییەوە سەرهەڵداو؛ چرپەی سۆفلیرێکی میتافیزیکییە؛ داواکارییەکی هەمیشەیی کۆمەڵگەیە؛ دەستەڵاتێکە. ئەم دەستەڵاتە نەک هەر هونەری لە چاوداوە، بگرە واقیع خودی خۆی. پێچەوانەی ئەوە دەکا کە فلاوبێر، یاناچەک، جۆیس، هێمەنگوای کردیان. پەردەی شتی سواو بە سەر چرکەساتی هەنووکەدا دەدا، بۆ ئەوەی ڕووی واقیع ون بکا.

بۆ ئەوەی تۆ هەرگیز بۆت دەرنەکەوێ چی ئەزموونێکت کردووە.

# ڕێی نێو تەم

میلان کۆندێرا

**تەوس چییە؟**

لە بەشی چوارەمی کتێبی پێکەنین و فەرامۆشیدا، کچە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، تامینا، پێویستی بەیاریدەی بیبیی هاودەمیەتی کە کچێکە تەمای خۆشیی لە نووسین ناوە. جا بۆ ئەوەی سۆزی بۆ خۆی ڕابکێشێت، تامینا بەنووسەرێکی گوندنشینی دەناسێنێت کە ناوی باناکایە. ئەم بۆ بیبی دەڵێت نووسەری ڕاستینەی ئەو ڕۆژگارە هونەری کۆنی ڕۆمانیان پێ لەبار نەماوە: "ڕۆمانێک بەری وەهمێکی مرۆڤینەیە. وەهمی ئەوەی کە دەتوانین لە بەرەی داهاتوومان تێ بگەین، بەڵام چی لەبارەی یەکترەوە دەزانین؟ [...] شتێکیش پێمان بکرێت هەر ئەوەیە کە یەک بەیەکەمان ڕاپۆرتێک لەبارەی خۆیەوە بنووسێت. [...] هەرچیش لە مەلا بێت درۆیە." هاودەمێکی باناکایش کە پرۆفیسۆری فەلسەفەیە: "هەر لە جەیمس جۆیسەوە دەزانین گەورەترین گیانبازیی ئێمە نەبوونی گیانبازییە. [...] ئۆدیسەی هۆمیرۆس بەرەو ناخی خۆی بووەتەوە، خۆی ناخاندووە." ئەم قسانەم دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە دەستبەجێ وەک تێهەڵکێش لە دەستپێکی ڕۆمانێکی فرەنساییدا دیتەوە. من شادییەکی زۆرم بەخۆم هات، شەرمیش دایگرتم چونکە ئەوەی باناکا و هاودەمەکەی بۆیان گوتم قسەی پەشمی ڕازاوە بوو. ئەوسا، لە حەفتاکاندا، ڕووم لە هەر کوێیەکی دەوروبەری خۆم دەنا بەر بای گوێم دەکەوت: هاتەرانێکی ئەکادیمی کە بەرگی بنیاتگەری و شیکردنەوەی دەروونیی لێ گیراوە.

کە هەر ئەم بەشی چوارەمەی کتێبی پێکەنین و فەرامۆشی لە چیکۆسلۆڤاکیا بەچاپێکی تایبەت

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور

بڵاو کرایەوە (بۆ یەکەم جار بڵاوکردنەوەی شتێک نووسیبێتم دوای بیست ساڵی قەدەغەکردن) لەتێک بڵاوکراوەم بەپۆست لە پاریس پێ گەیشت: کاکی ڕەخنەگرم لێ ڕازی بوو، وەک بەڵگەی بلیمەتیی بێگەردیشم ئەم قسەیەمی هێنابووەوە کە ئەو بەنەستەقی دانابوو: "هەر لە جەیمس جۆیسەوە دەزانین گەورەترین گیانبازیی ئێمە نەبوونی گیانبازییە" و بەولاترەوە. جا خۆشێکی زۆرم لێ هات کە لەسەر پشتی وڵاخی بەدحاڵیبوون بۆ وڵاتی باوک و باپیرانم گەڕاومەتەوە.

بەدحاڵیبوونەکە تێ دەگەم: من هەوڵم نەدا بەهای باناکاکەی خۆم و هاوەڵە پرۆفیسۆرەکەی کەل بکەم. قسەی خۆم دژی ئەوان ئاشکرا نەکرد، بەپێچەوانەوە، هەرچییەکم بۆ شاردنەوەی پێ دەکرا کردم، چونکە دەمویست بۆچوونی ئەوان بەو قسە لەبار و ڕۆشنبیرییانە پەردەپۆش بکەم کە هەموو کەسێک ئەوسا هاتبوونە پێش و وەک هۆشیان لێ بڕابێت لاساییان دەکردنەوە. قسەی ئەوانم بکردایەتە هاتەران و زۆرم لێ بگوتایە، کە کات بۆ ئەو جۆرە کارە لەبار نەبوو، ڕەنگی ئەو شتەی لێ دەنیشت کە بەساتیر ناو دەبردرێت. ساتیر هونەری گوزارەیە؛ بێ ئەوەی گومانی لە ڕاستیی خۆی هەبێت گاڵتە بەو هەموو شتە دەکات کە بڕیاری داوە بەرەنگاری ببێتەوە. ئەوەی لە نێوان ڕۆماننووس و پاڵەوانەکانیدا بەرپایە ساتیر نییە، تەوسە. بەڵام تەوس، کە بەپێناسە قسەی بەرپەنایە، چۆن دیار دەکەوێت؟ لە ڕەوتی باسدا: قسەی باناکا و هاوڕێکەی جێی خۆیان لە شوێنێکدا خۆش کردووە ئاماژە و ڕووداو و وشەی وا پێکەوەیان ناوە قسەکان پەردەپۆش دەکەن. ئەو دنیا گوندییە بچووکەی تامینای لێدا گیر ماوە، خۆپەرستییەکی بێوەی جیای دەنوێنێت: هەموو کەسێک سۆزی تەواوی بۆ تامینا هەیە، کەچی هەوڵ نادەن تێ بگەن چونکە نازانن تەنانەت تێگەیشتن چییە. کە باناکا دەڵێت هونەری ڕۆمان لە باو کەوتووە چونکە دەرککردن بە بەرەی داهاتوومان لە وەهم بەولاوە هیچێکی تر نییە، هەر هەڵوێستێکی جوانیناسانەی تازەباو نانوێنێت، بەڵکە بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێت نەداریی خۆی و هەموو دەوروبەرەکەی: هیچ حەز نەکەی لە کەسێکی تر تێ بگەیت؛ کوێراییییەکی خۆپەرستانە لە ئاست دنیای ڕاستینەدا.

مەبەست لە تەوس ئەمەیە: هەر دەربڕینێک کە مرۆڤ لە ڕۆماندا بەرچاوی دەکەوێت، ناکرێت هەر وەک خۆی سەرنج بدرێت، یەک بەیەکی ئەم دەربڕینانە، بەجیا، خۆیان لە پێوەندییەکی فرەلایەندا دەبیننەوە کە پێچەوانەی دەربڕینی تر، بارودۆخی تر، ئاماژە، بۆچوون و ڕووداوی ترە. هەر خوێندنەوەی خاو، دووجار، جار بەسەر جارەوە، دەتوانێت هەموو پێوەندییە تەوسبارەکانی ناو ڕۆمانێک ئاشکرا بکات، ئەگەرنا ڕۆمان هەرگیز ڕوون نابێتەوە.

## ڕەوتاری سەیری کاف کاتێک دەستگیر دەکرێت

کاف بەری بەیانی لە خەو هەڵدەستێت، بێ ئەوەی لەنێو جێ دەرچێت زەنگ دەکوتێت بەرچاییی بۆ بێنن. لە جیاتیی ژنە چێشتگێڕەکە دوو پیاوی نەناس کە جلوبەرگی یەکجار ئاسایی و ڕۆژانەیان پۆشیوە، دێن. ئەمان هەرکە لێی دیار دەکەون بەجۆرێکی لەگەڵ هەڵسوکەوت دەکەن کە کاف

ناتوانێت هەست بەدەستەڵات و هێزیان نەکات. جا کە زۆریشیان لێ نارەحەتە، نەک هەر باری نایەت لە کۆڵی خۆیان بکاتەوە، لەویان کە لێی هاتووەتە ژوورەوە بەرێزەوە دەپرسێت: "ئێوە کێن؟"

هەر لە سەرەتاوە ڕەوتاری کاف لە نێوان لاوازییەکەی، کە ئامادەیە لەگەڵ ڕووقایمییە سەیرەکەی مێوانە نەخوازراوەکانی خۆی بگونجێنێت (کە هاتوون پێی ڕابگەیەنن دەستگیر کراوە) و ترسیشی لەوەی کە نەکا بەبەرچاویانەوە سووک و ڕیسوا بێت، دێت و دەچێت. جا بۆ نموونە، بەشێوەیەکی بڕندە دەڵێت: "نە دەمەوێت لێرە بمێنمەوە نەیش ئێوە بمبەن، ئەگەر خۆتانم پێ نەناسێنن." ئێمە هەر ئەوەندەمان پێویستە ئەم وشانە لە مانا تەوسبارەکەیان دابپچڕین و ڕاستەوخۆیان لێک نەدەینەوە (وەک خوێنەرەکانم قسەکانی باناکایان لێک دایەوە) جا کاف دەبێت بە (هەروەک بۆ ئۆرسۆن ویلزی لێ هات کە فیلمی لەم دادگەییکردنە ساز کرد) پیاوێک کە دژی توندوتیژی ڕاپەڕیوە. بەڵام بەسمانە دەقەکە بەوردی بخوێنینەوە بۆ ئەوەی تێ ببینین ئەم پیاوەی گوایە ڕاپەڕیوە لە قسەی میوانە نەخوازراوەکانی دەرناچێت کە نەک هەر خۆیانی پێ ناناسێنن، بەرچاییەکەی دەخۆن و ڕێی نادەن تەنانەت جلەکەی بگۆڕێت.

لە کۆتاییی ئەم دیمەنەی ڕیسواکردندا (دەستیان بۆ درێژ دەکات، بەڵام ئەوان دەست نانێنە دەستیەوە)، یەکێکیان بەکاف دەڵێت: "دیارە دەتەوێت بۆ بانک بچیت؟ کاف دەپرسێت: "بۆ بانک، پێم وا بوو دەستگیر کراوم؟"

دیسان ئەو پیاوەی کە گوایە دژی توندوتیژی ڕاپەڕیوە! گاڵتەیان پێ دەکات! تەوسیان تێ دەگرێت! یان بەقسەی کافکا:

> "کاف ئەمەی وەک جۆرێک ڕووبەڕووبوونەوە پرسی، چونکە ئەگەرچی دەستی پێ گێڕدرابووەوە، تا دەهات هەستی دەکرد، بەتایبەت دوای ئەوەی پشکنەرەکەیان هاتبووە سەرپێ، کاریان بەسەریەوە نەماوە. کاف گەمەی پێ دەکردن، بەنیاز بوو تا دەرگەکەیان بخاتە ڕێ و، ئەگەر بیانویستایە دەستی لێ هەڵبگرن خۆی پێشنیاز بکات بیگرن."

تەوسەکەی ئێرە زۆر وردە: کاف کۆڵ دەدات، بەڵام دەیەوێت خۆی وەک کەسێکی ئەوەندە توانا ببینێت کە "گەمەیان پێ دەکات"، کە بەگاڵتەپێهاتنی تەواویشەوە وای دیار دەخات دەستگیرکردنەکەی پێ گاڵتە نییە. کاف سەر دەنێتە سەریان، کۆڵ دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆڵدانەکەی خۆی وا لێک دەداتەوە کە خۆی لە بەرچاو خۆی نەکەوێت.

لە پێشدا هەموو کەسێک بەڕەنگ و ڕووی مەرگبارەوە کافکای خوێندەوە. دوای ماوەیەک ئاشکرا بوو کاتێک کافکا یەکەم بەشی دادگەییکردنەکەی بۆ هاوەڵانی خوێندووەتەوە هەر هەموویان پێ کەنیون. ئیتر کەس نەما دەمامکی لێ فڕێ نەدات و خۆیشی دەست بەپێکەنین نەکات، بەڵام بێ ئەوەی تەواوێک بۆی ڕوون بووبێتەوە بۆ. ئاخر چی ئەم بەشەی ئەوەندە خۆش کردووە؟ ڕەوتاری کاف. بەڵام ڕەوتارەکەی چۆن پێکەنین بەرپا دەکات؟

هەواڵنامەی کتێب

ئەم پرسـیارە دەمـخاتەوە بیـری ئەو سـاڵانەی لـە پەیمانگەی فـیلم لە پراگ بەسـەرم بردن. من و هاوڕێیەکم لە کۆڕەکاندا بەسۆزێکی گاڵتەجاڕانەوە سەرنجی هاوکارێکی خۆمان دەدا: نووسەرێکی پەنجا ساڵە، پیاوێکی هەم گاڵتەچی و هەم گران بوو، بەڵام پێمـان ترسنۆکێک بوو کەس بەتۆزی قولەپێی ناگات. ئێمە بیرمـان لە بارودۆخێکی ئاوا دەکردەوە کە (داخەکەم) هیچ کارێکمـان لێی دانەهێنا:

یەکێکمان کتوپڕ و لە جەرگەی کۆڕدا ڕووی لێ دەکات و دەڵێت: "چۆک دابدە!"

دیارە لە سـەرەتادا تێ ناگـات چیمـان لێی دەوێت، بەڵکە لە ترسنۆکییـە بەرچاوەکەیدا هـەموو شتێکی دەستبەجێ بۆ دەردەکەوێت، بەڵام بیر دەبات کە ئەگەر خۆی لە داواکەمان نەبان بکات هیچ نەبێت دوای دەخات.

لەم بارەدا ئێمە ناچار دەبووین دەنگ هەڵببڕین: "چۆک دابدە!"

ئیـتر ڕێی نەدەما خـۆی وا بنوێنێت کە نازانێت چیمـان دەوێت. لەم بارەدا ئامادەی تەواو دەبوو داواکەمـان بـەجێ بهێنێت، بەڵام کـێشـەیەکی بچـووکی دەما کە چارەی بکات: چۆنی بکات؟ چۆن لێرە، بە بـەرچاوی کۆڕگرەکانەوە چۆک دابدات بێ ئەوەی خـۆی ڕیسـوا بکات؟ دیارە ناچار دەبوو هەوڵ بدات قسـەیەکی خـۆش بەدەم چۆکدادانەکـەوە بکات و، دواییـیـەکـەی بڵـێت: "هاوکـارە خۆشەویستەکانم، ئەگەر لێمی بەزۆر ناگرن، با کۆشەیەک ڕابخەم و چۆکی لەسەر دانێم؟

– چۆکت دابدە و دەمت دابخە."

جـا هـەردوو دەسـتـی لێ هەڵدەپێکێت، سـەری بەلای چەپدا کـز ڕادەگـرێت و داواکـەمـان بەجێ دەهێنێت: "هاوکۆڕە خـۆشـەویسـتـەکـانم، ئێوەیەک کـە نیگارکـێشـانی چاخی ڕابوونتـان بەوردی خوێندووەتەوە، هەر لەبارێکی وادا بوو کە ڕافاییل وێنەی فرانچێسکۆ ئاسیزیـی کێشا."

هەر ڕۆژێک بـەجۆرێکی نوێ یاریمان بـەم دیمەنە خـۆشـە دەکرد، هەمـوو جـارێکیش بـەرپەرچی دانایانەمان بۆ هاوکارەکەمان دادەهێنا تا هـەوڵیان پێ بدات ڕێزی خۆیان پێ ڕابگرێت.

## دووەم دادگەییکردنەکەی جۆزێف کاف

بەپێـچـەوانەی ئـۆرسـۆن وێلزەوە، یەکـەم ڕاڤـەکـارانی کـافکا، کـافـیـان بەلاوە پێ تـاوانێک بوو دژی زۆرداری ڕاپەڕیوە. ماکس برۆد بۆ چاوتروکانێکیش گومان نابات کە جۆزێف کاف تاوانبارە. دەی باشـە چیی کردووە؟ بەقسـەی برۆد (لە"بێ ئومـیـدی و فریادڕەسـی لە کـارەکـانی کـافکادا"، ١٩٥٩) کـاف تاوانبـارە چونکە لەباری نایەت کـەسـی خـۆش بوێت. "جۆزێف کاف کـەسـی خـۆش ناوێت، هـەر خەریکی دڵبازییـە، بۆیە دەبێت بمرێت (با تا دەمرین سافیلکەییـە سامدارەکەی ئەم ڕسـتـەیەمان لە بیر نەچێت!) برۆد دوو بەڵگە بـۆ ئەم نەتوانینی خـۆشـویسـتنە دەهێنێتـەوە. بەپێی بەشـێکی ناتەواو کە لە ڕۆمـانەکـەدا نییـە (لەباری ئاسـاییدا وەک پاشکۆ بڵاو دەکرێتـەوە) جـۆزێف کـاف سـێ سـاڵی

تەواو سەری لە دایکی نەداوە، پارەی بۆ ناردووە و ئامۆزاکەی هەواڵی پێ گەیاندووە، (لێکچوونێکی سەیر: میرسۆیش، لە نامەدا، بەخۆشنەویستنی دایکی تۆمەتبار دەکرێت). بەڵگەی دووەم نێوانی ئەم و خاتوو بورستنەرە، نێوانێک کە بەقسەی برۆد "نزمترین ئاستی سێکس" دەنوێنێت. "جا کە سێکس کوێراییی داهێناوە، جۆزێف کاف لە هیچ بوونەوەرێکی مێدا مرۆڤ نابینێت."

ئێدوارد گوڵدستوکەر، کافکاناسێکی چیکی، لە پێشەکیی چاپە پراگییەکەی دادگەییکردندا ١٩٦٤ هەر بەو شێوە توندە کافی تاوانبار کرد، ئەگەرچی وێردی، نەک وەک قسەکانی برۆد کە رەنگی ئایینناسی دەدەنەوە، کۆمەڵناسانەیەکی مارکسییانە بوو: "جۆزێف کاف تاوانبارە چونکە ملی داوە ژیانی میکانیکی و ئۆتۆماتیکی و نامۆ بکرێت، ملی داوە لەگەڵ جووڵەی دەقبەستووی چینەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێندرێت و لە هەموو شتێکی مرۆڤانە داشۆردرێت؛ کەواتە کاف ئەو یاسایەی پێشێل کردووە کە بەپێی کافکا هەموو شتێکی مرۆڤانەی ژێر کەوتووە و کە بەم جۆرەیە: 'مرۆڤانەبە.'" دوای دادگەییکردنێکی ترسناکی ستالینانە کە لێیدا گوڵدستوکەر تاوانی هەڵبەستراوی درایە پاڵ، لە پەنجاکاندا چوار ساڵ بەند کرا. دەپرسم: گوڵدستوکەر کە خۆی قوربانیی دادگەییکردن بوو، چۆن توانی دوای دە ساڵ تۆمەتبارێکی تر دادگەیی بکات کە هەر ئەوەندەی خۆی تاوانبار بووە؟

بەپێی ئەلێکساندر ڤیەلە ("چیرۆکە نهێنییەکەی دادگەییکردن"، ١٩٤٧) دادگەییەکە لە رۆمانەکەی کافکادا شتێکە کافکا دژی خۆی دەیکات و کافیش خۆیەکی تری کافکا نەبێت کەسێکی تر نییە: کافکا لە مارەکردنی فێلیس پەشیمان بووەتەوە و ئەو پیاوەی کە دەبوو خەزووری بێت "لە مالمیۆوە هاتووە بۆ ئەوەی کەسی تاوانبار حوکم بدات. ژوورەکەی میوانخانەیش کە ئەم دیمەنەی لێدا پێش دێت (لە تەمووزی ١٩١٤) بۆ کافکا وەک دادگە وا بوو. [...] رۆژی دوای ئەم رووداوە، کافکا دەست بەنووسینی لە نشینگەی سزا و دادگەییکردن دەکات. تاوانەکەی کاف هیچی لێ نازانین، بەپێی رەوشتی باویش لێمان ناگیرێت، سەرەرای ئەمە'بێتاوانییەکەی ئەهریمەنانەیە. [...] کاف بەشێوەیەکی تار یاساکانی دادپارێزییەکی نادیاری پێشێل کردووە کە هیچی بەسەر ئەوانەی ئێمەوە نییە. [...] دادوەر دوکتۆر کافکایە، تۆمەتبار دوکتۆر کافکایە کە ددان بەتاوانی بێتاوانییەکی ئەهریمەنانەدا دەنێت."

لە یەکەم دادگەییکردندا (ئەوەیان کە کافکا باسی رۆمانەکەی دەکات) دادگە کاف تۆمەتبار دەکات بێ ئەوەی تاوانەکەی روون بکاتەوە. کافکاناسەکان سەیریان نایێت کە کەسێک تۆمەتبار دەکرێت بێ ئەوەی روون بکرێتەوە بۆ، وردەبیرێکیش نە لەلایەنە ژیرانەکەی نە لەلایەنە جوانەکەی داهێنراوێک دەکەنەوە کە کەسیان شتی وای لەوەوپێش نەدیوە. لە جیاتیی ئەم کارە دەوری داواکاری گشتی لە دادگەییکردنێکی نوێی کافدا دەگێرن و هەوڵ دەدەن بزانن ئەم تۆمەتبارە چی کردووە. برۆد: کاف ناتوانێت کەسی خۆش بوێت! گوڵدستوکەر: کاف پێی لەوە ناوە کە ژیانی میکانیکێنراوە! ڤیەلە: کافکا لە مارەکردنەکە پەشیمان بووەتەوە! ئەمان دەبێت بۆ شتێک

دەستخۆشییان لێ بکرێت: دادگەییکردنەکەی کافیان ئەوەندەی یەکەم دادگەییکردنەکە، کافکایانەیە، چونکە ئەگەر کاف لە یەکەم دادگەییکردندا بەهیچ تۆمەتبار دەکرێت، لە دووەمیاندا تۆمەتی هەر چییەک بووەی بەملەوە دەنرێت، ئەم دووانەیش بە ڕێیەکدا دەڕۆن چونکە یەک شت لە هەردوو بارەکەدا ئاشکرایە: کاف تاوانبارە، نەک لەبەرئەوەی هەڵەی کردووە، لەبەرئەوەی تاوانبار کراوە. جا کە تاوانبارە، دەبێت بمرێت.

## تاوانبارکردن

یەک تاکە شێوە بۆ تێگەیشتنی ڕۆمانەکانی کافکا هەیە. چۆن ڕۆمان دەخوێنیتەوە هەر وایان بخوێنەوە. جا لە جیاتیی ئەوەی لە کەسایەتیی کافدا وێنەیەکی نووسەرەکە سۆراخ بکەیت و لە قسەکانیشدا ڕازێک، پەیامێکی شیفرەداریش، بەوردی شوێنی هەڵسوکەوتی کەسەکان، قسە و ڕەوتاریان بکەویت و هەوڵ بدەیت لە بەرچاوی خۆتیانی دابنێیت. جا کەسێک دادگەییکردن بەم جۆرە بخوێنێتەوە لەسەری سەرەتاوە بیر لە پەرچەکرداری سەیری کاف لە ئاست تۆمەتبارکردنەکەیدا دەکاتەوە: بێ ئەوەی هیچ خراپەیەکی کردبێت (یان بێ ئەوەی بزانێت کام خراپەی کردووە) دەستبەجێ وەک تاوانبار هەڵدەسووڕێت. هەست دەکات تاوانبارە. تاوانبار کراوە. تاوانی بەملدا بڕاوە.

جاران پێوەندییەکی ساکار لە نێوان "ئەوەی کە تاوانبار بیت" و "ئەوەی کە خۆت بەتاوانبار بزانیت"دا دەبینرا: کەسێک خۆی بەتاوانبار دەزانێت کە تاوانبارە. وشەی "تاوانبارکردن"یش درەنگانێک پەیدا بوو. بەفەرانسیساڵی ١٩٦٦ بوو کە لە سێبەری شیکردنەوەی دەروونی و زاراوە نوێکانیەوە بۆ یەکەم جار بەکار هێنرا. ئەو ناوەی کە لە کردارەکەیەوە داهێنراوە "تاوانبارکردن"، دوای چوار ساڵ داڕێژرا، ١٩٧٠ بەڵام زوویەکی پێش ئەو ساڵە ئەم دۆخی تاوانبارکردنەی کە تا ئەوسا لێک نەدرابووەوە، لە ڕۆمانەکەی کافکادا و بەکاف دیار خرا، ڕوون کرایەوە و پەرەی پێ درا. ئەمەیش لە چەند ئاستێکی جیادا:

ئاستی ١: تێکۆشانی بێهودە بۆ تێهێنانەوی ڕێز: پیاوێک کە بێ بەڵگە تۆمەتبار کراوە و هێشتا گومانی لە بێتاوانییەکەی خۆی نییە، لە خۆی دەگرێت کە خەریکە وەک کەسێکی تاوانبار دەڕەوتێت. کەسێکیش وەک تاوانبار ڕەوتار بکات و تاوانبار نەبێت، شەرمی بەخۆیدا دێت و هەوڵ دەدات پێیەوە دیار نەکەوێت. ئەم دۆخە کە لە یەکەم دیمەنی ڕۆمانەکەدا دەخرێتە ڕوو، لە بەشی دوای دیمەنەکەدا ئەم گاڵتە یەکجار تەوساوییەی لێ پێک دێت:

دەنگێکی نەناس تەلەفۆن بۆ کاف دەکات: یەکشەمی داهاتوو لە ساختمانێکی پەڕگەی شاردا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت. کاف بێ داخورپان بڕیار دەدات بۆ ئەوێ بچێت. چونکە گوێڕایەڵە؟ چونکە دەترسێت؟ نا، خۆڕازاندنەکە لە خۆیەوە درێژە دەکێشێت: دەیەوێت بۆ ئەوێ بچێت و خێرا ڕووبەڕووی ئەو کەسە چەتوونانە ببێتەوە کە بەدادگەییکردنە بێتامەکەیان کاتی لێ بەفیڕۆ دەدەن

("دادگەییەکە دەستی پێ کرد و دەبێت بەرەنگاری ببێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکەم و دوایینیش دەبێت"). دەستبەجێ بەدوای ئەمەوە سەرکارەکەی هەر بۆ ئەو یەکشەمەیە خوڵکی ماڵی خۆی دەکات. ئەمە بۆ لەوەولای کاری کاف بایەخێکی زۆری هەیە. جا بڵێیت بیر لەوە بکاتەوە ئەم داوەتە نابەجێیە ڕەت بکاتەوە؟ نا، نە لە خوڵکی جێگری بەڕێوەبەرەکە دەکات، چونکە بێ ئەوەی بۆ خۆی پێی لێ بانێت، ئیتر قوربانیی دادگەییکردنەکەیە.

بۆیە یەکشەمی داهاتوو بۆ ئەوێ دەچێت. بەڵام بۆی دەردەکەوێت ئەو دەنگەی ناوونیشانەکەی پێ دا، بیری چوو کاتەکەی بۆ دیاری بکات. کاف بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادات، هەست دەکات ڕاوەدوو نراوە و بەسەرانسەری شاردا ڕادەکات (پڕ بەمانای وشەکە). ڕادەکات نەکا دوا بکەوێت ئەگەرچی کاتی بۆ دیاری نەکراوە. جا با کافمان پێ کەسێک بێت کە لەبەر هەر هۆیەک بووە دەیەوێت تا زووە، پێش کاتی لێپرسینەوە بگاتە جێ. بەڵام ئەگەر وایە بۆ، لە جیاتیی ڕاکردن، سواری گالیسکەی ترامەڕێ نابێت کە هەمان ڕێ دەبڕێت؟ لەبەر ئەمەیە: نایەوێت ترامەڕێیەکەی بۆ بگرێتە بەر چونکە" لەباریدا نەبوو بەڕەچاوکردنی وردی کات، خۆی لە پێش دەستەی لێکۆڵینەوەدا ڕیسواتر بکات". کاف بۆ دادگە ڕادەکات، بەڵام وەک پیاوێکی شاناز کە کۆڵ نادات.

ئاستی ٢: تاقیکردنەوەی هێز. لە کۆتاییدا دەگاتە هۆڵێک کە لێیدا چاوەڕێین. دادوەرەکە لێی دەپرسێت، "ئێوە نیگارکێشن؟" کاف بێ سڵبردن وەڵامی ئەم بێڕێزییە دەداتەوە، "نا، من یەکەم مۆڵەتداری بانکێکی گەورەم". لێرەوە بەتاندا دەچێت و لێوەشاوەییی دادگە بەبەر گومانەوە دەنێت. کاف چەپڵەڕێزانی بۆ دەکرێت، ئافەرینی پێ دەگوترێت، هەست دەکات بەهێزە و ڕێک لە وێنەی ئاشنا و قاڵبگرتووی تاوانبارێکدا کە خۆی بەرانبەرەکەی خۆی تۆمەتبار دەکات (وێلز، کە لە ئاست ئەم تەوسە کافکاییەدا کەڕاییەکی سەرنجڕاکێشی داهاتووە، لەم گوتە سواوەدا گیری خواردووە) بەگژ دادوەری لێکۆڵینەوەکەدا دەچێت. کاف کە نیشانەی سەر یەخەی هەموو کەسێکی ئەوێ دەبینێت و تێ دەگات ئەو جەماوەرەی پێی وابوو دەتوانێت تەفرەیان بدات لە"فەرمانبەری دادگە" بەلاوە"کە لێرە کۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی گوێ بگرن و گوێ بنێنەوە" کەسی تر نین، یەکەم جارە دەشڵەژێت. جا کاف کە ملی ڕێی خۆی دەگرێت، لای دەرگەکە دادوەری لێکۆڵینەوە چاوەڕێیەتی تا ئەمەی پێ ڕابگەیەنێت: "ئێوە ئەو هەلەتان لە دەستی خۆتان دا کە لێکۆڵینەوە هەردەم بۆ دەستگیرکراوی دەڕەخسێنیت." کاف بە ڕوویدا هەڵدەچێت: "خوێڕینە! لێکۆڵینەوەکەتان سەرتانی خوارد!"

ئەم دیمەنە کەس تێی ناگات ئەگەر لە پێوەندییە تەوسبارەکەی بەو شتەوە تێی نەبینێت کە دەستبەجێ دوای هاواری تووڕەبوونەکەی کاف دێت و ئەم بەشەی ڕۆمانەکەی پێ تەواو دەبێت. ڕستە سەرەتاییەکانی بەشەکەی تری بەم جۆرەن: "هەفتەی دوایی کاف هەموو ڕۆژێک چاوەڕێ بوو بۆ دادگە داوا بکرێتەوە. نەیدەتوانی باوەڕ بکات لێیان بەڕاست گرتووە کاتێک گوتی ئیتر نایەوێت ئامادەی لێپرسینەوە بێت. کە ئاگەدارییە چاوەڕێکراوەکەیشی تا ئێوارەی شەمەوو پێی

نەگەیشت، لە مێشکی خۆیدا وای دانا کە بێ ئەوەی دەنگ بدرێت جارێکی تر بۆ دادگەی هەمان شوێن و بۆ هەمان سەعات داوا کراوە؛ بۆیە یەکشەمی دوایی ملی لە ڕێی بەرەو ئەوێ نا..."

ئاستی ٣: لایەنی کۆمەڵایەتیی دادگەییکردنەکە. مامی کاف ڕۆژێک لە گوندەوە دێت؛ نیگەرانیی ئەو دادگەییەیە کە دژی برازاکەی دەست پێ کراوە. ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش: دادگەییکردنەکە لەمە زیاتر شاراوە و پەردەپۆش نابێت، سەرەڕای ئەمە هەموو کەسێک پێی دەزانێت. ڕاستییەکی تری سەرنجڕاکێش: کەس گومانی نییە کە کاف تاوانبارە، کۆمەڵگە لاریی لە تۆمەتبارکردنەکە نەماوە و بەپەسندکردنە بێدەنگەکەی (یان بەڕەتنەکردنەوەی) پشتی دەگرێت. لەوەیە چاوەڕێی سەرسووڕمانێکی توورە بین: "چۆن دەتوانن تۆمەتبارت بکەن؟ لەبەر چی؟ کەچی مامی سەری لە هیچ‌چێک سوور نەماوە، بەڵام دادگەییکردنەکە ترساندوویەتی کە بەدووری ناگرێت زەرەر بەکەسوکاری بگەیەنێت.

ئاستی ٤: ڕەخنە لەخۆ گرتن. بۆ ئەوەی پێشی ئەو دادگەییکردنە بگرێت کە نایەوێت تۆمەتەکە دیاری بکات، کاف دواییەکەی هەوڵ دەدات خۆی پەی بەهەڵەکەی خۆی ببات. دەبێت خۆی لە کوێ شاردبێتەوە؟ دیارە لە شوێنێکی ڕابردووی خاوەنەکەیدا. "... ڕانەگەیاندنی ئەم تۆمەتە [...] ناچاری کرد ڕاپۆرتێک لەبارەی هەموو ژیانییەوە ڕابگەیەنێت؛ کە هەوڵ بدات وردترین کار و کردەوەی خۆی بەبیری خۆیدا بهێنێتەوە و لە هەموو لایەکەوە وردیان لێ ورد ببێتەوە."

دۆخەکە لە شتی نائاساییەوە زۆر دوورە: ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ژنێکی بێتاوانی بەدبەختی ڕاوەدوونراو لە خۆی دەپرسێت: چ خراپییەکم کردووە؟ دواییش کونج و کەلەبەری ڕابردووی خۆی دەپشکنێت و نەک هەر بەکردەوەکانیدا، بەقسە و بیری نهێنیی خۆیشیدا دەچێتەوە بۆ ئەوەی لەو غەزەبە تێ بگات کە خوا لێی گرتووە.

کاری سیاسیی کۆمۆنیستی بوو کە وشەی ڕەخنە لەخۆ گرتنی بۆ ئەوە داهێنا ئەم هەڵوێستەی پێ دیاری بکرێت (وشەیەک کە لە دەوروبەری ١٩٣٠ بەفەرەنسایی [autocritique] لە بواری سیاسیدا بەکار دەبرا؛ کافکا بەکاری نەهێنا). بەکاربردنی ئەم وشەیە مەبەستە ڕیشەییەکەی وشەکە ناگەیەنێت: ئەم وشەیە بەو مانایە نییە کە ڕەخنە لە خۆت بگریت (لایەنی چاک لە خراپ جیا بکەیتەوە بۆ ئەوەی خراپەکان چاک بکەیتەوە)، بەڵکە هەڵەی خۆت بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی یاریدەی ئەو کەسە بدەیت کە تۆمەتبارت دەکات، بۆ ئەوەی تۆمەتبارکردنەکەت پەسند بکەیت و سەر شۆڕ بکەیت.

ئاستی ٥: خۆپێناسەکردنی قوربانی وەک جەللادەکەی خۆی. لە دوا بەشی ڕۆمانەکەدا تەوسەکەی کافکا بەترۆپکی ترسناکی خۆی دەگات: دوو پیاوی پاڵتۆپۆش دێنە ماڵی کاف و بەنێو جادەدا لەگەڵ خۆیانی دەبەن. لە سەرەتادا خۆی بەدەستەوە نادات، بەڵام دوایی بەخۆی دەڵێت: "کارێک کە ئێستا پێم دەکرێت هەر ئەوەیە کە تا ئەم هەمووە دوایی دێت هۆشی شیکارییە هێمنەکەم لەدەست نەدەم. [...] ئێستا بۆیان ئاشکرا بکەم کە ساڵێک دادگەییکردن هیچی فێر

نەکردووم؟ ئاخر وەک کەسێک سەر بنێمەوە کە مێشکی هیچی نەکێشاوە؟"

جا لە دوورەوە پۆلیسێک یان دووی شار دەبینێت کە وەستاون و سەرنج دەگێڕن یان بەو ناوەدا دێن و دەچن. یەکێکیان لەم دەستە کەمێک گومانهەڵگرە نزیک دەبێتەوە. کافیش بێ ئەوەی کەس زۆری بۆ هێنابێت خۆی تێ دەگلێنێت و هەردوو کەسەکەیان لە دەست دەردەهێنێت، تەنانەت لەگەڵیان هەڵدێت بۆ ئەوەی لە دەستی پۆلیسەکان ڕزگاری بێت کە کارەکەیان لێ دەشێواندن و دوور نەدەبوو، کێ دەزانێت؟، ڕێی ئەو کوشتنەیشیان لێ بگرتایە کە چاوەڕێی بوو.

ئەمان لە کۆتاییدا دەگەنە ئامانجی خۆیان؛ دوو کەسەکە خۆیان ئامادە دەکەن چەقۆی لێ بدەن و ڕێک لەو دەمەدا بیرێک (ئەوپەڕی ڕەخنە لە خۆگرتن) بەمێشکی کافدا دێت: "... لە ڕاستیدا ئەرکی ئەم بوو چەقۆکە بەدەستەوە بگرێت [...] و بەناخی خۆیدا بەرێت." کاف داخی بۆ لاوازییەکەی خۆی دەردەبڕێت: "ئەم تاقیکردنەوەیەی تا سەر پێ نەکرا، ئەو هەموو کارەی دەستگەکانی پێ کەمەوە نەکرا. بەرپرسیی ئەم دواین هەڵەیەیشی بەملی ئەو لایەنەوەیە بەرماوەی ئەو تین و تاوەی پێ ڕەوا نەبینی کە ئەم ئێستا پەکی لەسەر کەوتووە."

## مرۆڤ تا کەی وەک خۆی سەرنج دەدرێت ؟

پێناسەی پاڵەوانەکانی دۆستۆیێڤسکی لەو ئایدۆلۆجیایە کەسەکییەی خۆیاندایە کە ڕاستەوخۆ کەم تا زۆرێک هەڵسوکەوتیان دیاری دەکات. کیریلەڤ نقومی فەلسەفەی خۆکوشتن بووە کە بەبەڵگەی باڵای ئازادی دەزانێت. کیریلەڤ: بیرێک دەبوو مرۆڤێک بێت. بەڵام ئاخۆ مرۆڤی سەر ئەم زەوینە وێنەنوێنی ئاوا ڕاستەوخۆی بیری سیاسیی خۆیەتی؟ لە شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆیدا پاڵەوانەکانیش (بەتایبەت پیێر بێسوخەڤ و ئەندرێی بۆلکۆنسکی) هۆشێکی دەوڵەمەند و یەکجار پێشکەوتوون، بەڵام ئەم هۆشە ئەوەندە لەباری گۆڕیندایە و ئەوەندە ڕووی لێکنەکردووی هەیە کە سەختی تەواو سەختە بەپێی بیری خاوەنەکانی پێناسە بکرێت و، کە لەگەڵ هەر قۆناخێکی ژیاندا جیاوازییەکی زۆری تێ دەکەوێت. تۆلستۆی بەم شێوەیە تێگەیشتنێکی ترمان لەبارەی مرۆڤەوە پێ دەدا: مەودایەکی سەفەر، ڕێیەکی پێچەڵپێچ، سەفەرێک کە قۆناخەکانی نەک هەر لێک ناکەن و جیان، زۆرجار پشت لە قۆناخی پێش خۆیان دەکەن.

گوتم ڕێ و دەترسم ئەم وشەیە گومڕامان بکات، چونکە وێنەی ڕێ ڕووی بیرمان لە ئامانج دەکات. بەڵام ئەو ڕێیەی کە هەر بەڕێککەوت دوایی دێت، کە هەڵکەوتی مەرگ بەری دەگرێت، بەکام ئامانجمان دەگەیەنێت؟ ڕاستە پیێر بێسوخەڤ لە پایانی ڕێی خۆیدا بەهەڵوێستێک دەگات پێ دەچێت قۆناخێکی گردبڕی نموونەیی بێت: بێسوخەڤ لای وایە ئیتر دەزانێت کە ئەگەر بێ وچان لە مەبەستێک بۆ سەرانسەری ژیانی خۆی بگەڕێت، کە بۆ شتێک تێ بکۆشێت، کەڵکی هیچێک ناگرێت؛ خوا لە هەموو شوێنێکدایە، لە بەرودوای هەبووندایە، لە هەموو ژیانی ڕۆژانەدایە، لەوەولا بەسیەتی ئەو هەمووە بەسەر ببات کە بۆی هەڵدەکەوێت و هەموویشی بەخۆشەویستییەوە

ڕابوێرێت: خۆیشی تەواوی خۆی بەخۆشحاڵییەوە تەرخانی هاوسەر و خێزانەکەی دەکات. جا ئاخۆ بەئامانج گەیشتووە؟ بەو دوندە گەیشتووە کە، لە دیتێکی لەوەودواوە، هەموو قۆناخەکانی پێشووی ڕێ و سەفەرەکەی پلەی پێپلیکەیەکی ئەم سەد ساڵەیان لێ پێک دێت؟ ئەگەر وا بووایە ڕۆمانەکەی تۆلستۆی تەوسە بنەڕەتییەکەی خۆی دەدۆڕاند و لە ئامۆژگارییەک دەچوو بەرگی ڕۆمانی لێ گیرابێت کە دیارە وا نییە. لە پاشەکییەکەدا کە دوای هەشت ساڵ هەموو پێشهاتەکانی کورت کردووەتەوە، بێسوخەڤ لە ماوەی مانگ و نیوێکدا دەبینین دەست لە ژن و ماڵی هەڵدەگرێت و لە پیتەر سبورگ خۆی تەرخانی چالاکییەکی سیاسیی نیوە نهێنی دەکات. کەواتە دیسان ئامادەیە مەبەستێک بۆ ژیانی خۆی دابنێت، بۆ شتێک تێ بکۆشێت. ڕێ دواییيان نایەت و هیچ ئامانجێک ناناسن.

لەوەیە ڕەوا بێت بڵێین مەودا جۆراوجۆرەکانی سەفەرێک پێوەندییەکی تەوسبایان بەیەکەوە هەیە. لە تەوسستاندا یەکسانی بەو مانایە فەرمانڕانە کە هیچ قۆناخێکی سەفەر لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەوە هیچی لە قۆناخێکی تر زیاد نییە. بۆلکۆنسکی کە دەست دەداتە کار بۆ ئەوەی خزمەتێکی نیشتمانەکەی بکات، ئاخۆ بەو جۆرە دەیەوێت ڕکبوونەوەی جارانی لە مرۆڤ وەک پەڵە بەخۆیەوە نەهێڵێت؟ نا، ڕەخنە لە خۆی ناگرێت. لە هەموو مەودایەکی درێژەی ڕێیدا هەموو هێز و گوڕێکی هۆش و هەستی خۆی بەکار دەبات تا بۆچوونی خۆی هەڵببژێرێت و بەمەیش دەزانێت: چۆن بتوانێت لۆمەی خۆی بکات کە نەیتوانیوە ئەو کەسەی لێ هەڵبکەوێت کە دەبوو لێی هەڵبکەوێت؟ جا کە ناتوانین قۆناخە جیاوازەکانی ژیانی لە گۆشەنیگای ئاکار و ڕەوشتەوە بەتەواوی هەڵبسەنگێنین، نایشتوانین بەڕەسەن یان نارەسەنیان دابنێین. ئێمە ناتوانین ساغی بکەینەوە کامی بۆلکۆنسکییەکان ئەمەکداری تەواوی خۆی بووە: ئەویان کە خۆی لە چرای خەڵک دوور خستەوە یان ئەویان کە بەزۆر خۆی بەبەریەوە دا.

جا ئەگەر قۆناخە جۆراوجۆرەکان ئەمەندە ناکۆک و جیان، چۆن بتوانین خاڵی هاوبەشیان دیاری بکەین؟ کامەیە ئەو کرۆکە هاوبەشەیان کە بۆمانی دەرەخسێنێت بێسوخەڤی خوانەناس و بێسوخەڤی خواناس بەیەک کەس بزانین؟ کرۆکی بنەڕەتیی "خۆ"یەک لە کوێیە؟ بەرپرسییە ڕەوشتییەکەی بۆلکۆنسکیی ژمارە دوو و بۆلکۆنسکیی ژمارە یەک کامەیە؟ ئەو بێسوخەڤەی کە دوژمنی ناپلیۆن بوو هەر ئەو بێسوخەڤەیە کە سەرسامی ناپلیۆن بوو؟ ئەی ئەو ماوەیە چەندە کە لێیدا مرۆڤێک وەک خۆی دەبینین؟

هەر ڕۆمان دەتوانێت بەشێوەیەکی بەرهەست ئەم ڕازە لێک بداتەوە، کە یەکێکی ئەو گەورە ڕازانەیە مرۆڤ پێی زانیوە و، دیارە تۆلستۆی یەکەم کەس بوو ئەمەی کرد.

گۆڕانی کەسەکانی تۆلستۆی پێ ناچێت ماوەیەکی درێژی کێشابێت، بگرە هەروەک لە تروسکەیەکی کتوپڕدا پێش هاتبێت وایە. بێسوخەڤ لە خوانەناسێکەوە سووک و سانا خواناسێکی لێ هەڵدەکەوێت. ئەم ئەو هەژانەی بەسە کە بەهۆی جیابوونەوەی ژنەکەی سەرتاپێی دەگرێت یان کە لە کاروانسەرایەکی سەر ڕێدا چاوی بە(ماسۆنی)یەکی دێوانە دەکەوێت و، خۆش و بێشێک پێکەوە دەکەن. ئەم ئاسانییە پێوەندیی بە وەرچەرخانێکی ڕووکەشەوە نییە، دیاریشی دەخات گۆڕانە بەرچاوەکە کە بەڕێیەکی نادیار و کەسنەدیودا تێ پەڕیوە و ئامادە کراوە، لە ناکاودا ئاشکرا دەبێت.

ئەندرێی بۆلکۆنسکی، کە لە بەرەی شەڕی ئاوستەرلیزدا زۆر سەخت بریندار بووە، سەرلەنوێ گیانی تێ دەگەڕێت. لەو دەمەدا هەموو دنیای لاوێتییە بێ وێنەکەی تەکانی پێدا دێت: نەک لەبەر بیرکردنەوەیەکی قووڵی هۆشمەندانە، لەبەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ساکاری لەگەڵ مەرگ و نیگایەکی دووری ڕووەو ئاسامان. ئەوە ئەم وردەکارییانەیە (نیگایەکی ڕووەو ئاسمان) کە لەو ترووکەساتە کاربڕانەی کەسانی تۆلستۆی دەیگوزەرێنن، ئەرکێکی گەورە دەکێشن.

زۆرێک لەوەودوا ئەندرێی لە گومانکارییە قووڵەکەی خۆی لا دەبێت و سەرلەنوێ ڕوو لە ڕێی ژیانێکی چالاک دەنێت. ئەم گۆڕانە لێدوانێکی نێوان ئەندرێی و پیێری سەر کەشتییەکی نێو ڕووباری پێش دەکەوێت. پییێر لەو دەمانەدا (لەو دەمانەدا بەجارێک گۆڕابوو) چاکەکار، گەشبین و خەڵکپەروەر بوو و، پشتی لە گومانکارییەکەی ئەندرێیی خەڵکنەویست هەڵماڵیبوو. بەڵام لە کاتی لێدوانی نێوانیاندا خۆی وەک کەسێکی سافیلکە دەنوێنێت و قسەی بێ سەروبەر دەکات و، ئەندرێیە هۆشمەند بەرچاو دەکەوێت. شتێکیش کە لە قسەکانی پییێر بایەخدارترە ئەو بێدەنگییەیە بەدوای لێدوانەکەیانەوە دێت: "جا لە کەشتییەکە هاتە خوارەوە و، نیگایەکی ڕەوانەی ئاسمان کرد کە پییێر سەرنجی بۆی ڕاکێشا. یەکەم جاری بوو دوای ئاوستەرلیز ئەو ئاسمانە قووڵ و تاهەتاییە ببینێت کە ئەم کاتێک لە مەیدانی شەڕدا کەوتبوو ئەو خۆی بەسەریدا کێشابوو. ئەم سەرلەنوێ خۆشیی بەدڵدا گەڕا و گوڕ و گەرمای پێدا هات." ئەم هەستەی زۆری نەکێشا و بەسەر چوو، بەڵام ئەندرێی دەیزانی "ئەم هەستە، کە نەیتوانیبوو پەرەی پێ بدات، لە ناخیدا دەژیا". ڕۆژێکیش، زۆرێکی لەوەودوا، وەک سەمایەکی برسیک پیلانێکی وردەکاری (سەرنجدانی گەڵای داربەڕوو، قسەی خۆشی نەوژنان کە بە ڕێککەوت گوێی لێ بووبوون، بیرەوەریی کتوپڕ) داگیرسا. ئەم هەستە (کە"لە ناخیدا دەژیا") گڕی تێ بەردا. ئەندرێی، کە تا دوێنێ هێشتا دڵی بەدوورەپەرێزییەکەی خۆش بوو، بڕیارێکی کتوپڕ دەدات "کە لە پایزی ساڵدا سەفەر بۆ پیتەرسبۆرگ بکات و لەوێ تەنانەت کار پەیدا بکات [...] کە هەردوو دەستی لە پشتەوە هەڵپێکابوون بەژوورەکەیدا دەهات و دەچوو، جارێک بەنێوچاوانی گرژەوە، جارێک بەبزەی سەر لێوەوە، لەبەر خۆیەوە بەو هەموو بیرە

بێتـامـانەدا ڕاوێـچکەی بوو کـە دەرنەدەبرِدران، کـە وەک تاوان نهـێنی بوون، کـە لێـیـاندا پیـێـر، شـانازی، کـچەکـەی بەر پەنجـەرە، داربەڕووەکە، جوانی و ئـەوین کە تەواوی ژیـانیان لێی گۆڕیبوو، تێکەڵی یەکتر بووبوون. جا ئەگەر کەسێک لەم ساتانەدا لێی بهاتایەتە ژوورەوە، پیێر زۆر سـارد، بێ سـۆز، تیژ، ڕووگرژ و هۆشـمەند دەبوو [...] هەروەک بیەوێت بـەم زێدە هۆشـمەندییە تۆڵەی ئەو هەموو کارە نابەجێ و نهێنییەی کە لە ناخیدا درێژەی دەکێشا، لە کەسێک بکاتـەوە." (نووسراوە لارەکانی برِگە هەرە گرینگەکان هیی خۆمن. م. ک.) (بیرت نـەچێت کە ئەمـەیش وەک ئەوانەی تر هەر دەهۆیەکی وردەکارییە، ڕووی ناحـەزی کەسی وا کە بەو نێوەدا تێ دەپەڕن، قسـە و باسی وا کـە بەڕێککەوت لە ژووری قـەتاردا بەرگـوێ دەکـەون و بیـرەوەری کـەتیـژێک بەمـێـشکدا دێن و لە ڕۆمانی دوای ئەمەی تۆلستۆیدا برِیار بەئاننە کارینینە دەگرن خۆی بکوژێت.)

گۆڕانێکی تری دنیای ناخی ئەندرێی بۆلکۆنسکی: لە شـەڕی بۆرۆدینۆدا سەختێک بریندار بووە، لەسـەر تەختـێکی نـەشـتـەرکاری لە خێوەتگەیەکی سـەربازیدا کەوتووە و، دەستبـەجێ هەستێکی سـەیری ئاسـوودەیی و ئاشـتیی پێدا دێت، بەخـتـەوەرییـەک کـە ئیـتـر بەری نادات. ئەم دۆخی بەختەوەرییە ئەوەندە سەیرە (و ئەوەندە جوانە) دیمەنەکەیش ئەوەندە دڵتەزێنە کە پڕ لە وردەکاریی دەقاودەقی ترسناکی لەمەڕ نەشتەرکاریی سـەردەمێکە بەنج هێشتا نـەناسـراوە. جا سـەیرترین لایەنی ئەم دۆخـە سـەیرەیش بیرەوەرییـەکی کتوپڕ و نابەجێ بەرپای دەکات: کە نەخۆشـەوانەکە جلەکـانی لـەبەری داکـەند "ئەندرێی ڕۆژگـاری لە زووەوە بەسـەرچووی منداڵیی زووی خـۆی بیـر هاتـەوە". دوای چەند ڕسـتـەیەکی لـەوەولا: "دوای ئەو هـەمـوو ئازارکـێـشـانە ئەندرێی هەسـتی بەبەختـەوەرییەک کرد کە زۆرێک بوو هەستی پێ نەکردبوو. خۆشترین ساتەکانی ژیانی، بەتایبەت منداڵییـە زۆر زووەکـەی، کە جلیان لـەبەری دادەکەند، کە لەناو جێیـە بچووکەکـەیان دەنا، کـە دایەنەکەی لایەلایەی بۆ دەکرد، کە بەسـەری قورسی سـەر سـەرینەوە دڵی خـۆش بوو کە هـێشتا نەمردووە ـ ئەم ساتانەی بەخـەیاڵدا وەک شـتێکی ڕابردوو نەهاتن، بگرە وەک شـتێکی واقیـعی." بەڵام دوای ماوەیەک بوو کە ئەندرێی، لەسەر تەختەکەی نەشتەرکاریی تەنیشتیدا ئەناتۆلیی نەیاری خۆی بینی کە ناتاشای فریو دابوو، ئەناتۆلی کە قاچێکی پزیشکێک خەریک بوو دەیبرِییەوە.

دیمەنەکە لەباری ئاساییدا ئاوا دەخوێندرێتەوە: "ئەندرێی برینداره و نەیارەکەی خۆی بەقاچێکی برِاوەوە دەبینێت. ئەم دیمەنە بـەزەیی بەم پیاوە و بەهەمـوو مرۆڤێکدا دەهێنێتـەوە." بەڵام تۆلستۆی دەیزانی کـە ئەم جۆری بیـری کتـوپڕە هۆی زۆر ڕوون و بەجێی نییـە. دیارە وێنەیەکی خـۆش بوو (بیرەوەریی منداڵییە زووەکەی کە هەروەک نەخۆشـەوانەکە جلیان لەبەری دادەکـەند) کە هەموو شتێکی لێ بەرپا کرد، گۆڕانە نوێیـەکەی، شێوە نوێیـەکەی سەرنجدانی هەموو شتێکی. دیاریشە ئەندرێی ئەم وردەکارییە دەگمـەنەی دوای یەک دوو چرکە بیر چووبووەوە کـە دەستبـەجێ لە بیری زۆربەی ئـەو خـوێنـەرانەیش دەچێت ڕۆمـانەکـە بێ بایەخـێکی ئەوتۆ و هەر بـەو جـۆرە خـەراپە دەخوێننەوە کە ژیانی خۆیان "دەخوێننەوە".

گۆڕانێکی گەورەی تر ئەوەیانە کە پیێر بێسوخەڤ بڕیار دەدات ناپلیۆن بکوژێت، بڕیارێک کە ئەم بەسەرهاتەی پێش دەکەوێت: لە هاوڕێ ماسۆنییەکانییەوە لێی ڕوونەوە دەبێت کە لە بەشی سێزدەمی کتێبی سرووشی یۆحەننادا ناپلیۆن بەکەسێکی دژەمەسیح دانراوە: "ئەوەی هۆشی لەبەردایە دەبێت ژمارەی دڕندان لێک بداتەوە چونکە ژمارەی مرۆڤیشە و، ژمارەکە ٦٦٦ ـە..." جا کەسێک ئەلفوبێی فەرەنسایی بەژمارە لێک بداتەوە، زاراوەی ناپلیۆنی ئیمپراتۆر ژمارەی ٦٦٦ دەداتەوە. "ئەم سرووشە وەک برووسکە پیێری گرت، زۆرجاریش لە خۆی دەپرسی دەبێت کێ بێت دەستەڵاتی دڕندەی پێ لەناو بچێت، واتە دەستەڵاتی ناپلیۆن. جا هەر بەو شێوەیەی ژماردن، ئەرکی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بە بەر خۆیەوە نا. لە سەرەتادا هەوڵی دا ئەم پێکهاتەیە شی بکاتەوە: ئەسکەندەری ئیمپراتۆر، دواییش بەمەوە خەریک بوو: نەتەوەی ڕووس. بەڵام ئەوەی کە لێی بەئەنجام دەگرت هەموو جارێک شتێک لە ٦٦٦ کەم یا زیادی دەکرد. ڕۆژێک بەبیریدا هات ناوی خۆی لێ بەکار بباتCount Pierre Besouhoff :، بەڵام ڕێی بەو ژمارەیە نەبرد کە بە مەبەستی دانابوو. لە جێی پیتی 'S' پیتی 'Z' ـی دانا، جێناوی 'de' ـی لێ زیاد کرد و جێناوی دیاری 'le'ـیش، بەڵام ئەو ئەنجامەی نەبوو کە دەیویست لێی هەڵبکرێنێت. جا وای دانا کە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە بە ڕاستی لە ناوەکەی خۆیدایە، دەبوو بەنەتەوەی خۆیەوەی گرێ بدایە، بۆیە ئەمەی لێ بەکار برد: بێسۆفی ڕووس. ژماردنی ئەمەیان ژمارەی ٦٧١ ـی لێ کەوتەوە کە پێنج لە مەبەست لای دابوو، پێنجیش بایی 'e'ـیەک بوو، هەر ئەو پیتەی کە لە جێناوی دیاری 'le'ـی پێشی ئیمپراتۆری لادا. ئەم لابردنەی (دیارە هەڵەیە) 'e'ـیەکەی پێش ناوی خۆی ئەو وەڵامەی پێ دا کە بەپەرۆشـــێکی زۆرەوە دەیویست لێی بەدەست بهـــێنێت: 'l Russe Besuhof ـ ٦٦٦ و، ئەم داهێنانەیش سەری بەجارێک شێواند.

شێوەی وردەکارانەی تۆلستۆی لە باسکردنی ئەم گۆڕینەی داڕشتنی ناودا، کە پیێر بەناوی خۆیەوە خەریکی دەبێت بۆ ئەوەی ڕێ بەژمارەی ٦٦٦ ببات، زۆر گاڵتەکارانەیە: 'l Russe گاڵتەیەکی گرانبایی داڕشتنە. ئاخۆ دەبێت بڕیارێکی بوێرانە و جیدیی مرۆڤێکی بێوەی و خاوەن هۆشێکی بێخەوش لەسەر گەمژەییەکی وا هەڵبنرێت؟

بۆ ئێوە مرۆڤتان پێ چییە؟ خۆتانتان پێ چییە؟

## شێوەیەکی تری ڕوانین لەسەر ڕەوتی سەردەمێکی تر

ڕۆژێک ژنێک کە چاوی بریقەی تێ کەوتبوو پێمی گوت: "ئیتر لینینگراد نەماوە! دەگەڕێینەوە سەر سانت پیتەرسبۆرگە کۆنەکەی خۆمان!" من ئێستایشی بەدەمەوە بێت هیچ کاتێک پێم خۆش نەبووە کە ناوی شار و شەقام چۆن دەگۆڕدرێن. قسەیەکیش، هەرکە دێتە سەر زمانم، دەخۆمەوە: لە چاوەکانی ئەو ژنەدا کە ڕەوتی سەرسووڕهێنی مێژوو کوێراییی داهێناون دەرک بەهاوسۆزییەکی نیوەچڵ دەکەم، بەڵام حەوسەڵەم نییە دەم لە دەمی بنێم، بەتایبەت لەو ساتەدا کە بەسەرهاتێکم بیر

دێتـەوە کـە دیارە شـوێنی لە بیـری ئەودا کـوێرەوە بووە. هەر ئەم ژنـە جـارێک، لە پراگ، دوای داگیرکردنە ڕووسییەکە، ١٩٧٠ یان ١٩٧١ بوو، سەرمانی دا، سەردانی من و هاوسەرەکەم. ئێمە وەک کەسی بێ پەنا زۆر خراپمان لێ قەومابوو. ئەویش سەردانمانی پێ نیشانەی پشتگیری و دڵدانەوەمان بوو کە ئێمە دەبوو بەدڵڕاگرتنی بۆی تێ بهێنینەوە. هاوسەرەکەم سەربردەیەکی خۆش (و وەک دوابینی سەیر)ی ئەمەریکاییەکی دەوڵەمەندی بۆ گێڕایەوە کە لە میوانخانەیەکی مۆسکۆدا ژوور دەگرێت. کە لێی دەپرسن: "ئارامگەکەی لینینت بینی؟"، دەڵێت: "بە دە دۆلارم هێنایە ئێرە." میوانەکەمان بزەی ڕووی برا. چەپ بوو (ئێستایش چەپە) و داگیرکردنی چیکوسلۆڤاکیای بەخیانەتکردن لە بۆچوونەکانی خۆی دەزانی و پێی کارێکی بێ جێ بوو ئەو قوربانییانەی ئەم دەیویست دڵیان ڕابگرێت گاڵتەیان بەبۆچوونە خیانەت لێکراوەکانی بێت. جا بەساردییەکی زۆرەوە گوتی: "خۆش نەبوو" و، پایەی وەک کەسی لێقەوماومان نەبووایە نێوانی ناخۆشمان ڕاستییەک دەبوو گومان نەیبڕێت.

دەتوانم زۆر بەسەرهاتی وا بگێڕمەوە، ئەم جۆرە بادانەوەیەیش هەر سیاسییەکان ناگرێتەوە بگرە داوونەریت بەگشتی: ئەو مێخوازییەی لەبەردا گەشەی برد و دوایی کاڵەوە بوو، ئەو حەزەی بۆ "ڕۆمانی نوێ" دیار خرا و دوایی لە هەموو حەزێک داشۆردرا، ئەو پاکیخوازییە شۆڕشگێڕەی ئەدەبی ڕووتی ناحوکمخوازی جێی گرتەوە و، ئەو بیر و بۆچوونەی لەمەڕ ئەوروپا کەسانێک ناتۆرەی کۆنەپارێزی و نەوداگیرکارییان لێی نا کە دوایی وەک ئاڵای پێشکەوتنیان هەڵدا و، دەتوانم پتری پێوە بچم. جا دەپرسم: بیریانە جاران چۆنیان بیر دەکردەوە؟ بیریانە چۆنیان باداوەتەوە؟ نەک لەبەرئەوەی ئەوان کە بادەدەنەوە من پێی دڵگیر دەبم، نا. بێسوخەڤێک، کە لە بەردا ناپلیۆنی بەدڵ بوو و، لە کۆتا دەبێت بەکەسێک کە هەر بەڕامانە دەیکوژێت، من لە هەردوو بارەکەدا خۆشیم دەوێت. ژنێکیش کە لە ١٩٧١ بەشان و باهووی لینینی هەڵدابێت، ڕەوا نییە لە ١٩٩١ دڵی بەلینینگرادێک خۆش بێت کە ئیتر لینینگراد نییە؟ بێگومان ڕەوایە، بەڵام گۆڕانەکەی لەگەڵ ئەوەی بێسوخەڤدا ناتەبایە.

هەر لەو ترووکەساتەدا کە بێسوخەڤ و بۆلکۆنسکی دنیای ناخیان ئاڵوگۆڕی بەسەر دێت، خۆیان وەک تاک دەسەلمێنن. جا هەر لەو ساتەدایە کردەی کتوپڕ دەنوێنن، بەخۆیان ناچن، ئازادییان تاو دەگرێت و بەدەم ئەم ئازادییەیشەوە پێناسەی خۆیان. ئەمە تروکەساتی شیعرە: ئەمان هەستێکی ئەوەندە چڕوپڕ بەو تروکەساتانە دەکەن لە مەستیی وردەکارییەکی بێمانەندا هەموو دنیایان بەپیرەوە دێت. مرۆڤ لای تۆلستۆی کەسێکی ئەوەندە خودی خۆیەتی، مرۆڤێکی ئەوەندە تاکەکەسە، بەو ئەوەندەیەیش بەهێزە، خەیاڵفراوان و بەهۆشە کە بیروڕای خۆی دەگۆڕێت.

بەڵام ئەوانەی کە دەبینم باری بیروباوەڕیان لەبارەی لینینەوە، ئەوروپا و بەولاتریشەوە دەگۆڕن، خۆیان لە ناتاکییەکەی خۆیاندا قاو دەدەن. گۆڕانەکە هیی خۆیان نییە، هەڵگەڕانەوە نییە، کردەوەیەکی کتوپڕ نییە یان بیری قووڵ و بیرۆکەیەکی شێتانە. ئەمە لە هەموو شیعرێک بەرییە و

گونجانێکە لەگەڵ ئەو چەرخ و گۆڕانەی مێژوودا کە زۆر پەخشانییە. ئەوان تەنانەت ئێستایش وای نابینن. کە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیشیان دێت هێشتا وەک خۆیانن؛ هێشتا لە ڕاستی و ئەو بیرانەدا گیر ماون کە لە خەڵکی دەوروبەری خۆیانی بەمەرج دەگرن بیریان بۆ ببەن. ئەمان ناگۆڕێن بۆ ئەوەی لە شتێکی بنەڕەتیی خودی خۆیان نزیک ببنەوە، بەڵکە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسی تردا یەک بگرنەوە. گۆڕانەکە بۆیانی دەرەخسێنێت وەک خۆیان بمێننەوە.

بەجۆرێکی تری دەردەبڕم: ئەمان بیروباوەڕی خۆیان بەپێی ئەو دادگە نادیارە دەگۆڕن کە خەریکە باری بیر و بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت. گۆڕانەکەی ئەمان، بەمانایەکی تر، تەکانێکە بەرەو ئەو شتەی کە دادگە سبەی بەڕاستی دادەنێت. لێرەدا بیر لە سەردەمی لاویم لە چیکۆسلۆڤاکیا دەکەمەوە. ئێمە کە تازە لە یەکەم ئەفسوونە کۆمۆنیستییەکە ڕزگارمان بووبوو، هەموو هەنگاوێکی وردی دژ بەڕێبازە فەرمییەکەمان بەلاوە دەربڕینی ئازایەتی بوو: نارەزاییی خۆمان دژی ڕاوەدوونانی ئیمانداران دەردەبڕی، بەرگریمان لە هونەری نوێیینەی قەدەخەکراو دەکرد، ڕووبەڕووی گەوجێتیی پڕوپاگەندە دەبووینەوە، ڕەخنەمان لە کزەڵەییمان بەرانبەر ڕووسیا دەگرت و بەولاتریشەوە. ئێمە بەم کارانە شتێکمان خستە تای بێباریبەوە، نەک شتێکی زۆر، بەڵام شتێک. ئەم گیانبازییە (بچووکە)یش، ئەگەر لە گۆشەنیگای ئاکار و ڕەوشتەوە لێی بڕوانین، دڵمانی تا ئاستێک دابین کردبوو. جا ڕۆژێک بیرێکی ترسناکم بەمێشکدا هات: لەوەیە ئەو جۆرە ڕاپەڕینە نەک هەر ئازادییەکی ناخ، ئازایەتییەک هەڵی نەسووڕاندووە، بگرە حەزی ئەوەی لە خزمەتی دادگەیەکی تردا بیت کە بەدزییەوە خۆی بۆ دادگەییکردن ئامادە دەکات؟

## پەنجەرە

کەس لەوەندە زیاتری پێ ناکرێت کە کافکا لە دادگەییکردندا کردی. کافکا وێنەیەکی یەکجار شیعریی دنیایەکی یەکجار ناشیعریی داهێنا. مەبەستم لە"دنیای یەکجار ناشیعری" ئەو دنیایەیە کە ئیتر بواری ئازادیی تاک، بواری تاکایەتیی تاکەکەسی تێدا نەماوە و، لێیدا مرۆڤ ئامرازێکی دەستی ئەو هێزانەی لە توانستی مرۆڤ بەدەرن: بیرۆکراتی، تەکنیک و مێژوو، بەولاوە نین. مەبەستیشم لە"دنیای یەکجار شیعری" ئەوەیە کە کافکا بەخەیاڵە شیعرییەکەی خۆی باری ئەم دنیایەی گۆڕی و دایهێنایەوە بێ ئەوەی کرۆکی یان خەسڵەتە ناشیعرییەکەی بگۆڕێت.

کاف ئەو بارودۆخەی دادگە بەجارێک دایگرتووە کە تێی کەوتووە: ئەوەندەی خولەکێک وچان بەخۆیەوە نابینێت بیر لە شتێکی تر بکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، تەنانەت لەو بارودۆخەدا کە نازانێت چۆن لێی دەرچێت، پەنجەرە هەن کتوپڕ و بۆ تروووکەیەک دەکرێنەوە. کاف ناتوانێت لەو پەنجەرانەوە دەرباز بێت. پەنجەرەکان دەکرێنەوە و یەکسەر دادەخرێنەوە، بەڵام کەلێنێک شیعری دنیای دەرەوەی بۆ هەڵدەخات: ئەو شیعرەی کە سەرەڕای هەموو شتێک وەک هەلێکی بەردەوام وایە و دەرفەتی دەدات وەک کەسێکی ڕاوەدوونراو دەرک بەتروسکەیەکی زیوین بکات.

ئەم کرانەوە کورتانە بۆ نموونە نیگای کافن: کاف دەگاتە شەقامێکی پەڕگەی شار کە بۆ یەکەم لێکۆڵینەوە لەوێ، بانگ کراوە. پێش گەیشتنە جێ، کاف هێشتا ڕای دەکرد نەکا دوا بکەوێت. ئێستا ڕادەوەستێت. لەسەر شەقام ڕادەوەستێت، بۆ تاوێک هەموو شتێکی دادگەی لە بیر دەچێت و چاو بەدەوری خۆیدا دەگێڕێت. "ئێستا لەم بەرەبەیانەی یەکشەمدا زۆر پەنجەرە چۆڵ نەبوون، پیاو بەکراسی نیوقۆڵەوە خۆیان داهێنابووە دەرەوە، یان جگەرەیان دەکێشا یان بەدەستێکی وریا منداڵێکیان بەسەر پاسارەی پەنجەرەوە ڕاگرتبوو. لە پەنجەرەی تردا پێخەف هەڵخرابوون کە جاروبار پرچی تێکاڵاوی ئافرەتیان بەسەرەوە دیار دەکەوت." دوایی چووە ناو باخەکە. "لە نزیکییەوە پیاوێکی پێپەتی، کە لەسەر سندووقێک دانیشتبوو، ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. لەناو دروشکەیەکدا دوو کوڕیلە جۆلانەیان دەکرد. لای ترومپایەک تازە کچێکی باریکەلە بە جلی خەوەوە، کە ڕاوەستابوو و سەیری کافی دەکرد، سەتڵەکەی ئاوی تێ دەچۆڕا.

ئەم ڕستانە بیرم بۆ وەسفەکانی فلوبێر دەبەن: پوخت، ڕوون، هەستکردن بەوردەکاریی بێ کەمترین گوزارشتی بێبار. ئەم هێزی وەسفکردنە مرۆڤ بار دەهێنێت هەست بەکاف بکات چەند تینووی واقیعە، چۆن ئەو دنیایە هەڵدەمشێت کە تاوێک لەوەوبەر لە تینی دادگەییکردنەکەدا دووری لێ گرتبوو. بەڵام ئەم وەستانەی کورت دەکێشێت، چونکە دوای تاوێک ئیتر چاوی سەرنجدانی ئەو کچەی نامێنێت کە بەجلی خەوەوە سەتڵەکەی پڕ دەکات، دادگەییکردنە هەڵپەکە سەرلەنوێ داگیری دەکات.

ئەو دیمەنە کەمانەی هەوەسبازییش کە لە ڕۆمانەکەدا هەن، ئەوانەیش پەنجەرەن کە بۆ تاوێک، هەر بۆ تاوێک، دەکرێنەوە: کاف هەر ئەو ژنانە دەبینێت کە کەم و زۆر هاوپێوەندی دادگەییکردنەکەن: خاتوو بۆرستنەر، بەنموونە، هاوسێی لە هەمان ئەو زنجەی کە ئەمی لێ دەستگیر کرابوو. کاف بەدڵگرانییەکی کەمەوە بۆی ڕوون دەکاتەوە چیی لێ ڕووی داوە و، دوایی لای دەرگەکە، بۆی دەڕەخسێت لە نازەیەوە بیگرێت و "دەمی و دوایی هەموو دەموچاوی وەک ئاژەڵێکی تینوو کە زمانی بەکانیاوێکدا دەهێنێت دوای چەندانێک دەمی پێی گەیشتووە، ماچ کرد." جەختی دەکەمەوە "تینوو"، وشەیەک کە مرۆڤێک دەنوێنێت لە ژیانی ئاساییی خۆی دابڕاوە و بۆ کورتێک و لە پەنجەرەوە نەبێت ئیتر چاوی پێی ناکەوێت.

لە یەکەم لێپرسینەوەدا کاف گوتار دادەدات، بەڵام شتێکی سەیر کە پێش دێت، قسەکانی پێ دەبڕێت: ژنی دەرگەوانەکە کە لەوێیە، خوێندکارێکی ڕیوەڵ بەگازەرای پشتیدا دەخات و لەنێو ئەو هەموو خەڵکە گوێگرەدا سواری دەبێت. لەم پێکگەیشتنە سەرسووڕێنەی نێوان ڕووداوی بێ نێواندا پەنجەرەی نوێ (شیعری بەرز، دەگمەن، کتوپڕی کافکا) ڕووەو دیمەنێکی دووری دادگەییکردنەکە، ڕوو لەو بەرەڵاییە خۆشە، لەو ئازادییە خۆش و بەرهەڵدایە دەکرێتەوە کە لە کاف زەوت کراوە.

ئەم شیعرە کافکاییە، بەهیچ لێکچوونێک، بیرم بۆ ڕۆمانێکی تر دەبات کە ئەویش باسی گرتن

و دادگەییکردنە: "١٩٨٤"ـی ئۆروێڵ، کتێبێک کە دەیان ساڵ سەرچاوەی بەردەوامی دژکارانی حوکمی گشتگر بوو. ئەم ڕۆمانەی کە دەیەوێت وێنەیەکی ترسناکی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکردی ڕێژیمێکی گشتگر بێت، هیچ پەنجەرەیەکی لێدا بەدی ناکرێت، هیچ کچۆڵەیەکی لاواز نابینرێت چووبێت ئاو بهێنێت. ڕێی ئەم ڕۆمانە لە ڕووی هەموو شیعرێکدا گیراوە؛ ڕۆمانی چی؟ بۆچوونێکی سیاسی کە ڕەنگی ڕۆمانی لێ نراوە. بۆچوونەکە ڕوونە و ڕاستیشە، بەڵام لە بەرگی ڕۆماندا کە شتێکی نیوەچڵی لێ پێک دێت، شێواوە. جا ئەگەر شێوازی ڕۆمانە بۆچوونەکەی ئۆروێڵی تاریک داهێناوە، تۆ بڵێیت لە جیاتیی ئەمە شتێکمان پێ بدات؟ ئاخۆ ڕازی بارودۆخی مرۆڤ کە نە کۆمەڵناسی و نە سیاسەتناسی ڕێی تێ دەکەوێت، ڕوون دەکاتەوە؟ نا: بارودۆخ و کەسەکانی کتێبەکە دروشمی سواون. ئەی دەکرێت شێوازەکەی، هیچ نەبێت وەک ڕۆشنکردنەوەی بیر و بۆچوونی باش، ڕەوا بێت؟ ئەمیشیان نا، چونکە بیر و بۆچوون کە وەک ڕۆمان دەخرێنە ڕوو، ئیتر ئەرکی بۆچوون و بیر ناگێڕن بگرە ڕێک ئەرکی ڕۆمان و، لە"١٩٨٤"ـیشدا ئەرکی ڕۆمانێکی خراپ بەهەموو کاریگەرییە کوشندەکانی ڕۆمانی خراپەوە.

کاریگەرییە کوشندەکەی ڕۆمانەکانی ئۆروێڵ لەم داشکاندنە بێبەزەییەی دنیای ڕاستەقینەدایە کە هەردیوە سیاسییە توندڕۆکەی لێ دەمێنێتەوە و لە کورتکردنەوەی بەری ڕێک ئەم ڕووەیشیدایە کە هەر ئەمە، ئەم نموونە یەکجار خراپەی لێ دەکەوێتەوە. من ئەم داشکاندن و کەمکردنەوەیەم پێ نابوردرێت چونکە لە خەباتی دژ بەناڕەواییی ڕێژیمە گشتگرەکەدا ئەرکی پڕوپاگەندەی گێڕا و، چونکە ئەو ناڕەواییە ژیان دادەشکێنێتە سەر سیاسەت و، سیاسەتیش دادەشکێنێتە سەر پڕوپاگەندە. بەو جۆرە ڕۆمانەکەی ئۆروێڵ، سەرەڕای مەبەستەکانی، خۆی بەشێکی ڕۆحی ڕێژیمە گشتگرەکە، ڕۆحی پڕوپاگەندەکە پێکەوە دەنێت، ڕۆمانەکە ژیان لە کۆمەڵگەیەکی نەخوازراودا دادەشکێنێت (پێ دەچێت دابشکێنێت)ە سەر ژماردنێکی ساکاری ئەو تاوانە جیاوازانەی کە ئەنجامی داون.

ساڵێک یان دوو ساڵی دوای ڕووخانی کۆمۆنیزم کە لەگەڵ چیکییەکان دەدوێم لە یەک بەیەکیان ئەم بادانەوەیە، ئەم سەرەتا چاری ناچارەی هەموو بیرەوەری و بیرکردنەوەیان دەبیستم: "دوای ئەو چل ساڵە ڕابردووەی ترسان لە کۆمۆنیزم"، یان: "ئەو چل ساڵە ترسناکە"، و پێش ئەمانەیش: "ئەو چل ساڵە لەدەست چووە". سەرنجێکی ئەوانەیان دەدەم کە لەگەڵیان دەدوێم: ئێوە هەرگیز ناچار نەکران وڵات بەجێ بهێڵن، هەرگیز لە زیندان نەنران، هەرگیز لە کار دەرنەکران یان هەرگیز بێ ڕێزیتان پێ نەکرا. ئەمان، هەر هەموویان، ژیانی خۆیان لە وڵاتی خۆیان، ماڵی خۆیان، کاری خۆیاندا بەسەر برد، ئەمان لە سەیران و هاودەم و دڵداریی خۆیان نەکەوتن، کەچی بەدەربڕینی "چل ساڵی ترسناک" ژیانی خۆیان لە دیوە سیاسییەکەدا کورت دەکەنەوە. بەڵام ئاخۆ ڕاستە ئەمان چل ساڵی مێژووی سیاسییان وەک بارستاییەک ترس بەسەر برد؟ ئەو ساڵانەیان بیر چووە فیلمەکانی فۆرمانیان لێیاندا دەبینی، کتێبەکانی هربالیان دەخوێندەوە، بۆ شانۆگەرییە

ڕەسەنەکان دەچوون، بەزمی بەردەوامی خۆیان دەگێڕا و گاڵتەیان بەدەستەڵات دەکرد؟ ئەمان کە هەموویان باسی چل ساڵی ترسناک دەکەن هەر لەبەرئەوەیە بیرەوەریی خۆیان بەجۆرێک ئۆرویڵیاندووە کە دوایی، لە هۆش و هەستیاندا، بەهای داشکاوەیان بەجارێک نەماوە (چل ساڵی لەدەستچوو).

کاف ئەگەرچی لە بارودۆخێکی وادایە کە ئیتر هیچ ئازادییەکی نەماوە، باری دێت کچۆڵەیەکی باریکەلە ببینێت کە خەریکە سەتڵەکەی لەسەرخۆ پڕ دەکات. گوتم ئەم ترووکەساتانە وەک پەنجەرە ڕووەو دیمەنێکی دوور لەدادگەییکردنەکەی کاف بۆ تاوێک دەکرێنەوە. ڕووەو کام جۆرە دیمەن؟ خوازەکە ڕوونتر دەکەمەوە: پەنجەرەکراوەکانی ڕۆمانەکەی کافکا ڕوویان لە دیمەنەکانی تۆلستۆیە، ڕوویان لە دنیایەکە کەسەکان لە ساتە هەرە سەختەکانیشدا بەری ئازادییەکی وای بڕیاردانیان لێدا بەبەرەوە ماوە ئەو پێشبینییە خۆشە بەژیان دەدات کە سەرچاوەی هەموو شیعرێکە. دنیای شیعریی تۆلستۆی پێچەوانەی دنیای کافکایە، بەڵام بەپەنجەرەی بەروالادا، وەک ئاهێکی تاسەباری، وەک شەماڵ کە هەستێکی ئەوتۆی پێ ناکرێت، خۆی دەکێشێتە نێو بەسەرهاتەکەی کافەوە و جێی خۆی لێ خۆش دەکات.

## دادگە و دادگەییکردن

فەیلەسووفە بوونگەرەکان دەیانویست مانای فەلسەفی لە وشەی زمانی ڕۆژانە بنێن، خۆیشم بەدەگمەن دەتوانم وشەی وەک پەژارە و ئاخاوتن بەزارمدا بهێنم و بیر بۆ ئەو مانایەنە بەم کە هایدیگەر پێی داون. لەم خاڵەدا ڕۆماننووس پێشی فەیلەسووف کەوتوون. جا کە بۆیان ئاشکرا دەبێت پاڵەوانەکانیان لە کوێ و کامە بارودۆخدان، وێردی خۆیان زۆرجار بەوشەی سەرەکی دادەهێنن کە خەسڵەتی چەمک وەردەگرن و ئەو مانایە تێ دەپەڕێنن فەرهەنگ (قامووس)ـی زمان پێیان دەدەن. بۆ نموونە کریبیۆ کۆرپە وشەی تروکەسات وەک چەمکێک بۆ ئەوینبازی (ئەو ڕێککەوتە چرکەکێشەی کە دەکرێت ژنی لێدا فریو بدرێت) بەکار دەبات و دوای خۆی بۆ چاخ و نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی بەجێی دەهێڵێت. هەر بەم جۆرە دۆستۆیێڤسکی باس لە بێڕێزی و ستێندال باسی بێهوودەیی دەکات. کافکایش بەدادگەییکردنەکەی بۆمانی دەرەخسێنێت دوو چەمکی سەرەکیی وای لێ بەمیرات بگرین کە بۆ تێگەیشتنی دنیای نوێیینە ناکرێت پشتگوێیان بخەین: دادگە و دادگەییکردن. کافکا ئەم دووانەمان وەک بەرماوە بۆ بەجێ دەهێڵێت؛ واتا دەیانخاتە بەردەستمان بۆ ئەوەی کاریان پێ بکەین و لە ڕۆشناییی کار و کردەوەکانماندا، بیر ببەین و بیریان لێ بکەینەوە.

دادگە: باسی دەستگەیەکی یاسایی نییە کە دەبێت سزای ئەو کەسانە بدات یاساکانی دەوڵەتیان بەزاندووە، دادگە بەپێی ئەو مانایەی کافکا پێی داوە دەستەڵاتێکە حوکم دەدات، حوکم دەدات چونکە دەستەڵاتە. دەستەڵاتی دادگەیشە و هیچی تر کە ئەو مافەی پێ دەدات. کە کاف دوو

میوانە نەخوازراوەکەی لێ دێنە ژوورەوە، یەکسەر ئەم دەستەڵاتە دەناسێتەوە و سەری بۆ شۆڕ دەکات.

ئەو دادگەیییەیش کە دادگە دەستی پێ کردووە لە بێ سنووریی خۆی ناکەوێت، دەمەوێت بڵێم: تاکە پرسێکی تایبەتی نەگرتووەتەوە، تاوانێکی دیاریکراو (دزی، ساختەچێتی، ئەتککردن)، بەڵکە ئەو تۆمەتبارەی کە تۆمەتبارە. کاف بە"بچووکترین کردەوە"ی سەرلەبەری ژیانی خۆیدا دەگەڕێت تاوانەکەی خۆی بدۆزێتەوە. بێسوخەڤیش لەم سەردەمەی ئێمەدا بووبووایە لەوەیە بەحەزی بۆ و ڕقی لە ناپلیۆن تۆمەتبار بکرێت تەنانەت بۆ مەیخواردنەوەکەی، چونکە ئەم دادگەییکردنە وەک شتێکی بێ سنوور هەم لایەنی فەرمی و هەم لایەنی کەسەکی دەگرێتەوە. برۆد حوکمی کوشتنی کاف دەدات چونکە لە ژن هەر "نزمترین ئاستی سێکس" دەبینێت. من دادگەییکردنە سیاسییەکانی پراگی ١٩٥١م لە بیرن. ژیاننامەی تۆمەتبارەکان بەتیراژی زۆر چاپ دەکران. هەر ئەوسایش یەکەم جارم بوو دەقێکی ڕووتم خوێندەوە: چیرۆکێک لەبارەی سێکسی کۆ بەکۆوە کە لێیدا ژمارەیەک پیاوی تۆمەتبار و دوایی لەداردراو، ژنێکی ڕووتی شوکلاتتێسواوی تۆمەتباریان دەلستەوە (کە ئیتر لەباری بێچارییەکە نەبوون!). کە ئایدیۆلۆجیا کۆمۆنیستییەکەیش دەستی بەڕووخان کردبوو، دەست بەدادگەییکردنی کارل مارکس کرا (دادگەییکردنێک کە ئەمڕۆ بەشکاندنی پەیکەرەکانی لە ڕووسیا و شوێنی تردا تاوی تەواوی سەندووە) هەڵمەت بۆ ژیانی کەسەکی بردرا (یەکەم کتێبی دژەمارکسی کە خوێندوومەتەوە: چیرۆکی نێوانە سێکسییەکەی مارکسە بە ژنە خزمەتکارەکەیەوە). لە گاڵتەدا سێ فێرخواز لودڤیک لەسەر ئەو دێرانە تۆمەتبار دەکەن کە بۆ کچە هاودڵەکەی خۆیی ناردووە. لودڤیک بەپاکانە دەڵێت ئەو دێرانەی زۆر خێرا نووسیون و بیری لە ناوەڕۆکیان نەکردووەتەوە، لە وەڵامدا پێی دەڵێن: "ئێستا ئیتر دەزانین چۆن کەسێکیت"، چونکە هەر چییەک تۆمەتبار دەیڵێت، دەیبۆڵێنێت، بیری لێ دەکاتەوە، هەموو شتێک کە خودی تۆمەتبارەکە خۆیەتی، بەدادگە دەدرێت.

بەری دادگەییکردن بەرەڵایە چونکە لە سنووری کەسی تۆمەتباردا گیر نابێت، "دادگەییکردنەکە بدۆڕێنی" ئەمە مامی بەکافی دەیڵێت: "کۆمەڵگە و کەسوکاریشت لێ بەری دەبن". لە تاوانی هەر جوولەکەیەکدا تاوانی بەردەوامی هەموو جوولەکەیەک هەیە. بەپێی ئەو ڕێبازە مارکسییەی کە کاریگەریی ڕەگ و ڕیشەی چینەکانی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، هەڵەی کەسی تۆمەتبار هەڵەی باوک و باپیرانیشی دەگرێتەوە. جا کە سارتەر ئەوروپا بەتاوانی داگیرکاری تۆمەتبار دەکات، داگیرکاران تۆمەتبار ناکات، بگرە ئەوروپا، هەموو ئەوروپا، ئەوروپایەکی بەردەوام، چونکە "داگیرکار لە ناخی هەمووماندایە"، چونکە "هەموو کەسێکمان بەلاوە بەشداریی تاوانەکەیە لەبەرئەوەی هەموومان کەڵکمان لە ڕەتاندنەوە داگیرکارییە کەبردووە." لە دادگەییکردندا هیچ شتێک ناسڕدرێتەوە، ئەوانەی لەمێژە بەسەرچوونە ئەوەندەی شتێک کە ئەمڕۆ ڕووی دابێت زیندوون، تەنانەت بەمردووییش ڕزگارت نابێت: هەواڵگر لە گۆڕخانەیشدا هەن.

بیری دادگەییکردن زۆر گەورەیە، بەڵام بیرێکی یەکجار تایبەتە کە دەتوانین بەفەرامۆشکردنی هەر چییەک کە تاوان نییە پێناسەی بکەین. بەواتایەکی تر دادگە بەری ژیاننامەی تۆمەتبار ئەوەندە کورت دەکاتەوە کە هەر تاواننامەیەکی لێ دەمێنێتەوە. ڤیکتۆر فاریاس (کە کتێبەکەی هایدیگەر و نازیزم نموونەیەکی کلاسیکیی تاواننامەیە) لە سەرەتای تافی لاوێتیی ئەم فەیلەسووفەدا ڕەگە نازییەکەی دەدۆزێتەوە بێ ئەوەی بیرێک بەدوای بەهرەکەیدا بگێڕێت کە ئاخۆ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. دادگە کۆمۆنیستییەکان بۆ ئەوەی ئەو لادانە ئایدیۆلۆجییانە بە تاوان دابنێن کە تۆمەتبار ئەنجامی دابوون، هەموو شتێکی تۆمەتباریان قەدەخە دەکرد (بەم جۆرە لوکاس و سارتەر، بەنموونە، لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکاندا قەدەخە کران، تەنانەت ئەو دەقانەیشیان کە لێیاندا لایەنگری کۆمۆنیزم بوون). بۆچی شەقامەکانمان هێشتا ناوی وەک پیکاسۆ و ئاراگۆن و ئێلوارد و سارتەریان پێوەیە؟ ئەمە ڕۆژنامەیەکی پاریس لە مەستییەکەی ١٩٩١ی پاش کۆمۆنیستیدا دەیپرسێت و، دەمکێشێتە سەر بارێک کە بڵێم: چونکە ئەو کارانەی ئەمان نووسیویانە زۆر بەنرخ بوون! بەڵام لە دادگەییکردنەکەی ئەوروپایدا سارتەر دەڵێت ئەم پرسە پێوەندیی بەهەموو نرخ و بەهایەکەوە هەیە: "بەها بەنرخەکانمان خەریکە باڵیان هەڵدەوەرێت و، مرۆڤ لە نزیکەوە سەیریان بکات لێی دیار دەکەوێت لەکەی خوێنیان پێوەیە"، بەهای لەکەدار ئیتر بەها نییە، ڕۆحی دادگەییکردن هەموو شتێک دادەشکێنێتە سەر ئاکار: پووچگەرییەکی ڕەهای ڕوو لە هەموو شتێک کە کار، هونەر و بەرهەمە.

پێش ئەوەی خۆسەپێنەکانی لێ بێنە ژوورەوە و دەستگیری بکەن، کاف ئەو خاتوونەی بەرانبەری دەبینێت کە بەو"کونجکۆڵییەی پێشتر لێی نەبینرابوو" سەرنجی دەدا. بەم جۆرە هەر لە سەرەتاوە دەرگەوانە دەنگبێژەکانی ئەنتیک تێکەڵی گەمەکە دەبن. ئەمالیا، لە کۆشکدا کە پێشتر نە تۆمەتبار کراوە نە حوکم دراوە، هەموو کەسێکیش دەزانێت دادگە نادیارەکەی لێ لایە، ئەمەی بەسە بۆ ئەوەی هەموو دانیشوانی گوندەکەی لێ لالووت بن، چونکە ئەگەر دادگەیەک بڕیاری دادگەییکردنی ناوچەیەکی دا هەموو دانیشتوانەکەی بەقولاپی هەزارسەرەوە دەبن و کاریگەرییی دادگەکە ڕادەی خۆی تێ دەپەڕێنێت و هەر کەسێک، ژن بێت یان پیاو، باش دەزانێت زوو یان درەنگ تۆمەتبار دەکرێت. جا ئەمالیا پێش ئەوەی ئەمەی لێ پێش بێت ڕەخنە لە خۆی دەگرێت؛ ڕەخنە لەخۆگرتن: سەرشۆڕبوونی تۆمەتبار لە بەردەستی داواکاری گشتیدا، ڕەتکردنەوەی خودی خۆی، شێوەیەک بۆ لەناوچوونی تاکەکەس. دوای شۆڕشی کۆمۆنیستی ١٩٤٨ تازەژنێکی خانەدانی چیکی بەهۆی ودمە نارەواکانییەوە خۆی بەتاوانبار دەزانی. ئەم بۆ ئەوەی کارەکەی لێ بەتاوان نەگیرێت نەک هەر کۆمۆنیستێکی گڕگرتووی لێ دەرچوو، حاشای لە باوکی خۆیشی کرد. ئەمڕۆ کە ئیتر کۆمۆنیزم نەماوە، ئەو خاتوونە جارێکی تر سزایەکی تر دەکێشێت و دیسان خۆی بەتاوانبار دەزانێت. ئەو بەدوو بەردداشی دادگەییکردندا تێ پەڕیوە، دوو قۆناخی ڕەخنە لەخۆگرتن و لە دوای خۆیدا بیابانێک ژیانی حاشا لێکراوی بەجێ هێشتووە، ئەگەرچی ئەو هەموو خانووبەرەیەی پێ

دراوەتەوە کە جاران لە باوکە (حاشا لێکراو)ـەکەی زەوت کرابوو. ئەو خاتوونە ئەمڕۆ مرۆڤێکە کە نەی کردووە، کە دووجار نەی کردووە؛ نەی لە خۆی کردووە.

دادگەییکردن بەو مەبەستەوە دەست پێ ناکرێت داد و یەکسانی پێڕەو بکرێت، بگرە تۆمەتباری پێ لەناو ببرێت، هەروەک برۆد دەڵێت: ئەو کەسەی هیچ کەسی خۆش ناوێت، لە دڵبازی بەولاوە هیچ نازانێت، دەبێت بمرێت. کاف تا مردن بەر چەقۆ و بوخارین لەدار دەدرێت. دادگەییکردنێکیش کە دژی مردووەکان دەست پێ دەکرێت بۆ ئەوەیە جارێکی تر بمرێندرێن: بەسووتاندنی کتێبەکانیان، بەسڕینەوەی ناویان لە کتێبە فێرکارییەکاندا، بەڕووخاندنی پەیکەرەکانیان و ناولێنانەوەی ئەو جادانەی کە جاران ناوی ئەمانیان لێ نرابوون.

## دادگەییکردنی سەدە

وا بۆ حەفتا ساڵ دەچێت کە ئەوروپا سێبەری سیستەمێکی دادگەییکردن لەسەر هەڵنیشتووە. چەند هونەرمەندی گەورەی ئەم سەدەیە بەدادگە نەدران... نامەوێت باسی جیا لەوانەیان بکەم کە بۆ من هیچ نەبێت بایەخێکیان هەبووە. لە بیستەکان بەملاوە ئەوانەیانمان هەن کە دادگەی ڕەوشتی شۆڕش ڕاوەدووی ناون: بونین، ئاندرێییڤ، مایەرهۆلد، پیلنیاک و ڤێپریک (موزیککارێکی جوولەکەی ڕووس، شەهیدێکی فەرامۆشکراو لە بواری هونەری نوێیینەدا، کە زاتی کرد لە ڕووی ستالیندا لایەنی ئۆپێرای قەدەخەکراوی شۆستاکۆڤیچ بگرێت. ڤێپریک کە شارەودەر کرا (دەقی موزیکەکانی پیانۆیم لە بیرن کە باوکم حەزی دەکرد بیانژەنێت)، مالدێنستام، هالاس (شاعیری بەردڵی لودڤیک لە گاڵتەدا، ئەو کەسەی دوای مردنی، لەبەر ئەو خەمەی ڕاو نرا کە وەک کردەوەیەکی دژەشۆڕش دانرا). جا ئەوانەمان هەن کە دادگەی نازی ڕاوەدووی نان: برۆخ (وێنەکەی لەسەر مێزەکەمە و بەپایپەکەی لالێویەوە سەیرم دەکات)، شۆنبێرگ، وێرفل، برێخت، تۆماس و هێنریش مان، موسیل، ڤانکورا (ئەو پەخشاننووسە چیکییەی لە هەمووم خۆشتر دەوێت) و برونۆ شولز. ئیمپراتۆریای دەستەڵاتە گشتگرەکان و دادگە خوێناوییەکانیان نەمان، کەچی ڕۆحی دادگەییکردنەکان هێشتا بەرماوەیە و هەر ئەمەیە کار و کردەوەمانی پێ هەڵدەسەنگێندرێن. جا ئەوانەی بەدادگە دەدرێن ئەوانەن کە بەپشتگرتنی نازیزم تۆمەتبار دەکرێن: هامسۆن، هایدیگەر (سەرلەبەری خاوەنبیرانی چیک قەرزاری ئەمن، پێش هەموویان پاتۆکا)، ڕیچارد شتراوس، گۆتفرید بێن، ڤۆن دۆدێرێر، دریو لا ڕۆخێل، سێلێن (١٩٩٢ بەرپرسێکی هەڵچوو ڕازی نەبوو خانووەکەی بەیادی خاوەنەکەیەوە مۆرکی ساختمانی یادگاریی لێ بنرێت). لایەنگرانی مۆسۆلینی: مالاپارتێ، مارینێتتی، ئێزرا پاوەند (کە چەند مانگێک سوپای ئەمەریکا لە پشت گاڵە و پشتکۆڵ، وەک ئاژەڵێکی بەر قرچەی خۆری ئیتاڵیا، قایمیان کرد. لە نیگارگەکەی خۆیدا لە ڕێیکیەڤیک، کریستیان داڤیدسۆن وێنەیەکی گەورەیم بەم وشانەوە پێشان دەدات: "پەنجا ساڵە دوای هەموو هەنگاوێکم کەوتووە"). ئاشتیخوازانی میونشێن: جیۆنۆ، ئەلاین، موراند، مۆنتێرلاند،

سانت جۆن پێرسی (وەک ئەندامی هەناردە فرەنسایییەکەی کە ڕەوانەی میونشن کرا دەستێکی زۆری لە بێرێزیکردن بەوڵاتی باوانم هەبوو). جا کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانیان: مایاکۆڤسکی (کێ ئەمرۆ شیعری ئەویندارى و خوازە نایابەکانی ئەوی لە بیر ماوە؟)، گۆرگی، گ. ب، شۆ، برێخت (کە هەر بەم جۆرە کێشرایە پای دووەم دادگەییکردنەوە)، ئێلوارد (ئەو ڕۆحکێشەی کە ئیمزاکەی دوو شیری چەپ و ڕاست بوو)، پیکاسۆ، لێگێر، ئاراگۆن (چۆن بیرم بچێت لە سەختترین ترووکەساتی ژیانمدا دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردم؟)، نێزڤال (وێنەکەی کە خۆی بەبۆیە چەورە کێشاویەتی لە پاڵ کتێبخانەکەمدا هەڵواسراوە) و سارتەر. هەیانە دووجار بەدادگە دراون، جارێک بەوە تۆمەتبار کران کە ناپاکییان لە شۆڕش کردووە، دواییش کە بۆچی لەوەوبەر خۆیان لە خزمەتیدا داناوە: جید (کە بەلای وڵاتە کۆنە کۆمۆنیستییەکانەوە ڕەمزی هەموو خراپەیەکە)، شۆستەکۆڤیچ (بۆ ئەوەی نرخی موزیکی بەهاداری دانەشکێت خاشاکی بۆ پێویستییەکانی ڕێژیم نووسی. ئەو وای دەزانی لە دیتگەی مێژووی هونەرەوە شتێکی بێ نرخ یەکسانی هیچە، نەیدەزانی دادگە بایەخ هەر بەم بێ نرخییە دەدات). برێتۆن، مالرو (دوێنێی تۆمەتی ئەوەی بەملدا بڕا کە لە ئاست بیر و بۆچوونەکانی شۆڕشدا ناپاک بووە و سبەی لەوەیە بەوە تۆمەتبار بکرێت کە بەو جۆرەی بیر نەبردووە). تیبور دێری (بەشێکی پارچە پەخشانێکی ئەم نووسەرە کۆمۆنیستە کە دوای کۆکوژییەکەی بۆداپێست بەند کرا، بۆ من یەکەم وەڵامدانەوەی گەورەی ئەدەبی و پەسنندانی ستالینیزم بوو). گوڵە بەردڵەکەی ئەم سەدەیە، هونەرە نوێخوازەکەی بیست و سییەکان، هەرکە شکۆفەی دا سێ جار تۆمەتبار کرا: یەکەم جار دادگەی نازی بە"هونەری سنووربەزێن"ـی ناو نا، دوایی دادگەی کۆمۆنیستەکان ناتۆرەی "شێوەخوازیی دژەگەل و بژادە"ـی لێ نا و دواتر سەرمایەدارییە سەرکەوتووەکە بەهونەرێکی دانا لە ئاوی لێخنی وەهمی شۆڕشگێڕانەدا مەلەی کردووە.

ئاخر چۆنە وا شاعیری پێداهەڵگوت و بەهەق وڵاتپارێزی ڕووسیای سۆڤیەت کە ستالین خۆی نازناوی "گەورەترین شاعیری سەردەمەکەمان"ـی لێ نا، چۆنە وا مایاکۆڤسکی هێشتا شاعیرێکی گەورەیە، یەکێکی گەورەکان؟ مەگەر ئەو شیعرە لیریکییە نەبوو، ئەو خوداژنە نیگەرانەی لە تین و تاوی خۆیدا و بەفرمێسکی گەرم کە بەری چاوی گرت دنیا بەڕوونی ببینێت، پێشوەختە بڕیاری دا لە ڕۆژێکی شوومدا ئەو کەسەی لێ هەڵبکەوێت کە ڕەنگ و ڕووی هەموو بەدکارییەکان دەڕازێنێتەوە و "پڕ بەدڵ خزمەتیان دەکات"؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن بیست و سێ ساڵی لەمەوپێش کە ژیان لە شوێنێکی تردایەم نووسی خجڵیان کردم، ڕۆمانێک کە لێیدا یارومیل، شاعیرێکی گەنج کە هێشتا بیست ساڵی تەمەن نەکردووە، دەبێتە بەردەوکی ڕێژیمی ستالین. جا ترسی تەواوم لێ نیشت کە ڕەخنەگرانم بینی پەسنی ڕۆمانەکە دەدەن، بەڵام پاڵەوانەکەم بەکۆلکەشاعیر و تەنانەت خوێڕی ناو دەبەن. من یارومیلم پێ شاعیرێکی ڕەسەن بوو، ڕۆحێکی بێوەی، ئەگینا ڕۆمانەکەم بێ کەڵک دەبوو. تۆ بڵێیت خۆم بووبم ئەم بەدحاڵیبوونەم نابێتەوە؟ بڵێیت خۆم بووبم خۆم باش

دەرنەبڕیبێت؟ باوەڕ ناکەم. دیارە شەرمە شاعیریکی ڕاستەقینە بیت و لە هەمان کاتدا (وەک یارومیل و مایاکۆڤسکی) بەش بەخۆت دەستت لە نانەوەی ترسێکی ڕاستینەدا هەبێت. هەر وشەی شەرمیشە لە فرانسا بۆ وەسفکردنی ڕووداوی بێ هۆ و ناپەسندی لەم جۆرە بەکار دەبردرێت، ئەگەرچی بەرپەرچی هەموو کارێکی هۆشمەندانە دەداتەوە سەرەڕا شتێکە هەیە و ڕاستەقینەیە. ئێمە هەموومان بێ ئەوەی ئاگەدار بین حەز دەکەین هۆکاری هەموو شەرمێک لەسەر خۆمان دابتەکێنین و وای بنوێنین کە شتێک نییە لە ئارادا بوو‌بێت. هەر ئەمەیە دەمانخاتە بارێک کە بڵێین هەموو گەورەیەکی بواری فەرهەنگی ئەگەر پەنجەیەکیشی لە نانەوەی ترسی سەدەکەماندا هەبووبێت تاوانبارە. بەڵام ئەمە ڕاست نییە. خۆ ئەگەر هەر لەبەر خۆپەرستیمان بێت، لەبەر زانینی ئەوەمان بێت کە ئەوان کەسی دیار و بەرچاون و تاوانبار کراون، دەبوو هەموو هونەرمەند و فەیلەسووفێک "ڕاستی" خەمی سەرەکیی بێت، لێی لانەدات و نەترسێت، نەک هەر لێی لانەدات بگرە خۆی بەنوێنەری بزانێت؛ ئەو شتەی کە شەرمەکەمان بەلاوە ئەوەندەی تر نابەجێ و گران دەکات. جا کەسێک ئەوەندەی هۆش لەسەر نەبێت کە چۆن شەرمەکەی بەسەر خۆیدا هێناوە، هەر بەو جۆرە هەوڵ نەدات لەسەر خۆی نەهێڵێت، دەبێت دەست لەو ڕەوشتخوازییە ساکارە هەڵبگرێت لە دادگەییکردندا ڕەچاو دەکرێت، ڕووبەڕووی شەرمەکە ببێتەوە و تا ماوە بیری وردی لێ بکاتەوە، ئەگەرچی دڵمان لەو هەموو بیر و هزرە کرمێ دەکات کە لەبارەی مرۆڤەوە وەک مرۆڤ هەمانە.

بەڵام ڕەچاوکردنی ئەو بۆچوونەی کە هەموو کەسێک وای بۆی دەچێت، هێزێکە بەپلە و پایەی دادگە دەگات و دادگەیش لەو نێوەدا نییە بۆ ئەوەی کاتی خۆی بۆ بیرکردنەوە بەفیڕۆ بدات، بگرە لەوەیە هەر بۆ ئەوە بێت دادگەییکردنەکە لەو نێوەدا بەڕێوە ببات. جا تا دادوەر و تۆمەتبار جێی خۆیان دەگرن، جیاوازیی کات تێدا دەچێت. هەر ئەزموونێکی کاڵیشە ئەزموونێکی دەوڵەمەند تۆمەتبار دەکات، کەسی کاڵن گومڕاییەکەی سێلین حوکم دەدەن بێ ئەوەی پێ بزانن ڕۆمانەکانی لە پەنای گومڕاییەکەیاندا زانیاریی بوونخوازانەی وایان پێیە کە، ئەگەر دەرکیان پێی بکردایە، هۆشیان پەیدا دەکرد و گەورەتر دەبوون، چونکە دەستەڵاتی فەرهەنگ لەمەدا جێی گرتووە: کە ترس وەردەگەڕێتە سەر هۆشمەندییەکی بوونخوازانە خۆی بەرپا دەکات. جا ئەگەر ڕۆحی دادگەییکردن بتوانێت فەرهەنگی ئەم سەدەیەمان لەناو ببات، وەک بیرەوەرییەکی ستەمکاری کە دەستەیەک منداڵ بەیەک دەنگ دەیڵێنەوە، بەدیار سەرمانەوە دەمێنێت و لە نەمان نایێت.

### ئەوەی ناتوانرێت تاوانبار بکرێت سەما دەکات

ئەو موزیکەی کە (بەگشتی و شێوەیەکی ناڕوون) بەڕۆک ناوی ڕۆیشتووە، بیست ساڵە ژیانی ڕۆژانەی دەنگی تاساندووە. ڕۆک لەو ترووکەساتەوە دنیای داگیر کرد کە سەدەی بیستەم هێڵنجی هات و مێژووی خۆی هەڵهێنایەوە. پرسیارێکیش هەیە بەرۆکم بەرنادات: ئەمەی کە پێش دێت هەر ڕێککەوتە؟ یا مەبەستێکی شاراوە لەپشت ئەم پێککەیشتنەی نێوان دوایین دادگەییەکانی سەدە و

سەرمەستیی ڕۆکدا پەنا دراوە؟ تۆ بڵێیت سەدەکەمان بیەوێت لە نەڕەنەڕی ئەم سەرمەستییەدا خۆی لە بیر بچێت؟ یۆتۆپیاکانی خۆی لە بیر بچێت کە لە ترسەکەدا تاریک دادێن؟ هونەری خۆی لە بیر بچێت؟ هونەرێک کە بەدووڕوویییەکەی خۆی، کە بەفرە لایەنییە ناڕوونەکەی خۆی گێچەڵ بەخەڵک و هەڕەشە لە دیموکراسی دەکات؟

وشەی ڕۆک تەڵخە بۆیە پێم باشە ئەو موزیکەی مەبەستمە ڕوون بکەمەوە: دەنگی مرۆڤ کە بەسەر ئامێردا زاڵە، دەنگی بەرز بەسەر دەنگی نزمەوە. ئەم ئاستی دەنگە جیاوازیی تێ ناکەوێت و هێشتا لەو بەرزییە بەردەوامەیدایە کە گۆرانیی لەناو داوە و نەڕەنەڕی لە جێی داناوە. هەروەک جاز کە ڕیتم لە هەموو بەشە ریتمێکدا دووەم ترپەی خۆی پات دەکاتەوە، بەڵام بەجۆرێکی سواوتر و دەنگ هەراوتر، هارمۆنیا و ئاوازەکەی ڕۆک تاک مەودایە و هەر بەم جۆرە وێنەی دەنگ دەنوێنێت؛ تاکە شتێکی تازە داهێنراوی ئەم موزیکە. لە کاتێکدا سەربەندەکان لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا شوێنی ئەو ئاوازانە دەکەوتن کە چاوی خەڵکی بەستەزمانیان تەڕ دەکرد (و تەوسە موزیکییەکەی مالێر و ستراڤینیسکیی ئەفسووناوی کردبوو) موزیکێک کە بەڕۆک ناو دەبرێت لە دەرەوەی ئەو هەموو شتەدا جێ دەگرێت کە بەگوناهکاریی هەستەکی ناو دەنرێت. ڕۆک هەستبزوێن نییە، سەرمەستییە، درێژەی یەک ترووکەساتی سەرمەستییە. چونکە سەرمەستی تروکەساتێکە کە لە کات دابڕێندراوە، یەک تروکەساتی کورتی بێ بیرەوەری، تروکەساتێک فەرامۆشی، بابەتە ئاوازییەکەی ڕێی پێشخستنی خۆی نییە، هەر خۆی دووبارە دەکاتەوە، بێ پێشکەوتن و بێ ئەنجام (ڕۆک ئەو تاکە "موزیکی سەرگەرمی"یەیە کە ئاواز لێدا زاڵ نییە، کەس بەدەم ڕێوە گۆرانیی ڕۆک ناڵێت).

شتێکی سەیر: لە سایەی تەکنیکی دانەوەی دەنگدا ئەم موزیکی سەرمەستییە لە هەموو کات و شوێنێکدا، لە هەموو شتێکی جیا لە دۆخی سەرمەستیدا دەنگ دەداتەوە. سەرخانی بیستنەکیی ئەم سەرمەستییە بووە بەپاشخانێکی ڕۆژانەی سستیمان. جا کە خوڵکی هیچ بەزمێکی بێ سنوورمان ناکات، یا بۆ هیچ ئەزموونێکی جەزبە بەخشمان بانگ نادات، ئەی چیمان پێ دەڵێت، ئەم سەرمەستییە بازاڕییە؟ کە پەسندی بکەین، پێی ڕابێین، ڕێز لەو جێیە بنێین کە بۆی هەڵبژێردراوە، ئەو ڕەوشتە پێڕەو بکەین کە جاڕی داوە.

ڕەوشتی سەرمەستی پێچەوانەی ڕەوشتی دادگەییکردنە کە لە پەنایدا هەموو کەسێک چیی بوێت دەیکات: هەر کێیەک بڵێیت بۆی دەڕەخسێت چۆنی پێ خۆش بێت پەنجەی خۆی بمژێت، هەر لە لانکەوە تا ژینی هەرزەیی تێ دەپەڕێنێت. ئەمەیش ئازادییە کە کەس ئامادە نییە لێی زەوت بکرێت. لە میترۆدا، چاوێک بەدەوری خۆتاندا بگێڕن، خەڵک کە دانیشتوون یان لەسەر پێن، کامیان دەڵێیت پەنجەی لە کونێکی دەموچاویەتی، گوێی خۆی دەخورێنێت، نێوان ددانەکانی دەکڕێنێت و پەنجە بەکونەلووتیدا دەبات. کەسیان تێ نابینێت کەسێکی تر دەیبینێت و هەموویش بیر دەبەن کە کتێبێک بنووسن و خۆیە بێ وێنە و تاکانەکەی خۆیان پێ دەربڕن کە لووتی

دەخورێنێت. کەس گوێ لە کەس ناگرێت، هەموو کەسێک هەر دەنووسێت و هەموویش چۆن بەدەم ڕۆکەوە سەما دەکەن هەر بەو چۆنە دەنووسن: بەتەنیا، هەر خۆی خۆیان، بیر بۆ کەسی جیا لە خۆیان نابەن و سەرەڕا وەک هەموو کەسێکی تر خۆ دەنوێنن. لەم دۆخەی خۆتەوەراندنە گشتگرەدا هەستکردن بەگوناهباری ئیتر ئەرکی جارانی ناگێڕێت. دادگەکان هێشتا کاری خۆیان دەکەن، بەڵام ڕابردوو گیری پێ خواردوون، ئامانجیان دڵی سەدەیە، ئامانجیان کەسی مردوو یان بەرەی پیر و پەککەوتەیە. کەسەکانی کافکا دەستەڵاتی باوکیان وەک تاوان بەملدا بڕاوە: چونکە باوکی حاشای لێ دەکات، پاڵەوانەکەی (حوکم) خۆی بەدەم ڕووبارەوە دەدات و دەخنکێنێت. ئەو سەردەمە بەسەر چووە: لە دنیای ڕۆکدا باوک تاوانێکی ئەوەندە گەورەی بەملدا دراوە، ساڵانێکە حەوسەڵەی ڕادەربڕینی نەماوە. ئەوانەی کە کەس ناتوانێت تاوانباریان بکات سەما دەکەن.

ماوەیەک لەمەوبەر دوو گەنج قەشەیەکیان کوشت. باسی کوشتنەکەم لە تەلەڤزیۆن گوێ لێیە، قەشەیەکی ترە بەدەنگێک کە سۆز لەرزی تێ خستووە: "دەبێت بۆ قەشەکە بپارێینەوە کە لە پێناو ئەرکەکەی خۆیدا گیانی بەخت کرد. گەنجەکان، بەتایبەت، کاتی زۆری خۆی بۆ تەرخان کردن. بەڵام دەبێت بۆ ئەو دوو گەنجە بەدبەختەیش بپارێینەوە؛ ئەوانیش قوربانی بوون، قوربانیی ئارەزووی خۆیان."

تا بیر ئازادتر و، وشە، گاڵتە، تێنۆڕین ئازاد بێت، بەری بیروباوەڕی ترسناک و خرۆشاندنی هۆشمەندانە تەسک دەبێتەوە. وەرە دادگەی گشتیی تاک نەریتخوازی هەروەک ئێستا چاوەڕێیان بێت، بەری ئازادیی ئارەزووەکان بەرینتر دەبێت. مرۆڤ گوتاری بەئاووتاو دژی بەدکارییەکانی بیربردن دادەدات، گوتاری خۆشبوون لەو تاوانانەی لە سەرمەستییەکی هەستبزوێندا ئەنجام دەدرێن.

## ڕێیەکانی نێو تەم

هاوچاخانی ڕۆبەرت موزیل هۆش و ئاوەزیان بەلاوە لە کتێبەکانی پەسندتر بوو. بەقسەی ئەوان گوتاری نووسیبوویە باشتر دەبوو نەک ڕۆمان. بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەم هەڵوێستە بدەمەوە بەڵگەی پێچەوانەیم بەسە: کە گوتارەکانی موزیل دەخوێنیتەوە: گرانن، ناخۆشن و بێزارت دەکەن، چونکە موزیل هەر لە ڕۆمانەکانیدا بیرمەندێکی گەورەیە. بیری ئەو دەبێت لە دۆخی بەرهەستی کەسایەتیی بەرهەستدا خۆی تێروپڕ بکات، بەکورتی باسی ئێرەمان بیرمەندی ڕۆمانە نەک بیرمەندی فەلسەفە.

هەموو بەشێکی سەرەتای هەژدە بەشەکەی تام جۆنزی فیلدینگ گوتارێکی کورتە. یەکەم وەرگێڕە فرەنساییەکەی، لە سەدەی هەژدەمدا، خەتی ڕاست و چەپی بەسەردا کێشاون و ڕای گەیاندووە بەردڵی هیچ فرەنساییەک ناگرن. تورگنێڤ لەبەر بەشە گوتارییە فەلسەفی ـ مێژووییەکانی شەڕ و ئاشتی ڕەخنەی لە تۆلستۆی گرت. بەمە تۆلستۆیان لێ کەوتە گومان و،

لەبەر ئامۆژگارییەکی زۆر ئەم بەشانەی لە چاپی سێیەمی ڕۆمانەکەی دەرهێنان. بەڵام بەختمان هێنای و لەوەولا بۆ ڕۆمانەکەی گێڕانەوە.

هەروەک چۆن ڕۆمان بێ لێدوان و ڕووداو نابێت، ئاوایش بێ بیری قووڵ و تێڕوانین سەر ناگرێت. بەشە درێژە فەلسەفییەکەی شەڕ و ئاشتی شتێک نییە جێی لە شوێنێکی جیا لە ڕۆماندا، بۆ نموونە کۆوارێکی زانستی، ببێتەوە. دیارە لەبەر زمانەکەی؛ زمانێکی پڕ لە بەراورد و خوازەی بەمەبەست سافیلکانە. بەڵام پێش ئەمە و چونکە تۆلستۆی کاتێک باسی مێژوو دەکات، هەروەک مێژوونووسێک بیکات، بایەخ بەوەسفێکی دەقاودەقی ڕووداوی جۆراوجۆر، ئاکام و کارکردیان لەسەر کۆمەڵگە، سیاسەت یان فەرهەنگ نادات یان بەهەڵسەنگاندنی ئەو ئەرکەی کە ئەم یان ئەوی ڕووداوەکان دەیگێڕێت، مێژوو دێت و وەک مەودایەکی نوێی بوونی مرۆڤ بایەخی دەکێشێت.

مێژوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، لە درێژەی شەڕەکانی ناپلیۆندا کە شەڕ و ئاشتیی لەبارەوە نووسراوە، ئەزموونێکی بەرهەستی هەموو کەسێک پێکەوە دەنێت: ئەم شەڕانە بەگوڕزێک هەموو ئەوروپاییەکی تێ گەیاند بەری دنیای دەوروبەری، بۆ گۆڕانێکی بەردەوام کە بەدزییەوە تێ دەکشێتە نێو ژیانی و دەیگۆڕێت و ڕای دەتلەکێنێت، نەگیراوە. بەڵام پێش سەدەی نۆزدەم شەڕ و شۆڕش بەکارەساتی سروشتی، بەتاعوون یان بلەرزە دادەنرا. خەڵک ڕووداوە مێژووییەکانی بەلاوە نە شتێکی یەکگرتوو بوو نە پێوەچوو، قەتیش لە خۆی ڕانەدەبینی کار لە ڕەوتی بکات. ژاکی چارەنووسناسی دیدرۆ بەسەرباز دەگیرێت و ڕەوانەی بەرەی شەڕ دەکرێت، دوایی بریندار دەبێت. ئەمە کار لە درێژەی ژیانی دەکات و ڕۆژگاری لەوەولای بەشەلەشەل تەکەی دێت. بەڵام کام شەڕ؟ ڕۆمانەکە ناوی نابات. جا بۆ ناوی ببرێت؟ خۆ هەموو شەڕێک وەک شەڕی تر بوو. ئەو ساتە مێژووییە لە ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەمدا شتێکی نزیکەیی دیارکراو تێ ناپەڕێنێت. بگرە لە سەرەتای زووی سەدەی نۆزدەمەوەیە، لەگەڵ سکات و بالزاکدا، پێ دەچێت ئیتر هیچ شەڕێک بەوی تر نەچێت و پاڵەوانەکانی ڕۆمانیش لە سەروەختێکدا دەژین ڕۆژ و ڕێککەوتی دیاری کراوە.

تۆلستۆی بەکەلێنێکی پەنجاساڵەوە بۆ شەڕەکانی ناپلیۆن دەگەڕێتەوە. لەو بارەی ئەمدا وێنە نوێیەکەی مێژوو هەر بەشێکی پێکهاتەی ڕۆمان نییە کە دەتوانێت زۆر و زۆرتر (بەلێدوان و وەسفکردن) خەسڵەتە مێژووییەکەی ڕووداوە باسکراوەکان بەچەنگ بهێنێت. ئەوەی کە ئەم بایەخێکی زۆری پێ دەدات پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مێژووە (توانستی مرۆڤ کە خۆی لەبەری ڕابگرێت یان هەڵبێت، لەو پێوەندییەی نێوان خۆی و مێژوو ئازاد بێت یان نەبێت) و زۆری پێ ناچێت ئەم کێشەیە بەبابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەگرێت؛ بابەتێک کە تۆلستۆی بەهەر شێوەیەک بیر لە باریدا بووە لێکی دەداتەوە، ئەمە بیری قووڵی ڕۆمانیش دەگرێتەوە.

تۆلستۆی دژی بۆچوونی ئەوەی کە مێژوو خواست و هۆشی کەسایەتیی گەورە دایدەهێنێت مشتومڕی ناوەتەوە. مێژوو، بەو جۆرەی تۆلستۆی دەیبینێت، خۆی خۆی دادەهێنێت، ئەو یاسایەی خۆی ڕەچاو دەکات کە لە مرۆڤ ڕوون نییە و باشی نابینێت. کەسایەتییە گەورەکان "ئامرازی بێ

ئاگای مێژوو بوون، ئەمان کارێکیان تا سەر برد کە نەیاندەزانی ئامانجی چییە." لەوەودوا: "چارەنووس یەک بەیەکی ئەمانی ناچار کرد، بێ ئەوەی دەست لە ئامانجی کەسەکیی خۆیان هەڵبگرن، دژی ئەنجامێکی مەزن هاوکاری یەکتر بن و، کەسیان، جا ئیتر ناپلیۆن بووە، ئەسکەندەر یان بچووکتر لەمان یان هەر بەشدارێکی تر، هیچ، هەر هیچی لێ نەزانیوە." تەنانەت: "مرۆڤ بەئاگا بۆ خۆی دەژییێت، بەڵام بێ ئاگا بەشداری لە دابینکردنی ئامانجی مێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا دەکات." لەوانەیش ئەم ئەنجامگیرییە توندوتیژە: "مێژوو، واتا ئەو ژیانەی مرۆڤایەتی کە بێ ئاگایە، گشتییە و گەلەکی".

تۆلستۆی بەم وێنەیەی مێژوو وێنەی ئەو شوێنە میتافیزیکییە دەکێشێت کە پاڵەوانەکانی لێیدا دێن و دەچن. ئەمان نە شتێک لە مەبەستی دەزانن نە ڕێی ڕوو لە داهاتوو، مەبەستە خۆییەکەی کار و کردەوەی خۆیشیان نازانن (بەو کردەوانە،"بێ ئاگا" لە کاری وادا بەشدار دەبن کە"مەبەستیان تێ نەگەیشتوون"، بگرە هەروەک کەسێک بەنێو تەمدا ڕاببوورێت ژیانی خۆیان دەبوێرن. دەڵێم تەم نەک تاریکی. مرۆڤ لە تاریکیدا هیچ نابینێت، کوێرە، خۆی و بەختی خۆی، ئازاد نییە. مرۆڤ لەنێو تەمدا ئازادە، بەڵام ئەوەندەی ئازادیی کەسێکی نێو تەم: پەنجا مەترێکی بەر خۆی دەبینێت، ڕەنگ و ڕووی ئەو کەسەی باش لێ دیارە کە دەیدوێنێت، چێژ لە جوانیی درەختەکانی سەر ڕێیەکە دەبات و تەنانەت ئەو شتانە تێ دەبینێت کە لە نزیکییەوەن و کاریان لێ دەکات و کاری لێ دەکەن. مرۆڤ کەسێکە بەنێو تەمدا ڕێ دەبڕێت. بەڵام کە ئاوڕ دەداتەوە بۆ ئەوەی پێشینان هەڵبسەنگێنێت تەمیان بەسەرەوە نابینێت. لە ئێستای ئەمدا، کە داهاتووی دووری ئەوان بووە، ڕێی ئەوان بەجارێک ڕوون بووەتەوە و تا ئەو جێیەیش کە درێژە دەکێشێت هەر دەیبینێت. مرۆڤ کە ئاوڕ دەداتەوە ڕێیەکە دەبینێت، مرۆڤی وا دەبینێت بەرەوپێش پێ هەڵدەبڕن، هەڵەکانیان دەبینێت، بەڵام تەمەکە ئیتر ڕەویوەتەوە. سەرەڕای ئەمە ئەوان هەموویان، بەهایدیگەر و مایاکۆڤسکی و ئاراگۆن و ئێزرا پاوەند و گۆڕگی و گۆتفرید بین و سان جۆن پێرس و جیونۆوە، هەر هەموویان ڕێی نێو تەمیان بڕیوە. جا مرۆڤ ڕێی هەیە بپرسێت: کێ کوێرترە؟ مایاکۆڤسکی کە کاتێک شیعرەکەی خۆی بەباڵای لینیندا نووسی و نەیدەزانی لینینیزم دەگاتە کوێ؟ یان ئێمە کە دوای ئەم هەموو ساڵە تاوانی بەملدا دەبڕین و ئەو تەمە نابینین کە لێی نیشتووە؟

کوێراییی مایاکۆڤسکی بەشێکی هەلومەرجە ئەبەدییەکانی مرۆڤە.

جا ئەگەر تەمی سەر ڕێی مایاکۆڤسکی نەبینین، دەسا بیرمان چووە مرۆڤ چییە، بیرمان چووە خۆمان چین.

# وشە

یۆران رووسنبەری

من دەقەکانم چاک دەمەزەرد دەکەم، لێرە وشەیەکی دەگۆڕم، لەوێ جێیەکی. تامی سکە و زرینگە و پێکبەستەکانیان دەکەم. دەیاننووسمەوە، لێیان زیاد دەکەم و لێیان دەگرمەوە. ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم جار هەیە لێی نابمەوە ئەگەر دای نەڕێژم. ئەگەر بە وشەی تەواو و لە ڕیزی تەواوی خۆیاندا نەینووسمەوە، ئەو شتەی لێ ناکەوێتەوە کە بیرم بۆی بردووە. وشەکانیش ئەو شتە نەنوێنن کە بیرم لێ کردووەتەوە، ناچار دەبم سەرلەنوێ دایان بڕێژمەوە. وشە هەر شێوەی بیر نانوێنن، وشە وێنەی بیریش دەکێشن. بیری وەک بلوور ڕوونی شەوێکم، کە سەر دەنێمە سەر سەرین، تا ڕادەیەکی زۆر ئاستەمە دای بڕێژمەوە ئەگەر چەند کلیلەوشەیەک لەسەر مێزتوالێتەکەمدا نەنووسم، جاری وا هەیە بێ ئەمانەیش. وشە هەر شێوەی شتێک نادەنەوە کە بیرم لێ کردبێتەوە، بگرە زۆر جار شێوەی شتێک دەنوێنن، بیرم بۆی نەبردووە. کە وشە لە پاڵ وشەدا دەنووسم، کە گوزارشتێک لە جێی یەکێکی تر دادەنێم، کە گوێیان لێ دەگرم، دەیانخوێنمەوە و تێ هەڵدەچمەوە، مانای بیرکردنەوەیش دەدەنەوە: بیربردن و بیرلێکردنەوە.

ئەم کارە کاتی دەوێت. جاران ڕەشنووس لەسەر مێزی نووسیندا کەڵەکە دەکران، ئەمڕۆ بە نهێنی و ڕاستەوخۆ لە یاددانــی کۆمپیوتەر دەنرێن. لە دەستنووسە کۆنەکاندا بوارمان ڕەخساوە شوێنی پرۆسەی نووسین بکەوین: وشە کە خەتیان بەسەردا دەکێشرێت، گوزارشت کە تیژ دەکرێن، ئاستی دەنگ کە دەگۆڕدرێن، بیرۆکە کە گوڕیان پێ دەدرێت، هیمنگوەی کە دیمەنێکی هەژدە دێرەی گابازییەک دەساوێت و دەستەساو دەکاتەوە تا بریقەی تێ دەکەوێت. ئەمڕۆ ئیتر ئەم هەمووە بەری پێوارە، بەڵام دوای نەبڕاوە. هەر کەسێک وشە بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بیرۆکەیەک

---

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور

دابڕێژێت، باش دەزانێت بیرۆکە وشە دای دەڕێژێت، بەڵام وشەکان جێ و ڕیزی تەواوی خۆیان بە نووکە قەڵەمێک ناگرن.

"هەزار وشە لە وێنەیەک زیاتر دەڵێن" ئەم دروشمە بوو کە پایزی ١٩٩٠ کۆواری (مودێرنە تیدەر)مان لە سێبەریدا دامەزراند. مەبەستیشمان بوو دەقی نووسراو لەسەر ئەرکی وێنە زیاتر دیار بخەین، کە ئەوسا بە کارێکی بوێرانەمان دادەنا. دروشمەکەمان کاریگەر و تا ئاستێک وروووژێن بوو، بەڵام بەو ڕادەیە تەواو ڕاست نەبوو. هەر بەو ئەندازە کەمەی وێنەیەک لە هەزار وشە زیاتر دەڵێت، هەزار وشە لە وێنەیەک زیاتر دەڵێن. هەزار سێو تامیان لە هەرمێیەک خۆشتر نییە. تامی سێو بە جێی خۆی و تامی هەرمێش هەروەها، جا با یەک یان هەزار بن. هەزار وشە شتێک دەڵێن و وێنەیەکیش شتێکی تر.

وشە زمانە. ئێمە پەکمان لەسەر زمان دەکەوێت ئەگەر بمانەوێت بە وشە بدوێین. وێنە لە دەرەوەی زمان دەدوێت، هەڵمەتی بۆ دەهێنێت، سەرڕەو دێت و پێی دەگات. وێنە کە بەرچاو دەکەوێت، کاری خۆی دەکات نەک کە ڕوون دەکرێتەوە. وێنەیەک کە ڕوون دەکرێتەوە وەک وێنە دیار ناکەوێت، بەڵکە وەک وشە. بۆ ئەوەی لە (مۆنالیزا) بگەین دەبێت بیبینین. ئەگەرچی زمان کار لە جۆری بینینی وێنەمان دەکات، دەشێت وێنە ببینرێت و بێ زمان کار لە بوونەوەران بکات. لە ڕەوتی پەرەسەندنی مرۆڤدا وێنە پێشی وشە کەوتووە. فەرهەنگی وێنە پێش فەرهەنگی نووسین هاتووە. وێنەی کۆنینەی ئەشکەوتەکان سی و پێنج هەزار ساڵ تەمەنیان کردووە. یەکەم زمانەکانی نووسین زمانی وێنە بوونە. وشەی ماسی وێنەی ماسی بووە. نیشانە سۆمەرییەکانی دە بزن، چاڵێکی سەر خشتێکی قوڕ و وێنەکەیش بزنێک بووە. سۆمەرییەکان شەش هەزار ساڵی لەمەوبەر نووسینیان بە کار بردووە. نووسینە ئەلفوبێیییەکان، کە لە پیت نەک لە وێنە پێکەوە نراون، سێ هەزار ساڵ دواتر پەیدا بوون.

وێنە شتێکی جیا لەوەی وشەمان لەبارەی دنیا پێ دەڵێت و، ناچار نییە دنیامان بۆ ئاسان بکاتەوە. وێنە دەتوانێت دیتی یەکجار ئاڵۆز لەبارەی هەبوون بەرجەستە بکات. بەڵام توانستی وێنە ڕاستەوخۆ دەرک دەکرێت و پەکی لەسەر میان ناکەوێت. وێنە، وەک وشەی نووسراو، کلیلی ڕوونکردنەوە و پێداچوونەوەی خۆی بە دەست هیچ کەسێکەوە نادات و ملی ڕاستەڕێی بێگەڕانەوەی ڕوو لە هەستەکانمان دەگرێت و، هەر لەوێ کاریگەریی خۆی دەنێتەوە. وێنە ترسمان بۆ دەهێنێت، گوڕمان تێ دەگێڕێت، توخنمان دەکەوێت، گەرممان دادەهێنێت، کارمان لێ دەکات و سرووشمان (تەنانەت بۆ وشەیش) پێ دەدات. ئێمە لە وێنەی بە مەرج ناگرین زۆر بەجێ، شیتەڵی و سەڵمێن بێت و وێنەی خۆی بداتەوە، بەو مەرجەی هەستەکییانە توخنمان بکەوێت. ئەمە دیارە لە پلەیەکی بەرزتردا موزیکیش دەگرێتەوە کە ئەویش، وەک وێنە، شێوازێکە دنیای پێ دەناسێندرێت و، دیاریشە لە وێنە کۆنترە، بەڵام هەل کەمتر هەڵدەخات بەرگی وشەی لێ بگیرێت.

وشـەی نووسـراویش گومانی تێدا نییـە کـە هـەسـتـەکـییـانـە توخنـمـان دەکـەوێت، بەڵام بۆ ئەوەی کارمـان لێ بکات، پێویسـتـە بتوانین بیخـوێنینەوە و شـیی بکەینـەوە. بەڵام توانسـتی خـوێندنەوە و شـیکردنەوە دوای توانسـتی گـومـانلێکردن دێت. ئەوەی مـرۆڤ دەیخـوێنێـتـەوە و نـاتوانێت شـیی بکاتـەوە، دەتوانێت گـومـانـی لێ بکات، بۆ دەقـەکـە بگەڕێتـەوە، دەسـتـێک بە وشـەکـانـدا بمـاڵێت، سـەرچاوەکـان بپـشـکنێت و هۆشـی لێ تاقی بکاتەوە. ئەوی دەقـێک دەخـوێنێـتـەوە دەیداتـە بەر دەسـتـەڵاتی خۆیەوە. لە کتێبە بێوێنەکەیدا ـ(ڕێیە مێرووله) ـ کە لەبارەی شێوەی خوێندنەوە لەلای گریکییـە کۆنـەکـان نووسـیـویـە، ییـسـپـەر سـڤـێنبرو دەڵێت هـەر لەبەر ئەمـە بـوو کـە سـوکـرات تاکە دێڕێکـیـشـی نەنووسی. سـوکـرات مـتـمـانـەی بە وشـەی نووسـراو نەبـوو، چونکە ئازادی بە خـوێنەر دەدات کە بە هـەڵـە بیخوێنێتەوە و بە هـەڵـەیش شـیی بکاتەوە. بەم کارەیش دەق دەسـتـخـەڕۆ دەکرا و بە بەردەستی بێڕەحمانەوە دەبوو.

گۆزارشتی "وشـەی نووسـراو دەمێنێتەوە، وشـە باڵ دەگرێتەوە" کە لەم ڕۆژگارەدا بە پەسندانی وشەی نووسـراو دادەنرێت، لە بنەڕەتدا (ئەلبێرتۆ مانوێل) لە کتێبی (مێژوویەکی خوێندنەوە)دا بۆ پەسندانی وشەی گوتراو دای هێناوە. وشـەی گوتراو باڵدار بووە و درێژەی بە هـەبوونی خۆی داوە، لە کاتێکدا وشـەی بێدەنگی سەر ڕووپەڵ مت و مردوو بووە. سـوکرات پێی باشتر بووە لێدوان ساز بکات، کەسی تر خـوێندنەوەی بەدەنگی پێ باشـتر بـووە. خوێندنەوە بە دەنگی بەرز شـێوازێکی تر بووە کـە دەقی پێ لە تێنەگـەیشتن پارێزراوە. هـەر کـەسـێک دەقی نووسـیـوە بـە دەنگی بەرز خوێندوویەتیەوە، واتـە وریا بووە ڕاست بخوێندرێتەوە و هەر بەو جۆرەیش ڕوون بکرێتەوە کە بیری بۆ چووە. وشـەی نووسـراو بـۆ سـوکرات وەک وێنە بووە. هەر شـتێک کە بە چاو دەبینرا، لەو شـتـە بترازێت کە هـەبوو، هـەر "بێدەنگییـە هـەرە شکۆدارەکە"ی بووە. نیشـانە و مـانا پڕاوپڕی یەک، لێک دەئاڵان. سوکرات بە فەیدرۆس دەڵێت: "(وشە نووسراوەکان) دەڵێیت وەک ڕۆشنبیران بۆت دەدوێن، بەڵام ڕووی پرسیاریان لێ بکەیت، تا دنیا دنیایە هەر هەمان شتت بۆ دەڵێنەوە." دەقێک دەکرا هـەر بە یەک شێوە بخوێنرێتەوە؛ بەشێوەی ڕاست.

ئەفلاتوون کـە هـەر ئەو شـتـانەی نووسـیـیـەوە کە سـوکـرات گـوتبـوونی، نەیدەویست دەق بە هـەر جۆرێک بووە و هەموو کەس بیخـوێنێتـەوە، بۆیە زانسـتگەی دامەزراند. دەبوو دەقـەکانی ئەفـلاتوون بە دەنگی بەرز و ئـەندامـە خـوێندەکـانی زانسـتگە بیـانخـوێندایەتەوە. خـوێندنەوەی ئازاد لە تەنیاییەکی بێدەنگدا ئازادییەکە درەنگتر پێش هاتووە و ئەو ئازادییەیە کە بوار دەدات دەق بدرێتە بەر گـومـانـەوە و هەر ئـەو ئازادییـەیشـە هەل بۆ هـەمـوو کـەسـێک هەڵدەخـات چۆنی بوێت دەق "لە چوارچێوەی مـافەکانی دەقدا" بخـوێنێتەوە کە ئەمـبێرتۆ ئێکۆ درەنگتـر دەری بڕی. سـەرەڕا هـەر لەم ئازادییـانەوەیـە کە فـەرهـەنگی بەخـۆداچوونەوەی ڕەخنـەییـمـان سـەرچاوەی گـرتووە. بـزووتنەوەی ڕابوون و چاکگەری و ڕۆشـنگەری و دیموکـراسـی و دەوڵەتی داد بـە خـوێندنـەوەی ئازادی وشـەی

نووسراوەوە گرێ دراون. قوربان؛ ئاڤیرۆس ئەریستۆتێلێسی خوێندەوە، مەیموندیێز ئەفلاتوونی خوێندەوە، پێترارکە ئەگۆستینۆسی خوێندەوە، دانتێ ڤێرجیلیۆسی خوێندەوە، لۆپەر ئینجیلی خوێندەوە، ماکیاڤێللی لیڤیوسی خوێندەوە، لوک هومی خوێندەوە، مۆنتێسکیو تاسیتوسی خوێندەوە، رۆبێسپیێر، ڕوسۆی خوێندەوە، مارکس، هیگڵی خوێندەوە، جا ئاستەمە زانستێکی پێشکەوتە و دەوڵەتێکی بەردەوامی دادپارێز بێ وشە بوێنرێت کە ئازادانە نەنووسرابێت و ئازادانە نەخوێندرابێتەوە. کولتوور و فەرهەنگێکی وشە بەشی هەرەزۆری زارەکی بێت، ئەو زانست یان ئەو دەوڵەتی داد یان ئەو ئابوورییە پەرەسەندووەی پێ هەڵناسوورێت کە لێرەدا مەبەستمانە. بەو ئەندازەیەیش فەرهەنگێک کە بەشی هەرەزۆری وێنەکی بێت.

هێشتا ساغ نەبووەتەوە ئێمە تا کوێ ملی ڕێی فەرهەنگی وێنەمان گرتووە. وشەی نووسراو هێشتا تینی لێ نەبڕاوە. هیچ کاتێک هێندەی ئێستا دەق لە مێدیاگەلێک نەنووسراوە و بڵاو نەکراوەتەوە، کە زیاد دەکەن و ئاسانتر بە دەستەوە دێن. لە هەمان کاتدا بەهای وێنە وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن زیادی کردووە.

بەربڵاوبوونەوەی تەلەڤزیۆن بەری وێنەی لە کۆمەڵگەدا گەلێک زیاد کردووە و لە بواری ڕاگەیاندنی هەواڵ و جاڕی بازرگانی و بەرنامە سەرگەرمییەکاندا دەورێکی تەواو نوێ و ناوینەی پێ داوە. تەکنیکی کۆمپیوتەر و ڤیدیۆ، ڕێنوێنیی وێنەدار و کەرەستەی وێنەداری پەروەراندن و گەمەی وێنەدار و مووزیکی وێنەداری پێمان داوە. ڤیدیۆمووزیک بیست ساڵی لەمەوبەر هێشتا پەیدا نەبووبوو. ئەمڕۆ ئیتر مووزیکی وێنەدار لە هەموو لایەکەوە بە سەرماندا دەبارێت. لەگەڵ بەرجەستەکردنی کۆمپیوتەردا تۆماری کاریگەرییە وێنەکییەکان گەلێک زیاد بووە. وێنە، ئیتر، دەتوانێت هەموو شتێک بنوێنێت و ڕابگەیەنێت. سنووری نێوان بەرجەستەی ڕاستەقینە و ساختەی ڕاستەقانییانە ئاستەمە تێ ببینرێت.

لەگەڵ تەکنیکی ئینتەرنێتی خێرادا وێنە پاڵەپەستۆیەکی زیاتری بۆ ژیانمان هێناوە. ئەوەی کە لە ڕێی ئەم تەکنیکە خێرایەوە دەگوازرێتەوە دەق نییە (ئاخر دەق پێویستی بەم تەکنیکە نییە)، بگرە وێنەیەکی یەکجار زۆری لێکهۆنراوی بێجووڵەیە. بێجێ ناکەوێتەوە مرۆڤی سەر بە فەرهەنگێکی وا بوێنیت بە دەست نووسین و خوێندنەوەی دەقی ئاڵۆزەوە سەختی بکێشیت و لە ڕاگەیاندنی وێنەیەکدا شارەزاتر بێت کە بیر بۆی ناچێت. نابەجێش نابێت بیر ببەین لە بارودۆخێکی وادا کام جۆرە کۆمەڵگەمان بەش دەبێت.

لە دنیا خۆش و نوێیەکەی (ئادۆلس هاکسلی)دا فەرهەنگی خوێندنەوەی بەدەنگ و هەروەها وێنە جێی فەرهەنگی وشەی نووسراویان داگیر کردووە. بوونەوەرانێک کە لە ڕووی جینەکانەوە بەرنامە کراون، "زێدەگۆییـ"یە تینبەخشەکان بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە و سەیری ئەو فیلمە سۆزبزوێنانە دەکەن کە هۆرمۆنەکان دەبووژێننەوە. ئەمانە گەمە دەکەن و بەنگی هێورێن بە کار دەبەن و

ناوجێیی بێپەردەیش دەکەن. لێرەدا بەهای ژیان لە خۆشگوزەرانیی لەشەکیدا دەبینرێت. بوونەوەرانی دنیای هاکسلی بۆ ئەوە ڕسکێنراون کە بەرهەم بهێنن و چێژ وەربگرن و خۆیان هێمن ڕابگرن.

تەمەنکردن بە مادەی کیمیایی ڕاگیراوە و مەرگ بە شتێکی جوان و بێبەها دانراوە و ژیان هەر بۆ گوزەرانکردن لە ئاستێکی نزمدا تەرخان کراوە. هیچ گەشەسەندنێک بێجگە لە بەرژەوەندیی بایۆلۆجی و هیچ داهێنانێکی نوێی جیا لەوەی خۆشحاڵی دابین دەکات و بەکاربردن دادەهێنێت و، ئەوجا هیچ ئەدەب یان هونەر یان مووزیکێک لە ئارادا نییە، قسەی بێتام و بەدمەستییەک نەبێت کە برەوی سەندووە و سرووتێک کە خود دەسەلمێنێت و ئاوازێک دەبەزێنێت کە با دەیهێنێت و بە با دەچێت. نە بەرەنگاربوونەوەیەک، نە ئاڵۆزییەک، نە مەترسییەک، نە پێشهاتێک، نە شەکسپیر یان دانتێیەک و نە باخ یان بێتهۆڤنێک. ئەوەی هەیە فەرهەنگێکە هەر لە ڕێی هەست و غەریزەوە ڕادەگەیەنرێت، بۆیەیشە لە ڕاگەیاندنی ئەمانەیدا پەکی لەسەر وشەی نووسراو نەکەوتووە. وشەیەک بە ئازادی بنووسرێت و بە ئازادی بخوێنرێتەوە مەرج نییە قەدەغە کرابێت، بگرە شتێکی ناسەردەمیی گومان هەڵنەگرە. کێ پەکی لەسەر شەکسپیر دەکەوێت کاتێک زێدەگۆیی خنکێن و فیلمی سۆزبزوێن و بەنگی خەمڕەوێن و باخەڵێکردنی بەرهەڵدا هەبن؟

دیارە ئەم هەمووو شتانە ترس دادەهێنن و ئاوەز نایانگرێت، بەڵام لە جێیەکدا خورپەیەکی قووڵمان بە دڵدا دەهێنن چونکە بەشی هەرەزۆری دنیای خۆش و نوێی ئادۆلس هاکسلی لەم ڕۆژگار و شارستانیەتییەی ئێمەدا بە بەرچاوی هەموومانەوەیە: بایۆلۆجییاندنی مرۆڤ، کلێشنایابی و گەنجیپەرستن، دوورخستنەوەی مەرگ، پیرۆزڕاگرتنی بەکاربردن و گەشەکردن، بەهای پەرەسەندووی گوڕگرتنەوە و سەرگەرمیی هەستبزوێن و پێشکەوتنی وێنە لەسەر ئەرکی وشە. ئەم دواییناەیان بە دوای ئەوانی ترەوە دێت. کۆمەڵگەیەک بیەوێت ئەو ئەزموونە سۆزەکییانە ڕابگەیەنێت کە بە هەڵکەوت پێش دێن، بە وێنە باشتر ڕادەگەیەنرێن.

لە کتێبێکی سەرنجڕاکێشدا (سەرگەرمی تا مردن، ١٩٨٦) ڕەخنەگری کۆمەڵناسی ئەمەریکایی (نیل پۆستمان) سەرگەرمی بەو شێوازەی ڕاگەیاندن دادەنێت کە ڕەنگی کۆمەڵگەی پەرەسەندووی وێنە دەداتەوە. پۆستمان لە ١٩٨٥ کە هێشتا تەلەڤزیۆن و فیلم و گەمە و هەواڵ و سەرگەرمیی دیجیتاڵانە تێکەڵ نەکرابوون، دەڵێت: ئێمە ڕێگەی سەردەمی سەرگەرمیمان گرتووەتە بەر. سەرگەرمی ئایدیۆلۆجیای باڵادەستی تەلەڤزیۆنە... بەڵام باس لێرەدا پیلانگێڕان یان کورتهێنانی فەرهەنگ نییە، بگرە بە ڕوون و ڕاشکاوی ئەو بۆچوونەیە کە تێ دەبینێت "تەلەڤزیۆنی باش" شتێکی ئەوتۆی بەسەر نمایشتکردنی "چاک" یان شێوەی تری ڕاگەیاندنی زمانەکییەوە نییە. ئەوەی بایەخی تەواوی خۆی هەیە وێنەیە کە چۆن خۆی دەردەبڕێت.

کە ڕەنگە پێویست بکات ڕوونی بکەمەوە و بڵێم؛ تاکە لایەنی بەهادار، تینوتاوی هەستبزوێنی

سەرنجدانی وێنەیە. وێنەی بەهێز وێنەی لاواز دەخاتە لا و هەستیش شیکردنەوە و باس دەردەهاوێژێت. لە کۆمەڵگەی وێنەدا ژیانی ڕاستینە دەبێت بە نمایشت و نمایشتیش دەبێت ببینرێت بۆ ئەوەی سەرنج بدرێت. گواستنەوەیش لە فەرهەنگی وشەوە بۆ فەرهەنگی وێنە، گواستنەوەیە لە فەرهەنگی تێگەیشتنەوە بۆ فەرهەنگی سەرنجدان. پۆستمان ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: There is no business but show business.

ئاخر لە فەرهەنگی وشەدایە کە گەلێک کەس دەتوانن شت و باسی ئاڵۆز بە یەکتر ڕابگەیەنن، لە بیر و بۆچوونی یەکترەوە فێر بن، بە زانیاری و قسەکاندا بچنەوە، زانیاریی وشک کۆ بکەنەوە و بپارێزن و بۆ یەکتری بنێرن، بیر بۆ تیۆری ببەن و کارگە دابمەزرێنن، ڕای بەجێی گشتی دابهێنن و یاسای گشتگر بچەسپێنن. وشەی نووسراو بیرکردنەوەمان ڕادەهێنێت، چونکە ئێمە کە دەخوێنینەوە دەبێت بیریش بکەینەوە. وشەی نووسراو ڕێمان دەدات ئەڵقەبەندیی بیر بچنین و ڕوون بکەینەوە و لە سەروو کات و شوێنەوە چیرۆک و پێوەندییە جیاکان بە یەکەوە بهۆنینەوە و درۆ و نارەوانی هەڵبدەین و، کەموکورتییەکانی لۆجیک و بنەمای زانیاری بسمین و، دنیای نوێی وەها دابهێنین کە بیر نەبێت چاو نایانبینێت. وشەی نووسراو مرۆڤایەتیترین شێوازی دەربڕینە، چونکە هەر مرۆڤ زمانی نووسینی هەیە. وێنە لەگەڵ زۆربەی ئاژەڵاندا یەکمان دەخاتەوە. وشە لە هەموو ئاژەڵێک جیامان دەکاتەوە.

وشە دیارە پێویستی بە وێنەیش دەبێت. وشە بەبێ وێنە بەرپا نابێت. وشە وێنە دادەهێنێت و وێنەیش وشە دەڕسکێنێت. لە فەرهەنگێکی وشەدا وێنە (هەروەک دەنگ و هەستکردن) ڕۆڵێکی ڕاشکاو دەبینێت کە هاوسەنگیی نێوانیان ئەو فەرهەنگە بڕیارِ دەدات کە خەریکین پێشی دەخەین. شیرازەی ئەم هاوسەنگییە بشێوێت، فەرهەنگ دەگۆڕدرێت. من لەو باوەڕەدام، هەروەک پۆستمان، کە هاوسەنگییەکە خەریکە بشێوێت و فەرهەنگەکەیش خەریکە گۆڕانی بەسەردا دێت. لەو باوەڕەیشدام مرۆڤ دەتوانێت و دەبێت بەری بگرێت و، فەرهەنگی وشەی نووسراویش دەکرێت و دەبێت بپارێزرێت. جێیەکیش کە دەکرێت و دەبێت ئەم کارەی لێدا ئەنجام بدرێت ڕۆژنامەگەرییە.

لەو چەند ساڵەدا کە هەواڵنێری تەلەڤزیۆن بووم، گەلێک جار لێم ئاشکرا دەبوو کە چۆن بە نەرمی، بەڵێ تا ئاستێکیش تێ نەبینرێت، وێنە وشەی دەنایە ژێر خۆی و چۆنیش وشە ناچار دەبوو خۆی بۆ شل بکات. کاری ڕۆژنامەوانی لەوە پێک هاتبوو کە لەمیانی دوو تا چوار خولەکدا بە وێنە و وشە بگێڕدرێتەوە و بۆ هەر وشەیەکیش وێنەیەک ئامادە بکرێت، کە لە خراپترین باردا وێنەیەکی فۆتۆ یان کێشراو یان وێنەی پەیامنێری هەواڵەکە دەبوو. ڕێپۆرتاژی هەرە خراپ ئەوەیان بوو کە وشە و وێنە ڕووبەڕوو پێکیان دەدا و، ئەوەی دەگوترا هیچی بەسەر ئەوەوە نەبوو کە پێشان دەدرا، یان ئەوەی کە پێشان دەدرا بیری بینەری بۆ شتێک دەبرد نێوانی لەگەڵ ئەو شتەدا نەبوو

کە دەگوترا. ڕیپۆرتاژی هەرە باشیان ئەوانە بوون کە وێنە کەم تا زۆر شتێکیان دەگوت و وشەیش بە نەرمونیانییەوە خۆی لەگەڵ ئەو شتەدا دەگونجاند کە وێنە پێشانیان دەدا. من خۆم لایەنگرێکی تەواوی ئەو جۆرە ڕیپۆرتاژانە بووم کە وێنەیان تێدا دەدوا و کە گومانی تێدا نییە لەو ڕیپۆرتاژانە باشتر تەلەڤزیۆنی دادەهێنا کە لێیاندا وشە وێنەی دەدایەوە و، وێنەگر و وێنەکێش ناچار دەکران وێنە بۆ دەقی وا دابهێنن کە پێشتر نووسرابوون. دیارە کێشە لەوەدا بوو کە ئەوەی دەکرا بەشێوەیەکی باش لە تەلەڤزیۆندا بگوترێت لەو شتەدا سنووری دیاری کرابوو کە وێنە ڕای دەگەیاند. ڕۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆنیش بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە ئەو شێوازەی وێنەیان بە خۆوە گرت کە هەست پێکەوەی نابوو، بۆ ئەوەی سەرنجی دنیا بدەن. هەواڵی وێنەدار لە هەواڵی بێوێنە بە گرینگتر دانرا و هەواڵی وێنەداریش دیارە کە ڕوو لە هەست دەکات تا ئاوەزی ڕەخنەیین. دیسان بەدەم ڕۆژگارەوە ئاستی هەست لە ڕۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆندا بەرز کرایەوە و بەمەرجگرتنی فرمێسکی ڕاستینەیش بەرەبەرە زیادی کرد.

کە تەلەڤزیۆنم بەجێ هێشت، وێنەم لە پێناو وشەدا بەجێ هێشت... و ویستم بە وشەی دەسکەنەکراو دنیا بۆ ئاوەز هەموار بکەم. ڕۆژنامەگەریی وشە دەبێت بەو توانستەی دەقی ڕەوانەوە خۆی بنوێنێت کە گیان بە بیر و باسەکاندا دەگێڕێتەوە، کە بۆچوون و ئەزموونەکان بەرجەستە دەکات، کە ڕای گشتی و لێدوانەکان دادەهێنێت و شی دەکاتەوە و پێیاندا دەچێتەوە و بە بەر ڕەخنەیانەوە دەدات. ڕۆژنامەوانیی وشە پێویستە جوانناسی و لۆجیکی. خۆی لە ڕووی وێنەدا دابهێنێت و ڕابگرێت. وێنە دەبێت وشە دیار بخات، نەک پێچەوانەکەی. لایەنی درامۆتۆرگی دەبێت بەشی وشە بێت نەک وێنەکان. شێوەکێشانی گرافیکی دەبێت سەرنج بۆ خوێندنەوەی دەق ڕابکێشێت، نەک بۆ "زیپ"ەکردنی نێوان وێنە و ڕێکخستنی دەقە وێنەئاساکان.

لە سەردەمێکدا وێنە کە خەریکە ڕیشەی دەستەڵاتی ڕۆژنامەوانیی خۆی دەکەنێت، کاتێک ڕێگە خۆش دەکات جڵەوی بکێشرێت و بخرێتە سەر ڕێی ڕاست، وشەی نووسراو هەلێکی زێڕینی بۆ هەڵدەکەوێت دەستەڵاتی خۆی تێ بهێنێتەوە. سەرسوڕمان لە ئاست دنیادا... کە توانستی کارلێککردنمان خاو دەکاتەوە، لە ئاست وێنەی جڵەوکێشراوی هەواڵدا سەرسوڕمانێکی یەکجارەکییە، بەڵام دنیا لە ڕووی وشەی دەمەزەردکراودا هێشتا کتێبێکی نەنووسراوە.

ئەم بابەتە یەکێکی بیست و نۆ وتارە کە یۆران ڕووسێنبەریی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سوێدی کتێبی (بیر دەربارەی ڕۆژنامەوانی ـ Tankar om Journalistik)ـی پێ نووسیون. سەرناوی هەر وتارێکی ئەم کتێبەی بە پیتێکی ئەلفوبێی زمانەکەی ـ سوێدی ـ دەست پێ کردووە، بەو پێیەیش ڕیزی کردوون و دای هێناون و ئەزموون و بیری خۆی لەبارەی ڕۆژنامەوانی پێ داڕشتوون.

# جڤات و تاک
# لە سەدەگەلی ناڤیندا

موریس باربیە

بەچاوخشاندنێک بەسەر دە سەدە مێژووی مەسیحیەتدا، دەکرێ ئەم پرسیارە بکەین کە داخۆ کەشی کۆمەڵگە لە سەدەگەلی ناڤیندا، تا چ ڕادەیەک بواری بۆ سەرهەڵدانی تاک خۆش کردووە. لە ڕوانگەی هەندێک لە مێژوونووسانەوە، تاک لە سەدەگەلی ناڤیندا سەری هەڵداوە و تەنانەت ئاماژەیان بە دەرکەوتنی تاک لە سەدەی دوازدەمدا کردووە، بۆ وێنە، لە ڕوانگەی (کولین موریس)ەوە، سەرهەڵدانی تاک بەشێنەیی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی یازدەم و کۆتای سەدەی دوازدەمی زاینیدا، هاتووەتە دی و «ڤەژینی سەدەی دوازدەم» ڕێگەی بۆ ئەم پرۆسەیە تەخت کردووە.(١) هەر لەم بارەیەوە دابلیو ئولمان، کە لە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگەی لە سەدەگەلی ناوەڕاستی کۆڵیوەتەوە، پێی وایە کە لە سەدەکانی دوازدەم و سێزدەمی زاینیدا، تاک لە چاو کۆمەڵگە بایەخێکی پتری پەیدا کرد.(٢) بەڵام کۆمەڵێک مێژوونووسی تر لەو باوەڕەدان کە لە سەدەگەلی ناڤیندا، چەمکی گشتیی سەربەخۆی تاک لە هەمبەر گرووپی کۆمەڵایەتیدا بەدی نەکراوە و بۆچوونی دەرکەوتنی تاک لەو دەورەیەدا، تەنیا ئەفسانەیەکی ڕووتە.(٣) هەرچەند ئارۆن گورێڤچ، دان بە بوونی تاک لە سەدەگەلی ناڤیندا دەنێ، بەڵام ئاماژە بە پێوەندییە ڕێکخراوەکەی لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا (شەقڵی خۆیان لە تەوێڵی داوە) دەکا.(٤) بەلای ئەم مێژوونووسە ڕووسەوە، نابێ فراژیبوونی تاک لە سەرجەم گۆڕانکارییەکانی ئەو دەورەیە دابڕین: «وشیاریی تاک لە هەمبەر خۆیدا، دەبێ لە چوارچێوەی گرێچن و پێکهاتەی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەدا کە ئەندام بوو تێیاندا، تاوتوێ بکرێ، بۆیە ناکرێ، وەک دیاردەیەکی ڕووت و دابڕاو و تەمومژاوی سەیری «تاکی سەدەگەلی ناڤینی» بکەین. تەنیا شرۆڤەیەک کە ئەویش شرۆڤەیەکی چڕوپڕ بێ و بتوانێ

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

شوێنی تاکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا لێک بداتەوە، بۆی هەیە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی نیشان بدا»[٥]

لە ڕاستیدا، لە سەدەکانی ناڤیندا،[٦] تاک لە دەرەوەی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یا جڤاتێکی دیاریکراودا بەدی نەدەکرا.[٧] دیارە تاک بەردەوام وەک بوونەوەرێکی نۆڕماڵ لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوت کە ڕەوایی بە سەرجەم ژیانی دەدەن. لە ڕاستیدا تاک لە جڤاتێکی دووانەدا، واتە لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و کڵێسادا توابوویەوە و بۆیە هەر لەبنڕا لە ڕێی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و پێگەکەی لە جڤاتدا پێناسە دەکرا. نەک لە ڕێی ـ بوونی تایبەت و سەربەخۆییە کەسانییەکەیەوە. لەم سۆنگەیەوە، تاکی سەدەگەلی ناوەڕاست چ پێوەندییەکی بە تاکی مۆدێرنەوە نییە کە سەربەخۆیە لە کۆمەڵگە و خودان ئازادییە: «بەتوێژینەوە لەم قۆناخە ناکرێ دڵ بەوە خۆش بکەین کە تاکێکی وشیار و ئازاد کراوە، بەدی بکەین هەروەک چۆن لە ڕۆئاوا لە چوارچێوەی دەوڵەتی لیبراڵ، دیموکراتیک و مۆدێرندا بەدی دەکەین»[٨]

لە سەدەیلی ناڤیندا، تاک هێشتا نە خودان ئازادیی خۆی بوو و نە مافەکانی تاک. دیارە تاک بە مەرجێک ئەندامی گرووپ یا جڤاتێکی دیاریکراو (سەندیکاکان، شارەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی) بووایە دەبوو خودان کۆمەڵێک ئازادی و ماف: «تاک تەنیا بەمەرجێک دەبووە خاوەن ئەو ماف و ئازادییانە کە سەر بە یەکێک لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە بێ.[٩] گەرچی تاک سوودی لە ئازادیگەلی کۆ وەردەگرت، بەڵام وەک تاکەکەی بێبەش لە ئازادی: «هەر لەبنڕا ئەم چەشنە ئازادییانە تەنیا چەند توێژێکی دیاریکراویان دەگرتەوە، نەک تاک وەک تاک.[١٠] لە ئەنجامدا «ئێمە وای بۆ دەچین کە ئازادیی تاک (کەسانی) وەک مافی بێ ئەملا و ئەولای تاک بۆ گەشەکردنی ئازادانەی کەسیەتی و هەروەها بۆ ڕێکخستنی ژیانی تایبەتی خۆی، لەگەڵ مێنتەلێتیی سەدەکانی ناڤیندا یەکی نەدەگرتەوە.[١١] بەپشتبەستن بەم لێکدانەوانە دەکرێ شوێنی تاک لە کۆمەڵگەی سەدەگەلی ناڤیندا دەستنیشان بکەین و ڕادەی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتیدا بپێوین. هەرچەند دەکرێ یەکەم بەرژەنگەکانی دەرکەوتنی تاک لەم سەردەمەدا بەدی بکەین، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە تاک لەو سەردەمەدا هێشتا بەتوندی بە جڤاتی داخراو و دەوڵەتەوە بەسترابووەوە.

١ـ یەکەم نیشانەکانی تاکگەری.

دەکرێ دەرکەوتنی تاک بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەڵام سنووردار لە سەدەکانی ناڤیندا ببینین.

ئەم پێڤاژۆیە کە لە فۆرمی جیاجیادا دەرکەوت. جاروبار ئاشکرا و بەڵام زۆرجاریش نهێنێ بوو. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بەهۆی ڕێکخستنە تایبەتەکەیەوە، بە چەند جیاوازییەکەوە، بواری بۆ سەرهەڵدانی تاک ڕەخساند. دەبێ ئەو خاڵەشمان لە بیر نەچێ، کە پێوەندیی دەربەگە گەورەکان لەگەڵ جووتیاراندا بریتی بوو لە ڕێککەوتن و پابەندییەکی دوولایەنە، وێڕای کۆمەڵێک ماف و ئەرک. لەو سۆنگەیەوە کە دەرەبەگی گەورە و جووتیاران وەک کەسانی سەربەخۆ

دەجووڵانەوە. بەردی بناخەکەی دانرا کە زەوینەی بۆ دەرکەوتنی تاک لە کۆمەڵەکەی دەربەگایەتیدا، هەرچەند لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا، لەبار کرد. پاشان پراکتیزەکردنی ئەم پرەنسیپە وای کرد کە لە هەموو شوێنێکدا جێ بگرێ.

هەروەها، تاک لە بوارگەلی ئاینی و ئەخلاقییەوە، کە ڕاستە ڕاست پێوەندییان بەلایەنی ئازادی و ویژدانییەوە هەبوو، بوون زیاتر کەوتە خۆ. هەروەک دەزانین کە باوەڕی مەسیحی لەبنڕا بۆ خۆی بە ڕەفتارێکی ئازاد و کەسانییە و هەروەها لەبارەی ئەخلاقیشەوە بۆچوونێکی ئەوتۆ وا دەکا کە دەبێ هەموو کەسێک گوێی لە دەنگی ویژدانی خۆی بێ لە ڕاستیدا هەست بەسەربەخۆیی و بەرپرسیارەتیی کەسانیی خۆی بکا. چونکە وەک باس کرا، لە هەموو کارێکدا نیەت حیسابە، جا بەم پێیە چەمکی گوناه و گوناهکاریش هێدی هێدی بوون بەشتێکی دەروونی. گوێڕاگرتن بۆ دانپێدانان. وەک پرسێکی زۆر کەسانی، لە پاش دەرچوونی ڕۆشنگەییەکەی لاتران لە ساڵی ١٢١٥ی زاینی ڕمێنی پەیدا کرد. لە سەدەی دوازدەمی زاینیدا، کڵێسا پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشی بە پیرۆز دانا و لەو دەمەوە زەماوەند، بەویستی ئاشکرا و ئازادانەی هاوسەرەکانەوە گرێ درا.

زێدەباری ئەمە، تاک یەکەم هەنگاوی بۆ وەرگرتنی ئازادیی خۆی لە ناوەندگەلی بڕیار و دەسەلات، هەڵگرت و دەستی کرد بەپێکهێنانی بوارێک کە تێیدا لە هەندێک ئازادی و مافی بەرەسمی ناسراو سوودی وەرگرت. تاکی ئەو سەردەمە تەنانەت توانی، ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ لەناو ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا کە ئەندام بوو تێیاندا. هەروەها دەستەبەرکردنی هەندێ مافی دیاریکراو بۆ کۆمەڵە کەسانێک، لە ڕاستیدا بەستێنی بۆ سەرهەڵدانی تاک و گەرەنتیکردنی ژیانی پێک هێنا. لەم بارەیەوە دەکرێ ئاماژە بە فەرمانی بەناوبانگی پاشای بەریتانیا، جان بی زەمین، لە ساڵی ١٢١٥دا بکەین کە تێیدا هەندێ مافی بۆ «مرۆڤگەلی ئازادی سنووری دەسەلاتەکەی خۆی (لە ڕاستیدا بۆ بارون ( Baron)ەکانی بەریتانیا) بە فەرمی ناسی.[١٢] ئەم مافانە یەکەم جار سامان (ئەسپ و دارستان...)ەکانی ئەوانی گرتەوە و پاشان ئەرکەکانی ئەوانی لە هەمبەر پاشاندا کەم دەکردەوە. بەم جۆرە بەگوێرەی بەندی (١٦)ی ئەم فەرمانە «لێرە بەدواوە هیچ کەس ناچار نییە پتر لەو ئەرکانە جێبەجێ بکا کە بەپێی زەویوزارە شوالیەکەی یا موڵک و ماڵی ئازادی تر بۆی دیاری کراون». بەتایبەت لە بەندی ٣٩ی فەرمانەکەدا ئاماژە بەهەندێ مافی بنەڕەتی کراوە کە لەو کاتەوە بەرەبەرە جێگیر بوون: «لێرە بەدوا چ مرۆڤێکی ئازاد، بەبێ لە دادگەدانی یاسایی بەگوێرەی دەستووری وڵات. ناگیرێ، زیندانی ناکرێ یا دەست بەسەر موڵک و سامانەکەیدا ناگیرێ و لێی بێبەش ناکرێ و دوور ناخرێتەوە و هەروەها بەچ ئاوایەک وەزەنگی ناگاتێ» ئەم بەندە یاساییە کە لە سەرەتادا تایبەت بوو بە (بارون)ەکانی بەریتانیا، پاش ماوەیەک کەسانی تریشی گرتەوە و بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەی زاینیدا، وشەی «مرۆڤ» جێی «مرۆڤی ئازاد»ی گرتەوە لەوە پاش تێکڕای کاربەدەستانی پاشای بەریتانیا سوودیان لەم مافە تاکەکەسییانە وەرگرت، هەرچەند کە

وەک مافگەلی سروشتی سەیری ئەم مافانەیان نەدەکرد، بگرە وەک مافگەلی بەخشراو لەلایەن پاشاوە سەیر دەکرد. بەم جۆرە لەم کاتە بەدواوە ئیتر ناونیشانی «تاک» تەنیا تایبەت نەبوو بە بارونە بەریتانییەکان و هەموو کەسێکی دەگرتەوە.

زێدەباری ئەمە، فەرمانی گەورە، ئازادیی هاتنە ناوەوە و دەرکەوتن لە بەریتانیا و هەروەها مانەوەی لەم وڵاتەدا بۆ کاروباری بازرگانی دا بە «تێکڕای بازرگانان»، (بەندی ٤١)، هەروەها ڕێگەی «بەتێکڕای خەڵک» دا بەئازادی وێڕای دابینکردنی ئاسایشی تەواو بۆیان، سەردانی دەرەوەی وڵات بکەن و بگەڕێنەوە (بەندی ٤٢) هەروەک دەبینن ئەم ئازادییانە بەئاشکرا بۆ تاک (وەک تاک) بەفەرمی ناسراون. بێگومان ئەم ئازادییانە کە سەرەتا لە بەریتانیا ڕاگەیاندران و پاشان وڵاتانی تری وەک: هۆڵەندا و سویسراشیان گرتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە «تاک» دەرکەوتبوو و گەیشتبوو. هەندێ لە مافەکانی خۆی.

بەو حاڵەش هێشتا کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیی کۆمەڵگەیەکی کۆباوەڕ بوو نەک تاکباوەڕ، کە لە ڕێی باڵادەستکردنی کۆ بەسەر بەشەکانیدا، وە هەروەها جڤات بەسەر ئەندامەکانیدا، پێناسە دەکرا. دیارە کە ئەم پرسە بەڕوونی و لە دوو تۆی ئەم چەشنە دەستەواژانەدا، نەدەهاتە گۆڕێ، بەڵام کۆمەڵێک نیشانە بەدی دەکران کە بەڕوونی دۆخی ڕاستەقینەی (تاک)یان لە هەمبەر کۆمەڵگە و دەوڵەتدا دەردەبڕی بەتایبەت دەکرێ ئەم چەشنە نیشانانە لە سەدەی سێزدەمدا و لەناو بەرهەمەکانی (تۆماس ئەکویناس) و هەروەها لە سەدەی شازدەمدا لە بابەتەکانی فرانسیسکۆ دو ویتوریا بەدی کەین و لە ڕاستیدا ئەم دوو هزرڤانە، توانییان لەم ڕووەوە دۆخی ڕاستەقینەی سەردەمی خۆیان بخەنە ڕوو. ئەکویناسی پاک، پێی لەسەر پێویستبوونی تاک بە ئومەت و جڤاتەوە دادەگرت و (فرانسیسکۆ دو ویتوریا)ش لەسەر گوێڕاڵییەکەی بۆ دەوڵەت ئەم دوو هزرڤانە وێکڕا لایەنی کۆباوەڕیی کۆمەڵگە سەدەگەلی ناڤینیان خستە ڕوو.

٢ ـ بەسترانەوەی تاک بەجڤاتەوە:

لە ڕوانگەی ئەکویناسی پاکەوە، گەرچی تاک لە ڕووی کومەڵایەتییەوە، بەتەواوی لە کۆمەڵگەدا ناتوێتەوە، بەڵام بەتەواوی پابەندە بە پێوەندییەکەی بەیەزدانەوە. «مرۆڤ بەتەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسییەوە (secundum setoumet secudum omi-na sua) بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێ بەتەواوی گوێڕایەڵی فەرمانی یەزدان بێ.[١٣] ئەم جیاوازیکردنە ئەوە دەگەیەنێ کە تاک خاوەن ڕەهەندێکی بەرزتریشە و تەنیا لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیدا قەتیس ناکرێ. یاخۆ دەکرێ بڵێین، بۆ تاکێک کە خۆی بەجیهانی مەعنەوی و میتافیزیکییەوە دەبەستێتەوە و بەم ڕەنگە سەربەخۆییی خۆی ڕادەگەیەنێ، ئیتر کۆمەڵگە تەنیا دەبێتە بەشێکی بچووکە لە بوونی. بۆیە کۆمەڵگە لە چاو نوێنگەی چەمکی ڕەها (یەزدان)، دەبێتە شتێکی ڕێژەیی.

بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیردا بێ کە بۆچوونێکی ئەوتۆ، گۆڕانکارییەکی کردەیی لە پێگەی

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتیی تاکدا پێک نەهێنا. لە ڕاستیدا تۆماس ئەکویناس بۆ مەبەستێکی تر لە پێوەندیی تاک و کۆمەڵگەی دەکوڵییەوە و سروشتی ئەم پێوەندییانەی دەخستە ڕوو، نەک لەبەر خودی پێوەندیی تاک بەکۆمەڵگەوە بەتایبەت، لەمەڕ سزای مەرگ، خۆکوشتن، سزای جەستەیی، چارەنووسی و... پرسی خاوەندارێتیی سەروەت و سامان بووە، بە کورتی، لە سەرپاکیی ئەم دۆخە جیاوازانەدا، تاک وەکو بەشێک لە کۆیەکی کۆمەڵایەتی یا ئەندامێکی جڤات دەرکەوت بەشێوەیەکی ئۆرگانێک شوێنکەوتووی جڤات بوو و ئەگەر پێوست بووایە، لەوانە بوو کە ببێتە فیدایشی[١٤].

یەکەم، لە ڕوانگەی ئەکویناسی پاکەوە، کوشتنی تاوانبار یا گوناهکار، ئەگەر لە قازانجی گشتی پێویست بێ، ڕەوایە و ئەمەش بەم جۆرە پاساو دەداتەوە: «هەر پاژێک سەر بە کۆیە، وەک چۆن نافراژی، سەر بەفراژییە. لەم سۆنگەیەوە هەر پاژێک بەئاوایەکی خوەزایی دەکەوێتە خزمەت کۆوە» (propter totum) بۆیە هەر کات پێویستی کرد دەبێ بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم جەستە ئەندامە پەککەوتووەکە ببڕدرێتەوە. بەهەرحاڵ، هەر تاکێکی تایبەت، لە چاو سەرلەبەری جڤاتدا، وەک پاژێکە لە کۆ (sicut pars ad totum). لە ئەنجامدا ئەگەر کەسێک بۆ جڤات پڕ مەترسی بێ و ئەگەر هاتو لە سۆنگەی گوناهێکەوە، ئەخلاقی کۆمەڵگەی گەندەڵ کرد کوشتنی کارێکی ڕەوا و بەجێیە و وا چاکە قازانجی گشتی ڕەچاو بکرێ»[١٥] هەرچۆن بێ، هەرچەندە لە ڕوانگەی تۆماسی پاکەوە کە گەورەیی و شەرافەتی مرۆڤ لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە «مرۆڤ سروشتی خۆی ئازاد خوڵقاوە و وەک خۆی بوونی هەیە (phopten seisum)[١٦] بەڵام ئەمە وای لێ ناکا کە وەک پاژێک لە کۆی جڤات سەیری مرۆڤ بکا و ئەگەر وەزنێک بەم کۆیە بگەیەنێ، پاساو بۆ لەناوبردنی دێنێتەوە. کەوابوو لەم ڕوانگەیەوە، تاک لە هەمبەر کۆمەڵدا خاوەن بوونی خۆی نییە. لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە کوشتنی مرۆڤێکی بێ تاوان ڕێی پێ نادرێ هۆی ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ بێتاوانیی تاکەکە، بگرە لە ڕووی بەسوودبوونەوەیەتی بۆ کومەڵگە. لە ڕاستیدا ژیانی باوەڕداریی تاعەت دروست پارێزگاری لە چاکەی گشتی دەکا و بەهێزی دەکا.

چونکە «ئەمانە گرینگترین بەشی کۆمەڵ پێک دێنن»[١٧]

هەروەها تۆماس ئەکویناس بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بۆ خۆکوشتن ڕێ پێ نەدراوە، پشت بە کۆمەڵێک پاساو و بەڵگەی لێکچوو دەبەستێ: «هەر مرۆڤێک بەشێکە لە جڤات و سەر بەجڤاتە و بەس»[١٨]

بۆیە مرۆڤ کە دەستی چووە خوێنی خۆیەوە، ناهەقی (in juria) دەرهەق بە جڤات دەکا. بەم ڕەنگە تۆماس ئەکویناس تەنیا لەبەر ئەوە کە ژیان خەڵاتێکی خواییە، خۆکوژی بەدزێو و قێزەوەن نازانێ، بگرە ئاماژە بەو خەسار و وەزەنگە دەکات کە ئەندامێکی جڤات و بێبەش لە سەربەخۆیی خۆی، لە جڤاتی دەدا.

ناوبراو بەڵگە بۆ سزای جەستەیی و بەتایبەت پەلبڕین کە زیان بەتێکڕای جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێ، دێنێتەوە.[١٩] لە ڕاستیدا مرۆڤ، پێملی جڤات و پابەندی بەرژەوەندەکانیەتی

(utfinem). لە ئەنجامدا «لەوانەیە جاروبار وا هەڵکەوێ کە پەلبڕینێک، تەنانەت ئەگەر زیان بەسەرجەم جەستەش بگەیەنێ، بۆ بەرژەوەندیی جڤات، پشتی پێ ببەسترێ». دیارە بەو مەرجەی کە ئەم چەشنە سزایە بۆ پشتگرتن بە گوناهکار و جینایەتکاران بێ. بەڵام تۆماس ئەکویناس پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێ کە کەسێکی تایبەت بۆی نییە، لەخۆڕا کارێکی وا بکا، چونکە کارێکی ئەوتۆ دەرهەق بە جڤات کە برێتییە لە مرۆڤ و تەڤ ئەندامانی، بە بێدادی دەزانرێ. لە ڕاستیدا، پشتبەستن بەم چەشنە سزایانە یەک لەوان سزای مەرگ ئەوە دەسەلمێنێ کە تاک بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بە جڤاتەوە بەستراوەتەوە و گوێڕایەڵی بووە.

ئەم پرەنسیپە لە بواری ئیمان و لە دین دەرچوونیشدا ئیشی پێ کرا: گەرچی تاک لەم بوارەدا ئازادە، بەڵام چونکە سەر بە ئومەتێکە کە لە سۆنگەی باوەڕەکەیەوە، بەو یەکەتییەی وەدی هێناوە کەوابوو ئەگەر لە دین دەرچوو، ڕەوایە لە ئومەت بێبەری بکرێ. دیارە لە ڕوانگەی تۆماسی پاکەوە باوەڕ شتێکی ئارەزوومەندانەیە، چونکە «باوەڕمەندی پێوەندیی بەویستی مرۆڤەکانەوە هەیە»[٢٠] بۆیە ناکرێ ئەوانەی کە هەق لە باوەڕی مەسیحی نەگەیشتوون، ناچار بکرێن ئیمان بێنن. بەڵام دۆخەکە بۆ ئەوانەی کە لە ئیمان گەیشتوون و چوونەتە ناو بازنەی ئیماندارانەوە و پاشان لێی دەرچوون، جیاوازە. وەک کەچە ئیمانداران و لە دین دەرچووان. «دەبێ تەنانەت لەڕێی سزای جەستەییەوەدا corporaliter لەمانە بکەی کە لەسەر پەیمانەکەی خۆیان بمێنن و دەست بەئیمانەکەی خۆیانەوە بگرن»، یان وەکی تر هەر تاکەکان سەربەستن لەوەی کە ئیماندار بن یان نا، بەڵام ئەگەر هاتو بوونە مەسیحی، ئیدی ناتوانن، پشتی تێ بکەن. چونکە بیر و بۆچوونی ئەمانە لەوانەیە ببێتە جێ مەترسی بۆ بەختیاریی کەسانی تر و زەرەر بدا لە ئومەت.

لەم سۆنگەیەوە، تۆماس ئەکویناس، بە کافرزانین، دەرچووان و تەنانەت کوشتنیان بەڕەوا دەزانی[٢١] لە ڕاستیدا ئەمان نەک هەر لە سۆنگەی گوناهەکانیەوە شایانی ئەوەی لە کڵێسایە پاساوی بە کافرزانین دوور بخرێتەوە، بگرە شایەنی ئەوەن لە ڕێی مەرگەوە (amudo ex-per montm،cudi) بەسەر ئەرزەوە نەهێڵن، چونکە ئیمان کە سەرچاوەی ژیانە، بنکۆڵ دەکەن. لە ئەنجامدا، لە بنەڕەتدا، «هەرکە دەرکەوت کە لە دین دەرچوون، نەک هەر دەکرێ بەکافر دابنرێن، بەڵام لە پێناوی دادپەروەریدا ئەم چەشنە کەسانە لەناو ببرێن». زێدەباریی ئەمانە کڵێسا، لە سۆنگەی سۆز و لاوازییەوە، دەستبەجێ ئەمانە مەحکووم ناکا، بگرە بزاڤ دەکا تا بیانگێڕێتەوە بۆ باوەشی ئاین، بەڵام ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێ بگەڕێتەوە، کڵێسا سەرەتا بەبڕیاری بە کافرزانین، لە خۆی دووری دەخاتەوە، تا بەم ڕەنگە بەختیاری و سەلامەتیی ئیمانی ئیماندارانی تر بپارێزێ و پاشان کەسەکە دەداتە دەست لایەنە پێوەندیدارەکان تا لە ڕووی فیزیکییەوە بیسڕنەوە». لە ڕاستیدا چارەنووسی بێ ئەملا و ئەولای لە دین دەرچووان بەباشی ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمانە نەیاندەتوانی بە ئازادی لە جڤاتدا بژین، نەک هەر شایانی بێبەریکردن ـ بوون لەلایەنی ئاینییەوە، بگرە شایانی ئەوەش بوون بەجەستەش لەناو ببرێن. ئەم ڕاستییەش دژایەتیکردنی تاکی لەلایەن

کۆمەڵگەی سەدەگەلی ناڤینیدا دەگەیاند کە جڤاتێکی مادی و مەعنەوی بوو[٢٢] لە ئەنجامدا، سروشتی پێوەندیی مرۆڤ بەشتومەکە دەرەکییەکانەوەش، یارمەتیدەرە بۆ ڕوونبوونەوەی ڕەوشی تاک لە کۆمەڵگەی ئەودەمدا. چونکە بەمەرجێک دەکرێ بڵێین تاک بەدی دەکرێ کە خاوەنی موڵک وماڵێک بێ. یان وەکی تر پێوەندییەکی تۆکمە لە نێوان تاکگەری و خاوەندارێتیدا هەیە. هەڵوێستی تۆماسی پاک لەو ڕووەوە تەماوییە و لەسەر جیاوازیکردنێکی زەق و زۆرجار سەرسوڕهێنەر بنیات نراوە.[٢٣] لە ڕاستیدا ناوبراو پرسی سەرپەرشتیکردنی شتومەک لە پرسی خاوەندارێتیکردنیان جوێ دەکاتەوە. لەمەڕ پرسی یەکەم، لە ڕوانگەی ناوبراوەوە مرۆڤ نەک هەر بۆی هەیە کە خاوەنی موڵک و سامانی ڕاستەقینە (propria possideat) بێ، بگرە ئەمە تەنانەت بۆ ژیانی مرۆڤیش زۆر پێویستە، چونکە باشتر بەسەر موڵک و سامانی خۆیدا ڕادەگا. ئەم سەرپەرشتیکردنەش دەکرێ لە نەزم و ئاشتیدا، بچەسپێنرێ. بۆیە دەکرێ باسی خاوەندارێتیی ڕاستەقینە یا خاوەندارێتی (proprietas) بکرێ و پاساوی پێویستی باش بەڕێوەبردنی بدرێتەوە. بەپێچەوانەوە، لە پرسی دووەمدا واتە کاتێکە باسی خاوەندارێتیی سەروەت و سامانە «مرۆڤ نابێ خاوەنی شتومەک و سامانی دەرەکیی تایبەت بەخۆی بێ، بگرە دەبێ خاوەنی موڵک و سامانی دەرەکیی گشتی بێ، تا ئەگەر کەسانی تر پێویستیان پێی هەبوو، بکرێ ئەم موڵک و سامانە بە سانایی بدەنە کەسانی تر» لەم ڕێگەیەوە دەکرێ بەبێ خاوەندارێتیی سامان و شتومەک، سوودی لێ ببینرێ. کەڵک وەرگرتن لە سەروەت و سامان نەک هەر پێویستی بەخاوەندارێتی نییە بگرە بەپێچەوانەوە ئەم چەشنە خاوەندارێتییەش ڕەت دەکاتەوە بەم ڕەنگە دەکرێ لە گرینگایەتی و باڵادەستیی جڤات لەو ڕووەوە بەباشی تێ بگەین. چونکە شتومەکان دەبێ موڵکی گشتی بن تا هەمووان سوودیان لێ ببینن. ئەکویناس پرسی خاوەندارێتی زۆر بەرتەسک دەکاتەوە و تەنیا لە چوارچێوەی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنیاندا بەڕەوای دەزانێ. کەوابوو شتومەک و سامان دەبێ گشتی بن و بۆ هەمووان بن. ئەم بەرتەسککردنەوەی سنووری خاوەندارێتیش، پێشاندەری ڕەوشی تاکە لە کۆمەڵگەی ئەودەمدا. لە ڕاستیدا هەر ئەوە کە تاکە بۆی نەبوو ببێتە خاوەنی هەندێ شتومەک و سامان کە دەبوو لە پاوانی کەسدا نەبن، بۆ خۆی گرینگایەتی و باڵادەستیی جڤات لە چاو تاکدا دەسەلمێنێ و دەری دەخا کە تاک پاشکۆی کۆمەڵگە بووە. بەرتەسکبوونی چوارچێوەی خاوەندارێتیی تایبەت ئەوە نیشان دەدا کە تاک هێشتاکە لە چاو کۆمەڵگەدا نەبووەتە خودانبوونێکی سەربەخۆ.[٢٤]

٣- باندەستیی دەوڵەت بەسەر تاکدا

هەروەک فرانسیسکو دو ویتوریا، تیولۆجیستی ئیسپانیایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا، ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە ڕەوشی تاک لە کۆمەڵگەدا، لە مادەی سێ سەدەی دواتریشدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو. ئەم نووسەرەش هەروەک تۆماسی پاک، ڕاستەوخۆ ناچێتە سەر پرسەکە. بگرە ناڕاستەوخۆ و لە دوو تۆی کۆمەڵی پرسی تردا باسی لێوە دەکا ویتوریا بەگشتی ڕوانگەیەکی ئۆرگانیکی لەمەڕ کۆمەڵگەی سیاسی یا (Respublica) هەیە و

لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا بەراوردی دەکا کە بەش و ئەندامەکانی لە خزمەتی یەکتردان و بەخێروخۆشی یارمەتیی سەرجەم جەستە دەدەن. دەوڵەتیش هەر بەم ڕەنگە، بەکۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو دادەنرێ کە یەکەیەکی لێک گرێ دراوە و ئەندامەکانی گوێڕایەڵی سەرجەم پێکهاتەکەن. لەم بۆچوونەوە وا دەردەکەوێ کە گشت لە پاژ گرینگترە و قازانجی گشتی لە سەروو قازانجی تاکەوەیە، لە بنەڕەتدا تاکەکان بەئەندامانی دەوڵەت دەژمێردرێن و تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا پێناسە دەکرێن. هەروەک چۆن ئەندامێکی لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی سەربەخۆ ناتوانێ بژی. لە ئەنجامدا نە کەش و فەزایەکی تایبەتی ڕاستەقینە دەتوانێ پێک بێ و نە کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێی پێناسە مۆدێرنەکەی زاراوەکە. چونکە ئەم دووانە پێویستیان بە سەربەخۆیی لە دەوڵەتە لە کاتێکدا کە دەوڵەت لەم حاڵەتەدا یەکەیەکی ڕێکخراو و لێک دانەبڕاو پێک دێنێ.

لەلایەکی ترەوە، (ویتوریا)ش هەروەک ئەرەستۆ دەوڵەت پتر بەپێکهاتەیەک لە کۆمەڵێ بنەماڵە دەزانێ تا کۆمەڵە تاکێک و هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە «ماڵبات بەشێکە لە دەوڵەت»(٢٥) لە ڕاستیدا ناوبراو، تێگەیشتنێکی ئۆرگانیک و هەرەمیی لەمەڕ دەوڵەت هەیە، چونکە منداڵان بە گوێڕایەڵی باوان و ژنیش بە گوێڕایەڵی پیاو ـ کە سەرۆکی ماڵبەتە ـ دەزانێ. بەم پێیە، زۆر ڕوون و دیارە کە تاک لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا جێی نابێتەوە.

ویتوریا پێوەندیی دەوڵەت و ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لێک ناداتەوە. بگرە وێڕای شرۆڤەکردنی کۆمەڵێک پرسی تر دەیخاتە بەرباس. کە هەر لە جێدا گرێ دراون بەخاوەندارێتیی سەروەت و سامان و هەروەها مافی شەڕەوە. ئەم مێتۆدە یارمەتیی ناوبراو دەدا، لایەنی هەڵکەوتی تاکەکان لە هەمبەر کۆمەڵگەی سیاسی و ڕادەی سەربەخۆییان هەڵسەنگێنێ.

سەرەتا باس لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە داخوا تاک چەندە دەتوانێ مافی خاوەندارێتیی سامانەکەی خۆی هەبێ. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆیە زەحمەتە کە دەبێ بەنۆرە پێوەندیی نێوان دەسەڵاتدار و دەوڵەت و هەروەها خەڵک و سەروەت و سامان ڕوون بکرێتەوە، بەگشتی فەرمانڕەوا، دەسەڵاتی (dominus) سامانی دەوڵەت و خەڵکی بەدەستە (dominiam). واتە خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتری وێڕای سروشتی سیاسییە. بەڵام ناوبراو بە خاوەنی ئەم سامانە نازانرێ و بۆی نییە بەویستی خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێ. کەوابوو جیاوازی هەیە لە نێوان چۆنیەتیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەسەر سامان و داراییەکاندا و هەروەها شێوازی خاوەندارێتیی خەڵک بەسەریاندا، بەڵام ئەم خاوەندارێتییە وێڕای دەسەڵاتی فەرمانڕەواکە دەسەڵاتێکی سیاسی بەسەر سەروەت و سامانەکاندا دەسەپێنێ بەرتەسک دەبێتەوە. کەوابوو مافی تەواوی خاوەندارێتی بۆ خەڵک بەدی ناکرێ و بەستراوەتەوە بە ئۆتۆریتەی فەرمانڕەواوە.(٢٦)

زێدەباری ئەمە، مافی خاوەندارێتی، لە سۆنگەی بالادەستیی کۆمەڵگەوە لە چاو تاکدا لە ڕێگەیەکی تریشەوە بەرتەسک کراوەتەوە. لە ڕاستیدا ویتوریا، لەم پێوەندییە پرەنسیپێکی گرینگی داناوە کە لە ئەرەستۆوە وەری گرتووە(٢٧) «مرۆڤ لە ڕووی ژیانەوە و لە ئەنجامدا لە ڕووی سەروەت

و سامانەکەیەوە پتر مولکی دەولەت (nespu blica)یە تا هیی خۆی». بۆیە مافی خاوەندارێتیی تایبەت، هیی دەولەتە چونکە مافەکەی لە سەروو مافی خاوەندارێتییەوە: «لەبەر هەندێ ڕێ بە دەولەت دراوە کە بۆ ئامانجێکی ڕەوا، دەست بەسەر سەروەت و سامانی هەر تاکێکیدا بگرێ. چونکە لە ڕاستیدا ئەم سامانە پتر بە مولکی دەولەت دادەنرێ تا مولکی ئەو. لە ئەنجامدا ئەگەر تاکێک بۆی هەبێ خاوەن سامانێکی تایبەت بێ، بۆ دەولەت ئەو مافەی نەیبێ». هەروەها لە سۆنگەیەوە کە فەرمانڕەوا دەسەلاتەکەی لە دەولەتەوە دەگرێ کەوابوو بۆی هەیە لە پێناوی ئامانجێکی ڕەوادا، سامانی کەسێک بداتە کەسێکی تر. ویتوریا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی پشت بەم بەلگەیەی خوارەوە دەبەستێ: «چونکە خەلک دەسەلاتداریان هەلبژاردووە کەوابوو ئەو مافەشیان داوەتێ کە دەسەلاتی سامانی ئەوانیشی بەدەستەوە بێ. کەوابوو فەرمانڕەوا دەتوانێ هەروەک دەولەت، دەست بەسەر سەروەت و سامانی خەلکدا بگرێ». دیارە خاوەندارێتیی تاکەکەسی هێشتا بەتەواوی پەیدا نەبووبوو. چونکە نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین سەرەوت و سامان پتر هیی دەولەت بوو تا هیی تاک، ئەمەش خاوەندارێتیی سنووردار دەکرد هەروەها چونکە دەولەت ئەرکی سەرپەرشتیی سامان و دارایی بەدەسەلاتدار دەسپارد، کەوابوو ناوبراویش بۆی هەبوو، بیخاتە ژێردەستی خۆیەوە (دیارە نە بەمەستی بەکارهێنانی کەسانی، بگرە بۆ خزمەتی خەلک)

ئەوەی لەمەڕ سەروەت و سامان باس کرا، لەمەڕ تاکەکانیش ڕاستە لە ڕاستیدا تاک هێشتا بەکردەکی بەدی نەدەکرا. چونکە «مرۆڤ لە ڕووی ژیانی تایبەتییەوە(...) پتر بە مولکی دەولەت دەژمێردرا و لە خزمەتی دەولەتدا بوو، تا لە خزمەت خۆیدا». وەکی تر دەکرێ بلێین، تاک لە بنەڕەتدا بەشێک لە کۆمەل دادەنرا و هەر لەجێ دا بوونی بەسترابووەوە بە ئەندامێتیی دەولەتەوە. ئەم ڕوانگەیە لەگەل تایبەتمەندیی ئۆرگانێکی جڤاتی سیاسیدا دەهاتەوە. کەوابوو تاکی ئەو سەردەمە، بەپێچەوانەی تاکی مۆدێرنەوە، بوونێکی تایبەت، جیاواز و سەربەخۆی نەبوو.

هێنانە گۆڕێ پرسی مافی شەڕیش یارمەتیی ویتوریای دا تا پێگەی تاک لە هەمبەر دەولەتدا دیاری بکا و لەم بوارەدا جۆرە سەربەخۆییەک بۆ تاک لە چاو دەولەت بە فەرمی بناسێ. هەروەک دەزانین تۆماسی پاک لە کتێبەکەیدا (پوختەیەکی یەزدانناسی) دەسەلاتی شەڕ ناداتە تاکێکی تایبەت، بگرە دەیداتە فەرمانڕەوا. چونکە تاک دەتوانێ لە سەرۆکەکەی داوای دادپەروەری بکا.[٢٨] ویتوریاش لە شرۆڤەکەیدا بەپشتبەستن بەجیاوازیی نێوان دەولەت و تاکێکی تایبەت، بەکردەوە، پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکا. بەجۆرێک کە ئەوە بەڕەوا دەزانێ کە تاک داکۆکی لە خۆی بکا. بەلام ڕێی ناداتێ تۆلەی خۆی بکاتەوە.[٢٩] ویتوریا هەروەها لە کتێبی (وانەگەلێک لەمەڕ مافی شەڕ)دا[٣٠] دەلێ کە هەرچەند «تاکێکی تایبەت دەتوانێ بەرەڤانی لە خۆی بکا» تا ژیان و سامانی خۆی بپارێزێ.[٣١] بەلام ئەوە تەنیا دەولەتەکە بۆی هەیە بەمەبەستی تۆلەکردنەوە و سزادانی نادادپەروەری، شەڕ بەرپا بکا. کەوابوو تاک سەربەخۆیانە بۆی نییە دژی نادادپەروەری ڕاپەڕێ، لە

خاڵێکدا ئەو مافە بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتدا، سەلمێنراوە.[٣٢] زێدەباری ئەمەش، ئەگەر پێویست بکا (بۆ نموونە، ئەگەر دەسەڵاتدار چاو لە نادادپەروەری بپۆشێ) «ئەگەر تاک ڕێگەیەکی تری بۆ داکۆکیکردن لە خۆی لە هەمبەر نادادپەروەریدا نەبێ، بۆی هەیە کە بەرەنگاری دوژمنەکەی ببێتەوە»[٣٣]. بەم ڕەنگە ویتوریا مافی داکۆکی لە خۆ و تەنانەت مافی بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەری، ئەگەر پێویستی کرد، دەداتە تاک و تاک ڕێگای پێ دراوە لە هەندێ بواردا ئەم مافانەی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام بێجگە لەم دۆخە ڕیزپەڕانە، تاک لە جێگەی سروشتیی خۆیدا وەک ئەندامێکی دەوڵەت سەیر دەکرێ و دەوڵەت بەرپرسیارە لە پاراستنیدا. بۆیە ئەندامەتیی ئۆرگانێکی تاک لە دەوڵەتدا وەک بنەمایەک سەیر دەکرێ.

لە کۆتاییدا، ویتوریا پێی وایە کە ئەندامی دەوڵەت دەتوانێ بەشداری نەکا لە شەڕێکدا کە بەناڕەوای دەزانێ هەر بۆیە پرەنسیپی «ڕەتکردنەوەی خزمەتی سەربازی» دێنێتە گۆڕێ. «ئەگەر ناعادیلانەبوونی شەڕ دەرکەوت، ئەندامی دەوڵەت تەنانەت بەبڕیاری فەرمانڕەواش بۆی نییە شەڕ بکا».[٣٤] لێرەدا باس باسی پراکتیزەکردنی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییەیە کە بەگوێرەی هەردەم دەبێ گوێڕایەڵی ویژدانی خۆمان ـ ئەگەر تەنانەت بەهەڵەشدا بڕوا ـ بین. چونکە ویژدانی خەتاکاریش وا لە مرۆڤ دەکا لە بەرپرسانە هەڵسوکەوت بکا.[٣٥] دیارە ئەو ڕوانگەیە بوار بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بە تاک لە هەمبەر دەوڵەت و دەسەڵاتداردا خۆش دەکا. ئەمە نموونەیەکی بەرچاوە کە ویژدانی تاکێکی لە هەمبەر جڤاتەکەی خۆیدا دەردەخا و تاک سەربەخۆیی خۆی دەخاتە ڕوو. بەم ڕەنگە ویتوریا بە بەخشینی مافی داکۆکیکردن لە خۆ ـ ئەگەر پێویستی کرد ـ و هەروەها مافی بەشدارینەکردن لە شەڕی ناڕەوادا، بەڕوونی پرەنسیپی تاکباوەڕیی بنیات نا، گەرچی زۆربەی بەرتەسکی پراکتیزە کرا. بەگشتی، لە سەدە ناڤینییەکاندا، تاک بەشێوەیەکی ئۆرگانیک بەجڤاتەوە گرێ درابوو و گوێڕایەڵی بوو. گەرچی بە دڵنیاییەوە دەکرێ، سەرەتاکانی بە فەرمی ناسینی مافەکانی تاکی تێدا بەدی بکرێ، بەڵام ئەم چەند نموونەیە بەرتەسک و ڕیزپەڕ بوون و تاک لە هەمبەر کۆمەڵدا کە هێشتا تایبەتمەندیی کۆباوەڕیی خۆی پاراستبوو، بەدی نەدەکرا. لە ئەنجامدا، لە نێوان بواری کۆمەڵایەتی و بواری سیاسیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ نەدەبینرا. دەوڵەت لە کۆمەڵ جوێ نەکرابووەوە، کۆمەڵگە بەتەواوی لەژێر فەرمان و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیدا بوو. لە ئەنجامدا، نەبوونی تاکباوەڕی لە سەدە ناڤینییەکاندا، ئەوە بەڕوونی دەردەخا کە بۆ هەلومەرجی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسی هێشتا لەو دەمەدا لەبار نەبوو.

پەراوێزەکان:

1- Cf. colin Morris, The Dicovery of the Individual, 1050 - 1200, London, 1972.

2- Cf.W.Ullmann,The individual and society in the Middle Ages, Baltimor, 1986.

3- Cf. Caroline Walker Bynum,"Did the twelfth century discover the individual?", The Journal of of ecclesiastical history, 1980, 31, p. 1-7; Jean Claude Schmitt, <La découverte de

I’indvidu, une fiction historio- graphique?> in p. Mengal, wt F. Parol, (dir), La Fabrique, la Fiqure et la Feinte. Fiction et statut de fiction en Psychologie, Paris, 1989, p. 213- 236.

4- Cf. Aron J. Gourevitch, La naissance de I’individu dans I’Europe médiévale, Paris, Seuil, 1997, p. 9- 32 (chapitre intiulé: <individuum est ineffable...L’individ du Moyen age et I’histoire contemporain>).

5- Ibid., p. 20.

٦ـ بەهەرحاڵ دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە وشەی تاک ئەودەم ئەو بارە ماناییەی ئێستای نەبووە.

7- Janet Colman, <L’individu dans L’Etat médieval>, et Svrre Bagge, <L’individu dans historiographie médiéval>, in Janet Colman (dir.), L’individu dans la théorie poliique et la pratique, paris, PUF, 1996, p. 1-42 et 43-70. voir aussi Société jean bodin, L,indivdu faca au pou voir,3e partie, Europe occidentale (XIIe- XIIIe siécles)

Bruxells, De Boeck, 1989. Jean- François Poudret, <L’individu face au pouvoir dans quelques pays d’Europe occidentales du XIIIe au XVIIIe siécle>, p.11-30.

8- Janet Coleman, <I’indivdu dans I’Etat médiéval>, op. cit., p. 1.

9- Jean- François poudret, art. cité, p. 13.

10- Ibid., p. 14.

11- Ibid., p. 19.

١٢ـ دەکرێ چەند بەشێکی گرینگی، لەم سەرچاوەی خوارەوەدا پەیدا بکەین:

Maurice Duverger, Constitutions et documents politiques, paris, PUF, 1992, p. 666-667.

جان بی زمین، سەرەتا ئەوە وەبیر دێنێتەوە کە ئازادی و بەتایبەت «ئازادیی هەڵبژاردن»ی داوەتە کڵێسای ئینگلستان و پاشان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «ئێمە هەروەها سەرجەم ئەو ئازادییانەی سەرەوەمان دایە مرۆڤگەلی ئازادی سنووری پاشایەتییەکەمان» (ص ٦٦٦) لێرەشدا هەم باس باسی ئازادییە بە کۆمەڵەکانە و هەم ئازادییەکانی تاک.

13- Somme de théologie, I-II, q. 21, art. 4, ad 3.

١٤ـ ژ. کلمەن ڕاستی نووسیوە کە تۆماس ئەکویناس «ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی لەمەڕ مافەکانی تاک، کە ئەندامی کۆمەڵگە بۆی هەبێ لە فەزای گشتیدا بە کاریان بێنێ ، دانەڕشتووە» و «پرەنسیپ و ڕێوشوێنێکی ئەوتۆی لەمەڕ مافە تاکەکەسییەکانی ئەندامی کۆمەڵگە نییە».

<L’indivdu dans I’Etat médiéval>, op. cit., p. 27-28.

15- Somme de théologie, II-II, q. 64, art. 2.

پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە هەر گوناهێک کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە.

16- Ibid., ad.3.

17- Ibid., II-II, q. 64, art. 6.

18- Ibid., q. 64, art. 5.

تۆماسی پاک هەروەها دەڵێ: «لەو سۆنگەیەوە کە هەر مرۆڤێک بەشێکە لە گشت، کەوابوو ئەوەی کە هەیە و هەیەتی، هیی گشتە. هەروەک چۆن هەر بەشێک سەر بەگشتە».

ibid., I-II, q. 96, art. 4.

19- Ibid., II-II, q. 65, art. 1.

20- Ibid., II-II,q. 10, Art. 8.

21- Ibid., II-II, q. 11, art. 3.

٢٢ـ هەندێک لە وڵاتانی موسڵمانی هاوچەرخ هەندێک یاسای لێکچوو پراکتیزە دەکەن، وەک سزای جەستەیی (بڕینی ئەندامی جەستە) یا مەحکوومکردنی لە دیندەرچوو (کە حوکمی مەرگیان بەسەردا دەدرێ و هەندێ جاریش لەدار دەدرێن). ئەم خاڵانە بەڕوونی دەری دەخەن کە ئەم چەشنە وڵاتانە تاک وەک تاک بەڕەسمی ناناسن، بۆیە لەم بوارەدا هێشتا لە قۆناخی سەدە ناڤینییەکانی ئەورووپادا دەژین.

23- Ibid., II-II,q. 66, art. 2.

٢٤ـ خاوەندارێتی بەپێی مانا نوێیەکەی برێتییە لە مافی کەڵک وەرگرتنی بێ سنوور لەو سەروەت و سامانەی کە تاک هەیەتی. بوونی ئەم مافە ئەوە دەسەلمێنێ کە تاک سەربەخۆ بووە لە کۆمەڵگە، هەروەک چۆن مارکس بە جوانی سەلماندوویەتی کە: «مافی کەڵکوەرگرتنی بێ سنوور ئەوە دەردەخا کە خاوەندارێتیی تایبەت بەتەواوی لە جڤات و کامیونێت، سەربەخۆ بووە.» سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکەن:

Karl Marx, L’idéologie allemande, Œuvres, Paris, Gallimard, 1982, t. III, P. 1110.

25- Leçon sur le pouvoir politique, pqris, vrin, 1980, 24, p. 76.

26- Commentaire sur la Somme de théologie de saint Thomans, I-II, q. 105, art. 2, 3e.

٢٧ـ ناوبراو لە بەرگی دووەمی کتێبی (سیاسەت)ی ئەرەستۆ وەک سەرچاوە دەناسێنێ کەچی ئەم باسە لە بەرگی هەشتەمدایە.

28- Cf. Commentaire sur la Somme...., II-II, q. 62, art. 1, 33.

هەڵوێستێکی لێکچووش لەلایەن ژان دووپاری یەزدانناسی سەدەی چواردەمدا، بەدی دەکرێ.

Cf. Janet Coleman, op. cit., p. 30.

29- Cf. Somme de théologie, II-II, q. 40, art. 1.

30- Cf. Commentaire sur la Somme...., II-II, q. 40, art. 1, 3.

31- Leçon sur le droit de guerre.

32- Cf. Francisco de Vitoria, Leçon sur les Indiens et sur le droit de guerre, Genéve, Droz, 1968, 3, p. 115.

33- Ibid., 9, p. 120.

34- Ibid., 22, p. 129.

35- Ibid., 23, p. 129.

بەپێچەوانەوە ئەگەر تەنیا دڕدۆنگییەک لەمەڕ ناڕەوابوونی شەڕ بەدی بکرێ. ئەندامی کۆمەڵگە دەتوانێ و تەنانەت دەبێ تێشیدا بەشدار بێ:

ibid, 31, p. 135.

# ئاین و خۆکوژی

ر. گرینگ و د.لیزارد

ئاین کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئاستی خۆکوژی. ڕێژەی ئاینداریی کەس دەتوانێ ببێتە هۆکارێکی ڕێگر لە بەردەم هەڵسوکەوتی خۆکوژیدا. بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی شیمانەی خۆکوژییەوە، زانینی ڕۆڵی ئاین لە ئاستی خۆکوژیدا گرینگییەکی زۆری هەیە.

لەم بابەتەدا لە زانیاریی پزیشکی و دەروونناسی کەڵک وەرگیراوە و بۆ نووسینەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە لەساڵی ١٩٨٠ تا ٢٠٠٨ کۆ کراونەتەوە، بەکار هێنراون. لەم بابەتەدا هەوڵ دراوە ئەو زانیارییانەی لەبارەی ئاستی خۆکوژییەوە لەناو چوار ئایندا و کاریگەریی ئاین لە ئاستی خۆکوژیدا بخرێتە بەرباس. هەروەها چەند ڕێنوێنییەک خراوەتە بەرباس بۆ زانینی ئاستی ئاینداری لە کاتی هەڵسەنگاندنی شیمانەی خۆکوژیدا. ئەنجامەکان پێشانیان داوە ئاست و شیمانەی خۆکوژی و هۆکارەکانی ڕێگری خۆکوژی لەناو ئاینە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە و لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندنی ئاستی پابەندی و بەشداریی ئاینی دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ ببینێ لە پێزانینی شیمانەی خۆکوژیی کەسدا.

بەڵگەکان ئەوە پێشان دەدەن کە ئاستی خۆکوژی لەناو ئاینە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن. لێرەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی چوار ئاینی گرینگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەنجام دراوە. لەناو گرووپە ئاینییەکانی ئەمەریکادا، پرۆتستانەکان زۆرترین ئاستی خۆکوژییان هەیە و پاش ئەوان کاتۆلیکە ڕۆمییەکان زۆرترین ئاستی خۆکوژییان هەیە. لێرەدا جوولەکەکان کەمترین ئاستی خۆکوژییان هەیە و لە کاتی بەراوردکردنی ئاستی خۆکوژی لە نێوان موسڵمانان لەگەڵ ئاینەکانی تردا وەک مەسیحی و هیندویی، موسڵمانەکان کەمترین ئاستی خۆکوژییان هەیە. هەروەها لەناو

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم

مەزهەبە ئاینییەکاندا، ئاستی بەرزی ئایینداری پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەگەری خۆکوژیدا.

دوورکیم یەکەم کەس بوو لە ساڵی ١٨٩٧دا ڕای گەیاند کە بڕوا بەهێزە مێتافیزیقیا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە سەلامەتیی دەروونیدا ببینێ، چونکە ئاین ستوونێکە بۆ ڕێکوپێکی و مانا بەدنیا دەدا. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا ئەنجام دراون، ئەوە پێشان دەدەن کە پێوەندییەک لە نێوان ئاستی بەرزی ئایینداری و کەمبوونەوەی شیمانەی خۆکوژیدا هەیە. ئەو کەسانەی سەردانی کڵێسا دەکەن چوار بەرامبەر کەمتر لەو کەسانەی کە هەرگیز سەردانی کڵێسا ناکەن، دەست دەدەنە خۆکوژی. پێوەندیی نێوان ئایینداری و خۆکوژی لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازە. ئاستی بەرزی خۆکوژی لەناو پیاواندا بەئاستی کەمبڕوایی ئاینی و بەشداریی ئاینییەوە پێوەندیی هەیە، ئەم پێوەندییە لەناو ژناندا بوونی نییە.

لە بەرچاوگرتنی ڕۆڵی ڕێگریی بڕوا و متمانەی ئاینی لە بەرامبەر شیمانەی خۆکوژیدا، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئاستی ئایینداری کەسەکان لە کاتی هەڵسەنگاندنی دەروونناسیدا، بەتایبەت لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ خۆیان بکوژن زۆر پێویستە بێتە ئەنجامدان. تێگەیشتنی تەواو لە بڕوای ئاینی و ئاستی بەشداریی ئاینی کەسەکان، دەتوانێ شیمانەی خۆکوژییان پێشان بدات.هەرچەند لێکۆڵینەوەکان پێشانیان داوە کە هۆکاری زۆر وەک ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، کولتوور پێوەندییان بەئاینی کەسەکەوە هەیە، بەڵام لەم بابەتەدا زیاتر تیشک خراوەتە سەر ئەو هۆکارە گرینگانەی کە ڕێگرن لە دیاردەی خۆکوژی لەناو چوار ئاینی بەرچاو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە بەزمانی ئینگلیزی لەبارەی پێوەندیی ئاین و خۆکوژییەوە نووسراون ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە ئاستی ئایینداری لەگەڵ شیمانەی کەمبوونی ئاستی خۆکوژی پێوەندییان هەیە. بۆ نموونە ئاستی خۆکوژی لە وڵاتانی ئاینی کەمترە لە ئاستی



خـۆکـوژی لە وڵاتانـی سکۆلار، هەروەها ئـەنجـامـی لێکـۆڵینەوەکـان دەڵێن توندی لە بڕوای ئـاینیـدا لەگەڵ ئەو هـەڵسوکـەوتانەی کـە دەبنـە هـۆی خـۆکـوژی پێوەندییـان هـەیە. ئەم ئەنجـامـانـە لە هـەمـوو ئاینەکاندا هـەیە.

ئەنجـامی لێکۆڵینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن، ئەو کەسـانەی مـەبەسـتە ئاینی و ئەخـلاقیـیەکانـیان لەبارەی خـۆکـوژییـەوە کـەمـتـرە لە ژیـانی خـۆیـاندا زیاتر هـەوڵـی خـۆکـوژی دەدەن، لە بەرامـبـەردا کەسانێک کە مەبەستە ئاینی و ئەخلاقییەکانیان لەبارەی خۆکوژییەوە زیاترە، هۆکاری زیاتریان بۆ زیندوو مانەوە هـەیە.

زۆربەی ئاینەکـان سـزایان بۆ خـوکـوژی دیاری کـردووە و هـەر بۆیە ئەو کـەسـانەی بـڕوای ئاینیی زۆرتریان هـەیە، کەمـتر دەست دەدەنە خۆکوژی. جگە لە مەسـەلەی خۆکوژی، ئامـادەبوون لە شوێنە ئاینیـیـەکـان دەبێـتـە هـۆی دروسـتـبـوونی دەرفـەتێکی گـەورە بۆ ڕێگەگـرتن لە خـۆکـوژی. بـەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەو کەسانەی کینە لە دڵن زۆرتر شیمانەی خۆکوژییان لەسـەرە. زۆربەی ئاینییەکان بەکارهێنانی مـادەی هۆشـبـەر و جگەرە ڕەت دەکـەنـەوە و لێکۆڵینەوەکان ئەوەیـان پیشـان داوە کە مـادەی هۆشـبـەر و جگەرە پێوەندییـان بەخۆکوژییـەوە هـەیە. بۆیـە ئاسـتـی بەرزی ئاینداری دەتوانێ بەشـێـوەیەکی نـاڕاسـتـەوخـۆ و لە ڕێگەگرتن لە بەکـارهـێنانی جگەرە و مـادەی هۆشـبـەر کـاریگەریی هـەبێ لەسـەر خۆکوژی.

ئەو کـەسـانەی حـەزیان لـە خـۆکوژییـە، زۆرجـار تووشـی گرفـتـی دەروونـی دەبنـەوە لە هـەڵبـژاردنـی مـردن یا ژیـاندا. تایبـەتمـەندییـە ئاینییـەکان و بیـرکـردنـەوەی دروست دەتوانێ لە زۆر کـەسـدا ببێتـە هۆکارێکی گرینگ لە ڕێگەگرتن لە خـۆکوژیدا و هـەروەهـا ڕۆڵێکی گرینگی دەبێ لە دەرکردنی بڕیارە گرینگەکـانی تایبـەت بەژیانەوە. دەبێ لێکۆڵینەوەی زیـاتر لەبارەی ئاینداریـیـەوە بێتە ئەنجـامـدان تا پێوەندیی نێوان ئاستی ئاینداری و ئاستی خۆکوژی ئاشکرا بێ.

## ئاینی مەسیح و خۆکوژی

مـانای خـۆکوژی لە ئینجیلدا نەهاتووە، بەڵام ئامـاژە بەناوی چەند کـەسـێک وەک یەهـودا، تالووت و شـەمـشون کراوە کە خـۆیان کوشـتـووە. لە ئینجیلدا ئەو کەسـانەی کـە دەست دەدەنە خـۆکـوژی نـە بەخـراپە و نە بـەباشـە ناویان نەبراوە. بـۆچوونی ئاینـی مـەسـیح لـەبارەی خـۆکـوژییـەوە لە نێـزیک سەدەی پێنـجـەمەوە هـەروا بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. سـێنت ئاگوسـتین لە سەدەی پێنجەمـدا وتوویەتی خۆکوژی شکاندنی ئەو فەرمـانەیە کە خـوا بەحەزرەتی موسـای وتووە "کەس مـەکوژە". ناوبراو ڕای گەیاندووە کە ئەو فـەرمـانە دەبێ بۆ پاراستنی ژیانی کەسـەکان و ژیانی هـەموو گیانداران جێبەجێ بکرێ. سـێنت تومــاس ئاکـویناس، یەکـێک لە گـەورەبـەرپرسـانی کـاتۆلیک، پەرەی بەبۆچوونی ئاگـوسـتین دا و خـۆکـوژی بەناوی تاوانێک دژ بەکـەس، دراوسێ و خـوا نـاو برد. ئاکـویناس لەو باوەڕەدا بوو کە خۆکوژی بەپێچـەوانەی سروشتە و هـەروەها خۆکوژی دژی ڕاستییـەکانی ئاینییە و



تەنیا خوا دەتوانێ لەبارەی مردن یا ژیانی کەسەکانەوە بڕیار بدا. هەروەها ناوبراو پێی وابوو کە پێش مردنی کەسەکان و بۆ چوونە بەهەشت دەبێ کەسەکان دان بەتاوانەکانی خۆیاندا بنێن و هەر بۆیە خۆکوژی گەورەترین تاوانە، چونکە ئەو کەسانەی دەست دەدەنە خۆکوشتن ناتوانن تۆبە بکەن و دان بەتاوانەکانیاندا بنێن. خۆکوژی لە زۆربەی مەزهەبەکانی ئاینی مەسیحدا وەک کاتۆلیک، بپتیست و پرۆتستانەکان بووەتە جۆرێ تاوان. تاوانی خۆکوژی لەگەڵ شێوەکانی تری کۆتاییهێنان بەژیان وەک لەباربردنی منداڵ یا پیاوکوشتن وەک یەک وایە. لە شیکردنەوەکانی کڵێسای کاتۆلیک لە ساڵی ١٩٩٤دا هاتووە کە کاتێک بەکەسێک دەڵێن هەوڵی خۆکوشتنی داوە کە کەسەکە لە بواری مێشکی سەلامەت بێت و هەوڵی کوشتنی خۆی بدا، بەڵام کەسێک کە خۆی کوشتبێ و لە بواری مێشکی سەلامەت نەبێ، کارەکەی بەتاوان ناو نابرێ. کاتێک کەسێک دەمرێت لەلایەن خواوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و تەنیا خوایە کە بڕیار دەدا ئەو کەسە بۆ بەهەشت بچێ یا دۆزەخ. لە ڕابردوودا ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوشت، تەرمەکانیان لە گۆڕستانی کاتۆلیکەکان ئەسپەردە نەدەکرا، بەڵام ئێستە ئەوە زۆر جێبەجێ ناکرێ و لە کاتی ئەسپەردەکردنی کەسەکەدا نزای بەخشینی بۆ دەکرێ.

لە دنیادا ٢,١ ملیار مەسیحی هەیە. لەناو گرینگترین مەزهەبە مەسیحییەکاندا باپتیستە کاتۆلیکەکان و پرۆتستە ئەنجیلییەکان کەمترین ئاستی خۆکوژییان هەیە و بڕوادارە پرۆتستەکان بەرزترین ئاستی خۆکوژییان هەیە. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە کاتۆلیکەکان و باپتیستەکان زۆرترین ئاستی بەشدارییان لە کاروبار و چالاکییەکانی کڵێسادا هەیە و هەروەها وڵاتە کاتۆلیکەکان ئاستێکی کەمتریان لە خۆکوژیدا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی پرۆتستانەکاندا هەیە و لەو وڵاتانەی کە سەر بەپرۆتستانەکانە لەو شوێنانەی کە کاتۆلیکەکان ژیان دەکەن، کەمترین ئاستی خۆکوژییان تێدا تۆمار کراوە. هەرچەندە لە وڵاتانی کاتۆلیک و ئەرتۆدۆکس بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناکاتۆلیک و نائەرتۆدۆکس، ئاستی خۆکوژیی پیاوان و کەسانی بەساڵاچوو زیاترە.

## هیندۆیزم و خۆکوژی

لە هەموو دنیادا نێزیکەی ٩٠٠ ملیۆن هیندۆیی هەیە کە زۆربەیان دانیشتووی پارزەوینی هیندن. بەپێچەوانەی ئاینەکانی ئیسلام و یا مەسیحییەت، بابەتی خۆکوشتن لە نووسراوە پیرۆزەکانی هیندۆکاندا تا ڕادەیەک نادیارە و بەپێی ئاینی هیندۆ، مردن کۆتاییی ژیان نییە و بگرە کەسەکە دووبارە لەدایک دەبێتەوە. هەندێک پێیان وایە لە ئاینی هیندۆدا بەرامبەر بەخۆکوژی نەرمی نوێندراوە.

لێکۆڵینەوەی کەم لەبارەی ئاستی خۆکوشتنەوە لە نێوان هیندۆکاندا ئەنجام دراوە. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی خۆکوشتنەوە لە نێوان موسڵمانەکان و هیندۆکانی بەریتانیا ئەنجام دراوە، ئەوەی سەلماندووە کە لەناو هیندۆکان بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانەکان، کەمتر کۆسپە ئەخلاقییەکان و خۆڕێکخستن لەگەڵ ژیاندا ڕەچاو دەکرێ و کەمتر گرینگییان پێ دەدرێ. بەپێی چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر ئاستی خۆکوژی لەناو هیندۆکان زیاترە لە موسڵمانەکان و هەروەها پیاوەکان زیاتر لە ژنان دەست دەدەنە خۆکوشتن و زۆربەی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشیی دەروونییان هەیە.

لە ڕێوڕەسمی ساتی ٥ کە سوننەتێکی کۆنی هیندۆکانە، جۆرێکە لە خۆکوشتن کە تێیدا بێوەژنەکان لە کاتی ڕێوڕەسمی سووتانی تەرمی هاوسەرەکانیان، خۆیان دەکوژن. هەرچەندە ئەم ڕێوڕەسمە ئێستە نایاساییە، بەڵام چەند بەڵگەیەکی کەم لە بەردەستە ئەو ژنانەی کە ئەو ڕێوڕەسمەیان بەڕێوە بردووە، کێشەی دەروونییان هەبووە. ڕێوڕەسمی ساتی ٥ ئەرکێکی ئاینی نییە و جۆرێکە لە خۆکوشتن.

هەواڵنامەی کتێب

## ئاینی ئیسلام و خۆکوشتن

بەهۆی بوونی لێکۆڵینەوەی کەم لەبارەی پێوەندیی نێوان ئاینی ئیسلام و خۆکوشتن، دیاریکردنی ڕێژەی تەواوی کاریگەری و ڕۆڵی ئاینی ئیسلام لە خۆکوشتندا کارێکی ئاستەمە. لە ساڵی ١٩٨٩ بەدواوە هیچ یەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماری مردن و لەدایکبوونی خۆیان بەڕێکخراوی تەندروستیی دنیا پێشکێش نەکردووە و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی ئیسلامی ئاماری خۆکوژیی خۆیان تۆمار یا بڵاو کردووەتەوە. لێرەدا دەبێ خۆکوشتن و شەهادەت لەیەک جیا بکرێتەوە. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر ئەو کەسانەی کە خۆیان بەئەنقەست کۆتا بەژیانی خۆیان دەهێنن و ئەو کەسانەی بۆ پاراستنی خاک و وڵاتیان لە بەرامبەر دوژمندا شەهید دەکرێن.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستە ئەنجام دراون، ئاستی خۆکوشتن لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا کەمترە و هەر بۆیە لەناو ئەو ١,٥ ملیار موسڵمانەی کە لە دنیادا هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئاینەکانی مەسیحی و هیندویی هەڵسوکەوتی خۆکوشتن کەمتر بینراوە، بەڵام

خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، دڵپیسی و ترس لە مردن لەناو وڵاتانی ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆئاوادا زیاترە.

ئاستی ئاینداری لەناو موسڵمانانداندا بەجۆرێک ڕێگرە لە بەردەم هەوڵی خۆکوژیدا و هەروەها کەسانی باوەڕدار دڵەڕاوکێ و خەمۆکییان کەمترە، هەروەها ئاینی ئیسلام بە بەراورد لەگەڵ ئاینەکانی تردا زۆر گرینگیی بەدیاردەی خۆکوشتن داوە. هەروەک لە قورئاندا هاتووە کە "خۆتان مەکوژن، چونکە ئەو کەسانەی دەست دەدەنە خۆکوشتن لە قیامەتدا دادگەیی دەکرێن و دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە". بەڵام قورئانیش وەک ئینجیل مەسیحییەکان لەناو وڵاتەکان و ناوچەکە و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامدا بەشێوەی جۆراوجۆر تەفسیری بۆ کراوە. لە وڵاتانی ئیسلامی وەک عەرەبستانی سعوودیە، پاکستان و کوێت کە شەریعەتی ئیسلام لە یاسای وڵاتدا بەکار براوە، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خۆکوشتن جۆرێکە لە تاوان.

لەلایەکی تر هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە پێشان دەدەن کە ئاستی خۆکوشتن لە وڵاتانی ئیسلامیدا روو لە زیادبوونە، بۆ نموونە ڕێژەی خۆکوشتن لە ناوچەی سیندای پاکستان لە ٩٠ کەسەوە لە ساڵی ١٩٨٧دا بەرز بووەتەوە بۆ ٣٦٠ کەس لە ساڵی ١٩٩٩دا. هەروەها لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن قوتابیانی زانکۆی پاکستانەوە ئەنجام دراوە ئەوە پێشان دەدا کە بیرکردنەوە لە خۆکوشتن لەناو ژنان و پیاوانی زانکۆدا زیادی کردووە. هەروەها دیاردەی خۆکوشتن لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا هەم یەک راستییە و هەم بووەتە حەز کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەکا. بەشێوەیەکی گشتی لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا بۆ ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن و بۆ ئەو کەسانەی کە لێیان بەجێ دەمێنن یان بنەماڵەی خۆکوژەکان، کەمێک خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستیی دەروونی ڕەچاو کراوە. زۆربەی موسڵمانان لە ئەسپەردەکردنی تەرمی ئەو کەسانەی کە خۆیان کوشتووە لە گۆڕستانی موسڵمانەکاندا ناڕازین، چونکە خۆکوشتن بەکارێکی حەرام دەزانن.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئاینی ئیسلام ئاینێکی یەکدەست نییە و تێیدا چەندان مەزهەب و فیرقەی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام ئامارێکی تەواو و ڕاستەقینە لەبارەی ژمارەی خۆکوشتنەوە لەناو ئەو مەزهەب فیرقانەدا نییە.

## ئاینی جوولەکە و خۆکوشتن

ئاینی جوولەکە بەتوندی خۆکوشتن ڕەت دەکاتەوە و بەناوی کارێکی پێچەوانەی ئیخلاق ناوی دەبات. خۆکوشتن وەک پیاوکوشتنە. بەپێی ئاینی جوولەکە، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بچووکترین زیان بەلەشی خۆی بگەیەنێ چ بگات بەوەی کۆتا بەژیانی خۆی بهێنێ. بەپێی ئاینی جوولەکە پاراستنی ژیانی مرۆڤ لە هەموو شتێکی تر گرینگترە و هەر بۆیە خۆکوشتن کارێکی نەشیاوە.



بەپێی باوەڕی کاپلان و ئەسچێنبێرگ لە ساڵی ١٩٨٨دا، بەپێی بڕواکانی ئاینی جوولەکە خۆکوشتن ئەنجامی رۆحی و دەروونیی زۆری بەدواوە دەبێ. کاتێک کەسێک خۆی دەکوژێ، رۆحەکەی سەرگەردان دەبێ و ئەو رۆحە لە قیامەتدا دووبارە ناچێتە لەشەوە، چونکە لەشەکەی لەناو چووە. رۆحەکەی ناتوانێ بچێتە ناو دنیای رۆحەکانەوە، چونکە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە و هەر بۆیە واوەیلان دەمێنێتەوە کە ئەمەش زۆر دڵتەزێنە. رەنگە کەسێک بۆ راکردن لە راستییەکان دەست بداتە خۆکوشتن، بەڵام لە ڕاستیدا پاش خۆکوشتن دۆخەکە ئاڵۆزتر و خراپتر دەبێ. لە کاتێکدا لەم دنیادا کاتی تەواو بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان هەیە، بەڵام پاش مردن هیچ دەرفەتێک نییە و تەنیا ئەنجامی کارەکان هەیە. یەکێک لە بڕوا بەهێز و توندەکانی ئاینی جوولەکە ئەوەیە کە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن نابێ ڕێوڕەسمی کفن و دفنکردن ساز بکرێ.

لە سەرانسەری دنیادا نێزیکەی ١٤ ملیۆن جوولەکە هەیە و بەردەوام رێژەی خۆکوژی لەناو جوولەکەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیلدا کەم بووە و ئاماری خۆکوژی لە ئیسرائیل و لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کەمتر بووە. بەشێوەیەکی گشتی دەبێ بوترێ جوولەکەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەراورد لەگەڵ مەسیحییەکان و پرۆتستانەکان، زۆر کەمتر دەست دەدەنە خۆکوشتن.

ئاستی خۆکوشتن لەناو جوولەکەکانی دانیشتووی ئیسرائیل یەکێک لە کەمترین ئامارەکانی خۆکوشتن لەناو وڵاتانی دنیادایە. لەناو جوولەکەکاندا ئاستی خۆکوژیی پیاوان زیاترە لە ژنان و رێژەی خۆکوژی لە تەمەنی ١٨ تا ٢١ساڵ، زیاترین ئاستیان تۆمار کردووە. هەروەها زیاترین رێژەی خۆکوژی لەناو جوولەکەکاندا تایبەتە بەپیاوانی هاوسەردار و چەک بۆ ئەنجامدانی خۆکوشتن بەکار هێنراوە.

## ڕێنوێنییە گونجاوەکان

پێوەندیی نێوان ئایندارییی کەسەکان و ئاستی خۆکوژی لە هەڵسەنگاندنەکاندا ڕەچاو ناکرێ. هەرچەند لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ڕۆڵی ڕێگریی ئاین لە بەرامبەر خۆکوژیدا پێشان دەدەن، بەڵام ڕێنوێنیی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زانیاریی ئاینی لە هەڵسەنگاندنی شیمانەی خۆکوژیدا پێویستە لەلایەن کەسان و شوێنە پێوەندیدارەکانەوە دەستنیشان بکرێ.

١- هەڵسەنگاندنی گرینگیی ئاین لە بۆچوونی کەسەکان و ڕۆڵی ئاین تێیاندا. ئەم قۆناغە دەتوانرێ لە کەسەکانی وەک هاوسەر، باوان و دۆستەکانیشدا بەکار ببرێ.

٢- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئایندارێ لە کاتی گرفتەکان و دڵەڕاوکێکاندا. ئەو پرسیارەیان لێ بکرێ ئاخۆ ئاستی ئاینداریی کەسەکان لە ئاستی دڵەڕاوکێی ئەواندا کاریگەریی هەبووە؟ ئەگەر بڕیار وابێ ئاین بەکار بهێنرێ بۆچی بەکار بهێنرێ باشترە؟

٣- هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی مانای پۆلێنکردنی تێگەیشتنی خۆکوژی لەلایەن کەسەکانەوە. ئاخۆ لە ئاینی ئەو کەسەدا خۆکوژی قەدەخە کراوە؟ ئاخۆ لە ئاینی ئەواندا تەفسیری جۆراوجۆر هەیە لەبارەی خۆکوژییەوە؟

٤- هەڵسەنگاندنی گرینگیی بەهێزکردنی ئاینداریی کەسەکان و بەشدارییان لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا.

## ئەنجامی کۆتایی

کردەوەی خۆکوژی لە زۆربەی ئاینەکاندا ڕەت کراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکان پێشانیان داوە کە ئاستی ئاینداریی کەسەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاستی خۆکوژیدا پێوەندییان هەیە و هەرچەندە ئاستی ئاینداری زیاتر بێ، شیمانەی هەوڵدان بۆ خۆکوژی کەمتر دەبێ. کەمکردنەوەی ڕق و کینە و دوژمنایەتی و دۆزینەوەی هۆکاری زیاتر بۆ مانەوە بەزیندوویی دەتوانن ببنە ڕێگر لە بەردەم خۆکوژیدا.

سەرچاوە:

http://sociologyofiran.com/
index.php?option=com_content&task=view&id=1047&itemid=65

# کامیلیا راستییەکان بدرکێنە

کامیلیا ئەنتخابیفرد

(١–٣)

هەواڵنامەی کتێب

لە ماڵەوەمان ڕادیۆیەکی ترانزیستۆرمان هەبوو، بۆ بیستنی هەواڵەکان بەتایبەتی هەواڵی لە ناکاو دایکم لۆکەی ناو گوێیەکانی دەردەهێنا، هەر کە هەواڵەکان تەواو دەبوون، لۆکەکەی لەناو کونی گوێیەکانیدا دەئاخنییەوە، هەواڵی راکردنی شای بڵاو کردەوە، کە شەو داهات، شەقامەکەمان کە ناوی شەقامی (کۆشی ئومێد) بوو، بە لێشاو ئۆتۆمۆبێلی بۆ داباری، جۆرەها ئۆتۆمۆبێل ڕژانە شەقامەکە، هۆڕنیان لێ دەدا، هات و هاواریان بوو، بەلایتی پێشەوەیان ناوچەکەیان رووناک کردبووەوە، ئاپۆڕەکە زۆربوو، دایکم بەئاشکرا و یەک بە دەنگی خۆی جنێوی پێ دەدان، نەدەترسا، دەچووە ناو چاویان، منیش لە جێی خۆمەوە دەترسام، خۆم بە دایکمدا شۆڕ کردبووەوە، دەترسام و هاوارم لێ هەڵسابوو، کە دایکم زانی من دەترسم، هاواری کردە سەرم، بە تووڕەیییەوە وتی:

نالێم شەوە و بڕۆنە ژوورەوە، کاتی دەرەوە نییە..!

لەگەڵ هاوار و هاژەی ئۆتۆمۆبێلەکان دەنگی دایکم نەدەبیسترا، هەموو لایەک پیرۆزباییان لە یەکتری دەکرد، شیرینی شادی و ئاهەنگیان دەبەخشییەوە، ژمارەیەکیش بۆ پیرۆزباییکردنمان هاتنە لای ئێمەش، بەڵام دایکم سەری شۆڕ کردبوو، بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە. پاش چەندان هەفتەیەک لە شەڕی دژوار لە نێوان هەوادارانی شاهەنشا و جەماوەرەکە، شاهەنشا بەزی و بەرەو قاهیرە ڕای کرد، گۆڕەپانەکەی چۆڵ کرد، بەو بۆنەیەوە هاوولاتییان بۆ ئاهەنگ و شادی ڕژانە سەر

---

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

شەقامەکانی شارەکان.

لە شەقامەکاندا دروشمی (شاهەنشا هەڵات و بەختیاری لە دوای خۆی جێ هێشت)یان دەوتەوە، دیارە مەبەست لە بەختیارەکە (شاهپور بەختیار) بوو، ئەوەی دوا سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو لە سەردەمی شاهەنشادا. بەختیار پاش ئەوەی شا نەما، لەگەڵ دەستە شۆڕشگێڕەکان دانوستانی دەستی پێ کردبوو، پێشنیازی ئەوەشی کردبوو بۆ دانووستان و گفتوگۆ ئامادەیە بۆ دیداری خومەینی بچێتە پاریس. کۆششی کرد پاش رۆیشتنی شاهەنشا وڵاتەکە ئارام بهێڵێتەوە.

لە لەندەنەوە دروشمی مردن بۆ شاهەنشا لێ دەدرا:

هاوینێکیان بۆ پشووی هاوینە لەگەڵ دایکم لە لەندەن بووین، لەوێ لەسەر دیواری میترۆ لە لەندەن دروشمێکمان بە زمانی فارسی خوێندەوە، لەسەر ئەو دیوارە نووسرابوو، مردن بۆ شاهەنشا، بە دیتنی ئەو دروشمە و هیوای مردن بۆ شاهەنشا، دایکم دڵی توندبوو، زۆر نارەحەت بوو. لەناو باخچەی (هاید پارک) لە ناوەندی لەندەندا، دەستە دەستە خویندکارانی ئێرانیمان بینی، هاواریان دەکرد، مەرگ بۆ شاهەنشا، لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکە یەک بە دەنگی خۆیان هاواریان دەکرد.! دایکم بە هەردوو دەستەکانی دەستی من و خوشکەکەمی گرتبوو، دەڕۆیشت و جنێوی پێ دەدان. نەدەترسا، دەچووە ناو چاویان، یەک بەدەنگی خۆی هاواری دەکردە سەریان: منداڵە نەفامە ئاژاوەگێڕەکان وەرەنە خوارەوە، دابەزن، بە پارەی شاهەنشا بوو بۆ خوێندن هاتنە ئەو وڵاتە، بە پارەی شاهەنشا هاتوون، ئێستاش وەک گورگ لە گیانی بەربوون..! دایکم لە لەندەن نەدەترسا، هاوسۆزیی خۆی بۆ شاهەنشا دەردەبڕیت، ئەو شانازی بەو هەڵوێستانەی دەکرد، ئەو وای دەزانی سیستەمی شاهەنشا بوو، ئازادی بۆ ژنان دەستەبەر کردبوو، ئەو ئازادییەی لە چاوی ئەودا دەبینی. بەڵام ئیمڕۆ دایکم مەگەر بەچرپە ئەو سۆزە دەربڕێت، ئەگەرنا بەئاشکرا ناوێرێت هیچ بڵێت.

## مانگرتنەکان وڵاتی شێواندبوو

لە رۆژێکی زستانی ساڵی ١٩٧٩دا، دوارۆژی دەوامی قوتابخانەکان بوو، خۆپێشاندەران هاتنە ناو قوتابخانەکەمان، بەناچاری مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکەمان بەگەڵیان کەوتن، دەرگەی خوێندنیش داخرابوو. کە هەموو لایەک مانیان گرت، دەرگەی زۆربەی بانکەکان داخران، کرێکارانی پاڵاوگەی عەبادانیش مانیان گرت، رێژیمی شاهەنشا گلۆڵەی کەوتە لێژی. لە هەموویان ترسناکتر مانگرتن و کارنەکردنەکەی کرێکارانی کارەبا بوو، بەوەش کارەبای ماڵان زۆر دەپچڕا، حکوومەت باری نائاسایی لە وڵات راگەیاند، قەدەخەکردنی هاتوچۆی ڕاگەیاند، پاش سەعات نۆ شەوان هاتوچۆ نەما. شەوانە خەڵکەکە دەچوونە سەربانەکانیان و هاواریان دەکرد، الله اکبر..! ئەو دروشمە بەچەند دەقەیەک دەبووە شەپۆلێک هاوار و دەنگی نارەزایی، سەدان بەیەکەوە هاواریان دەکرد، الله اکبر.

ئێمە ئەو ڕۆژانە لە ماڵەوە دەماینەوە، لە تەلەڤزیۆن و رادیۆیەکانەوە دوا هەواڵەکانمان دەبیست، دایکیشم زوو زوو بۆ زۆرتر زانیاری و دەمەتەقێ لەسەر رەوشەکە دەچووە لای مینۆ خانم، مێردەکەی مینۆ خانم تا دوا هەواڵەکان بزانێ، بەشداریی خۆپێشاندانەکانی دەکرد. لەناو شەقامەکاندا زۆر کەس بە گوللەی وێڵ دەکوژران، زۆر کەسی بێتاوان لەو ناوەدا کوژران، بۆیە لە ماڵەوە بواری ئێمە نەدەدرا بەهیچ شێوەیەک بچینە دەرەوە.

زانیمان گوایە پیاوانی پۆلیس بە گوللە تەقەیان لە خۆپێشاندەرەکان کردووە، لە مەیدانی (ژاڵی) سەدان کەس کوژراون. بەیانیان کە لە خەو ڕا دەبووین، لەسەر دیوارەکانی کۆڵانەکەمان، دروشمی نوێ و تازە دەنووسران، وەک بژی خومەینی... بمرێت شاهەنشای خائین..! سەرەتا دروشمەکان کەم بوون، بەوە رادەگەیشتین ئەو دروشمانە لەسەر دیوارەکانمان ڕەش بکەینەوە، بەڵام کە دروشمەکان زۆر بوون، هەر بەوەندە رادەگەیشتین دروشمە ترسناکەکان ڕەش بکەینەوە.

پڕوپاگەندەی وا بڵاو کرایەوە کەوا باوکم، ئەندامێکی هەواڵگریی نهێنیی ساڤاک بووە، لەو دەمانەشدا تاوان و بەدکاری زۆر ترسناکیش باس دەکرا، کەوا ساڤاک دەرحەق بە خەڵکی کردوویەتی، ئەوانە نەیارەکانی شاهەنشایان زۆر ئەشکەنجە داوە، زۆریان کوشتووە، بە راپۆرتی ئەوانە زۆر راپێچی زیندانەکان کراون. ئێمە بەشداریی خۆپێشاندانەکانمان نەدەکرد، ئەندامی ئەو رێکخراوە شۆڕشگێڕانەش نەبووین، کە بەرهەڵستی رژێمی شاهەنشایان دەکرد. ئامۆزاکانی باوکم بە جلی شینی دەریاوانییەوە، زۆر دەهاتنە ماڵەکەمان، دەرکەوتنی ئەوانە لە ماڵەکەمان، دەلیلی ئەوە بوو، کەوا بنەماڵەکەمان دۆستی شاهەنشا بوون.

کە یەکەم خۆپێشاندانی دژ بە شاهەنشا لە مانگی نۆڤەمبەردا لە شەقامەکاندا دەرچوو، شاهەنشا لە تەلەڤزیۆن دەرکەوت. ئەو دەرکەوتنەی مانای ئەوە بوو، نامەکەتان گەیشت، دەزگای چاودێری ١٢٠ کەسی پلەداری گەورەی دەوڵەتیان گرت، لەوانە بەرپرسی ساڤاک جەنەراڵ (نعمەتولای ناسری) و سەرۆک وەزیران (ئەمیر عەباس هویدا). ئەوەش ئاماژە بوو گوایە حکوومەت چاوی گەندەڵییەکانی بینیوە و پاکسازی دەکات. بەڵام دروشمی خۆپێشاندەرەکان وەڵامیان قسەیەکی خومەینی بوو، کە وتبووی:

شاهەنشا دەبێ بڕوات.!

لەو رۆژانەدا خەڵک بە چاوی خوێنمژ تەماشای پیاوانی ساڤاکیان دەکرد، دەبووایە ئەوانە سزا بدرێن، دەبووایە بکوژرێن، لەناو بچن. بەڵام کێ جورئەت دەکات، ئەو تۆمەتانە ڕووبەڕووی باوکم بکاتەوە...؟ چۆن هاوسێیەکانمان دەتوانن ئەو رقە لە باوکم هەڵگرن..؟

کوڕەکانی ماڵە هاوسێیەکانمان روویان لە مزگەوتەکان دەکرد، ئەو دەمانە مزگەوتەکان بنکەی بەرهەڵستی و شۆڕش بوون، (نیما) و (مانی) لەگەڵ کەسەکانی ناو ئەو مزگەوتانە بەیان و بڵاوکراوەیان دابەش دەکرد، لە کۆبوونەوەکانی دەستەی بەرهەڵستی کاریان دەکرد، بووبوونە

ڕێکخەری خۆپێشاندەرەکان، بەیانەکانی خومەینییان کۆپی دەکردەوە، لە هەڵمەتەکاندا دیاربوون. ئەو دوو کوڕە کە دەگەیشتنە لای ماڵەکەی ئێمە گەرمتر و زۆرتر هاواریان دەکرد، گوایە ئێمە دۆستی شاهەنشاین، بەڵام هەردووکیان بە پارەی شاهەنشا خوێندنیان لە لەندەن تەواو کردبوو. هەرچەند ڕەوشەکە زۆرتر گەرم دەبوو، ئەوانیش گەرمتر دەبوون، تا وای لێ هات، لافیتەی وێنەی گەورەی خومەینییان لە شەقامەکان بەرز دەکردەوە، شەوانەش تابلۆکەیان لە پێش دەرگەی خۆیان هەڵدەواسی، دایکیشم لە رقی ئەو ماڵە وێنەی شاهەنشا و فەرحی شاژنی لە دەرگەکەمان هەڵواسی، وێنەکانی بە باڵۆنەوە هەڵواسیبوو، من و خوشکم ئەو وێنانەمان هەڵگرتبوو، بەڵام پێش ئەوەی باوکم بگەڕێتەوە، وێنەکانمان بە باڵۆنەکانەوە بەرەڵای ئاسمان دەکرد.

دایکم تا ڕادەی شێتی شاهەنشای خۆش دەویست، نەک هەر شاهەنشا بگرە (رەزا)ی کوڕیشی زۆر خۆش دەویست، وێنەی کوڕەکەی بە جلی تۆپی پێ بە گچکەیی لەناو جانتاکەی دانابوو، دایکم نەوەی ئەو سەردەمە بوو، کە لەسەر دەستی شاهەنشا تەواوی ئازادیی ژنانەیان وەرگرتبوو، ئەو زۆر سەربەست بوو، لەوانەبوو کە ئامادە نەبوو ڕووپۆش ببەستێت، لەناو شاری (جەمران) ناسرابوو، ئەوانەی بە دژی حیجاب ناسرابوون. زوو باپیرم مردبوو، بۆیە دایکم لەگەڵ دایکی گەورە بووە، ئەویش تەواوی ئازادییەکانی بۆ فەراهەم کردبوو. لەبەرئەوەی دایکم بێ سەرپۆش بووە، بۆیە بەردەوام ژنانی تری خێزانەکانی تر پەلاریان لێی داوە، بەڵام ئەو بەرگەی گرتووە و کۆڵی نەداوە. لە ساڵی ١٩٦٩ کە لەگەڵ باوکم لە یانەیەکی کۆمەڵایەتیدا یەکتریان ناسیوە، بوونەتە هاوسەر، بەوەش زۆرتر بواری ئازادی بۆ کراوەتەوە، لە کۆتەکانی باوی ئەو کاتی کۆمەڵ باشتر ڕزگاری بووە.

***

بۆ.. مووچەکەی باوکم زۆر باش بوو، بەشی ئەوەشی دەکرد هاوینان بۆ بەسەربردنی پشووەکەمان بچینە ئەورووپا، ئۆتۆمۆبێلێکی باش و نایابمان هەبوو، دەچووینە بازاڕی (هارودز) بۆ کڕینی پێویستییەکانمان، تا جارێک بینیم دایکم ٥٠ پاوەند ئیسترلینی وەک دیاری دابووە فرۆشیارەکە. هەموو هاوینێک لە ئەورووپا دەماینەوە، بۆ کڕین لە هەرزانکردنەکانی جەژنەکانی سەرە ساڵان، زستانیش جاری وا هەبوو دەچووینە لەندەن. کە پترۆڵ نرخی بەرزبوو، باری ئابووریی ئێرانییەکان بەرەو باشی دەڕۆیشت، ئەو دەمانە نەماندەزانی لە خوارووی تاران شاری تەنکە هەیە، نەمانبیستبوو، ناوچەیەک هەبێت، ئاوی خواردنەوەیان نەبێت. یان زۆر لە لادێیەکان ڕێگاوبانی گەیاندنیان نەگەیشتبێت، یان ناوچە هەیە قوتابخانەیان نییە، یان نەخۆشخانەیان نەبێ.! هاووڵاتییان بە ژیانی زۆر خۆشی بنەماڵەی شاهەنشا زۆر هەراسان بووبوون، لەو ڕەوشە تووڕە بوون. لە زیندانەکانا کەسانی سیاسیی گیراو هەر زۆر دەبوو، دەگیران و ئەشکەنجە دەدران، ئێمە و کەسانی وەک ئێمە، ئەوانەی ڕەوشمان باشبوو، نەماندەزانی هاووڵاتییان چۆن دەژین، ئاگامان لە شێوەی ژیانی ئەوان نەبوو، یان نەماندەویست ئەو ڕاستییە بزانین.

***

بڕیاریان دا فڕۆکەخانە سەرەکییەکەی تاران، فڕۆکەخانەی میهرباد بەڕووی هاتنەوەی خومەینی دابخەن، هەڕەشەی ئەوەشیان دەکرد، ئەگەر فڕۆکەیەک بنیشێتەوە و خومەینی لەناو بێت، فڕۆکەکە دەخەنە خوارەوە، بەڵام دیارە کەوا خومەینی بۆ گەڕانەوەکەی گیانبازییەک دەکات، ئەگەر پێشهاتەکانیش شەڕی ناوخۆی لێ بکەوێتەوە و خوێنیش زۆر ڕژا، ئەوا من دەگەڕێمەوە وڵات و فەرەنسا جێ دەهێڵم دەست لە کارەکە دەکێشمەوە.

فڕۆکەیەک لە جۆری (ئایر فرانس) لە بەیانی ١ی مانگی فبرایر لە تاران نیشتەوە، سەرنشینی سەرەکیی فڕۆکەکە ئیمام خومەینی بوو، ملیۆنەها ئێرانیی ژن و پیاو و گەنج و پیر، منداڵیش بۆ پێشوازیی خومەینی هاتبوونە فڕۆکەخانەکە. کە پرسیاری ئەوەیان لێ کردبوو، بە گەڕانەوەت پاش ١٥ ساڵ ئاوارەیی هەستت چییە، لە وەڵامدا وتبووی:

هەست بەشتێکی تایبەتیی شیاوی باس ناکەم.

بۆ بەیانی ئەو چەند وشەیە کرابووە مانشێتی ڕۆژنامەکانی جیهانی. کە شۆڕشەکە سەرکەوت، دیمەنی هاتنە خوارەوەی خومەینی لەناو فڕۆکەکە و پێشوازییە گەرمەکە کرا بە دیمەنێکی مێژوویی مەزن، ئەو دیمەنە ساڵانە لە یادی سەرکەوتنی شۆڕش و بۆنە نیشتمانییەکان دووبارە بڵاو دەکرایەوە. بەڵام هاوڕێیەکانی ئەو سەفەرەی دیار نەمان، ئەوان بە کوشتن و پەراوێزکردنیان لە بەرچاوان نەمان. تەنیا ئەوانەی لەگەڵ خومەینی مانەوە کوڕەکەی و فڕۆکەوانەکە بوو. لە بیرمە باشم لە بیرە، ئەو ئۆتۆمۆبێلەی خومەینیی تێدا بوو جۆری شۆفرلێت بوو، نەرم نەرم دەڕۆیشت، ماوە ماوەش دەوەستا تا ئامادەبووان لە نێزیکەوە تەماشای بکەن، لە پەنجەرەکەوە چاویان پێی بکەوێ، ملیۆنەها کەس وەستابوون پاش ئەو ماوە درێژە لە دوورکەوتنەوە و تاراوگەیی بیبیننەوە، کە کاروانەکەی گەیشتە ناو تاران، بۆ سەردانی گۆڕستانی شەهیدان بەڕێ کەوت.

***

(منوشهر)ی مامم ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەکان بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی تاران کاری کردبوو، لەو پیشەیەدا شارەزابوو، زۆری دەناسین، هەموو لایەکی چاک دەناسی، دوو سێ هەفتە بوو خومەینی گەڕابووەوە تاران، سەردانی ماڵی مامامان کرد، مامم لە تەلەڤزیۆنەوە وێنەی کابرایەکی نیشان داین کە لە پشتەوەی خومەینییەوە دەوەستا، مامم وتی:

ئەو پیاوە لە پێش خومەینییەوە وەستاوە، زۆریش دەردەکەوێ، لە هەموو بۆنەیەکدا بوون و ئامادەیی هەیە، پێش سەرکەوتنی شۆڕش، ئەو پیاوە لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە بەچەندان کاری بەدکاری و بەدڕەوشتی و دزی داوا کرابوو، ماوەیەکی زۆر پۆلیس بەدواوەی بوون. هەر ئەو پیاوە ئێستا سەردانی بنکەکانی پۆلیسیش دەکات، سەریان لێ دەدات. کەسیش جورئەت ناکات بەو چاوەوە سەیری بکا. من و خوشکم پیاوەکەمان دەناسییەوە، هەر دەردەکەوت بە پەنجە ئاماژەمان

بۆی دەکرد، بەیەکەوە دەمانوت، ئەوە دزەکەی جارانە، مامم باشی دەناسی، ئیمرۆ بووەتە پیاوێکی تر، کەسیش ناوێرێ دەستی بۆ درێژ بکا.

هەموو لایەک دەیانوت وێنەی خومەینی لەناو مانگدا دیارە، لەسەر مانگەوە دەدرەوشێتەوە، کە مانگ دەردەکەوت، هەموو لایەک بۆ دیتنی خومەینی سەریان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، بەڵام ئێمە لە ئاسمانەوە هیچمان لێ دیار نەبوو، هیچمان نەدەبینی، باوکیشم بە تەعەلیقەوە دەیوت، باشە خومەینی لەسەر مانگ چی دەکات..؟!

شەوێکیان درەنگ بوو، مامم هاتە لامان، مامم جانتایەک پڕ چەکی بە دزی هێنابوو، چەکەکانی لەناو دۆلابی جلەکانی دایکم شاردەوە، لە بیرمە چەکەکان عوزی و کلاشینکۆف بوون. بەیانی زوو دایکم ئێمەی ئاگەدار کردەوە، کەوا بە هیچ شێوەیەک باسی شاردنەوەی ئەو چەکانەی ناو دۆلابەکانی ئەو نەگێڕنەوە، نابێ لای کەس باسیان بکەین، دەستیان بۆ نەبەن، لێیان نێزیک نەکەونەوە، پاش چەند ساڵێک تێ گەیشتم گوایە ئەو چەکانە بۆ ڕۆژێک ئەگەر شۆڕشێکی تۆڵەکردنەوە ڕووی دا، ئەو چەکانە بەکار دەهێنن. ئەگەر سوپا دامەزرا شەڕی ئەو سوپایەی پێ دەکرێت.

***

بە هاتنی ئەو نەورۆزە، جەژنی ساڵانەی ئێرانییەکان، ئێرانییەکان دڵیان خۆش بوو، جەژنی ئەو ساڵە تایبەتی بوو، جەژنی یەکەمین ڕۆژی ئازادیە. لەو ئاهەنگ و یادکردنەوەیەدا بنەماڵەی ئێمە زۆر نارەحەت بوون، دڵیان تەنگ، بێ سەر دەسووڕانەوە، زۆر خێزانی تریش موڵک و سامانیان لەلایەن دادگەکانی شۆڕشەوە دەستی بەسەردا گیرا. هەندێ کەسی تریش هەبوون ئەوانەی هاوسۆزی شۆڕشەکە بوون، بەپێچەوانەی ئەوانە لەناکاو دەوڵەمەندبوون. بەڵام ئەوەیان بۆ ئێمە نەبوو، مامێکی دایکم لەبەرئەوەی گوایە لە دەستەڵاتی پێشوو دەستی هەبوو، خانووەکەیان لێ داگیر کرد. عەلیی خاڵم زوو بەگەڵ (حەرەس سەوری) کەوت، لە پشت کۆشکی شاهەنشاوە، لە ناوچەیەکی باش پارچە زەوییەکی لە شیمیران دەست کەوت. خانوویەکی باشی لەسەر دروست کرد، لەگەڵ ژنە گەنجەکەیدا بە خۆشی لەناویدا ژیان.

پوورم (نوران) نەیدەوێرا مارسیدسەکەی لێ بخورێت، تابلۆکەی ژمارەی مەلەکی پێوە بوو، بۆیە دەترسا، حەرەس سەورییەکان بەئاسانی بیانوویان پێ دەگرت، ڕایان دەگرت و داوای ناسنامەیان لێ دەکرد، زۆریش ئەو جۆرە ئۆتۆمۆبێلانەیان دەست بەسەردا دەگرت. (مسیبی) مێردیشی، کە خزمی باوکم بوو، لە سەردەمی شاهەنشادا دەستی دەڕۆیشت، پلەی بەرزی هەبوو لە دیوانی ئیمپراتۆرییەتدا خۆشنووسی تایبەتی شاهەنشابوو، ئەو نامە تایبەتییەکانی بۆ دەنووسی. بە دەستخەتی خۆی لە کۆشکدا چوارینەکانی خەیامی بۆ شاهەنشا نووسیبوو. دوو کیژی بە ناوی (گیتا) و (ماهیتا) بەجوانی ڕوومەتەکانی ناسرابوو، هەموو لایەک دڵنیابوون ئەو کیژە شوو بە کوڕێکی دیار دەکات، لەناو خزمەکانماندا دەنگۆی ئەوە هەبوو ئەو کیژە شوو بە کوڕی شاهەنشا

دەکات، دەبێتــە ژنی جێنشـینی ڕەزا پەهلەوی، پێش چەند سـەعـاتێک لە راکـردنی شـاهـەنشـا ئۆتۆمـۆبـێلێکی شـاهـانـە هـاتبـووە مـاڵەکـەیان، یەکێک هـاتبـووە مـاڵەکـەی ئەوان، کـەس نەیزانی ئەو پەیامنێرە بۆچی هـاتبوو، ئەوەش وەک شتەکانی تر بەنهێنی مایەوە.

***

لە مـاڵی ئێـمـە کـەسمـان بەشـداریی ریفـراندۆمی دەسـتـووره نوێیـەکـەمـان نەکـرد، کە بۆ کـۆمـاری ئیسـلامی دەنگی بۆ درا. بەڵام لە یەکی ئەپریلدا زانیـمـانەوە گـوایە ڕێژەی ٩٩٪ دەنگـی ئەرێیـان بۆ دەسـتـوورەکـە داوە، لەو ڕۆژەوە خـومـەینی ڕۆژە یەکـەمـەکـەی بە ڕۆژی خـوا ناو پـردبوو. هـەڵمـەتی رەشبگیرییەکە بەردەوام بوو، خەڵکیش زۆر لەدار دەدران، لە تەلەڤزیۆنەوە هـەواڵی لەداردانەکانی بە ناوی خـائینانی نەتەوە ناو دەبرد. شـەوێکیان بە سـەرسـوڕمـانەوە ئامـۆزایەکی باپیـرمان بینـی، (اغا سیف الله شـاهنده)، ماوەیەک بوو خۆی و گوڵێی کیژی هیچ هەواڵیان نەبوو، کەس هیچی لەو دوو کەسە نەدەزانی، ئەو ئـامـۆزایەمان جێگری سـەرنووسـەری گۆوارێکی سـەر بە حکوومەتی ئیـمپریالی بوو. کە لەسـەر شـاشـەی تەلەڤزیۆنەوە بینیـمان، شـوێنەواری لێدان بەدەمـوچاویەوە بوو. وەک توتو لەسـەر تەلەڤزیۆنەوە دانـی بەوەدا نا، کەوا ئەو خـیـانەتی مـەزنی کـردووە، لەگـەڵ شـاهـەنشـا بووە، بۆ بەرژەوەنـدیی وڵاتێـکی بێگـانەش جـاسـوسـیی کـردووە، بۆیـە لەو ڕۆژەوە زانیـمـانـەوە لەدار درا، تەرمـەکـەیان شـوێنبـزر کـرد. ژنەکـەی زۆر هاتوچۆی ئێـمـەی دەکرد، پاش ئەو کـارەسـات و کـۆچە مـەزنە، ئەو هـەر ئاکـارە خـۆشـەکـانی بە ڕووەوە مـابوو. ئێـمـە هـەمـوومـان بنەمـاڵەیەکی خـۆڕاگـر مـاینەوە، پاش بیـست سـاڵ من گیرام، هـەمـوو چاوەڕوان بوون منیش وەک خەڵکانـی تر بێمـە سـەر تەلـەڤـزیۆن، بـە زاری خـۆم دان بـە خـیـانەت بنێم. کـە ئازاد کـرام، خـاڵم (بیـژهـان) بە چاوی بە فـرمێسکەوە ئەوەی بۆ دەگێڕامـەوە، هەمـوومان بە شـۆکەوە ئەوە دەگێڕینەوە. چونکە هـەموویان لە ماڵەوەیان وایان دەزانی تازە من ناگەڕێمەوە، تەواوبووم.

***

پایزی ١٩٧٩: باوکم زۆر لە ئێمـە دەترسـا، بیری لەوە کـردەوە ئێـمـە بنێرێتە لەندەن، هـەر هیچ نەبێ هـاوینەکـەی لەوێ بمێنینەوە، بەتەواوبوونی ڤـێلاکەمـان لە کـەرەج، پایزەکەی گـەڕاینەوە تاران. باوکم لە دایکی دوور نـەدەکـەوتـەوە، دایکم و داپیـــرم بڕوایـان بەوە هـەبوو لـە وڵاتا کــودەتایـەکی سـەربازی روو دەدات، هیـوایـان زۆر بەوە هـەبوو. کـە دەرگـەی قـوتـابخـانەکـانیـش کـرایەوە، من و خوشکم چووینەوە بەر خویندن.

کە لە پۆلەکان دانیشتین، سەرسام بووین لە پۆلەکانمان کوڕمان لەگەڵدا نەبوو، لە قوتابخانەکان کوڕ و کیـژەکانیـان لە یـەکتری جیـا کـردبووەوە. لە پۆلی خـوشکەکـەمـدا کـیـژێکیـان لەگـەڵدابوو، لە هـەمـوو خوێندکـارەکان ئازاتر بوو، هـێشـتا لە ئامـادەییـیـەکان حـیـجاب جـێبـەجێ نەکرابوو، (کە من بوومە پۆلی سێ بڕیاری حیجاب جێبەجێ کرا)، ئەو دەمە یەک کیژی سەرپۆش لەسەرمـان لەگەڵدا بوو، ئەو کـیـژە لەسـەر لـێوی سـەرەوەیدا مـاکێکی هـەبوو، دەنگیـشـی کـەرخ بوو، بەو دەنگە تایبـەتەی

خۆیەوە بەیانیان زوو لەناو ریزی خوێندکارانەوە دروشمی شۆڕشگێڕانەی دەوتەوە، هاواری دەکرد. ئەو تازە خێزانەکەیان لە خوارووی تارانەوە هاتبووە شەقامی شاهرا ئارا. دایکم رۆژانە دەهاتە شوێنمان و دەستی دەگرتین، من و (کاتی) خوشکمی دەهێنایەوە ماڵەوە، هەر کە چاوی بەو کیژە کەوت خۆشی نەویست، زۆرجار لاملی لەگەڵ دەکرد، کەیفی بەو کیژە نەدەهات. لەبەرئەوەی برایەکی لە شۆڕشەکە کوژرابوو، براکەی خوێندکاری پزیشکی بوو، بۆیە بەو کیژەیان دەوت، خوشکی شەهید.

***

دەستە خۆێندکارێک ٦٦ کەسی ناو باڵوێزخانەکەیان، گەمارۆ دابوو. لە بەرامبەر ئازادکردنی ئەو ئەمەریکاییانە داواکار بوون شاهەنشا تەسلیم بە ئێران بکاتەوە، مەسەلەکە گەرمتر بوو کە خومەینی بە فەرمی پاڵپشتی کارەکەی خۆێندکارەکانی کرد، رۆژانە پێش ئەوەی دەوامەکەمان دەست پێ بکا، دەبووایە هەموومان گوێ لە دروشمەکان تورکان راگرین، پێش ئەوەی بچینە ناو پۆلەکەمان ئەو دروشمەکانی وەک (مردن بۆ ئەمەریکا... بڕوخێت ئەمەریکا)ما بە سۆزەوە دەوتەوە، ئێمەش هەموومان بە ناچاری ئەو دروشمەمان لە دوای ئەو دەوتەوە.

خانم نووری نوێنەری خویندکارانی کولێجەکە بە ئامادەبووانی راگەیاند:

کیژان بێگومان ئەوەتان بیست کەوا خوێندکاران لەناو سەفارەتی ئەمەریکایی دەستیان بەسەر چەند جاسوسێکی ئەو وڵاتەدا گرتووە، ئێمەش بۆ پشتیوانی ئەو کردەوەیەیان دەچین، هەموومان هاوشانیی خۆمانیان پێ رادەگەیەنین، کۆمەڵێ پاس لە دەرەوەی کۆلێج وەستاون، دەمانبەنە پێش سەفارەتەکە، ئیمڕۆ دەواممان نییە، ئەوەی حەز ناکات لەگەڵمان بێت، دەتوانێت لە کۆلێج بمێنێتەوە، یان بچێتەوە ماڵەوە، لە هاتن و نەهاتن ئازادن.!

کە خانم وتەکەی تەواو کرد، کیژەکان دروشمی پشتیوانییان دووبارە کردەوە، بەتایبەتی کە زانییان ئەو ڕۆژە دەوام نییە و کراوە بە پشوودانێکی فەرمی. منیش زۆر بە سۆز بووم بچم، بە پەرۆش بووم ئەو دەستە کوڕ و کیژانە ببینم کە سەفارەتەکەیان گەمارۆ داوە، وام دەزانی هەمووی جلی تایبەتی کۆماندۆیان لەبەرە، دەست بە تفەنگن، حەزم دەکرد دیمەنەکە ببینم. بەڕاکردن و بەپەلە بەرەو پاسەکانی دەرەوەی قوتابخانەکە رۆیشتین، من زوو گەیشتمە ناو پاسەکە بەختیاربووم شوێنێکم بۆ خۆم و بۆ (دلارام)ی هاوڕێم گرت، ئێمە کە لەناو پاسەکان جێگەمان بەرکەوتبوو، بە شایی و بەخۆشییەوە دەستمان بۆ هاوڕێیەکانی دەرەوەی پاسەکان رادەوەشاند، ئەوانیش ئیرەییان بە ئێمە دەهات، ئێمە زۆر بەختیار بووین کە دەچینە ئەو شوێنەی خوێندکارەکان چەند جاسوسێکی ئەمەریکییان گەمارۆ داوە. ئەوانەی جێگەیان لەناو پاسەکان نەکرایەوە بە دڵساردی گەڕانەوە قوتابخانە. بەدرێژاییی رێگەکە لەبەر ئاپۆڕەی رێگەکە دوو سەعاتمان پێ چوو، لەناو پاسەکە کردمانە بەزمێکی خۆش، بووە ئاهەنگی شادومانی، هاوارمان دەکرد، گۆرانیمان دەوتەوە، بۆیە مامۆستاکەمان هاواری کردە سەرمان و وتی:

کیژان خۆ ناچینە ئاهەنگی بووکگواستنەوە، بەسە..! کە گەیشتینە لای سەفارەتەکە خەڵکێکی زۆر وەستابوون هەموو لایەک بەپەلە بوون بچنە پێشەوە، زۆرتریان لێوە دیار بێت، لە رووداوەکە نێزیک بن، نیوەڕۆ بوو، زۆر ماینەوە هیچمان نەکرد، هیچمان نەبینی، بۆیە لەناو پاسەکە دەنگی ئەوە دەهات، بچینە لایەکی تر.

کە خانم نووری گوێی لە هاتوهاوارەکەی ئێمە بوو هاتە ناو پاسەکە و هاواری کردە سەرمان و وتی: بێدەنگ.. بێدەنگ بن..! نە ئێمە و نە مامۆستاکانمان نەماندەزانی شوێنەکە بەو شێوە قەرەباڵغ دەبێ، کەس بڕوای نەدەکرد، حەشاماتەکە زۆر زۆر بوو، کەسیش نەیدەتوانی بڕیاری ئەوە بدات بگەڕێنەوە ماڵەوە و بە شوفێری پاسەکان بڵێت، بۆ قوتابخانە بگەڕێوە، لەو ناوە گیرمان خوارد، نەمانتوانی هیچ چالاکی بکەین کەسمان نەبینی، بواریش نەما بۆ گەڕانەوەی پاسەکان. ئەوەندەمان بینی چەند منداڵێک بەڕیز وەستابوون بە جوانی لەناو شەقامەکان دەڕۆیشتن و دروشمی دژ بە ئەمەریکاییەکانیان دەوتەوە، ئێمەش لەناو پاسەکانا گیرمان خواردبوو. کە لە دروشمەکانیان بوونەوە کەوتینە شەڕەجنێو بەو منداڵانە، ئەوانیش بەوەی دەهاتە دەستیان بەردبارانیان دەکردین، بەڵام نووری خانم زۆر سەرکۆنەی کردین، زۆر لێمان تووڕە بوو. یاریدەرەکەی ناوی ئەوانەی بۆ نووسی کەوا ناڕەحەتییان کردووە و ئاژاوەیان نابووەوە، کە گەڕاینەوە قوتابخانە سزا بدرێن، کە ئێمە گەڕاینەوە ئاپۆرەی خەڵکم بینی بەرەو سەفارەتەکە دەچوون.

***

هەتا زستانیش ماڵی ئێمە خەونیان بەوە دەبینی لەو وڵاتە کودەتایەکی سەربازی روو بدات، بەوەش باری سیاسیی وڵاتەکە دەگۆڕێت. لە هەڵبژاردنەکاندا باوەڕپێکراوێکی خومەینی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری دەرچوو، ئەویش (ئەبولحەسەن بەنی سەدر) بوو. ئەبولحەسەن بەنی سەدر هاوڕێی مامم (بیزهان) بوو، ئەو مامەم دوکتۆری ددان بوو، لەبەر تەنگژە ئابوورییەکان و رەوشە ئاڵۆزەکانی وڵات، ئەویش لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوو، ئەو رێژیمە نوێیە زۆر نامێنێتەوە و دەڕوخێ. رێژەی هەڵاوسان لە بازاڕدا بەرزتر دەبوو، بەرهەمی دەرهێنانی پترۆلیش زۆر بەرەو کەمی دەچوو. ئەگەرچی دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دانرا، سەرۆکی وڵات بە هەڵبژاردن دەرچوو، بەڵام هیوای ئارامی کەم بوو، لەناو شەقامەکاندا زۆر کەسایەتیی ناودار تیرۆر دەکران، دەستەیەک بە ناوی (ئەلفرقان) بەرپرسییەتی تیرۆرکردنی چەندان کەسایەتیی ناوداری شۆڕشگێڕی خستە ئەستۆی خۆی. دوکتۆر (مورتەزا موتەهری)، یەکەمین قوربانیی ئەو تیرۆرە بوو، ئەو مامۆستایەی زانکۆ لە مایۆی ساڵی ١٩٧٩ تیرۆر کرا، کەسێکی نێزیکی خومەینیش بوو، کە کوژرا، خومەینی لەسەر تەلەڤزیۆن بینرا و بۆی دەگریا. رۆژی کوشتنەکەیان لە ئێران بەناوی (رۆژی مامۆستا) راگەیاند.

***

لەبەرئەوەی شاری قوم، شوێنێکی لاچەپ و دوور بوو، بۆیە پێشنیازیان کرد، خومەینی شوێنی

مانەوە و ژیانی بگۆڕێت، لە ئەپریلی ١٩٨٠ ئیمام جەمارانی پێشنوێژی مزگەوتی جەماران پێشنیازی بۆ کردبوو، خومەینی بێتە جەماران، ئەو گوندە شوێنی لەدایکبوونی دایکم بوو، گوندەکە ئاووهەوایەکی سازگاری هەبوو، ناوچەکەش ئارام و خۆش بوو، لەناو شاخە سەرکەشەکانیدا ئاوی سارد و جوانی لێ هەڵدەقووڵێت، بۆیە خومەینی بیرۆکەکەی لا باش بوو، داوای کرد خانوویەکی لەو گوندە بۆ بەکرێ بگرن، ئەو خانووەی بۆیان بەکرێ گرتبوو باخچەیەکی باشی هەبوو، خاوەنی خانووەکە ئیمام جەمارانی بوو، ئەویش بە شیردان برای باپیری دایکم بوو، بۆیە دایکم زۆری لا ناخۆش بوو، زۆریش لەو کەسە نێزیکەی خۆی تووڕە بوو.

لادێییەکانی ئەو گوندە شانازییان بەوە دەکرد، کەوا خومەینی تەشریف بهێنێت و لە گوندەکەی ئەوان بژێ، بەڵام لە پاراستن و سەلامەتیشی دەترسان، بۆ سەلامەتیی ئەو، لە کۆڵانەکانی پێش گەیشتن بە ماڵەکەی حەوت دەرگەی ئاسنیان دانا. بۆ گەیاندن و هاتوچۆی هاووڵاتییانیش بواری تریان دۆزییەوە، ناوچەکە بووە ناوچەیەکی دابڕاو، دەرگەی لەسەر داخرا. لەبەرئەوەی ماڵی داپیرمان لەو گوندە بوو، بۆیە بە بڕینی چەندان سەکۆ و پشکنین دەچووینە لای داپیرمان، بەو بوارە بۆمان هەبوو بگەینە ناوچەکە. لەبەرئەوەی هەموو گاڤێ پرسیار و لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکرا، بۆیە دایکم لە سەردانەکانیدا زۆر لە پاسەوانەکان و رفتارەکانیان هەراسان و تووڕە دەبوو.

***

پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد کرام، بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ دایکم و خوشکم بۆ کڕینی قوماشێک بۆ دوورینی (شادور)ێک چووینە بازاڕ. بڕیاری دەستنیشانکردنی جۆری قوماشەکە زەحمەت نەبوو، ئاسان بوو، قوماشێکی رەنگ ئاڵی ئەستوورمان هەڵبژارد، بەزازەکە بۆ کڕینی قوماشەکە پیرۆزباییشی لێ کردم. بە تاکسییەک بەرەو ماڵی داپیرەم رۆیشتین، داپیرەم ناوی (پەروین) بوو، بەڵام ئێمە بە ناوی ماما (بوزورگ)، یان ماما (باری) بانگمان دەکرد، داپیرەم پێش چل ساڵێک، قوماشی باشی دەچنی، لە قوتابخانەکاندا ژنان بۆ فێربوونی تەون و چنین زۆر دەهاتنە لای، بەردەوام سەرقاڵ بوو، دەوروپشتی جمەی دەهات، کە منداڵ بووم بۆ یاریکردن دەچوومە لای.

ئەو ماوەیەی لە زیندانا بووم، ناوی تایبەتیم لە ژنە پاسەوانەکان نابوو، ئەوان زۆر بوون، ناوی راستیی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد، پێم دەوتن، ناوتان چییە دەیانوت:

ئێمە ناومان نییە، ئێمە سەربازین، ئیمامی زەمانەکان ناویان نییە. لە سەعات نۆی بەیانییەوە تا حەوتی بەیانی ڕۆژی دوایی دەمانەوە، ئاکاریان دەناسرایەوە، بۆیە من لە خۆمەوە ناوم لێیان نابوو، وای لێ هات ناوەکەیان بەسەردا بووبووە ماڵ، خۆشیان ناوەکانیان لا خۆش بوو، ناوەکانیشم بە گوێرەی شێوە و ئاکار و تەمەنیان بۆ دادەنا، وەک (زهرە) و (مونیرە) و (تەییبە) و (لەیلا) و (هیاخانم) و (حومیرا)م بۆ دانابوون، ئەوانیش بەو ناوانە یەکتریان بانگ دەکرد.

لەیلا بە زمانێکی پیسەوە وتی:

هەواڵەکان ئێمەی گەیاندە کێندەرێ، لە کۆتاییدا گەیشتینە شادور..؟!! دیارە لە ماڵەکەتان شادوری ئاسایی لەناو خێزانەکەتاندا نییە..؟ چۆن و بە چی بوویتە موسڵمان..؟ لە شیرازەی خوارەوەی شادورەکەم ورد دەبووەوە، نەخشەکانی بە حومیرا دەبەنگ و هیاخانم نیشان دەدا، شادورەکە لە شیفۆنی ڕەشی ناسک چنرابوو، بە بورودی وردی ناسکی مەخمەل نەخشابوو.

دوو مانگ لە گرتووخانەکە مامەوە، لەوێ گواسترامەوە دادگەی شۆڕش، ئەوەش یەکەم جاربوو بچمە پێش دادگە. بە پاشکۆی پاڵتۆ ڕەشەکە نەرمەکە سەرم داپۆشی، تەبیبە خانم پاسەوانە قەڵەوەکەم بە شادورە ڕەشەکەیەوە کتێبی (خەونامە) و (صلاه النوافلی) بۆ خوێندنەوە دامێ. ئەو ژنێکی باش بوو، بۆ وەڵامدانەوە و خۆدەربازکردنم لە ڕۆژی دادگەکە، چوار جار خوێندنەوە، چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی پێ لەبەر کردم، تا بە خوێندنەوەی لەبەرخۆم و بەنهێنی بیر و هۆشی قازییەکە ببەستمەوە. ئەو ژنە پاسەوانانەش لە ماوەی ڕۆژانەی کارەکانیدا تا بەیانی ڕۆژی دادێ دەمانەوە، وەک ئێمە و ئەوانیش وەک گیراو وابوون. بەدرێژاییی ڕۆژەکان، ئەوان بە بازنەیەکی تەلەڤزێۆنییەوە چاویان لە ساڵۆنەکانی هاتوچۆ دەکرد. ماوە ماوەش لەناو کۆڵانە بچووکەکەی دەرگەکانەوە، بە هێمنی لە ژوورەکەیان دەڕوانی، هەر نیو سەعات و چارەکە سەعاتێک جارێک لە مانەوەمان دڵنیا دەبوون، ڕۆژانەش چوار جار دەرگەکانیان لێ دەکردینەوە. جاری یەکەم بۆ نوێژی بەیانی، سێ جارەکەی تریش بۆ نانخواردن و نوێژکردنەکان بوو، کە هاوکات بوون لەگەڵ کاتی ژەمەکان. بێجگە لەو کاتە دیاریکراوانە دەرگەکانمان بۆ نەدەکرایەوە، لە کاتی دیاریکراویش نەبێ، بۆ سەرشۆرک و W.C نەدەکرایەوە. لەو چەند مانگەی لەو گرتووخانەدا مامەوە، ناوم بەباشی و ڕەوشتبەرزی ناسرابوو، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەدا بوار دەدرایە من زۆرتر بچمە W.C و گەرماوەکە، یان کوپێک زۆرتر چام بدەنێ.

ئەو شادورەی تەیبەخانم دابوویە من، ئەستوور و گران بوو، کە لە سەرم دادەنا هەستم دەکرد، یەکێک لە پشتەوە رام دەکێشێت، هەر لەبەر گرانییەکەی لە سەرم ڕانەدەوەستا، بەناچاری بەتوندی بەهەموو هێزێکمەوە دەستم پێوە بوو. کە بەو شادورەوە چووبوومە دادگەکە هەستم دەکرد سەرم زۆر ژان دەکات، ئەژنۆم ماندووبوون رایان نەدەگرتم، کە شادورەکەم دایەوە ژنە پاسەوانەکە بەزەییم پێ هات، ئەو چۆن بەرگەی ئەوە دەگرێت، بەردەوام لەسەر سەری دای بنێت، بەو قسەیەم هەر سێ ژنە پاسەوانەکە پێم پێکەنین، بۆیە باسکی خۆی بە باسکی منەوە نا، تا بزانم چەند جیاوازن، دیاربوو دوو قات گەورەتر و ئەستوورتر بوون، دەستی دایە دەستە گچکەکانم، بۆیە وتی:

بەستەزمان کێ تۆی لاواز بۆ هاوسەری دەخوازێت..؟!

پێش چوونم بۆ دادگە، لەناو ژوورەکەمدا موحەقیقەکە هاتە لام، کیسەیەکی پلاستیکی بەدەستەوە بوو. دیاربوو دایکم جوانترین شادوری ماڵەوەی بۆ ڕەوانە کردبووم. ئێمە لە ماڵەوە بۆ پرسە و سەرگۆڕستانەکان زۆرمان هەبوو، کە دەچووینە دەزگا حکوومییەکانیش لەسەرمان دەکردن، چونکە ئەو خوشکانەی شادوریان لەسەر نەبووایە پێشوازییان لێ نەدەکرا.! بەیانیانیش

دایکم بۆ نزا و نوێژی لەسەری دەکرد. شادورە مەخمەڵییە گوڵینە جوانەکە، هی (کاتیانۆ)ی خوشکم بوو، لەگەڵ کەرەستەکانی بوکێنی کڕیبووی، لە ئێران وا باوە بۆ بووکان شادوری رەش دەکرن.

کە پاسەوانە چاو پیسەکەم لەیلا، ئەو شادورەی بینی، زۆری لا سەیر بوو، شادوری وا جوان و قوماشی گرانبەهای وای لەبەر نەکردبوو. ناردنی ئەو شادورە لەلایەن دایک و «کاتی»ی خوشکمەوە، مانای دەربڕینی هەستی قووڵی خۆشەویستی بوو بەرامبەر بە من. ژنە پاسەوانەکان هەموویان لە دیتنی شادورەکەی لە ماڵەوە بۆم هاتبوو حوکمیان لەسەر بنەماڵەکەمان دا، دەمویست چاوە گچکە پیسەکانی لەیلا دابخەم، لە من بە تەمەن گچکەتر بوو، ئەو بیست و یەک ساڵێک بوو، دەمزانی چی لە دڵدایە، هیوای ئەوە بوو دەستی بڕوات منیش وەک کیژەکانی تر لەسەر سک راکێشن بەرەو ژێرزەمینەکە بمبەن، هیوای وابوو گوێی لە فیغانی گریانم بێت. بەردەوام گوێم لە تریقەی پێکەنینەکانی دەبوو، زۆر گوێم لە سەربڕدەی مێردە ئەندامەکەی پاسەوانی کۆماری دەبوو. زۆر بێزاری دەکردم، بەردەوام شەڕی بوو، کە جلەکانی ژێرەوە منی دەبینی پاش شووشتنیان، بۆ وشکبوونەوە بە بزمارەکەی پشت دەرگەمەوە دەکرد، بەو دەنگە ناخۆشە پڕ لە رق و بەدڕەوشتییەی هاواری دەکردە سەرم، تۆ کیژ نیت..؟ شەرم ناکەیت ئەو جۆرە جلانە لەبەر دەکەیت..؟ شەرم بکە ئەوانە نیشانی کێ دەدەیت..؟ کە ئەو جلانەی دەبینی زۆر سەرسام دەبوو، جلەکانی ژێرەوەم لەلایەن ڤیکتۆریا سیکریت دیزاین کرابوون، لە سەفەرەکەی نیویۆرک کڕیبووم، بەو رەنگە زەردە نایابانە سەرمەست دەبوو، کە لە ماڵەوە داوام لە دایکم کردبوو بۆ زیندان چەند دانەیەکم بۆ بنێرێت، ئەو دانە باشەکانی ناردبوو، بەبینینی ئەو جلە نایابانە لەیلای پاسەوان لە خەمانا زۆری نەمابوو بتەقێت. ئەو دەمانەی لەیلا چاودێرم بووایە زوو و خێرا لە گەرماوەکە دەردەپەڕیم، دەمزانی ئەو چاودێریم دەکات، بەنهێنی سۆراخی هەموو شتەکانی منی دەکرد. ئەو بە نارەحەتکردنم دڵشاد دەبوو، بۆیە وازی لێم نەدەهێنا، بەردەوام بە دواوەم بوو، تا جارێکیان هاوارم کردە سەری و وتم:

بەو خوایە سوێندت دەدەم لێم دوورکەوە، وازم لێ بهێنە.

پاش ئەوەی هەموویان شادورەکەی کاتییان بینی، تا خۆم بۆ بەیانی و بۆ دادگە ئامادە بکەم، پاسەوانەکان رۆیشتن کە دوورکەوتنەوە تەنیا مامەوە، گریانم هات فرمێسک لە چاوانم نەدەوەستا، لەناو زیندانەکەی خۆمدا سەرم لەناو قوماشە شادورە رەشەکە نا و دەگریام، بۆنی خۆشیی خوشکم لە قوماشەکە دەهات، هەستم دەکرد، (کاتی) خوشکم هاوشانمە، بەیەکەوەین، بۆنی زۆری لە عەباکە دابوو، بەو بۆنە تازەوە هەستم بە ئازادی کرد لەناو زیندانەکەمدا. زۆر گریام، لەناو باوەشی خوشکم دەگریام، بەدڵ و بەگیان گریانم دەهات.

تاکە دەست و سەرچاوە بتوانێت دەربازم بکا. ئەو پیاوە بوو، کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردم، لەو دوو مانگەی لەناو زیندانەکە مابوومەوە، هەستم بە تاڵیی رۆژگارەکان دەکرد، دەکرا ببمە

موسڵمانێکی پاک، بەڵام ئەوەشیان قوربانییەکی گەورەی دەویست، بوارێکم دەویست رزگارم بێت، بۆ ئەو مەبەستەش تاکە فریادڕەسم موحەقیقەکە بوو، ئەو تاکە هیوام بوو، چی بکەم سۆزێک بکەوێتە ناو دڵی، ئیمان و دوارۆژم کەوتبووە دەستی ئەو. بەشێوە تایبەتییەکەی خۆم دەکرا سەرنجی راکێشم، زۆرم بۆ گوت، چیرۆکەکانی ماڵەوەمان بەڕاستی بۆ گێڕایەوە، چۆن دایک و باوکم یەکتریان بینیوە، چۆن بوونەتە ژن و مێردی یەکتری، باسی منداڵی و گەورەبوونی خۆمم بۆ کرد، بۆم گێڕایەوە سەردەمێک شاعیر بووم، شیعرم نووسیوە، رۆژنامەنووس بووم، نووسەر بووم، ماوەیەکیش وەک ڕەبەنێک بووم، دەبووایە دان بەو شتانە بنێم.

لەو رەوشەدا پێویستم بە ئەڤین هەبوو، بەو شتە پیرۆزە رزگارم دەبوو. نەدەبوو لەو ساتانەدا بیر لە ماڵەوەمان بکەمەوە، لە دەرەوەم بکەمەوە. ئەو کە وا بە رەقی مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، دەبووایە ئەوەیان لە بیر بکەم، ئەو رەفتارەی ئەو بەناسکی و بەسۆز و بەهێمنی بگۆڕمەوە. هەستم دەکرد لەناو هۆڵەکە بەرەو من دێت، بڕوام نەدەکرد ئەو کەسە بۆ ئازاردانم دێتە لام، من بیرم لە خۆشەویستی کردووە، من دەبووایە نیگەران نەبم، تا شێت نەبم، دەبووایە هێزم زۆر لەبەر بێت، تا بەرگە بگرم، تا بمینێم، دەکرێ وا بکەم منی خۆش بوێت، دەکرێ شتێ بکەم، ئەو بیر لەوە دەکاتەوە من بەدڕەوشتم، من بۆ لەداردان باشم، موستەحەقم بەلەداردان، ئەگەر ئەو کەسە نەگۆڕم ئەو من لە سێدارە دەدات، بە گۆڕینی ئەو جیهان دەگۆڕێت، بەڕاستی کەوتمە داوی ئەڤینی ئەو، ئەوم خۆش ویست، کە نێزیک دەبووەوە کە ترپەی پێیەکانی دەهات، زۆرتر هەستم بەوە دەکرد ئەو لێم نێزیک دەبێتەوە.

ئەو وێنەی منی لە ئەلبومی پاسەوانەکان وەرگرتبوو، لە رۆژی یەکەمی گیرانەکەمدا وێنەی منیان گرتبوو، ئەو وێنەیەیان لە پێش دانابوو، دیارە بۆ روونکردنەوەی بەڵگەکانی بووە، لەو وێنەدا دیارە من وەک کەسانی تر نیم من جیاوازم. تا رووداوەکان شرۆڤە بکەم، باسی ئەو کەسانە بکەم کە چۆنم ناسین، دەبووایە زانیاریی زۆر نهێنی بۆ ئاشکرا بکەم، روونکردنەوەی دەویست ئەو وێنانەی من کە گیراوم روو و لێوەکانم بە مکیاجە، فستانەکەی بەرم، مل و گەردەنی دانەپۆشیوم، لە وێنەکەدا دیارن من لە ئاهەنگدام، هەندێ لە وێنەکان لە کاتی پشوودانی هاوینەم بوون لە ئەڵمانیا یان لە خوارووی فرەنسا گیرابوون، لەوێ بکینییم لەبەرە، بۆ ئەو وێنەیە لێی پرسیم:

شەرمت نەکردووە بەو جلە رووتانەوە ئەو وێنانەت گرتووە..؟! پرسیارەکانی ئەو بەهێزبوون، وەڵامەکانی منیش لاواز و کز بوون. من مەزندەی پیاوێکی ریشدارم دەکرد، ئەوانەی خۆشەویستی بە حەرام دەزانن، دیارە ئەو پیاوە کە وێنەکانی پێشی وەردەگرێت، شەرم دەکات و گوناهباریش دەبێ.

***

لە سەعات پێنجی بەیانیی رۆژی هەینی، بەیانییەکی ساردی ساڵی ١٩٨٣، لەو کاتانەدا شار چۆڵە و دەرگە و دەروازەی فرۆشتگەکان هەموو داخرابوون، ئەو بەیانییە سپییە تارانی لەناو

خەونی پاکی زستانەی دانابوو، ئەو بەیانییە زووە، کەم کەم ئۆتۆمۆبێلیش دەبینرا، کە لە پێش لایتەکانی ترافیکەکان بووەستن، چەند کرێکارێکی شارەوانی خەریکی پاککردنەوەی بەفر و شەختەکانی شۆستەکان بوون، لەو دەمانەدا ئەفسار خانم بە هەیبەتە شیاوەکەی خۆی لە پێش ماڵەکەیدا راوەستابوو، بە جلی ڕەشەوە جانتایەکی بچووکی بەدەستەوە بوو.

ئەفسار خانم لەبەرئەوەی بەو بەیانییە زووە باوکمی ماندوو کردبوو، بۆیە زۆر بەشانازییەوە باسی دەکرد، باوکیشم بە پێکەنینەوە پێی وت، لە داهاتوو بە پارە قەرەبوومان بکەوە، ئاسانە، بەرەو باکوری تاران رۆیشتین، بە مەیدانی شاهباد (مەیدانی یادی شاهەنشا) رەت بووین، هەروەها مەیدانی ئازادی نوێ (مەیدانی ئازادی )یشمان بڕی، هەرچەندە دوور دەکەوتینەوە ناوچەکە جوانتر و خۆشتر دەبوو، سروشتەکە جوانتر دەبوو، لە مەیدانی (بهمن) ژمارەیەک کرێکار راوەستابوون، لۆریش بۆ گواستنەوەیان بۆ سەر کار وەستابوو. خاوەن کارەکە دەنگی دەهات، ئێمە تەنیا پێویستمان بە بیست کرێکار دەبێت، زۆرترمان ناوێت، بیستمان بەسە، بە تورکی هاواری دەکرد. لەبەرئەوەی کار کەم بوو، بۆیە ئەو کرێکارانە بە ناچاری رۆژانی هەینیش بۆ کار پەیداکردن دەهاتنە ئەو مەیدانە.

لەناو ئاپۆڕە زۆرەکە گەیشتینە (یافت اباد)، خەڵکێکی زۆر بە جلی نووستنەوە بۆ وەرگرتنی نان لە پێش فڕنەکان وەستابوون، ناوچەکە پیس بوو، منداڵان لەناو زبڵخانەکانەوە یارییان دەکرد. لە ئاوێنەکەیەوە تەماشای پشتەوەم کرد، چاوی لە من بڕی و وتی:

تەماشاکە خەڵکی چۆن دەژین، بیر لەوە بکەرەوە تۆ چۆن دەژیت.

کە لافیتەکەی پێشەوەی گۆڕستانەکەم بینی، زانیم ئێمە دەچینە کێندەرێ. چوار رۆژ دەبوو (گوڵی) کیژە تەمەن بیست و حەوتساڵییەکەی ئەفسار خانم گوللەباران کرابوو، ئەفسار خانم ژنی ئاغا شاهندای کۆچکردوو بوو، مێردەکەی کوڕی مامی باپیرم بوو. گوڵی خوێندکاری دوکتۆرا بوو لە ئینگلتەرا، نیوەی مابوو تەواوی بکا، لە رۆژانی شۆڕشدا بۆ مارەکردنی لە کوڕی مامی هاتبووەوە وڵات، بەڵام کە گەیشت بینیبووی باوکی لەلایەن دەستەڵاتەوە راو دەنرێت.

کیژە و باوکەکە لە چێشتخانەیەک دیمانەیان هەبوو، بڕیاربوو لەوێ بیبینێت، کیژەکە لەو سەفەرە هاتبووەوە، دەبووایە باوکی ببینێت، باوکەکە لەلایەن پۆلیسەوە راو دەنرا، بۆیە شوێنی دیار نەبوو، بۆ دۆزینەوەی کابرا، سۆراخی کیژەکەیان کرد، لەو رێستورانتە کیژ و باوکەکەیان گرت، بە تاوانی هێنانی نامەی بێگانە و جاسووسی، دوو ساڵ لە گرتووخانەی ئای ئێنی ناوبانگ شووم مایەوە، ماوە ماوە دایکی دەچووە سەردانی، لەو پایزەدا دایکی زانیبووی لەو گرتووخانەیەدا گواستراوەتەوە شوێنێکی تر، کە دایکی بە هەگبەی نانەوە بە نیازی دیداری کیژەکەی رۆیشتبوو، پاسەوانەکان پێیان وتبوو، کیژەکەتیان بۆ تەمبێکردن لێرە گواستووەتەوە بۆ لای حاجی داوود، لێرە نەماوە، بۆت نییە جارێکی تر لەلای ئێمە دیدارتان ببێت، خۆت و هەگبە خواردنەکەت بگەڕێوە

ماڵەوە، ئەویش بە دڵشکاوی و بەترسەوە گەڕابووەوە، هیوای ئازادکردنەکەی کە دایکی ماوەیەکی زۆر هیوای پێ بوو، بەڵام هیواکەی لەو ڕۆژەوە نەما، بۆ بەیانی بە تەلەفۆن هەواڵی ناشتنی کیژەکەیان لە گۆڕستانی بەهشتی ئەلزهراو پێ ڕاگەیاندبوو.

باوکم بە دەستی ئیشارەتی شوێنێکی بۆ کردم، من لەوێ چاوەڕوانیان بکەم، ڕۆیشتمە ناو باخەکە، شووشەیەک ئاوی گوڵم لە دەستدابوو. لەبەر خۆمەوە دەمپرسی بۆ ناتوانم منیش بچمە ئەو شوێنە قەدەخەیە. لە دوورەوە لێم دیارە ژنە کڵۆڵەکە لە گۆڕی کیژە عازەبەکەی دەگەڕا، شوێنی ئەوانەی لەدار درابوون جیاوازبوو، گوڵیش لەگەڵ (کافر) و (ملحد)ەکان نێژرابوو. گۆڕەکان بە شپرزەیی ریز کرابوون، ناویان بەسەرەوە نەبوو، ماوە ماوە بۆ تۆڵەش دڕک و داڵەکان ئاگریان تێ بەردەدا، ناوچەکە سوتماک و ڕەش هەڵگەڕابوو. لەو گۆڕستانەدا گەڵایەکی سەوز یان پارچە کاغەزێک ناوی لەسەر بێت نەبوو. باوکم لەسەر گۆڕەکان دەسووڕایەوە، چاویشی هەر لە دەرەوە بوو نەوەک حەرەس سەوزییەک لێمان پەیدا بێت، بزانێت لەناو گۆڕستانی بەهشتی ئەلزهراو دەسووڕێینەوە، دایکە بۆ ڕوحی کیژە جوانەکەی تۆوی گەنم و نیشانەی خۆشەویستیی بڵاو دەکردەوە، تا کۆترەکان ئەو زادە لە ڕوحی نێزیک بکەنەوە.

باوکم لە بەردەم وێنەیەکی (بەنی سەدر) ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت، من بە چاویلکەکەی ئەو زۆر سەرسام بووم، ئەفسار خانم بە هەنگاوە نەرمەکانی چووە ماڵەکەی.

دوو ساڵ پاش ئەو بەروارە ئەو ژنە مرد، دایکم وتی لە کاتی نووستنیدا نەما، واتە لەناو خەفەتەکانیدا بۆ خۆی مرد. (کاتی)ی خوشکم دەیگێڕایەوە کە بۆ خوێندنی سورەتی "الفاتحە" دەچووە گۆڕستانەکە بە مێردەکەی دەوت ئاگەداری ناوچەکە بە وریا بە. لەناو گۆڕستانەکەدا بەشێک بۆ ئەو مردووانە تەرخان کراوە، کە بە هەڵە کوژراون، واتە ئەو بەشەن کە ناوی کافریان لێ ناوە، دیارە کەوا حکوومەت دانی بەوە ناوە کە کەسانی بێ تاوانیش کوژراون، خەڵک هەبووە بە هەڵە لە سێدارە دروان. لە یادی گوڵی دایک و باوکی ناوچەکەیان گوڵپرژێن کردبوو.

کە لە زیندان بووم (ماندانا) نامەیەکی بۆ نووسیبووم، لە نامەکەیدا پارچە شیعرێکی بۆ نووسیبووم. منیش نامەکەم بۆ دایکم ناردەوە، تا ئەگەر لە زیندان دەرچووم بمداتەوە. بەیەکەوە لەگەڵ ئەو دەستەخوشکەم دەچووینە کۆڕە ئەدەبی و نمایشە هونەرییەکان.

پاش دەرچوونم لە زیندان:

زەنگی تەلەفۆنەکەی ماڵەوەمان لێ درا، ڕۆژی یەکەمی گەڕانەوەم بوو بۆ ماڵەوە، سەماعەکەم هەڵگرت، گوێم لە دەنگێکی ناسراوبوو، دەنگەکە وتی:

ئەلسەلام عەلەیکوم، لە بیرت نەچێت، بەیانی سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لە یانە چاوەڕوانت دەکەم.

که ئازاد کرام، مرۆڤێک بووم وەک وەحشییەک دیاربووم قژم درێژ، ماسوولکەکانم لەبەر قەڵەویم شۆڕ بووبوونەوە، زۆر قەڵەو بووبووم، لەو ماوەیەی لە ژووری تاکەکەسیی گچکە و تەسکدا بووم، بۆم نەدەکرا بجووڵێمەوە، بۆیە قەڵەو بووم. هەموو جلەکانم بەبەرم تەنگ بوون. لەگەڵ دایکم چوومە ساڵۆنی ژنان، کە ژنانی ناو ساڵۆنەکە منیان بەو شێوەیە بینی، سەرەتا سەریان سوڕما، بەڵام پاشان هێور بوونەوە، سەرسامییەکەیان بەدەر نەخست، دڵم بەوە دانەوە کەوا من زۆر نەگۆڕاوم. لە خۆشییان گریانیان دەهات، لەو رەوشە نامۆیەدا ئەوانەی لەناو ساڵۆنەکە بوون کە منیان بینی بڕوایان نەدەکرد، ئەوانەی کە منیان نەدەناسی، هەموو لایەک سەرسام بووبوون، پاش دوو سەعات بەو دیمەنە نامۆیەی من و پێشوارییەکەی کارمەندەکانی ناو ساڵۆنەکە، نیگەرانییەک هاتە ئاراوە، ژنە کارامە جوانکارەکان کەمێک شێوەکەی جارانیان بۆ گێڕامەوە، هەستم بە گۆڕانێک کردەوە.

***

مەوعیدەکانی لێکۆڵەرەوەکان. و بڕیاری جاسووسی:

یەک رۆژ پێش ئازادکردنەکەم لێکۆڵەرەوەکەم هاتە لام ژوانی دەرەوەی بۆ دانام، پێی وتم ئازاد دەبیت، ئەگەر لەسەر پسولەی رازیبوونم جاسووسی بۆ بەرژەوەندیی وەزارەتی هەواڵگری بۆ ئیمزا بکەم، کاتی ژوانەکەی بە بیر دەهێنامەوە و منیش سەرم بۆی دەهەژاند، بەڵام لە ناخمدا دەکوڵام، وەک هەموو جارەکان بە چاو بەستراویی دانیشتم و پشتم لەو بوو، بەڵام ئەو دەستی منی لێوە دیاربوو کە پسوڵەکەم ئیمزا کرد، بۆیە وتی:

باشە بۆ بەیانی دیمانەمان دەبێ، بەڵام ئەوەت لە بەرچاو بێ، کەوا حیجاب و شادورت لەبەر بێ.

من کە هاتمە ناو وەزارەتی هەواڵگری ناوی کێ بەرم، کێ دەبینم..؟ بە گاڵتەپێکردنەوە وەڵامی دامەوە و وتی:

کێ ناوی وەزارەتی هەواڵگریی هێناوە..؟

منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

ئەدی کەواتە دیمانەکەمان لە کوێ دەبێ..؟

بەڕاستی هەستم بەنیگەرانی و دڵەراوکێ کرد، بڕیارم دا شتێکی جیدی نەکەم، رۆڵەکەم باش نەبینم، لەناو دڵی خۆمدا بڕیارم دا ئەگەر شتێکی وا نەکەم ئازاد نابم، ئازادبوونم لە زۆر مەرج گەورەترە، دەبێ لە گرتیگەی (تەوحید) رزگارم بێت، تا سەلامەت بم، تا ماڵەوەمان بپارێزم، دەبێ رۆڵەکە جوان و سەرکەوتووانە ببینم، وا خۆم نیشان بدەم بەڕاستی کەوتوومەتە داوی خۆشەویستیی راستەقینە لەگەڵ موحەقیقەکەم، خەمی راستیی ئەڤینەکە ئەوە بوو ئەڤینەکە بووبووە راستی، نەدەکرا لەو رۆڵە پەشیمان ببمەوە، ناکرێ واز بهێنم، نەدەکرا رازی بم وەک جاسووس کاریان بۆ بکەم، من گلەیی لە هاوڕێیەکانم بکەم، من لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەم. بەڵام لە کۆتایی بڕیارم دا رازی بم، لەگەڵ ناخی خۆمدا رێک کەوتم، من نەبم، من ببمە یەکێکی تر، لەناو

دەنگی موحەقیقەکەم توامەوە، بڕیارم دا بمکاتە کەسێکی تر، ببمە کارەکتەرێکی تر، من فەرمانەکان وەک سەربازێک لە ئەفسەرەکەم وەرگرم.

ئەو لێی پرسیم، ئاخۆ یانەی ئەدەبی داهێنەر، جوانە..؟ لە دڵی خۆمدا وتم، ئەو پرسیارەی مەبەستی گاڵتەپێکردنمە، دەبێ گاڵتەم پێ بکا..؟ من دەمزانی ئەو مەبەستیەتی جارێکی تر لە دەرەوەی گرتیگەکە دەنگم ببیستێت، تا بۆچوونی خۆمی لەسەر گرتیگەکانی پێ بڵێم، هەردووکمان بۆ دیتنی یەکتری بەپەلە بووین، لە ناخەوە بەو سۆزەوە دەسووتاین، لەو دیمانەدا بەباشی نیگا لە چاوی یەکتری دەکەین، بەڵام من لەگەڵ ئەو سۆزەش دەترسام، لە دوارۆژی خۆم دەترسام، دەترسام، نەمدەزانی لەگەڵ ئەو پیاوە دەگەمە کێندەرێ، چۆن کۆنترۆڵم لەسەر خۆم پێ ڕادەگیرێت، ئەگەرچی دەترسام بەڵام زۆریش بایەخم بەترسەکەم نەدەدا، بۆیە ڕاڕایەکەم لە هزر و مێشکی خۆم دەرهێنا. ئەو وتی، کە هاتیتە یانەکە لەلای پاسەوانەکان ناوی خۆت بە (زارافشان) بناسێنە، ئارام بە، ڕووی خۆت بشارەوە، زۆر دەرمەکەوە کیژێکی وریا بە، کە دەرچوویتە دەرەوە بە چاو بەستراوی بڕۆ دەرەوە. من لەو شوێنەدا هەموو تەمەنی هەرزەکاریی خۆمم سەرف کردبوو، نووسینگەی ژنە مامۆستاکانی ئەدەبە، لێرە شیعر هەیە، من بڕوام نەدەکرد، نەدەکرا بڕوا بە خۆم بهێنم ئەو یانە ئەدەبییە بارەگەی هەواڵگرییە.

تاکسییەکم داوا کرد، کە هاتمە دەرەوە تاکسییەکە چاوەڕوانی دەکردم، شوفێری تاکسییەکە لە ئاوێنەکەی پێش چاوانم چاوی لە من کرد، منی نەناسییەوە، ئەو کیژەی جاران نییە، زۆر گۆڕاوە، ئەو خۆیەتی.. سەرسام بوو، منیش شادورەکەم لەناو جانتاکەم پەستابوو، نەدەکرا هاوسێیەکانم من ببینن لە ماڵەوە شادور لەبەر بێمە دەرەوە، تەماشایەکی ئاکاری خۆم کردەوە و ئاخێکم هەڵکێشا، کە گەیشتمە بیکان شادورەکەم دەرهێنا و بۆنیشم لە خۆم دا، شادورەکەم لەبەر کرد، تەنیا چاوەکانم دیار بوون، شادورەکە چاکی شاردبوومەوە.

کە گەیشتمە دەروازەکە، لە ژوورەوە پاسەوانەکان پێشوازییان کردم، منیش وتم:

من ناوم زارافشانە و لە ژوورەوە ژوانیکم هەیە..! زۆرم لا سەیر بوو پاسەوانەکان ئاگەدار کرابوونەوە، دەیانزانی زارافشان دێتە ئەو شوێنە. شوێنەکەم دەناسی، یەکسەر بۆ شوێنی مەبەست ڕۆیشتم، لە ڕۆژانی هاتنم بۆ ئەو یانەیە شارەزابووم، لە خۆم پرسی، من لێرە چی دەکەم، بۆچی هاتووم..؟

لە یەکێک لە نووسینگەکانەوە گەنجێکی ریشدارم لێوە دیاربوو، ریشێکی تەنکی دانابوو، ئەو بەخێرهاتنی کردم و وتی:

فەرمووو دانیشە، وەرە ژوورەوە. دەرگەکەم لە پشت خۆمەوە داخست، سڵاوم لێ کرد، ژوورەکە پێ دەچوو دەنگبڕبێت. گوێمان لە دەنگی یەک نەدەبوو، کەسیش گوێی لە دەنگی ئێمە نەدەبوو. کە دانیشتم هەستم کرد ترپەکانی دڵم خێراتر دەبوون، لە بەردەم پەنجەرەکە وەستابوو، پشتی لە من

بوو. رووم کردەوە، هێشتا شادورەکەم لەسەر شان بوو، یەک دوو قۆپچەی سەرەوەی پاڵتۆکەم کردەوە، هیچی نەوت، دەمی نەکردەوە، لە ناکاو هاواری کردە سەرم، بەسەرسامییەوە وتی:

شەرم ناکەیت بەو شێوەیە دێیتە ئەو شوێنە..!؟ من هەستم کرد تۆ بوویتە مرۆڤ، فێربوویت.. برۆ دەرەوە... ئەوانەی دەرەوە تۆ بەو هەموو مکیاجەوە ببینن چی دەڵێن..؟!

بەو دیمەنە من هەستم بە شکان و شەرمەزاری کرد، دەرگەی بۆ کردمەوە و بە تووڕەییەوە وتی:

بۆ دەرەوە برۆ دەموچاوت بشۆرە، منیش یەکسەر بەڕاکردن بۆ گەرماوەکە رۆیشتم، بەگریانەوە دەموچاوم دەشووشت، بە کاغەزەکانی ناو گەرماوەکە مکیاجەکەم لابرد، دووبارە شادورەکەم لەبەر کردەوە، هەستم دەکرد ئەو لەلای خۆیەوە پێم پێ دەکەنێ، بەڵام لەبەرئەوەی تەماشام نەدەکرد، بۆیە دڵنیا نەبووم پێ دەکەنێت، یان نا، بەڵام رەوشەکەم بەدڵ نەبوو.

بەنەرمی لە دەرگەکەم دایەوە، هێدی چوومەوە ژوورەوە، ئەو دانیشتبوو رۆژنامەیەکی پەڕ پەڕ هەڵدەدایەوە، وتی:

دەزانی بەو بۆنە ناخۆشە ناوچەکە و بینایەیەکت هەموو بۆندار کرد، بە تووڕەییەوە وتی:

دانیشە.

بۆم نەدەهات چۆن وەڵامی بدەمەوە، من ئەوەم لە هزرا نەبوو، بیرم لەوە نەکردبووەوە، وەڵامی ئەوەم پێ نەبوو، بەچەندان شێوە داوای لێبووردنم کرد، من هەڵە بووم کە بەو شێوە هاتوومەتە ئەم شوێنە، من ویستم شێوە و ئاکار بە شیاو و جوان نیشانی تۆ بدەم، نەک بە ئاکارێکی شووم بێمە بەرامبەرت. بەڵام دیاربوو ئەو زۆر تووڕە بووبوو، بۆیە بەداواکردنی لێبووردن سارد نەدەبووە. ئەو کە منی بەو شێوە بینیبوو، منی بە شەیتان پێناسە کردبوو، وای زانیبوو من وەک شەیتانێک لێی هاتوومەتە ژوورەوە، بە دڵنیاییەوە وتی:

وام زانی لەسەر راستی تۆم پەروەردە کردووە، نەمزانی من هەڵەبووم. لە ئەزموونەکە دەرنەچوویت. ڕووبەڕوو لە یەکتری مورتاح نەبووین، ویستم بگریم تا لێم ببوورێت، زۆر پاڕامەوە، بەڵام سوودی نەبوو، کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەو رۆژەی هێنا، داوای لێم کرد، برۆم و وتی بەیانی پێوەندیت پێوە دەکەمەوە، هەڕەشەی ئەوەشی لێ کردم، کەوا جارێکی تر بەو شێوەیە نەیەمە ئەو شوێنە، بەتووڕەییەوە تێ گەیشتی، باشە..! بە سەرم هێمای رازیبوونم بۆی کرد، وەک کەروێشکێک لەناو نووسینگەکەی دەرپەڕیم، یەکسەر گەڕامەوە ماڵەوە تا بەرنامەی رۆژێکی تر دابڕێژم.

تا جارێکی تر نەتوانی لەسەر پێیان برۆیت، بن پێیەکانت دەکوتنەوە، زامداری دەکەن، هەی بۆگەنی تێکدەری ئاژاوەچییەکان، دیارە ئەو رۆژانە بیانووشتان بۆ پەیدا بووە، سەرۆک خاتەمی، وا دەزانن ئاغای خاتەمی لە شێوەی ئێوەیە وەک ئێوەیە ئاژاوەچییە..؟ ئەگەر خاتەمی ئێستا لێرە بووایە دەتانتوانی حکوومەتەکە برووخێنن..؟ ئێوە چاوتان کوێرە هیچ نابینن، ئەگەر ئێوە چاوتان

نابینێت، ئەوا کەسانی تر زۆرن چاوەکانیان بکەنە قوربانی بەشۆڕش و بەئیمام، چاوەکانی سەربازەکانی ئیمامی زەمان کراوەتەوە، ئەوانە ئامادەن دەرسی باشتان بدەن، ئێمە شێوە و بەرنامەی زۆرمان هەیە تا تۆی ئاژەڵ، دان بە هەموو شتەکاندا بنێیت، ئەی ژنە پیسەکە، هەڵت دەواسم، تێ گەیشتی..! بە تاوانی خیانەتی مەزن و جاسووسی هەموو سزایەکت دەدەین، سەدان کەسی لە تۆ منداڵتر و گچکەترمان لەدار داوە، تۆش لەدار دەدەین، ئەو مولحیدانە چارەنووسیان لەداردانە، سەردانی گۆڕستانی (بەهەشتی زەهرا)ت کردووە بینیوتە، لەوێ بەشی کافران هەیە، کافرەکان لەوێ نێژراون...؟ بینیوتە..؟ وەک سەگ لەوێ تۆش دەنێژین، لەوێ با دایکت بێت لەسەر گۆڕەکەت بگری.. تێ دەگەیت.. دەزانی باسی چیت بۆ دەکەم.. هەی کافر..

ئارەقە لە پشتم دەهاتە خوارێ، تا پشدێنی خوارەوەشی تەڕ کردبووم، چەند سەعاتێک لەسەر تەختە رەقە دارەکە لە بەرامبەر دیوارا مامەوە.. دە سەعاتێک دەبوو، پێنج سەعات.. نازانم.. ماوە ماوە هەڕەشەکانی لێکۆڵەرەوەکەم دووبارە بە بیر دەهاتەوە.. هاتوهاوارەکەی چوار دەورەم وەک میشوولە زیکە زیکی دەهات. دەنگەکان زەنگ بوو لەناو مێشکما دەزرنگایەوە، کاسی کردبووم من لە کوێم..؟ نەمدەزانی من لە کوێم.. لەبەر جنێو و قسە ناشیرینەکان ئاگام لە خۆم نەمابوو، مێشکم لە بیرکردنەوە وەستابوو.. بەڵام شەنگم دایە بەر خۆم، خۆم ئازا کرد، پێویستە بەرگە بگریت. بەو شێوەیە دەمێنێت، بەو بەرنامەیە نەبێت ناگەڕێیتەوە لای دایکت.. دیارە دایکم کۆشش زۆر دەکات تا یارمەتیم بدا، شتێکم بۆ دەکات، ئەو کەسانەی چەند ساڵێک، بەیەکەوە کۆششمان کرد تا (خاتەمی) لە هەڵبژاردنەکان دەربچێ، دەگەنە هاوارم، هەندێک لەوانە لە نێزیکەوە خاتەمی دەناسن، ئەوانە ریفۆرمخوازن دێنە هانام، وا ئەوانە لە دەستەڵاتن..؟ زۆر بیرم لە (فائیزە) دەکردەوە، رەفسنجانی دێتە هاوارم و رزگارم دەکات.

کە بە زەبر لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە دەریان هێنام، ئامێرێکی میتالیان لە دەستم کرد، وتیان ئەوە هەوائییە، بەهۆی ئەوە تۆ شوێنمان دەکەویت، ئێمەش چاودێریت دەکەین، پیاوەکان کەسیان دەستیان نەدامێ، وەک کەسێکی نابینا دەڕۆیشتن، هەستم بەوە دەکردەوە من هەموو دەقەیەک زۆرتر تووشی ئازار و ناڕەحەتی دەبووم. بەڵام دەبووایە زۆر عاقل و ژیر بم، دەستیدەستییان پێ کردم، ئەوەلیاتەکانیان دەگۆڕییەوە، بەرپرسەکانی منیان وەردەگرت و منیان دەگۆڕییەوە، بەردەوام رۆیشتین، گوێم لە دەنگی زەنگێک بوو، منیان گەیاندە ژنێک ئەویش منی ناردە ژوورێکی دەرگە ئاسنینی داخراوی تاریک.

ژنەکە داوای کرد هێدی هێدی سەرپۆشەکەی سەر چاوانت لابەرە، تا بتوانیت سەبر سەبر چاوەکانت بکرێنەوە و پێشی خۆت ببینیت. ژنە پاسەوانەکە ژنێکی گچکەی ئەسمەر بوو، داوای لێ کردم جلەکانم لەبەر بکەمەوە، لەسەر مێزەکەی پێشمان دەستە بیجامەیەکی سپی هێڵدار و شادورێکی پۆلستەری رەنگین بە گوڵی بەنەفسجی و جووتێک سۆڵی پیاوانەی هەرزان دانرابوو.

پێی وتم:

بیجامەکە لەبەر بکە و سەرپۆشەکەی سەرت و گۆرەوییە رەشەکانت لەبەرکەوە. قەمیسە رەنگ مۆرەکەم و پانتۆڵە جینزەکەم و پاڵتۆیەکی دایکمم، پارچە پارچە لەبەر کردەوە، هەمووم لەناو کیسە رەشە پلاستیکەکە دانا، ئەوەی پێڵاوەکەی بردم، داوای کرد سەعاتەکەم و جانتاکەشم لەسەر مێزەکە دابنێم، سۆلەکە لەسەرپێ بکەم بەدوای بکەوم، منی بردە زیندانەکەم، منی لە ژوورەکەم پەستا و دەرگە ئاسنەکەی لەسەر داخستم. پێی وتم:

بێدەنگ دەبیت، لە دەرگە نادەیت، تێ گەیشتی..؟!

منیش باش تێ گەیشتم، پاش دە دەقە هاتەوە، شادورەکەی بۆ فڕێ دام و وتی:

خێرا بە ئامادە بە، تۆ بۆ لێکۆڵینەوە دەبەین..!

***

خۆم هێمن و ئارام راگرت، لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە چارەنووسم بەچی دەگات، هەستم کرد دڵم بە تەوژم لێ دەدا. ئەو دە دەقەیەی لێکۆڵەرەوەکە خەریکی نوێژ بوو، لێکۆڵینەوەکەم بە دە سەعات تەواو بوو، وام هەست دەکرد کەسی سێیەمیش لەگەڵماندایە، دەترسام وام دەزانی بەنهێنی شتەکان لە پشتەوەمان دەنووسرێنەوە، یەکێکی ترمان لە نێواندایە، بەوردی تۆمارەکان دەکات. کە ترپەی پێیەکانی دەهات، ترسم دەگەیشتێ، چرپەیەک دەیترساندم. دەترسام هەر ئەو پیاوە بمکوژێت، لەناو ژوورەکە دەهات و دەچوو، لێم نێزیک دەبووەوە سەری بە کتێبێک یان شتێکی تردا دەدام، کە لێم نێزیک دەکەوتەوە لە ترسانا دەبوومە سەهۆڵ، هەرچەندە لێدان و جنێوەکان توندتر و ناخۆشتر دەبوون، زۆرتر ترسم لێ دەنیشت... بەرووی دیوارەکە بە خۆڕاگری مامەوە، لەناو تاریکیی چاو بەستانەوەکەمدا وەستام، بەڵام بێ هیوا و نائومێد نەبووم، هیچ رۆژێ وا بێ هیوا نەبووبووم لێ نەهاتبوو بەیەکجاری هیوام نەمێنێت.

پاش چەند دەمژمێرێک لە لێکۆڵینەوەدا لەناو زیندانەکەمدا بەربوومەوە. یەکێک لە ژنە پاسەوانەکان قاپێکیی برنجی ساردی بۆ هێنام، برنجەکەیان بە کەمێک شۆربا تەڕ کردبوو. پاسەوانەکە وتی:

ئەوە خواردنی نیوەڕۆتە، کاتەکەی تێ پەڕیوە، بۆیە لەناو سەلاجە دانرابوو. پاش دوو سەعاتی تر کاتی خواردنی ئێوارە دێت، ئەگەر نوێژی نیوەڕۆ و عەسرت نەکردووە، دەتوانی دەستنوێژ هەڵگریت.. منیش وتم، بەڕاستی.. نوێژەکانم.. سەعات چەندە..؟ بۆ نوێژ راستبوومەوە، سەرم دەسوڕا، شادورەکەم بەرەو قیبلە راخست، نوێژم دامەزراند. قورگم وشک بووبوو، ئاویشم پێ قووت نەدەدرا، هیچم بۆ نەدەخورا، گەرووم گیرابوو، حەزم بەتەنیایی دەکرد، زیندانەکەم لە دارەمەیتێکی بەتاڵ دەچوو، دیوارەکەی بە بۆیەی سپی بۆیە کرابوو، دەرگە ئاسنینەکەی رەنگی شینیان لێ دابوو، ئەرزەکەیان بە رایەخێکی خاکی داپۆشرابوو، بەڵام تەڕ. لەسەر سەرم لەمپایەک هەڵواسرابوو، رووناکییەکی کزی دەدا، بۆشم نەبوو، لەمپاکە بکوژێنمەوە.

لێکۆڵەرەوەکـە چەند بـلانکێـتـێکی دامێ، داوای لێ کـردم، هـەمـوو دێرەکـانی بـە زانیـاری  پڕ بکەمەوە، پرسیارەکان زۆر بوون، وەک ناوی برادەرەکانت، خزمەکانت، پێوەندیت بەماڵەوەت، دایک و باوکت، مــەشــروبت خــواردووەتەوە یان نا و، چەند بڕوات بە خــوا هـەیە، کــار و پیــشــە و چالاکـیـیـەکـانت... زۆر بوون، لەژێرەوە لاپەڕەکـان بە خـەتێکی تۆخی رەش بەعـەرەبی نووسـرابوو، رزگاربوون لە راستگۆییدایە، ئەوەش کرابووە فارسی، لاپەڕەکانم لەسەر رایەخە تەڕەکە ریز کردن.

شـەوی یەکەمم لە زیندانا زۆر درێژبوو، هەر تەواو نەدەبوو، بەدرێژاییی ئەو شـەوە درێژە گوێم لە ناڵە و فـیـغـان و نووزانەوە بـوو، لە هـەمـوو گـۆشـەکـانـا دەنگ و گـریان دەهات، بەیانـیـیـەکـەی کـە دەرگەکەیان لێ کردمـەوە، لاپەڕەکانم کۆ کردەوە، دەستنوێژی بەیانیم هەڵگرت، کە نوێژەکەم تەواو کـرد، پاسـەوانەکـەم بانگی کـردم و وتی ئـامـادە بە، لێکۆڵەرەوەکـە چاوەڕوانت دەکـات، لە دەرەوە چاوەڕوانە زوو کە...! هەردوو سـۆڵـە لاسـتیکەکەی پێم لە پێـیـەکـانم گـەورەتر بوون، کە دەڕۆیشـتـم خـشـەیان دەهات. لە دوای لێکۆڵەرەوەکە دەڕۆیشتم شـادورەکەم زۆر تونـد بەڕوومـەوە بەسـترابوو، بەئاستەم پێیەکانی ئەوم لێوە دیاربوو، بە بڕوا بەخۆبوونەوە پێم گوت:

السلام علیکم، ئەویش وەڵامی دامەوە و وتی:

وعلکیم السلام.!

لە پێـڵاوەکـانیـیـەوە زانیـم ئەو وەک پاسـەوانەکـان نیـیـە، جـیـاوازیـی هـەیە. دیاربوو پێـڵاوەکـانی رەسـمـی بوون، چونکە رەنگیـان خـاکی بوو، پێـڵاوەکە بـەردەوام خـاوێن و بەبـریقـە بـوو، بەوە زانیم کەسـایەتییەکی بەرزی هەبوو، دەبێ پلەی سـەرۆکی ئیـدارەی لە وەزارەتی هـەواڵگری هـەبێت، تا لەو رەوشـە رزگـارم بێت، من پێویسـتم بە کەسـایەتیـیەکی بەهێز هەبوو، ئەگەر دەسـتـەڵاتدار و بەهێز بێت، دەتوانێ یارمەتیم بدات و رزگارم بکا.

کێشەکەم لەلای قازییەکی بەساڵاچوو بوو، لەناو ریشی داوی ڕەش دەبینرا، هـەر ئەو قازییە بوو، فەرمانی گرتن و پشکنینی ماڵەکەی ئێمەی دەرکردبوو، قازییەکە تەماشای منی کرد و وتی:

تۆ مرۆڤی یان دڕندە..؟! تێ بگە بڕیاری لەداردان چاوەڕوانت دەکات، لەگەڵ تۆمە تێ گەیشتی..! دۆسیەکەی منی کردەوە و دەستی بە خویندنەوەی کرد:

تۆ پێوەندیت بە ئیسـرائیلەوە هەیە، بۆ بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا و ئیسـرائیل کارت کردووە، کـارت بۆ رێکخراوە جاسووسییەکانی ئەمەریکایی کردووە، ئەوانیش بەرژەوەندییان لە رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، تۆ تاوانبار کراویت زانیاریت بۆ دەرەوە ناردووە، توێژینەوە و راپۆرتت ناردووە، هـەمـووش زیان و شکانی ئێـرانیـان مـەبەسـت بووە، تۆ دژی حـوکمی کـۆمـاری ئیسلامییت...! منیش وەڵامم دایەوە:

بڕوا بکە، ئەوانە هیــچـیــان راست نین، حــاجی ئـاغـا ئەوانـە راست نین.. مـن نووســەرم، من رۆژنامـەنووسم، من جـاسـووس نیم، هـەڵە دەکەن ئـەگەر مـن بە جـاسـووس ناو بـەرن..؟! من ئازاد

بکەن با بگەڕێمەوە ماڵەوە، من دەمەوێ بچمەوە ماڵ، لە خانەوادەیەکی دیار و بەڕێزم، لەو کارانەی ناوت هێنان سەرم دەرناچێت، لەناو ئیسرائیل کەس ناناسم، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی هیچ لە ڕێکخراوی ئەمەریکاییش کارم نەکردووە... لەگەڵ ئەو قسانەدا گریانم هات.. گریام.

قازییەکە ئیشارەتی بە دۆسیەکە دا و وتی:

هەموو شتەکان لەناو ئەو دۆسیەدا بە بەڵگە تۆمارن. برادەرانی پێشووتر وردەکاریی زۆریان ئامادە کردووە، تۆ بەئاسانی لە دەستی دادپەروەری ئیسلامی دەرباز نابێت، سزای جاسووسەکانیش لەداردان و مردنە، ئەو تاوانانەی تۆ کردووتن زۆر ترسناکن، پێوەندی بە جاسووسێکی ئیسرائیل.. بە خەمگینییەوە سەری بۆم هەژاند، ئەوە دادگەی دادپەروەرییە، ئەو دادگەیە شۆڕشگێڕییە، کەس بەخۆڕایی نادرێتە ئەو دادگەیە.. دان بەو کارانە بنێ و داوای مەغفیرە و لێبووردن بکە، ئەوەش سزاکەت کەم دەکاتەوە و خواش ڕەحمت پێ دەکات.!

زۆر لەسەرخۆ، زۆر بە بڕوابوونەوە، لێکۆڵەرەوەکە، وەک ئەوەی پارچە شیرینەمەنییەک باوێتە ناو دەمی، وەک چۆن بنووسێک بیەوێت چەند دێرێک لەسەر وەرزی بەهار بنووسێ، بەو شێوەیە، بەئاسایی لێی پرسیم، باشە کەواتە وەڵامی ئەوەمان بدەوە، تا ئێستا تۆ وەک کیژێک لەگەڵ چەند پیاو ماویتەتەوە، چەند شەوان لەگەڵ ئەو پیاوانە ماویتەوە..؟ نەمدەویست بڕوا بکەم، چۆن ئەو پرسیارەم لێ کرا، بڕوام نەدەکرد، گوێم لەو قسەیە بوو. بەردەوام بوو ئەو وتی:

خۆت لێمان مەکەرە کەسێکی بێتاوان و پاک، من بەڵگەم پێیە تۆ لەگەڵ گۆشتفرۆشەکەتان ڕات بواردووە، قسە بکە هەی قەحبە، بۆ قسەیەک ناکەیت، هەی جاسووس، تۆ پاکیزەیت..!؟ باشە لە بەردەم من بوویتە کەسێکی لاڵ دەنگت نەما، من ئێستا بە بەڵگە یەکەم جار کە تەسلیم بوویت، ئەوەت بۆ دەسەلمێنم، ئەوەت بۆ روون دەکەمەوە، خۆت قسە بکە... ئەگەر هیچ شتێک نەدرکێنیت، ناچارم ڕەوانەی ژێرزەمینەکەت بکەم.!

دەمزانی ئەو ژێرزەمینە مانای چییە، دەمزانی ئەوەی بچێتە ئەو شوێنە چارەنووسی چیی بەسەر دێت، بینیم، ئەو ژنەی ناوی شێتیان لێ نابوو، لەوێ وای لێ هاتبوو، هاواری دەکرد، بمبەنە دەرەوە (نفیسە)ی خوشکم لە دەرەوە چاوەڕوانم دەکات، من دەمەوێ ئەو ببینم، لەناو ساڵۆنەکان دەنگی دەهات، هاواری دەکرد، گوێم لێ بوو دەرشایەوە، لەسەر ئەرزەکە پەلەواژ دەبووەوە، دەبورایەوە. بانگی پاسەوانەکانی دەکرد، بانگی ژنەکانی دەکرد، بۆ خوا پەنای دەبرد، کە گوێم لە هاواری دەبوو، دڵم توند و بەهێزتر لێ دەدا، ترپەکانی بە هێز دەبوو. بە حاجی خانمم وت:

ئەو ژنەی هاواری دەکرد لە ژێرزەمینەکە چی بەسەر هات، ئەویش پرسیی... ژێرزەمین، دەتەوێت ئەو ژێرزەمینە بە چاوی خۆت ببینیت، لەیلا دەرگەکەی بەسەرمدا داخست و بە پێکەنینەوە وتی:

إنشاالله ئەو ژێرزەمینەت نیشان دەدەم، ئەو بوارەت بۆ دەرەخسێت.

بەڵێ هیواکەی لەیلای پاسەوان هاتە دی، منیان ڕاپێچی ژێرزەمینەکە کرد، دەستیان ڕاکێشام،

منیـان دەبرد، هاوارم لێ هـەڵسـتـا، من ناچم بمـگێڕنـەوە، هـەمـوو شـتـەكان دەڵێم چیـتـان دەوێت، هیچتان لێ ناشارمەوە، ناچمـە ئەو ژێرزەمینە، چۆكەكانم دەلەرزین، پاسەوانەكان دەستیان گرتم، وەک تەیرێک لە ئاسمـانەوە بەرزیان كردمەوە، منیـان بەرز كردەوە، بۆ ژووری لێكۆڵینەوەكان منیان برد، من بەرگەی ئازار و ئەشكەنجە ناگرم، تكا دەكەم دان بە هـەموو شتەكان دەنێم، سوێند دەخۆم هـەمـووی دەڵێم، قـەسـەم بە خـوا هـەمـوو قـسـەكان دەكـەم، لەناو ژوورەكە زوو لێكۆڵـەرەوەكـەم هاتە وەڵام:

بێدەنگ.. قـەحـبـە تۆ ناوی خـوای گـەورە مـەهـێنە، ئـەو ناكـەوێتـە نێوان ئەو كارانـە.. بێدەنگ بە. دیارە ئێستا هۆشت هـاتەوە بەر خۆت عاقڵ بوویت. دانیشـە لیستی ناوی ٦٧ پیاوم پێیە تۆ ئەوانە دەناسی، لە سـەرەتاوە بۆم بگێڕەوە، یەک یەک..!

زۆرم درۆ بۆ كرد، چیـرۆكی زۆرم بـۆ هـەڵبـەسـتن، ناوی زۆرم دۆزییـەوە، لەناو لیسـتـەكە ناوەكانم هێنا، وتم ئەو ناوانە هـەمـوو راستن، لەناو ناوە سـەیرەكان، با راستگۆ بم ناوی ناوداری ناو ئێرانی تێدا بوو، لە یەكەم دانپێدانان راستیم وت.

بەیانـی زوو بوو، من و دایكم لەناو ئۆتۆمـۆبێلە رینـۆیە شـینەكـەمـان بووین، لە سـوڕانەوەیەكـدا دایكم زۆری نـەمـابوو لـەگـەڵ ئـۆتـۆمـۆبـێلیـكی مـۆدیل نوێ لـەیەک بدەن، زوو دایكم ئاگـەدار كـردەوە، مامـا وریا بە، پێش ئەوەی دایكم ئاگەدار بكەمەوە ئەو زووتر سـوكانەكـەی كەمێک راست كردەوە و لایەكی تری گرت و ئیـسـتـۆپـێـكی بەهێزی گرت، كابرا جـامـەكەی كـەمێ داگرت و سـەری دەرهێنا، دایكیـشم پـەنجـەی تووڕەیی بـۆ شـەقـاند، بـەڵام هـەرسـێكمـان سـەرسـام بووین، كـوڕەكـە لە ئۆتۆمـۆبێلەكەی دابەزی و دایكیـشم نەرمی كێشـا، تووڕەییـیـەكەی نەهێشت. ئەو بەیانییـە پێش دە سـەعات ئەو پیاوەی لەناو فـڕۆكەخـانەی مـیـهرباد زۆر بە من سـەرسـام بووبوو، گوومم كردبوو بە رێككەوت، وا هـاتـەوە پێـشم ڕووبەڕووم هـاتەوە، بەئـاسـانی هـاتـەوە بەردەمم، لە هـەمـان گـەڕەكی خۆمانیش دەژێت.

– كە هـاتینە دەرەوە من زۆر چاوەڕوانم كردی، چیت بەسـەر هات، ویسـتم یارمـەتیت بدەم، هەر بزربوویت..؟؟

لە ئاكـاری بزە و شـیـرینی لـێ دەباری، بە روویەكی خـۆشـەوە قـسـەكانی دەكرد. منیش وەڵامم دایەوە:

– ببوورە دیاربوو، تۆ زۆر سەرقاڵ بوویت، نەدەكرا منیش زۆرتر بێزارت بكەم.. ببوورە.

***

لە ٢١/ ٧/ ٢٠٠٧ تا ٦/ ٨/ ٢٠٠٧ بە زەنجیرە لە رۆژنامەی ئەلقەبسی كوێتی بڵاو كراوەتەوە.

# که دایکم دەمرێت
# من ڕۆمانێکی سێکسی دەنووسم

ئیزابیل ئەلیندی

**پارچەیەک لە ڕوحی ئیزابیل ئەلیندی بووە بە ئینیس**

ئیزابیل ئەلیندی ئەو ژنە ڕۆماننووسەیە کە زۆرترین خوێنەری بەزمانی ئیسپانی لە جیهاندا هەیە، ئەو ژنە بەخشکەری ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانیەتی و ژنێکی بەجەرگ و ئازایە و زۆر تێکۆشەرە و عاشقێکی گەورەیە و حاڵەتی مەزنی ئەڤینی تێدا بەرجەستەیە، لەگەڵ ئازایەتییەکەی کەسێکی زۆریش سادە و سرووشتییە. چەندان ڕووداو و پێشهات ڕۆڵیان لە ژیانی ئیزابیل ئەلیندی گێڕاوە و ئەوانەش کاریگەری بۆ دواڕۆژی ئەو هەبووە.

لە یەکەمین پرۆسەی هاوسەرکارییەکەیدا ئەو بۆی هەبوو لە ماڵەوە دەربچێت و بفڕێت، لە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٣ ئەو بەناچاری لە تاراوگە ماوەتەوە و دوو منداڵی لەوێ بووە. یەکەمین ڕۆمانی بەناوی (ماڵی ڕوحەکان) نووسیوە کە یەکێک بووە لە شاکارە گەورەکانی جیهان، لە پرۆسەی دووەمی شووکردنەکەی سەفەری ئەمەریکا دەکات و لەوێ دەمینێتەوە و ڕەگەزنامەی ئەمەریکی وەردەگرێت و تا ئیمڕۆش ئەو ڕەگەزنامەیەی ماوە.

کە (پاولا)ی کیژی یەک ساڵ دەبووریتەوەو پاشان دەمرێت، ئەو ژنە زۆر دەهەژێت، چونکە مردنی کیژەکەی لە ئاکامی هەڵەی دوکتۆرەکانەوە بوو، ئەوەشی لە ڕۆمانیکدا بەرجەستە کردووە، ئەو وەنەبێ تەنیا لە ڕۆمانەکانیدا بوونی هەبووە و بگرە لە ڕوحی و لە دیمانەکانیدا و پاش چواردە ساڵ بوونی هەبووە.

ئەو ژنە کورتەباڵایە بەجوولەیە زۆر بەخشندەیە و بەردەوام میوانی هەیە و حەز بەخزمەتکردنی

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی



مێوانەکانی دەکات و ئەوەش بەقسە ناگێڕدرێتەوە. (ویلی)ی مێردی ئیمساڵ ڕۆمانێکی چاپ کردووە. نووسینگەی ئەو ژنە لە ماڵەکەی خۆیەتی و بوویتە پەرستگایەکی پیرۆز بۆ ئەو، ساڵانە شەش مانگ لەو ماڵەدا دەرگە لەسەر خۆی کلیل دەدات و کار دەکات، بڕیارە لە ڕۆژی هەشتی مانگی ینایردا دەست بکا بە نووسینی شاکارێکی تری.

پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ئینیس خۆشەویستی روحەکەم کە لەلایەن دەزگای بلاسا وخانس دەرچووە، باس لە ژنێکی عاشق دەکات کە لە سەدەی شازدەم خەباتی کردووە و نمونەی ژنێکی قارەمان بووە. ئینیس سواریس ئەو ژنە گەنجە ئیسپانییە هاوولاتیی شاری کاسیریسی ئیسپانیا بووە و ڕۆڵی زۆر کاریگەری بووە لە بەرنامەی داگیرکردنی شیلی کە زێدی ئیزابیل ئەلیندییە، ئەو وەک پیاوەکان هەموو کارێکی لەدەست هاتووە و وەک ئەوان شەڕوانێکی ئازا و بوێر بووە، بەڵام کە زانیویەتی لەبەرئەوەی ژنە بەچاوی کەم سەیری کراوە و چەوسێندراوەتەوە، بەوەیان ئەو ژنە کۆڵنەدەرە زۆر تووڕە بووە.

ئیزابیل لە هەڵبژاردنی پاڵەوانی ڕۆمانەکانیدا حەزی کردووە کەسایەتی بەهێز هەڵبژێرێت، ئەوانەی سەربردە و بەسەرهاتی سەیر و بەتوانایان هەیە، ئەوانەی لە کاروانی ژیاندا لە هیچ شتێک نەدەسلمینەوە و ژیانیان بەگاڵتە و بەسادەیی وەرنەگرتووە، ئەوانەی هزری مرۆیانەی کۆمەڵی هاوبەشیان هەبووە، ئەوانەی ڕۆڵیان هەبووە کەسێک دەستەگەری بۆ ژیان و ئاوەدانی ساز بکەن، ڕەنگە ئەوانەش کەسایەتی باش و دیاریشیان بۆ ئەدەبیش نەبووبێت، بەڵام ئەو بەو جۆرە

کاری کردووە.

مێژوونووسان باسی دەوری ئەو ژنەیان نەکردووە کە ئیزابیل لە رۆمانەکەیدا باسی کردووە، وەک خۆی وتوویەتی:

پیاوە سپیپێستەکان لەو جەنگانەدا سەردەکەون، دیارە کەوا مێژوو بووەتە موڵکی نێرینەکان، ئەوانن مێژوو دەنووسنەوە و کەسە مەلەوەنەکان ئەو کەسانەن کە بزێون، هیچ دەنگیان نەبووە و چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان تۆمار نەکراوەو نەنووسراوەتەوە، ئەگەرچی ژیانیان تەژی بووە لە بەسەرهاتی ژان و مردن و ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشییەکان.

رۆژنامەنووسی ئەمەریکایی فرجینیا دریک لە ئیزابیل دەپرسێت، تۆ لەو رۆمانەدا باس لە داگیرکردنی شیلی لەلایەن ئیسپانیاوە دەکەیت کەچی ئیمرۆ وا ئیسپانیا دەڵێت ئەوەی لە سەدەکانی زووتر رِوویان دا بەشێک بووە لە دۆزینەوەی ئەمەریکا و لەوەشەوە تێکەڵبوون و تەریببوونی کولتوورەکانە نەک داگیرکردن، ئەو لە وەڵامی پرسیاری ئەو ژنە وتوویەتی:

داگیرکردنی ئەمەریکا بەو شێوەیە نەبوو، هێزێکی دەرەکی لووتبەرزی گەورە بوو کە ئەو کیشوەرەی داگیر کرد و هەموو کولتوور و شێوەکانی بوونی ئەوانی گۆڕیوە، ئەوان ئاین و رەگەز و زمانیان گۆڕیوە. ئەو کەسایەتییەی کە من لەو رۆمانەدا هەڵم بژاردووە کەسێکی خەیاڵی نییە، من خۆم دروستم نەکردووە، ئەو ژنە قارەمانە لە مێژوودا بوونی هەبووە، لەسەر زاری ئەو و لەبەر رۆشناییی ژیانی ئەو ژنە من دووبارە چەند دەقێکم نووسیوەتەوە، بەڵام ئەو ژنە لەسەر ئاستێکەوە ژنێکی لەبیرکراو بووە.

## داگیرکەران لەگەڵ میللەتان میگراشوون نابن

داگیرکەرەکان لەگەڵ میللەتانی ئەو وڵاتانەی داگیری دەکەن ئاوێتە و میگراشوون نابن، بەڵام ئیسپانییەکان وا نەبوون لەگەڵ میللەتەکان تێکەڵبوون، ئەلیندی بەگاڵتەکردنەوە و بەو جۆرە وەڵامی رۆژنامەنووسەکەی دەداتەوە:

(راستە هەرچەند لە هەر نەتەوەیەک هەرچەند منداڵی رەچەڵەک بناخەقووڵ زۆر بن، ئەوا موڵکیەت و تەبیعەت گەرمترە. بەهەرحاڵ ناکرێ من کەسێکی کینەلەدڵ بم، چونکە من ژنێکی هاووڵاتیی ئەمریکای لاتینیم، من خۆم زۆر بەقەرزاری ئیسپانیا دەزانم، راستە لەو دەڤەرەدا ساڵانێکی دوور و درێژ کۆمەڵکوژی و کارەسات و نەهامەتی هەبوو، ئەوەش رووێکی هۆڤیانەی جیهانە لە داگیرکردن و شەڕە دژوارەکان، ئەوەش لە کیشوەری ئەفریقیا و ئەسیاش رووی داوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەو ناوچانە و لەو رەوشانەدا نەتەوە ئەسلییەکان لەگەڵ چینە باڵادەستەکان تێکەڵ نەدەبوون و بە پەراوێزی دەژیان و دووربوون لەو کولتوورە هەمەرەنگەی پەیدا بوو، کە تێدا شێوەیەک لە ئیمپراتۆریەت بوونی نەبوو کە لەگەڵیاندا بەخشندە بن، ئەوان بەردەوام

ڕقیان بەڕووی ئەو نەتەوانە هەبوو و ئەوەش بەدرێژاییی مێژوو هەبووە.

من لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئەسپانیا وەک کەسێکی ئەمەریکای خوارو سەیرکراوم و وەک کەسێکی ڕەشپێستی هەژار تەماشا دەکرام.

لە وەڵامدا ڕۆژنامەنووسەکە بەشداری ڕاز و قسەکەی دەکات و ئەو دەڵێت:

ئیسپانییەکان بۆ دۆزینەوەی زێڕ ڕوویان لەو وڵاتە دەکرد، ئێستاش وا هەڵسوکەوت دەکەن کەوا هەموو زێڕەکان لەکن ئەوانە.

ئەلیندی بەژانەوە و بەو جۆرە وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکە دەداتەوەو دەڵێت:

لە ڕاستیدا کە من ئەوە دەبینم زۆر ناڕەحەت دەبم، چونکە من لەو ڕەوشەدا ژیاوم، لە ساڵی ١٩٦٨ کە لە ئیسپا نیابووم وەک ئەمەریکییەکی خوارووی ڕەش سەیر دەکرام، ئەوەش دەستەواژەیەکی ناشایستە بوو، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەستەواژەیە وەک ئیسپانییەکان بەو جۆرە بەکار بێت، ئەوان ڕووبەڕوو ئەو قسەیان پێ دەوتم، من کەسێکی هەژار بووم پارەم نەبوو، وەک کەسێکی ڕەشپێستی بێ پارە و بێ کارتی کارکردن نەدەکرا بۆ خۆم شوقەیەک بەکرێ بگرم، بۆیەش ناچار بووم لە ئیسپانیا دەربچم و بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم، چونکە من بەهیچ شێوەیەک بەرگەی ئەو ژیانەم نەگرت و دەرچووم، دیمانەکەش بەو جۆرە بەردەوام بوو.

لە ئیسپانیا بیرەوەری تاڵ و شیرینم هەیە، وەک مردنی کیژەکەم و سەرکەوتنە گەورەکەی خۆم.

* تۆ لەو ئەزموونە بەسەرهاتی تاڵترت لە ئیسپانیا هەبوو، وەک مردنی کیژەکەت لەبن دەستی دوکتۆرە ئەسپانییەکان، ئەوەشیان لە ئاکامی هەڵەی دوکتۆرەکانەوە بوو...؟

- ڕاستە من لە ئیسپانیا بیرەوەری و بەسەرهاتی تاڵم هەیە، وەک مردنی کیژەکەم، لەبەرئەوەی من لەو وڵاتەش کارەکانم دەرکەوتن و سەرکەوتنیان بینی، بۆیەش ئەوەیان ڕوودواە شیرینەکان بوون، لەو ڕۆژەوە پێوەندییەکی شیرین و ڕقێکی مەزنی بەیەکەوە گرێدراو بەو وڵاتەم دەبەستێتەوە، ئەو پێوەندییەش وەک پێوەندییەکەی ئیسپانیایە بە ئەمەریکای خواروو، لە پێوەندییەکی دوولایەنی و بەهێزە.

پاش ئەو پرسیار و وەڵامە دیمانەکە ڕووێکی تری وەرگرت.

سەرۆک تشابیس کەسێکی شەڕانگێزی بەهێزی هەبوو، ئیبو مورالیس مرۆڤێکە لە هاووڵاتییە دێرینەکانی ناوچەکە نێزیکە و لە چینە هەژارەکانەوە هاتووە و گەیشتووەتە پایەکی بەرزی سەرۆکایەتی لە وڵاتێکی ڕەگەزپەرست کە تێدا سپیپێستەکان ماوەی پێنجسەد ساڵە دەسەڵاتیان بەسەردا هەبووە.

* چۆن دەڕوانیتە ئەو کەسایەتییە چەپانەی ئەمەریکای خوارووی وەک ئیبو موراليس و لولاو تشابیس...؟

– ئەمەریکای خوارووی لە چارەسەری کێشەکان دەگەڕێت، لە بژارەکان چاو دەگێڕێت، بۆشاییەکی گەورە و دیاری مەزن لە نێوان هەژارەکان و دەوڵەمەندەکاندا هەیە، ئیمڕۆ ئەوە بوونی هەیە، لە ئاراستە سیاسییەکە ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان سەرۆکی شیلی میشیل باشلیت و هۆگۆ تشابیس بکەیت، بەراورد لە نێوان تشابیس و لولا ناکرێت، ناکرێ بەراورد لە نێوان ڤیدل کاسترۆ و لولا بکرێت.

* تۆ وا نازانیت کەوا تشابیس و ڤیدیل کاسترۆ و ئیبو موراليس زۆر لەیەک نێزیکن و باش لە یەکتری تێ دەگەن...؟

– کەسایەتیی سەرۆک تشابیس زۆر شەرانگێزییە، بەو رەوشە و لەو رۆژانە بەکەڵک ئەوە نایێت هاوپەیمانیی لەگەڵدا بکرێت. کەسایەتی باشتر لە هەموویان ئیبو موراليسە، چونکە یەکەم جارە هاووڵاتە دێرینەکانی دەڤەرەکە لە خەڵکە هەژارەکە و لەو وڵاتە نەژادپەرستییەدا بگەنە پۆستی باڵا، کە تێدا سپیپێستەکان ماوەی پێنجسەد ساڵە ئابووریی وڵاتەکەیان کۆنترۆڵ کردووە.

* ئاخۆ لەگەڵ چەپەکانی تری ئەو جیهانە جیاوازن...؟

– ئەوەیان شێوازێکی جیاوازە کە پیاوێک لە مەیدان دەبینیت، من زۆر گەشبینم، من وا دەزانم ئەو چالاکییانە زۆر پێویستن، ئەوەش کاردانەوەیەکە دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرحەق بەو هەڵسوکەوتەی بەڕووی ئەمەریکای لاتینی کردوویەتی، چۆن زۆر بەشێوەیەکی ناشایستە مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەگەر ئەمەریکا هیچمان نەداتێ، بۆ دەبێ ئێمە شتی پێشکێش بکەین.

* هەست ناکەیت پشت لە ئەمەریکا بکەن زەرەر دەکەن...؟

– بەڵێ، ئەوەیان زۆر مەترسیدارە، بەتایبەتی ئەگەر لەوان زۆر نێزیکیش بیت، هەرچەند مەترسیش هەبێت و دەسەڵاتەکەی لەو رۆژانە سنووردارە، ناکرێ ئەو ڕووبەڕووی هەموو جیهان ببێتەوە.

* تۆ کە رەگەزنامەی ئەمەریکاییت هەیە و لە سان فرانسیسکۆش دەژیت و ئەو جۆرە قسانەش دەکەیت، ئەوەیان مانای چییە...؟

– منیش وەک نیوەی میللەتی ئەمەریکی لە ئەمەریکا دەژیم، بەڵام رەگەزم جیاوازە.

## باکگراوندە ئاینییەکە

* ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وڵاتێکی ئازاد و سەربەستە، بەڵام وا دیاردەی توندڕۆیی پێوە دیار دەبێت...؟

– ئێمە وەک کەسی ئەمەریکا هەست دەکەین کەوا زۆرتر خەڵکە بە ئاین هۆگر دەبێتەوە، فیویدمالیستی لەلای چەپە کریستیانەکان توندکار بووە، ئەویش وەک ئوسولیەتی تاڵە بەنەکانن، ئەگەر بۆیان بچێتە سەر دەمانخەنە ناو پەچە و نیقاب و تەنیا کونی چاومان بەدەرەوە دەبێت، ئەوان لەگەڵ توێژینەوە زانستییەکاندا نین، لەسەر بیردۆزەکەی داروینیش نارەزاییان هەیە، هەروەها لەسەر سنووردارکردنی وەچەنانەوە و لەباربردن بۆچوونیان هەیە. مووبەشرە ئینجیلییەکان دەڵێن دەبێ ژنان پاشکۆی پیاوان بن، ڕێژەی کریستیانە ئوسولییەکان دەگاتە ٢٣٪، من وا دەزانم ئەو مەسەلەیە ترسناکە و کاردانەوەی بەتەوژمیان لە میدیاکانەوە پەیدا دەکەن و لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا رۆڵیان هەیە و لەسەر داد و یاساکانیش قسەیان هەیە.

* سیاسەتمەدارە ئەمەریکاییەکان ئاین لە گوتارەکانیان ئاوێتە دەکەن...؟

– بێگومان وایە ئەگەر وا نەکەن دەنگیان نادەنێ، دیارە ئەوانیش ڕێژەی ٢٣٪یان دەوێت، من ئەوە بە دیاردەیەکی ترسناک دەزانم لە ناخەوە خەمگینم دەکات، ئەو کۆمەڵگەیە هاوشانی توندڕۆییەکە کە لە توندڕۆییەکەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت، تەژییە لە لەشفرۆشی و توندکاری و رەقکاری.

* تا باش لە گۆڕانەکانی جیهان شارەزا بیت، وا باشە سەفەر بکەیت، دیارە کەوا ئەمەریکاییەکانی باکور کەم سەفەر دەکەن...؟

– ویلایەتە یەکگرتووەکان وڵاتێکی لادێی و نەتەوەییە تەنیا سەیری ناوەوە دەکات، ئەوەش مانای ئەوەیە کەوا پێوەندییەکان بەناوەوە بێ ئاگات دەکات لە جیهانی دەرەوە، ئەوەی جێگەی سەرسامییە ڕێژەی ١٠٪ پەرلەمانتارەکانیان پاسپۆرتیان نییە، چونکە لە وڵات دەرناچن بۆیە پێویستیان بەپاسپۆرت نەبووە. بوش پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەمریکا یەک جار سەفەری دەرەوەی کردبوو، ئەویش لەگەڵ باوکی سەردانی فەرەنسای کردبوو، کە گەڕاوەتەوە وتبووی بەو سەفەرە زۆر دڵم توند بوو، لەو وڵاتە کەس مێژووی جیهان ناخوێنێتەوە، هەموو کەس ژیاننامەی ئەکتەر خۆشەویستەکەی دەخوێنێتەوە، بەڵام نازانن ئەمەریکا لەسەر نەخشەی جیهان دەکەوێتە سەر کام خاڵ، جارێکیان لە پێشبڕکێیەکی تەلەڤزیۆندا داوای لە ئامادەبووان دەکرد شوێنی وڵاتەکەیان لەسەر نەخشەکە دیار بکەن، زۆر لە بەشداربووەکان ئەوەیان نەدەزانی. ئەوان وا دەزانن نەخشەی جیهان تەنیا ئەمەریکایە، کەسیان نەیاندەزانی ویلایەتەکەیان دەکەوێتە کام

بەشی نەخشەکە.

* دیارە کەوا ئەوان وا بیر دەکەنەوە پێویست ناکات ئەو شتانە بزانن...؟

– ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کاتی جیهانگیرییە، هەموو زانیارییەکان بەئاسانی دێتە بن دەستت، گەنجە ئەمەریکاییەکان بەئەنتەرنێت بەئاسانی لەگەڵ کەسانی دەرەوە قسە دەکەن، بۆ نموونە لەگەڵ کەسێک لە ئەسیوبیا دیمانەیان دەبێت، بەڵام نازانن ئەو بەشە، ئەو وڵاتە دەکەوێتە کام بەشی جیهان، ئەوان لە جیهانێکی ئیفتیرازی دەژین.

* ئەگەر کودەتاکەی یازدەی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٣ لە وڵاتی شیلی نەبووایە تۆ دەبوویتە نووسەر...؟

– لەو مەسەلەیەدا زۆرم گومان کردووە، رەنگە لەسەر کاری رۆژنامەوانی دەمامەوە، بەڵام دەڵێم من بەبێ ئەدەب ناتوانم بژیم، من بەئەدەبەوە دەژیم.

* رۆژێک لە رۆژان پابلۆ نیرۆدا ئەو ئامۆژگاری کردبوویت و تۆش بەقسەت کردبوو، ئەو وتبووی: کە تۆ توانای ئەوەت هەیە بابەت هەڵبەستیت و وەستایانە دەتوانیت بیانورووژێنیت، واز لە کاری رۆژنامەوانی بهێنە و خۆت بۆ ئەدەب تەرخان بکە، کە تێدا عەیبەکان دەبێتە چاکە و تاوان و گوناحەکانیش دەبنە فەزیلەت.

– بەڵێ، ئەگەر ئەو درۆیانە رەگوریشەیەکی قووڵی راستەقینەی نەبووایە، لەناو کتێبەکان مەسداقیەتی نەدەبوو و کاریگەریشی نەدەبوو.

* بڕوا دەکەیت لە کۆتاییی دادپەروەری لە شیلی بەرقرار دەبێ...؟

– پێش ئەوەی دادپەروەری بەرقرار بێت بینوتشیە دەمرێ، بەڵام هەر هیچ نەبێت کۆششێک هەیە. ڕاستییەکە دەزانرێت و سەرەتای ئاشتەواییەکەش ڕاستییەکەیە، هەموو هاووڵاتییانی شیلی ئەوە دەزانن و لە ڕاستییەکە تێگەیشتوون، ئەگەر کەسێکی دەبەنگی شێت هەبێت رەکابەرایەتی بکا، بڕوا ناکەم کەس لە شیلی هەبێت دان بەوەدا نەنێت کە چ لە شیلی روو دەدات. وا دەزانم لەدادگەدانی هەموو ئەو کەسانەی دەبێ یاسا لێپرسینەوە و دۆسیەیان بۆ بکاتەوە سەرەتای ویست و مەرامەکانمانە، بەڵام دەزانم ئەوەش زەحمەتە، چونکە لەو جیهانەدا کەسانێکی زۆر لە دەست دادگە دەربازبوون و سزا نەدراون.

* دوو کەس ئامادەییان هەیە و بە ئیزابیل ئەلیندی ناسراون، یەکێکیان کیژی سلفادور ئەلیندیە و دووەمیان کیژی مامتە کە لە خەباتی سیاسی بەردەوامن.

– وەک ئایدلۆجیا هەردووکمان هەمان ڕێبازمان هەیە، بەڵام بەئاراستەی جیاواز دەژین، جاری وا هەبوو ئەو داوای لێ کراوە لەسەر کتێبەکانم ئیمزا بکات، لەسەر داوای خوێنەرەکانم ئەوەش دەکات. کە دەڵێن تۆ بەشداریت لە خۆپێشاندانێکی حزبی شیوعی لە ئیتاڵیا کردووە، منیش لە وەڵامدا دەڵێم بەڵێ من بەشداریم کردووە، هەردووکمان بەوانە دڵشاد و سەرفرازین.

## بیشلیت کێیە...؟

* ئاخۆ تۆ میشیل بیشلیت ناس دەکەیت...؟

– بەڵێ، بەڵام زۆر نا، ئەوەی گرینگە ئەو بەکارنامەی خۆی گەیشتووتە دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی دەستی کەوتووە لە کەس بۆی نەماوەتەوە، ئەو وەک مارگریت تاتشر وەک پیاوێک کاری نەکردووە، ئەو ژنە تەنوورەی لەبەر دەکرد و بەڵام کاری پیاوانەی دەکرد، پیاوێک بوو بەجلی ژنانەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژە و سەرسامییە میتشیل بیشلیتی ژن و دایک، ستافەکەی نیوەیان ژن بوون کە هاتنە ناو حکوومەت، ئەو یەکەم ژنە کە ئیدارەی دەوڵەتی بەهاوبەشی کردووە، هیوادارم ئەو لە کارەکەیدا سەربکەوێت، چونکە شکستی ئەو بەرئەنجامی شوومی دەبێت.

* چالاکییەکانی ئیزابیل ئەلیندی چۆنە...؟

– من کە پاولای کیژیشم مرد دانەوەشام، من بەرگری دەکەم و ناکەوم.

* کە ڕۆمانێکت سەردەکەوێت و زۆر ناو دەردەکات، ئاسانە بتوانیت یەکێکی تر بنووسیت...؟

– (بەپێکەنینەوە) دەتوانم سێیەمیش بنووسم، ڕۆمانی ماڵی روحەکان بۆ من وەک مامۆستایەک وابوو، ئەوە بیست و پێنج ساڵە لە بازاڕ بوونی هەیە و بەردەوامیش سەرلەنوێ چاپ دەکرێتەوە، ناکرێ لەگەڵ کتێبێکی نوێ بەراورد بکرێت، ئەوەی جێگەی باسیشە کەوا ئیمڕۆ ڕۆمانی پاولام یەکێکە لە شاکارەکانی جیهان.

* تۆ وەک پێویست ژانەکانت دەرنەخستووە و چیرۆکەکەت وەک خۆی نمایش نەکردووە...؟

– نەخێر، ئەوەیان تەواو بەپێچەوانەیە، تەنیا من ویستوومە ژانەکانی خۆم بە خەڵکەکە بناسێنم، خەڵک لەگەڵ خۆم بەشداریی پرسەکەم بکەم، کە من ڕۆمانی پاولام نووسینی هەزاران نامەم بەدەست گەیشت، کە هەمووم لەناو سکۆپ و قووددەییەکان پاراستوون. بەشێک لە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە ئەو نامانەیان لە ڕۆمانە بەگرانتر و پیرۆزتر سەیر دەکرد، بۆیەش بەشێکیان بڵاو کردەوە، خەڵکەکە ژیانی خۆیان لەناو چوارچێوەی ژیانی من دەدۆزییەوە و هەموویان هەمان

کۆستیان بەسەردا هاتبوو، لە ژیاندا خەمی گەورە بەرۆکی گرتبوون.

* لە کۆتاییی ئەوەی ژیان بەتۆی دابوو، وەری گرتەوە، وەک ئەوە وایە کە ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە ژیان تا هەموو شتەکانیش بدەینەوە و لێمان گووم ببێت.

– بەڵێ، گوومم کرد و دووبارە سەرلەنوێ گەڕامەوە سەری، بۆیەش بەردەوام دەمەوێ ئەو ژانەم بەبیردا بێتەوە و لەگەڵیدا بژیم، ئەو ماوەیەی پاولای کیژم لە مەرگ نێزیک دەبووە و ژانی مردنی دەهاتێ، من لەو دەمانەدا زۆرتر هەستم بەژان کردووە، تا هەڵسامەوە سەرپێیان سێ ساڵی خایاند. بەو کارەساتە من بوومە ئەو ئادەمیزادەی کە ئیمڕۆ بوونم بەو شێوازە هەیە، نامەوێ هەرگیز ئەو ڕووداوە جەرگبڕەم لە بیر بچێتەوە.

* پاش ساڵێک لەوەی تۆ پاولای کیژت لەدەست دا ویلی مێردت کیژێکی مرد، دەڵێن کارەساتەکان ناچنە ناویەک، بەڵام لە دوا ڕۆژدا دەبێتە هۆکارێکی ناڕەحەت.

– من و ویلی زۆرمان نەمابوو لە یەکتری جیا ببینەوە و کێشەمان زۆر بوو، بەڵام لەو ناخۆشییانە و لە کاتی دڵدانەوەکان بۆ ئارامبوونەوە دەروونییەکان لەو کێشەیە دەربازمان بوو، کە پاولا نەخۆش کەوت ئێمە کێشە و گرفتەکانمان پشتگوێ خست و ناکۆکییەکانم لە بیر چووە، من چوومە ئیسپانیا و دوو ساڵ دوور کەوتمەوە، کە کیژە نەخۆشەکەم هێنایەوە و دنیام لێ وێکهاتەوە و ژیان لەلای من تامی نەما و پاش مردنەکەشی خەمەکانم لەناو نووسینی کتێبدا کۆ کردەوە. ویلی هاوسەریشم هەستی دەکرد من لەو دوورم و نەدەکرا بگاتەوە من، پاش ئەوە لە کارەساتێکی ترسناکیش کیژەکەی ئەویش مرد، ئەو هۆگری مادەی بێهۆشکەر بووبوو، بەوەیان مرد و لە پاش خۆی کۆرپەلەیەکی لاواز و نەخۆشی لە پاش بەجێما.

* ئای کە خەمی مەزن بوون!

– ئاهەکەم، من ئەو دەمانە بیرم لە تەڵاق دەکردەوە، ویلیش وەک من بیری لەوە دەکردەوە، ئەو وتی: وا چاکە دوکتۆریکی دەروونی ببینین. من وەڵامم دایەوە چارەسەری دەروونی چییە...؟ من لە ڕەوشێکی مەترسیدارا دەژیام، لە شیلی بەو کەسانەی سەردانی دوکتۆرە دەروونییەکان دەکەن دەڵێن شێت، شێتەکان پێویستیان بەو چارەسەرییە هەیە، (بەپێکەنینەوە) شێتەکان و ئەرجەنتینییەکان دەچنە کن ئەو دوکتۆرانە، ڕاستییەکەش ئەو چارەسەرییە ئێمەی دەرباز کرد.

* چارەسەرییە دەروونییەکە چۆن بوو...؟

– لە یەکەم دیمانەماندا کە دکتۆرێکی نیوە ڕەبەنی بودی سەرتاشراوبوو، ئێمەی لە تەنیشت خۆی دانا و چاوەکانی داخست و گوێی لە ڕازەکانی ئێمە ڕاگرت، من وام دەزانی ئەو خەوی لێ

کـەوتـووە، دەمـوت ئەگـەر ئـەوە زۆر لەو خـەوەدا بمـێنێـتــەوە چەند لەســەرمـان دەکـەوێت و دەقـەی نووسـتنـەکـەی ئەو بە چەندە. ویلـی باسـی ژانەکانی منی دەکـرد و منیش سـەربردەکـانی ژانی ئەوم گێڕایەوە، کە لە قسەکانمان بووینەوە، دوکتۆرە ڕەبەنەکە چاوەکانی کردەوە و بە ئێمەی وت:

ئای کە خـەم و ژانی گـەورە لە ژیانتـاندا هـەیە.! هـەردووکـمـان دەسـتـمـان بە گـریان کـرد، دانمان بەوەدا نەدەنا کـەوا دڵی هـەردووکـمـان رووخـاوە، یاخـیـبـوونـی ژان و حـەسـرەتەکـانمان لە یەکـتـری دەشاردەوە و هـیـچمان نەدرکاندبوو، یان هـەردووکمان هـەناومان بە کار و ئیشکردن تەژی کردبوو، بەردەوام شـەڕی یەکترمـان کردووە و بەدژواری یەخـەی یەکترمان گرتبـوو. ئەو بەئێمـەی وت: دەکرێ یەک هـەفتە لەگـەڵ یەکدا قسـە مـەکـەن، هـیچ جۆرە ئاخاوتنێکتان لەنێـوان نەبێت، یەک وشـەش لەگەڵ یەکدا مەکەن، ئەوەتان پێ دەکرێت...؟ من وەڵامم دایەوە و وتم من دەتوانم سـێ هـەفتـەش قسـە لەگەڵ مێردەکەم نەکەم.

* ئاخۆ ئێستا لەگەڵ ویلی عەشقیت...؟

- بەڵێ هـەموو شـەوێکیش بەیەکەوە دەخـەوین، ئەوەشیان کارێکی زۆر خۆش و ڕەحەتە.

* دەبێ ژنان بەردەوام عـەشق بن تا بزانن بـاس لە عـەشق بکەن و سـەربردەی ژنە عاشقەکان بگێڕنەوە...؟

- ئەو ژنانـەش فـریو دراون، کـە من باسـی ژنـە عـاشـقـەکـان دەکـەم مـانای ئەوە نـیـیـە من ئەو چیرۆکانەم بەسـەر هـاتووە و ئەو ئەزمـوونەم دیوە، بەڵام هـەر جـارێک مـن عـاشـق بووبم هـەتا رادەی مـەرگ عـەشقم کـردووە، بەو جـۆرەش عـاشـق دەمـینێمـەوە. من ناتوانم سیسـەمەکـەم لەگـەڵ پیـاوێک بەش بکەم، نـاتوانم فلـچـەی ددانم و گـەرمـاوێکـی لەگـەڵ بکـەم ئەگـەر نەزانم مـن ئەو پیـاوەم خـۆش دەوێت، شێتانە ئەوم خۆش نەوێت.

* راستە تۆ خەون بەئەستێرەکانی باندیراسی شەهوانی دەبینیت...؟

- (بەپێکەنینـەوە وەڵامـی دایەوە) بەڵـێ، من بەردەوام خـەون لـەگـەڵ ئەنتـونیـۆ باندیراس دەبینم (باندیراس واتە مـیدیا، ئەویش ناوی فـامیلی ئەنتونیۆ باندیراسـە) کە یەکەمـجـار خـەونم بەو دیوە خـەمی کـیـژەکـەم بـەیەکـجـاری تـەواوبوو، بۆیەش توانیـم دەست بەنووسـین بـکەمــەوە و ئەو کـتـێـبـە بنووسم، رەنگە مەسـەلەکە بەگاڵتە وەرگرن، بەڵام وا نییە. بۆ من (سورو، فیلم ئەنتونیو باندیراس) و ئەو، یەک کـەسن، زۆر جـوانە کە پیاوێکی دەمامکدار دەناسیت کە شـەوانە لە پەنجـەرەکەوە لێت دێتە ژوورەوە و ئەڤینت لەگەڵدا دەکات، پاش ئەوەی شـەوەکە خۆشتان رابوارد و ئەو دەچێتە دەرەوە و شـتـەکـان تـەواو دەبیت تۆ هـەست بە گوناح ناکـەیت، چونکە بـۆ بەیانیـیـەکـەی جـارێکی تر ئەو نابینیتەوە، باشە ئەوەیان لایەنێکی جوان و ناوەزە نییە...؟

هەواڵنامەی کتێب

* من لەوەیان تێ نەگەیشتم، مەسەلەکە لە پێشمدا ڕوون و ئاشکرا نییە.

– دەبێ لەوە واز بینیت کەوا عاشقەکە ئەنتۆنیو باندیراس بێت، هیچ کەسێکی تریش نییە.

***

کە دایکم دەمرێت من ڕۆمانێکی سێکسی دەنووسم

* بابەتی ڕۆمانی داهاتووت لەسەر چییە...؟

– من هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارە نازانم، چونکە من لە نووسینەکانمدا بابەتەکان پاز دەدەن، دەگۆڕێن، من بیرەوەرییم نووسیوەتەوە و ڕۆمانی مێژوویی نووسیوەتەوە، بۆ منداڵان بابەتی ئەدەبیم نووسیوە... ئەوەی کە هەرگیز لە نووسینەکانمدا باسم نەکردوون ڕۆمانی سێکسییە، من بۆ ئەوەیان چاوەڕوانم دایکم بمرێت، کە دایکم مرد ڕۆمانی سێکسی دەنووسم.

* ئاخۆ تا ئیمڕۆش ئەو لە بەرهەمەکانت ورد دەبێتەوە و چاویان لێ دەکات...؟

– ئەو تەمەنی هەشتا و شەش ساڵە، تا ئێستاش بیر و هزری تیژە و زۆر باش بیر دەکاتەوە، بەڵام ئێستا وەک جاران ڕۆڵی جارانی نەماوە، بەڵام ئەو یەکەم کەسە کە بەرهەمەکانم دەخوێنێتەوە.

* چ شتێک لەو ژیانەدا پیرۆزە کە پێویستی بەو خەبات و کۆششە بەردەوامە هەبێت...؟

– من ژیان بەشێوەیەکی نایاب دەبینم، من بەهەموو خەڵکەکەوە خەم دەخۆم و ژانم هەیە، لەو ڕۆژانە ریپۆرتاژێکم لەسەر ڤێتنام بینی، دیارە هێشتا منداڵان بە کەمئەندامی لەدایک دەبن، بۆمبەکانی ئەمەریکا هێشتا کاریگەریی ماوە، خەڵکێکی زۆر لەو جیهانەدا ژانی هەیە، برسیەتی و نەداری ناسروشتی زۆرە و نەخۆشییەکان و دەردەسەرییەکان زۆرن، ژیان بەشێک لە ژیانت دەبات، بەڵام هەر ژیانیشە زۆرت پێ دەدا.

***

لە پەراوێزی دیمانەکە

* بەچ وا بەو فۆرمە جوانە خۆت ڕاگرتووە و بەردەوام نازداریت...؟

– من مکیاج زۆر دەکەم، ساڵانە دوو جار وردە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەم، کە تێدا پەڵە و لۆوچ و دەمارە وردەکانم بۆ هەڵدەگرن.

* ئەگەر ئەو جوانکارییانە نەشتەرگەریی تری ویست دەیکەیت...؟

– بێگومـان، من قژم بۆیە دەکەمەوە و هەردەمێک بۆ جوانکارییەک پێویست بکا من بۆ راگرتنی فۆرمی خۆم ئامادەم نەشتەرگەریش بکەم.

* تۆ بۆ خۆت وا دەرازێنیتەوە، یان بۆ ویلی وا دەکەیت...؟

– ســەبارەت بە ویلی ئەو ئەو مــەســەلانـەی لا گـرینگ نیـیـە و بـایەخـیش بەو لایەنە نـادات، من ئەوەیان بۆ خۆم دەکەم، چونکە بەو فۆرمە وا دەزانم دڵشادترم.

* ئاخۆ تۆ کەسێکی رەونەقدار و گوڵداریت...؟

– بەڵـی زۆریش، مـن زۆر بایەخ بـە پۆشــینـی خــۆم دەدەم، جلوبـەرگم زۆر لا گــرینگە، هـەروەها حــەزیش دەکـەم بـەردەوام مـاڵەکـەشم پـاکـوخـاوێن بێت، کـە خـواردنیش لەســەر خـوان دادەنێم سەرپۆشی رازاوەش دادەنێم.

* دەکرێ ئەگەر کەمیش بێت بە کابانت بزانین...؟

– نەخێـر، من وا حـەز دەکەم سەری مێزەکەم هەر پیس بێت، نووسینگەکەم پیسایی زۆری پێوە بێت، بەرامبەر برێک پارە کەسێک کاری خاوێنکردنەوەم بۆ دەکات، ئەگەر کەسێک کارێکی خۆش نەوێت وەک کارکردن لە ماڵەوە ئاسابییە، ئەو کارە زۆر ناپەسەندە، ئەوەش کەی دیارە کە دەست بۆ ئەو کارە راناکێشیت.

* ئاخۆ تۆ سپۆرت دەکەیت...؟

– نەخێر من وەرزش ناکەم، بەڵام پیاسەیەک بە سەگەکەم دەکەم، هەفتانەش یەکجار کاری یوگا دەکەم.

* مەساجت تاقی کردیتەوە...؟

– نەخێـر، من رقم لەو دەستـەیە بەپارە گیـراوە و دەست لە جـەستـەم بدات، من ناچمـە سـاونا (گەرماوەکانی هەڵم و ئەوانەی خەڵکی لەناویاندا پشوو دەدەن و ئارام دەبنەوە).

* هەموو جۆرە خواردەمەنییەک دەخۆن یان تەنیا خواردنی سروشتی دەخۆن...؟

– شێت بوویت! من هەمـوو جـۆرە خـواردنێک دەخـۆم، هەمـبرگـری چەوری زۆر بەروونم زۆر پێ خـۆشــە، بەڵام لەبـەرئەوەی بەژنم کـورتـە و دەسـتـم ناگـاتە خـواردنی ســەرمـێـزەکـان، بۆیـە لەو دانیشتنانەدا کەمتر دەخۆم.

* کێ نانت بۆ ئامادە دەکات...؟



هەولێری کتێب

– ویلی، هاوسەرەکەم حەز دەکەم هەرخۆی کەرەستەکانی چێشت بکڕێت و خواردنم بۆ ئامادە بکا، ئەو هەرگیز خواردەمەنی ساز و ئامادەش ناکڕێت، خواردنەکانی ئەو سازیان دەکات زۆر بەتامن بەڵام سادە و سووکن. من ئەو جۆرە خواردن و چێشتانە ئامادە دەکەم کە زۆر کار و سەرپەرشتی دەوێت، بەڵام تەنیا لەو دمانە سازیان دەکەم کە مێوان هەیە.

* ترسی ئەوەت نییە ویلییت لێ بفڕێنن...؟

– من لەوانە جوانترم لەوانەی مەبەستیان بێت ویلیم لێ بدزن، کە لەو ساڵانەی تووشی کانسەری پروستات دەبێت دیارە کەوا مێینەییەک سەرپەرشتی دەکات.

## ئینیس نەفسێکە لە روحم

ژمارەی لاپەڕەکانی رۆمانی (ئینئیس نەفسێکە لە روحم) ٣٦٧ یە، ئەو ماوەی چوار ساڵ لە نووسینگەکەی نەهاتووەتە دەر تا نووسینی ئەو رۆمانەی تەواو کردووە، ئیزابیل ئەلیندی دوو کەسی بەپارە بەکرێ گرتبوو تا لە ئەرشیف و کتێبخانە و دەزگا تایبەتییەکان ژیانی ئینیس سواریتی بۆ بکەن، ئەوانیش زۆر لایەنی ژیان و رووداوە مێژووییەکانیان پشکنیوە تا سەربردەی رۆژانەی ئەو ژنەیان لە سەردەمی هەڵمەتی ئیسپانییەکان بۆ سەر وڵاتی شیلی دۆزیوەتەوە. ئینیس ژنێکی خەباتگێڕی بنەماڵەیەکی مامناوەندی بووە و کاری بەرگدووری و هەندێ کاروباری ناوماڵی کردووە و بژێوی ژیانی ئەو پیشە و کارانە مسۆگەر کردووە و کە مێردەکەی بەگەڵ کاروانی کار و هەڵمەتەکەی ئەمەریکا بەڕێ دەکەوێت و سەودای سامان و خەونەکان دەبێت و ناگەڕێتەوە ئەو بەناچاری بەرەو ئەو کیشوەرە نوێیە دەڕوات. کە ئۆقیانووسەکان دەبڕێت و دەریاکان شەق دەکات و ئەو کاروانە مەترسیدارە دەکات بۆی روون دەبێتەوە کەوا مێردەکەی گیانی لەدەست داوە و لەو کاروانە مەترسیدارە مردووە، بۆیەش ئەو بەرەو ژیانێکی نوێ دەکەوێتە مەیدان و کارکردن و خەبات. ئینیس دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی سەرکردەی ئەرکان گرام بدرو دی بالبیدیا و پاشان حەز لە فرانسیسکۆ دی بیسارو دەکات، لەو وڵاتە نوێیەدا لەگەڵ ئەودا لە دامەزراندن و سازکردنی شارەکاندا بەشدار دەبێت. نووسەری رۆمانەکە بۆ تەواوکردنی ئەو کارانە نووسیویەتی کەوا ئەوان بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان هەزار سەربازی هاووڵاتیی رەسەنی ناوچەکە بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی ئامادەیی و سازیان لە هیچ بواری تردا پێ ڕەوا ببینن، ئەوان بە ئەنقەست لەو کار و بەرنامەیەدا ناوی ئەو ژنە ناهێنن و باس لە سەروەرییەکانی ناکەن، چونکە ژنی شەرعی بدرو بالدیڤیا نەبووە.

سازکردنی مەلەک مەستەفا ژنەنووسەرێکی سوورییە و لە مەدرید دەژیت.

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ

# کۆندەلیزا رایس

## وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا

سازدانی: جۆزێف یۆفە

**ئاخۆ چی ڕووی دەدا گەر موبارەک گوێی لە کۆندەلیزا رایس بگرتایە؟**

تسایت: شەش ساڵ پێش ئێستا ئێوە وەکو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی قاهیرەتان کرد و لەوێ لێدوانێکی زۆر گرینگ و ڕوونتان دا، لە کاتێکدا زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە بە سەرۆک موبارەکتان وت:

(لەگەڵ گەلەکەی خۆتان دیالۆگ بکەن و با ئەوانیش زۆر ئازادانە بڕیاری خۆیان بدەن)

ئاخۆ گەر ئەو بەقسەی ئێوەی بکردایە، تا ئێستاش هەر لەسەر دەسەڵات دەمایەوە؟

کۆندەلیزا ڕایس: دیارە ئێمە ناتوانین ئەوە بزانین چی ڕووی دەدا. لێ ئەو شەش ساڵە واتە لە ٢٠٠٥ەوە ئەوەمان فێر دەکا، کە موبارەک شانسی خۆی لەدەست دا. ئەو دەیتوانی لە کاتێکی هێمن و ئاساییدا ئەو کێشانە چارەسەر بکات، کە لەم دواییانەدا بەشێوەیەکی ترسناک تەقینەوە. بۆ نموونە ئەو دەیتوانی سیاسەتێکی حەکیمانە دابڕێژێت، بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕەوتە ئیسلامییەکان بگرێت.

تسایت: لێدوانەکەی ئێوە، خاڵێکی وەرچەرخانی دوو لایەنەی پێوە دیاربوو. لەلایەکەوە ئێوە دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتان بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنێن. لەلایەکی ترەوە نیشانەی کۆتایی پێهاتنی سیاسەتی کۆنی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناڤیندا بوو، کە بریتی بوو لە:

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



(ئارامی و سەقامگیربوون لەسەر حیسابی دیموکراتی دابمەزرێن، چونکە دەبێت یەکێکیان بکرێتە قوربانی و هەردووکیان پێکەوە جێبەجێ ناکرێن)

چۆن ئەنجامەکانی ئەم دواییە ڕاستیی بۆچوونەکانتان دەسەلمێنن؟

کۆندەلیزا ڕایس: هەر ئەو کات مرۆڤ دەیتوانی هەست بە گەردەلوولی غەزەبی خەڵکی بکا. فەرمانڕەواکان لە گەلەکانی خۆیان دابڕابوون. ئەوان بەهەموو شێوەیەک دژی هەموو ریفۆرمی سیاسی و ئابووری دەوەستانەوە، کە دەکرا باری ژیانی هاووڵاتییان باشتر بکات. ئێمە لە ئەمەریکا توانیمان جۆرە ریفۆرمێک دابڕێژین، کە بۆ ماوەیەکی درێژ سیستەمی دیموکراتیمان بپارێزێ، هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام دیالۆگ لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا هەبێت. لێ لە هەمان کاتیشدا ئێمە نازانین، چ بڵێسەیەک دەبێتە هۆی داگیرساندنی ئاگرێکی گەورە.

تسایت: سەرۆک بوشساڵی ٢٠٠٥ لە کاتی پێشکێشکردنی وتاری خۆی لە کاتی هەڵبژاردنیەوە بۆ سەرکۆمار بۆ جاری دووەم، بەشێوەیەکی توندتر و ڕاشکاوانە ڕای گەیاند:

( ئازادی لە وڵاتی خۆماندا پێویستی بەسەرکەوتنی ئازادییە لە وڵاتانی تردا )

مانایەکی تری ئەم قسەیە ئەوەیە، ئایدیالیزم وەکو سیاسەتێکی واقیعییانە بەرجەستە بکرێت. ئاسایشی ئەمەریکا پێویستی بەوە هەیە کە (هەرچی فەرمانڕەوای دیکتاتۆرە لە جیهاندا نەمێنێت) دیموکراتیزەکردنی جیهان وەکو بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی بۆ ئەمەریکا حیساب بکرێت. لێ بەشێکی زۆری دیکتاتۆرەکانی جیهانیش، دۆستی ڕۆژئاوان. ئاخۆ ئەمە هەلومەرجێکی دژوار ناخوڵقێنێ؟

کۆندەلیزا ڕایس: دیارە ئەم هەلومەرجە ماوەیەکی زۆری پێ دەچێ تا گۆڕانکاریی تێدا بکرێت. لێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە هیچ دەست پێ نەکەین. ئەمڕۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەشێوەیەکی فەوزاوی و نارێکوپێک و توندوتیژانە دەستی پێ کردووە. دەبووایە پێشتر بیر لە ڕێکخستن بکرایەتەوە. گەر ئێستا بیر لە ڕێکخستن و نەخشەدارێژی بکرێتەوە، ئەوا کات بەسەرچووە. بەدڵنیاییەوە ئێستا بە جارێک ئەم کارە زۆر زەحمەتە.

تسایت: لەو شوێنانەی کە سیستەمی دیموکراتی لە قۆناغی سەرەتاییدایە بۆ ئەمەریکا باش نەبووە و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەم شوێنانەدا، نەیانتوانی ئاشتی و پرۆسەی دیموکراتی بپارێزێ. لە کەرتی "غەزە" پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، بەڵام تەنیا یەک جار بەردەوام بوو. لە لبنان بە نیوە و ناچڕی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێ کرد، بەڵام بوو بەهۆی کوشتنی سەرۆک وەزیران ڕەفیق حەریری و زاڵبوونی حیزبوڵڵا) لە لبنان. لە ڤەنزویلا پرۆسەی هەڵبژاردن،

دوژمنێکی ئەمەریکای هێنایە سەر دەسەڵات.

کۆندەلیزا رایس: دیارە پێش هەموو شتێک، ئێمە زۆر دەمێک نییە کە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنمان لە ناوچەی رۆهەڵاتی ناڤین دەست پێ کردووە. دووەم شتیش نابێت گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەسەر حیسابی ئەمڕۆ پێوان بکرێت (واتە نابێت بەپێی عەقڵییەتی ئەمڕۆمان، حوکمی ڕووداوە مێژووییەکان بکەین. وەرگێڕ). ڕاستە لە کەرتی " غەزە" بزووتنەوەی حەماس دەسەڵاتی گرتە دەست، لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بزووتنەوەی "فەتح"یش ئەلتەرناتیڤێکی باوەڕپێکراو نەبوو. با ئێمە باسی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لە ئەمەریکا بکەین. با باسی دوو رووداوتان بۆ بکەم، بۆ نموونە لە هەرێمی بێرمینگهام و ئەلاباما Birm- Al abama ingham, کە خۆم لەوێ گەورە بووم هیچ کاتێک پێش ٤٠ ساڵ کەس نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە دوو ڕەشپێست (کۆلین پاول، کۆندەلیزا ڕایس) ببنە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا. لەبەر ئەوە نابێت گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەسەر حیسابی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین.

تسایت: لێ بەڕێزتان وەکو وەزیرێکی دەرەوە، دەبێت پشت بە سیاسەت ببەستن، نەک هەلومەرجە مێژووییەکان.

کۆندەلیزا ڕایس: با جارێکی تر مێشکی خۆمان بە ڕووداوە مێژووییەکان مەشغول بکەین. ئاخۆ ساڵی ١٩٤٥، ئا لەو کاتەی کە جۆزێف ستالین لە بەردەم دەرگەی ئەوروپادا ڕاوەستابوو، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ دەرکەوتبوو، کە چارەنووسی ئەمەریکا بە ئەوروپاوە بەستراوەتەوە؟ ڕاستە تۆ دەتوانیت ڕۆژانە کاری سیاسەت بکەیت، لێ دەبێت تۆ بگەیتە ئەو ئاستەی کە بڕیارێکی تەواو بدەیت، کە بەرەنجامەکانی ئەو بڕیارە ماوەیەکی زۆری پێ دەچێت تا بەرهەمەکەیت دەست دەکەوێت.

تسایت: سەرۆک بوش لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا ڕای گەیاند: (ئازادی دەبێت لەلایەن هاووڵاتییانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ و هەر خۆشیان دەتوانن پارێزگاریی لێ بکەن). بەواتایەکی تر مەبەستی ئەوە بوو کە ئازادی ناتوانرێت وەکو شمەکێک هەناردەی دەوڵەتانی تر بکرێت. ئاخۆ ڕۆئاوا دەتوانێت چ ڕۆڵێک لەم پرۆسەیەدا ببینێت؟

کۆندەلیزا ڕایس: پێش هەموو شتێک دەبێت ئێمە پرەنسیپەکانی خۆمان بپارێزین. دووەم شتیش پێویستە ئێمە یارمەتیی تەنیا ئەو کەسانە بدەین کە داوای مافی ئازادیی خۆیان دەکەن و ئامادەشن بۆ کارکردن لەو پێناوەدا، لە هەمان کاتیشدا بەرپرسیاریی خۆیان لە بەرامبەر ئەو مافەدا وەردەگرن. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ئەنستیتوتە نیشتمانییەکانمانەوە بۆ دیموکراتی، هەزاران کەسی چالاکڤان ڕابهێنین. ئێمە لە زۆر بواری فێرکردن و پێگەیاندندا توانیمان سەرمایەگوزاری بکەین، کە لە توانایدایە بۆچوونی سیستەمی عەلمانی و مرۆڤانە لە



جیهاندا پەرە پێ بدات. ئێمە دەبێت لەسەر گەشەسەندنی ئابووری و بازاڕی ئازاد پێکەوە کار بکەین. دیموکراتی هیچ مانایەکی نییە، گەر نەتوانێت هەلی کارێکی گونجاو بۆ کەسێک دابین بکات. ئێمە زۆرجار لەسەر لایەنێکی خراپ، ڕەگەزی سەقامگیربوونی دەوڵەتانمان دیاری دەکرد. با زیاتر بۆتان ڕوون بکەمەوە: کاتێک ئەو دەوڵەتانەی کە لە پرۆسەی دیموکراتیزەبووندان، هەتا ماوەیەکی درێژ دۆستی ئەمەریکا نامێننەوە. لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییانەی کە دۆستمان بوون، کە زۆر لە دەنگی شەقامەکانیان دەترسان، بەدوو شێوە زمان قسەیان دەکرد. لەلای ئێمە دەهاتن خۆیان بە دۆستی نزیکی ئێمە دادەنا، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیاندا ڕەخنەی توندیان ئاراستەی ئێمە دەکرد و خۆیان بە دۆستی ئێمە دانەدەنا (واتە بەرگێکی تریان لەبەر دەکرد) و ئەمەش زیانێکی زۆری بە سیاسەتی ئێمە لە ناوچەکەدا گەیاند.

تسایت: لە یەکێک لە وتارەکاندا کە لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا لە ڕۆژنامەی (واشنتون پۆست) بڵاوتان کردووەتەوە، باسی ئەوەتان کردووە کە لە سەرەتادا موبارەک گوێی بۆ ئاگەدارکردنەوەکەی ئێوە گرت، لێ پاشان دەستی کردەوە بە سیاسەتی (چەوساندنەوە و لێدان و ئازاردانی گەلەکەی) ئاخۆ لەم جۆرە حاڵەتانەدا، زلهێزێکی وەکو ئەمەریکا دەبێت چ جۆرە هەڵوێستێک وەربگرێت؟

کۆندەلیزا ڕایس: هەڵبژاردنەکان ساڵی ٢٠٠٥ لە میسر، هەڵبژاردنێکی تەواو پاک و ئازادانە بوو. لێ کاتێک خۆپێشاندانەکان دەستی پێ کرد، ئەمەریکا دەسەڵاتی بەسەر بارەکە نەما و لە کۆتاییدا بەرەنجامێکی زۆر خراپی لێ کەوتەوە. لە زۆر شوێندا بۆ نموونە لە وڵاتی یەمەن، پرۆسەی دیموکراتیزەکردن هیچ گەرەنتییەکی نییە. لە هەمان کاتیشدا ڕێکخراوی قاعیدە لەم وڵاتەدا زۆر بەهێزە. هەندێک حکوومەت هەیە کە بەتەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتدا نییە.

تسـایت: چ ئامـۆژگـارییـەک دەدەیتـە خـاتوو کلینتـۆن کـە ئێـسـتـا جـێگەی تۆی گرتووەتەوە؟

کۆندەلیزا ڕایس: من لەم سات و کاتەدا ناتوانم هیچ ئامۆژگارییەک پێشکێشی ئەو بکەم. ئەو دەبێت زیاتر پشت بە زانیارییە تایبەتییەکانی خۆی ببەستێت. وەمن لەو باوەڕەدام کە زانیاری و سیـاسـەتێکی باش پێڕۆ دەکات. لێ حکوومـەتی ئۆبامـا زۆر باش دەکات، کاتێک پرەنسیپـەکان دەپارێزێت و داوا لە فەرمانڕەواکان دەکات، کە گوێ بۆ داخوازییەکانی گەلەکانیان بگرن.

تسـایت: لە ئێـران سـاڵی ١٩٧٨، سـەرۆک جیـمی کـارتەر پاڵەپەسـتـۆیەکی زۆری خسـتـە سـەر شـای ئێران، لە کۆتاییـشـدا بە تەنیـا جێی هێشت و سـاڵی ١٩٧٩ خومەینی هاتە سەر حوکم.

کۆندەلیزا ڕایس: ساڵی ٢٠١١ جیـهان جۆرێکی ترە لەو کاتەی پێشتر زۆر جیاوازە. هەروەها ڕۆهـەڵاتێکی ناڤینی ترمان هـەیە کە جیاوازە لە پێشتر. ئەمڕۆ بزاڤە عەلمانییەکان زۆر بەهێزترن تا ئەو کات، و ئێمە نابێت بەپێوانەیەکی هەڵە سیاسەت بکەین.

تسـایت: ئاخۆ یەکـێکی وەکو مـوبارەک چ سـزایەک دەبێت بدرێت؟ لـە کاتێکدا ئەو یەکێک بوو لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، سەرۆکایەتیی بلۆکێک (بەرەیەک)ی دژ بە ئێران و ئیسلامی توندڕۆ بوو، هەروەها گەرەنتییەکیش بوو بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل.

کۆندەلیزا ڕایس: ئێمە ناتوانین ئەو سزا بدەین

تسایت: ئەی پێویستە چ هەڵوەستەیەک بکەین؟

کۆندەلیزا ڕایس: ئێمە دەبێت هەمـوو کاتێک ڕاستییەکان بە هاوڕێکانمان بڵێین. گەر ئەوان بۆ مـاوەیەکی زۆر، ئامـادە نەبوون ریفـۆرم بکەن، ئەوا دەکـەونە بارێکی ئاڵۆز و مـەترسـیـدارەوە. ئەمـەریکاش ئامادە نییـە پشـتگیریی ڕژێمێک بکات، کە لەلایەن گەلەکـەیەوە خۆشـەویست نییـە و ناتوانێت چیی تر بەردەوامی بەدەسەڵاتی خۆی بدات.

تسـایت: ئێوە لە ڕۆژنامـەی واشنتۆن پـۆستدا لـە وتارەکەتاندا نووسـیـوتانە، چۆن ئەو ئاڵۆزییـانـەی کـە لە نێـوان ئایدیالیـزم و بـەرژەوەندیی نەتـەوەییـدا چارەسـەر دەکرێت. تێیدا هاتووە:

(ئەمەریکا پێویستە پشتگیریی ئەو هێزە دیموکراتییانە بکات، کە زۆر لەگەڵ گەلەکانیان دۆستن و داواکارییەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن، نەک ئەوانەی کە داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ دەکەن ) لە دوا ئـەنجـامـی ئەم وتارەتاندا ئەوەمـان بۆ دەردەکـەوێت، کـە بـەرژەوەندییـەکـانی ئـەوان لە

بەرژەوەندییەکانی ئێمە گرینگترن. ئاخۆ ئەمە ئایدیالیزمێکی توندڕۆیانە ناگەیەنێت؟

کۆندەلیزا ڕایس: نەخێر. چونکە لە ماوەیەکی درێژتردا بەرژەوەندییەکانی ئێمە، لەلایەن ئەو حکوومەتانەی کە لەلایەن گەلەکانیانەوە شەرعین، باشتر دێتە جێبەجێکردن. حکوومەتە ناشەرعییەکان پێ دەچێت بۆ ماوەیەکی کەم بەرژەوەندییەکانی ئێمە جێبەجێ بکەن، لێ گەر ئەو حکوومەتانە هەلی کار بۆ گەلەکانیان دابین نەکەن ، یان لەلایەن گەلەکانیانەوە هەڵنەبژێردرابن و شەرعییەتیان نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئێمە دەگەیەنێت.

تسایت: با چاو بە ناوچەیەکی تردا بگێڕین و بچینە لای ڕژێمی تزاری نوێی رووسیا (فلادیمیر پووتین). ئەو نەیارانی خۆی شاربەدەری سیبیریا دەکات و لەوێ لەسەرماندا ڕەقیان دەکاتەوە، ئەو هیچ گوێ ناداتە دەوڵەتی یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەمەریکا دێت لەگەڵیدا پەیماننامەی "نیو ستارت «New Start» (ئەم پەیماننامەیە بۆ کەمکردنەوەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی نێوان رووسیا و ئەمەریکا مۆر کراوە. مەبەستی سەرەکیش کەمکردنەوەی سیاسەتی پڕچەکدارکردنە. وەرگێڕ). هەروەها ئەمەریکا پێویستی بە رووسیایە، بۆ ئەوەی سزا نێودەوڵەتییەکانی بەسەر ئێراندا بسەپێنێ. چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟

کۆندەلیزا ڕایس: ئێمە دەتوانین لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و سەپاندنی دەوڵەتی یاسا و کۆمەڵگەی مەدەنی پاڵپەستۆی خۆمان بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرینگە کە رووسەکان تێ بگەیەنین، کە ئەمانە هەموو لە بەرژەوەندیی رووسیایە. ڕووسەکان لە ناوچەکانی قەوقازدا ڕووبەڕووی ترسی ئیسلامییە توندڕۆکان بوونەتەوە، لەبەر ئەوە هیچ بەرژەوەندی و سوودێک لەوە نابینن کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. لەلایەکی تریشەوە، کاتێک رووسیا ئەو پەیماننامەیە مۆر دەکات، کە ئامانجی کەمکردنەوەی چەکدارییە، لەبەر ئەوە نییە کە حەزێک یان ئاواتێکی ئێمە بهێنێتە دی. بگرە ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئەوانیشە. بەبڕوای من سیاسەتی مافی مرۆڤ لە بەرامبەر کەمکردنەوەی چەکداری، ئەلتەرناتیڤێکی باش نییە.

تسایت: بۆچی ئەلتەرناتیڤێکی خراپە؟

کۆندەلیزا ڕایس: ئەوان بۆ خۆشیان ئەم ڕاستییە باش دەزانن، گەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەوا ئاسایش و ئارامیی هەموو ناوچەی رۆهەڵاتی ناڤین تێک دەدەن و بەدبەختی و کارەسات بۆ ئەم ناوچەیە دەهێنن. لە هەمان کاتیشدا ئەم چەکەی ئێران، هەڕەشەی بۆ ئەوان زیاترە تا بۆ ئێمە.

تسایت: پێشتر بە خێرایی سەرنجتان لەبارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی

ناوچەکەوە دەربڕی. هەر لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی بەڕێزتان (لە بەشێکی زۆری قۆناغەکانی مێژوودا) زۆر زەحمەتە بەرژەوەندیی و داواکاریی دوو لایەن پێکەوە یەک بگرێت بەتایبەت لەم کاتەی ئێستادا. بەڵام ئێوە چی دەکەن لە کاتێکدا مەلیکی بەحرێن لەسەر دەسەڵات نەمێنێ؟ وڵاتی بەحرێن شوێنی سوپای پێنجەمی کەشتیگەلی ئەمەریکایە، کە هەر ئەم سوپایەش بۆ ئەوە دانراوە کە ڕێگە لە هێرشی ئێران بگرێت. یان چی لە عەرەبستانی سعوودیە دەکەن، لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتە بە دوایەمین کۆڵەکەی سیاسەتی ڕۆهەڵاتی ناڤینی ئەمەریکا دێتە ژماردن؟

کۆندەلیزا ڕایس: من لە کاتی ئێستادا ناتوانم هیچ ئامۆژگارییەک پێشکێشی حکوومەتی ئەمەریکا بکەم.

تسایت: بەڵام ئاخۆ ناتوانن بۆچوونی خۆتانمان پێ بڵێیت؟

کۆندەلیزا ڕایس: پێویستە واشنتۆن زۆر بە وردی چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و ڕۆژانە چاودێریی ڕەوشەکە بکات و بەپێی ئەو شێوەیەی کە حکوومەت دەیبینێ، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری پێویست بدا. دیارە من بەو شێوەیەی ئەوانی نابینم، چونکە من ئێستا لە دەرەوەی بازنەی حکوومەتدام. هەر لەبەر ئەوە ناتوانم هیچ جۆرە ئامۆژگارییەک بدەم بە حکوومەت. لێ ئەوەی کە من بە ڕوونی دەیبینم، ئەویش مەسەلەی پرەنسیپە. ئا لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی ئێستادا دەبێت زۆر بیرمان لای ئەوە بێ، کە بەشێوەیەکی گونجاو، قۆناغی ئازادی ڕێک بخرێت و نەهێڵرێت بەرەو هەڵدێر بڕوا. بەواتایەکی تر پێویستە دۆستەکانمان تێ بگەیەنین، کە ئەوان پێویستە لەسەر شانیان کە زۆر بەجیدی و هێمنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ شەقامی ناڕەزاییی خەڵکی بکەن و داخوازییە سیاسی و ئابوورییەکانیان جێبەجێ بکەن و لەسەر شانی ئێمەش پێویستە کە پشتگیرییان و هاریکارییان بکەین، بۆ ئەوەی ئەم کارە بەباشی جێبەجێ بکەن.

تسایت: واتە لە ڕووی پرەنسیپەوە دەبێ، بەڵام نابێت ئێمە دەست لە کاروباری ناوەخۆی ئەوان وەربدەین.

کۆندەلیزا ڕایس: نەخێر، نابێت ئێمە تەداخول بکەین. ئەوە کاری ئێمە نییە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئاڵۆزانە بدەین کە ڕووبەڕووی فەرمانڕەواکانی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە. ئەوە دەبێت خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن بەڵام نەک لە ڕێگەی توندوتیژی و تەقەکردن و بەکارهێنانی چەک لە دژی خۆپێشاندەران لە شەقامەکاندا. ئەوان دەبێت بە شێوەیەکی جیدی بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکەنەوە. لێ ئێمە دەتوانین، لەو شوێنانەی کە دەتوانرێت یارمەتییان بدەین، بۆ نموونە: ناردنی چاودێرانی نێودەوڵەتی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان، یارمەتیدان و فێرکردنی ئەو خەڵکانەی کە دەیانەوێ، دەستوورێکی نوێ دابڕێژن. ئێمە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانین لەم بوارانەدا یارمەتییان بدەین.

تسایت: لەم بارەیەوە ئەوروپاییەکان باشترین ئەزموونیان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئێوە لە مێژووی خۆتاندا چەند دەستووریتان دڕاندووە و پاشان دانەیەکی نوێتان نووسیوەتەوە !

کۆندەلیزا ڕایس (بە پێکەنینەوە): دیارە پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بڵێم: لەو کاتەی کە بڵێسەی ئاگرەکە تازە داگیرسابێت، بە دڵنیاییەوە لەم جۆرە کاتانەدا هەروا ئاسان نییە چارەسەر بدۆزیتەوە. ئەو پەیامەی کە من لە لێدوانەکەی قاهیرەم دا و هەروەها لێدوانەکەی بوش لە کاتی وتاری بوونەوەی بە سەرکۆمار لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەمان شت بوو، ئێمە دەمانویست ئەم ڕستەیە بڵێین:

تکایە: ئاڵای ڕیفۆرم بەرز بکەنەوە، پێش ئەوەی کاتەکەتان بەسەر بچێت.

سەرچاوە:

Er hat eine Chance verpasst. www. Zeit.de. 27 /2/2011

چەند دێڕێک لەبارەی کۆندەلیزا رایسەوە (Condoleezza Rice)

Condoleezza Rice لە ١٤ نۆڤێمبەری ١٩٥٤ لە Alabama Birmingham لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایک بووە، باوکی قەشەی مەسیحی بووە . لە هەمان کاتیشدا مامۆستای مۆسیقا بووە، هەر بۆیە لە منداڵییەوە رایس خولیای جیهانی مۆسیقا بووە و بووەتە بەشێک لە ژیانی. لە ساڵانی هەشتاکاندا، وەکو رووسیاناسێک لە ژووری (ئاسایشی نیشتمانی لە کۆشکی سپی) کاری کردووە. لە کاتی رووخاندنی یەکەتیی سۆڤیەت و رووخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. هەر لەبەرئەوەشە، ئەم ژنە لە ئەڵمانیادا، رێزێکی زۆری هەبووە. لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ٢٠٠٥ راوێژکاری جۆرج بوش بوو بۆ ئاسایشی نیشتمانی. لە ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ یەکەمین ژنە رەشپێست بوو، کە بووە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا. هەتاوەکو ئەمڕۆش لە زۆر بوارە جیاجیاکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ئەم ژنە پرس و رای پێ دەکرێ و خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی. دیارە جگە لە بواری سیاسی، لە بواری نەوتیشدا بەتایبەت نەوتی ئاسیای ناوەڕاست، شارەزایی و زانیارییەکی زۆری هەیە. هەر لەبەر ئەوە لە ساڵانی نەوەتەکاندا، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای ئەمەریکایی Chevron Corporation بووە.

جێگەی ئاماژەیە ئەم کۆمپانیایە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە بواری نەوت و گازدا. دیارە کۆندەلیزا رایس جگە لە بواری سیاسی و نەوتدا، لە بواری خوێندنیش چالاکە. ئەمڕۆ ئەو مامۆستای زانستە سیاسییەکانە ، لە زانکۆی Stanford University.

سەرچاوە:

www.wikipedia.org/wiki/Condoleezza_Rice

هەولێرنامەی ئاکاری

# ڕۆڵی کەرکووک
# لە داهاتووی کوردستانی عێراقدا

ئەردەشیر پەشەنگ

"برێندن ئۆلری" و "خالید سالح" دوو کەس لە لێکۆڵەرە باڵاکان لە کاروباری داهاتووی کوردی عێراقدان کە لەگەڵ لێکۆڵەرێکی تر بەناوی "جەک مەک گاری"، بەم دواییە کتێبێکیان بەناوی "داهاتووی کوردستانی عێراق" بڵاو کردەوە.

ئەو کتێبە برێتییە لە ١٢ بەش و تێیدا تیشک خراوەتە سەر چالاکیی کوردەکان و توانای کوردەکان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ لە باکوری عێراقدا. لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر پرسی کەرکووک. گرینگیی شاری کەرکووک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەوڵی تەواوی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ خستنە سەری ئەو شارە بەو ناوچە سەربەخۆیە و بەوتەی ڕۆژنامەوانان شاری کەرکووک بە "ئۆرشەلیمی کوردەکان" ناو دەبرێ.

لەم بابەتەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی، ناوچەی ستراتیجیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست حەوت ناوچەی گرینگی هەیە کە تەنگژەکانی نیو سەدەی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنن ناکۆکییەکان لەسەر ئەو ناوچانە بوونە کە کەرکووکیش یەکێک لەو ناوچانایە.

### سەرەتاکانی تەنگژە لە کەرکووک

ناوچەی کەرکووک کە ناوەندەکەی شاری کەرکووکە، یەکێکە لە ١٨ پارێزگاکەی عێراق کە بووەتە جێی ناکۆکیی نێوان عێراقییەکان بەتایبەت لە نێوان هەرێمی کوردستان، عەرەبە سوننەکان، عەرەبە شیعەکان، تورکمانەکان و ئاشورییەکان و هەروەها وڵاتانی کاریگەر لە گۆڕانکارییەکانی کەرکووکدا برێتین لە وڵاتە یەکگرتووەکان، تورکیا، عەرەبستانی سعوودیە، سووریا و ئێران.

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم



هەزارمێرد پێنجوێنی

دەزانرێ کە لە زانستی سیاسیی نێودەوڵەتیدا دەوترێ هەر کاتێک وڵاتان و گرووپەکان لەبارەی ناوچەیەکەوە ناکۆکییان تێ بکەوێ، ناکۆکییەکانی ئەو ناوچەیە بەئاسانی و خێرایی چارەسەر ناکرێ. بەرژەوەندیی کەسانی ناوەخۆیی و دەرەکیی کەرکووک ئەوە پێشان دەدەن، ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی مەتەڵ دەمێنێتەوە. بۆ تێگەیشتن لەو مەتەڵە؛ سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕە مێژووییەکانی ئەو ناوچەیە.

لە خوێندنەوەی لاپەڕە مێژووییەکانی کەرکووکدا دەتوانرێ مێژووی کەرکووک بکرێ بە (٥) بەشی سەربەخۆ:

یەکەم بەشی مێژوویی بۆ ساڵەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی پێش ساڵی ١٩٢٠ی زایینی. لەو کاتەدا هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتێکدا خەریکی ژیانی ئابووری، هۆزنشینی و بڕواکانی خۆیانن. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە ناسنامەی ئەو کەسانەی کە ماڵیاتیان داوە بەسەربازەکانی عوسمانی بڵاو بووەتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ لە لاپەڕەکانی باکوری عێراقی ئێستەدا، تورکمانە سوننەکان و کورد و عەرەب ژیانیان دەکرد و لە ڕێگەی خەلیفەکانەوە باج وەردەگیرا. لەو کاتەدا جۆرێک دەسەڵاتی ناوچەیی لە ژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو و شتێک بەناوی ناسنامە و دیاریکردنی سنووری سیاسی و جوگرافیایی بوونی نەبوو. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەهۆی کێشەی ناوەخۆیی و پاڵەپەستۆی دەرەکی لە زاهیدانەوە، منداڵێکی سەیروسەمەرەی بەناوی عێراق لێ کەوتەوە.

لە بەشی دووەمدا کە برێتییە لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٧٥، حکوومەتی ناوەخۆی عێراق لە بەرامبەر کۆماری تازەدروستکراوی تورکیادا لاوازە و عێراق ناتوانێ ناسیۆنالیزم و نەتەوە دروست بکا و حوکمڕانانی ئەو کاتی عێراق لە ڕاستیدا سیمایەکی بچووککراوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون. لەو کاتەدا دەسەڵات بەبڵاوکردنەوەی تایبەتمەندییە عەرەبییە خراپەکان و ڕەتکردنەوەی کەسایەتیی کورد دژایەتیی قەومییان دروست کرد، بەتایبەت لەو کاتەدا بەپێی بڕیارنامەی سوێر جۆرێک سەربەخۆییی ناوچەیی درابووە کوردەکان کە دواتر لە بڕیارنامەی لۆزان ڕەچاو نەکرا. کوردەکان پێیان وایە سەرچاوەی ناکۆکییەکان بۆ سەربەخۆیی، ئەو گرێبەستە نهێنییانەیە کە حکوومەتەکان لە ساڵانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەستوویانە و دەوترێ کەسە خاوەن دەنگەکان لەو کاتەدا دژی کورد بوونە. لەو بەشەدا تا دروستبوونی حزب و حکوومەتی بەعسییەکان لە عێراق بەردەوام بوو و دواتر کوردەکان چەند شۆڕشی جیاجیایان بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، ئیسماعیل ئاغا سمکۆ لە عێراق و ئێران ئەنجام دا، بەڵام پێوەندیی تەناهیی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دەرفەتی جووڵانەوەیان لە هێزی چەکداری کورد سەندەوە. سوپای ئێران و تورکیا لەو کاتەدا دەسەڵاتێکی زۆریان بوو و دەبێ ئەوەش بزانرێ سوپای تورکیا لە ٩٠ ساڵی ڕابردوودا جگە لە شەڕێکی کورت لەگەڵ کۆریا و مەسەلەی یۆنان، بەجموجۆڵی کوردەوە سەرقاڵە. ئەمەش شتێکی ئاساییە یەکێک لە کەرەستەکانی جووڵێنەر، لاوازیی ڕکابەر و بوونی لۆجیک بەسەر ناوچەکەدا بوو کە لەگەڵ خواستەکانی کورددا نەبوون.

شەڕ لەسەر ناسنامەی قەومی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ و هاتنە سەرکاری بەعس چڕتر دەبێتەوە. حزبی بەعس بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و دواتر سەدام حوسێن زۆرتر مانایەکی توندی قەومی و ناسیۆنالیستی لەگەڵدا بوو. سەدام حوسێن بەپێی پێکهاتەی کەسایەتیی خۆی، شێوازی عێراق و قازانجی فرۆشتنی نەوت، بەتوندی بەبۆچوونەکانی خۆیدا دەچووەوە. سەدام هەوڵی دا لە ماوەیەکی کورتدا ناوچە نەوتی و عەرەبییەکانی ئێران بگرێتە دەست و کەمینەی ناڕازی و ڕکابەر بخاتە جێگەی زۆرینەوە و بەهەڕەشەی ئیسرائیل بووە ڕابەری گەلی عەرەب و بەخێرایی عێراقی کردە هێزی باڵای رۆهەڵاتی ناوەڕاست، دنیای عەرەب و موسڵمانان. بەڵام ئەو سەرکردە توندڕۆیانە زۆرتر شکستیان هێناوە و کۆمەڵگە بۆ ساڵانێکی زۆر دەبێ باجی کارەکانی ئەوان بداتەوە.

سێیەم بەشی لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٩١ یانی تەسلیمبوونی سەدام لە بەرامبەر هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، کورد تاریکترین سەردەمی ژیانی خۆی تێ پەڕاند. لە ماوەی ئەو ١٣ ساڵەدا دوودەستەییی کورد گەیشتە لووتکە و ناکۆکی بەردەوام بووە هۆی جووڵانەوەی دەسەڵاتە دەرەکییەکان. سەدام بۆ پچڕاندنی هاوکاریی کورد لەگەڵ ئێراندا چەند زنجیرە کردەوەی ئەنفالی بەکار هێنا و تێیدا سەدان گوند خاپوور کران، هەزاران دۆنم زەویی بەرهەمهێنەر لەناوچوون و دەستیان بەسەردا گیرا و نێزیکەی دوو ملیۆن کورد ئاوارە بوون و ڕێگەی ئێران و تورکیایان گرتە بەر. لەو کاتەدا بوو سیاسەتی بەعەرەبکردنی شاری کەرکووک ئەنجام درا و تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە شیعە و سوننەکان هێنرانە سەر ماڵ و زەویی کورد و بوونە خاوەن ماڵ.

بەشی چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣.

لەو ساڵانەدا ئەمەریکا بەدوای جێگرەوەیەکی باش لە جیاتیی سەدام حوسێن بوو و هەر بۆیە ناوبراویان لە ناوەڕاستی عێراقدا دەستبەسەر کرد. ئەمەریکا لەو ماوەیەدا بەهاوکاری و پاڵپشتیی وڵاتانی ئەوروپایی و بەتایبەت فەرەنسا، یاسای قەدەخەکردنی فڕینی باڵەفڕی لە سەرەوەی ٣٦ دەرجەی جێبەجێ کرد. ئەو ماوەیە دەتوانرێ بەسەردەمی کرانەوە و تەناهیی باکوری عێراق ناو ببرێ. کوردەکانی عێراق لە کەمپەکان گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و زەوییەکانی خۆیان و ناکۆکیی شاراوە لە نێوان کورد و عەرەب گەشەی کرد. گرینگترین شوێنی ئەو ناکۆکییە، کەرکووکە کە بەسیاسەتەکانی سەدام کرابووە عەرەبی. لەو کاتەدا کورد دەستی دایە دروستکردنەوە و چاککردنەوەی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک و هەوڵیان دا دەست بگرن بەسەر کەرکووک و دەوروبەریدا.

لە بەشی پێنجەم و کۆتاییدا شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخان و لەداردانی سەدام بەهاری ئازادیی کوردەکانی باکوری عێراق دەستی پێ کرد. لەو کاتەدا سەرکردەکانی دوو بزووتنەوەی گەورە یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی بەناوەکانی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی پاش چەند ساڵ شەڕی بێ ئەنجام بۆ ئاشتی سەر دادەنوێنن و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەدامەزراندنی

ناوچەیەکی سەربەخۆ لە باکوری عێراقدا رازی دەبن. بەڕەسمیبوونی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی لە پەنای زمانی عەرەبیدا، بۆ جارێکی تر چاوەکان دەبڕێتەوە کەرکووک کە بەهۆی سنووری هاوبەش لەگەڵ دوو پارێزگای سوننینشینی سەلاحەدین و نەینەوا و هەروەها بەهۆی بوونی یەدەگی نەوتی نێزیک بە ٤٠ ملیار بەرمیل نەوت مانا دەگرێت و کوردەکان لە زنجیرەی سەرکەوتنەکانیان هەوڵ دەدەن کەرکووک بخەنە سەر هەرێمی کوردستان کە ئێستە هەرێمی کوردستان لە سێ پارێزگەی سلێمانی، هەولێر و دهۆک پێک هاتووە.

## دۆخی نیشتمانی و جەماوەری کەرکووک

پارێزگای کەرکووک کەوتووەتە نێوان پارێزگا کوردنشینەکانی سلێمانی و هەولێر لە رۆهەڵات و دوو پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین لە رۆئاوا و باشوور. کەرکووک بەهۆی کەوتنە ناو ناوچەی ناوەندیی عێراقەوە لەگەڵ هیچ یەک لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سووریا سنووری هاوبەشی نییە. کەرکووک بەهۆی بوونی دامەزراوەی پاڵاوتن، بوونی یەدەگی نەوت، جەماوەرێکی نێزیک ٨٠٠ هەزار کەسی و هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی و زەویی جووتیاری رۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەپێدان و زیادکردنی ئابووریدا هەیە. ڕووباری دیجلە کە ڕاستەوخۆ لە چیاکانی تورکیا سەرچاوە دەگرن، پاش تێپەڕینیان لە دهۆک و مووسڵ و سامەڕا بەرەو بەغدا دەڕوا و سنووری رۆئاوای کەرکووک و نەینەوا پێک دەهێنێ.

ڕێژە و پێکهاتەی جەماوەر و دانیشتوانی لە شار و ناوچەکانی کەرکووک جیاوازە. پاش سالانێک لە شەڕی دووەمی جیهانی بەتایبەت لە ساڵی ١٩٧٥دا، زۆربەی دانیشتوانی شاری کەرکووک، تورکمان بوون و پاش ئەوان عەرەبە شیعە و سوننەکان زۆرترین پێکهاتەی شاری کەرکووکیان پێک هێنابوو، بەڵام لە ناوچەی کەرکووکدا زۆربەیان کورد بوون و پاش ئەوانیش عەرەب و تورکمان زۆرترین دانیشتوانی ناوچەی کەرکووک بوون. لە ئێستەدا ناتوانرێ زۆر متمانە بەئامارەکانی بەردەست لەو شارەدا بکرێ. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی کەرکووک بخەنە سەر هەرێمی کوردستان و کاتەکەش لە قازانجی کورد بەرەو پێش دەڕوا. کورد سیاسەتی دانیشتوانیان بەشێوەیەکی گشتی داڕشتووە و کۆچکردنی شاراوە و ئاشکرای عەرەبەکان لە ناوچەکان و شاری کەرکووک، هەموو لە بەرژەوەندیی کورددایە. هەروەها گرینگترین بەرگریکار عەرەبی کەرکووک یانی حزبی بەعس و بەعسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا رەش کراونەتەوە. زۆرینەی مەزهەبی دانیشتوانی عێراق یانی شیعەکانیش دژی پێدانی مافی فیدراڵیزم بەهەموو عێراق نین و لە روانگەی شیعەکانەوە نەدانی فیدراڵی لە عێراقدا مانایەکی ستراتیجیی نییە.

ئەم هاوڕاییە مێژووییەی نێوان کورد و شیعەی عێراق بووەتە هۆی ئاڵۆزبوون و پرسی کەرکووکی کردووە بەمەتەڵ. هەردوولا کۆکن لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک لە سالانی داهاتوو ئەمەش بەسازکردنی راپرسی و ئەمەش لە دەستووری عێراقدا رەچاو کراوە. بەڵام ئەوەی

له سیاسـەتی نێودەوڵەتیدا چارەنووسسـازە، تێگەیشـتنە لە ناوچە و دەسـەڵات. تێبـینی لەبارەی ستراتیجییەوە ئەوە پێشان دەدا کە ئێستە کوردەکان بەختێکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕوخسار بدەنە داهاتووی کەرکووک. ئەگەر بڕیار وابێ لە ساڵانی داهاتوودا دانیشتوانی کەرکووک لەبارەی داهاتووی کەرکووکەوە بڕیار بدەن، سیاسـەتوانانی کورد هەر لە ئێستـەوە خـەریکی دابینکردن و ڕاهێنانـی ئەو دانیشـتوانەن. ئەمـەش بەو مـانایە نیـیە گـرووپەکانی تر بەبێدەنگی مـاونەتەوە، لە عێراقدا کەس یەکی نەکەوتووە. گرووپە جۆراوجۆرەکان چەند هەڵبژاردەیان لـە بەردەمە وەک تیرۆر و کـوشتن تـا وتووێژکـردن. سـیـاسـەت و دەسـەڵات ئەوە بـەپێـویست دەزانن کـە ویلایـەتە جۆراوجۆرەکان بەدەستی ڕاستیان خـەنجەر بگرن و بەدەستی چەپ کتێبی یاسا بەرز بکەنەوە. لە ئێستـەدا هـەریـەک لە گرووپەکان کە خـوازیاری ئاشـتی و تەناهیی عـێراقن، هێـزێکی چەکداریی تایبەتیان ئامادە کردووە.

## ڕووانینی کورد، تورکمان و عەرەب لەبارەی کەرکووکەوە

لایەنە بەشدارەکان لە پرسی کەرکووک هەریەک ڕوانین و بۆچوونی تایبەت بەخـۆیان هەیە، بەڵام لە زانستی سیاسیدا خواست گرینگ نییە. ڕاستی و قسەی حسێبی، پلانی خواستی ڕێ تێچوو و لە هەموویان گرینگتر بایەخ پێدان و جێبەجێکردنی خواستەکانە. مێژوو پڕە لە ڕابەرانی فرەوێژ کە قسـەی ورووژێنەریان کـردووە، بەڵام ئەوانەی کە لە مـێـژوودا باش بوونە، بەخـۆشـحـاڵیـیـەوە یا بەداخەوە، زیاتر بیرۆمەند و بەسەبر بوونە تا هاوارکێش و بێ سەبر.

بەم جـۆرە کوردەکـان چوار ڕوانینیـان هـەیە و پێـیـان وایە لـەبەر ئەم چوار بۆچوونـە کـەرکـووک بەشێکە لە هەرێمی سەربەخۆی کوردستان:

١- ڕوانینی جـوگـرافـیـایی و زەویناسی: بەپێی ئەم بۆچوونە لە هـەولێـر تـا کـەرکـووک، هـیچ بەرزاییەکی شاخاوی یا ئاوی نییە کە کەرکووک لە ناوچە کوردنشینەکان جیا بکاتەوە. تەنیا جیاوازیی بەرچاو لە ناوچە خاوەن نەتەوەکانی کەرکووکە کە ئەمەش شتێکی سروشـتی نییە و پڕۆژەیەکی نوێیە کە بەدەستی مرۆڤ دروست کراوە.

٢- ڕوانینی دانیـشـتـوو: بـەپێی بۆچوونی سـەرکـردەکـان و مـیـدیا کـوردییـەکـان تا پێش دەستکاریکردنی دانیشتوان لە ناوچە و شاری کەرکووکدا، زۆربەی دانیشتوانی کورد بوونە. سـیاسـەتی سـەدام حـوسـێن لە بەعـەرەبکردنی کـەرکـووک بووەتە هۆی ڕاگـواسـتنی بەزۆری کـوردەکان لە نیـشـتمـان و مـاڵی خـۆیان و عـەرەبەکـانی ڕاگوێزراو لـە باشـووری عـێراقـەوە جـێگەیان گـرتنەوە. لەم بوارەوە دەسـتکاریکردنی شـێـوەی دانیـشـتـوانی کـەرکووک لە کـاتی حکوومـەتی خاندانی هـاشمـیش ساڵانێک پێش هاتنی حکوومەتی سـەدامیش ئەو شتـە هـەبوو. دواتر حکوومەتە ناکوردەکان بەدامەزراندنی عەرەبەکان و تورکمانەکان لە پیشـەسازیی نەوتی کـەرکـووکدا ئاڵوگـۆڕییـەکی زیرەکـانەیان لە بوارەکـانی جـووتیـاری و پیـشـەسـازیدا بـەئەنجام گەیاند. دەرکردنی کوردەکان لە نـاوچەکەدا بووە هۆی دروستکردنی ئاسـانکاری و دابینکردنی

کار و دەسەڵاتی زۆر بەمیوانەکان. سەدام حوسێن لە بەردەوامیی کارەکانیدا بۆ بەعەرەبکردنی کەرکووک ناوی کەرکووکی کردە وشەی ناسیۆنالیستی "تأمیم"، بۆ ئەوەی بەتەواوی بوونی کورد لەو ناوچەیەدا بسڕێتەوە و کەرکووک بکاتە ناوچەیەکی عەرەبی.

٣- روانینی مێژوویی: بەپێی ئەم بۆچوونە، ناوچەی کەرکووک لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا سەنتەری پێکهاتە و شوێنی شارستانی بوونە، بەجۆرێک هیچ هێمایەکی شارستانی ناکوردی لە کەرکووک نابینرێ. بەو جۆرە کەمینەکانی ناکوردی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نابێ کوردەکان رەش بکەنەوە. حکوومەتە ناوەخۆییەکانی کورد لە ناوچەکەدا هیچ کاتێک لەگەڵ کەمینەی عەرەب یا تورکمان وەک بەعسییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکردوون.

٤- روانینی ئەخلاقی: روانینی ئەخلاقیی کوردەکان بۆ پێناسەکردنی کەرکووک وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە نابێ هاوکێشە ستراتیجییەکان کاریگەری بخەنە سەر تێڕوانینە ئەخلاقییەکان. شەڕی نادادپەروەرانە و زوڵمی بەعسییەکان ناخۆشیی مێژوویی کوردەکانیان گەیاندووەتە لووتکە ناتوانرێ هەموو پرسەکان بەپێی راستییە بەچاودیتەکان بگێڕدرێنەوە و شی بکرێنەوە. چەند خاڵێک هەیە کە ناتوانرێ لە بواری مێژوو و جوگرافیا پلانیان بۆ دابنرێ. دەسەڵاتداریی ناکوردەکان بەسەر زەوی و پیشەسازییەکانی کەرکووکدا، هیچ کام لەوانە هۆکاری ئەخلاقییان لە پشت نەبووە و تەنیا بۆ کاری سیاسی و بێ حورمەتیکردن بەکورد لەلایەن حکوومەتێکی ناشەرعییەوە بووە.

## روانینی تورکمانەکان

بەپێی بۆچوونی تورکمانەکان ئەوان بەشێوەی مێژوویی زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووکیان پێک هێنابوو و سیاسەتی جیاوازی و دژایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا نەگرتووەتە بەر و ئەوەی کە سەدام حوسێن سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووکی گرتووەتە بەر، نابێتە هۆی ئەوەی کورد لە بەرامبەر تورکماندا لەسەرتر بن.

## روانینی عەرەبە شیعەکان

عەرەبە شیعەکانیش پێیان وایە ژمارەی کورد و دانیشتوانی کوردی کەرکوک بەو جۆرەی کە کوردەکان باسی لێوە دەکەن بەو جۆرە نەبووە و ناوچەی بەینونەهەرەین بەردەوام سەنتەری شارستانییەتی دوور لە کورد بووە. هەروەها ئەو عەرەبانەی کە بەزۆر بۆ ئەو ناوچانە گوازراونەتەوە پێیان وایە کە ڕاگواستنی بەزۆرەملەی ئەوان، بەردەوامیی سیاسەتی بەعسییەکانە لەلایەن بەرپرسان و چالاکانی هەرێمی کوردستانەوە.

بەخوێندنەوەی بۆچوون و ڕوانینی نەتەوەکان بۆ پرسی یەکەم دەگەڕێنەوە کە تەناهیی ناوچەی ستراتیجیی کەرکووک بەجۆرێک وەک مەتەڵ وایە کە هەر بیرۆکەیەک توانای ئەوەی هەیە دژی خۆی بوەستێتەوە.

## تێڕوانینی داهاتووی کەرکووک

بۆ تێگەیشتن و پێشبینیی داهاتووی بەردەم ناوچە گرینگەکان، بەتایبەت ناوچەی کەرکووک دەبێ سەرچاوە و کۆسپە توند و نەرمەکان ڕەچاو بکرێ. دەبێ بەم پرسیارە وەڵام بدرێتەوە کە سەرچاوەکان (تواناکان) و سەختییەکان بۆ هاتنە دیی دۆخێکی نوێ کامانەن؟ بەم بیرۆکەیەوە من (نووسەری بابەتەکە) پێم وایە بیرکردنەوە لە گەڕاندنەوەی کەرکووک بەهەرێمی کوردستان سەختیی گرینگی لە بەردەمدایە، بەڵام بیرۆکەی پاککردنەوەی کورد لە کەرکووک یا دەرکردنی کەسانی ناکورد لەو ناوچەیە ئەستەمترە و ڕەنگە هەر سەر نەگرێ.

هێزە لایەنگرەکان بۆ کوردبوونی کەرکووک سەرچاوەی باشیان لە بەردەستە بۆ نموونە.

١– زانیاریی قەومیی زۆری کوردەکان و بوونی ئەوان لە کەمینەوە بۆ زۆرینە.

٢– سەرکردایەتیی چالاکوانانی کورد لە عێراق و دووربوون لە دەسەڵاتی توندی کلاسیکی.

٣– ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان وەک سەرباز، هاووڵاتی و چالاکیی ئابووری.

٤– خەبات و شۆڕشی ڕابردوو (کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی زانیاریی قەومی).

٥– خەریکبوونی دەسەڵاتەکانی دژ بەکورد بەپڕۆژەکانی ترەوە.

٦– هاوڕێبوونی داخوازیی کوردەکان لەگەڵ خواستە نێودەوڵەتییەکاندا (وەک مافی هاووڵاتیبوون، مافی کەمینە، ئازادیی نیشتمان)

## بێ دەسەڵاتیی نەیارانی کورد لە ناوەخۆی عێراقدا

ئەو هۆکارانەی باسیان لێوە کرا بوونەتە هۆی ئەوەی کوردەکان کەرکووک بە "ئۆرشەلیمی کوردستان" ناو ببەن و ئەرزش و تایبەتمەندییەکی زۆر بۆ ئەو ناوچەیە قایل بن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە عەرەبە سوننەکانی دژ بەکورد شتێکی تریان جگە لە هەڕەشە و تیرۆر لە بەردەم نییە و بۆ ئەوەی ڕەنگی شەرعییەت بدەنە خواستەکانی خۆیان دەیانەوێ ئەو زوڵمە ناشەرعییانەی لە ڕابردوو لێیان کراوە بکەنە بیانوو.

نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە ئەو سەرچاوانەی کە لە سەرەوە باسیان لێ کرا چەند کۆسپیان لە بەردەمە وەک: گەمارۆدانی کوردەکان لەلایەن هێزە نەیارەکانەوە، ئەوان بۆ گەیشتن بەوڵاتانی دوور لە ناوچەکە هان دەدا. ئەمەریکا و ئیسرائیل پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستان بە پاڵەپەستۆ خستنە سەر نەیاران دەزانن. ڕەنگە بتوانرێ ئیسرائیل بەگەورەترین براوەی هاوکێشە پێوەندارەکانی باکوری عێراق ناو ببرێ. سەیر ئەوەیە خۆشیی ئیسرائیل لە گەشەکردنی هەرێمی کوردستاندا بەدژی کوردەکان کۆتاییی دێ، چونکە نەیارانی کورد لەیەکچوونێک لە نێوان کورد و جوولەکە دەبینن و هەر بۆیە هەردووکیان دەکەنە ئامانج.

سەرچاوە: http://ardeshir58.persianblog.ir/post/280

# غینیا بیساو

## وڵاتێکی هەژار و بازاڕێکی گەرم لە کۆکاین

کیڤن سولیفان

فیلیپ دجو بە روویەکی داماو و پەرێشانییەوە دەست بەکەلەپچە دانیشتبوو، بۆ چاکبوونەوە لە هۆگربوون بە کۆکاین لەو سەنتەرە دانرابوو، ئەوە سێ مانگە لە ماڵەوە ئەو کوڕەیان ناردووەتە ئەو بنکە چاکسازییە، ئەو نموونەیەکە لەو کەسانەی ئالوودەی موخەدەرات بوون، کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ کەس لەو وڵاتە خولیای ئەو نەخۆشییە نەبوو، بەڵام ئێستا لە غینیا بیساو ئەو دیاردەیە زۆر بووە و ئەو بنکەیە یەکەم سەنتەرە بۆ دەوڵەتە ڕۆئاواییەکانی ئەفریقیا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی ئەو دەردە. ئەو پیاوە تەمەن چل ساڵییە وتبووی کەوا دایکم دەیوت مێشکم تێکچووە و چەتەکانی بازرگانیکردن بە موخەدەرات ئەو وڵاتەیان وێران کردووە.

ئەو وڵاتە هەژارەی ئەفریقیا بووەتە جەمسەرێکی بنچینەیی لە پرۆسەکانی گواستنەوەی موخەدەرات و بووەتە سەنتەرێکی ستراتیجیی بازرگانیکردن بە کۆکاین، بەپێی ئاماری ئەمەریکاییەکان و ئەوروپاییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو وڵاتە لە هەموو لایەکەوە ئەو مادەیەی بۆ رەوانە دەکرێت، پاڵەپەستۆکانی حکوومەت یان گۆڕانە ئابوورییەکانی جیهانیش کاریان لێ ناکەن. بەرپرسەکانی ئەو وڵاتە دەڵێن چەتە و قاچاخچییەکانی جیهان وڵاتی لاواز و داڕماو دەدۆزنەوە تا کارەکانی خۆیانی تێدا ڕاپەڕێنن، لەوانە وڵاتێکی وەک غینیا بیساو تەنیا شەست و سێ پۆلیسی فیدراڵییان هەیە، لەو وڵاتەش تەنیا یەک گرتووخانە هەیە، خەڵکەکەش لەناو خانووی خراپی ناتەندروست ژیان بەسەر دەبەن، کە سەربانی زۆربەیان لە کاریتە و دار و گەڵای دارەکان دروست کراوە، هەموو ڕێگەکانیشیان قیرتاو نەکراوە، ئاو و کارەبا و زێرابیشیان نییە.

بەڕێوەبەری تەنفیزیی قەڵاچۆکردنی موخەدەرات و تاوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

(ئەنتونیۆ ماریا کوستا) روونی کردووەتەوە کەوا ناوچەکانی ڕۆئاوا ڕووبەڕووی هێرشێکی توند دەبێتەوە. ئەو بەڕێوەبەرە لەو دواییيانەدا سەردانی غینیا بیساوی کردووە و بۆی دەردەکەوێ، کەوا بازرگانیی کۆکاین لەو وڵاتە زۆر تەشەنەی کردووە، یەکەمین وڵاتیشە کەوا دەسەڵاتی وڵاتەکە لەژێر کۆنترۆڵی بازرگانەکانی کۆکاینە، دیارە کەوا بەرپرسە چەتەکانی کۆلۆمبیایی کۆشش دەکەن زۆرترین کۆکاین دابین بکەن بۆ بازاڕەکانی بەریتانیا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا بۆیە بۆ دۆزینەوەی بوار و ڕێگە کار دەکەن و بازاڕیان گەرمە ئەگەرچی بازاڕەکانی موخەدەراتی ئەمەریکایی سستیی پێوە دیارە. کوستا وتبووی کەوا ئەوروپا دراوی بەهێزە و کۆکاین بە نرخی دوو ئەوەندەی ئەمەریکا دەفرۆشرێ، بۆیەش ئەوروپا وەک موگناتیس چەتەکانی موخەدەرات بۆ خۆی رادەکێشێ. پۆلیسی کۆلۆمبیایی لە چەندان شوێن هەڵدەکوتنە سەر چەتەکان، لەوێ بە جانتا یۆرۆیان دۆزیوەتەوە، چونکە دۆلارە تەقلیدییەکەی جاران کەم بووە لەو بازرگانییەدا.

لەناو سەنتەری شارەکانی غینیا بیساوی کەلاوە و نارێکەکاندا چەندان ئۆتۆمۆبێلی سپۆرتی گرانبەهاش دەبینرێت، ئەو وڵاتەی کە سەرژمێرییەکەی دەگاتە یەک ملیۆن و نیو کەس، لەبەر هەڵبەز و دابەزینی نرخی دراوە جیهانییەکان دووچاری جۆران دەردەسەری و نەهامەتی هاتووە. ئەو وڵاتە زووتر کۆلۆنییەکی پرتوگالیایی بووە، بەرپرسە پۆلیسییەکەیان ژنە و ناوی لوسیندا باربوسایە، بەرپرسی قەزاییی پۆلیسەکان وتوویەتی: مەسەلەی کۆکاین کێشەی ئێمە نییە، ئێمە ئەو مادەیە بەرهەم ناهێنین، بەڵام ئەو پێشهاتە داهاتووی ئێمەی شێواندووە. بەرپرسە حکوومەتییەکان دەبێژن کەوا قاچاخچییەکان تا میللەتەکەمان فێری بەکارهێنانی کۆکاین بکەن کەمێکیان بۆ تامکردن و فێربوون بۆ دەستەبەر دەکەن، بەوەش ڕێژەی بەکارهێنانی کۆکاین لەناو خەڵکەکەی ئەو وڵاتە بەرز دەبێتەوە و کە جاران ئەو دیاردەیە بوونی لەو وڵاتەدا نەبووە. هەر کۆکاینە گەندەڵی لەناو کارمەندانی حکوومەتیش زۆرتر دەکات، بەوەش ئارامیی ئابووری و سیاسیی وڵاتەکەمان دەشڵەژێنێت، بۆیەش لە کۆتاییی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا شەڕی ناوەخۆ وڵاتەکەی کاول کردبوو، بۆیەش باربوسا وتوویەتی:

ڕەوشی ئەو دەوڵەتە شڵەژاو و لەرزۆکە.

پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان ریزبەندیی ١٧٥ بۆ غینیا بیساو لە کۆی ١٧٧ وڵات لە بواری گەشەی مرۆیی داناوە، نووسینگەی قەڵاچۆکردنی موخەدەرات و تاوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وتوویەتی کەوا موازەنەی نیشتمانییان دەگاتە تەنیا نرخی دوو تۆن و نیو لە کۆکاین، کە بە کۆ لە ئەوروپا دەفرۆشرێ. ئەو وڵاتە بە کاژو و مانگا ناسراوە، نەبوونی حکوومەتێکی بەدەسەڵاتی بەهێز و بەرینی کەنارەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆری دوورگە چۆڵ بوارسازە چەتەکانی ئەو بوارە گەشە بکەن. بەرپرسەکان لەو وڵاتە ئەوە ئاشکرا دەکەن کەوا مادە قاچاخەکان راستەوخۆ لە وڵاتەکەی ئەوانەوە رەوانەی ئەوروپا ناکرێن، چونکە دەریاوانی و هێزەکانی ئەوروپایی بەئاسانی بارە قاچاخەکان دەدۆزنەوە. کەشتییەکان و ئەو بارانەی بە باڵەفڕە

ڕەوانەی ڕۆئاوای ئەفریقیا دەکرێن و لە فڕگە و شۆستە گچکە و لاچەپەکانی دوورگەکانی غینیا بیساو دادەگیرێن، لەوێشەوە بەهۆی دەریا و بە بەلەمی گچکە گچکە دەگەنە ناو وڵات. لەوێشەوە بە باری زۆر گچکە و سنووردار بە باڵەفڕەی گچکە و بەدەستی و شاردنەوەیان لەناو جەستەی خەڵکەکە دەگەنە ئەورووپا، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦ پۆلیسی هۆڵەندایی ٣٢ کەسیان لە گەشتێکی ئاسمانی گرتبوو کە لە غینیا بیساو دەهاتنە ئەمستردام و کۆکاینیان هەڵگرتبوو.

کۆکاین لەلایەن قاچاخچییەکانەوە لەناو کیسەی پلاستیکیی گەورە فڕێ دەدرێتە ناو دەریا و لەوێشەوە لەسەر کەنارەکانەوە لەنگەر دەگرن، هەندێ لە گوندنشینەکانی کەنارەکانی غینیا بیساو کە هەرگیز کۆکاین و ئەو مادەیەیان نەدیبوو، چەند بارە پلاستیکیان دەست دەکەوێت، کە نازانن چییە، وەک پەین بۆ چاندن بەکاریان هێناوە، یان دیواری خانووەکانیان پێ سوواخ دابوو. غینیا بیساو بۆ کاری پشکنینی دەریاوانی تەنیا دوو بەلەمیان هەیە، کە یەکێکیان شکاوە و کار ناکات، دەستەی پاراستنی ئاسمانیشیان لاوازە و باڵەفڕە و باوەشێنکەیان نییە و بۆیەش ناتوانن لە ئاسمانەوە چاودێریی دەریا بکەن، لەسەر ئەو بابەتە گەورەیە یاریدەری سەرۆکی ئەرکانی دەریاوانیی ئەو وڵاتە جۆرج سامبو وتوویەتی:

ئێمە هیچ بوارێکی ئاسمانیمان نییە بۆ چاودێریکردنی دەریاکان و توانای سەربازیمان بۆ ئەو مەبەستە لاواز و سادەیە.

ژنە بەرپرسەکەی پۆلیس باربوسا کە چالاکوانە لە بواری قەڵاچۆکردنی بازرگانیکردنی ئەو بازرگانییە ترسناکە، لە نووسینگە سادەکەی سەنتەری شارەکەیان لەگەڵ شەست و سێ پۆلیس چالاکن، بەڵام ئەوان چەکی سادەیان پێیە، کە خۆی لە دەمانچەی سادە دەبینێتەوە. نووسینگەکەیان دەکەوێتە سەر کۆڵانێکی قوڕاوی، نووسینگەکەی تاوانکارییەکەش برێتییە لە ژوورێکی لاچەپ، کە چوار مێز و کورسیی تێدایە و کۆنە تەلەڤزیۆنێکیش لەوێ دەبینرا، دۆڵابی ژوورەکەش بەتاڵ بوون.

لە ئیدارەی پۆلیسخانەکەش یەک لاپتۆپمان بینی، بەڵام لەوێ هیچ سیدی و کاسێتمان بەرچاو نەکەوت، ئیدارەکەش بەردەوام کارەبایان بەسەردا دەکوژایەوە، کارمەندانی ئەو پۆلیسخانەیە کەندێکی قووڵ ڕۆژانە وەک توالێت بەکار دەهێنن. لە دوا سەردانمان بۆ ئەو دەزگایە چەند پیاوانی پۆلیسی پێخاوسمان بینی، کە لەبەر سێبەرێک پاڵ کەوتبوون، لەوێش چەند پارچەی کۆمپیوتەرێکی شکاومان بینی، کە لە باربوسای تەمەن چل و حەوت ساڵیمان پرسی، بۆچی ڕەوشەکەتان وا خراپ و قێزەوەنە، ئەو بەپێکەنینەوە وەڵامی ئێمەی دایەوە:

ئەوەیان گەورەترین کێشەی ئێمەیە، بەڕاستی ڕەوشەکە نیگەرانیی پێوەیە، ئێمە نە چەکمان هەیە و نە فیشەک، پێداویستییەکانمان کەم و نابووتە. ئێمە لە مانگی ئۆگستی ڕابردوو دوو پیاوی کۆلۆمبیایی دانیشتووی بیساومان گرتبوو، ئەوانە سەد و پەنجا هەزار دۆلار و دوو نارنجۆک و دەمانچەیەک و تفەنگێکی ڕەشاش و دوو نامیلکەی تایبەت بە چەکسازیی سەربازی و سەد دانە

گولله و نەخشەی چەند ناوچەیەکی دوورەدەستی ناوچەکەیان پێ بوو. پاش لێکۆڵینەوە بۆمان روون بووەوە کەوا ئەو دوو پیاوە پێنج ساڵ لە میامی بە تاوانی بازرگانیکردن بە موخەدەرات گیرا بوون، بەڵام قازییەکی خۆمان بەبێ هیچ بیانوویەک دوو پیاوەکەیان ئازاد کرد.

***

بیساو کۆشش دەکات لە توندکارییەکانی بەربڵاوەکانی ناو وڵاتانی مەکسیک و هاوشێوەکەی خۆی دوور بگرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی بوونەتە بوارێک بۆ دەربازبوونی موخەدەرات، بەڵام بەرپرسەکان بەدڵنیاییەوە دەڵێن کەوا پۆلیسەکان و میدیاکارەکانیان چەندان نامەی هەڕەشەی کوشتنیان پێ گەیشتووە، لەوانە ئالن ییرو ئامبالوی تەمەن پەنجا و یەک ساڵییە، ئەوەی ماوەی پازدە ساڵی تەمەنی لە نمایندەی وەکالەتی هەواڵەکانی فرەنسایی و رادیۆی فرەنس ئینتەرنشنال لە غینیا بیساو لە زێدی خۆی غینیا بیساو بەسەر بردبوو. ئەو وتبووی کەوا لە مانگی یۆنیۆ بەچاوی خۆی دیتبووی کەوا دەستەیەک لە دەریاوانی سەر بەسوپای دەریاوانی و بە جلی رەسمیی خۆیانەوە لەناو ئاوی زەریاکە کۆکاینیان بەکار دەهێنا، بۆیەش گومان لەوە دەکات کەوا ئەو دەریاوانانە دەستیان لەگەڵ بازرگانەکانی کۆکاین هەیە، بۆیەش ئەمیرال خوشیە ئامریکو، ئەوە بە (بوبونا تشات)ی سەرۆک ئەرکانی دەریاوانی دەڵێت و لەوەیان ئاگەداری دەکاتەوە. بۆیەش ئامبالو وتبووی کەوا تشات بەو شێوەیە وەڵامی داوەتەوە:

دەبێ ژوورنالیستییەکان ئەوە باش بزانن کەوا ئەگەر قسە بکەن دەکوژرێن، ئەگەر هیچی نەگوت و بێدەنگیی هەڵبژارد، ئەوە کەس دەستی بۆ درێژ ناکات و سەربەستانە دەژیت، ئەگەرنا دەکوژرێت. بەڵام لە دیمانەکەدا تشات وتبووی، کەوا من هەرگیز دیمانەم لەگەڵ ئامبالو نەبووە، هەرگیز چاوم بەو نەکەوتووە، ئەویش وتی، من هەرگیز بازرگان و چەتەکانی موخەدەرات هەڕەشەیان لێ نەکردووم، هیچ دیمانە و دۆستایەتیم لەگەڵ ئەوانەدا نەبووە، ماوەی چل و پێنج ساڵە لەو بوارەدا کار دەکەم، درۆش ناکەم.

لە مانگی یولیۆ دەستەیەک لە چەتەی چەکدار هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵەکەی ئامبالو، تێیدا هەڕەشەی کوشتنیان لە ژن و منداڵەکانی کردبوو و ماڵەکەیان سەروبن کردبوو، کۆمپیوتەر و دەفتەر و ئامێرە دەنگییەکان و وێنەکانی ماڵەوەیان بردووە، پێش ئەوەی لە ماڵەکەش دەربچن بە هاوسەرەکەیان وتووە:

بەو پیاوە بڵێن ئەوجارە دەستمان لە کەلوپەل و شتەکانی ئەو دا، بەڵام ئەگەر خۆی نەگۆڕێت جارێکی تر سەری ئەو دەبەین. ئامبالو لە ترسانا بەرەو پاریس ڕای کردووە و لەوێش داوای مافی پەنابەریی کردووە، لەوێیەوە بە تەلەفۆن بە ئێمەی ڕاگەیاند:

چەتە و بازرگانەکانی موخەدەرات هەموو شتێکیان پێ دەکرێت ئەوان پارە و چەکیان زۆرە، دەتوانن حکوومەتیش بە پارەکانیان بکڕن.

ئەو شارە جوانە، بیساو ماوەیەکی زۆرە جوانییەکەی بێ نازە، لەسەر شەقامە سێ سایدەکە

چەندان باڵەخانەی رووخاو و چۆڵکراو دەبینرێ، زووتر ئەو خانووە سەر سوورە قرمیدییەکان نموونەی نازداریی بوون، لە ساڵی ١٩٩٩ەوە کۆشکی سەرۆکایەتی بەتاڵە و لە شەڕەکانی ناوەخۆدا چەندان گوللەی تۆپی بەرکەوتووە و سەرەکەی ویران کراوە. کۆڵانەکانی ئەو شارە پڕ قۆرت و کەند و کۆسپ بوون، لەسەر شۆستەکانیش ئۆتۆمۆبێلی شکاوی ژەنگاویی کۆن فڕێ دراوە، لەسەر پاشماوەکانیش دووکەڵی تێدا هەڵدەستێ، باڵندە چڕنووک درێژ و تیژەکانیش لەسەر کەلاکی سەگە لاوازە تۆپیوەکانیش شەڕیانە و گۆشتەکەی هەنجن هەنجن دەکەن تا پارچە گۆشتێکی چەور بدۆزنەوە. لە بیساو کەسە بەختیارەکان بە وەرگرتنی بیست و پێنج دۆلارە مانگانەکەیان زۆر دڵشادن، حکوومەتیش بەردەوام مووچەی فەرمانبەرەکانی چەند مانگێک دوا دەخات، لە شەقامەکان زۆر دەبینرێ کەوا پیاوەکان بۆ پەیداکردنی زادی رۆژانەیان عەرەبانە بەرەو مەیدانی نادیار پاڵ دەدەن، شەوانە تەنیا بڵێسەی چەند ئاگردانێک یان چرایەکی کز لەو شارە تاریکە دەبینرێ، خەڵکەکەش بە کەمێک برنجی کوتراو و کولاوی بە کاژو و بە شەکر بەڕێ دەکەن. لەگەڵ ئەو نەداری و پەرێشانییەش ئۆتۆمۆبێلی دوامۆدێلی سپۆرتیش دەبینرێت، کە پارەی زۆری پێ دراوە، لۆری گەورەی تویوتاش لە شەقامەکان بار هەڵدەگرن، بەڕێوەبەری یەکێک لە وەکالەتەکانی تویوتا برونو ڤالانس وتی:

پار پیاوێک بۆ کڕینی دوو بارهەڵگری گەورە سەردانیان کردووە و دوو لۆرییان بە شەست و شەش هەزار دۆلار کڕیوە و پارەکەیان کاش داوە، جانتایەک پڕ دۆلاریان پێ بووە، من هەقم لەسەر کەس نییە، ئەوە پارەدار و ئەوەی پارە بدات من ئوتومۆبێلی پێ دەفرۆشم، ئیشەکەی من تەنیا فرۆشتنە و بەس.

لەو شارەش دیاردەی دەوڵەمەندی و پارەی زۆریش هەیە، لە رێستورانتێک یەک خوانی روبیانی باش دەگاتە پەنجا دۆلار، لە سوپەرمارکێتیش یەک لیتری مەشروب بە سەد و سی دۆلار دەفرۆشرێ. لەناو تیاترۆکانیش پیاوان دەستگەمە لەگەڵ ژنانی ناسک دەکەن، لە دەرەوەش پیاوانی چوارشانە پاسەوانیی ئۆتۆمۆبێلە باشەکان دەکەن، زۆربەی ئەو پیاوانە لەو بارِ و تیاترۆیانە پارە سەرف دەکەن کەسانی بێگانەن. کونستانتینو کوربیا گەورە بەرپرسی وەزارەتی داد بەرپرسە لەو دەزگایەی هاوکاریی حکوومەت دەکەن بۆ قەڵاچۆکردنی موخەدەرات، دیارە کەوا ئەو کەسانەی ئیش لەو بوارە دەکەن، وادەزانن وڵاتەکە پارچەیەکە لە بەهەشت. لەو وڵاتە دادپەروەری بوونی نییە، پیاوانی پۆلیس بە ئەرکەکانی سەرشانیان هەڵناستن، لە هەر شوێنێک کەسانی لادەر و دەرچووان لە یاساکان دەستی بڕوات دیارە کەوا دەوڵەت و دەزگاکانی قانوونی دەوریان نابێت، لەوێش فەوزا و ئاناشیزم روو دەدا.

کوربیا ئەوەشی روون کردەوە کەوا پار بارێکی گەورەی سێ چارەگە تۆن کۆکاینیان گرتبوو، دەرچووە بارە قاچاخەکە خاوەنەکەی دوو ئەفسەری سوپا بوون، قاچاخچییەکان هەر ئەو دوو کەسە نەبوون، ئەوانی تر دەربازیان بوو، پۆلیس بڕوای وابوو کەوا ئەوانە زۆرتر لە دوو تۆن

کۆکاینیان پێ بوو، بەڵام دوو ئەفسەرە گیراوەکەش ئازاد کران. کەواتە لەو وڵاتە دەزگاکانی پۆلیس بێ دەسەڵاتن، کەسە نزیکەکانی سوپاش دەستیان لەو بازرگانییە ترسناکەدا هەیە و دادگەش هیچیان بۆ ناچێتە سەر.

وڵاتی پرتوگال و چەند وڵاتی تر و یەکەتی ئەوروپایی و نەتەوە یەکگرتووەکان بەیەکەوە بڕی شەش ملیۆن یۆرۆیان بەو وڵاتە داوە تا بتوانێت دەزگا قەزاییەکانیان چاک و ساز بکەن تا بتوانن سیستەمەکانیان لەگەڵ ئەو ڕەوشە بگونجێنن و بتوانن چارەسەرییەک بۆ تەنگژەکانیان بدۆزنەوە، بەڵام بەرپرسەکانی پۆلیس و دادگە وادەزانن چاکسازییەکان پارەی زۆرتری دەوێت. کوربیا دەستی بەسەریدا دەهێنا و دەیگوت کەسانی وا لەناو قاچاخچییەکان هەیە ئەوانە خۆیان زیندانی تایبەتی خۆیان هەیە، خەڵک دەگرن و خۆیان کارەکانیان بەڕێوە دەبەن، بە گیرانی ئەوانە ڕەنگە ڕەوشەکە بگۆڕدرێ. کوربیا ئاماژەی بەوە دەکرد کەوا ئەو باڵەخانەی بەرامبەرمان بینایەکی جوان بوو، لەولاشەوە دوو پۆلیس بەچەکەوە پاسەوانی زیندانێکیان دەکرد کە چل کەسی تێدابوو، گیراوەکان لەسەر یاتاخی تەنک درێژ بووبوون، ئەو گیراوانە بە دەرگەیەکی سادە لەگەڵ دەرەوە جیا کرابوونەوە، دەرگەکەش بەتوندی دانەخرابوو. لەناو گیراوەکاندا دوازدە تاوانباری ترسناکی هەبوو، ژوورەکە هیچ مەرجی تەندروستی تێدا نەبوو، کارەباشی نەبوو، لەسەر دیوارەکە چەندان وێنە و نووسین دەبینرا، ئەو وتی:

دەزگاکانی ئێمە، پێویستیان بەزیندانی نوێ هەیە، ئەوەش مەسەلەیەکی پێویستە ناکرێ پۆلیس زیندانێکی باشی نەبێت. لە گوندی کوبنهامل کە سی و پێنج کیلۆمەتر لە ڕۆهەڵاتەوە دوورە، لەوێ بنکەیەکی چاکسازیی هۆگرانی کۆکاین کراوەتەوە، کە تێیدا ژمارەیەک لە نەخۆشەکان چارەسەر دەکەن، هەموویان لەسەر خۆڵەکە پاڵیان دابووەوە، ئەوانەی ڕەچاوی مەترسییان لێ دەکرا بە زنجیری ئاسن بەسترابوونەوە.

دومینگوس تی، موبەشرێکی ئەنجیلییە لە ساڵی ٢٠٠٢دا ئەو سەنتەرەی بۆ نەخۆشەکانی کحول و ماریجوانا کردووەتەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن کۆکاین دیاردەیەکی زۆر ئاساییە. لەوانەی کۆکاین بەکار دەهێنن ئەبدولی ئانجی تەمەن بیست و حەوت ساڵییە و پارە بەبۆیەکردنی خانووبەرە پەیدا دەکا، پارەکەش بە کۆکاین دەدات و چەند ساڵە بەرهەمی لەبەر ئەوە دیار نییە. ئەوەش نموونەیەکە لەو کەسانە لەو وڵاتە بێ یاسایە ڕوو دەدا و هەیە.

ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاو کراوەتەوە و لە ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی ژمارە ٣٣٢ کراوە بەعەرەبی.

هەواڵنامەی ئیلیاس

# شرۆڤەیەک
# بۆ شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی

ئامادەکردنی: ئەردەڵان عەبدوڵا

ماوەیەکە هەورێکی گەورە بارانی سەوزی شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا دەبارێنێ. بارانێک هێندە بەهێزە، کە هیچ دیکتاتۆرێکی عەرەبی ناتوانێت لە بەردەم لافاوی ئەم شۆڕشەدا خۆی ڕابگرێت. هیچ کاتێک لە مێژووی ئەم وڵاتانەدا، ئەم وەرزە سەوزەی شۆڕش و ڕاپەڕینەی بە خۆوە نەدیوە. مێژووی وڵاتانی عەرەبی پڕیەتی لە کودەتای سەربازی و کوشتاری بێ وێنە. ئەمە یەکەمین جارە کە بەو شێوەیە شۆڕشێکی گەورە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی بگرێتەوە. لێ پرسیاری گەورە لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئەم شۆڕشە یان بە واتایەکی تر ئەم هەلومەرجە چۆن دروست بوو؟. ئایا ئەم هەلومەرجە سیاسییەی ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی کێ و لە زەرەری کێدایە؟. ئاخۆ ئەمە سەرەتای قۆناخێکی نوێی مێژووییە؟ من هەوڵ دەدەم بەپێی بۆچوونی خۆم، شرۆڤەیەک بەکورتی بۆ ئەم هەلومەرجە نوێیەی عەرەبستان و ناوچەکە بکەم.

## هۆکاری ناوخۆیی

هەموو شۆڕشێک بە کەڵەکەبوونی هۆکارە ناوەخۆییەکان دەست پێ دەکات، هەر ئەو هۆکارە ناوخۆیانەشن کە چەخماخەی هەموو شۆڕشێک دادەگیرسێنن. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی پەنجە بخەمە سەر گرینگترین هۆکاری ناوەخۆی ئەم شۆڕشانە.

١- خراپی ڕێژیمی سیاسی و دیکتاتۆری

گەورەترین هۆکار بۆ دروستبوونی ئەم شۆڕشانە، بوونی ڕێژیمی دیکتاتۆری و عەسکەرییە لە

ولاتە عەرەبییەکاندا. هەموو دەوڵەتانی عەرەبی یان لە ڕێگەی دیکتاتۆرێکی عەسکەرییەوە حوکم دەکرێن وەکو (میسر، تونس، سووریا، جەزائیر، لیبیا، یەمەن). ئەم دەوڵەتانە لە ڕێگەی حزبی تاکرەو دیکتاتۆرێکی سەربازییەوە حوکمی ولاتیان دەکرد. هەمووشیان پشتیان بە ئایدۆلۆجی ناسیۆنالیزمی توندڕۆ کە نێزیکە لە فاشیزمەوە بەستووە، وەکو لە (سووریا). ئەمانە یان عەرەبیزمیان کردبووە پەڕۆیەک، بۆ سڕینەوەی هەموو دزی و گەندەڵی و تاوانەکانیان کە دژ بەگەلەکانیان دەیانکرد. هەندێکی تریان لە ڕێگەی دەوڵەتێکی مەلیکی و خێلەکی دیکتاتۆرییەوە (سعوودیە، ئوردن، کوێت، قەتەر، مەغریب، عومان، بەحرەین) حوکمی ولات دەکەن. ئەم دەوڵەتانە بەتایبەت ئەوانەی کەنداو، پشت بە حوکمی بنەماڵە و پاشان ئاینی ئیسلام دەبەستن. ئەمان لە ڕێگەی یان ئیسلامیزمەوە، حوکمی دیکتاتۆری و دزی و گەندەڵی خۆیان دەسەپێنن. هیچ کاتێکیش گوێیان بۆ داخوازی و کێشەکانی کۆمەڵگە نەگرتووە. ئەمانە هەموویان لە ڕێگەی دەزگای پۆلیسی و ئەمنییەوە حوکمی ناعادیلانەی خۆیان بەسەر خەڵکی بێ دەسەلاتی عەرەبیدا دەسەپێنن. پاوانکردنی دەسەلات و سەپاندنی حوکمی دیکتاتۆری، هۆکاری سەرەکی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی عەرەبستان بوو.

٢– نەبوونی ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی

لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی ئازادی بوونی نییە، ئەگەر هەشبووبێت نەیتوانیوە ویستی خەڵکی دابین بکا. یان بە واتایەکی تر ئەو ئازادییە کەمەی کە هەبووە بۆ نموونە لە ولاتی میسر، ئەم ئازادییە کەمە نەیتوانی ویستی کۆمەڵگەی مەدەنی دابین بکا. نەیتوانی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری ئەنجام بدات. لە هەر کۆمەڵگەیەکیش ئازادی نەبوو، خەڵکی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی کڕینی ئازادی دەدا بەهەر نرخێک بێت. لە کۆمەڵگەی ئازاددا، خەڵکی لە ڕێگەی پرەنسیبەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، هەوڵ دەدەن گۆڕانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەنجام بدەن. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، خەڵکی هانا بۆ شێوازی توندوتیژی و شۆڕش و ڕاپەڕین نابەن، بەڵکە کۆمەڵێک ڕێگە هەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بە ویست و پێداویستییەکانی خۆی بگات. لێ لەم دەوڵەتە دیکتاتۆرانەدا، هیچ جۆرە ڕێگەیەکی تر لە بەردەم خەڵکیدا نەبوو، بۆ ئەوەی گۆڕانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەنجام بدەن،، جگە لە ڕێگەی توندوتیژی و شۆڕش.

٣– خراپی باری ئابووری

بەگشتی ولاتانی عەرەبی لە ڕووی ئابوورییەوە کێشەیان زۆرە. دیارە جگە لە ولاتە بچووکەکانی کەنداو، ئەویش بە حوکمی بوونی سامانێکی زۆری نەوت. ئەگەر سەیری ئەم چەند ساڵەی دوایی بکەین، دەبینین گەشەی ئابووری ئەم ولاتانە زۆر سست و لاوازە. گەر سەیری باری ئابووریی ئەم ولاتانە بکەین، ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورە دەبینەوە. لە کاتێکدا دەوڵەتانی باشووری ئاسیا و چین و هیندستان، تا ڕادەیەکی زۆریش بەرازیل و ئەرجەنتینیش، لەم چەند ساڵەی دواییدا

توانییان خۆیان لە دواکەوتوویی ئابووری رزگار بکەن و گەشەیەکی خێرای ئابووری تۆمار بکەن. لێ ئەم دەوڵەتە عەرەبییانە هەموویان پلەیەکی زۆر خراپیان لە بواری گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری تۆمار کردووە. ولاتی میسر بۆ ماوەی چەندان ساڵە لەژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆری خراپی ئابووریدا دەژی. گەشەی ساڵانەی ئابووری دەگاتە ٤,٧٪. داهاتی تاکەکەسی ساڵانە ٢,٤٥٠ دۆلار. سووریا گەشەی ساڵانەی ٣,٩٤٪. داهاتی تاکەکەسیش ٢,٦١٥ دۆلار. یەمەن کە لە هەموویان خراپترە، گەشەی ئابووری ساڵانەی دەگاتە ٣,٨٧ هەروەها کەمترین داهاتی تاکەکەسیش هەیە، کە دەگاتە ١,٠٦١ دۆلار.(١) ئەم گەشە خراپەی ئابووری ئەم دەوڵەتانە وای کردووە، کە لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تووشی کۆمەڵێک کێشەی زۆر ببنەوە و چارەسەرکردنیشی هەروا ئاسان نییە.

٤- زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی رێژەی گەنج

یەکێک لە هۆکارەکانی تر، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو. لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانیش کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەم دەوڵەتانە چ لە رووی ئابووری، سیاسی، شارستانییەوە، هیچ ئامادەییان بۆ ئەم زۆربوونە فرەیەی دانیشتوان نەبوو. ئەم دەوڵەتانە هیچ رێگەیەکی تەندروستیشیان نەگرتە بەر، بۆ ئەوەی رێگە لەم کێشە گەورەیە بگرن. بۆ نموونە دانیشتوانی میسر ساڵی ١٩٥٢ کاتێک کودەتای سەربازی دژی مەلیک کرا، نێزیکەی ٢٠ ملیۆن بوو. بەلام ئێستا ٨٣ ملیۆنە، واتە لە ماوەی ٦٠ ساڵدا ژمارەی دانیشتوان ٦٠ ملیۆن زیادی کردووە بەمانایەکی تر لە میسر هەر ساڵەی یەک ملیۆن کەس زیادی کردووە. ئەم زۆربوونەش کارێکی ئاسایی نییە. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانیش، کێشەیەکی گەورەتر پەیدا بووە، ئەویش زۆربوونی رێژەی گەنجان لەناو ئەم دەوڵەتانەدا.

لە میسر ٥٢,٣٠٪ ی دانیشتوانی تەمەنییان خوار ٢٥ ساڵییە. لە سعوودیە ٥٠,٩٠٪ ی دانیشتوان خوار ٢٥ ساڵین. سووریا ٥٥٪ ی پێک دەهێنن. لە یەمەن کە رێژەکەی لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی زیاترە، دەگاتە ٦٥,٥٠٪. ئەمەش زۆرترین رێژەی گەنجە لە دنیا.(٢)

لە هەموو کاتێکدا گەنجان وزەی هەموو شۆڕش و راپەڕینێکن. کێشەی گەورە لەم ولاتانەدا ئەوەیە، کە رێژەیەکی زۆری گەنجان بێ کارن و حکوومەت ناتوانێت هەلی کاریان بۆ دابین بکا. هەر بۆیە ماوەی چەندان ساڵە گەنجانی میسر و باکوری ئەفریقیا، کۆچ تاکە رێگە بووە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و خێزانیان دابین بکەن. ئەم شۆڕشە، شۆڕشی گەنجانی عەرەب بوو دژی ئەو زوڵم و ستەم و بێ کاری و خراپیی ژیانەی، کە چەندان ساڵە ئەم رژێمە دیکتاتۆرییانە بەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنن. گەنجان چیی تر نەیاندەویست لەناو ئەو دۆزەخەدا بژین کە دیکتاتۆرەکان بۆیان دروست کردبوون. بەڵکە ئەمانە هەموو خاوەنی خەونێکی خۆش و سەوزی گەنجانە بوون، هەموو

خەون بە بەهەشتێکی جوانەوە دەبینن.

خەونبینین بە داهاتوویەکی خۆشتر و باشتر، وزەیەکی گەورەی بەم گەنجانە بەخشی، هەموو ترسێکی مەرگیان وەلاوە ناوە، بۆ ئەوەی بگەنە ئەو بەهەشتەی کە خەونی پێوە دەبینن.

٥- کۆنبوونی ڕێژیمە عەرەبییەکان و حەزی گۆڕان و نوێبوونەوە لای خەڵکی

ساڵی ١٩٩٨ لە ئەڵمانیا بووم، کاتێک هەڵبژاردن کرا لە نێوان هیلموت کۆڵ و گیرهارد شرۆدەر، لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەدا هیلموت کۆڵ دۆڕاندی و گیرهارد شرۆدەر بردیەوە. بەشێکی زۆری پسپۆڕانی سیاسی پێیان وابوو، کە گیرهارد شرۆدەر لە هیلموت کۆڵ باشتر نییە، بەڵام ئەوە حەزی ئەڵمانەکانە بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، بۆیە دەنگیان بە شرۆدەر دا. هیلموت کۆڵ ماوەی ١٦ ساڵ حوکمی ئەڵمانیای کرد. لە کاتێکدا لە سەردەمی ئەودا ئەڵمانیا کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا. (یەکبوونی ئەڵمانیا، کە خەونی چەندان ساڵەی ئەڵمان بوو. بەهێزبوونی پێگەی ئەڵمانیا لە ئەوروپا و جیهان). لێ لە هەمان کاتدا ئەڵمانەکان حەزیان دەکرد ئەم سەرۆکە مێژووییە بگۆڕن.

لە حاڵەتێکدا سەرکردە عەرەبییەکان لە ماوەی حوکمیاندا، هیچ سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ میللەتەکانیان تۆمار نەکردووە، بگرە هۆکاری سەرەکیش بوون بۆ خراپی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانە. کاتێک سەیری سەرانی عەرەب دەکەیت، دەبینیت بەشێکی زۆریان بۆ ماوەی ٣٠ تا ٤٠ ساڵ حوکم دەکەن. لە پاش خۆشیان منداڵەکانیان حوکمی وڵاتیان کردووە. کاتێک حافیز ئەسەد ساڵی ١٩٧١ کودەتای سەربازی کرد، هەتا ساڵی ٢٠٠٠ حوکمی کرد پاشان بەشار ئەسەدی کوڕی هاتە سەرحوکم. لە یەمەن لە ساڵی ١٩٧٨وە عەلی عەبدوڵا ساڵح سەرۆکی یەمەنە. لە ساڵی ١٩٩٩وە لە جەزائیر بوتەفلیقە حوکمی ئەم وڵاتە دەکات. لە میسر حوسنی موبارەک بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی ڕێک خۆی بەسەر کورسی دەسەڵاتدا سەپاندبوو. لە کاتێکدا لە ئەمەریکا لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا ٥ سەرۆکی گۆڕیوە[٣]. خەڵکی لەبەر هیچ نەبێت، لەبەر حەزی گۆڕان ناچارن سەرۆکەکانیان بگۆڕن. لێ هیچ کاتێک سەرانی عەرەب گوێیان بۆ ئەم حەزەی خەڵکی نەدەگرت. لە ساڵی ١٩٣٢ وە بنەماڵەی ئال سعوود، حوکمی عەرەبستانی سعوودی دەکەن. ئەم بنەماڵەیە تەنانەت ناوی دەوڵەتەکەشیان بەناوی بنەماڵەکەیانەوە کردووە. بەمانایەکی تر ئەمان وڵاتەکە و بنەماڵەکەیان وەکو یەک سەیر دەکەن هەموو بە موڵکی خۆیان دەزانن. هەموو ئەم ڕێژیمانە ماوەیەکی زۆرە حوکمی ئەم وڵاتانە دەکەن، هیچ کاتێکیش ئامادە نەبوون گوێ بۆ خواست و داواکاریی خەڵکی بگرن بەتایبەت گەنجان. هیچ کاتێک ئامادە نەبوون بچووکترین گۆڕانکاری لە ڕێژیمەکانیاندا بکەن.

## هۆکاری دەرەکی

١– گڵۆبالیزم

گڵۆبالیزم قۆناخیکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتییە. لەگەڵ هەموو قۆناخێکدا، مێژووی مرۆڤایەتی بەرگێکی سیاسی تایبەت بەخۆی پۆشیوە. لە قۆناخی دەرەبەگایەتیدا، سیستەمی ئەرستۆکراتی و پاشانشین، سیمای سیاسی ئەم قۆناخە بوو. لەگەڵ ڕووخانی سیستەمی پاشایی و سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری، بیرۆکەی سیستەمی دیموکراسی و دیکتاتۆری لەدایک بوو. ئەمەریکا یەکەمین سیستەمی دیموکراسیی کۆماری لە جیهاندا دامەزراند. پاشان ئەوروپا و جیهانیش. لە ماوەی شەڕی سارددا (شەڕی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت) بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهان، بەرگی خاکی و جەنەڕاڵی عەسکەریی پۆشی بوو. لەگەڵ نەمانی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی بە شەڕی سارد، بەشێکی زۆری جیهان بەرگی عەسکەریی فڕێ دا و، بەرگێکی مەدەنییانەی کردە بەر سیستەمی سیاسیی خۆیان. لێ جیهانی عەرەبی ئامادە نەبوو بەرگە خاکی و عەسکەرییەکەی فڕێ بدات. ڕێژیمی دیکتاتۆری وەکو قۆناخێکی مێژوویی خاوەنی دیدی تایبەتی خۆیەتی بۆ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. بەڵنیاییەوە هیچ کاتێک گڵۆبالیزم لەگەڵ سیستەمی داخراو و دیکتاتۆریدا یەک ناگرنەوە.

٢– شۆڕشی فەیسبوک

ئەم شۆڕشەی میسر و تونس بە شۆڕشی فەیسبووک دەناسرێت. سایتی فەیسبووک بوو بەشوێنی کۆبوونەوە و پلان داڕشتن و هاندانی خەڵکی و دەزگای هەواڵی و کەشفکردنی گەندەڵی و دڕندەیی ڕێژیمی موبارەک. واتە لە یەک کاتدا ئەم سایتە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری زۆری پێشکێش شۆڕشگێڕان کرد. لە کاتێکدا کە حکوومەتی دیکتاتۆری هەموو دەزگاکانی میدیای بۆ خۆی داگیر کردبوو (تیڤی، ڕۆژنامە و کۆوار، ڕادیۆ)، تاکە نەفەس کە بۆ خەڵکی مایەوە، سایتی ئینتەرنێت و فەیسبووک بوو. لێ ئەم نەفەسە بچووکە توانی شۆڕشێکی گەورە بکا. لەم نەفەسە بچووکەی فەیسبووکەوە، بورکانێکی گەورە هاتە دەرەوە، کە هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە عەرەبییەکانی سووتاند. هەموو کاتێک تەکنەلۆجیا کاریگەریی گەورەی هەبووە بەسەر ژیانی خەڵکییەوە. هەر تەکنەلۆجیایەک توانیوویەتی تەواوی بنەما سیاسی و ئابووری، نەریتی و تەنانەت ئاینیش لەگەڵ خۆی هەڵتەکێنێ. لەگەڵ پەیدابوونی کشتوکاڵ، کۆتایی بە ژیانی کۆچەری مرۆڤ هانی، قۆناخێکی نوێی مرۆڤایەتی دەستی پێ کرد. بوخار و کەشتیی هەڵمی توانی هێز و تینی زیاتر بە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بدات. لەگەڵ پەیدابوونی کارگە و ئامێری بەرهەمهێنان، توانی کۆتایی بە سیستەمی کۆیلایەتی بهێنێت. ئەمڕۆش لە سەردەمی گڵۆبالیزمدا، تەکنەلۆجیای نوێ (تەلەفون، ئینتەرنێت، سەتەلایت) توانی کۆتایی بە هەموو سنوورەکانی جیهان بهێنێت. هیچ دەوڵەتێک،

ڕێژیمێک ناتوانێ خۆی لە بەردەم تەکنەلۆجیای نوێدا رابگرێت و تەسلیم نەبێت. ئا لەو کاتەی کە جاران ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوەتی بەزەبری پۆلیس و دەزگای ئەمنی بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند. نەیاندەهێشت بچووکترین نووسراو یان بەیاننامە لە دژی ڕێژیمەکانیان بڵاو بکرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانن هەموو ئەو سایت و لاپەرەی فەیسبووکانە بگرن و بیانخەنە زیندانەوە. دیکتاتۆر تەنیا لە ڕێگەی زیندانەوە دەتوانێت خۆی ئازادانە بژی، بەڵام ئەمڕۆ هیچ دیکتاتۆرێک ناتوانێت ئینتەرنێت و فەیسبووک زیندانی بکا.

٣- چاولێکەری

خاڵێکی گرینگی تر ڕەگەزی چاولێکەری بوو. دیارە چاولێکەری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ژیانی هەموو کەسێکدا. بەهەمان شێوەش لە کۆمەڵگەکانیشدا چاولێکەری ڕۆڵی بەسەر ڕووداو هەڵسوکەوتە جەماوەرییەکانەوە هەیە. کاتێک لە تونس بن عەلی رای کرد، گەلی میسریش چاوی لە تونس کرد، سەرکەوتنی شۆڕشی تونس ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا لە هاندانی گەلانی تری عەرەب بۆ ئەوەی دژی دیکتاتۆرەکان ڕاپەڕن.

٤- ڕۆڵی ئەمەریکا و رۆئاوا

لە پاش داگیرکردنی عێراق و کارەساتەکانی پاش ئەم داگیرکردنە، کە زیاتر ئاوارەیی و کۆچ و ماڵوێرانییەکی زۆری بۆ گەلی عێراق هانی. لە هەمان کاتیشدا بزاڤە ئیسلامییە توندڕۆکانیش بەهێزتر و بڵاوتر بوونەوە. ئەمەریکاش لە ڕووی داراییەوە زەرەرێکی زۆری کرد. ئەمەریکا ڕۆژانە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری لە شەڕی عێراقدا خەرج دەکرد.(٤) هەر ئەم خەرجییە زۆرەی شەڕیش بوو کە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمەریکا و جیهانیشی تووشی کێشەی ئابووری کرد. لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەمەریکا باشترین دۆستەکانی خۆی لەدەست دا کە برێتی بوون لە ئەوروپا و دەوڵەتانی رۆهەڵاتی ناڤین. جگە لەوەش ئەمەریکا لە ڕووی مۆڕاڵیشەوە، لە جیهاندا وەکو دەوڵەتێکی شەڕانگێز و پەلاماردەر هاتە پێش چاوی خەڵکی. هێندەیتر ئەم شەڕە بەنزینی بە ڕقی گەلانی جیهان دژی ئەمەریکا کرد. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم شەڕە، ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام بوو. بە بڕوای کۆنزەرڤاتیڤە نوێکانی ئەمەریکا، ئەمە سەرەتایەک دەبێت بۆ ڕووخانی گشت ڕژێمە دیکتاتۆرە عەرەبییەکان. لێ ئەم بۆچوونە کورتی هێنا و لە گۆڕپانی عێراقدا زۆر بە ئاسانی پشتی شکا.

لە پاش ئەم شەڕە و نەمانی بۆش لەسەر کار و هاتنی سەرۆک ئۆباما، ستراتیجییەکی نوێ داڕێژرا، کە ئەم سیستەمە دیکتاتۆرییە عەرەبییانە، لە ڕێگەی داگیرکردن و هێزی سەربازییەوە نەڕووخێنرێت، بەڵکە هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی پشتگیریکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەم وڵاتانەوە ئەم سیستەمانە بڕووخێنرێت. جێگەی ئاماژەیە چ لە ناوەوەی ئەمەریکا یان لە ئەوروپادا، کۆمەڵێک

سـیـمـینـار و کۆبوونـەوە کـرا، بـۆ لێکۆڵینـەوە و بەدواچوون لەبارەی شـەڕی ئەمـەریکا لـە عێـراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین.

## هەمان سیناریۆی ئەورووپای ڕۆهەڵات بۆ عەرەبستان

لە پاش شـەڕی دووەمەوە، جیـهان نەخشـەیەکی سیاسـیی نوێی بەخـۆوە بینی. جیـهان بەسـەر دوو زلهێـزدا دابەش کرا. بـلۆکی ڕۆهـەڵات بەسـەرکردایەتیـی سـۆڤـیـەت. بلۆکی ڕۆئاوا بەسـەرکـردایەتیی ئەمـەریکا. هەردوو لا لە ڕووی هێـزی سـەربـازییـەوە وەک یەک بـوون. بۆیە پەلامـاردانی یەکتـری لە ڕێگەی سەربازیەوە کارێکی مەحاڵ بوو. ئەمـەش ڕێگەی بۆ شەڕێکی نوێ خۆش کرد، کە بە شـەڕی سـارد نـاو دەبرێت. سـۆڤـیـەت بەهـەمـوو شـێـوەیەک لە جـیـهـاندا بەتایبـەت لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان، پشتگیری ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی دۆسـتی خۆی دەکرد. بەهەمان شێوەش ئەمـەریکا هـەمـان شـتی دەکـردەوە. ئەمـەریکا و ڕۆئاوا بۆ ڕووخـانی دەوڵەتە دیکتـاتۆرییـەکـانی ڕۆهەڵاتی ئەوروپا، نەیاندەتوانی بە هێـزی سـەربازییـەوە ئـەم دەوڵەتانە داگـیـر بکەن، لەبەرئەوە کەوتنە پشتگیریکردن و دنەکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەم دەوڵەتانە. لە پـەنجاکاندا دنەی هێزە دژە سـۆڤیـەتییـەکانیان لە هەنگاریا و ئەڵمانیای ڕۆهـەڵات دا، پاشـان لە شەسـتەکـانیش هەمـان شـتـیان لە وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا کرد. بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا، سوپای سۆڤێت هاتە ناوەوە و پشـتی ڕێژیمە سـۆسـیالیسـتەکانی گـرت و ڕاپەرینە جـەمـاوەرییـەکانی سـەرکـوت کـردەوە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، سۆڤیەت لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە زۆر کێشەی هەبوو، هەر بۆیە جارێکی تر ئەمـەریکا و ڕۆئاوا دەستیان بەهەمان سیناریۆی پەنجا و شەستەکان کـردەوە. لە ڕێگەی هاندانی ئۆپۆزسـیـۆنی ناوەخـۆوە و یارمـەتیـدانی لۆجـسـتـیکی دەزگـا سـیـخـوورییـەکانی ئەمـەریکا و ڕۆئاوا، هەروەها یارمـەتیـدانی ئەم ڕاپەڕینانە لە ڕێگەی دەزگـا ئیـعـلامـیـیـەکـانەوە، بەتایبـەت ڕادیۆی بی بی سی و دەنگی ئەمـەریکا و ئەورووپای ئـازاد، ڕۆڵی سـەرەکیـیان لە ڕووخانی دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆهەڵات هەبوو. لە هەمان کاتیـشدا سـۆڤیـەت وەکو جاران نەیدەتوانی سـوپای خـۆی بنێرێت بۆ سـەرکوتکردنی ئەم دەوڵەتانـە، چونکە باری ئابووری و سـەربازی خۆی خراپ بوو.

ڕووخـانی دەوڵەتـانی بلۆکی ڕۆهەڵات لە ئەوروپا، ئـەزمـوونێکی گـەورەی بە ئەمـەریکا و ڕۆئاوا دا. ئەمـان ئێسـتـا دەیانەوێ هـەمـان سـیناریۆ بۆ ڕووخـانی ڕێژیمە دیکتـاتۆرییـە عـەرەبییـەکان دابڕێژن. دیارە ئەم نـەخـشـەیە کـە داڕێـژراوە، نەک دەوڵەتانی عـەرەبی، بگرە ئێـران و تەنانەت دەیانەوێ تا چینیش بیگەیەنن.

بەپێـی ئەو بەڵگـانەی سـایـتی ویکیلیکس بـڵاوی کـردنەوە، ئـەمـەریکا و قـەتەر کـۆ بوونەتـەوە بۆ ڕووخـانی ڕێژیمـی مـوبارەک(٥) ئەمـەریکا داوای لە قـەتەر کـردووە، کـە لە ڕێگەی کـەناڵـی جـەزیرەوە هـانی خـەڵکی بدات دژی ڕێژیمی مـوبارەک. هـەروەها بەپێی ئیـعـتـرافی یـەکێک لە خـۆپێشـاندەران،

ئەمـەریکا پێـشـتـر سـەدان گەنجی بردووەتە ئەمـەریکا و خـولی تایبـەتـی بۆ داناون بۆ ڕووخـانی ڕێژیمی موبارەک[٦].

دیارە گەردەلوولی ڕووخـانی ڕێژیمە عەرەبییەکان، یەکێکە لە بنەما سیاسییەکانی ستراتیـجیی نوێی ئەمەریکا و ڕۆئاوا.

## بۆچی ئەمەریکا و ڕۆئاوا ئەم ڕێژیمانە دەڕووخێنن؟

لە کاتێکدا کە هەردوو ڕێژیمەکەی بن عـەلی لە تونس، مـوبارەک لە مـیسـر، بە باشـتـرین دۆسـتی ئەمـەریکا دەژمـێـردران. کـەچی ئەمـەریکا پشـتـی ئەمـانی بەردا و هـاریکاریی خـەڵکی کـرد بۆ ڕووخـاندنی ئەم ڕێژیمانە. پرسـیـاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە، باشـە لە کاتێکدا کە ئەمانە باشـترین دۆستی ئەمەریکا ڕۆئاوابن، بۆچی پشتی ئەم ڕێژیمانە ناگرن و دەیانڕووخێنن.؟

بە بڕوای من کۆمـەڵێک هۆکار هـەیە لە پشت ئەم سیاسـەتەی ئەمەریکاوە، لێرەدا بەکورتـی لێیان دەدەوێم.

١– کۆنبوون و نەگونجان لەگەڵ سەردەم

بەشـێکی زۆری ئەم ڕێژیمانـە زیاد لە تەمەنی خۆیان لەسـەر حـوکمن. حـوسنی مـوبارەک مـاوەی سی سـاڵی تەخت لەسـەر کورسـی دەسەڵات بوو. ئەم ڕێژیمانەش نەیاندەتوانی وەڵامی کێشـەکانی خـەڵکی بدەنەوە و لەگـەڵ هـەلومـەرجی سـەردەمی نوێدا بگـونجێن. ترس لە نـەبوونی باری ئارامی و هەڵگیرسـاندنی شـەڕی ناوەخـۆیی، وای کـرد لە دەوڵەتانی ڕۆئاوا، کـە بیـر لە گـۆڕانی ئەم ڕێژیمانە بکاتەوە. چـونکە ڕۆئاوا بە وردی چاودێریی باری گشـتـیی ئەم دەوڵەتانەی کـردبوو. دەیانزانی کـە کـێـشـەکـان زۆر بـوون و ئەم ڕێژیمانەش نـاتوانن چارەسـەری ئەو کـێـشـە زۆرانە بکەن. هـەر بۆیە بیریان لە گۆڕانییان کردەوە.

٢– نەگونجاندنی گلۆبالیزم و سیستەمی بازاڕی ئازاد لەگەڵ ئەم ڕێژیمانە

ڕاستـە ئەم دەوڵەتانە هـەوڵیان دا خۆیان لەگـەڵ سیستـەمی گلۆبالیـزم و بازاڕی ئازاد بگونجێنن، لێ بەشـێـوەیەکی گشـتـی لە بەرژەوەندیی بازاڕی ئـازاد نەدەگونجـان. پاشـان تەکنەلۆجیـای نوێ (تەلەفـون، ئینتـەرنێت، سەتەلایت) فـەرشـی شـاهـانەی ئەم ڕێژیمانەی هـەڵدەتەکـان. لەبەرئەوە ڕۆئاوا باشـی دەزانـی کـە ئەم ڕێژیمانە بۆ ئەمـڕۆ ناگـونجـێن. لە تـرسـی ئەوەی نەکـا بارەکـە لە دەسـتـی دەربچـێت، بۆیە خـۆی دەسـتـپـێـشـخـەریی کـرد. پاشـان ترسـیـان هـەبوو کـە لەم ناوچە گـرینگەی جیـهـاندا، کە پڕیەتی لە سامـانی سـروشـتـیی زۆر (نەوت وگـاز)، بارێکی نائارام دروست بێت، دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بێت.

٣- ترس لە بزاڤە ئیسلامییە توندڕۆکان

خاڵێکی گرینگی تر بوونی بزاڤێکی توندڕۆی ئیسلامییە لەم ناوچەیەدا. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، رۆئاوا بۆی دەرکەوت کە ئەم رێژیمانە نەک نەیانتوانیوە بزاڤی توندڕۆی ئیسلامی لەناوبەرن، بگرە مانەوەی خۆشیان هۆکارێکی گەورەیە بۆ گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەم بزاڤە مەترسیدارە. لەلایەکی ترەوە رۆئاوا ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئیسلامییە توندڕۆکان نارەزایییەکانی خەڵکی بقۆزنەوە و خەڵکی هان بدەن بۆ خۆپێشاندان و لە ئەنجامدا دەسەڵات بگرنە دەست.

٤- دارشتنێکی نوێی نەخشەی سیاسیی ناوچەکە

بەبۆچوونی من هەموو کاتێک ئەم ناوچەیە جێگەی چاوی تەماحی زلهێزەکانی جیهان بووە. ئەم ناوچەیە خاوەنی گەورەترین و دەوڵەمەنترین سامانی سروشتی (نەوت و گازە). لەبەرئەوە هەموو کاتێک ململانێی توند لە نێوان زلهێزەکانی جیهان لەسەر ئەم ناوچەیە هەبووە. لە پاش شەڕی عێراق و سەردەمی نوێی گڵۆبالیزمدا، جارێکی تر زلهێزەکانی جیهان بەتایبەت ئەمەریکا، دەیەوێت نەخشەی سیاسیی ناوچەکە دابڕێژێتەوە، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیدا دەگونجێ.

## سیما گشتییەکانی شۆڕشە عەرەبییەکان

ئەم شۆڕشە عەرەبییانە لەچاو شۆڕشەکانی تری جیهاندا کۆمەڵێک سیمای تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە شۆڕشەکانی تردا بەو شێوەیە نەبووە. لێرەدا بەکورتی باسی هەندێک لەو سیمایانە دەکەم.

١- نەبوونی سەرکردە و پارتێکی پێشڕەوی جەماوەری

ئەگەر سەیری هەموو شۆڕشەکانی جیهان بکەین، دەبینین سەرکردەیەکی کاریزمایی توانیویەتی خەڵکی هان بدات و خۆی ببێتە رابەری شۆڕشەکە. لە هیند گاندی رابەرایەتی شۆڕشەکەی کرد، لە رووسیا لینین، لە کوبا و ئەمەریکای لاتین کاسترۆ و گیڤارا. لێ لەم شۆڕشە نوێیانەدا هیچ سەرکردەیەکی کاریزماییمان نابینی. بگرە زیاتر هەڵچوونێکی جەماوەری و دووربوو لە بنکەی سەرکردایەتی و یان پارتێکی پێشڕەوی سیاسی. لەم شۆڕشانەدا نە کەسێک و نە پارتێک نەیتوانیوە رابەرایەتی شۆڕشەکە بکا، بگرە زیاتر سیمایەکی جەماوەریی گەورەی پێوە دیارە.

٢- بەهێزبوونی ڕۆڵی سوپا

سیمایەکی گرینگی تر، بەهێزبوونی ڕۆڵی سوپا لەم شۆڕشانەدا. دیارە هەموو کاتێک ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان سوپا کۆڵەکەی سەرەکی ڕێژیمەکانیان پێک دەهێنێت. هەموو کاتێک سوپا ئەو کلیلە ئەفسووناوییەیە کە هەموو دەرگەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی پێ دەکرێتەوە. چ لە تونس و چ لە میسر، بڕیاڕی کۆتایی پێ هاتنی ڕێژیم لەلایەن سوپاوە درا. بە دڵنیاییەوە ئەگەر سوپا پشتگیریی گەلی نەکردایە، بەهیچ جۆرێک شۆڕشەکان سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەوە بڵێم کە سوپا جارێکی تر توانی ڕێژیمەکان بپارێزێت، لێ وازی لە دیکتاتۆرەکان هێنا. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەمەریکا ڕۆڵی گەورەی گێرا بۆ ئەوەی سوپا ئەم ڕۆڵە زۆرەی هەبێت، چونکە دەترسا شۆڕشەکە لە دەستی دەربچێت و بە ئاقارێکی خراپدا بڕوات. دوو ڕۆژ پێش شۆڕش و خۆپێشاندانەکان، سەرۆک ئەرکانی سوپای میسر لە ئەمەریکا بوو، لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا کۆ بووەوە. ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەک دەیویست سوپا، حوسنی موبارەک لا بدات و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست.

٣- فەیسبوک و ئینتەرنێت و سەتەلایت

یەکێک لە سیماکانی تری ئەم شۆڕشە، بەهێزبوونی ڕۆڵی فەیسبوک و کەناڵە سەتەلایەتە عەرەبییەکان بەتایبەت کەناڵی جەزیرە بوو. فەیسبوک و جەزیرە و کەناڵە عەرەبییەکانی تر یان ئەوانەی بەعەرەبی پەخش دەکەن (بی بی سی، فرانس ٢٤، روسیا الیوم... هتد). ئەمانە ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا لە گواستنەوەی هەواڵ و هاندانی خەڵکی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین. فەیسبوک وەکو پێشتریش باسم کرد، کە ئەم شۆڕشە بە شۆڕشی فەیسبوک ناسرا. لە هەمان کاتیشدا کەناڵی جەزیرە ڕۆڵی سەرەکیی گێرا لە هاندانی خەڵکی و گواستنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و خۆپێشاندانەکان. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم، لەم ڕووداوانەی دواییدا بەتەواوەتی میدیا و ئینتەرنێت ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەکی سەر زەوی. ئەمڕۆ ئەم دوو داهێنانە نوێیە، دەتوانن گەورەترین شۆڕش و ڕاپەرین بەرپا بکەن. لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ژیانی هەموو تاکێکی سەر زەوی.

٤- بەشداربوونی ژنانی عەرەب لەم شۆڕشەدا

یەکێک لە سیما پۆزەتیڤەکانی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو، کە ژنانی عەرەب جارێکی تر بەشداری ژیان و خەباتیان لەناو کۆمەڵگەدا کرد. بەشداربوونی ئەو ژمارە زۆرەی ژنان لە خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکان، ئاماژەیەکی باشە بۆ باشکردنی مافی ژنان و دژایەتیکردنی ئەو بزاڤانەی کە دژی ماڤی ژنانن بەتایبەت ئیسلامییەکان.

## بەرئەنجام

ئەوەی لەم شۆڕشانەدا زۆر گرینگ بوو ئەوە بوو، کە جارێکی تر دیکتاتۆرەکانی جیهان دەرسێکی گەورەیان وەرگرت. ماوەی چەندان ساڵە دیکتاتۆرە عەرەبییەکان وەکو ئەوەی بڵێیت خەڵکی ئەو دەوڵەتانە مێگەلن، بە ئارەزووی خۆیان داهاتی خەڵکیان دەدزی و تاوانیان بەرامبەر خەڵکی دەکرد و حوکمی ناعادیلانەیان بەسەر خەڵکیدا دەسەپاند. ماوەی چەندان ساڵە خەڵکی داد و بێ دادیەتی بەدەست بێ کاری، هەژاری، برسێتی، لێ هیچ کاتێک دیکتاتۆرە عەرەبییەکان ئامادە نەبوون گوێ بۆ خواستی گەل رابگرن. ناچار گەلانی عەرەبی هاتنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان، بۆ ئەوەی هێندە بە قایمی هاوار بکەن، کە هەموو کۆشک و تەلاری دیکتاتۆرەکان بلەرزێنێت. جارێکی تر بۆ هەموو دنیا دەرکەوت، چەندە حوکمی دیکتاتۆرەکان بەهێز بێت، بەڵام ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت. خاڵێکی گرینگی تر ئەوەیە، کە ڕیفۆرم لە ڕێژیمی دیکتاتۆریدا ناکرێت. دیکتاتۆری و ریفۆرم دوو شتی دژ بەیەکن. ڕاستە ڕێژیمە دیکتاتۆرە عەرەبییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێک ڕیفۆرمیان کرد، توانییان کەمێک خۆیان لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێ بگونجێنن. لێ نەیانتوانی لەژێر حوکمی فەیسبوک و سەتەلایت دەربچن. نەیانتوانی تاوانەکانیان چیی تر بە شاراوەیی بمێنێتەوە. جارێکی تر دەیڵێمەوە، لە سەردەمی گلۆبالیزمدا سیستەمی دیکتاتۆری و داخراو مەحاڵە بەردەوام بێ. بەڵکە لەم قۆناخە گرینگەی مێژووی مرۆڤایەتیدا، تەنیا و تەنیا، دەبێت سیستەمێکی ئازاد و دیموکراسی کۆمەڵگەکانی جیهان بەڕێوە بەرێت.

سەرچاوەکان /


1. www.Spiegel.deIm soge der Revolution.§

2. Laender lexicon.de.

٣- . بی بی سی. ١٨/ ٢٠١١/٢ تقرير خاص: بلدان الشرق الأوسط وانتفاضاتها

Peter Wuetherich . Kosten fuer Irak-Krieg .. 400 Millionen Dollar pro Tag. .4
www-tagesspiegel.de .14.03.2008

٥- کۆواری روز الیوسف. العدد. ,١٧١٥ ,٠٤ فبراير. ٢٠١١/ ويكيليكس: وزير الخارجية القطري أبلغ إسرائيل بخطة "الجزيرة" لضرب استقرار مصر.

٦- کۆواری روز الیوسف. العدد. ,١٧١٥ ,٠٤ فبراير. ٢٠١١/ تفاصيل المؤامرة الأمريكية القطرية ضد مصر.

# "ئۆپەراسیۆنی لیبیا" و شەڕی نەوت

## دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ئەفەریقیا

پرۆفیسۆر مایکل چۆسودۆڤسکی

بەرەنجامە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکانی دەستێوەردانی ناتۆ–ئەمەریکایی لە لیبیا بەرفرەوان و مەودا دوور دەبن لەبەرئەوەی لیبیا یەکێکە لەو وڵاتانەی گەورەترین سەرچاوەی نەوتیان هەیە، نێزیکەی ٣,٥٪ی هەموو نەوتی جیهانە کە دەکاتە زیاتر لە دوو ئەوەندەی ئەمباری نەوتی ئەمەریکا.

ئۆپەراسیۆنی لیبیا بەشێکە لە ئەجێندایەکی فرەوانتری سەربازی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدا کە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و هاوخاوەنداریەتیکردنی زیاتر لە ٦٠٪ی هەموو نەوت و گازی سروشتیی جیهانە لەوانەش ڕێبازگەی لوولە نەوتی و گازییەکانیش.

«وڵاتە ئیسلامییەکانی وەک "سعوودیە، عێراق، ئێران، کوێت، ئیمارات، قەتەر، یەمەن، لیبیا، نێجیریا، جەزائیر، کازاخستان، ئازربایجان، مالیزیا، ئەندەنووسیا و برونی" لە نێوان ٦٦,٢ و ٧٥,٩ لە سەدی هەموو ئەمبارە نەوتییەکانی جیهانیان هەیە،» (مایکل چۆسودۆڤسکی، دێواندنی موسڵمانان و شەڕی نەوت، گلۆبەل ریسێرچ، کانوونی دووەم ٤، ٢٠٠٧)

بەهەبوونی ٤٦,٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی سەلمێندراو، (کە دەکاتە ١٠ هێندەی نەوتی میسر)، لیبیا گەورەترین وڵاتی نەوتییە لە پارزەوینی ئەفەریقیادا لە دوای ئەویش نێجیریا و جەزائیر دێن (ئۆیل ئەند گاس ناچرال). بەپێچەوانەوە، نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی ئەمەریکا لە دەوروبەری ٢٠,٦ ملیار بەرمیلە (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨) بەپێی دەزگەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی وزەی ئەو وڵاتە.

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز

وێنەی یەکەم: دابەشبوونی ئەمباری نەوتیی دنیا بەپێی هەرێمەکان

تێبینی: نوێترین خەمڵاندنەکان نەوتی یەدەگی لیبیا بە ٦٠ ملیار بەرمیل دادەنێن. هەروەها یەدەگی گازی دەگاتە ١.٥٠٠ ملیار مەتر سێجا. بەرهەمی نەوتی لیبیا لە نێوان ١,٣ بۆ ١,٧ ملیۆن بەرمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش زۆر کەمترە لە توانستی بەرهەمهێنانی خۆی. ئامانجی دوورتری بۆ بەرهەمهێنانی بریتییە لە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، لەگەڵ بەرهەمهێنانی ٢,٦ ملیۆن پێ گازی سروشتی لە ڕۆژێکدا، بەپێی ڕێکخراوی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی لیبیا (نۆک).

ڕووپێوی ئاماری وزەی کۆمپانیای بریتیش پێترۆلیوم (٢٠٠٨) یەدەگی نەوتی سەلمێنراوی لیبیا بە ٤١,٦٤٦ ملیار بەرمیل دادەنێت کە ئەویش ٣,٣٤٪ی هەموو نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی جیهانە.

## نەوت تاجی سەرکەوتنی شەڕگەلی ناتۆ و ئەمەریکایە

داگیرکردنی لیبیا لەژێر بڕیارێکی مرۆیی خزمەتی هەمان بەرژەوەندیگەلی هاوبەش دەکات بەهەمان شێوەی داگیرکارییەکەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا. ئامانجی ژێربەژێر بریتییە لە خاوەندارێتیکردنی نەوتی یەدەگی لیبیا، تێکدانی سەقامگیریی کۆمپانیای نیشتمانیی لیبیایی و دواجار بەتایبەتکردنی کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە، واتە گواستنەوەی کۆنترۆڵ و خاوەندارێتیی سامانی نەوتی لیبیا بۆ دەستی بیانی.

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی لیبیا لە ڕیزبەندیی جیهانیدا لە خانەی ٢٥همیندایە لەنێو ١٠٠ یەکەمین کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان. (ئێنێرجی ئینتێلیجێنس، Libyaonline.com

داگیرکردنی پیلان بۆدانراوی لیبیا، کە ئێستە بەڕێوەیە، بەشێکە لە بازنەیەکی فرەوانتری "شەڕی نەوت". نێزیکەی لە ٨٠٪ی نەوتی لیبیا دەکەوێتە کەنداوی سیرت لە ڕۆژهەڵاتی لیبیا. هەریەک لە وۆڵ ستریت، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەکی ئەمەریکایی و وڵاتانی ئەوروپایی، هەر هەموویان سوودمەندی شاراوە دەبن لە شەڕی ناتۆ-ئەمەریکا لە دژی لیبیا.

نەوتی لیبیا سەرچاوەی سامانی کۆمپانیا نەوتییە زەبەلاحەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا دەبێت. لە کاتێکدا نرخی نەوتی بازاڕ لە ١٠٠ دۆلار تێپەڕی کردووە، نرخی نەوتی لیبیا زۆر نزم دەبێت، تا نێزیکەی یەک دۆلار بۆ بەرمیلێک (بەپێی یەکێک لە خەمڵاندنەکان). وەکو چۆن شارەزایەک لە بازاڕی نەوتی جیهانی بەشێوەیەکی ناڕوون گوتی:

"بە بەهای ١١٠ دۆلار بۆ بەرمیلێک لە بازاڕی جیهانی، نەوتی لیبیا بۆ هەر بەرمیلێک ١٠٩ دۆلار قازانج دەکات" (com.energyandcapital، ١٢ی ئاداری ٢٠٠٨)

## بەرژەوەندیی نەوتیی بیانی لە لیبیا

ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی بیانی کە پێش ڕاپەڕینەکە لە لیبیا کاریان دەکرد بریتی بوون لە هەریەک لە تۆتالی فەرەنسایی و ENIی ئیتاڵیایی و CNPCی چینی و بریتیش پێترۆلیۆمی بەریتانیایی (BP) و کۆمەڵەی نەوتیی ئیسپانیایی (REPSOL) و ئێکسۆنمۆبیل و چێڤرۆن و ئۆکسیدێنتەل پێترۆلیۆم و هێس و کۆنۆکۆفیلیپس.

چین ڕۆڵێکی گرینگ لە پیشەسازیی نەوتیی لیبیادا دەگێڕێت. CNPC هێزی کاری لە دەوروبەری ٤٠٠ کارمەند بوو، هەروەها کۆی گشتیی هێزی کاری چینی لە لیبیا خۆی لە ٣٠،٠٠٠ کەس دەدا.

نێزیکەی ١١٪ی نەوتی لیبیا دەگوازرێتەوە بۆ چین، لە کاتێکدا هیچ زانیارییەک لەبارەی بڕ و گرینگیی چالاکیی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتیی کۆمپانیای CNPCی چینی نییە، ئاماژەی ئەوە هەن کە قازانجی بێ ئەندازەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، هەبوونی چین لە باکوری ئەفەریقیا لەلایەن واشنتۆنەوە بە تەدەخول دێتە ئەژمارکردن. لە گۆشەنیگایەکی جیۆپۆلەتیکییەوە، چین پێی زیاد درێژ کردووە. ئەو هەڵمەتە سەربازییەی ئاراستەی لیبیا کراوە مەبەست لێی دەرپەڕاندنی چینە لە باکوری ئەفەریقیادا.

لە کاتێکدا، ENI، کۆمپانیا نەوتییە ئیتاڵیاییەکە، ڕۆژانە ٢٤٤،٠٠٠ بەرمیل نەوت و گازی سروشتی بەرهەم دێنێت کە نێزیکەی ٢٥٪ی هەموو هەناردەی لیبیایە. (سکای نیوز، ٢٣ شوبات، ٢٠١٠)

کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان کە لە لیبیا کار دەکەن بریتین لە چێڤرۆن و ئۆکسیدێنتەل پێترۆلیۆم (ئۆکسی) کە شەش مانگ لەمەوبەر بڕیاریان دا مۆڵەتی خۆیان بۆ گەڕان بەدوای نەوت و گاز لەو وڵاتە نوێ نەکەنەوە. (ڤۆیزس ئۆف ڕەشا، ٦ ئۆکتۆبەر، ٢٠١٠)، بەپێچەوانەوە، لە مانگی نۆڤێمبەری ٢٠١٠دا، کۆمپانیای R.W.DIA E ئەڵمانیایی ڕێککەوتننامەیەکی مەودا دووری ئیمزا کرد لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی لیبیایی کە بەپێی ڕێککەوتننامەکە قازانجی گەڕان و دەرهێنانی نەوت بەش دەکەن. (ئافریکا نیوز، ٢٦ نۆڤێمبەر ٢٠١٠)

لە شەڕی دژ بەلیبیادا، بەرژەوەندییە داراییەکان و "تاڵانی شەڕ" زۆر بەرزن. ئەو کردە سەربازییە ئامانجی ئەوەیە داوودەزگە داراییەکانی لیبیا لێک هەڵوەشێنێتەوە و دەیان ملیار دۆلار لە پارەی لیبیا کە لە بانکە بیانییەکاندا هەڵگیراون دەستبەسەر بکات.

هەروەها پێویستە ئەوەش جەختی لەسەر بکرێتەوە کە توانا سەربازییەکانی لیبیا، لەوانەش تواناکانی هێزە ئاسمانییەکانی، لاوازن.

## دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ئەفەریقیا

لیبیا گەورەترین ئەمباری نەوتی هەیە لە ئەفەریقیا. ئامانجی دەستتێوەردانێکی ناتۆ–ئەمەریکا لە

لیبیا شتێکی ستراتیجییە: دزینێکی بەنوێژی نیوەڕۆی سامانی نەوتیی ئەو وڵاتەیە لەژێر پەردەی دەستتێوەردانی مرۆیی.

ئەو کردە سەربازییە ئامانجی ئەوەیە باڵادەستیی ئەمەریکا لە ئەفەریقیادا بسەپێنێ، ئەو هەرێمەی کە لە ڕووی مێژووییەوە پاوانی فرەنسا و هەروەها بەڕادەیەکی کەمتریش ئیتاڵیا و ئیسپانیا، بووە.

سەبارەت بە تونس، مەغریب و جەزائیر، پلانی واشنتۆن بریتییە لە لاوازکردنی پێوەندییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە بەفرەنسا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕێژیمی سیاسیی نوێ کە پێوەندییەکی نێزیکیان لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە. ئەم بێهێزکردنەی فرەنسا، بەشێکە لە پلانی ئیمپریالیی ئەمەریکا. ئەمە پرۆسەیەکی مێژووییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕەکانی هیندۆچینی.

دەستتێوەردانی ناتۆ-ئەمەریکا کە دواجار ڕێژیمێکی ملکەچی ئەمەریکایی لێ دەکەوێتەوە ئامانجی ئەوەی هەیە چین لەو ناوچەیە وەدەر بنێت و کۆمپانیای چینی CNPC پەڕاوێز بخات. کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمەریکایی و بەریتانیاییەکان لەنێویشیان BP کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا گرێبەستێکی لەگەڵ لیبیا ئیمزا کرد، لەنێو ئەو کۆمپانیایانەن کە لە کردەیەکی سەربازیی دژی لیبیا بەسەرکردایەتیی ناتۆ-ئەمەریکا سوودمەند دەبن.

بەشێوەیەکی گشتیتر، ئەوەی لە ئارادایە بریتییە لە سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی ئەفەریقیا، کە ئەمەش پرۆسەیەکی دووبارە بەشکردنەوەی ئیستیعماری نوێیە، کە تێیدا دووبارە دیاریکردنەوەی سنوورەکانی ساڵی ١٨٨٤ی کۆنفرانسی بەرلینی لێ دەکەوێتەوە و ئەمەریکا بەهاوپەیمانیی بەریتانیا، لە کردەیەکی سەربازیدا بەسەرکردایەتیی ناتۆ-ئەمەریکا، دەست بەسەر ئەفەریقیادا دەگرێت.

## لیبیا: دەروازەی ستراتیجی بۆ ناوەراستی ئەفەریقدا

لیبیا سنووری لەگەڵ چەندان وڵات هەیە کە دەکەونە نێو بازنەی کاریگەریی فرەنساوە، لەوانەش جەزائیر، تونس، نێجیریا و چاد.

چاد وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت. کۆمپانیای ئێکسۆنمۆبیل و چێڤرۆن بەرژەوەندییان لە باشووری چاد هەیە لەوانەش پرۆژەیەکی لوولەی نەوتی. باشووری چاد دەروازەیە بۆ نێو هەرێمی دارفۆری سوودان، کە ئەویش شوێنێکی ستراتیجییە لە ڕوانگەی سامانی نەوتییەوە.

چین بەرژەوەندیی نەوتیی لە چاد و سوودان‌دا هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا، CNPC ڕێککەوتننامەیەکی مەودا دووری لەگەڵ حکوومەتی چاددا ئیمزا کرد.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ئەمبارە گەورانەی یۆرانیۆم کە وڵاتی نێجیریا هەیەتی، دەیکاتە وڵاتێکی

ستراتیجی بۆ ئەمەریکا. لە ئێستەدا، لە ڕێگەی کۆمەڵەی ناوکەیی فرەنسایی "ئاریا"، کە پێشتر بە "کۆگێما" دەناسرا فرەنسا پاوانی پیشەسازیی یۆرانیۆمی لە نێجیریا کردووە. چینیش پشکی خۆی لە بەرژەوەندییەکان لە پیشەسازیی یۆرانیۆمی نێجیریادا هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، سنووری باشووری لیبیا ستراتیجییە بۆ ئەمەریکا لە هەوڵەکانی خۆی بۆ فرەوانکردنی بازنەی کاریگەریی خۆی لە وڵاتە فرەنسیزمانەکاندا لە ئەفەریقیا، کە ناوچەیەکی فرەوانە و لە باکورەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفەریقیا. لە ڕوانگەی مێژووەوە، ئەم ناوچەیە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتەکانی ئیستیعماری فرەنسایی و بەلجیکایی، کە دواتر سنوورەکانیان لە کۆنفرانسی بەرلین لە ساڵی ١٨٨٤ جێگیر کران.

**وێنەی دووەم: ئەو وڵاتە ئەفەریقیاییانەی بە فرەنسی قسە دەکەن**

**سەرچاوە:** www.hobotraveler.com

لە کۆنفرانسی ١٨٨٤دا، ئەمەریکا ڕۆڵێکی سستی هەبوو. ئەم دووبارە دابەشکردنەوەیەی ئەفەریقیا لە سەدەی ٢١دا، کە لەسەر بنەمای بالادەستیی نەوت و گازی سروشتی و کانزا ستراتیجییەکانی وەک کۆباڵت و یۆرانیۆم و کرۆم و مەنگەنیز و پلاتین، دەبێت، بەشێوەیەکی بەرفرەوان پاڵپشتیی بەرژەوەندیگەلی کۆمەڵە کۆمپانیا ئەنگلۆ-ئەمەریکاییەکان دەکەن.

دەستتێوەردانی ئەمەریکا لە باکوری ئەفەریقیادا دووبارە جیۆپۆلەتیکی هەرێمێکی تەواو سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە. ئەمەش شوێنپێی چین لەق دەکات و باڵ بەسەر کاریگەریی وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپاشدا دەکێشێ.

دابەشکردنەوەی نوێی ئەفەریقیا نەک تەنیا ڕۆڵی زلهێزە ئیستیعمارییەکانی پێشوو (لەوانەش فرەنسا و ئیتاڵیا) لە باکوری ئەفەریقیا لاواز دەکات، بگرە بەشێکیشە لە پرۆسەیەکی فرەوانتری دەرپەڕاندن و بێهێزکردنی فرەنسا (و بەلجیکا) لە بەشێکی گەورەی پارزەوینی ئەفەریقیادا.

حکوومەتە بریکارەکانی ئەمەریکا لە چەندان وڵاتی ئەفەریقیادا دامەزرێنراون کە لە ڕووی مێژووییەوە لەنێو بازنەی کاریگەریی فرەنسا (و بەلجیکا) بوون، لەوانەش کۆماری کۆنگۆ و رواندا. چەندان وڵاتی تر لە ئەفەریقیای باشوور (لەوانە کۆت دیڤوار) خەریکە خۆییان پێوە دەکرێت بۆ ئەوەی تامی دەوڵەتگەلی بریکاری ئەمەریکا بدەن.

یەکەتیی ئەورووپا تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بەلێشاوی نەوتی لیبیا. لە ٨٥٪ی نەوتی لیبیا دەفرۆشرێتە وڵاتانی ئەورووپا. لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ لیبیادا، دابینکردنی نەوت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بۆی هەیە زیاتر پچڕانی تێ بکەوێ، بەشێوەیەکی بەرچاویش کاریگەری بەسەر ئیتاڵیا، فرەنسا و ئەڵمانیاوە دەبێت. لە٣٠٪ی پێویستیی نەوتی ئیتالیا، هەروەها لە ١٠٪ی گازی سروشتیی ئیتاڵیا لە لیبیاوە هاوردە دەکرێت. گازی لیبیا لە ڕێگەی بۆرییەکانی گرینستریم لە دەریای ناوەڕاستدا ڕەوانە دەکرێت.( سەیری نەخشەی خوارەوە بکە)

نەخشە هەیە

بەرەنجامەکانی ئەو پچڕانی نەوت و گازە کاریگەریی مەودا دووریان دەبێت. هەروەها کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیشی لەسەر پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپاوە دەبێت.

وێنەی سێیەم: لوولەی گرینستریم کە نەوتی لیبیا بە ئیتاڵیاوە دەبەستێتەوە

## بەرەنجامی لێدوانەکان

میدیا بەگشتی پاساو بۆ ئەو ئەجێندایە سەربازییە دێنێتەوە لە ڕێگەی شێواندنێکی زۆری ڕاستییەکان. ئەگەر ئەم ئەجێندایە عەسکەرییە جێبەجێ بکرێت بەرەنجامی وێرانکەری دەبێت نەک تەنیا بۆ خەلکی لیبیا، بگرە کاریگەرییە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان لە سەرتاسەری دنیادا هەستی پێ دەکرێت.

ئێستە سێ گۆڕەپانی شەڕی جودا لە ناوچەی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدا لە ئارادان: فەلەستین، ئەفغانستان، عێراق. ئەگەر هێرش بکرێتە سەر لیبیاش، گۆڕەپانی چوارەم لە باکوری ئەفەریقیادا دەکرێتەوە، کە ئەمەش مەترسیی بەرزبوونەوەی ئاستی دەستتێوەردانی عەسکەریی لێ دەکەوێتەوە.

ڕای گشتی پێویستە درک بەوە بکات کە ئەجێندای شاراوە هەیە لە پشت هەموو ئەو بەناو کردارە مرۆییانەوە کە لەلایەن سەرانی دەوڵەتگەل و حکوومەتگەلی وڵاتانی ئەندامی ناتۆوە بە "شەڕی ڕەوا" ناوزەد دەکرێت. ئەو شەرە ڕەوایە بەهەردوو جۆری کۆن و نوێیەوە شەڕ بەئۆپەراسیۆنێکی مرۆیی دەناسێنێ. لەسەر بنەمای ئەخلاقی و مانەوی داوای دەستتێوەردانی سەربازی دەکات لە دژی "دەوڵەتگەلی لاسار" و "تیرۆریستگەلی ئیسلامی". تیۆری ئەو شەڕە ڕەوایە ڕژێمی قەزافی وەکو دێو پێشان دەدا و لە کاتێکدا بڕیارێکی مرۆیی بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی ناتۆ-ئەمەریکا پێشکێش دەکا.

سەرانی دەوڵەت و حکوومەتگەلی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ نەخشەسازەکانی شەڕ و وێرانکارییەکانی عێراق و ئەفغانستانن. لە مەنتیقێکی تەواو هەڵگێڕدراوەدا، ئەوان بەدەنگی مەنتیق وەکو نوێنەرانی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" دەناسرێنرێن.

واقیعەکان سەراوبن بوونەتەوە. دەستتێوەردانی مرۆیی لەلایەن تاوانبارانی شەڕ لە پلە و پایەی بەرزدا، کە خۆیان دانەرانی تیۆری شەڕی ڕەوان، ئەنجام دەدرێ.

ئەبوغرێب، گوانتانامۆ.. قوربانییانی سڤیل لە پاکستان لە ئەنجامی هێرشی باڵەفرە بێ باڵەفڕوانەکانی ئەمەریکا بۆ سەر شارۆکە و گوندەکان بەفەرمانی باراک ئۆباما، نابنە هەواڵی لاپەڕەی سەرەکیی ڕۆژنامەکان، تەنانەت ئەو دوو ملیۆن کوژراوە مەدەنییانەی عێراقیش نابن بەهەواڵی لاپەڕەی سەرەکی.

هیچ شتێک نییە "شەڕی ڕەوا" بێت. پێویستە مێژووی ئیمپریالیی ئەمەریکا تێ بگەین. ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٠ی پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکا بەناوونیشانی "بنیاتنانەوەی بەرگرییەکانی ئەمەریکا" هانی جێبەجێکردنی شەڕێکی درێژخایەن دەدا – شەڕێک بۆ داگیرکاری. یەکێک لە سەرەکیترین پێکهێنەرەکانی ئەو ئەجێندایە عەسکەرییە بریتییە لە: "شەڕکردن و بردنەوەی یەکلاییکەرەوە لە چەندان گۆڕەپانی شەڕی هاوکاتدا" (www.newamericancentury.org).

ئۆپەراسیۆنی لیبیا بەشێکە لەو پرۆسەیە. لیبیا یەکێکی ترە لە گۆڕەپانەکانی شەڕ لە مەنتیقی "گۆڕەپانی شەڕی هاوکاتدا"ی پێنتاگۆندا.

ئەو ڕاپۆرتە ڕاستگۆیانە پەرەسەندنی باوەڕی سەربازیی ئەمەریکا لەوەتەی ساڵی ٢٠٠١ەوە ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەریکا نیازی ئەوەیە لە هەمان کاتدا لە چەندان بەرەی شەڕدا لە ناوچەی جیاوازی دنیادا بەشدار بێ.

لە کاتێکدا پاراستنی ئەمەریکا، واتە "ئاسایشی نەتەوەیی"ی ئەمەریکا وەکو ئامانجێک ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتە ئەوە دیاری ناکات کە بۆچی ئەو شەڕانە پێویستن. هەروەها پاساوی مرۆیی ئاماژەی پێ نەکراوە.

## مەبەستی نەخشەڕێی ئەجێندای سەربازیی ئەمەریکا چییە؟

لیبیا کراوەتە ئامانج لەبەرئەوەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە دەرەوەی بازنەی کاریگەریی ئەمەریکان و مل بۆ داواکانی ئەمەریکا نادەن. هەروەها لیبیا هەڵبژێردراوە وەکو بەشێک لە نەخشەڕێگەیەکی سەربازی کە پێک هاتووە لە "چەندان گۆڕەپانی شەڕی هاوکات". لە زاری فەرماندەی گشتیی پێشووی ناتۆ جەنەراڵ وێزلس کلارکەوە:

"لە پێنتاگۆن، لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠١دا، یەکێک لە ئەفسەرە سەربازییە باڵاکان کاتی ئەوەی هەبوو قسەیەک بکەین. ئەو ئەفسەرە گوتی، بەڵێ ئێمە هێشتا لە پلانماندا بوو بەگژ عێراقدا بچین. بەڵام شتی زیاتریش لە گۆڕێ بوو، ئەو ئەفسەرە گوتی، ئەمە وەکو بەشێک لە پلانی هەڵمەتێکی ٥ ساڵی باسی لێوە دەکرا. (لیستێک بۆ) حەوت وڵات هەبوو کە بەعێراق دەستی پێ دەکرد، دواتر سووریا، لبنان، لیبیا، ئێران، سۆماڵ و سودان... (وێسلی کلارک، بردنەوەی شەڕگەلی نوێ، ل. ١٣٠)

هەولێر

# تسونامی چییه و هۆکارەکانی چین؟

ئامادەکردنی: رابەر یونس


تسـونامی برێتـییـە لە قـەبارەیەکی یەکـجـار گـەورەی ئـاوی زەریا کـە لە توانایدا هـەیـە تا دووریی هـەزاران میـل لە دەریاوە ڕەو بکا و هێشـتا هێز و وزەی ئەوەندەی لەبەر بمێنێت کە باڵەخانە و دار و درەخت و ژیانی سرووشـتی تێک بدات. ئەگەر بەردێک بخـیتە نێو گۆمێکـەوە ئەوا چەندان شـەپۆل دروست دەکات، تسونامیش هـەر بەم شێوەیەیە بەڵام ئەو هێزەی دەیهەژێنێت و ئەو شـەپۆلە گەورانە دروست دەکات زۆر گـەورەیە. چەندان هۆکار هـەن بۆ ڕوودانی تسـونامی وەکو تەقـینەوەی ژێر ئـاو و تەقینەوەی گڕکـانی و بلەرزە و جووڵەی گـەورە و داخزینی زەوی و بەرکەوتنی تەنی گـەورە بە زەریا کە توانای ئەوەیان هەبێ تسـونامییەک دروست بکەن.

خێـرایی تسـونامی دەگـاتە تـا ٥٠٠ کیلۆمـەتر لە سـەعـاتێکدا کـە ئەمـەش نێـزیکەی خێـرایی باڵەفڕێکە. لە نێوان هـەر شـەپۆلێک و شـەپۆلێکی تری تسـونامی دەکرێ تا سـەد میـل دووری هـەبێت و بەرزایی شـەپۆلەکان لە چـەند پێیەکەوە تا دەیان مەتر دەبێ. ئەو تسـونامییانەی بەرزاییـیەکانیان زۆر نییـە مـەترسـییـان لێ ناکرێ بەڵام ئەوەی کـە مـەترسـیدارترین ڕووداوی سـروشـتـیی سـەر ئەو زیەوینەن ئەوانەن کە بەرزایییەکەیان لە چـەندان مـەتر تێ دەپەڕێ کە دەتوانێ هـەموو شـتێک بە دار و بەرد و ئۆتۆمۆبێل و تا خانووش ڕاماڵێت.

زۆربەی تسـونامـیـیـەکـان بەهـۆی بلەرزەی ژێر زەریـاوە ڕوو دەدەن کە دەبێـتـە هـۆی تێکـچـوونی بنکەی زەریا و لە ئەنجامیشدا شـەپۆلی یەک بەدوای یەک دروست دەکات کە هـەر یەک لەو شـەپۆلانە پاڵ بـە ئەوی تـرەوە دەنێ و کــاتێک دەگــاتـە وشکانـی بـە هـێـزێکی زۆرەوە لە وشـکانـی دەدەن و تـا مەودایەکی زۆر دووریش دەڕۆن.

پێویسـتـە ئەوە بگوترێت کە تسونامی هـەرچەندە لە سروشـتدا لە هـەڵکشـان و داکشـانی زەریا

دەچێت، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە. وشەی تسونامی وشەیەکی ژاپۆنییە و بە مانای "شەپۆلی بەندەر" دێت.



## چۆنیەتیی دروستبوونی تسونامی


وەک لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ کراوە چەندان هۆکار هەن بۆ ڕوودانی تسونامی، بەڵام ئەوەی لە هەمووان باوترە بلەرزە و داخزینی زەوی و تەقینەوەی گڕکانە.

**بلەرزە:** زەوی لە چەندان چینی بەرد پێک هاتووە کە بەیەکەوە نووساون و پێیان دەگوترێ چینی تەکتۆنی و زۆر بەهێواشی دەجولێن. چینە زەریاییەکان چڕتر و قورسترن لە چینە وشکاییەکان بۆیە لەژێر چینە وشکانییەکان دەخزن. ئەو شوێنەی ئەو خزینەی لێ ڕوو دەدا پێی دەگوترێ ناوچەی داخزین. ناوچەی داخزین لە کەنارەکانی چیلی، نیکاراگوا، مەکسیک و ئەندەنووسیا هەن. ئەو ناوچانە هەردەم مەترسیی بلەرزەیان لێیە و کاتێک ڕوو دەدەن ئەو چینانە لەناوکان بەیەکدا دەخشێن.

لە ئەنجامی ئەو بلەرزەیەش کە ڕوو دەدات، وەکو بەردەکە کە دەخرێتە نێو گۆمەکە و شەپۆلەکان دروست دەکات ئاوەها هێزێک لەژێرەوە بۆ سەرەوە شەپۆل دروست دەکات، ئەو شەپۆلانەش بەرەو کەنار دەکەونە ڕێ و دەبنە تسونامی.

**داخزینی زەوی:** خزین بەهۆی داکەوتنی بەشێکی زەویی کەنار دەریا ڕوو دەدات. ئەمە بەتایبەتی لە دوورگەکان باوە. کاتێک ئەو داخزینەی زەوی لە کەناری وشکانی بەرەو ژێرەوە ڕوو دەدات، لادانێکی گەورەی ئاوی زەریای لێ دەکەوێتەوە و لە ئەنجامدا شەپۆلی ئاوی زەریا شوێنی ئەو زەوییە داخزیوە دەگرێتەوە و لە ئەنجامی ئەو شوێنگرتنەوەیەی ئاو بە خێراییەکی یەکجار زۆر تسونامیی ڕوو دەدات کە تا شوێنێکی دووری سەر وشکانییەکەش دەڕوات. (بڕوانە وێنەی دووەم)

**گڕکان:** تەقینەوەیەکی بەهێزی گڕکان لە ژێر زەریا دەتوانێت هێزێکی گەورە دروست بکا بۆ بەرزکردنەوەی ئاو و دروستکردنی تسونامی. بەڵام ئەو تسونامییانەی بەهۆی بوومەلەرزەوە ڕوو دەدن هەروەکو لە حاڵەتی داخزینی زەوی زوو کۆتاییان دێت و بەدەگمەن تا ماوەی دوور دەڕۆن.




## چەند ڕاستییەک لەبارەی تسونامی

* زەریای هێمن لە هەموو زەریایەکی تر زیاتر تسونامیی تێدا ڕوو دەدا. تسونامی لە دەریای کاریبی و دەریای ناوەڕاست و هیندی و زەریای ئەتڵەسیش ڕوویان داوە.
* هەندێ تسونامی زۆر گەورەن و بەرزایی شەپۆلەکانیان دەگاتە ٣٠ تا ١٠٠ پێ (١٠ تا ٣٠ مەتر).
* تسونامی کە لە ناوچە نزمەکان دەدات دەتوانێ بە ئاراستەی پێچەوانەی ڕووبارەکانی ئەو ناوچە

وشكانییانەشدا بەرەو سەرەوە بڕوات.

* هێزی تسونامی ئەوەندە زۆرە كە دەتوانێ كەشتیی زۆر گەورەی نێو دەریا لەگەڵ خۆی بۆ دووریی چەندان میل بۆ سەر زەویی وشكانی ڕامالێت.
* تسونامییەكەی ئەندەنووسیا لە ساڵێ ٢٠٠٤ بۆ دووریی ٣,٠٠٠ میل تا ئەفەریقا ڕێی كرد و هێشتاش هێزی ئەوەی مابوو كە وێرانكارییەكی گەورە بنێتەوە. بۆ نموونە كاریگەریی ئەو تسونامییە لە سۆماڵ زیاتر بوو تا لە بەنگلادیش هەرچەندە سۆماڵ زۆر لە بەنگلادیش دوورترە لە شوێنی دەستپێكردنی شەپۆلەكەوە.
* بلەرزەیەك لە كەناری چیلی لە ساڵی١٩٦٠تسونامییەكی لێ كەوتەوە كە هێزی ئەوەندە هەبوو لە دووری١٠,٠٠٠میل دوای ٢٢سەعات لە ڕێكدرن١٥٠كەس لە ژاپۆن بكوژێت.



## وێرانكەرترین تسونامییەكان

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٥٥ یەكێك لە بەهێزترین بلەرزەكان لە مێژوودا لە زەریای ئەتلەسی لە كەناری شاری لیشبۆنەی پورتوگال ڕووی بەهێزی ٩ پلە لەسەر پێوەری ڕێختەر دا كە نێزیكەی دە خولەكی خایاند و لە ئەنجامدا سونامییەكی گەورەی لێ كەوتەوە كە شاری لیشبۆنەی ڕامالی. هەر بەدوای ستوونامیی یەكەم دوو تسونامیی تریش ڕوویان دا و تا كەنارەكانی ئیسپانیا و فرەنسا و بەریتانیا و ئێرلەندا و بەلجیكا و هۆڵەندای گرتەوە. لە ئەنجامی ئەو ستونامییەدا نێزیكەی ١٠٠,٠٠٠ كەس گیانیان لە دەست دا كە زۆربەیان لە لیشبۆنە بوون.

لە ٢٦ی كانوونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٤دا، تسونامییەك لە ئەندەنوسیا لە دوورگەی سومەترا ڕووی دا كە بەرزیی شەپۆلەكەی زیاتر لە٣٠ مەتر بوو بووە هۆی نقوومكردنی چەندان گوند و شارۆكە و سەدان هەزار كەسی تێدا شوێنبزر بوو و دەیان خانوو و ئۆتۆمۆبێل ڕامالان. لە

ئەنجامی تسونامییەکەشدا نێزیکەی ٢٣٠ هەزار کەس لە چوارده وڵات کە کەوتنە بەر شەپۆلی تسونامییەکە گیانیان لەدەست دا و سەدان هەزاری تر بریندار بوون و بێماڵ و حاڵ مانەوە. ئەندەنووسیا لە هەموو وڵاتەکانی تر زیات زەرەرمەند بوو بە دوای ئەویشدا سریلانکا و هیندستان و تایلاند هەروەها بە درێژی هەزاران میل ڕۆیشت تا کەنارەکانی ئەفەریقیاشی گرتەوە لەوانەش وڵاتی سوودان. تسونامییەکەی ئەندەنووسیا بەهۆی بلەرزەیەک ڕووی دا بەهێزی ٩,١ تا ٩,٣ دا کە بە سێیەم بەهێزترین بلەرزە دەژمێردرێت کە تا ئێستە لەسەر ئامێری سێسمۆگرافدا تۆمار کرابێت و لە نێوان ٨ تا ١٠خولەکی خایاند کە ئەمەش درێژترین ماوەی بلەرزەیە. ئەو بلەرزەیە هەموو زەویی هەژاند و بووە هۆی ڕوودانی بلەرزەی تر لە دووریی هەزاران کیلۆمەتر بۆ نموونە لە ئالاسکا.



لە مانگی ئاداری ٢٠١١ باکوری ڕۆهەڵاتی ژاپۆن کەوتە بەر شەپۆلێکی گەورەی تسونامی کە بەرزایی شەپۆلەکەی تا ٢٩ مەتر بوو و بە قووڵاییی١٠ کیلۆمەتر بۆ ناو زەویی وشکانی ڕۆیشت ئەویش لە ئەنجامی بلەرزەیەک لەژێر زەریا بە هێزی ٩ پلە لەسەر پێوەری ڕێختەر ڕووی دا. لەم کارەساتەدابەلایەنی کەم ١١ هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە و شیانەی بەرزبوونەویە لەبەرئەوەی هەزارانی تریش هێشتا بزرن. تسونامییەکی ژاپۆن وێرانکارییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە و یەکێک لە کوورە ناوکەیییەکانی ئەو وڵاتە بەخراپی زیانی بەرکەوتووە کە چەندان تەقینەوە تێیدا ڕووی داوە و ئێستە مەترسیی پیسبوونی ئەو ناوچەیە بە تیشکی ئەتۆمی دەکرێت.

سەرچاوەکان:

http://buscoscience.wikispaces.com/tsunami
http://www.ourpenpalclub.com/tsunami-formation.html
http://en.wikipedia.org/wiki/Tsunami
http://www.ringsurf/com/online/2412-tsunamisthroughhistory.html

# پێڕست


کورتەیەکی مێژووی زانستە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا. محەمەد عەلی قەرەداغی ..... 3

سەرەتایەک بۆ ناسینەوەی عەلی حەریری. بەدران ئەحمەد حەبیب ..... 50

شوکر مستەفا "شیرین و فەرهاد و داستانسەرایێ، لەبارەی پەیسەکانمەوە" ..... 87

کەسێتیی تاکی عێراقی – بەشی پێنجەم. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 116

بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی – ئیسلامیدا. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ..... 130

سوننە لە نێوان دەسەڵاتی دەق و دەقی دەسەڵاتدا. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 139

ئێران و شۆڕش لە جیهانی عەرەبیدا. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 153

سەرهەڵدانی بیری ئازادی و پێوەندییەکانی... لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری ..... 162

بەراوردێک لە نێوان فەلسەفەی سپینۆزا و ئیبن روشد. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 171

ئافرەت و هەواڵ. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ..... 186

تیۆرە فیمینیستییەکان. لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 188

خۆپەرستی لە سەرەتادا نەبوو. لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 208

کلیلی ڕۆمی بە کار بهێنیت. لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی ..... 235

ئۆپێرای دەریاچەی "وەردەک"ی چایکۆفسکی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 250

دەرباری شانۆگەریی "شا لییەر". دوکتۆر سەلاح بابان ..... 259

شەهیدی پالێت سەلمان زاخۆیی. نووسینی: ئاغالە ..... 279

گەڕان بە دوای ئێستای ونبوودا – بەشی پێنجەم. لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ ..... 297

ڕێی نێو تەم. لە سوێدییەوە: حەسەن نوور ..... 313

وشـــە. لە سوێدییەوە: حەسەن نوور ..... 340

جڤات و تاک لە سەدەگەلی ناڤیندا. لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری ..... 347

ئاین و خۆکوژی. لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم ..... 359

کامیلیا راستییەکان بدرکێنە – بەشی یەکەم. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 367

کە دایکم دەمرێت من رۆمانێکی سێکسی دەنووسم. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 390

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کۆندەلیزا رایس. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 403

ڕۆڵی کەرکووک لە داهاتووی کوردستانی عێراقدا لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم ..... 412

غینیا بیساو وڵاتێکی هەژار و بازاڕێکی گەرم لە کۆکاین. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 419

شرۆڤەیەک بۆ شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی. ئامادەکردنی: ئەردەڵان عەبدوڵا ..... 425

"ئۆپەراسیۆنی لیبیا" و شەڕی نەوت. لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز ..... 436